مارکسیزمەکان

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ناوی کتێب: **مارکسیزمەکان**

بابەت: **فیکری**

نۆرەی چاپ: **یەکەم-٢٠٢١**

تیراژ: **٥٠٠**

نرخ: **٥٠٠٠ دینار**

پێرست

پێشەکی.. ٥
بەرەو مارکسیزمێکی نا-دەسەڵاتخواز... ١١
بە گاسنەکەت ئێسکوپروسکی مردووان بکێڵە... ٧٧
مارکسیزمەکان و ڕەخنە.. ٩٩
ڕاڤە نوێیەکانی کتێبی سەرمایە.. ١٣٧
جۆرێکی دیکە لە سیاسەت.. ١٦٧
پراکسیس و تیۆری ڕەخنەیی... ١٩٥
چەپی باشور و پراکتیکی تیۆری.. ٢٠٧
مارکسیزم و فەلسەفە.. ٢٣٧
سەرنجێکی ڕەخنەیی لەسەر کتێبی «مارکس وەکو فەیلەسووف»..................... ٢٥٩
مارکسیزم و ڕۆشنگەری... ٢٧٧
مارکسیزم و هونەر.. ٢٨٩
مارکسیزم و ژینگە.. ٣٠١
مارکس و نیچە.. ٣٢٣
گفتوگۆ لەگەڵ ئیمانوێل واڵەرشتاین... ٣٣٣
شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سێکسی... ٣٤٧

MHF

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پێشەکی

هەمیشە کاتێک باسی مارکسیزم دەکرێت، یەک وێنە لە مێشکی هەمواندا دروست دەبێت: سۆسیالیزمی بنیاتنراو کە فیگەرە دیارەکانی، لینین، ستالین، ترۆتسکی، ماو، کاسترۆ، گیڤارا و هۆشی منە و ... هتد بوون و لە سۆڤیەت، چین، کوبا، ڤێتنام لە سەدەی بیستدا سەرپێکەوتن. مارکسیزم ناوێکی گشتی بوو بۆ ئەو ئەزموونە جیاواز و لێکنزیکانەی سەدەی بیست. نزیک لەبەرئەوەی هەموویان بەناو تێگەیشتنی لینیندا بیریان لە هەموو شت دەکردەوە و جیاواز تا ئەو ڕادەیەی لەناو یەک حیزب لەسەر ڕای ناچوونیەک لە باشترین باردا تەڕد دەکران و لە خراپترین باردا دەکوژران.

ئەم وێنەیە لە ڕۆژئاوا نەک هەر لە سەردەمی ئەو ئەزموونانەدا وانەبوو، بەڵکو جگە لەو ئەزموونانە هەر لەسەردەمی ڕەخنە و بیرکردنەوەکانی مارکس خۆیدا، لەو دەمەدا کە پیشەسازی و بەرهەمهێنان لەبرەودابوون، ڕەخنەگرانی دیکەش هەبوون لەو هەلومەرجە و بەشێوەی جیاواز ڕەخنەیان دەکرد و بەرەنگاریی

جۆراوجۆر لەئارادا بوو. لەدەرەوەی پراکتیکی سیاسی(کابە، وایتلینگ، باکۆنین، ئۆوێن، و پرۆدۆن و ... هتد) لە ئەدەب و فەلسەفەدا کەسانی ڕەخنەگری ئەو دۆخە هەبوون لەوانە؛ شاعیرانی ئینگلیز وەک ولیام بلەیک و شیلی، یان شاعیری فەرەنسی شارل فۆریە، لەناو فەلسەفەدا پێش هیگڵییە چەپەکان، خودی هیگڵ و فۆیەرباخ دۆخەکەیان بە چەمکی نامۆبوون ڕەخنەکردبوو. ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریی جیاواز و جۆراوجۆر لەمەڕ سەرمایەداری لەئارادا بوو، بەڵام ئەوەی مارکس و نیچە لە هەموو ئەوانی تر جیادەکاتەوە و بەتۆخی ڕایاندەکێشێتە سەدەی بیست و بیست و یەکەوە شێوەی جیاواز و ڕادیکاڵی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا بوو.

ئەمانە هۆکاربوون لە سەدەی بیست لەلای ئەوان بە تەنیشت ئەو وێنە فەرمییەی مارکسیزم یان مارکسیزمی دەوڵەتییەوە، چەندان جۆری تر لە مارکسیزم لەئارادا ببن کە بیریارە جیاوازەکان لەناو یان لە دەرەوەی مارکسیزم بنیاتیان نابوو. لەبەرانبەردا لە ڕۆژهەلات ئێستایشی لەگەڵ بێت، یەک جۆر تێگەیشتن بۆ یەک جۆر مارکسیزم لەئارادایە. کاتێک کە باسی مارکس یان مارکسیزم دەکرێت ڕاستەوخۆ لینین و ستالین بەرجەستە دەبن. ئەم دۆخە لە کوردستان زۆر تۆخترە نەک هەر لەناو عەوامدا بەڵکو لەناو ڕۆشنبیرانیشدا. دیوە ئایرۆنییە تاڵەکەی ئەم پرسە ئەوەیە لەناو زۆرینەی هەرە زۆری مارکسییەکانی کوردستانیش تا ئێستا هەمان تاکوێنە زاڵە.

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بنیاتنانی دەوڵەتی سۆسیالیستیی سۆڤیەت لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، بۆ مارکسییەکان دوو چارەنووسی زاڵ هەبوو: دەبوو

بە مارکسیستی فەرمی یان بەدەربڕینێکی باشتر بە لینینی بمانایەتەوە یان دەبوو لە مارکسیزم پاشگەزبوونایەتەوە. ئەم دووڕێیانە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوە تەقییەوە و بە لێشاو ڕۆشنبیران و تەنانەت مارکسییەکان وازیان لە مارکسیزمی فەرمی هێنا و دەستبەرداری مارکس و مارکسیزم بوون. ڕێگای سێیەمیش لەئارادا بوو لەناو ئەو بیریارانەی نە مارکسیزمی فەرمییان قبووڵ بوو و نە دەستبەرداری مارکس و مارکسیزم دەبوون؛ ئەو بیریارانە ئەوانە بوون لەدەرەوەی ئەو دووڕێیانە زاڵەوە هەوڵی هزرینەوەی بیری جیاوازیان لەمەڕ مارکسیزم دەدا. ئەوە گرنگ نییە ئەوان بە تێگەیشتنە باوەکە نامارکسیست یان تەنانەت دژە مارکسیست بوون، وەک ئەو مامەڵەی حیزبە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ بیریارەکان دەیانکرد؛ لە دۆسیەی لۆکاچ یان ئاڵتوسێردا، یان ئەوەی تێگەیشتنی باوی مارکسیستی لەمەڕ فۆکۆ یان بۆدریار خستیانەڕوو.

ڕەنگە ئەم چارەنووسە بەشێوەی جیاواز لە سیاقە جیاوازەکاندا لەمەڕ مارکسیزم دووبارە بووبێتەوە؛ لەم ساڵانەی دواییدا لە باشوری کوردستان چارەنووسێکی لەو جۆرە تووشی ئەو ئاڕاستە جیاوازە چەپانەی لەدوای هەفدەی شوباتەوە سەریان هەڵدا بوویەوە. لێرەش بەهەمان شێوە هەندێک ڕوویان لە مارکسیزم وەرگێڕا و دەستبەرداری مارکس و مارکسیزم بوون و هەندێکی تر بەهەمان شێوە لەناو مارکسیزمی فەرمیدا مانەوە. ئەم کتێبە بەتەنیشت دەیان کاری ترەوە لە ئاڕاستەی سێیەمدا جێدەگرێت؛ جارێکی تر دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە یەک جۆر تێگەیشتن بۆ مارکس و یەک جۆر مارکسیزم لەئارادا نییە؛ هەروەها یەک جۆر ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مارکس و مارکسیزمدا بوونی نییە.

هەروەها مارکسیزم پرۆگرام نییە، تەنانەت پرۆگرامی شۆڕشیش؛ مارکسیزم ڕەخنەیە و بگرە یەک ڕەخنەیە، بەڵام ڕەخنەیەکی کاریگەر، ئەمە خۆشی دەرکەوتەیەکی ئیرادەی بەرەنگارییە بەرامبەر بە ستەم. هەموو بەرەنگارییەکان مارکسیستانە نین، بەڵام هەموو بەرەنگارییە نامارکسیستەکان بۆرژوازیانەیش نین. لەبری ئەم دابەشکاری و تۆمەتانە، ویستی ستایشکردنی بەرەنگارییە کاریگەرەکانە، هاوکات ڕەخنەکردنیانە لەپێناو بەرەوپێشبردنیاندا. لەم پرۆسە ڕەخنەییەدا، خودی ڕەخنەش پێشدەخرێت، بەو مانایەی کە ڕەخنەکردن بە چەمک و تێزە کۆن و زاڵەکان، چی تر خۆیان قابیلی ڕەخنەن. ئەم گواستنەوە و بەرەوپێشبردنەی ڕەخنە، بەبێ خۆ-ڕەخنەکردن سەرناگرێت یاخود نابێتە ڕەخنەیەکی ڕاستەقینە و جددی. خۆ-ڕەخنەکردنی مارکسیزم نە پیلانگێڕانە لە مارکسیزم و نە *بۆرژوازیزەکردنی* مارکسیزمە؛ بەڵام دەشێت *مارکسیزەکردنی* ئەو تێزانە بێت کە بە تۆمەتی بۆرژوازییەت لەلایەن دەنگە زاڵەکانەوە سەرکوت دەکرێن. مارکسیزەکردن ڕەنگە خۆشی جێگەی گومان بێت، گەر ویستی سەپاندنی شوناسێک، دامودەزگایەکی چەمکی، فۆرمێکی پراکتیک بێت بەسەر ئەوانی تردا. مارکسیزەکردن دەشێت تەنیا یەک مانای هەبێت: پەرەدان بە فرەیی لەنێو خۆدا بەبێ ناو. ناونان کردەیەکی شوناسمەندانەیە؛ مارکسیزم دەشێت هیچ ناوێکی نەبێت؛ واتە پتر خۆی ناوێک بێت بۆ فرەیی ناو و بگرە بۆ بێ ناوی. مارکسیزم ڕەنگە تەنیا وەک کردەی پێکەوەلکاندن یان بەیەکگەیاندن بتوانێت خۆی لە چەقبەستن و ئەرسۆدۆکسیزم ڕزگار بکات، بۆ نموونە بەیەکگەیاندنی مارکس و دۆلۆز، کارێک کە ئەنتۆنیۆ نێگری و مایکڵ هارت پێوەی خەریک بوون. بەیەکگەیاندن تەنیا لەو مەودایەدا مانای هەیە کە لەنێوان هەردوولادایە. لەم بارەدا ئەوەی بەرهەم دێت

سەنتێز، کۆکردنەوە، یەکێتییەکی نوێ نییە بەهۆی سڕینەوەی مەوداکەوە، بەڵکو فرەییەکە بۆ هەردوو لایەنەکە کە بەهۆی بەیەکگەیشتنیانەوە ڕوویداوە. لە بەیەکگەیاندندا، مارکس ئەوانی تر ناهێنێتە نێو خۆیەوە، تێز و بەرەنگارییەکانی تر لە خۆیدا ناتوێنێتەوە، بەڵکو لە تەنیشتیانەوە تێدەپەڕێت. لەم تێپەڕینەدا دەشێت شتێکی نوێ، بەرەنگاریی نوێ، جووڵانەوەی نوێ، ڕێکخستنی نوێ، بێتە بەرهەم. ئەم کتێبە دەیەوێت سکێچێکی سەرەتایی ئەم ئیمکانە بۆ بەرچاوی خوێنەرانی کورد بکێشێت.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەرەو مارکسیزمێکی نا–دەسەڵاتخواز

نووسین: هاوار محەمەد

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

فەیلەسوفی مارکسیستی ئێرلەندی، جۆن هالۆوەی، میتافۆڕی ژوورێکی قەپات، بێ دەرگا و پەنجەرە، بۆ سیستەمی ئەمرۆ بەکاردەهێنێت، هەمان ئەو ژوورەی کە سەرمایەداریی بۆ جیهانی سازکردووە؛ ئێمە دزییەکی خائینانە لە هالۆوەی دەکەین هەمان میتافۆڕ بۆ خودی مارکسیزم بەکاری دەهێنینەوە. مارکسیزم پەیکەری مارکسی لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا دانا و بەرە بەرە دەستیکرد بە هەڵچنینی دیوار بە دەوری خۆیدا، بە خەیاڵی ئەوەی دەبێت تا سەرمایەداری بمێنێت، ئەم پەیکەرە بێ دەستکاری بمێنێت. تا وای لێ هات دیوارەکان بەرزبوونەوە، پەنجەرەکان قەپات کران، دەرگاکان هەڵچنران و سواغ دران. لەترسی ئەوەی نەکا تیشکی ڕۆژ بگاتە ژوورەکە، سەری هۆدەکەیشی گرت. ئێستا مارکسیزم لەنێو چوار دیواری بێ دەرەتاندایە. کەوایە خۆی بوو بە زیندانیی خۆی. وەستا خۆی و کرێکار خۆی، سەرمایەداری تەنیا کەرەستەکانی بۆ دابین دەکرد و بەجێیی هێشت. بەشێک لە مارکسیستەکان بەرلەوەی شوورەکان هێندە بەرزببنەوە دەرفەتی هەڵهاتن نەمێنێت، بازیان دایە دەرەوە و خۆیان قوتار کرد؛ ئەوانەی لە ناوەوە مانەوە ئەو ئەرسۆدۆکسانەبوون لە ڕەخنەی «واقیع»ـەوە (واقیع بە چەمکی خۆیان) گەیشتن بە تەقدیسی دەق، ئیدی دەستیان کرد بە تیلاوەت و موتالای ئایەتەکانی حەزرەت. ئەرسۆدۆکسیزم مارکسی لە دەقەکانی خۆیدا زیندانیی کرد و خۆیشی ئەسیری تەفسیرەکانی «حەواری» و «صەحابە» کرد.

بەڵام هالۆوەی دەڵێت هیچ ژوورێکی بە ڕەهایی قەپات بوونی نییە، هیچ دیوارێک نییە یەکپارچە پتەو و بێ نەفەس. درز هەیە، کەلێن هەیە؛ هەروەها درزبین ودرزسازیش هەیە. پاشان هەلومەرجی تریش هەیە کە لە گەورەکردنی درزەکاندا

یارمەتیدەرن. بەم جۆرەبوو کە هەر لەناو مارکسیزمدا هەندێ درز دۆزرانەوە؛ هەندێک لەوانەی ناوەوە تەنگە نەفەس بوون، بە ناچاری بۆ ئەوەی نەخنکێن، درزەکانیان گەورەتر کرد، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی ناوەوە دژیان بوون و دایانخستنەوە. ئەوانەی لە دیوارەکە هەڵهاتن لە هەوای ئازاددان و دەتوانین یارمەتی زیندانییەکانیش بدەن لە هۆدە داخراوەکە قووتار ببن. ئەمە هەمان حیکایەتی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوونە. پرۆسەی ڕزگارکردنەکە، لەلایەن زۆربەی ئەوانەی ژوورەوە پێشوازیی لێناکرێت، بۆیە درزەکان ئەگەر بیشبینرێن، دیسانیش سواغ دەدرێنەوە. لەم بارەدا ئەوانەی دەرەوە، کە دەیانەوێ کۆمەک بکەن،تووشی تەنگوچەڵەمە، دژایەتی ئەوانەی ناوەوە دێن، بەڵام دەتوانن کەمینەکەی ناوەوەیش زیاتر تەحریز بکەن بۆ ڕووخانی دیواری ئەرسۆدۆکسیزم. لەبەرئەمەیە هەندێ لە ئەرسۆدۆکسەکان بە شەرمێکەوە دان بەوەدا دەنێن کە بەڵێ دەرەوە زیاتر گۆڕاوە وەک لەوەی لە ناوەوە وێنای دەکەن.

هێشتایش شوورەکان و دیوارەکان بە ئەستووری ماون. هێندە بەسە بڵێیی فلان ڕوانگەی مارکس بۆ فیسار دیاردە کورت دەهێنێت، بۆ ئەوەی بە نەفرەت بکرێیت. هەر هێندە بڵێیت شۆڕش تەنیا تەقوتۆق و لوولەی تفەنگ نییە؛ هەر بڵێیت من سەر بە چینی کرێکار نیم و نایشمەوێ ببم؛ هەر کە وتت ئێمە لە سەردەمی پۆستمۆدێرندا دەژین و فیکر و چەمکسازییشمان پێویستە ئەم کۆمەڵگەیە لەبەرچاو بگرێت، چ بۆ دیاگنۆس و چ بۆ بەرەنگاری، ئیدی تۆ بۆرژوازێکی عەیاری بیست و چوارت لێ دروست کراوە. ئەرسۆدۆکسەکان، بە نەوەی کۆن و نوێیانەوە، درزساز نین، دیوارسازن. دوای هەموو شت بۆ هەموو دنیا ئاشکرابوو مارکسیزم لە «قەیران»دایە. قەیرانساز خۆی لە

قەیراندایە. پاساو بۆ ئەم قەیرانەیش زۆروزەبەندە: موئامەرە لەسەر ماركسیزم هەیە؛ خەڵك پاسیڤن؛ خەتای فۆكۆیە؛ خیانەت لە شۆڕش دەكرێت؛ فیكری نوێی چەپ هەر هی بۆرژوازییەتە و هیتر. ئەم جۆرە قسە و وتانە هەرگیزاو هەرگیز تەواو نابن. گەر بڵێی با دەستكاریی ڕوانگەكانی ماركسیزم و چەپ بكەین، دەڵێن ئەوە ڕیفیزیۆنیستە؛ گەر بڵێی با پێناسەیەكی دیكە بۆ شۆڕش بكەین، ئەڵێن ئەمە چەپی پەشمەكییە؛ ئەگەر بڵێی هونەر و ئەدەب خۆیان دەتوانن بەهای سیاسییان هەبێت، دەڵێن مۆزارتمان بۆ چییە گەر سرودی ئەنتەرناسیۆنال نەچڕێت. بەم جۆرە فیكر و ئەدەب و هونەریش تەنیا دەشێت ئامرازبن دەنا نەبوونیان باشترە؛ خۆ دەمێكەیە فیكری ماركسیزم بووە بە فیكرێكی ئەنسترۆمێنتاڵی؛ هەرچییەك نەبێتە ئامرازێك بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، هیچ بەهایەكی نییە و لە هیچ كوێی دیكەوە خزمەت بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ناكات، تەنیا دەچێتە خزمەتی بۆرژوازییەتەوە. ئەم تیۆرە ئەنسترۆمێنتاڵییە لە هەر كەس زیاتر پەیوەستە بە چەمكی بوون-بۆ دەستی هایدیگەرەوە؛ ئەوان هەموو شتەكان وەك بوون-بۆ دەست دەبینن.

ماركسیزم خودی ماركسی لە شۆڕشیش بۆ گرنگترە؛ تۆ دەتوانیت ڕەخنە لە ئەنگڵز بگریت، بەڵام ماركس شتێكی ترە؛ هەر وەك ئەتەیستە شیعەكە كە دەڵێت بڕوام بەخودا و پێغەمبەر نییە، بەڵام «عەلی» شتێكی ترە. دەتوانیت بڵێیت ستالینیزم خراپە، بەڵام توخنی لینینیزم مەكەوە.ئەوان دەڵێن ماركس بۆیە گرنگە چونكە «یاساكان»ی گەشەی سەرمایەداریی و نەخشەڕێی ڕوخانە حەتمییەكەیشی كەشف كردووە، هەر فیكرێكیش ئابووریگەرا نەبێت و ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی سەرمایەداریی ئاراستەی نەكات، ئەوا هیچی بۆ وتن نییە و

«قسەی ڕۆشنبیرانە»ن. ئیدی مارکسیزم کرا بە «یزم»ێکی پۆزەتیڤیستیش کە یاسا ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەدۆزێتەوە، هەر وەک چۆن فەلەکناسێک یاسا سروشتییەکان دەدۆزێتەوە. بەم جۆرە مارکس «فەیلەسوف» نییە، بەڵکو زانایەکە، ئابووریناسێکە کە ڕەخنەی ئابووریی سیاسی دەکات. مەسەلەکەیش هەر لە بنەڕەتەوە ئەوەیە گوایە فەلسەفە خۆی فیکری ئەبستراکتی بۆرژوازانەیە. هەوڵیش بۆ «دنیایەکی باشتر»، هەر بۆرژوازانەیە، چونکە «باشتر» ڕیفۆرمیستانەیە، ئەبێ بڵێی «کۆمۆنیزم» چونکە بە گوێرەی ئەو نەخشەڕێیەی کە ڕابەران دیارییان کردووە، ئامانجە گەورەکەیە و ئەمەیش تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشەوە، بە پێشەنگی حزب یان ڕێکخستن و دیسپلینێکی تۆکمەی پرۆلیتاریای هەژارەوە، کە لەلایەن ئاڤانگاردانی حزبەوە هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان پێ دەدرێت، بەدی دێت. هەر شۆڕش و بزووتنەوەیەکیش خۆی وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاریی لەقەڵەم نەدات، ئەوا زڕە شۆڕشە یان دەستی سیستەمی لەپشتە. مێژووی ئەم ڕوانگە و حوکمانەبوو کە مارکسیزمیانلە هۆدە تاریکەکەی خۆیدا زیندانی کرد، ئیدی ئەرسۆدۆکسیزم زاڵ بوو و ئەو شتە پێکهات کە دەتوانین پێی بڵێین «مارکسیزمی داخراو».

مارکسیزمی کراوە:

بەڵام لەنێو فیکری مارکسیزم و چەپدا، هەر لە سەرەتاکانەوە، هەوڵی زۆروزەبەندیش هەبووە بۆ دەرچوون و ترازان و خۆ-ڕەخنەکردن[١]، بۆ بیرکردنەوە لە بەستێنی مێژوویی و لە گۆڕانکارییە سەردەمییەکان، بۆ دانان و داڕشتنی زاراوە و چەمکی نوێ و شێوازیی نوێی بەرەنگاری. لە نیوەی دووەمی

١: John Holloway: Open Marxism, History and Class Struggle, In'Common Sense', Issue 13, P. 77,

سەدەی بیستەوە، ئەم هەوڵانە بە تەواوەتی بوون بە دیفاكتۆ و تەحەدا بۆ ئەرسۆدۆكسیزم. فەرەنسا لەم ڕووەوە بەردەوام لە پێشەنگدا بووە و هەمیشە چەپ فرە و هەمەجۆر و سەرزیندوو بووە، گەرچی لەوێیش پرسیارە هەمیشەییەكە هەبووە: «ئایا ئێوە ماركسیستن؟»، لە هەندێ ناوەندا، وەڵامی سێیەم بوونی نەبووە، یان بەڵێ یان نەخێر، ئەم دووانەیش نیعمەت و نیقمەتی خۆیان هەبووە. بەڵام لە ئاستی گفتوگۆی فیكری و پەیوەندیی تێزەكاندا، هەمیشە پێویست نەبووە بڵێیت من چەپ یان ماركسیستم. گەر شتانێك لە فیكری بیرمەندێكدا هەبێت كە بشێت چەپگەرایانە لێك بدرێنەوە، ئەوا خۆ لێبواردن كارێكی نابەجێیە. لەم ڕووەوەیە كە فۆكۆ، دۆلۆز، دێریدا، لاكان، بەردەوام لە گفتوگۆی چەپ و ماركسیستەكاندا ئامادەییان هەبووە و هەیە. لەناو خودی ماركسیزمی فەرەنسیشدا، جگە لە هێڵە فەرمییەكان، دەتوانین ئاماژە بە هێڵی سارتەر و هێڵی ئاڵتوسێر و هێڵی گی دیبوور بكەین. هەرسێ هێڵەكە هەوڵی نوێ و نەریتی نیمچە نوێ بوون (نەك بە ڕەهایی نوێ)، هەوایەكی سازگاربوون بۆ ئاڵوگۆڕی بۆنی خنكی ئەرسۆدۆكسیزم؛ تا چەندە پێكاویانە و خاڵی لاواز و بەهێزیان كامەیە، ئەمە مەسەلەیەكیترە. فەیلەسوفانێكی وەكو بەدیۆ و نانسی و ڕانسێر هێشتا سەر بەم نەریتە خود-ڕەخنەییەی فیكری چەپی فەرەنسیین. ئەم جۆرە هەوڵانە لەجێگای تریش هەبوون و هێشتایش بەردەوامن. لە ئەڵمانیا فرانكفۆرتییەكان، لە ئیتاڵیا ئۆتۆنۆمیستەكان كە دوایین نوێنەری هەرە دیاریان ئەنتۆنیۆ نێگرییە؛ لە بەریتای كۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای ئەم سەدەیەشدا فەیلەسوفی ئێرلەندی، جۆن هالۆوەی، بە پرۆژەی «ماركسیزمی كراوە»وە، هەوڵن نەك بۆ پاراستنی ماركسیزم، بەڵكو بۆ ڕزگاركردنی ماركسیزم لە قەیران و گەڕانەوەی

بەها بۆ نەریتی بەرەنگاری. ئەم وتارە دەیەوێت، گوڵبژێرانە و هاوکات پێکەوە بەستراو، هەندێ لایەنی فیکری جۆن هالۆوەی بخاتە ڕوو.

بۆ ڕزگارکردنی زیندانیانی نێو هۆدەکە تاوەکو هەمەڕەنگیی ببینین، بۆ ئەوەی دەرەتانێک بۆ تیۆری شۆڕشگێڕی بکاتەوە و لە هەژموونی شرۆڤەی ئابووریگەرایی ڕزگاری بکات، هالۆوەی هەوڵی شێلیگرانەی خۆی دەدات و پرۆژەکەیشی وەک بەشێک لە «مارکسیزمی کراوە» Open Marxism لەقەڵەم دەدات. هالۆوەی و دەستەیەک لە بیرمەندانی هاوڕێی، وەکو ڤێرنەر بۆنفیلد، ڕیچارد گەن، سۆل پیچیۆتۆ و ئەوانیتر، کە لە بنەڕەتدا زاراوەکە هی ئەوانە، بە هەمان ناونیشان کتێبێکی قەبارە گەورەی چەند بەرگی چاپ دەکەن و مەسەلە بنەڕەتییەکانی ناو فیکری مارکسیزم دەخەنەوە نێو مشتومڕی نوێ. گەشەی ئەم پرۆژەیە لە کتێبە گرنگەکەی هالۆوەیدا «گۆڕینی جیهان بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات» Change The World Without Taking Power (٢٠٠٢)ـدا، کە مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە، گەیشتە ترۆپک. لە ساڵی چاپبوونی ئەم بەرهەمەوە تاوەکو ئێستا هالۆوەی هەر خەریکی شرۆڤەکردن و بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی تێزە سەرەکییەکانی ناو کتێبەکەیەتی، وەک خۆی لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت: بەرهەمێک بە بێ کۆتایی. تەنانەت ئەو کتێبی «Crack Capitalism»ـیش بە بەشی دووەمی ئەم بەرهەمە دادەنێت. (لە «کرەک کاپیتالیزم»ـدا هالۆوەی میتافۆڕی «دایک و کچ»ـیان بۆ بەکاردەهێنێت).

هالۆوەی کرانەوەی مارکسیزم دەبەستێتەوە بە پێناسەکردنییەوە وەک تیۆری ململانێ، نەک وەک تیۆری حزب و ڕێکخستن، ئەو لە وتاری «مارکسیزمی کراوە، مێژوو و

خەباتی چینایەتی»دا دەڵێت: «بۆ ئەوەی لەبارەی ململانێوە بدوێین، پێویستە لەبارەی كراوەیی گەشەی كۆمەڵایەتییەوە بدوێین: بۆ ئەوەی وەها بیر لە ماركسیزم بكەینەوە كە تیۆری ململانێیە، پێویستە وەك كاتیگۆریی كراوە بیر لە كاتیگۆرییە ماركسییەكان بكەینەوە، ئەو كاتیگۆرییانەی كە چەمكسازیی كراوەیی كۆمەڵگا دەكەن»[٢]. ماركسیزمی داخراو Closed Marxism لای هالۆوەی هەموو ئەو بەریانانەی نێو نەریتی ماركسیزمە كە گەشەی كۆمەڵایەتی وەك شوێنكەوتنی ڕەچەتە و نەخشەڕێگایەكی پێشتر دیاریكراو دەبینن كە هەر لە سەرەتاوە تاكۆتایی هەموو شتێك تێیدا جێگیر و نەگۆڕە بە خودی شۆڕش و ڕزگارییشەوە. ئەم جۆرە ماركسیزمە چەندین فۆڕمی هەیە: حەتمییەتگەرایی ئینتەرناسیۆنالی دوو و سێ، بونیادگەری، ماركسیزمی عەقڵانی، ماركسیزمی زانستی، ڕیاڵیزمی ڕەخنەیی، ئامانجگەرایی، وەزیفەخوازی و هیتر كە هەموویان ئیمكانە كراوەكانی نێو مێژوو دادەخەن. بنەمای حەتمییەتگەرایی بریتییە لە زەرورەتی مێژوویی، ئەم تێگەیەیش بە زۆر شێواز، لە هێڵە جیاوازەكانی ماركسیزمی ئەرسۆدۆكسدا پێناسەكراوە، بەڵام زاڵترینیان ئەوەیە كە ماركسیزمی زانستی ناوی دەنێت «یاساكانی گەشەی ئابووریی سەرمایەداریی». بەلای هالۆوەیەوە ئەم تێگەیە هەلومەرجی مێژوویی ئۆبێكتیڤ دەخاتە سەنتەرەوە و بەهایەكی ئەوتۆ نادات بە خەباتی كردەیی و بە شكست و سەركەوتنی واقیعی خەڵك. لەبەرئەمەیە كە هالۆوەی ڕەخنەی توند لە ماركسیزمی زانستی دەگرێت و بەلای میشێل لیڤییشەوە ئەمە یەكێكە لە ئەرگومێنتە بەهێزەكانی

٢: Ibid, P. 76. Also: Open Marxism, Edited by: Werner Bonefeld, Richard Gunn and Kosmas Psychopedis, Volume II, Theory and Practice, Pluto Press, 1992, xi (Introduction).

نێو کتێبەکەی هالۆوەی[٣]. خەبات پرۆسەیەکی بەردەوامە لەنێو ململانێیەکی ڕۆژانەدا، وەک هالۆوەی دەڵێت ئێمە ململانێ هەڵنابژێرین، بەڵکو لەنێو ململانێ و دژیەکیدا لەدایک دەبین، هەر بۆیە بەسەر هەموو ئەگەر و ئیمکان و پێشهاتێکی نوێدا کراوەیە، بەڵام ئەم ئەگەرانە لە داهاتووەوە نایەن، بەڵکو ڕێک ئەوەیە کە لە ئێستا و ئێرەدا هەن: «چەمکی مارکسیزمی کراوە ئاماژە نییە بەوەی کە دێت، بە هەڵبژاردەگەرایی هاتووی نیو-مارکسیزم کە بە زۆری لە زمانێکی نوێدا خراپترینەکانی نێو مارکسیزمی ئەرسۆدۆکس بەرهەم دێنێتەوە؛ بەڵکو ئاماژەیە بە ناسینێکی وردی کراوەیی لە خودی کاتیۆرییەکاندا، کە هەر بەسادەیی بۆیە کراوەن چونکە چەمکسازییەکانی پرۆسەیەکی کراوەن» بۆ نموونە «قازانج کاتیگۆرییەکی داخراوە، چونکە ئاماژەیە بە شت بە بێ ئاماژەدان بەو ڕێگەیەی کە ئەو شتەی تێدا بەرهەم هێنراوە... کاتیگۆری زێدە-بەها کاتیگۆرییەکی کراوەیە، چونکە ئاماژەیە بە پرۆسەیەکی ئەنتاگۆنیستی کە تێیدا ئەو شتە دروست کراوە»[٤]. مەبەست چییە لە پرۆسێس؟ بە کورتی یەک شتە: واقیعی کۆمەڵایەتی یەکلایی نەبۆتەوە و هیچ شتێک جێگیر نییە، هەموو شتێک لە بزاوتدایە؛ سەرمایەداری یەکجار و بۆ ئەبەد سەرنەکەوتووە کە هەموو ڕەگەز و توخمەکانی بە جێگیری دانابێت و تەنیا چاوەڕوانی ڕوخانی خۆی بێت؛ سەرمایەداری وەک پرۆلیتاریا لە ململانێ و خەباتی بەردەوامدایە بۆ درێژەدان بەخۆی؛ ڕۆژانە ئامرازی نوێ و فۆڕمی ڕێکخستنی نوێ و ئامێری نوێ و یاسای نوێ دادەنێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرمایەی زیاتر کەڵەکە بکات؛ زۆر دێنێ

٣: Michael Löwy: To Change The world we need revolutionary democracy, in ‘Forum’, P. 22.

٤: John Holloway, Open Marxism, History and Class Struggle, Op. Cit P. 82.

و کورت دێنێ و تووشی تەنگوچەڵەمە دەبێت و زاڵ دەبێتەوە. سەرمایەداری پرۆسێسی بەردەوامی دەستگرتنە بەسەر کاردا و ئەمڕۆ بۆ سبەی خۆی درێژ دەکاتەوە، ڕۆژانە خۆی تازە دەکاتەوە، شێوازی نوێی ژیان، کاڵای نوێ، بیناسازی بە فۆڕمی تر، بازاڕی تر، چێژی تر، فێستڤاڵی تر، تۆڕی کۆمەڵایەتیی تر، گەمەی وەرزشیی تر دادەهێنێت تاوەکو بتوانێت بەردەوامیی بەخۆی بدات، شێوازی نوێی کەڵەکەکردنی سامان، دەزگای نوێ، بواری نوێی سەرمایەگوزاری دەدۆزێتەوە، بەڵام هاوکات چینی زۆروزەبەندی نا-سەرمایەدار و دژە سەرمایەدارییش بەرهەم دەهێنێت کە ڕۆژانە تێدەکۆشێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی سەرمایەداری. بەم جۆرە مێژوو پانتایی نا-دڵنیاییە و ئەگەرەکانی تێدا نووستوە؛ کۆمەڵگەیش گۆڕەپانی ململانێیە و لە گۆڕانی بەردەوامدایە، هەر بۆیە دەرفەتی چاوەڕواننەکراو و پێشبینینەکراوی ڕزگارییش لەنێو ئەنتاگۆنیزم یان لەنێو ململانێی چینایەتیدا هەیە[٥].

کۆمەڵەی بەتاڵ:

ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، لەنێوان کێدایە؟ بە گوێرەی نەریتی مارکسیزم لەنێوان چینی پرۆلیتاریا و چینی کرێکاردا. بەڵام پرۆلیتاریا خۆی چییە؟ وەڵامی هالۆوەی: ئێمەیەکی بێ شوناسە. هەر هەوڵێک بۆ پێدانی شوناسێکی جێگیر و یەکگرتوو بە پرۆلیتاریا، لەبەرکردنی ئەو پۆشاکەیە کە سەرمایەداری بۆی دووریوە. لای هالۆوەی «ئێمە»یەک هەیە، بەڵام تەواو بەتاڵە. بۆچوونەکەی سلاڤۆی ژیژەک بۆ دیاریکردنی پرۆلیتاریا وەک پێگەی بەتاڵ، تەنیا لاکانییانە نییە،

٥: John Holloway: Crisis, Fetishism, Class Composition, in ‘Open Marxism’ Vol. II, P. 158. Also: Werner Bonefeld….., Op. Cit., P. xii.

بەڵکو پتر هالۆوەییانەیە. هالۆوەی دەربارەی شوناسی پرۆلیتاریا دەڵێت: «هەندێک دەڵێن: «چینی کرێکار؟ ئەوەتا، ئێمە دەتوانین ببینین، دەتوانین لێی بکۆڵینەوە، دەتوانین ڕێکخی بخەین، ئەمە جەوهەری هیوایە، ئەو لەو شوێنەدایە کە ئێمە دەتوانین لێوەی دەست بە کاری سیاسی بکەین». ئێمەیش ئاوا وەڵامیان دەدەینەوە: «تۆ حەز دەکەی بەوانە بڵێی چینی کرێکار، بەڵام ئێمە ناتوانین دیاریی بکەین، لێی بکۆڵینەوە و ڕێکی بخەین، لەبەرئەوەی چینی کرێکار وەک چینی شۆڕشگێڕ بوونی نییە: ئەو یەک نا-شوناسە، ئەو هەر دەڵێی وەڵامێکی بەتاڵە»»[٦]. ئێمە بوونمان نییە، چونکە جێگیر نین. هالۆوەی شرۆڤەیەکی ڕەخنەیی دوو چەمکی گرنگی ئۆتۆنۆمیستەکان دەکات: «بوون» و «پێکهاتن». بوون be لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو دۆخەیە کە شوناس دروست دەکات، واتە ئەو شتەی کە باوە و هەیە و پڕە لە بوونی خۆی، هالۆوەی پێیدەڵێت Is-ness، چونکە فرمانی is گوزارشت لە پێناسەکردن و چوارچێوە پێدان دەکات. بە بڕوای هالۆوەی سەرمایەداری پرۆسێسی بەرهەمهێنانی (is)ـەکانە، پێش هەموو شتێک «ئێمە» دەشکێنێت و دابەشمان دەکات بۆ «ئێمە» و «ئەوان»، ئەمانەیش بەسەر دەیان شوناسدا دابەش دەکات[٧]. پێکهاتن composition دۆخی شتەکانە لە ناکامڵیدا نەک بەرەو کامڵبوون، بەڵکو وەک پرۆسێسی بەردەوامی پێکهاتن. پرۆلیتاریا شتێک نییە کە هەبێت، شتێکیش نییە پێکبێت و کامڵ ببێت، بەڵکو ئێمەیەکە لە پرۆسەی بەردەوامی پێکهاتندا، هەر لەبەرئەمەیش لە خەباتی بەردەوامیشدایە.

٦: John Holloway: Change the world without Taking Power, The Meaning of Revolution Today, Pluto Press, Fourth Edition, New York, 2019, P. 151.

٧: John Holloway: Crack Capitalism, Pluto Press, London, First published, 2010, P. 112.

دەکرێت مێژووی گەشەکردنی ململانێ لەنێو نەزمی سەرمایەداریدا بەم چەمکە، وەک جووڵەی بەردەوامی پێکهێنان، لەپێکهاتنخستن، (دووبارە) پێکهێنانەوە، ببینرێت[٨]. بە گوێرەی ئەم شیکارییە پرۆلیتار هیچ نییە جگە لە صەیرورەیەکی بەردەوام، جگە لە بوونبە-پرۆلیتاریا و لە پرۆلیتاریاکەوتن و بە پرۆلیتاریابوونەوە. وشەی «دووبارە»، کە لە کەوانەدا دامانناوە، بە مانای دووپاتبوونەوەی شتێک نییە وەک خۆی. دووبارە پێکهاتنەوە، گەڕانەوەی هەمان پێکهاتن نییە وەک شوناسێک. پتر بەو مانایەیە کە خودی پرۆسەی پێکهاتنەوە پێکدێتەوە. ئەوەی دێتەوە صەیرورەی پرۆلیتاریایە نەک پرۆلیتاریا خۆی. پێکهاتنەوەی چینەکان، بەو مانایەیە کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا چینەکان هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندان؛ لە سەدەی نۆزدەدا کرێکاری کارگە پەیوەندییە ئەنتاگۆنیستییەکەی نێو سیستەمی بەرجەستە دەکردەوە، جا لەوێدا کە کرێکار لە ڕێگەی ململانێ و خەباتەوە دەیەوێت لە ژێردەستەیی دەربچێت، سەرمایەداری بە میکانیزم و کەرەستە و فۆڕمی تری بەرهەمهێنان، لەڕێگەی تەکنۆلۆژیا و دەوڵەت و کولتوور و هیترەوە ملکەچی دەسەپێنێتەوە[٩]، بەڵام بۆ ئەمە پێویستە دەستکاریی لە ڕیزبەندییەکانی خۆیدا بکات. بۆ نموونە نیولیبراڵیزم گۆڕانێکە لە فۆڕمبەندیی چینە نا-سەرمایەدارەکاندا لە کۆمەڵگەی زانیاریدا و ئەو سوبێکتەیشی کە بەرهەمی هێناوە، سوبێکتی کارکەر نییە، بەڵکو سوبێکتی قەرزدارە. بەڵام چینی قەرزاران چینێکی دیاریکراو، گروپێکی شوناسدار نین، بەڵکو یەک هەمەڕەنگیی زۆروزەبەندن، کە تەنانەت منداڵی سەربێشکەیش دەگرێتەوە.

٨: John Holloway: Change the world without Taking Power Op. Cit., P. 162.

٩: Nick Dyer- Witheford: Autonomist Marxism: Treason Press, February, 2004, P. 8.
https://libcom.org/files/Autonomist%20Marxism%20and%20the%20Information%20Society1.pdf

هەمەڕەنگییەکان لای هالۆوەی ناشێت گوزارشت لە شوناسە بچووک و داخراوەکان بکەن، ئەمە پەرتوبڵاوییەکانە کە سەرمایەداریی زەقیان دەکاتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ڕووبەرە جۆراوجۆرانەیە کە سەرمایەداریی دەستی پێیان ڕادەگات و دەیانهێنێتە نێو ڕووبەرەکانی جیهانی فیتیشیزمی خۆیەوە، بەمەیش بەرەنگاریی هەمەجۆر لە هەموو ئەم ڕووبەرانەدا دەچێنێت. با وا گریمانە بکەین سەرمایەداری پەلدەهاوێت بۆ نێو هۆزەکانی ئەمازۆن، ئەو کات خێڵەکان ناچار دەبن بەرگریی لە داب و نەریتی خۆیان بکەن وەک خێڵ، واتە ئەوان لە ڕوانگەیەکی کۆنزەرڤەتیڤانەوە بەرەنگاری سەرمایەداریی دەبنەوە. بە بڕوای هالۆوەی ئەگەر تەنیا بەم جۆرە بەرەنگاریی بخوێنینەوە، ئەوا هەڵەین. سەرەتا ڕەنگە ئەم بەرکەوتنە ڕووبدات، بەڵام دوای تێپەڕینی هەندێ کات و ملدانی هۆزەکان بۆ نەزمەکە و هێشتنەوەی هەندێ لە نەریتەکان کە بۆ سەرمایەداریی زیانیان نییە، ئەوکات لەوە تێدەگەن ئەوەی سەرمایەداریی لێی داگیرکردون، تواناکانییە، واتە هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە «توانای-کردن»ی ئەوانی وەک فۆڕمێک ژیانی سەربەخۆ پێکهێنابوو؛ ئێستا توانای کردنەکەی ئەوان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە، واتە نەفیی کراوە. ئەمە دەبێتە ڕووبەری ناکۆکی بۆ نەفیکردنی ئەم نەفییە و ئیدی بەرەنگاریی خۆی لە هەموو جێیەکەوە دێت. لە هەر کوێ سەرمایەداری هەبێت، لەوێیش بەرەنگاری هەیە[١٠]. بەم جۆرە وەک هالۆوەی پێداگری لەسەر دەکات،

١٠: هالۆوەی تا ئێرە بۆ فۆکۆ دەگەڕێتەوە و شیکارییەکانی دەنرخێنێت، بەڵام پێیوایە گەر هەر لەم سنوورەدا بمێنینەوە و تێزەکە زیاتر ڕانەکێشین، ئەوا لە جیهانەکەی فۆکۆدا ناتوانین ڕێگایەکی ئەوتۆ بۆ ڕزگاربوون ببینەوە. بڕوانە:
John Holloway: Change the World without Taking Power, O. Cit., P. 39-40.

بەرەنگاری هەزاران جۆری هەیە و هەزاران بکەری هەیە، بەڵام چی لەم پەرتوبڵاوییە ڕزگارمان دەکات؟ چارەسەری ئەمە بە دروستکردنی شا-شوناسێکی گەورەی وەک چینی کرێکار نابێت، کە هەموو شوناسە بچووکەکانی تێدا بتوێنرێتەوە، بەڵکو بە هەڵوەشاندنەوەی خودی شوناس دەبێت بە گەورە و بچووکەوە[١١]. نکوڵیکردن لە واقیعیەتی خود و نەفرین لە خۆکردن هەمان واتای هەڵوەشاندنەوەی شوناسی نییە. ڕەشپێستێک ناتوانێت لە ڕەنگی خۆی هەڵبێت؛ کوردێک نابێتە عەرەب تەنانەت ئەگەر خۆیشی بانگەشەی بکات. گرنگ پێدانەگرتنە لەسەر ئەو شوناسەی کە ئەوانیتری سەردەست لەسەر بنچینەی ڕەنگ بە ڕەشپێستێکیان بەخشیوە، یان ڕەتکردنەوەی ئەو شوناسی کوردبوونەی کە ئەوانیتری سەردەست داوییانەتە پاڵ کورد. بە بڕوای هالۆوەی بەرەنگارییەکان هەرچەندە زۆر و هەمەجۆر بن (وەختێک سەرمایەداری منداڵی ناو بێشکەش بچەوسێنێتەوە، ئەوا منداڵیش دەکات بە بەشێک لە بەرەنگاریی دژ بەخۆی)، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەنتاگۆنیزمە: «ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی بە لێکدژییەکی دووتایی نێوان کردن (توانای کردەی داهێنەرانەی مرۆڤ بەرلەوەی لەلایەن سەرمایەدارییەوە دەستی بەسەردا بگیرێت) و کردە (بەرهەمی توانای کردن کە لەلایەن سەرمایەدارییەوە دەستی بەسەردا گیراوە) دەناسرێتەوە، مانای ئەوەیە کە ئەم ئەنتاگۆنیزمە بە شێوەی فرەیی ئەنتاگۆنیزمەکان بوونی

١١: هالۆوەی مەبەستی ئەوە نییە نکوڵی لە چەوسانەوەی شوناسەکانی وەکو ژن و ڕەشپێست و هۆمۆ و هیتر بکات، بەڵکو پێیوایە خودناسی وەک شوناسێکی چەوساوە، پێویستە هاوکات جووڵەی ڕەتکردنەوەی هەموو شوناسەکان بێت بە خودی شوناسی چەوسێنەر و چەوساوەیشەوە. بڕوانە: «گۆڕینی جیهان بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات». لاپەڕە ١٠٢ و ١٠٣.

هەیە»[١٢]. فرەیی ئەنتاگۆنیزم واتە سوبێکتەکان هەمەجۆرن، کە لە جێی خۆیانەوە و ڕۆژانە دەبنە بەشێک لە ململانێ و خەبات: کرێکار، فەرمانبەر، مۆسیقار، وێنەکێش، وەرزشەوان، داهێنەر، زانا، دیزاینەر، باخەوان، گۆرانیبێژ، سەماکار، شۆفێری تەکسی و، بە گوتەی نێگری تەنانەت قوتابخانە و زانکۆکانیش[١٣]، هەر هەموو بەو ئەندازەیەی کە سەرمایەداری دەست دەخاتە نێو ژیانیانەوە، ئەوانیش ئیمکانی بەرەنگارییان تێدا دەڕسکێت. ڕەسەنێتی ئەم شیکارییە لەنێو تێزەکانی گواتاری و نێگریدا دەبینینەوە. بەڵام چۆنچۆنی ئەم فرەییانە لە ئەنتاگۆنیزمێکی دووتاییدا کۆدەبنەوە؟ هالۆوەی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی بەر لە فرەیی. بەر لە فرەیی ئێمە چیمان هەیە؟ هالۆوەی ئاوا وەڵام دەداتەوە: توانای کردن. ئەمە واتە توانای کردنی کرێکارێک، فەرمانبەرێک، مۆسیقارێک، وەرزشەوانێک، سەماکەرێک، و ئەوانیتر چییە بەر لەوەی سەرمایەداری دەست بەسەر ئەم توانایەدا بگرێت. بواری مۆسیقا و کایەی دیزاین هەمان کایە نین و سوبێکتەکانیشیان کرێکار نین، هەریەکەیان بە جۆرێک و لە بوارێکدا خەریکی بەرهەمهێنانە و داهێنان دەکات بەڵام ئەوەی پێکڕا تێیدا هاوبەشن، توانای کردنە لە بوارەکەی خۆیاندا. ئەم توانای کردنانە چۆن دەبن بە ئەنتاگۆنیزمێکی دووتایی؟ زۆر بە کورتی: بەو شێوەیەی سەرمایەداری دەستیان بەسەردا دەگرێت. ئیدی توانای کردن دەبێت بە کردە بۆ سەرمایەداری. ئەمە دوو چەمکی ئێجگار بنەڕەتیی هالۆوەی و دواتر بۆی دەگەڕێینەوە.

ئێستا ئیتر بەم جۆرە، ئێمە تەنیا چینی کرێکار نین، بەڵکو یەک پەلکەزێڕینەی هەمەجۆرین، هەر یەکەمان بە توانای کردنی

١٢: Ibid., P. 42.
١٣: Nick Dyer- Witheford: Autonomist Marxism, Op. Cit., P. 18.

خۆمانەوە لە کایەکەی خۆماندا. بەڵام هەمووان توانای کردنمان هەیە کە نەفی کراوە. ئێمە لەمەدا هاوبەشین. بە نەفیکردنی ئەم توانای کردنەمان ئێمە دەبینە یەک ئێمەی نەفیکراو، بەتاڵ کە لە پێکهاتنی بەردەوامدایە. بە گوێرەی ئەم شیکارییە چینی پرۆلیتاریا بە بەردەوامی لە پێکهاتندایە وەک چینی ململانێکار و خەباتگێڕ و سەرمایەدارییش بەردەوام لە خەباتی دەخات و دەیگێڕێتەوە بۆ نێو ملکەچی، دیسانیش پرۆلیتایا پێکدێتەوە؛ چەندە سەرمایەداریی لە پێکهاتنی دەخات، یان خۆی ناچارە بە گوێرەی گۆڕانەکان خۆی لەپێکهاتن بخات، هێندەیش پێکدێتەوە. ئێستا بۆنی جگەرەکەی ژیل دۆلۆز دێت. شاراوە نییە کە زۆربەی ئۆتۆنۆمیستەکان لەژێر کاریگەریی ڕوانگەکانی دۆلۆزدا بوون، بۆیە ئاساییە هەر سێ چەمکی پێکهاتن و لەپێکهاتنخستن و پێکهاتنەوە دارشتنەوەی هەرسێ چەمکی «قەڵەمرەوی»، «لە قەڵەمرەویخستن» و «بەقەڵەمرەوییکردنەوە»ی دۆلۆز بن. هەروەها لێکۆڵینەوە لە جینالۆژیای سوبێکتی قەرزار یەکێک بووە لە کەڵکەڵەکانی دۆلۆز کە ئەو فەلسەفییانە، بە تایبەتی بە کۆمەکی نیچە، شرۆڤەی دەکات و چەند فەیلەسوفێکی مارکسی لەژێر کاریگەریی ئەودا، لە کایەکانی ئابووریی و سیاسەتدا بۆ خوێندنەوەی سەردەمی نیو-لیبرالیزم تیۆریزەیان کردووە. هەروەها ڕەخنەی هالۆوەی لە فرمانی (Is) وەک بنچینەی شوناس، درێژکراوەی هەمان ڕوانگەی دۆلۆزە، بۆ ڕەخنەگرتن لە verb to be یان فرمانیIs [١٤]. دانیال بن سەعید لە دیبەیتێکدا

١٤: دۆلۆز و گواتاری لە «هەزار ڕووتەخت»دا لە ڕوانگەیەکی ڕیزۆماتیکییەوە ڕەخنە لە فرمانی بوون و شوناسمەندیدەگرن و پێیانوایە سەر بە نەزمی درەختە. بە یەک وشە درەخت واتە شوناس. لە بەرامبەردا ئەوان and وەک دۆخێکی صەیرورەیی ڕیزۆمیی پێشنیار دەکەن. بڕوانە: Gilles Deleuze and Felix Guattari: A ThousandPlateaus, Capitalism and schizophrenia, Translated and Forward by: Brian Massumi, University of Minnesota Press, Minneapolis, London, Eleventh printing 2005, Pp. 25, ٩٨.

←

سەبارەت بە کتێبەکەی هالۆوەی، جەخت لە کاریگەریی دۆلۆز و فۆکۆ لەسەر هالۆوەی دەکاتەوە[١٥].

لەگەڵ ئەوەیشدا، هالۆوەی لە شیکاریی ئۆتۆنۆمیستەکان زیاتر دەڕوات و ڕەخنەگرتنیش لە فرمانی بوون دەگوازێتەوە بۆ ڕووبەرێک کە دۆلۆز هەرگیز نەیویستووە بچێتە نێوی: ڕووبەری نێگەتیڤیتە. بەگوێرەی شیکاریی ئۆتۆنۆمیستەکان (بە تایبەتی ترۆنتی و نیگری)، پرۆلیتاریا، ورتر بڵێین مەڵتیتیود، بە نەفیکردن سەرمایەداری هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو بە تێپەڕاندن قڵپی دەکاتەوە، بەمەیش سوبێکتی شۆڕشگێڕ لای ئەوان هێزێکی پۆزەتیڤە. پرۆلیتاریا دوای سەرمایەدار ناکەوێت، بەڵکو خۆی داهێنەرە و لە کردەی داهێنەرانەدا، کە هاومانای خەباتە، بەردەوام ئەو نەزمە تێکدەدات کە سەرمایەداریی خەریکی چەسپاندنیەتی. بۆ نموونە سوبێکتی پەنابەر، پەنابەرێتی نەفی ناکات، بەڵکو کاتێک پەنابەرێتی خۆی، لە بێ شوناسی و بێماڵیدا، ئەرێ دەکات، ئەوا دەبێتە ڕەگەزێکیش کە ئیمکانی ئەوەی هەیە بچێتە ململانێوە، چونکە ناچارە دەرگیری ڕاسیزم ببێت، یان ڕاسیزمی ڕاستڕەوی توندڕەو ناچارە بەهۆی

هەروەها بڕوانە، ژیل دۆلۆز، کلەیر پارنێت، گفتوگۆکان، هاوار محەمەد کردوویە بە کوردی، ناوەندی عەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٩، بەشی یەکەم.

١٥: دیبەیتەکەی نێوان دانیال بنسەعید و هالۆوەی لەگەڵ بابەتی چەند دیبەتێکی تردا، کە لەنێوان هالۆوەی و هەندێ بیرمەندی دیکەی وەکو فیل هارس و ئەلێکس کالینیکۆس و هیلاری وەینڕایت بووە، لە کتێبێکی ئەلیکترۆنیدا کۆکراونەتەوە کە بە گشتی شێوەی مشتومڕێکی بەخۆوە گرتووە. بڕوانە:

Daniel Bensaid, John Holloway, Phil Hearse, Hilary Waiwright, Alex Callinicos:Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, a Debate on Strategies on how to build another world, Compiled by: International Institute for Research and Education (IIRE), P. 14.

حزوری فیگوری پەنابەرەوە، ململانێکە توندتر بکاتەوە و بەمەیش ئەنتاگۆنیزمەکانی نێو سیستەمە بەردەوام چالاک دەبنەوە. هالۆوەی، گەرچی سەبارەت بە پێکهاتنەوەی چینەکان و صەیرورە و بەتاڵیی شوناسی پرۆلیتاریا ستایش-ڕەخنەی ورديی شیکاریی ئەتۆنۆمیستەکان دەکات (بە تایبەتی لە چاپتەری ٩ی کتێبەکەیدا، لاپەڕە ١٥٥-١٧٩)، بەڵام دەیەوێت تێزەکان بە ئاراستەی تردا ببات. بۆ هالۆوەی پێش هەموو شتێک، تیۆری دژە-سەرمایەداری واتای ئەوەیە وەک تیۆری نەفیکردن لێی تێبگەین[١٦]. بە بڕوای هالۆوەی، ئەوە سەرمایەداریی نییە کە پرۆلیتاریا لە پێکهاتن دەخات، بەڵکو ئەوە ئێمەین کە ململانێ بۆ ئەوە دەکەین بە یەکجار هەم سەرمایەدار و هەم چینە ناسەرمایەدارەکان (واتە خۆیشمان) نەفی بکەین. بەم پێیەی بەلای هالۆوەیەوە خەبات، هەمیشە ناوەکییە، واتە لەنێوان دوو چیندا نییە لە دەرەوەی یەکتر، بەڵکو خەباتە دژ بە سەرمایەدار و شێوازی بوونی خۆیشمان، چونکە ئەم بوونەی هەمانە، پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان بۆیان دروست کردووین و هەتا لەم بوونەی ئێستاماندا بین ناتوانین خۆمان ڕزگار بکەین[١٧]. ئێمە ئەمە نین کە ئێستا هەین، ئەوەیش نین کە دەبێت ببین، ئەمە هەردووکیان شوناسن، شوناسێک کە هەیە و شوناسێک کە دەبێت ببێت، گۆڕانێکی سادەی دیالەکتیکی! بزوتنەوەی دژە سەرمایەداری ناو لە شتەکان نانێت؛ ناونان کەشفێکی گەورە و کردەیەکی ڕادیکاڵ نییە بەڵکو ئەوپەڕەکەی دەتوانێت کردەیەکی ئایدیۆلۆژیی بێت و دەتوانین ڕیشەکانیشی لە تیۆلۆژیادا ببینینەوە. بە گوێرەی قورئان خودا خۆی ناولێنەرە و ئادەم فێری ناوی شتەکان دەکات. گەر خودا خۆی ناوی لە شتەکان

١٦: John Holloway: Change The World without Taking Power,Op. Cit., P. 164.

١٧: Ibid., Pp. 144, 145.

نەنایە، ئاخۆ ئادەم چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکردن و بەچی بانگی دەکردن؟ ناونان یەکەمین کردەی جوداکردنەوەی شتەکانە لە ئادەم. هالۆوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بزووتنەوەی ئەنتی سەرمایەداری هیچ ناو و شوناسێک نابەخشێتە سوبێکت/ هێزی شۆڕشگێڕی، ئێمە هیچ ناوێکمان نییە جگە لە یەک «ئێمە»: «بزووتنەوەی دژە شوناس بە ناچاری شۆڕشێکە بە بێ ناو»[١٨]. نەفیکردن یەک شتە: «ئێمە ئەمە نین»، یان بە گوتەی هالۆوەی ئێمە «هێشتا نا»ین، بەو مانایەی «ئێمە هێشتا نەبووین بەمەی کە هەین». «هێشتا نا» چییە؟ نا-شوناسە، ئێمەی بەتاڵ، یان کۆمەڵەی بەتاڵە. بەڵام ئێمەی بەتاڵ وەک هالۆوەی دەڵێت. «تەنیا بۆشاییەکی تاریک نییە. بۆ نەفیکردنی Is-ness پێویستە پێداگری لەسەر صەیرورە، جووڵە و بزاوت، داهێنان، ڕزگارکردنی هێز-بۆ Power- to بکەینەوە. ئێمە ئەوە نین، ئێمە نابین بەوە، ئێمە لە بوونبە-داین «we become»[١٩].

هاوار، بەربوونەوە لە هەڵدێر:

ئەم ئێمەیە کێیە و چی دەکات؟ ئێمە پێش هەموو شتێک «من» نییە؛ ئێمە لەم ئێمە بەتاڵەوە دەست پێدەکەین، چونکە سوبێکتی تاکەکەسی، ئیگۆیست، سەنترالیست نییە. ئێمە کۆکراوەیەکی سادە و تەبای «من» و «تۆ» نییە. «ئێمە» سەنتێز نییە. هەروەها سوبێکتی ترانسێندنتاڵ و پەتی نییە. ژن نییە و پیاو نییە و چینی کرێکاریش نییە. ئەی چییە؟ «ئێمە یەک «ئێمە»ی ئەنتاگۆنیستییە لەنێو خۆیدا.. بێگومان ئێمەیەکی لێکدژە»[٢٠] بەم مانایە، ئێمە بەرەو سڕینەوەی خۆی دەجووڵێت.

١٨: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 217.

١٩: John Holloway: Change The World without Taking Power,Op. Cit., P. 152.

٢٠: Ibid., P. 5.

ئەم جووڵەیە هیچ نییە جگە لە جووڵەی نێگەتیڤیتە. ئێمە خۆی دانامەزرێنێت، بەڵکو بوونی خۆی نەفی دەکات، بوونی خۆی و ئەو پەیوەندییانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بوونەکەی دامەزراندووە. خاڵی دەستپێکی ئەم جووڵەی نەفییکردنە لای هالۆوەی «هاوار»ە. هالۆوەی دەڵێت، سەرەتا، زۆر سەرەتا، لە خاڵی دەستپێکدا ئێمە «هاوار» دەکات. هاوار سەرەتای نەفیکردن و ڕاپەڕینە. بەڵام ئایا دەشێت هاوار، کە دەربڕی دۆخێکی ڕەنجبارە وئازارێکە لە دۆخی پێش بە وشەبووندا، ببێت بە چەمک؟ هاوار لای هالۆوەی کاتیگۆرییەکی زانستی نییە و هیچ شرۆڤە و میتۆدێکی زانستی نایگرێتەوە[٢١] (ئەمە بە ڕوونی دژ بە مارکسیزمی زانستگەرایە). زانست ناتوانێت لەسەر هاوار قسە بکات، وەک خۆی دەڵێت لەنێو ئەکادیمیادا هیچ شوێنێک بۆ هاوارکردن بوونی نییە. هالۆوەی هەوڵ دەدات ئەمە ڕوون بکاتەوە. ئەو دەڵێت لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە هاوار سەرەتایە. ئێمە کە ئازار دەچێژین هاوار دەکەین، کە دیینە دنیاوە هاوار دەکەین، کە لە خۆشیدا شاگەشکە دەبین هاوار دەکەین، کە دەتۆقین هاوار دەکەین. بەم پێیە لە ڕووی واقیعییەوە هاوار سەرەتایەکی ماتریاڵییە. بەڵام هاوار تەنیا دەربڕی دۆخی ڕەنجبار و ئازار نییە: «هاواری ئێمە هەر ئەوە نییە هاواری ترس و تۆقین بێت. ئێمە لەبەرئەوە هاوار ناکەین لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا ڕووبەڕووی خودی مەرگ دەبینەوە، بەڵکو لەبەرئەوە هاوار دەکەین خەون بە ئازادکردنی خۆیشمانەوە دەبینین»[٢٢]. بەڵام هاواری خەون و هەوڵی خۆ-ئازادکردن لە کابووس، هیچ گەرەنتییەکی نییە. هاوار نێگەتیڤیتەیە، بەڵام هیچ مزگێنییەکی دڵنیایانەی پێ نییە؛ هالۆوەی خۆی میتافۆڕێک بەکاردەهێنێت: ئێمە کە لە لێواری

٢١: John Holloway: From Scream of Refusal to Scream of Power, In 'Open Marxism, Edited by: Werner Bonefeld and Others, Vol. III, Emancipating Marx'. Pluto Press, London, 1995, P. 155.

٢٢: John Holloway: Change the World without Taking Power, P. 6.

هەڵدێرێکەوە بەردەبینەوە هاوار دەکەین، ئەم هاوارە لە یەک کاتدا هەم هاواری تۆقینە و هەم هاواری ڕزگارییە. ئێمە هاوار لە کەسێک ناکەین بە هانامانەوە بێت، چونکە لە ساتی کەوتندا هیچ کەس بە دەنگمانەوە نایەت، ئێمە تەنیا هاوار دەکەین، چونکە لەو کاتەدا ناتوانین شتێکی تر بکەین، هەر لەبەرئەمەیشە هاوار خۆی سەرەتایە. هاواری ساتی هەڵدێران هاواری نەفیکردنی هەڵدێرانە، زاڵبوونە بەسەر ترسی خۆماندا و هاوار بۆ ڕزگاریی دەکەین و دەیشزانین ئومێدی ڕزگاری تەنیا پەیوەستە بە خۆمانەوە. هاوار هیچ بەردەنگێکی نییە خۆمان نەبێت، لەم ڕووەوە هاوار پێچەوانەی «بانگ»ـە. بانگ بانگهێشتکردن یان داوا یان فەرمانە، بۆیە هەمیشە بەردەنگی دیاریکراوی هەیە. ئەوە ئێمەین هاوار دەکەین، بەڵام ئەوە پتر دەسەڵاتە بانگ دەکات. بانگی ئایینەکان هەمیشە لەم جۆرە بانگانەن کە سوبێکت و ئامانج و بەڵێنی خۆیان هەیە. بانگی پۆلیسش لە کەسێک «هێی تۆ»، بە هەمان شێوەیە. بانگی پۆلیس هەمیشە لەسەر هەموو کەسێک ئامادەیە، هەمووان دەشێت ببینە بەردەنگی بانگی پۆلیس، بەڵام لە ساتی خودی بانگکردنەکەدا تاکەکەسە دیارییەکراوەکان کۆنکرێت دەبنەوە و دەبنە سوبێکتی دیاریکراو، چونکە لەگەڵ بانگی پۆلیسدا ئاوڕ دەدەنەوە بەرەو ڕووی بانگەکە و بە پیرییەوە دەچن. ئەمە تێزی لوویی ئاڵتوسێرە دەربارەی ئایدیۆلۆژیا. هاوار بە پێچەوانەی بانگەوە، لە بری ڕاگرتنی کەسێک و هێنانی بێت بۆ نێو ڕووبەری سوبێکت، کردنە دەرەوەی ئازار و ڕەنج، یان ئومێد و هیوایە بە یەک شەپۆلی کتوپڕ وەختێک ڕووبەری ناوەوە بە بەری تەنگە، تەنیا بڵاوکردنەوەی خودی هاوارە بۆ خۆمان. بەم مانایە هاوار بۆ گەیشتن نییە بە گوێی ئەوانیتر، بۆ بیستن نییە، بەڵکو بۆ شکاندنی سنووری بیستنە، لەبەرئەمەیە هیچ تێگەیشتنێکی عەقڵی دروست ناکات. ئێمە وەک ژێردەستە

و قوربانیی نێو سیستەمی سەرمایەداری هاوار دەکەین، بەڵام زەلیل و پاسیڤ نین، ئێمە بێ دەسەڵات نین، بەڵکو دژە دەسەڵاتین، لەبەرئەمەیە بانگ بەردەوام هی دەسەڵاتە و هاوار هی دژە-دەسەڵاتەکان.

هاوار هەم نزیکە و هەمیش جیاوازە لە «دەنگی خەفەکراوی قوربانیانی مێژوو»یش لای واڵتەر بنیامین. لە «تێزەکان دەربارەی فەلسەفەی مێژوو»دا بنیامین ڕابردوو وەک ساتێکی مەسیحایی دەهێنێتەوە بۆ سەردەمی ئێستا؛ دەنگی کپکراوانی مێژوو، زریکەکانیان، هاوارەکانیان لە لۆچ و پێچە خەفەکراوەکان، لە ژێر داروپەردووی وێرانەکانی مێژوودان، لەنێو فەخفە و عەنعەنەی شارە مۆدێرنەکان و مۆزەخانە ڕازاوەکان و کولتووری گەشتیاریدا ون بوون. ئەرکی مێژوونووسی ماتریالی و وەرگێڕ و خەباتگێر پاراستن یان ڕزگارکردنی ئەم زریکە و ناڵانەی قوربانیانە بۆ ئەوەی لە ئێستادا ببیسترێن. لە تێزی دووەمدا بنیامین دەنووسێت: «ڕابردوو لەنێو خۆیدا ئاماژەدەرێکی پەنهانی تێدایە کە لە ڕێگایەوە ئاماژە بە ڕزگاری دەکات Erlösung، ئایا ئێمە لەژێر کاریگەریی ئەو هەوایەدا نین کە پێشتر هەبووە؟ ئایا لە دەنگی ئەوانەدا کە دەیانبیستین دەنگی ئەوانە نایەت کە بێدەنگ کراون؟ .... ئەگەر وابێ پەیمانێکی نهێنی لەنێوان ئێمە و نەوەکانی پێشوودا هەیە، لەبەرئەوەی هاتنی ئێمە بۆ سەر زەوی پێشبینیکراو بووە. وەک هەموو ئەو نەوانەی وا پێش خۆمان هەبوون، بۆ ئێمەیش هەڵکەوتووە کە ئەو کەمە هێزە مەسیحاییەمان هەبێت کە لە ڕێگەیەوە ڕابردوو هیوایەکی تێدا بێت»[٢٣].

٢٣: هەشت نۆ ساڵێک پێشتر، کەم و زۆر، لێرە و لەوێ کە دەربارەی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بنیامین دەمخوێندەوە، بۆم دەرکەوت بنیامین

←

بنیامین، ماتریالیزمی مارکسیستی لە نەریتی میسیانیزمی تیۆلۆژیای عیبری موتوربە دەکات، و پێیوایە ڕابردووی نافەرمیی کپکراو، کە نەریتی چەوساوانە، نامرێت و دیسانیش

وتارێکی زۆر ناوداری هەیە دەربارەی مێژوو. سەرەتا بە زمانی عەرەبی لە کتێبێک، لەگەڵ کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی بەناوبانگی بنیامیندا، وتاری «دەربارەی چەمکی مێژوو»م خوێندەوە. دواتر لە ٢٠١٥ بە سوتفە لە گۆڤارێکی ساڵی ١٩٩٩ی گۆڤاری سەردەمدا (ئەگەر باش بیرم مابێت) هەمان وتارم بە هەمان ناونیشان بە کوردی خوێندەوە، بەداخەوە ناوی وەرگێڕەکەم لەیاد نییە. دوو ساڵیش پێشتر بە زمانی ئینگلیزی هەمان وتارم موتاڵا کرد. هەستم کرد هەندێ جیاوازی لەنێوان ئەم چاپانەدا هەیە و یەکەمین جیاوازییش لە ناونیشانەکەدا بوو؛ دوو ناونیشانی نزیک بەڵام جیاواز: «دەربارەی چەمکی مێژوو» و «تێزەکانی دەربارەی فەلسەفەی مێژوو». دوای ئەوەی وەرگێڕانێکی دیکەی ئینگلیزییەکەم بەرچاو کەوت بۆم دەرکەوت لەنێوان هەردوو وەرگێڕانە ئینگلزییەکەیشدا هەندێ جیاوازی لە دەقەکەدا هەیە. مەسەلەکەیش ئەوەیە زمانی نووسینی بنیامین، جگە لە بۆن و بەرامە نیمچە کافکاییەکەی لە هەندێ بەرهەمیدا، لە تێزەکاندا بەتایبەت چڕ و سەختە. بۆیە ساڵی ٢٠١٩ دوای ساڵێک ژیانم لە ئەڵمانیا، دەستم بۆ دەقە ئەڵمانییەکە برد، بەڵام نایشارمەوە نەمتوانی بەسەریدا زاڵ بم. ئێستا پێموایە ئیتر ئەتوانم هەندێ جیاوازیی نێوان وەرگێڕانەکانی پێ ساغ بکەمەوە. ناونیشانی وتارەکە لە زمانی ئەڵمانیدا، بە گوێرەی چاپی کۆبەرهەمی بنیامین ١:٢ لەلایەن سورکامپەوە، بەم جۆرەیە: Über den Begriff der Geschichte واتە «دەربارەی چەمکی مێژوو». لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، دوو وەرگێڕانی ئینگلیزی و دەقە ئۆرگیناڵە ئەڵمانییەکەم لەبەردەستدا بووە. بۆیە ئەو کۆتەیشنەی لە مەتنەکەدا هێناومانە و کۆتەیشنی دواتریش کە دێت، لە ئینگلیزییەکان وەرگیراون و بەراوردی ئەڵمانییەکە کراونەتەوە. ئەمەیش سەرچاوەکان:

- Walter Benjamin: Theses on The Philosophy of History, In ‘Illuminations’, Edit and an Introduction by: Hanna Arendet, Translated by: Harry Zohn, Schocken Books, New York., 1968.
- Walter Benjamin: On the Concept of History, Translated by: Dennis Redmond, 2005.
- https://folk.uib.no/hlils/TBLR-B/Benjamin-History.pdf
- Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte, Gesammlten Schriften 1-2. Suhrkamp, Frankfurt, 1980, P. 693-704.
- https://www.uzh.ch/cmsssl/suz/dam/jcr:00000000-36d7-41d4-ffff-ffffa7cb2e14/benjamin.pdf

دەگەڕێتەوە، هیوای ئەوەی تێدایە وەک بەرگری و مادەی شۆڕش، دۆخێکی ئاوارتەی ڕاستەقینە دابمەزرێنێت و کاتی کرۆنۆلۆژی، کە زەمەنی پێشکەوتنە، بوەستێنێت. ئەم دۆخی ئاوارتە ڕاستەقینە، کە ساتێکی قیامەتئاسایە، دەبێتە ڕۆژی حیسابی چەوسێنەران. شۆڕش بریتییە لەم ساتی وەستانەی کات. مێژوونووسی ماتریالیست ئەم ڕابردووەی لێ ون نییە و بەشدارە لە دەربازکردن و ڕزگارکردنیدا، تاوەکو بێنەوە بۆ زەمەنی ئێستا. لە تێزی سێیەمدا بنیامین دەڵێت: «ئەو ڕابردووەی کە بە تەواوەتی ڕوویداوە، تەنیا مرۆڤایەتییەکی دەرباز و ڕزگارکراوە. بە شێوازێکی تر بڵێین: ئەوە تەنیا مرۆڤایەتییەکی ڕزگارییە کە ڕابردووەکەی بۆ ئەوە دەشێت لە هەموو ساتێکیدا بخوازرێت و بهێنرێتەوە. هەر ساتیک لە ساتە ئەزموونکراوەکانی دەبێتە خواستن (citation)ی à l’ordre du Jour (نەزمی ڕۆژی دوایی)- ئەو ڕۆژەی کە ڕێک ڕۆژی حیسابە». بە گوێرەی شرۆڤەی ئاگامبێن، ڕۆژی حیساب کاتی کۆتایی نییە، بەڵکو کۆتایی کاتە، ساتێک کە کات خۆی تێدا چڕ کردۆتەوە و کاتژمێری زەمەن دەگۆڕێت[٢٤]. چەوسێنراوان لە دۆخێکی قیامەتیدا دەگەڕێنەوە و دادگایەک بۆ مێژووی سەردەستان دادەمەزرێنن، بەمەیش ئەو ساتەی کە دەمێنێتەوە بەم ساتی چڕبوونەوەی کاتە دیاریی دەکرێت. لای بنیامین ئەمە ساتی شۆڕشە کە توندوتیژی پەتی، یان توندوتیژی خودایییە کە لە وەرگێڕانە دنیاییەکەیدا دەبێتە توندوتیژی شۆڕشگێڕی.

چەمکاندنی هاوار لای هالۆوەی زۆر دوور نییە لە زریکە و ئازاری کپکراوی قوربانیان لای بنیامین، بەڵام هەمان شتیش نین. هالۆوەی بە هەمان شێوە باسی گەڕانەوە خەفەکراو و سەرکوتکراو دەکات و کۆی تێزی هالۆوەی دەربارەی

٢٤: بڕوانە: جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئەوانیتر: «ئیمەی پەنابەر»، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفوری، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، 2013.

ڕزگارکردنی ئەو توانایەیە کە نکوڵیی لێکراوە. شۆڕش واتە نەفیکردنی ئەم نکوڵیکردنە و ئەو، بە پەیڕەوییکردن لە زاپاتیستەکان، ناوی لێ دەنێت کەرامەت: «سیاسەتی شۆڕشگێڕی (یان باشتر بڵێین دژە سیاسەتی شۆڕشگێڕیی) ئەرێکردنێکی ڕوون و بێ ڕتووشی ئەوەیە کە نکوڵی لێکراوە، ئەرێکردنێک بە هەموو دەوڵەمەندی و هەمەلایەنیی خۆیەوە... کەرامەت خۆ-سەلماندن و مکوڕیی ئەوانەیە کە سەرکوتکراون و ئەوەی کە سەرکوتکراوە»[٢٥]، چەمکی کەرامەت ئەویترێتییە، ژیانێکی تر، کردنێکی تر و نەکردنی ئەوەی ئێستا دەیکەین. کەرامەت چەمکێکی لیبراڵیستی نییە و نایشبێت پێیان ببەخشین، چونکە وەک هالۆوەی دەڵێت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە بوونەکەی بەندە بە نەفیکردنی کەرامەتەوە، کەرامەت بوونی نییە[٢٦].

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەو فەزا تیۆلۆژییەی لای بنیامین هەیە بە تەواوەتی لای هالۆوەی ونە، بەو مانایەی هالۆوەی فەرهەنگی تیۆلۆژی بۆ چەمکاندن بەکارناهێنێت و پێیشیوایە هیچ ڕزگارییەکی مەسیحایی بوونی نییە. ئەوەی بنیامین ناوی لێ دەنێت «ڕۆژی حیساب»، لای هالۆوەی خەباتی ڕۆژانەیە لە کەلێنەکانی سیستەمدا بۆ نەفیکردن[٢٧]. وەک هالۆوەی خۆی لە کتێبی «کرەک کاپیتالیزم»ـدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، میتۆدی ئەو میتۆدی «درز»ە. بە بڕوای ئەو، لەنێو ئەو دیوارانەدا کە خۆیان زۆر پتەو پیشان دەدەن، هەمیشە درز هەیە، یاخود ئیمکانی درزتێخستن هەیە؛ سەرمایەداریی سیستەمێکی پێرفێکت نییە، بۆیە کەلێنی بینراو یان نەبینراو لەنێویدا هەیە و ئیشکردنی ڕۆژانە لەو کەلێنانەدا و فراوانکردنیان، ئیمکانی ڕووخانی دیوار

٢٥: John Holloway: Op. Cit., P. 212-213.

٢٦: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., Pp. 49, 50, 72.

٢٧: Ibid.,P. 35.

و باڵەخانەكەی لەگەڵدایە. بۆ ئەم كارەیش هەم درزدۆز (تیۆر) و هەم درزساز (پراكتیك) پێكەوە، وەك یەك پێویستی و حەتمین[٢٨]. بەڵام هالۆوەی تیۆریزەی هەمەجۆر دەكات و دەست بۆ زۆر چەمك دەبات، بۆیە لە وتاری «عەرەبانە و گاسنەكەت بەسەر ئێسك و پروسكی مردووواندا ڕابكێشە» ڕزگاری بە هەمان مانای «وەستاندنی زەمەن»ی بنیامینی لێك دەداتەوە. واتە ساتێك كە تێیدا كات خۆی چڕ كردۆتەوە، ساتێك كە هەموو زریكە و فەریادی قوربانیان هەڵبگرێت و لە یەك شۆكی مێژووییدا ڕەوڕەوەی پێشكەوتنی پێ بوەستێنێت[٢٩].

لای هالۆوەی ئێمە هاوار دەكەین، چونكە ناتوانین هاوار نەكەین. دۆخی ئێمە وامان لێ دەكات هاوار بكەین، ئەمەیش خۆی یەكەمین چركەستی نەفیكردنە، نەفیكردنی ئەو شتەی كە وامان لێ دەكات هاوار بكەین. خەبات بۆ مرۆڤایەتی ئازادكردنی توانای نەفیكردنە، بۆ ڕزگاركردنی پۆتێنشیەڵە: «هاوار دەربڕینێكی بوونی ئێستای ئەو شتەیە كە نكوڵیی لێكراوە، بوونی ئێستای ئەوەی هێشتا نەبووە، ئەوەی هێشتا نا-یە، ئەوەی بێ شوناسە. هێزی تیۆریی هاوار پەیوەست نییە بە بوونی داهاتووی هێشتا نەبووەوە، بەڵكو پەیوەستە بە بوونی ئێستایەوە وەك ئیمكان»[٣٠]. هاوار ئیمكانە دوورخراوەكان ئاوەڵا دەكاتەوە، لەبەرئەمەیە هاوار، بە شێوەیەكی جوداهەڵنەگر، هەم هاواری ترسە و هاواری ئومێد. بەڵام ئومێد مزگێنی و مژدە نییە، بەڵكو ڕووبەرێكی ناڕوونە كە تێیدا گرەو لەسەر هیچ

٢٨: Ibid., Pp. 8-9.

٢٩: Daniel Bensaid, John Hollowy, and Others:Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, Op. Cit., Pp. 21-22.

٣٠: John Holloway: Chang the World without Taking Power, Op. Cit., P. 7.

شتێک ناکرێت، بەڵێنی هیچ کۆتاییەکی خۆش happy ending نادرێت. وێڕای ئەمەیش ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە خەبات و ململانێ ناوەستین، چونکە ئێمە بە گوێرەی بڕیارێکی عەقڵانی و خۆویستانە، بە گوێرەی «هۆشیاری چینایەتی» ناچینە ناو ململانێوە، بەڵکو تێیدا لەدایک دەبین، لەناو ئەنتاگۆنیزمدا گۆش دەبین و گەورە دەبین، بۆیە هەڵبژاردن و ناچاریی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. خەباتویستی و ئارەزوومان بۆ ململانێ پەیوەستە بە خودی کەرامەتی مرۆییمانەوە، پەیوەستە بە بوونمانەوە وەک مرۆڤ، بۆیە ناتوانین لێی هەڵبێین. ڕاستە ئێمە هەمیشە خەبات ناکەین و ڕاناپەڕین؛ بە زۆر قۆناغی ملکەچی و بێدەنگی و ڕەزامەندیدا تێدەپەڕین، بەڵام ئەمە دۆخێکی خوازراوی هەمیشەیی نییە، بۆیە ژێر دەستەکان ناژێردەستەیشن. خەبات ململانێی نا-ژێردەستەکانە لەنێو دۆخی ژێردەستەییدا بۆ نەفیکردنی ژێردەستەیی. بەم پێیە، هاوار تەنیا هاواری قوربانیان نییە، بەڵکو هاواری نا-ژێردەستەکانیشە دژ بەو هێزانەی کە دەیانەوێت ژێر دەستەیان بکات، دژ بەو ژینگە و هەلومەرجەی کە ژێردەستەیی دەسەپێنێت. کەواتە ئەو شتە چییە کە سەرکوتکراوە و نەفیکراوە؟ ئێمە بە هاوار، وەک هێزێکی نێگەتیڤ، دەمانەوێت چی ڕزگار بکەین؟

کردن و کار:

بە بڕوای هالۆوەی ئەوەی سەرکوتکراوە و لە ئێمە داماڵراوە، بەرلەوەی بەرهەمی کارەکەمان بێت، بەر لەوەی زێدە-بەها بێت، بەرلەوەی کردەی سیاسی بێت، توانایەکی کۆمەڵایەتیی هەرە بنەڕەتیی مرۆڤە کە هالۆوەی ناوی لێ دەنێت «توانای کردن»، هەندێ جاریش پێیدەڵێت «هەڵقوڵانی کۆمەڵایەتیی کردن». هاوار پەیوەستە بە ڕزگارکردنی ئەم توانایەوە. پێشتر ئاماژەمان بە

دوو ڕەهەندی هاوار دا: هاوارێک وەک حەماسەت و تووڕەیی لەو هێزەی ئازارمان دەدات، هاوارێکی ئومێدبەخشانە. هاواری ئومێد بۆ ڕزگارییەكی خودایی نییە، بەڵكو هاوارێكی چالاكانەیە بۆ گۆڕینی نەزمی شتەكان، هاواری ڕەتكردنەوەیەكی لە ڕێگەی «كردن»ـێكەوە Doing: «هەر هاوارێک ئاماژە بە كردن نەكات، هاوارێكە بەسەر خۆیدا هەڵگەڕاوەتەوە، هەر وەک هاوارێكی ئەبەدیی نائومێدانە دەمێنێتەوە، یان بەشێوەیەكی باوتر بڵێین، سكاڵایەكی بێ بڕانەوەی سەگباوەڕانەیە، هاوارێكە كە خیانەت لە خۆی دەكات. وەها هاوارێک توانای نەفیكردنی نەماوە و تەنیا وەک هاوار خۆی دەسەلمێنێت. سەگباوەڕی هاوارێكە كە هێزی نەفیكردنی خۆی دۆڕاندووە»[٣١]. كەواتە كردن و نەفی لە هەناوی یەكتریدا هەن، هەموو كردنێک جۆرێک لە نەفیكردنە و هەموو نەفییەک جۆرێكە لە كردن. بۆ نموونە دارتاشێک كە لە درەختێک قەنەفەیەک دادەهێنێت، ئەوا درەختەكە نەفی دەكات و قەنەفە دادەهێنێت، بەڵام كردەی داهێنانی قەنەفەكە هاوكات كردەی نەفیی درەختەكەیە. چەندە قەنەفەكە چێ ببێت هێندەیش درەختەكە نەفی دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە هەردووكیان یەک پرۆسەن. هالۆوەی جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كردن نەفییەكی پراكتیكییە؛ وشەی (نا)ی نەفیكردن هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێكی دیكەی كردن[٣٢]؛ گۆڕان، نەرێكردنی دۆخێكی باوی بەركارە، چونكە دەچێتە ئەودیوی دۆخی باوەوە و هەر لەبەرئەمەیشە كە ترانسێدنتاڵە[٣٣]. بەڵام نەفیی پراكتیكی هەمان ئەو مانایەی نییە كە لە ماركسیزمی ئەرسۆدۆكسدا زاراوەی «پراكتیک» هەیەتی. لای هالۆوەی «كردن» بە مانای

٣١: John Holloway: Ibid., Pp. 22-23.

٣٢: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 19.

٣٣: John Holloway: Chang the World without Taking Power, Op. Cit., P. 23.

پراکتیکی سیاسی و حزبی و کردەی گرتنەدەستی دەسەڵات نییە، بەڵکو کردنی کارێک، چالاکییەک، داهێنانێکە لەنێو هەڵقوڵانی کردەکانی تری نێو کۆمەڵگادا. هیچ کردنێک نییە تاک و تەرا، تاکەکەسی و بێ پەیوەندیی بێت؛ هەموو کردنێک لە بنچینەدا کۆمەڵایەتییە؛ «کردن هەڵقوڵانێکە، هەڵقوڵانێکی ژیانە، لەمەدا هێڵگەڵی ڕوونی تەماس بوونی نییە؛ کردنی هەرکەسێک دەڕژێتە کردنی یەکێکیترەوە و بە بێ کردەی ئەوانیتر ئەم کردەیەش قابیلی وێناکردن نییە»[٣٤]. ئەوەی من دەیکەم هەمیشە بەشێکە لە هەڵقوڵانی کۆمەڵایەتیی کردن، چونکە پێشمەرجی کردنی من کردنەکانی دیکەن، کردنەکانی ئەوانی دیکەین، بەم جۆرەیە کە کردنەکانی تر مانایەک دەبەخشنە کردنی منیش. کردن هەر لە خۆیدا فرە، دەستەکۆ، کۆڕاڵ و هاوبەشانەیە[٣٥]. بەم جۆرە بیرکردنەوەیش، شیعرنووسینیش کردنە. لە «کردن»ـدا ناکرێت بە هیچ جۆرێک پراکتیک و تیۆر لێک داببڕین، نەک وەک دوو کایەی لەیەک دەرەکی کە پراکتیک دوای تیۆر بکەوێت، یان تیۆر دوای پراکتیک بکەوێت، یان هەردووکیان دوای یەکتری بکەون، جارێک ئەمیان و جارێک ئەویان دەمەزەرد ببنەوە، بەڵکو وەک یەک پرۆسە، یەک کردە.

گەر ئێمە ستایشی هێزی کردن بکەین، وەک هێزێکی نەفیکردن، ئەی دەربارەی «تەمەڵی»ـی چی؟ خۆ هەمووان لە کۆمەڵگادا کارا نین و هی وا هەن نایانەوێت هیچ کارێک بکەن. هەندێ تێزی ڕادیکاڵ و ئەنارشیست ستایشی تەمەڵی دەکەن، لەوانە تێزەکەی پاوڵ لافارج لە بەرهەمەکەیدا «مافی تەمەڵبوون» کە هالۆوەی وەک نموونە دەیهێنێتەوە؛ بە گوێرەی

٣٤: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 111.

٣٥: John Holloway: Chang the World without Taking Power, Op. Cit., P. 26.

لافارج ئەوەی گرنگە بۆ گۆڕانی كۆمەڵگە كارنەكردن، تەمەڵی، چێژ بینینە نەک كردن. مادام سەرمایەداری داوای كاری بەردەوام دەكات و «ماف»ی تەمەڵی و هیچ نەكردنمان لێ دەستێنێتەوە، ئەوا پێویستە تەمەڵی دژ بەم چەوساندنەوەیە قووت بكەینەوە. هەروەها لەڕواڵەتدا ئەرگومێنتەكەی هالۆوەی پێچەوانەی تێزی «پۆتێنشیەڵی نەكردن»ـی ئاگامبێن دەردەكەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان كۆكن لەوەدا كە نەكردنیش جۆرە كردنێكە. لای هالۆوەی نەكردن بوونی نییە، هەر لەبەرئەمەیە كردن لە مانای پڕوكان و خۆڕەتاندن جیا دەكاتەوە: «تەمەڵی لە كۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ڕەتكردنەوەی ئەوەی پێویستە بكرێت لەخۆ دەگرێت، چالاكییەک كە جەخت لەسەر پراكتیكێكی ئەڵتەرناتیڤ دەكاتەوە. كردن، بە تێگەیشتنی ئێمە، تەمەڵی و شوێنكەوتنی چێژیش دەگرێتەوە؛ هەردووكیان پراكتیكی تەواو نێگەتیڤن لە كۆمەڵگەیەكدا كە لەسەر نەفیكردنی ئەوانە خۆی دامەزراندووە. ڕەتكردنەوەی كردنێک كە پێویستە بكرێت، لە جیهانێكدا كە بەندە بە گۆڕینی كردنەوە بۆ كار، دەشێت وەک فۆڕمێكی كاریگەری بەرەنگاری ببینرێت»[٣٦]. بەڵام تەمەڵی تاكە درزێک نییە كە سەرجەمی مانای بەرەنگاری لە خۆ بگرێت. دەشێت سەدان درزی تر لە ڕووتەختی ئەم سیستەمەدا دروست بكەین.

دروستكردن یان گەورەكردنی درز لە سەرمایەداریدا، پەیوەستە بە هێزی كردنەوە. بە گوێرەی شرۆڤەی هالۆوەی درز سازكردنێكی تەواو ئاسایی شوێن و كاتێكە كە ئێمە سوورین لەسەر كردنێكی جیاواز لەوەی ئێستا دەیكەین، بەم مانایە دوو جۆری كردن هەیە: «ئێمە لە دوو تەرزی ئەنتاگۆنیستی كردنەوە دەست پێدەكەین: ئەوەی كە ڕەتی دەكەینەوە و ئەوەی

٣٦: Ibid., P. 24.

هەوڵ دەدەین دروستی بکەین. درزەکان ڕاپەڕینی یەکێک لە کردنەکانە دژ بە تەرزەکەی تریان»[٣٧]. ئەم دوو جۆرە «کردن»ـە هاومانا نین. کردنی شتێک کە بسەپێنرێت لەسەرمان، جیاوازە لە کردنێک کە خۆمان ئارەزوومەندانە هەڵیدەبژێرین. بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە کردنە و بەکارهێنانی زاراوەکان بە گوێرەی فەزا و بەرهەمی کارەکان، هالۆوەی وشەیەکی دیکەی ئینگلیزی بۆ کردنی یەکەمیان دادەنێت کە لە نەزمی سەرمایەداریدا باوە: کار Labour. کارە ئاماژەیە بە کردنێک کە بە تەواوی ئارەزوومەندانە نییە و جۆرێک ملکەچیی تێدایە بۆ دیاریکردنێکی دەرەکی[٣٨]. سەرمایەداریی بریتییە لە گۆڕینی توانای کردن بۆ کار. ڕادیکاڵیزم بریتییە لە پاراستن یان وەرگرتنەوەی توانای کردن دژ بە کار. بەڵام چۆن چۆنی کردن دەگۆڕدرێت بۆ کار؟

پێشتر وتمان لای هالۆوەی کردن بریتییە لە «توانای کردن» کە «توانایەکی بنەڕەتی» مرۆڤە، بەڵام مەبەست لە «توانای بنەڕەتی» ئەوە نییە سەردەمێکی زێڕین، سەردەمێکی کۆمۆنەیی هەبووە کە توانای کردن بەشێوەیەکی سروشتی و بێ دەستێوەردان مومارەسە کراوە؛ پتر بە مانای کردنێکە کە بەرهەمەکەی لێ جودانەکرابێتەوە، هەروەها لە بکەرەکەی جودا نەکرابێتەوە و دابەش نەبووبن بۆ سوبێکت و ئوبێکت. کردن وەک توانای بنەڕەتیی کردنی کارێک، توانایەکە کە هێشتا کردە do هەر لەنێو کردن doing دایە و ئوبێکتیڤە نەکراوە. بۆ نموونە وەختێک مۆزارت لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا سەمفۆنیای ٢٥ی داناوە، هێشتا نازناوی «مۆسیقارە چکۆلە»ی هەبووە. لەو وەختەدا مۆزارت و سەمفۆنیاکە و توانای کردنەکە

٣٧: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 84.
٣٨: Ibid.

لەنێو یەک ناوکۆییدا بوون و پێکەوە پەیوەست بوون؛ ئەو سەمفۆنیاکەی بوو، سەمفۆنیاکەیش توانای دانانەکەی بوو. مۆزارت لە ساڵی ١٧٧٣ دا، واتە لە ئاخر و ئۆخرییەکانی کۆتایی سەردەمی دەرەبەگایەتیدا بەرهەمەکەی نووسیوە، کە بە یەکەمین بەرهەمی تراژیکی ئەو دادەنرێت. سەمفۆنیاکە بە ستایلی ستۆرم و درانگ دانراوە کە هەندێک پێیانوایە (لەژێر کاریگەریی هایدندا) بەشدارییەکی مۆسیقارە چکۆلە بووە دژ بە زێدە-عەقڵانییەت و زێدە-ئوبێکتیڤیزمی سەردەمی ڕۆشنگەریی. بۆیە فۆڕمێکی بەرەنگارانەی وەرگرتووە.

ئێستا چۆن ئەم بەرهەمەی ئوبێکتیڤە دەکرێت؟ ئەو کاتەی سەمفۆنیاکە لە توانای کردنەکەی جودا بکرێتەوە، واتە لەبری ئەوەی مۆزارت ئارەزوومەندانە سەمفۆنیاکە وەک توانای داهێنەرانەی خۆی لەنێو کۆمەڵێک توانای تری کۆمەڵایەتیدا (پەیوەندیی لەگەڵ هایدن، هاوکاری خێزانەکەی، فێرکاریی مامۆستاکانی، سوود وەرگرتن لەو مۆمەی کە داهێنەرێکی دیکە دروستی کردووە داهێناوە و مۆزارت لەبەر ڕووناکییەکەیدا سەمفۆنیاکەی نووسیوە و ...هتد.) دابنێت، کەسێکی تر داوای لێ دەکات مۆسیقاکەی بۆ دابنێ، لە بەرامبەردا پاداشتێک دەدرێت بە مۆزارت و ئیدی مۆسیقاکە دەبێت بە هی ئەو کەسەی کە داوای لێ کرد مۆسیقاکەی بۆ دابنێ. ئێستا ئیتر مۆزارت هەیە، توانای دانانی مۆسیقاکەیش هەیە کە دەتوانێت مۆسیقا دابنێت (توانایەک کە دەتوانرێت بکڕدرێت)، کەسێکیش هەیە مۆسیقاکەی بۆ دادەنرێت؛ ئەویش بۆ کوێی دەبات و چی لێ دەکات؟ لە بازاڕدا دەیفرۆشت. ئیتر مۆزارت کۆشک و شانۆ و هۆڵەکانی سەردەمی فیودالیزمی بەجێهێشتووە ولە سەردەمی سەرمایەداریدایە. کۆی ئەم پرۆسەیە لە فیکری ماركسیزمدا دەبێتە «بەئوبێکتکردن» objectification. بەڵام

لە سەرمایەداریدا ئەوە تەنیا بەرهەمەکان نین کە دەکرێن بە ئۆبێکت، بەڵکو خودی مرۆڤەکانیش دەکرێن بە ئۆبێکت، لە ڕێگەی فرۆشتنی هێزی کارەکەیانەوە. بۆیە بە ئۆبێکتبوون دوو سەرەیە، لە یەک کاتدا هەم بەرهەم و هەم سوبێکت دەگرێتەوە.

ڕەنگە کەسێک بڵێت، تەنانەت گەر لە بەستێنی خودی ئەو سەردەمەیش وردبینەوە کە مۆزارت سەمفۆنیاکەی داناوە، دەبینین کارەکەی زۆریش ئارەزوومەندانە نەبووە و پەیوەست بووە بە بەها ئەرستۆکراسییەکانەوە و مۆزارتیش بەم جۆرە پەروەردە کراوە. ئەمەیش ڕاستە، بەڵام هێشتا لەو سەردەمەدا پەیوەندییەکە لەنێوان خودی مۆزارت و لۆردێک یان چەند لۆردێکدا بووە و «پارە/بازاڕ» لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی نەبووە: «سەرمایەداریی بریتییە لەمە: جەختکردنەوە لەسەر باڵادەستی بەسەر ئەوانیتردا لەسەر بنەمای «خاوەندارێتی»ی لە «کارێکی ئەنجامدراو» done و ئینجا لە ئامرازەکانی کردن the means of doing و پێشمەرجەکانی کردن... لە ڕوانگەی هەڵقوڵانیی کۆمەڵایەتیی کردنەوە، بۆ ساتێکی کورتخایەنە و تێپەڕ، کاری ئەنجامدراو لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی کردە لە هەڵقوڵانیی کۆمەڵایەتیی کردندا ئۆبێکتیڤە دەبێتەوە... سەرمایەداریی بەندە بە درێژخایەنکردنەوەی ئەم ئۆبێکتیڤبوونەوەیە، ئەویش بە گۆڕینی کاری ئەنجامدراو بۆ ئۆبێکت»[٣٩]. لەم بارەدا ئۆبێکت لە توانای کردنی سوبێکتەکە دوورخراوەتەوە. هێشتا خاڵێکی تری گرنگ ماوە: لای هالۆوەی سەرمایەدار خودی کرێکاری ناوێت، بەڵکو کردە (do)ی کرێکاری دەوێت، بۆیە کردە لە هەناوی کردنەوە دێنێتە دەرێ و جودای دەکاتەوە؛ ئەمەیش واتە، ئەوە تەنیا سوبێکت نییە لە ئۆبێکت جودا کراوەتەوە،

٣٩: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 31.

بەڵکو کردنیش کراوە بە دوو بەشەوە، کە لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر یەکێکیاندا ئەویتریان نەفیی کراوەتەوە.

ئێستا ئیتر کۆمەڵێک ڕەگەزی لێکترازاومان هەیە: کردن (doing) وکردە (do) و کردەی ئەنجامدراو (done) و بکەر (dore)ـمان هەن. سەرمایەداری کردە دەگۆڕێت بۆ کار، کردەی ئەنجام دراو دەگۆڕێت بۆ بەرهەمی کار، بکەر دەگۆڕێت بۆ کرێکار، بەم شێوەیە، کە «توانای کردن» نەفی دەکات و باڵادەستی ئەوانەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن دەسەپێنێت. کردن لە فیکری هالۆوەیدا تارادەیەکی زۆر هەر مانای «کاری زیندوو» دەدات لە فیکری مارکسدا[٤٠]. نەفیکردنی توانای کردن واتە گۆڕینی «کاری زیندوو» بۆ «کاری ئەبستراکت». کاری ئەبستراکت ئەو کارەیە کە وەک کاڵا لە خودی بکەرەکەی کڕدراوە و لە بەرهەمێکدا، کە لەخۆی دوورخراوەتەوە، ئوبێکتیڤ بۆتەوە. لە فیکری مارکسی گەنجدا، کە هالۆوەی لە شرۆڤەی ئەم گۆڕانەدا بۆی دەگەڕێتەوە، ئەم پرۆسەیە ناو دەنرێت «لە خۆنامۆبوونی کرێکار»، بەم مانایە کردنەکەم لە خۆم نامۆکراوە یان ئەبستراکت کراوە، ئەمەی نامۆ یان ئەبستراکت کراوە، گۆڕاوە بۆ کار Labour؛ بە جۆرێکیتر بڵێین، کردنی کۆنکرێت (کاری زیندوو) گۆڕاوە بۆ کاری ئەبستراکت[٤١]، ئەم لێکدابڕانە هاوکات نامۆبوونی خودی کرێکاریشە، چونکە وەختێک بەرهەمی کارەکەی ناناسێتەوە، خۆیشی وەک سەرچاوەی بەرهەمەکە دەرک ناکات. بەڵام هالۆوەی دەڵێت ئەمە تەنیا وەهمێکە کە پێمانوابێت کردەیەک هەیە جودا لە کردن؛ کردە کە سەرمایەدار دەیکڕێت و لە کاردا دەیخاتە گەڕ،

٤٠: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 97.

٤١: Ibid., Pp. 93, 98, 100, 102. Also: John Holloway: Frome Scream of Refusal to Scream of Power, Op. Cit., P.172.

هیچ نییە جگە لە قۆستنەوە و سەرکوتکردنی توانای کردن، کار شکاندنی توانای کردنە و تەنیا دەتوانێت بەم جۆرە بوونی هەبێت. ئەمەیش یەک مانای هەیە: کردن دەبێتە ڕووبەرێکی ئەنتاگۆنیستی، هەیە بەڵام بە فۆڕمی کار، بە فۆڕمی نەفییەکەی خۆی[٤٢].

لە پەرستگای بتەکانەوە بۆ کارخانەی بتسازی:

ئەوەی مارکسی گەنج پێیدەڵێت نامۆبوون لە سەرمایەدا تێرمینۆلۆژییەکەی دەگۆڕێت بۆ «فیتیشیزم». فیتیشیزم واتای ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان/ سوبێکتەکان وەک پەیوەندیی نێوان شتەکان هەیە[٤٣]؛ ئەم شتانە فۆڕمی بە فیتشکراوی پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنەرانە و بەم جۆرە ئەوان خەسڵەتی خۆیان وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناناسنەوە[٤٤]. شتەکان کە ئوبێکتیڤ کراونەتەوە، لە سەرمایەداریدا، تەنیا بەشێوەی «کاڵا» هەن. کەڵەکەکردنی سامان لە سەرمایەداریدا بریتییە لە کەڵەکەکردنی زۆروزەبەندی کاڵاکان؛ کاڵاکانیش پێش هەموو شتێک وەک شتانێک لە دەرەوەی ئێمە دەردەکەون بەو مانایەی ئێمە چیتر کۆنترۆڵی شتەکان ناکەین و وەک بەرهەمی خۆیشمان نایانناسینەوە، بەڵکو ئەوان کۆنترۆڵی ژیانی ئێمە دەکەن. خەڵکی، کە داهێنەریی کردەیی شتەکانن، خۆیان دەبنە ئوبێکت و دیوی مرۆییان لێ دادەماڵرێت، سوبێکتڤیتەکەیان سەرکوت دەکرێت.

بەگوێرەی شرۆڤەی مارکس هەر کارێک دوو بەهای هەیە؛

٤٢: Ibid., P98. Also: John Holloway: Change the World without Taking Power., Op. Cit., Pp. 35, 57,

٤٣: John Holloway: Frome Scream of Refusal to Scream of Power, Op. Cit., P.173.

٤٤: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., Pp. 49, 78.

بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ. لە سەرمایەداریدا بەهای ئاڵوگۆڕ دەست بەسەر بەهای بەکارهێناندا دەگرێت؛ نێوانگری پەیوەندییەکانی بەها «پارە»یە. کاتێک شتەکان بۆ ئاڵوگۆڕ بەرهەم دەهێنرێن، نەک بۆ بەکارهێنان، ئەوا پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنەران لە ڕێگەی بەهای کاڵا بەرهەمهێنراوەکانەوە دادەمەزرێت. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندیی نێوان خودی سوبێکتەکان فۆڕمی پەیوەندیی نێوان شتەکان وەردەگرێت[٤٥]. شتەکان دەبنە فەرمانڕەوای ئێمە، بەڵام لەوێدا فۆڕمی فیتش وەردەگرن کە هەر وەکو خودا بەرهەمهێنراوی ئێمەن بەڵام وەها بۆ ئێمە دەردەکەون وەک بڵێی هێزێکی نامۆن کە حوکمی ژیانمان دەکەن. ئەمە ستایش-ڕەخنەکەی مارکسە لە فیۆرباخ. ئەوەی لای فیۆرباخ خودایە، لای مارکس کاڵایە. ئیدی فیتشەکان چیتر خوداکان و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و مرۆڤە نیمچە خواکان نین، بەڵکو شتەکانن. جیهانی فیتیشیزم جیهانێکە کە شتەکان باڵادەستن، بێ گیانەکان فەرمانڕەوایی گیاندارەکان دەکەن. کاڵاکان بەرهەم دەهێنرێن، بەڵام بەو سیحر و جادووەوە لە بازاڕی ئاڵوگۆڕدا بۆیان زیاد دەبێت جیهانی مرۆڤەکان دادەڕێژن: «ڕۆڵی باڵادەستانەی کاڵا وەک نێوانگری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جیاناکرێتەوە لە سروشتی چەوساندنەوە؛ بە پێچەوانەوە، ئەوە ڕاستییە کە چەوساندنەوە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، لە ڕێگەی فرۆشتن و هەراجکردنی هێزی کارەوە وەک کاڵا دادەمەزرێت کە ئەمیش گشتێتیی پەیوەندییە کاڵاییەکان جێگیر دەکات»[٤٦]. کرێکار لە بری هێزی کارەکەی کە وەک کاڵا دەیفرۆشێت، بڕە پارەیەک وەردەگرێت (کرێ)، بەڵام ئەو بەهایەی کە لە بەرهەمی کارەکەیدایە، زیاترە لە بەهای

٤٥: John Holloway: Crisis, Fetishism, Class Composition, Op. Cit., P. 151.

٤٦: Ibid., P. 153.

هێزی کارەکەی؛ مارکس ناوی لەمە ناوە «زێدە-بەها» کە لە فۆڕمی قازانجدا لەلایەن سەرمایەدارەوە خاوەندارێتیی دەکرێت.

هالۆوەی بە گوێرەی تیۆری خۆی گۆڕانکاریی تێرمینۆلۆژیی لە شرۆڤەکەی مارکسدا دەکات تاوەکو دیوە ئابووریگەراییەکەی، کە دیوی زاڵی نێو مارکسیزمە، لێ دووربخاتەوە. بە بڕوای ئەو کرۆکی هەموو ئەم پرۆسەیە بریتییە لە جیاکردنەوەی کاری ئەنجامدراو لە کردن. ئەو دەنووسێت: «کەڵەکەکردن تاڵانییە و پرۆسەیەکی سەختی جیاکردنەوەی کاری ئەنجامدراوە لە کردن، تاوەکو کاری ئەنجامدراو (وەک ئامرازی کردن) دژ بە بکەرەکان بچەرخێنێت، بۆ ئەوەی کردنە ئێستاییەکەیان ملکەچی تاکە ئامانجی کەڵەکەکردن بکات»[٤٧]. کاری ئەبستراکت واتای ئەوەیە بەشێک لە نێو کردندا دەگۆڕدرێت بۆ کردنێکی جوداکراو لە بکەرەکەی، بەمەیش هەڵقوڵانی کۆمەڵایەتیی کردن دەشکێت، ئەمە خۆی تەنیا بەو مانایەیە کە پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتیی بکەرەکانیش دەشکێنێت و «ئێمە» بۆ تاکگەل و شوناسگەلێکی پەرتەوازە و زۆروزەبەند بڵاو دەکاتەوە[٤٨]. لەم بارەدا کردن لە بەرژەوەندی فراوانکردنی سەرمایە، لە کاردا کورت دەکرێتەوە.

ئەوەی لە شیکارییەکەی هالۆوەیدا گرنگە ئەوەیە فیتشیزم وەک «پرۆسە» دەبینێت، نەک وەک دۆخێکی جێگری کامڵبوو. فیتشیزم پرۆسەی بەردەوامی فیتشسازی و بە فیتشکردنە Fetishisation. سەرمایەداری فیتشی ئەبەدیی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بەردەوام خەریکی فیتشسازییە؛ فیتشەکان دروست دەکات و دەکەون، لە فیتش دادەماڵرێن، بەڵام هەر فیتشێک بە

٤٧: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 46.

٤٨: بڕوانە بەشی پێنچەم، چاپتەری ١٥ی کرەک کاپیتاڵیزم:
John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., Pp. 114-118.

دەیان فیتشی تر جێگەی دەگیرێتەوە. سەرمایەداری پەرستگای بتەکانی دروست نەکردووە، بەڵکو خۆی وەرشەیەکی گەورەی بتسازییە. هەر وەختێک نەتوانێت لەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، ئەوا خۆی دەکەوێت. بەم جۆرە هالۆوەی دوو چەمکی فیتشیزم جیا دەکاتەوە؛ فیتشیزمی ڕەق hard Fetishism و فیتشسازی وەک پرۆسێسێک fetishization as a Process. یەکەمیان تێگەیشتنی مارکسیزمی ئەرسۆدۆکسە لە فیتیشیزم؛ دووەمیان تێگەیشتنی هالۆوەی و هەندێ لە بەریانە مارکسییە نوێیەکانە لە هەمان چەمک[٤٩]. لە چەمکی یەکەمیاندا، فیتیشیزم وەک فاکتێکی حاشاهەڵنەگری کامڵبوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە وەک شتێک کە لە ڕابردوودا، لە سەردەمی گواستنەوەی کۆمەڵگەی فیودالیزم بۆ سەرمایەداریی ڕوویداوە و تەواو بووە و بە جێگیریی ماوەتەوە؛ ئێستا ئێمە تەنیا دەتوانین بیزانین. هالۆوەی بەمە دەڵێت بەفیتشکردنی فیتیشیزم[٥٠].کێشەی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو پەیوەندییەکان بە فیتش بووبن و کریستاڵیزە بووبن، ئەی چۆن دەتوانین ڕەخنە لە فیتیشیزم بگرین و بە ڕوویدا بەرەنگاریی بنوێنین؟ بەلای هالۆوەیەوە وەڵامی مارکسیزمی ئەرسۆدۆکس هەمیشە لە دەرەوە و لە سەرەوە وەستاوە (بۆ نموونە بووترێت هۆشیارکردنەوەی چینایەتی یان حزب دەتوانێت ئەم کارە بکات[٥١])، بۆیە نەیتوانیوە

٤٩: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 78.

٥٠: Ibid., P. 80.

٥١: بڕوانە لاپەڕە ٨٢-٨٨ ی «گۆڕینی جیهان بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات»، لەوێدا هالۆوەی ڕەخنە لە ئایدیای هۆشیاری چینایەتیی پرۆلیتاری و زەینی تۆتاڵخواز و حزبایەتی و پاڵەوانبازیی ئاڤانگارد دەگرێت، بەتایبەتیش لای لۆکاش، ئەگەرچی پێیوایە لۆکاش یەکێکە لە فیگورە گرنگەکانی نێو فیکری مارکسیزم و لە ڕەخنەگرانی بەرایی هەندێ جومگەی مارکسیزمی ئەرسۆدۆکسە. تەنانەت هالۆوەی ئاوڕێکی ڕەخنەیی خێرا لە هۆرکایمەر و مارکۆزەیش دەداتەوە و پێیوایە وەک فیتیشیزمی ڕەق لە فیتیشیزم تێگەیشتوون.

لە هەناوی فیتیشیزمەوە لە فیتیشیزم تێبگات و دەرچەیەکی ڕاستەقینەی بۆ بدۆزێتەوە.

تێگەیشتنی دووەم، فیتیشیزم وەک پرۆسێس، مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئەم چەمکەدا دەکات؛ لێرەدا فیتیشیزم سروشتێکی دوولایەنە و لێکدژی هەیە؛ فیتیشیزم هاوکات لە فیتیشیزم کەوتنە، چونکە خۆی پرۆسەی بەردەوامی فیتشسازییە. بە مانایەکیتر فیتیشیزم و دژە-فیتیشیزم پێکەوە لە جووڵە و ململانێدان: «چەمکی فیتیشیزم دژەکەی خۆیشی لەخۆ دەگرێت، نەک وەک نا-نامۆییەکی جەوهەریی «ماڵ» کە لە قووڵایی دڵی ئێمەدا هەبێت، بەڵکو وەک بەرەنگاری، ملنەدان، ڕەتکردنەوەی نامۆبوون لە پراکتیکی ڕۆژانەماندا... بەم جۆرە گەر فیتیشیزم و دژە فیتیشیزم پێکەوە هەبن، کەواتە تەنیا دەشێت وەک پرۆسێسێکی ئەنتاگۆنیستی بوونیان هەبێت. فیتیشیزم کە پرۆسەی فیتشسازییە، وەک پرۆسەی جیاکردنەوە سوبێکت و ئوبێکت، کردن و کردە، هەمیشە ئەنتاگۆنیزمی جووڵەیەکی لێکدژی دژە-فیتیشسازییە، کە خەباتی دووبارە یەکخستنەوەی سوبێکت و ئوبێکت و پێکهێنانەوەی کردن و کردەیە»[٥٢]. لەم ڕوانگەیەوە فیتیشیزم پرۆسەیەکی دوو دیوە: تەنیا دەسەڵات ناپەرێتەوە بۆ نێو لێکدژییەکان، بەڵکو لێکدژییەکانیش دزە دەکەنە نێو دەسەڵاتەوە[٥٣]. لێرەدا چەمکی «فۆڕم» لای هالۆوەی گرنگی و مانای خۆی وەردەگرێت بۆ تێگەیشتن لە کاپیتالیزم. بە گوێرەی ئەم ڕوانگەیە، فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مێژوویی نین و لە ڕابردوودا جێگیر نەبوون. فۆڕمی بەها، فۆڕمی پارە، فۆڕمی سەرمایە، فۆڕمی کەڵەکەکردن، فۆڕمی دەوڵەت، فۆڕمی کاڵا، فۆڕمی

٥٢: Ibid., P. 89.

٥٣: Ibid., 177.

بەكاربردن بە یەكجار و بۆ هەمیشە سەقامگیر نەكراون و هەمیشە بەو جۆرەبن و ئێمەیش «یاساكان»یان و بنەوانەكانیان كەشف بكەین، بەڵكو لە ڕێگەی ململانێوە بە بەردەوامی لە جووڵەدان، بە بەردەوامی پرسی فۆڕمەكانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان فۆرمولە دەكەنەوە، بە بەردەوامی دەترازێن و جێگیر دەبنەوە (یان جێگیر نابنەوە). بەم پێیە «ئێمە» وەك ناشوناسێكی ئەنتاگۆنیستی لە ململانێ و خەباتداین، لەنێو- و دژ بە سیستەمی سەرمایەدارییین و لە ڕێگەی هاوارمانەوە وەك نەفیكردن دەمانەوێت بچینە ئەودیو سەرمایەدارییەوە. ئەمە چەمكە سێ ڕەهەندییەكەی هالۆوەیە: بوون لەناو- و دژ بە- و لەودیوو-سەرمایەدارییەوە.

مەسخی دەسەڵات:

توانای كردن پەیوەستە بە هێزێكەوە لە مرۆڤدا، بە فۆڕمێكی ئازادانەی دەسەڵاتەوە كە لە هیچ كوێدا لەگەڵ ئەو مانایەی دەسەڵاتدا یەكناگرێتەوە كە پەیوەستە بە سەپاندن و سەركوت و فەرمانەوە، هیچ دابەشكارییەكی تۆبۆلۆژیی تێدا نییە و لە هەر كۆنترۆڵ و خاوەندارێتییەك بەدەرە، ئەویش دەسەڵات-بۆ power-to-یە. دەسەڵات-بۆ واتە بوونی هێز و توانا بۆ كردن و ئەنجامدانی شتێك، كارێك، داهێنانێك لە فەزایەكی كۆمەڵایەتیی هاوبەشانەدا كە سوبێكتەكان دەتوانن بە خواستی ئازادانەی خۆیان ئەنجامی بدەن.كەواتە دەسەڵاتێك كە پەیوەستە بە كردنەوە دەبێتە هێز/دەسەڵاتی كردن، بۆیە هەندێجار هالۆوەی پێیدەڵێت: binge-able- to (تواناداری بۆ-)[٥٤] یان capacity to do (توانستی كردن)[٥٥]. ئەم جۆرە لە دەسەڵات هەمیشە كۆمەڵایەتییە نەك تاكەكەسی، چونكە

٥٤: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., Pp. 130, 247.

٥٥: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 28.

پەیوەستە بە توانای کردنەوە کە خۆی کۆمەڵایەتییە و لەنێو هەڵقوڵانیی کۆمەڵایەتیدایە. کردن دەسەڵاتدارییە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خۆمان و خەونی خۆمان بە هاوسەنگی یان نیمچە هاوسەنگی لەگەڵ ڕەگەز و توانا و ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆماندا، هەر لەبەرئەمە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی و خاوەنداریێتیی تێدا نییە، پتر هاوکاری و هاوپشتی و هاوڕێیەتی و هەرەوەزییانەیە. بەڵام توانای کردن هەرگیز بەشێوەی پەتی و بێ خەوش بوونی نەبووە، بەڵکو هەمیشە بە فۆڕمی نێگەتیڤ هەبووە، واتە لە نکوڵیلێکراویدا هەبووە و بە شێوەی نەفی دەرکەوتۆتەوە بۆ تێپەڕاندنی هێزە نەفیکارەکەی. ئەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتی کردنەی نەفیکردووە جۆرێکی تری دەسەڵاتە کە دەکەوێتە بەرامبەرییەوە؛ ئەمەیان ئەمجارە دەسەڵات-بۆ نییە، بەڵکو «دەسەڵات-لەسەر»ە power- over. دەسەڵات-لەسەر، مومارەسەکردنی هێزە لەسەر شتێک یان کەسێک، مامەڵەیەکە لەسەر بنەمای بە ئوبێکتکردنی ئەویتر، ئیدی دەسەڵات مانای زاڵبوون و هەژموون لەسەر ڕەگەزێکی سروشتی یان مرۆیی وەردەگرێت. هالۆوەی لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم دوو فۆڕمەی دەسەڵات بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: «ئێمە لە زمانی ئینگلیزیدا power بە دوو مانا و دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنین. Power بە مانای هێز و لێوەشایی خۆمان بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەکاردەهێنین؛ توانا یان هێزی ئێمە بۆ لێنانی خواردنێکی باش، توانای ئێمە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی جڤات و ناوچەکەمان، هێز و توانای ئێمە بۆ ڕۆیشتن بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی تووڕەییمان... یان هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە. من ئەم جۆرە لە power ناودەنێم هێز بۆ کردن (یان هێزی کردن) power to do.... جۆرێکی دیکە لە power دۆخێکە power وەک دەسەڵاتی کەسێک بەسەر کەسێکی دیکەدا کار دەکات. ئەمەیش بە کردەیی

دژی ئەو جۆرەی دیکەی power ـەـ، چونکە هێزی کردنی ئێمە نەفی دەکاتەوە. ئەگەر کەسێک power بەسەر ئێمەدا پیادە بکات، ئەوا توانای ئەوەمان نابێت ئەوەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین. ئێمە ئەم جۆرە لە power ناو دەنێین دەسەڵات»[٥٦]. دەسەڵات-لەسەر هیچ ڕەسەنێتییەکی نییە، چونکە لەسەر جەستەی دەسەڵات-بۆ هەڵکۆڵراوە. سەرمایەداری وەک چۆن کردن دەگۆڕێت بۆ کار، بەو جۆرەیش توانای کردن دەگۆڕێت بۆ دەسەڵات (لەسەر). دەسەڵاتی سەرمایەدار بەسەر هێزی کردنی ئێمەدا زاڵ دەبێت[٥٧].

چۆن ئەم شکانە ڕوودەدات؟ لە ڕێگەی قۆستنەوەی توانای کردنی ئێمەوە و کڕینی چالاکییەکانمان. بۆ نموونەی دارتاشێک هەندێک داری وشکبوو لە جەنگەڵەکەی نزیکیماڵی خۆیان دەبڕێتەوە و هاوڕێکانی یارمەتی دەدەن و هەندێ لە کەرەستەی بۆ دابین دەکەن تاوەکو کورسی و مێزێک بۆ باخچەکەی خۆی دروست دەکات تاوەکو هەمووان پێکەوە لە پشووی ئێوارانیدا لەسەری دابنیشن. دواتر چەند دانەیەکی تر دروست دەکات و لە بازاڕدا ڕاستەوخۆ دەیانفرۆشێت و ژیانی خۆی پێ دابین دەکات. بەڵام ئێستا کەسێک هەیە دەیەوێت سەرەتا بەرهەمەکە بۆ ئەو دروست بکرێت پاشان لە بازاڕدا بفرۆشرێت، بۆ ئەمە پێویستە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دارتاشەکە بە بازاڕەوە بپچڕێنێت. ڕوونتر بڵێین، سەرمایەداری دەیەوێت دارتاشەکە کورسی و مێزی دیکەی بۆ دروست بکات تاوەکو ئەم لە بازاڕدا بیفرۆشێت. بۆ ئەمە پێویستە سەرەتا بڕینەوەی دارەکان (تەنانەت دارە وشکبووەکان) لە دارتاشەکە

٥٦: جۆن هالەوەی: جۆرێکی دیکە لە سیاسەت، گفتوگۆی پیران ئازاد لەگەڵ جۆن هالەوەی، وەرگێڕانی حەمەی مەلا. (بڕوانە لاپەڕە ١٥٩)

٥٧: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 246.

قەدەغە بکات تاوەکو خۆی بتوانێت مادە خاوەکەی بۆ دابین بکات. بەم جۆرە دارتاشەکە ناچار دەبێت بۆ دابین کردنی مادە و کەرەستەکانی دیکە پشت بە هێزێکی تر ببەستێت. ئیدی ئەو دەزانێت لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا ملکەچی هەمان دیسپلین و ڕێسا بووە. جا بۆ ئەوەی بتوانێت بژی بەرهەمی کارەکەی دەفرۆشێت بە سەرمایەدارەکە و ئەویش لە بازاڕدا قازانجی خۆی لێ دەست دەخات. لەم دۆخەدا ئێمە چیتر دەستمان بەسەر چالاکییەکانی خۆماندا ناشکێت. ئێمە لە توانای کردنی خۆمان دەکرێینە دەرەوە و «دەسەڵات-بۆ»مان دەگۆڕێت بۆ «دەسەڵات-لەسەر»مان. ئەم گۆڕانە کە هەمان گۆڕانی کردنە بۆ کاری ئەبستراکت، لەگەڵ فراوانبوونی کاری کرێگرتەدا ڕوودەدات[٥٨].

هالۆوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەم گۆڕانە لە کردنەوە بۆ کار، بە مانای جودابوونەوەی دوو ڕووبەری «ئابووری» و «سیاسەت» نییە، چونکە پرۆسەکە لە بنچینەدا تەنیا ئابوورییانە نییە. ئەو سەنگەی ئابووریی وەک چەقی تەفسیرکردن لە مارکسیزمدا هەیەتی، لای هالۆوەی ڕەت دەکرێتەوە، چونکە لای وایە ئەم دوو ڕووبەرە لێکجودا نین و پێکەوە هەن. بەو مانایە «کردن و دەسەڵات بۆ» و «کار و دەسەڵات لەسەر» بێ لێکدابڕان، هەم سیاسین و هەم ئابووری. بوونی دەسەڵات-بۆ وەک دەسەڵات-لەسەر مانای ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری بکەرەکان گۆڕاون بە بکەری هێزێکی تر، چالاکییەکانیان لە چالاکییخراوە و سوبێکتیڤیتەکەیان گۆڕاوە بە ئۆبێکتیڤیتی. دەسەڵات-بۆ کە یەکگرتوو و هەروەزییانەیە، کردنی من دەگەیەنێت بە کردنی ئەوانیتر، بەڵام مومارەسەکردنی دەسەڵات-لەسەر لێکترازان و جوداکردنەوە بەرهەم دەهێنێت

٥٨: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., Pp. 130-131.
هەروەها جۆن هالەوەی: جۆرێکی دیکە لە سیاسەت، سەرچاوەی پێشوو.

و یەکەم شتێکیش کە لێکی جودا دەکاتەوە بەرهەمی کردنە لە کردن، بکەرە لە ئامرازەکانی کردنەکەی[٥٩]. ئەمە زاڵبوونی خودی «دەسەڵات-لەسەر»ە لەسەر «دەسەڵات-بۆ»؛ بەم جۆرە فەرمانڕەوایی کەمینەیەک لەسەر زۆرینە سەردەگرێت و مێژوویش دەبێتە مێژووی دەسەڵاتداران. بەڵام لەبەرئەوەی بەرهەمی کردە سەربەخۆ لە کردن بوونی نییە و دەسەڵات-لەسەر سەربەخۆ لە دەسەڵات-بۆ بوونی نییە، ئەوا خودی کردن و دەسەڵات دەبنە ئەنتاگۆنیزم: «ئەو کاتە کردن، ئەنتاگۆنیستییانە، دژ بەخۆی بوونی دەبێت، وەک کردنێک کە لەلایەن کردەی ئەنجامدراوەوە هەژموونی لەسەر کراوە، وەک کرنێک کە لە بکەرەکەی نامۆکراوە... وەک ئەنتاگۆنیزمی نێوان دەسەڵات-بۆ و دەسەڵات-لەسەر، کردن و کار، کردە و سەرمایە، نێوان بەهای بەکارهێنان و بەها، هەڵقولانی کۆمەڵایەتیی کردن و پەرتەوازەکردن»[٦٠]. دەسەڵات-بۆ بە فۆڕمی دەسەڵات-لەسەر، بە فۆڕمی نەفییەکەی، بە فۆڕمی نەفیکەرەکەی بوونی دەبێت، لەبەرئەمە لە یەک کاتدا هەم ملکەچە بۆی و هەم لێی یاخییە. هاوار بۆ ڕزگاکردنی دەسەڵات-بۆ (=کردن)ـیە لە دەسەڵات-لەسەر (=کار)، هاواریش خۆی یەکەمین ساتی گەڕانەوەی دەسەڵات-بۆیە کە تەنیا دەتوانێت وەک ئەنتاگۆنیزم، وەک خەبات بوونی هەبێت[٦١].

دەوڵەت و حزب

مارکسیزمی ئەرسۆدۆکس تەنیا یەک دیوی دەسەڵات دەناسێنت، ئەو دیوەیش دەسەڵات-لەسەرە. ئەم جۆرە

٥٩: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P.29.

٦٠: Ibid., Pp.34-35.

٦١: Ibid., 37.

دەسەڵاتە لە زۆر ڕووبەری ژیانی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا مومارەسە دەکرێت، دەوڵەت لە دەزگا هەرە دیار و بەرجەستەکانی پیادەکردنی دەسەڵات-لەسەرە و مارکسیزمیش هەر هێندەی بینیووە. مارکسیزمی ئەرسۆدۆکس لایوایە بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕین، پێویستە بێ چەندوچوون دەسەڵاتی دەوڵەت بگرینە دەست، بەمە چینی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ سەرمایەداری لەنێو دەبات و گەر ئەمەیش ڕوویدا ئەو کات کۆمۆنیزم دادەمەزرێنن. هالۆوەی دەڵێت «وتەی سەرەتا دەسەڵات دەگرینە دەست، پاشان کۆمۆنیزم دادەمەزرێنین» بۆ خۆی لێکترازاندنی «بوونی هاوکاتی لەنێو و لە دژ و لەودیوی سەمایەدارییەوە»یە[٦٢]، بەو مانایەیە کە ئاڤانگارد و شۆڕشگێڕان سەرەتا دەچنە دەرەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان، پاشان لەوێوە دژ بە سەرمایەداری دەجەنگن و دوای ڕوخاندنیشی، کۆمۆنیزم دادەمەزرێنن. ئەم بۆچوونە، وەک هالۆوەی ڕوونی دەکاتەوە، ناکۆکە بە خودی مارکسیش. خەبات، لای هالۆوەی، وەک درز لە هەناوی ئەنتاگۆنیزمەکانی نێو کۆمەڵگەدایە کە هاوکات دژ بە هەلومەرجی داسەپاوی سەرمایە دەوەستێتەوە و لەم پرۆسەیەشدا خودی ئەودیوی سەرمایەداری گەڵاڵە دەکات.

لە سەدەی ڕابردووە گرتنەدەستی دەسەڵات بۆتە کێشەی سەرەکی چەقبەستنی فیکری مارکسیزم. سەرجەم فیکری هالۆوەی ڕەخنەگرتنە لەم تێزە لینینیە کە تاوەکو ئەمڕۆ هەژموونی لەسەر مارکسیزم کردووە. بنچینەی ئەم تێزە خۆی پارادۆکسیکاڵە و پەیوەستە بە جوداکردنەوەی سەرخان و ژێرخانەوە. لە فیکری مارکسیزمی ئەرسۆدۆکسدا «ئابووری» وەک کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکەی بەهێزەکانی

٦٢: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 218.

بەرهەمهێنانەوە، لە سەنتەردایە و وەک بنکی داڕێژەری سەرخان و ئەسڵی سەرجەم فۆڕمی مۆدێلی بەرهەمهێنانی قۆناغێکی کۆمەڵگە دیاریی دەکرێت. لە ڕوانگەی مارکسیزمی زانستی-ئابوورییگەراوە گۆڕانی ڕیشەیی تەنیا بە گۆڕینی ئەم ژێرخانە سەردەگرێت، هەر بەشێکی تر بگۆڕدرێت، گۆڕینە لە ڕەگەزێکی سەرخاندا و دەرەنجامی لێناکەوێتەوە. سیاسەت ڕەگەزێکی سەرخانە و هەر لەبەرئەمەیش گۆڕانی ڕاستەقینەی بەسەردا نایەت تاوەکو خودی بونیادەکەی نەگۆڕدرێت. بەڵام چۆن ئەم ژێرخان/بونیادە بگۆڕین؟ وەڵامی مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکس گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە، کە جگە لە دەوڵەت هیچی تر نییە. ئامانجی خەبات و شۆڕش بریتییە لە گرتنەدەستی دەسەڵاتی دەوڵەت[٦٣]. کاتێک شۆڕش دەستی بەسەر سیاسەتدا گرت، ئەوا دەتوانێت ژێرخان بگۆڕێت. بەڵام دەتوانین ئەمە بە پارادۆکس دابنێین، چونکە بە گوێرەی بنچینەی ئەرگومێنتەکە، بە گرتنەدەست و گۆڕینی سیاسەت ئابووریی ناگۆڕدرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە. ئەم دابەشکارییەی ئابووری-سیاسەت، هەمیشە جێگۆڕکێی کردووە لە ئابوورییەوە بۆ سیاسەت و لە سیاسەتەوە بۆ ئابووریی. تەنانەت هەندێ لەو بیرمەندە مارکسییانەی بەهایەکی زیاتریان بە سیاسەت داوە، لایانوایە ئابووریی هی چینی بۆرژوازە و سیاسەت/دەوڵەت کایەیەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆیە[٦٤]، پانتایی ململانێی چینایەتییە[٦٥]

٦٣: Ibid., Pp. 16, 123.

٦٤: John Holloway and Sol Picciotto: State and Capital, A Marxist Debate, Edited by: John Holloway and Sol Picciotto, Edward Arnold (Publishers), 1978, Pp. 4, 7.

٦٥: ئەم تێزە بە تایبەتی لای پۆلانزاس دەبینینەوە. ئەو لە قۆناغی دووەمی فیکری خۆیدا لای وایە دەوڵەت تەنیا دەزگای سەرکوت نییە بەدەست چینی سەرمایەدارەوە، بەڵکو ڕووبەرێکە بۆ ململانێی نێوان سەرمایەدار و پرۆلیتاریا. بۆ زانیاریی زیاتر، لەگەڵ سەرچاوەکانی پۆلانزاسدا، بڕوانە:

←

و وەختێک چینی پرۆلیتاریا دەست بەسەر سیاسەتدا بگرێت، ئەوا دەتوانێت بیکات بە کەرەستەی گۆڕینی ئابووری، بەم مانایە شۆڕش سەرکەوتنی سیاسەتە بەسەر ئابووریدا[٦٦].

لای هالۆوەی ئەمە تەنیا جەدەلێکی بێزەنتییە: «تیۆری ماتریاڵیی دەوڵەت بەو پرسە دەست پێ ناکات کە بە چ شێوەیەک «ژێرخانی ئابووری» دیاریکەری «سەرخانی سیاسییە»، بەڵکو بەو پرسیارە دەست پێدەکات کە چی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدایە کە وا دەکات گریمانەی لێک جوداکردنەوەی فۆڕمە سیاسی و ئابوورییەکان بکەین... دەوڵەت، وەک فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە سەرمایەداریدا، وەها دەبینرێت کە «شتێک»ـە، بە جیا لە «شتەکانی تر» وەستاوە، نەک وەک فۆرمێکی مێژوویی دیاریکراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایە»[٦٧]. بۆ دەرچوون لەم جەدەلە، کە لە دواجاردا هەردووکیان دەگەن بە بونبەست، هالۆوەی پێیوایە

هاوار محەمەد: ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەت، ئالتۆسێر، فۆکۆ، پۆلانزاس، نامیلکەی ئەلیکترۆنی، ٢٠١٥.

https//:philosophie.86blogspot.com/search/label%/D%86%9D%8A%7D%85%9DB8%C%D%84%9DA%A%9DB95%

هەروەها فیل هیلاری وەینڕایت لە دیبەیتەکەیاندا لەگەڵ هالۆوەی، جەخت لەسەر هەمان تێز دەکاتەوە. بڕوانە

Daniel Bensaid, John Hollowy, and Others: Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, Op. Cit., P. 51.

بۆ ڕەخنەی هالۆوەی لەم تێزە و بە تایبەتی لە پۆلانزاس و میلیباند، بڕوانە:

John Holloway and Sol Picciotto: State and Capital, A Marxist Debate, Op. Cit., Pp. 2-9.

٦٦: John Holloway and Sol Picciotto: Capital, Crises and the State, Op. Cit., P. 81.

٦٧: Ibid., Pp. 78-٧٩. Also: John Holloway and Sol Picciotto: State and Capital, A Marxist Debate, Op. Cit., P. 18.

ئابووریی و سیاسەت (دەوڵەت) هەردووکیان فۆرمی جیاوازی هەمان پەیوەندیی کۆمەڵایەتین[٦٨] کە لە پاڵ فۆرمەکانی دیکەوە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا برەویان پێ دەدرێت: فۆرمی پارە، میدیا، فیتش، سەرگەرمی، جوانی و هتد. بەم پێیە لەلایەک حەتمییەتی ئابووریگەرایی خود-هەڵوەشانەوەی ئۆبێکیڤی سەرمایەداریی تەنیا ئەفسانەیەکە، لەلایەکیتریش چەقێک نییە لە سیستەمی سەرمایەداریدا کە گشت بنوێنێتەوە، یاخود موفاریق بێت، لە دەرەوە وەستابێت، تاوەکو بمانەوێ دەستی بەسەردا بگرین و هەموو بەشەکانی پێ بگۆڕین. شۆڕش تاوەکو ئێستا لە هێڵی زاڵی مارکسیزمدا هەر ئەم مانایەی هەبووە: دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا[٦٩]. بەڵام ئەم هەوڵە دوو سەد ساڵەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت بە خەیاڵی گۆڕینی جیهان، هەوڵێکی بێهودە بووە: «فۆکەسکردنی شۆڕش لەسەر بردنەوەی دەسەڵات، داماڵینی دەوڵەت لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە لەخۆ دەگرێت کە دەوڵەت خۆی بەشێکیەتی»[٧٠]. هەندێ لە مارکسیستەکان لایان وایە گەر ئەم ئەرگومێنتەیش ڕاست بێت، هێشتا مانای دەستهەڵگرتن نییە لە دەوڵەت، بە قەولی دانیال بنسەعید، تەنانەت گەر ئێمەیش واز لە دەوڵەت بهێنین، ئەو وازمان لێ ناهێنێت. ئەلێکس کالینیکۆس جەخت لەسەر ئەم ڕوانگەیە دەکاتەوە و پێیوایە ئێمە ناتوانین بە ئاسانی پشت لە دەوڵەت بکەین و فەرامۆشی بکەین، چونکە دەوڵەت سەنتەرێکی گەورەی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە؛ لەبری فەرامۆشکردنی، ئێمە دەتوانین بە فۆرمێکی جیاوازی دەوڵەت، یان بە گۆڕانێکی ڕادیکاڵ لە دەوڵەتدا کە پتر دیموکراتیزەی

٦٨: John Holloway and Sol Picciotto: State and Capital, A Marxist Debate, Ibid., P 14.

٦٩: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 13.

٧٠: Ibid., P. 15.

بکەین، جێگای ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارییە بگرینەوە[٧١].

هالۆوەی پێیوایە دەوڵەت تەنیا فۆڕمێکی پەیوەندییەکانی سەرمایەیە و ئەم پەیوەندییانە بە دەیانفۆڕمیتر بەرجەستە بوون و لە جووڵەی بەردەوامیشدان. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرمایەداریدا لە ڕێگەی نێوانگرێکەوە فۆرمولە دەبێت کە «پارە»یە. پارە ئەم پەیوەندییانە لەنێوان چینەکان، لەنێوان دەوڵەتان، لەنێوان مرۆڤ و شتەکاندا ڕێک دەخات؛ بە گشتیش لە ڕێگەی پارەوە «هێزی کردن» لە کرێکارێک دەکڕدرێت کە «ناچار دەبێت بە ئازادی توانای کردنەکەی بکات بە کردە بۆ سەرمایەدار». دەوڵەت کایەیەک یان فۆڕمێکی بەرجەستەبوونی ئەم پەیوەندییەیە کە بە چڕبوونەوەی پارە لە شارەکاندا، وەک دەسەڵاتی کارگێڕی و ڕێکخستن و یاسا بەشێوەی دەوڵەتی نوێ گەشە دەکات و هێشتایش لە گۆڕاندایە. دەوڵەت یەک فۆڕمی نییە، پەیکەربەندییەکەی، کۆ-دەزگاکانی، کەرەستەکانی، ستراتیژەکانی، یاساکانی، بە گوێرەی پرۆسێسی بەردەوامی ململانێی کار (سەرمایەدار) و هێزی کردن (هەموو چینە نا سەرمایەدارەکان) لە گۆڕانی بەردەوامدایە. تێزی دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا تەنیا کورتکردنەوەی دەوڵەتە لە «چەکوش»دا؛ پرۆلیتاریا پێویستە ئەم چەکوشە بگرێتە دەست تاوەکو بیکێشێت بە سەری سەرمایەدا (چیرۆکی جەژنی نەورۆز، کاوەی ئاسنگەر و زوحاک).

بەڵام چۆن چۆنی ئەم چەکوشە بگرینە دەست؟ مارکسیزمی لینینیزم ئامرازێکی گەورە پێشنیار دەکات: حزب. بە گوێرەی لینینیزم حزب دەچێتە سەرووی دۆخی فیتیشیزمەوە، لەوێوە هۆشیاری و نەخشەڕێی خەبات بە چینی کرێکاری نامۆبوو

٧١: Daniel Bensaid, John Hollowy, and Others: Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, Op. Cit., Pp. 63, 64.

دەبەخشێت. ئەمە واتای ئەوەیە ناونشینیی تیۆر و پراکتیکیش لێک دەترازێنێت و تیۆر دەداتە دەست تیۆرسێنانی حزب؛ بەو واتایەی پراکتیکی شۆڕشگێڕی تەنیا بە گوێرەی تیۆرێکی شۆڕشگێڕی ڕێک دەخات. بنەوانی لینینیزم ئاڤانگاردە، واتە حزب وەک هەموو شتزان (جیاکردنەوەی ئەوانەی دەزانن لەوانەی نازانن؛ دەرکبردن بە یاساکانی مێژوو)، حزب وەک هۆشیارییبەخشی پرۆلیتاریا (بەخشینی هۆشیاریی ڕاستەقینە بە جەماوەر و چینی کرێکار)، حزب وەک دیسپلین و ڕێکخستنی چینایەتی (تەنزیمات و هیرارشییەت و ڕابەرێتی)، حزب وەک ئامرازی دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا (دانەری نەخشەڕێگا و تیۆری شۆڕش لەلایەن ڕابەران و سیاسەتمەدارانی حزبەوە). لای هالۆوەی سەرلەبەری ئەم تیۆرە ڕەت دەکرێتەوە و بگرە بە کارەسات بۆ مارکسیزم و تیۆری خەبات دەیبینێت، چونکە پێیوایە شۆڕش خۆی پرسە نەک وەڵام[٧٢]. لینینیزم بە بەردەوامی وەڵامی هەیە؛ سۆشیالیستەکانی لای خۆیشمان زۆر حەزیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «وەڵام بە...»یە (بۆ نموونە وەڵام بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، وەڵام بە قەیرانی ئێستامان، وەڵام بە پرسی ڕێکخستن و هیتر). لینینستەکان بەردەوام بە زمانی چارەسەر و نەخشەڕێ و وەڵام قسە دەکەن. ئەوە ئەوانن چینی پرۆلیتار لە خەوی غەفڵەت بەخەبەر دێنن و هۆشیاری بە عەوامی ناهۆشیار دەدەن. هالۆوەی هەر بۆ قۆشمەیی میتافۆڕی «شاجوانی نووستوو» بەکاردەهێنێت: «خۆ ئێمە شاجوانی نووستوو نین، مرۆڤایەتییەکی چەقبەستوو نین لە نامۆیی خۆماندا، تاوەکو شازادە (حزب) بێت بە ماچێک بەخەبەرمان بێنێتەوە. ئێمە لە خەباتی بەردەوامداین بۆ خۆ ڕزگارکردن لە جادووی جادووگەرەکە»[٧٣]. خەباتی بەردەوام

٧٢: Ibid., 139.

٧٣: Ibid., P. 90.

واتە بزووتنەوە و جووڵان لەناو پرۆسێسی ململانێی بەردەوامدا بۆ ڕزگارکردنی هێزی کردنی خۆمان، بۆ خۆ-ڕزگارکردنمان کە بە واتای بڕیاردانە لە چارەنووس. تیۆری ئاڤانگارد تیۆری دەسەڵاتخوازییە بەڵام تیۆری خۆ-ڕزگاریی ئێمەی بەتاڵ نییە.

میتافۆڕێکی دیکە کە هالۆوەی بۆ ئاڤانگارد بەکاری دەهێنێت خوازەی «پاڵەوان»ـە. حزب وەک پاڵەوانێک یان وەک سوپەر هیرۆیەکی هۆلیوود[٧٤] هەموو جیهان لە «بەربەریەت»ـی سەرمایەداری ڕزگار دەکات. حزب هۆشیاریی دروست بۆ کرێکارانی جیهان دەهێنێت و بە کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری «ڕابەری مەزن»ـدا، لە خەڵکی ساویلکە و نەفام و کۆیلەوە، دەیانکات بە قارەمانی جەنگ و بە شکێنەری بەندیخانە و پسێنەری کۆتوبەند[٧٥]. وەک هالۆوەی بە تەوسەوە دەڵێت، مێژووی جووڵانەوە کۆمۆنیستییەکان پڕیانە لە پاڵەوان، ئەوانەی خۆیان بەخت کردووە، ئەوانەی هاوسەر و منداڵەکانیان بەجێهێشتووە، ئەوانەی هاوڕێکانیان وەلاناوە و خۆیان خستۆتە ناو ئاو و ئاگرەوە لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕشدا، ئەوانەی پلەی شەهادەتیان پێ بڕاوە. هەموو ئەمانە ئیلهامیان لە پاڵەوانی پاڵەوانان، لە ڕابەری مەزنەوە وەرگرتووە. ڕابەر جەستەی پیرۆزی پاشای نێو نەزمی فیودالیزم نییە، بەڵکو سەرمەشقی ڕۆحی، حەکیمی سیاسی، ڕەجول حەدیدییە (ستالین بە پیاوی ئاسنین ناسراوە). بۆچی حزب، بە دیاریکراوی ڕابەری حزب، پاڵەوانە؟ چونکە گوایە ڕابەر چۆتە دەرەوەی ئەو فیتیشیزمە سەراپاگیرەی کە مارکسیزمی ئەرسۆدۆکس خۆی بانگەشەی بۆ کردووە؛ ئەو لە هەلومەرجی واقیعی خۆی باڵاتر چووە و لەوێوە بۆتە ئیلهامبەخش و پەیامبەری شۆڕش (تیۆریزەی

٧٤: Ibid., P. 104.

٧٥: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., Pp. 216-217.

پێغەمبەرایەتیی عەبدوڵا ئۆجالان لە بیری پەکەکەدا نموونەیەکی نزیکە لە خۆمانەوە). بەڵام وەها خاڵێکی ترانسێندنتاڵی کە ڕابەر دەینوێنێتەوە، خۆی بە تەواوی فانتازییە. لینینیزم داڕێژەری شۆڕشێکە کە لەسەر ئەم فانتازیایە وەستاوە، نەوەک لەسەر ئەو ڕیالیزمەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە شۆڕش هەمان بونیادی سێکسی دەروونشیکاریی هەیە. هەردووکیان مەحاڵن، هەردووکیشیان فانتازیا ڕایاندەگرێت و ناهێڵێت هەڵبوەشێنەوە. ئێستا کە لە سەردەمی پۆست-ڕابەراندا دەژین، دەروونشیکاریی ئەوپەڕەکەی دەتوانێت کەوتنی ڕابەر بە خەسانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان دابنێت. ڕابەر وەک فالووسی شۆڕشگێڕان، وەک ڕاگرێکی فانتازی مردووە، بەمەیش شۆڕش دووچاری خەسان هاتووە. گەر لە ڕوانگەی هالۆوەیەوە بڕوانین ئەم حیکایەتە دەروونشیکارییە پێویستە قڵپ بکرێتەوە؛ دەبێت فانتازیا بمرێت بۆ ئەوەی شۆڕشی ڕاستەقینە/سێکسی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر مەحاڵیش بێت، لە مەحاڵییەکەیدا لەدایک ببێت. لینینیزم ئایدیۆلۆژیایەکی ئینسترۆمێنتاڵییە؛ قووڵتر لەوەی حزب بکات بە کەرەستە، خودی شۆڕش دەیکاتە کەرەستە بۆ یەک ئامانج کە دەسبەسەرداگرتنی دەوڵەتە، بەمەیش هەمەڕەنگیی و دەوڵەمەندیی خەباتەکان ملکەچی تاکە ئامانجی گرتنەدەستی دەسەڵات دەکات[٧٦]. هالۆوەی پێیوایە ئەمە شۆڕشە بە بێ شۆڕش؛ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە ناچاری خۆی دەبێت بزووتنەوەیەکی دژە-پاڵەوان بێت[٧٧]. لەبەرئەمە ئەو تۆمەتەی کە دەدرێتە پاڵ پۆستمۆدێرنیزم بەسەر تۆمەتدەران خۆیاندا هەڵدەگەڕێتەوە. هالۆوەی لە یەک ڕستەی ڕاشکاودا پێمان دەڵێت بۆ گۆڕینی جیهان پێویستمان بە دەستگرتن

٧٦: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 214.

٧٧: Ibid., P. 210

بەسەر دەوڵەتدا نییە.

ڕزگاری نەک زڕە-ڕزگاری:

کەواتە چۆن جیهان بگۆڕین بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات؟ یەکەمین وەڵامی هالۆوەی سادە و ساکارە: «ئێمە نازانین»[٧٨]. هالۆوەی دەڵێت پێویستە بیر لە گۆڕینی جیهان بکەینەوە چونکە وەڵامەکە نازانین[٧٩]. ئەم نەزانینە دژ بەو زانینەیە کە زۆربەی ڕەوتە ماركسیستە شۆڕشگێڕییەكان خستوویانەتە ڕوو: «دەزانین؛ سادە و ساکارە: جیهان دەگۆڕین لە ڕێگەی گرتنەدەستی دەوڵەتەوە بە شۆڕش»، یان ئەوەی سۆسیال دیموکراتە ڕیفۆرمیستەکان خستوویانەتە ڕوو: «دەزانین، سادە و ساکارە، لە ڕێگەی چوونە دەسەڵاتەوە بە هەڵبژاردنی دیموکراتی». ئەمە مانای ئەوەیە سەرەتا دەبێت ئەم وەڵامە حازربەدەستانە وەلا بنێین ئینجا دەتوانین باس لە گۆڕینی جیهان بکەین، چونکە ئەم وەڵامانە تاقیی کرایەوە و سەرجەم ئەو بزووتنەوە دەسەڵاتخواز و ڕیفۆرمیستانەی کە دەستیان بەسەر دەوڵەتدا گرت، شکستیان هێنا لەوەی ڕیشەیی جیهان بگۆڕن[٨٠]. لەبەرئەمەیە هالۆوەی لە «هاوار»ەوە دەست پێدەکات؛ هاوار بۆ بەدەستهێنانەوەی هێزی کردنی نەفیکراو. مادام کردن وەک نەفیکراوێک لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئامادەیە، کەواتە ئەنتاگۆنیزمەکان هەن. ئێستا ئیتر قسەکردن دەربارەی گۆڕینی جیهان مومکین دەبێت.

٧٨: Ibid., P. 22. هەروەها جۆن هالەوەی: جۆرێکی دیکە لە سیاسەت، سەرچاوەی پێشوو.

٧٩: بڕوانە پێشەکی چاپی سێیەمی گۆڕینی جیهان بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات.

٨٠: جون هولواي: إثنتا عشرة أطروحة حول تغيير العالم (بدون الإستيلاء على السلطة)، ترجمة: نور محيي و حسين الحاج، ٠٧,٠٣,٢٠١٩.
https//:boringbooks.net/٠٣/٢٠١٩/holloway-twelve-thesis.html

دەسەڵات لە فۆڕمە ئەسڵییەكەیدا دەسەڵات-بۆیە و لە سەرمایەداریدا گۆڕاوە بۆ دەسەڵات-لەسەر؛ هەوڵی گۆڕینی جیهان بە گرتنەدەستی دەسەڵات-لەسەر (كە لە دەوڵەتدا بەرجەستە بووە) سەرناگرێت، بەڵكو بە مومارەسەكردنی دەسەڵات-بۆ دێتە دی. دەسەڵات-بۆ بەشێوەی نەفییەكەی هەیە، بۆیە بەشێوەی ڕاپەڕین و یاخیبوونیش هەیە، چونكە ئەم بوونە لە نەفیكراویدا پرۆسەی ڕۆژانەیە و بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە، نەك یەكجار و بۆ هەمیشە كۆتایی هاتبێت. گەر بۆ یەك سات سەرمایەداری نەتوانێت ئەم پرۆسەیە لە بەرژەوەندی خۆی بەڕێوەببات و هێزە خەباتگێڕەكان بتوانن بەلای خۆیاندا بیشكێننەوە، ئەوا دەستبەجێ سەرمایەداری بەهۆی ئەم درزەوە تووشی شكان دێت. بۆیە ململانێ و خەبات لە هەموو ساتێكدا لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە و فیتشییزمدا، بۆ نەفیكردنەوەی نەفی هەن. بە بڕوای هالۆوەی ئەوەی لەم خەباتەدا گرنگە ئەوەیە كە بە گوێرەی لۆژیكی ئاوێنەیی دەسەڵات، ئەوەی پێیدەوترێت «كاونتەر-دەسەڵات» counter Power، ناڕوات[٨١]. كاونتەر دەسەڵات واتە دەسەڵات لە بەرامبەر دەسەڵات، سوپا لە بەرامبەر سوپا، دەوڵەت لە بەرامبەر دەوڵەت، دەزگای ئاسایش بەرامبەر دەزگای ئاسایش، ئەتۆم لەبەرامبەر ئەتۆم وهتد. هەموو هەوڵی دەوڵەتە كۆمۆنیستییەكانی سەدەی بیست (كە هێشتایش لایەنگرانی لە ئەرسۆدۆكسەكان هەیە، بەوانەیشەوە كە خۆیان بە نوێ و پێشكەوتنخواز دەزانن) بۆ ئەوە بوو كاونتەر دەسەڵات بەرهەم بهێنن؛ دەوڵەت بەرامبەر دەوڵەت ڕابگرن؛ جەنگی سارد لوتكەی ئەم لۆژیكە ئاوێنەییە بوو. فەرمانی ستالین بۆ پڕوكاندن و ڕەتاندنی كۆمەڵگەی سۆڤییەتی لەپێناو

٨١: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 153.

پێشخستنی پیشەسازیدا، لەنێو ئەم لۆژیکەوە هەڵێنجرابوو. کاونتەر دەسەڵات تەنیا بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات-لەسەر و زیادکردنی وەحشیگەرییەکەیەتی. خەباتی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەو کاتە مانایەکی شۆڕشگێڕانە وەردەگرێت کە دژە-دەسەڵات بێت: «لەم خەباتەدا هاوشێوەیی لە دەسەڵاتدا لە گۆڕێدا نییە. خەبات بۆ ئازادکردنی دەسەڵات-بۆیە لە دەسەڵات-لەسەر، ئەمە خەباتە بۆ بەدەستهێنانەوەی هەڵقولانی کۆمەڵایەتی کردن دژ بە پەرتپەرتکردن و نکوڵیلێکردنی. لەلایەک ئەوە خەباتێکە بۆ بەیەکداچنینەوەی ژیانی خۆمان لەسەر بنەمای دانپێدانانی هەمەلایەنە بە بەشداریمان لە هەڵقولانی دەستەکۆیی کردندا. لەلایەکتر، هەوڵ هەیە بۆ سەپاندن و دووبارە سەپاندنەوەی پەرتپەرتکردن یان نکوڵیکردن لەم کردنە. لە ڕوانگەی «هاوار»ەوە، حیکمەتەکەی لینین کە دەڵێت دەسەڵات بابەتی «کێ»یە، بە تەواوەتی هەڵەیە؛ لە ڕاستیدا قسەکەی ماوییش کە دەڵێت دەسەڵات لە لوولەی تفەنگەوە دێت، هەر هەڵەیە. ڕەنگە دەسەڵات-لەسەر لە لوولەی تفەنگەوە بێت، بەڵام دەسەڵات-بۆ نا. خەبات بۆ ڕەهاکردنی دەسەڵات-بۆ خەبات نییە بۆ دروستکردنی کاونتەر-دەسەڵات.»[٨٢].

دژە-دەسەڵات لە دەرەوەی کاپیتالیزم وەک کاونتەر دەسەڵات خۆی دانامەزرێنێت، جەمسەرگیریی دەوڵەتان نییە، لە دەرەوەی سەرمایەداری دەسەڵاتێکی گەورەتر لە سەرمایەداری بینا ناکات تا ئەوی پێ بڕوخێنێت. تووندوتیژییەکی گەورەتر لە تووندوتیژیی دەسەڵاتیش مانای دژە دەسەڵات بەرجەستە ناکات[٨٣] («تووندوتیژیی خودایی»ی واڵتەر بنیامین هەرگیز ناشێت مانای «تووندوتیژی باڵاتر» لە تووندوتیژیی سەرمایەداری یان

٨٢: Ibid., P. 36.

٨٣: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 55.

فاشیزمی هەبێت، بەڵكو تەنیا فۆڕمێكی تایبەتی تووندوتیژییە دژ بە مێژوو كە بە چەمكی تووندوتیژیی باو ئیمكانی دەرككردنی نییە). دژە-دەسەڵات واتە بوون لەنێو و لەودیو سەرمایەدارییەوە. مومارەسەكردنی دەسەڵات-بۆ بە شێوەیەك كە هەمووی لە دروستكردنی بەهادا بەهەدەر نەچێت، دەشێت تەنیا بەشێوەی ئەنتاگۆنیزمی دەسەڵات-لەسەر هەبێت، واتە وەك دەسەڵات-دژ-بە یان وەك ئەنتی دەسەڵات؛ ئەم دەسەڵاتە ناوی خەباتە[٨٤]. بە پێچەوانەی كاونتەر-دەسەڵاتەوە كە لە دەرەوە دادەمەزرێت، دژە-دەسەڵات لە هەموو شوێنێكە[٨٥]، بۆ نموونە زاپاتیستەكان لە چیاپاس، ڕۆژئاڤا، ناڕەزایەتییەكانی باشووری كوردستان، خۆپیشاندانەكانی بەغداد، مەكسك، چیللی، بزووتنەوەی ژینگە، شەپۆلی پەنابەران، خۆپیشاندان دژ بە ڕاسیزم و هتد. ئەمانە ڕەنگە فۆڕمە بینراوەكانی خەبات بن، بەڵام هالۆوەی پێیوایە هەزاران فۆڕم و پنتی دیكەی خەبات هەیە نادیار ماونەتەوە، چونكە فۆڕمە نوێیەكانی خەبات بە گوێرەی تێگەیشتنە باوەكان دەرك ناكرێن: «ئەمانە نادیارن نەك لەبەرئەوەی خەیاڵین، بەڵكو لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ئێمە لە بینینی جیهان هەمان تێگەیشتنی دەسەڵاتە (شوناس، دەلالەت). بۆ ئەوەی دژە-دەسەڵات ببینین، پێویستمان بە تێگەیشتنێكی جیاوازە (تێگەیشتن لە نا-شوناس، هێشتا نا، هەلومەرج)»[٨٦]. خەباتە نوێیەكان تێكۆشانی ئەوانەیە كە هیچ ڕوخسارێكیان نییە، كە دەنگیان لێ سەنراوەتەوە، هەموو ئەو وردە خەباتانەیە كە ڕۆژانە ڕوودەدان لەپێناو ئەوەی ئەم نەبینینە بگوازنەوە بۆ ڕووبەری بینین، لەپێناو ئەوەی بە دەنگی خۆیانەوە بدوێن،

٨٤: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 37.

٨٥: Ibid., P. 155.

٨٦: Ibid., P. 156

لەپێناو ئەوەی توانای کردن بەدەستبهێننەوە.

سوبێکت لەنێو سیستەمەکەدا هەیە، بەڵام کراوە بە ئۆبێکت، توانای کردنەکەیشی کراوە بە کار. کار توانای کردنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام وەک ئەنتاگۆنیستەکەی. لەبەرئەمە کار، وەک میتامۆرفیۆسیسی توانای کردن، لە یەک کاتدا لەنێو سەرمایەداریدا و دژ بە سەرمایەدارییە[٨٧]. ئەمە دەبێتە قەیران بۆ سەرمایەداری، چونکە بە گوێرەی شرۆڤەی هالۆوەی، سەرمایەداریی گەرچی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ خۆڕزگارکردن لە کار، بەڵام هێشتایش نەیتوانیوە لە کار خۆی ڕزگار بکات. ئەنتۆنیۆ نیگری پێشتر گوتبووی کە کار دەتوانێت لە سەرمایە هەڵبێت، بەڵام سەرمایە ناتوانێت لە کار هەڵبێت، بۆیە ئەوە سەرمایەدارە پێویستی بە پرۆلیتاریایە نەک بە پێچەوانەوە. هالۆوەی لەو وتارە کورتەیدا کە لێکچوونی لەگەڵ ناوی کتێبەکەی هەیە «دوانزە تێز دەربارەی گۆڕینی جیهان بە بێ گرتنەدەستی دەسەڵات»، لە تێزی یانزەیەمدا دەڵێت: «دەکرێت هەموو مێژووی باڵادەستی وەها ببینرێت کە خەباتی بەهێزەکانە بۆ ڕزگاربوون لە لاوازەکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەکرێت گۆڕان لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری، نەک تەنیا وەک خەباتی کۆیلەکان بۆ خۆ-ڕزگارکردن لە لۆردەکان، بەڵکو وەک خەباتی لۆردەکانیش بۆ خۆ-ڕزگارکردن لە کۆیلەکان بە گۆڕینی دەسەڵاتەکەیان بۆ پارە و پاشان بۆ سەرمایە، ببینرێت. دەتوانین سەرنجی هەمان خواست بدەین بۆ ڕزگاربوون لە کرێکاران، بە بەکارهێنانی ئامێرەکان، یان بە گۆڕینی ڕێژەیەکی زۆری سەرمایەی بەرهەمهێنەر بۆ سەرمایەی نەختینە؛ ئەمە لە سەرمایەداریی نوێدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. لە هەموو دۆخێکدا، هەوڵی بەهێزەکان بۆ ڕزگاربوون لە لاوازەکان

٨٧: John Holloway: Frome Scream of Refusal to Scream of Power, Op. Cit., P.178

بە فیرۆچووە. هیچ ڕێگەیەک نییە کە باڵادەستی لە شتێکی ترەوە بێت جگە لە مەسخی توانای کردن. هیچ ڕێگەیەک نییە بەهێزەكان بتوانن لە پشت بەستنیان بە لاوازەكان هەڵبێن»[٨٨].

هالۆوەی لەمەوە شرۆڤەی قەیران لە سەرمایەرداریدا دەكات. بە بڕوای ئەو تێگەیشتنی ئابووری و ماركسیزمی زانستی لە قەیران بەسەرچووە و چیتر ناتوانێت هیچ شتێکی گرنگمان پێ بڵێت. ئەگەر قەیرانێک هەبێت تەنیا ئەو قەیرانەیە کە هی خودی پەیوەندییە سەرمایەدارییەكانە نەک قەیرانی ئابووری یان سیاسی. ئەم پەیوەندییە لەنێوان توانای کردن و کاردایە. سەرمایەدار ناتوانێت دەست لە گۆڕینی توانای کردن بۆ کار هەڵبگرێت، چونکە ئەمە جەوهەری سیستەمەكەی پێكدەهێنێت: «بەم جۆرە پەیوەندیی نێوان سەرمایە و کار پەیوەندیی ململانێی دوولایەنە و سەربەخۆییە، بەڵام ئەم پەیوەندییە هاوشێوە نییە، چونکە کار دەتوانێت لە سەرمایە هەڵبێت، سەرمایە ناتوانێت. سەرمایە پشت بە کار دەبەستێت، لە كاتێكدا کار پشت بە سەرمایە نابەستێت»[٨٩]. ئەم کەلێنەی نێوان پەیوەندیی کار و سەرمایە، بە واتای ئەوەیە پەیوەندیی ئەم دووانە هەرگیز ساف و بێ کێشە نییە، بەو مانایەی ئەم ململانێیە تەنیا ململانێی خۆ-ڕزگاركردنی كرێكار و سەرمایەدار لە یەكتری نییە، بەڵكو دەشێت وەک دینامیكییەتی لەدەستدەرچووی ئەنتاگۆنیزم ببینرێت؛ ئەمە ناوكی قەیرانە لە سەرمایەداریدا[٩٠]. هیچ خولێكی ناوەكیی و سروشتییانەی قەیران لە گۆڕێدا نییە، بەڵكو هەركاتێک سەرمایەدار بیەوێت لە گۆڕینی هێزی کردن بۆ کار بوەستێت، یان بیەوێت لە کار هەڵبێت، تووشی قەیران دێت. كرێكاریش بەهەمان شێوە وەک سەرمایەدار دەیەوێت لە

٨٨: جون هولوای: إثنتا عشرة أطروحة حول تغییر العالم...، المصدر السابق.

٨٩: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 182.

٩٠: Ibid., P. 188.

کار هەڵبێت، بەڵام ئەمەیان دەرەنجامێکی پێچەوانەی بۆ کرێکار لێ دەکەوێتەوە؛ واتە لەبری قەیران کە سەرمایەدار تووشی دێت، کرێکار توانای کردنی زیاتر بەدەست دێنێتەوە و ئەمەیش دیسان قەیرانەکە بۆ سیستەمەکە قووڵتر دەکاتەوە.

بە گوێرەی شرۆڤەی مارکس، گەورەترین هەوڵی سەرمایەدار بۆ خۆڕزگارکردن لە کار بریتییە لە جێگرتنەوەی کاری زیندوو (کاری مرۆیی کە زێدە-بەهای لێ وەردەگیرێت) بە کاری مردوو (کاری ماشێن و ڕۆبۆتەکان). بەڵام بۆ ئەمەیش سەرمایەدار پێویستی بە چەوساندنەوەی زیاتری ژمارەیەکی کەمتری کرێکارانە، واتە ناچارە چەوساندنەوە چڕ بکاتەوە. گەر ئەم چەوساندنەوەیە بەس نەبێت بۆ هەڵهاتنی سەرمایە لە کار، ئەوا ئەمە دەبێتە مایەی داکشانی تێکڕای قازانج؛ ئەمەیش دیسان دەبێتەوە بە قەیران. قەیرانیش لای خۆیەوە دووبارە ململانێکە چڕتر دەکاتەوە[٩١]. بۆ چارەسەری ئەمە ڕەنگە پەنا ببرێتە بەر قەرز، کە ئەمەیش بەرجەستەکەری فۆرمێکی نوێی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانە؛ بەڵام کێشەی ئەمەیش ئەوەیە کە چۆن قەرز بەخاتری بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە بدرێت، بە بێ ئەوەی ببێتە مایەی شلبوونەوەی ئەو دیسپلینانەی کە بۆ قۆستنەوەی کار پێویستن. قەرز واتە کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر لە ڕێگەی خودی «پارە»وە بە بێ تێپەڕین بە ئاڵۆزییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا. بە گوێرەی ئەو ئەرگومێنت و بەڵگانەی هالۆوەی دەیانهێنێتەوە (کە ئەگەر باسیان بکەین وتارەکەمان زیاد لە ڕادە درێژ دەبێتەوە)، ئەم پرۆسەیە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە و بۆتە مایەی شلۆقی و ناجێگری و فشۆڵبوونەوەی زیاتری سەرمایە. لەپاڵ ئەمەیشەوە قەیرانی زۆر و زەبەندی دیکە هەن کەخوێندنەوەیان بە هاوکێشەی ئابووریی، کورت دەهێنێت: قەیرانی ژینگە، پەروەردە، خێزان، نەتەوەیی، پەنابەران، جەنگ،

٩١: Ibid., P. 193.

نائارامیی دەروونی و کۆمەڵایەتی، شێوازی ئاخاوتنی خەڵک لەگەڵ یەکتر و هتد.. قەیران لەسەر قەیران چڕ دەبێتەوە و دەبنە درزی زۆروزەبەند لە جەستەی سیستەمەکەدا. ئەمەیش لای هالۆوەی یەکێکە لە ماناکانی شۆڕش[٩٢]. شۆڕش واتە دروستکردن و زۆرکردن و گەورەکردنی درزەکانی سیستەم کە دەبێتە مایەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی سەرمایە[٩٣]، واتە دارمانی بەشێک لەم پەیوەندییانە، هەڵهاتنی خەڵک لەم پەیوەندییانە تاوەکو لەم هەڵهاتنەدا توانای کردن بەدەست بهێننەوە، هەمان ئەو شتەی کە شۆڕشەکانی پێشتر کردوویانە بە قوربانی لەپێناو دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا[٩٤]. ئەم هەڵهاتنە لەناو سەرمایەدارییدایە دژ بە سەرمایەداریی. هەڵهاتنیش لە هەڵهاتن مانای زیاترە. هاواری نەرێکردن هاوکات ئەرێکردنی کردنە، ڕزگارکردنی دەسەڵات-بۆیە. نەرێکردن بۆ دەستگرتنەوە بەسەر شتەکان و بەرهەمەکاندا نییە، بەڵکو بۆ هەڵوەشاندنەوەی خودی شتێتی و فیتیشیزمە لەپێناو بەدەستهێنانەوەی کەرامەتی مرۆییدا[٩٥].

خەباتکردن بۆ کەرامەت سەدان شێوەی هەیە و فرەیە، هەرکەسە و لە بوار و کایەی توانای کردنەکەی خۆیەوە، دەست پێدەکات، بەڵام کەرامەت خۆی داوی لێکبەستنەوەی هەموویانە، بۆیە یەکێتیی لەنێوانیاندا چوارچێوەی حزبی و ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو ئاوێتەبوونی توانای کردنەکانە لە فۆرمە نوێیەکانی هاوڕێیەتی، عەشق، پێکەوەبوون، هاریکاری، دراوسێیەتی، بەدەمەوەچوون، کۆمەڵبووندا. لەنێو خودی ئەم

٩٢: Ibid., P. 204.

٩٣: John Holloway: Crack Capitalism, Op. Cit., P. 51.

٩٤: Ibid., P. 158.

٩٥: John Holloway: Change the World without Taking Power, Op. Cit., P. 211.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پرۆسەی نەریکردن و ئەریکردنەدا ئیمکانی ئەوە هەیە فۆڕمی ئەو کۆمەڵگەیە پێکبێت کە لەودیوی سەرمایەدارییەوەیە. لەبەرئەمە هالۆوەی هیچ نەخشە و ڕەچەتەیەک بۆ ئەم کۆمەڵگەیە ناخاتەڕوو: ئەو لای وایە ئەڵتەرناتیڤ و فۆڕمی نوێی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و نێوان مرۆڤ و شتەکان و ژینگە و دەوروبەر، هەر لەنێو ئەم پرۆسەی هەڵهاتن و نەریکردن و ئەریکردنندا خۆیدا گەشە دەکات[٩٦]. ئەمە پنتێکە بۆ ڕەخنەی ستراتیژیستەکان لە هالۆوەیی، بۆ نموونە «فیل هاریس» لە خوێندنەوە ڕەخنەییەکەیدا پێیوایە تیۆری هالۆوەی بە هەڵە ئەڵتەرناتیڤەکان دەخاتە ڕوو، لەلایەکتر هیچ دەرەنجامێکی ستراتیژیشی لێ ناکەوێتەوە[٩٧]. لای هالۆوەی ئومێدی زیاتر لە ڕووداودایە هەتا ڕێکخستن، بۆیە هاریس پێیوایە فیکری هالۆوەی مەیلەو کایۆسە. ئەم ڕەخنەیە لەوێدا دروستە کە فیکری هالۆوەی ستراتیژییەتێکی کامڵ ناخاتەڕوو (کە بەلای منەوە ئەمە خاڵێکی بەهێزە تێیدا)، بەڵام لەوێدا دروست نییە کە فیکری ڕووداو وەک کایۆس دەرک بکرێت. هالۆوەی خۆی باس لە هاوپشتی دەکات لە ئاستەکانی خوارەوەدا، لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژنەی مرۆڤدا، وەک عەشق و هاوڕێیەتی و هاوپشتی و دراوسێیەتی و هتد: «لەبری سیاسەتی ڕێکخستن، با بیر لە دژە-سیاسەتی ڕووداو بکەینەوە. یان باشتر بڵێین: با بیر لە ڕێکخستنێک بکەینەوە لەسەر بنەمای «کردن» بێت نەک لەسەر بنەمای «بوون»... گۆڕان لە سیاسەتی ڕێکخستنەوە بۆ سیاسەتی ڕووداو هەر لە پێشترەوە ڕوویداوە»[٩٨]. هەموو

٩٦: Ibid., P. 208.

٩٧: Daniel Bensaid, John Hollowy, and Others: Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, Op. Cit., Pp. 42, 44

٩٨: Ibid., P. 214.

ئەم پرۆسەیە، لە هاوارەوە، لە وتنی «نەخێر»ی ڕەتكردنەوەوە تاوەكو قەیران و هەڵهاتن، تاوەكو گەشەكردنی ویستی ملكەچنەبوون و كەشفبوونی ستایلی نوێی ژیانی ڕۆژانە و دەركەوتنی ئەڵتەناتیڤی نا-پێشوەختە، لای هالۆوەی ماتریاڵی بزووتنەوەی چەپگەران و ئیمكانی ڕزگارییان تێدایە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سەرچاوەکان:

١. John Holloway: Open Marxism, History and Class Struggle, Common Sense, Issue ١٣.

٢. Open Marxism, Edited by: Werner Bonefeld, Richard Gunn and Kosmas Psychopedis, Volume II, Theory and Practice, Pluto Press, ١٩٩٢.

٣. Michael Löwy: To Change The world we need revolutionary democracy, in «Forum».

٤. John Holloway: Crisis, Fetishism, Class Composition, in «Open Marxism» Vol. II.

٥. John Holloway: Change the world without Taking Power, The Meaning of Revolution Today, Pluto Press, Fourth Edition, New York, ٢٠١٩.

٦. John Holloway: Crack Capitalism, Pluto Press, London, First published, ٢٠١٠.

٧. Nick Dyer- Witheford: Autonomist Marxism: Treason Press, February, ٢٠٠٤. https://libcom.org/files/Autonomist٢٠٪Marxism٢٠٪and٢٠٪the٢٠٪Information٢٠٪Society١.pdf

٨. Gilles Deleuze and Felix Guattari: A Thausand Plateaus, Capitalism and schizophrenia, Translated and Forward by: Brian Massumi, University of

Minnesota Press, Minneapolis, London, Eleventh printing ٢٠٠٥.

٩. John Holloway: From Scream of Refusal to Scream of Power, In «Open Marxism, Edited by: Werner Bonefeld and Others, Vol. III, Emancipating Marx». Pluto Press, London, ١٩٩٥.

١٠. - Walter Benjamin: Theses on The Philosophy of History, In «Illuminations», Edit and an Introduction by: Hanna Arendet, Translated by: Harry Zohn, Schocken Books, New York., ١٩٦٨.

- Walter Benjamin: On the Concept of History, Translated by: Dennis Redmond, ٢٠٠٥.
- https://folk.uib.no/hlils/TBLR-B/Benjamin-History.pdf
- Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte, Gesammlten Schriften ٢-١. Suhrkamp, Frankfurt, ١٩٨٠, P. ٧٠٤-٦٩٣. https://www.uzh.ch/cmsssl/suz/dam/jcr:٣٦-٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠d٤١-٧d-٤ffff-ffffa٧cb٢e١٤/benjamin.pdf

١١. John Holloway and Sol Picciotto: State and Capital, A Marxist Debate, Edited by: John Holloway and Sol Picciotto, Edward Arnold (Publishers), ١٩٧٨.

١٢. Daniel Bensaid, John Holloway, Phil Hearse, Hilary Waiwright, Alex Callinicos: Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, a Debate on Strategies on how to build another

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

world, Compiled by: International Institute for Research and Education (IIRE), ٢٠٠٥.

١٣. جون هولواى: إثنتا عشرة أطروحة حول تغيير العالم (بدون الإستيلاء على السلطة)، ترجمة: نور محيي و حسين الحاج، ٠٧,٠٣,٢٠١٩.

١٤. جۆن هالەوەی: جۆرێکی دیکە لە سیاسەت، گفتوگۆی پیران ئازاد لەگەڵ جۆن هالەوەی، وەرگێڕانی حەمەی مەلا.(بڕوانە لاپەڕەی ١٦٩)

١٥. جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئەوانیتر: «ئێمەی پەنابەر»، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفوری، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، ٢٠١٣.

١٦. ژیل دۆلۆز، کلەیر پارنێت، گفتوگۆکان، هاوار محەمەد کردوویە بە کوردی، ناوەندی عەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٩، بەشی یەکەم.

١٧. هاوار محەمەد: ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەت، ئالتۆسێر، فۆکۆ، پۆلانزاس، نامیلکەی ئەلیکترۆنی، ٢٠١٥.
https://philosophie٨٦.blogspot.com/search/label/٪D٪٨٦٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩DB٨٪C٪D٪٨٤٪٩DA٪A٪٩DB٩٥٪

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

به گاسنەکەت ئێسکوپروسکی مردووان بکێڵە

جۆن هالۆوەی

وەرگێڕان: هاوار محەمەد

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بە گاسنەکەت ئێسکوپروسکی مردووان بکێڵە[١*]

جۆن هالۆوەی[٢]

«عەرەبانەکەت و گاسنەکەت بەسەر ئێسک و پروسکی مردوواندا ڕاکێشە»[٣].

ئەمە وەڵامی منە بۆ ئەوانەی[٤] کە ڕەخنەی ئەوەیان لە کتێبەکەم گرت[٥]کە دژە مێژووییە. ئەم وتارە بەرگریی نییە لە کتێبەکە: ناتوانم بیر لە شتێکی لەمە وەڕزکەرتر بکەمەوە. ئێمە پێویستمان بەوەیە ئەرگومێنتەکە (زیاتر)بەرەو پێشەوە ببەین، نەک بگەڕێینەوە بۆ دواوە. کتێبەکان، هەر وەک شۆڕشەکان، ناشێت بەرگرییان لێ بکرێت: یان بەرەو پێشەوە دەچن یان دەمرن.

١: *لە بنەڕەتدا ناونیشانی وتارەکە "عەرەبانە و گاسنەکەت بەسەر ئێسکوپروسکی مردوواندا لێبخورە"یە Drive your cart and your plough over the bones of the dead، کە وتەیەکی ویلیەم بلەیکە و هالۆوەی بەکاری هێناوە. ئێمە ناونیشانەکەمان کورتتر، بەو فۆڕمەی سەرەوە، داڕشتەوە. (و. کوردی).

٢: سوپاس بۆ ئەلبێرتۆ بۆنێتAlberto Bonnet، ئێلۆینا پێلایز-Eloina Pelaez، لارس شتوبەLars Stubbeو سێرجیۆ تیشلەرSergio Tischler، بۆ سەرنج و تێبینییەکان لەسەر یەکەم ڕۆشنووسی ئەم وتارە.

٣: William Blake, “Proverbs of Hell”, in The Marriage of Heaven and Hell: Blake (1988) 35.

٤: بەتایبەتی دانیال بنسەعید، ڕێنان ڤێگا کانتۆر، گوێلێرمۆ ئەلمایرا، ئالدۆ ڕۆمێرۆ، ئێرنستۆ مانزانا، ئیسیدۆرۆ کروز بێرنالم لە زەیندایە. ڕەخنە هزرییەکەی ئارماندۆ بارترا دەخەمە لاوە، کە ئەویش بەخاتری هەندێ شتی تر پرسیاری مێژوو قووت دەکاتەوە. بۆ تەواوی مشتومڕەکە لەسەر کتێبەکە، بڕوانە:

http//:www.herramienta.com.ar/index.php:

. شایەنی باسە ئەوپەڕی منەتباری هەموو ئەوانەم کە وەڵامیبانگهێشتنی کتێبەکەیان دایەوە تاوەکو مشتومڕی ئەم پرسە بکەین.

٥: Change the World without taking Power: the Meaning of Revolution Today, Pluto, London, 2002. French edition: Syllepse, Paris, September 2003.

عەرەبانەکەت لێبخوڕە:

تف لە مێژوو بکەن. مێژوو مێژووی چەوسانەوەیەکە کە لەلایەن چەوسێنەرەوە دەگێڕدرێتەوە. مێژوویەک کە لەوێوە چەوسانەوە بەشێوەیەکی گونجاو دیار نەماوە؛ [و بووە بە] مێژووی پاڵەوانان و گەورەپیاوان.

تف لە مێژوو بکەن. مێژوو، تەنانەت مێژووی ئێمە، مێژوویەکە کە تێیدا خەبات دژ بە چەوسانەوە لەلایەن کاتیگۆریی چەوسێنەرەوە داگیر کراوە، لەبەرئەمە ئەویش بووە بە مێژووی پاڵەوانان، گەورەپیاوان، مێژووی مارکس، ئەنگلز، لینین، ترۆتسکی، ستالین و ماو.

تف لە مێژوو بکەن، چونکە ئەوە پاساوی گەورەی چەپە، بیانووی گەورەی بیرنەکردنەوە. هەر ئەرگومێنتێکی تیۆری یان سیاسی دەربارەی شۆڕش بخەیتەڕوو، وەڵامدانەوەی چەپی شۆڕشگێڕ ئەوەیە بتگەڕێنێتەوە بۆ ١٩٠٢، بۆ ١٩٠٥، بۆ ١٩١٧، بۆ ١٩٢١. مێژوو بووە بە گێژاوێک، هەڵتدەمژێتە نێو هەندێ وردەکارییەوە کە زۆر دەمێکە مردوون. جیاوازییە سیاسییە هەنوکەییەکان وەرگێڕدراون بۆ ناکۆکییەکان دەربارەی وردەکارییەکانی ئەوەی بەر لە سەد ساڵ چی لە کرۆنشتات ڕوویدا. هەر شتێک کە بیرکردنەوە لە کاتی ئێستامان لابدات، هەر شتێکەکە پێویست بێت گریمانەی بەرپرسیارێتییەکی سامناک وەلانێت، بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە داهاتووی جیهان بەندە بە ئێمەوە نەک بە لینین و ترۆتسکییەوە.

تف لە مێژوو بکەن، تف لە ستالین بکەن (کە ئەمە ئاسانە)، بەڵام هەروەها تف لە چەمکی ستالینیزمیش بکەن. ستالینیزم بۆ بەشێکی گرنگی چەپی شۆڕشگێڕی، گەورەترین پاساوە،

گەورەترین بیانووە بۆ بیرنەکردنەوە.«بڕوانە چیی لە یەکێتیی سۆڤییەت ڕوویدا، چۆن شۆڕشی مەزنی بەلشەڤی بەرەو ستەمکاری و چارەڕەشی ملی نا». ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە: «بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ستالینیزم بوو». مێژوو بووەتە جێگیرەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و خۆ-ڕەخنەیی. لەنێوان شۆڕشی بەلشەڤی و ستەمکاریی سۆڤییەتیدا فیگورێک بەرهەمهێنراوە تاوەکو باری سەرشانی ئێمەی شۆڕشگێڕ لە بەرپرسیارێتی سووک بکات. ئەگەر ئێمە ستالینمان هەبێ لۆمەی بکەین، ئیتر پێویستمان بەوە نابێ لۆمەی خۆمان بکەین، پێویستمان بەوە نییە ڕەخنەگر یان خۆ-ڕەخنەگر بین، پێویستمان بەوە نییە بیربکەینەوە. پێش هەموو شتێک، پێویستمان بەوە نییە بیر لەوە بکەینەوە کە ڕەنگە هەندێ شتی هەڵە لە پرۆژەکەی لینیندا بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات هەبووبێت. ستالین دەبێتە گەڵای هەنجیر، کە بێگوناهیمان دەپارێزێت و ڕووتیمان دادەپۆشێت.

کەواتە تف لە ستالینیزم بکەن. کاتێک خەڵکانێک ڕەخنەی ئەوەیان لە کتێبەکەم گرت کە دژە مێژوویییە، ئەوەی زۆربەیان (نەک هەموویان) مەبەستیان بوو ئەوە بوو کە، بە ئاماژەنەدان بە ستالین، کتێبەکە ئەم گەڵا هەنجیرە لا دەبات و تێوەگلانمان کەشف دەکات. «ئەو شۆڕشانەی تەرکیزیان لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات بووە، بەرەو کارەسات چوون، لەبەرئەوە پێویستە دووبارە بیر لە مانای شۆڕش بکەینەوە». ئەمە ئەو شتەبوو کە من ئەرگومێنتم بۆ هێنایەوە. ئەوان وەڵام دەدەنەوە:«نەخێر؛ ئەوە ڕاستە ئەو شۆڕشانە گەیشتن بە کارەسات، بەڵام ئەوە بەهۆی مێژووەوە بوو، بەهۆی ستالینیزمەوە بوو؛ ئێمە پێویستمان بەوە نییە دیسان بیر لە هیچ شتێک بکەینەوە».

بێگومان ئەم مێژووە مێژوویەکی نامۆیە: لە دەرەوەی وێنەکە نیگاری ئەوانە دەکێشێت کە هەر لە سەرەتایەکی زووەوە وتوویانە کە چەمکی بەسەنتەرکراوی دەوڵەت بۆ شۆڕش کورت دەهێنێت: هیچ یەکێک لە ڕەخنەکان ئاماژەیان بە ناوی «پانیکۆک»[٦] Pannekoek نەداوە.

تف لە مێژوو بکەن، لەبەرئەوەی هیچ شتێک لە ڕابردووپەرستی پەرچەکردارانەتر نییە[٧]. مارکس دەڵێت: «نەریتی هەموو نەوە مردووەکان قورسی و بارگرانییە وەک دێوەزمەیەک بەسەر مێشکی زیندووانەوە». بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕیی واتە هەژاندنی ئەم دێوەزمەیە، بە ئاگاهاتنەوە و هەڵسانمان بۆ بەرپرسیارێتییەکانمان. خۆ-دیارییکردن *self-determination* [دیاریکردنی چارەنووس]-بە دەربڕینێکی تر،کۆمۆنیزم هەم وەک بزووتنەوە و هەم وەک ئامانج- ڕزگاربوونە لە مۆتەکەی نەریت.

تف لە مێژوو بکەن، چونکە «ئایدیۆلۆژیایەکی مێژوو تەنیا یەک مەبەست و مەرامی هەیە: نەهێڵێت خەڵک مێژووی خۆیان دروست بکەن»[٨].

٦: مەبەست لە تیۆرسێنی مارکسیستی هۆڵەندی ئەنتۆن پانیکۆک (١٨٧٣-١٩٦٠)ـە، کە یەکێک بووە لە تیۆریستانی ئەنجومەنە کۆمۆنیستییەکان وەک دژە تێزێکی «دەوڵەتی سۆسیالیستی». هالۆوەی لە کتێبە سەرەکییەکەیشدا ئاماژە بە پانیکۆک دەکات و پێیوایە یەکێکە لە بیرمەندە مارکسیستە گرنگەکان کە تەوژمە سەرەکییەکانی مارکسیزمی دەسەڵاتخواز لە مێژووی بزووتنەوەی خەباتگێڕیدا فەرمۆشیان کردووە و وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. (و. کوردی).

٧: بڕوانە ڤانیجیم (١٩٩٤) لاپەڕە ١١٦: «لە مێژووی دەستەجەمعی و هەروەها تاکەکەسیشدا، کوتلەی ڕابردوو و کوتلەی داهاتوو وەک یەک پەرچەکردارانەن. هەموو شتێک کە بشێت ڕۆبنرێت، پێویستە لە ئێستادا ڕۆبنرێت».

٨: Vaneigem (1994) 231.

دژ بە زەمەن:

شۆڕش ڕەمییكردنی كاتژمێرەكانە، پچڕاندنی كاتە[٩].

باڵادەستیی بەها باڵادەستیی مەودای كاتە. پچڕانی كات تەوەری بیركردنەوە و كرداری شۆڕشگێڕانەیە.

لە سەرمایەداریدا ئەو شتەی ئێمە دروستی دەكەین، دژ بە خۆمان دەوەستێتەوە. وەک مەخلوقەکەی فرانکشتاین، لە دەرەوەی ئێمە دەوەستێت و نکوڵی لەو کردنە داهێنەرە دەکات کە بوونی پێ بەخشیوە. وەک مارکس لە سەرەتای سەرمایەدا دەڵێت:«کاڵا پێش هەموو شتێک ئۆبێکتێکە لە دەرەوەی ئێمە»[١٠]. وەک ئۆبێکتێک لە دەرەوەی ئێمە، کاڵا دژ بە ئێمە دەوەستێتەوە، خۆی وەها دەردەخات کە لە خۆیدا بوونی هەیە، مەودایەک کە پشتی بە **کردن***doing*ی ئێمە بەستووە. سەرمایەداری بریتییە لە فەرمانڕەوایی ئەو شتانەی وا ئێمە دروستی دەکەین، ئەو شتانەی کە نکوڵی لە ئەسڵی خۆیان دەکەن کەچی بەردەوامیش پشت بە **کردنی** ئێمە دەبەستن.

ئێمە لە جیهانی وەحشە دروستکراوەکانی خۆماندا دەژین، کە دژ بە خۆمان بایانداوەتەوە. ئەوان لەوێدا هەن، وا دەردەکەوێت لە ئێمە سەربەخۆن و ئێمە سەرکوت دەکەن: کاڵا، پارە، سەرمایە، دەوڵەت و هی تر. ئەوان دوێنێ لەوێدا بوون، سەد ساڵ و دوو سەد ساڵە هەر لەوێدان. وەهایش

٩: بنیامین لە تێزەکانیدا دەربارەی فەلسەفەی مێژوو (تێزی پانزە) باس لەوە دەکات کە لە شۆڕشی جولایدا «لە ئێوارەی یەکەمی شەڕەکەدا ئەوە دەرکەوت کە کاتژمێرەکانی بورجەکان هاوکات لەگەڵ یەکتردا و هەریەکە و لە جێی خۆیەوە لە چەندین شوێنی پاریسدا گوللە باران کران». Ben-jamin (1973) 262.

١٠: لەڕاستیدا زۆرێک لە مشتومڕە مارکسیەکان پێش ڕەخنەیی ماونەتەوە و ئەم مانایەش هێشتایش هەر پێش-مارکسین.

ده‌رده‌كه‌ون كه به‌دڵنیاییه‌وه سبه‌ینێش هه‌ر له‌وێدا ده‌بن. ئه‌وان ئێمه سه‌ركوت ده‌كه‌ن، له مرۆڤایه‌تییمان ده‌خه‌ن، ده‌مانكوژن. چۆن ده‌توانین خۆمان ڕزگار بكه‌ین، چۆن ده‌توانین لێیان ده‌رباز ببین؟ ئه‌وان زۆر ده‌مێكه له‌وێدا هه‌ن، بوونه‌كه‌یان هه‌میشه‌یی ده‌رده‌كه‌وێت. چۆن ده‌شێت بتوانین لێیان هه‌ڵبێین؟

«هه‌سته له خه‌و» بابه ماركس وا ده‌ڵێت، «ئه‌وه ته‌نیا دێوه‌زمه‌یه‌كه. ئه‌م وه‌حشانه ته‌نیا وه‌همن». ئێمه هه‌ڵده‌ستین و وه‌حشه‌كان نه‌ماون. ده‌بینین ئه‌وان هه‌میشه‌یی نه‌بوون، مه‌وداكه‌یان هه‌ڵوه‌شاوه‌ته‌وه.

به‌ڵام نه‌خێر. ئه‌وه هێنده‌یش ساده نییه. ڕه‌نگه هه‌ستكردنمان به‌وه‌ی ماركسمان بینیوه خۆی ته‌نیا خه‌ونێك بووبێت، چونكه كاتێك چاومان ده‌كه‌ینه‌وه، وه‌حشه‌كان هێشتایش هه‌ر لێره‌ن و له هه‌موو كاتێكیش دڕنده‌ترن، هێرش ده‌به‌نه سه‌ر عێراق، كارخانه‌كان داده‌خه‌ن، له‌سه‌ر وێنه‌ی خۆیان چاكسازی له زانكۆكاندا ده‌كه‌ن، هه‌موو لایه‌نه‌كانی ژیانمان ده‌خه‌نه ژێر ڕكێفی هه‌ژموونی خۆیانه‌وه، ڕوومان به‌ره‌و وه‌حشه بچووكه‌كانی خۆمان ده‌سوڕێنن، به‌م جۆره ئێمه به‌دوای په‌رستنی كاڵا، پاره، سه‌رمایه و ده‌وڵه‌تدا غار ده‌ده‌ین.

دێوه‌زمه‌كه هه‌ر به‌رده‌وامه. ماركس تا ئه‌و شوێنه ڕاسته كه ئه‌وه ته‌نیا دێوه‌زمه‌یه‌كه و وه‌حشه‌كان وه‌همن. به‌ڵام ئه‌وان چی تر وه‌هم نین، ئه‌وان وه‌همگه‌لی واقیعین. ئه‌مه ئه‌و شته‌یه كه ماركس پێیده‌ڵێت «فیتشه‌كان». به‌ڵام ئه‌ی وه‌همی واقیعی چییه؟ مانای شۆڕش به‌مه‌وه په‌یوه‌سته.

وه‌حشه‌كان هه‌میشه‌یی ده‌رده‌كه‌ون. چۆن له به‌رده‌وامێتییان بپچڕێین؟

ئەگەر ئێمە وەحشەكان وەها وەربگرین وەک مەخلوقگەلێک دەردەكەون كە بەندن بە ئێمەوە و پشتیان بە ئێمە بەستووە، ئەوا تاكە ئیمكانی بەزاندنیان ئەوەیە كە هێز و توانای خۆمان، دەسەڵاتی خۆمان، دژ بەوان بخەینە گەڕ.

ئەمە مامەڵەی ماركس نییە. ماركس دەڵێت «وەحشەكان ئەوە نین كە وەها خۆیان دەردەخەن. پێویستە ڕەخنەیان بكەین. وەحشەكان هەن چونكە ئێمە دروستمان كردوون». ئێمە دەڵێین: «ببەخشە، تكایە دەتوانیت جارێكی تر بیڵێیتەوە؟» ماركسیش وەڵام دەداتەوە: «وەحشەكان وەها نین كە خۆیان دەردەخەن. پێویستە ڕەخنەیان بكەین. وەحشەكان هەن چونكە ئێمە دروستیان دەكەین». ئێمە دەڵێین: «بەڵام ئەمە ئەوە نەبوو كە تۆ یەكەمجار وتت. ئەوەڵجار تۆ وتت «دروستمان كردوون»، دووەمجار وتت «دروستیان دەكەین». مەبەستت چییە؟». ماركس وەڵام ناداتەوە -ئەو سەد ساڵ پێشتر مردووە. ئێمە جێهێڵراوین تاوەكو بەرپرسیارێتیی خۆمان بخەملێنین و ڕەچاوی بكەین.

كاڵا، پارە، سەرمایە و دەوڵەت: هەموویان دروستكراوی ئێمەن. ئەمە كرۆكی میتۆدی ماركسە، سەنتەری ئەرگومێنتەكەیەتی لە *سەرمایە*دا[١١]. ئێمە ئەو وەحشانە دروست دەكەین كە دەمانچەوسێننەوە. بەڵام، ئەگەر ئەمە وەک خاڵی دەستپێكیش وەربگرین، ئەوا هێشتا پرسیارێكی گەورە دەمێنێتەوە. كاتێک ئێمە ئەم بتانە (پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان كە وەک شتەكان هەن) دروست دەكەین، ئاخۆ وەک دكتۆر فرانكشتاین وەحشێكمان دروست كردووە كە بوونێكی سەربەخۆ لە ئێمە بەدەست بهێنێت؟ یان ئێمە ئەو بتانەمان دروست كردووە كە تەنیا وەها

١١: بڕوانە چیرۆكەكەی بۆرخیس، پیاوێک كە خەون بە بوونی پیاوێكی ترەوە دەبینێت.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

دەردەکەون بوونێکی سەربەخۆ بەدەست دەهێنن، بەڵام لە بوونیاندا پشت بە خوڵقاندنەوەی بەردەوامی ئێمە دەبەستن؟ ئایا سەرمایە بۆیە هەیە چونکە ئێمە دروستمان کردووە، یان لەبەرئەوە هەیە کە ئێمە بە بەردەوامی دروستی دەکەینەوە؟[١٢] لە دۆزی یەکەمیاندا، شۆڕش واتە تێکشکاندنی ئەو وەحشەی کە ئێمە دروستمان کردووە. لە دۆزی دووەمیاندا، شۆڕش واتە وەستان و دەستهەڵگرتن لە دروستکردنی وەحشەکە. ئاکامەکانی ئەم جیاکارییە دەربارەی چۆنییەتی بیرکردنەوەی ئێمە لە شۆڕش و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی ڕەنگە زۆر گەورە بێت.

سەرمایە بۆیە هەیە چونکە ئێمە دروست دەکەین. ئێمە دوێنێ دروستمان کرد (ماوەی دوو سەد ساڵ و زیاتریشە هەموو ڕۆژێک دروستی دەکەین). ئەگەر ئێمە سبەی دروستی نەکەین، چیتر بوونی نامێنێت. بوونەکەی بەندە بە دووبارە بوونەوەی بەردەوامی پرۆسەی چەوساندنەوەوە (و بە هەموو ئەو پرۆسێسە کۆمەڵایەتییەوە کە چەوساندنەوە مومکین دەکات). سەرمایە وەک مەخلوقەکەی فرانکشتاین نییە. بوونێکی سەربەخۆی لە **کردنی** ئێمە نییە. هیچ بەردەوامیێتییەکی نییە، واتە بوونێکی سەربەخۆی قابیلی بەردەوامبوونی نییە. تەنیا وا دەردەخات بەردەوامیێتیی هەیە. هەمان شت بۆ هەموو فۆڕمە داتاشراوەکانی سەرمایە (دەوڵەت، پارە و هی تر)یش ڕاستە. بەردەوامیێتیی ئەم وەحشانە (ئەم فۆڕمانەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی) شتانێک نین کە سەربەخۆ لە ئێمە هەبن: بەرەوامیێتییەکەیان ئەو بەردەوامیێتییەیە کە بە بەردەوامی و بێ وچان بە **کردنی** ئێمە بەرهەم دێت و بەرهەم دێتەوە. ئەو

١٢: See Benjamin"s Theses on the Philosophy of History, Theses XIV and XVIII: Benjamin (1973) 261, 263.

ڕاستییەی کە ئێمە هۆکارمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایە جێگرەوەی ئەو ڕاستییە نییە کە سەرمایە لە بوونەکەیدا، لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژی دواتر، لە ساتێکەوە بۆ ساتی دواتر، پشت بە کردەی خەللاقانەی ئێمە دەبەستێت. سەرمایە پشت بە ئێمە دەبەستێت: ئەمە تیشکی هیوایە لە جیهانێکدا کە تەواو تاریک دێتە بەرچاو.

لەگەڵ ئەم وەستانەدا کاتژمێرەکە دەتەقێتەوە. ئەگەر بوونی سەرمایە پشت بەوە ببەستێت کە ئێمە دروستی دەکەین، ئەوا ڕوونە کە شۆڕش وەستاندنی ئەو کردارەی دووبارە دروستکردنەوەیە. شۆڕش وەستاندنی بەردەوامێتییە، کەرتبوونی مەودای زەمەنە، وەرچەرخانی کاتە. کاتژمێرەکە ماوەی دوو سەد ساڵە چرک دەژمێرێت، ئەو درۆیانە بە وەحشەکان دەڵێت کە کاپیتالیزم لەسەریان وەستاوە، ئەو درۆیەی کە دەڵێت هەر ساتێک ڕێک وەک ساتی دواترە: کاتژمێرەکە دەبێت زیاتر نەچرکێنێت. سەرمایەداری جێگیرکردنی بەردەوامێتی و مەودای زەمەنی، نەریتە، سەرهاویشتنی ساتی ئێستایە بۆ ساتی دواتر، دواتر بۆ دواتر و ئیدی بەم جۆرە. شۆڕش بەرەوپێشچوون، یان پلاندانان، کاملکردنی نەریت یان ترۆپکی مێژوو نییە: بگرە لێکدژی هەموو ئەمانەیە. شۆڕش وەستانی نەریتە، مایەپووچکردنی مێژووە (دوورخستنەوەکەی بۆ پانتایی پێش-مێژوو)، شکاندنی کاتژمێر و گوشینی کاتە لە ساتێکی چڕبوونەوەی بەرگەنەگیراودا. کۆمۆنیزم پلانی پێنج ساڵی نییە، بەڵکو خۆ-دیارییکردنە، خۆ-دیارییکردن حزورێکی هەنووکەیی ڕەهایە کە تێیدا نە دێوەزمەی نەریت قورسیی خۆی دەخاتە سەرمان، نە وەحشەکانیش بوونیان هەیە. لەبەرئەمەیە کە واڵتەر بنیامین پێدادەگرێت لەسەر Jetztzeit (کاتی ئێستا) وەک

کلیلی شۆڕش[١٣]، لەبەرئەمەیە ئێرنست بلوخ کۆمۆنیزم وەک تێکۆشان بۆ Nunc Stans، چرکەساتی چڕبوونەوەی پێرفێکت دەیبینێت[١٤]، لەبەرئەمەیە ڤانیجیم دەڵێت کە ئەرکەکە بریتییە لە گۆڕینی مێژوو بە دروشمی: «وەها کردار بنوێنە کە سبەینێ بوونی نییە»[١٥].

ڕەنگە بەردەوامیتی لە ڕابردوودا هەبێت: هەر کە دەیهاوێژینە سەر داهاتوو، ئەوا لە ڕووی چەمکییەوە شۆڕش دەکەین بە مەحاڵ، ئێمە شکست بە خۆمان دەهێنین. بە مەوداکردنی ئێستا هەمیشە پەرچەکردارە، جا چ بە تێرمەکانی شەپۆلێکی درێژ، یان مۆدێکی ڕێسابەندی، یان بە پارادایمێک ئێستا کاتیگۆریزە بکەین. شۆڕش بەندە بە کرانەوەیی هەر چرکەساتێکەوە، بەم جۆرەیە کە بەرهەمهێنانی بەردەوامبووی سەرکوتکردنی خۆمان (ئەگەر ئەمە ڕووبدات) بابەتێکە بۆ سەرسوڕمانمان، کە هەرگیزا و هەرگیز ناشێت وەک شتێکی بێ چەند و چوون وەربگیرێت.

تێگەیشتن لەوەی بوونی سەرمایەداری لە هەموو ساتێکدا پشت بە بوونی ئێمە دەبەستێت، ئێمە دەبات بەرەو دنیایەکی تەواو نوێی پێشبینیکردن، بەرەو گرامەرێکی تەواو نوێ، ڕیتمێکی تەواو نوێ[١٦]. وا دەردەکەوێت ئێمە شێتین کە دەچینە نێو جیهانێکی سەرنجڕاکێش، لادراو، هەڵگەڕاوەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە وەها نییە: ئەو جیهانەی کە ئێمە ڕەخنەی لێ دەگرین، جیهانی

١٣: See Bloch (1964), (1986).

١٤: Vaneigem 116, 232.

١٥: تێگەیشتن لەوەی کە سەرمایە لە بوونیدا، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر پەیوەستە بە بوونی ئێمەوە دەمانگەیەنێت بۆ جیهانێکی تەواو نوێی دەرکبردن و ڕێزمانی تەواو نوێ.

١٦: هارت و نێگری (٢٠٠٠) بەهیچ شێوەیەک ئەم خاڵە نابینن. بە پێچەوانەوە: ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی چاو لەسەر پشتبەستنی سەرمایە بە کار لاببەن و بگەڕێنەوە بۆ پارادایمە کۆنەکان.

سەرمایە، جیهانی مەودای زەمەنی، جیهانی شوناس «جیهانێکی سەرنجڕاکێش، لادراو، هەڵگەڕاوەیە» (مارکس ١٩٧٢، ٨٣٠). بەم جۆرە ئێمە لەگەڵ ئەم جیهانە لادراوەدا هێندە ڕاهاتووین کە هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە لە جیهان لە ڕوانگەی **کردنی** خۆمانەوە شێتانە دێتە پێش چاو. بەڵام پێویستە لەنێو ئەم شێتییەدا ڕۆبچین تاوەکو کردنی خۆمان وەک خۆرێکی ڕاستەقینە لە شوێنە تایبەتییەکەی خۆیدا دابنێین[١٧]: ئەمە خەباتی ئێمەیە.

کاتێک من دەڵێم سەرمایە بۆ بوونەکەی سات بە سات پشت بە خەللاقییەتی ئێمە دەبەستێت، مەبەستم ئەوەیە نییە کە سەرفرازبوون لە سەرمایەداری ئەکتێکی سادەیە بە گوێرەی خواستی ئێمە یان هەڵبژاردنی ئێمە. سەرمایە وەهمێکی واقیعییە، نەک وەهمێکی ڕووت: پشتبەستنەکەی بە ئێمە وەهمێکە، بەڵام ئەوە وەهمێکە کە بە واقیعی بەهۆی کاری نامۆکراوی ئێمەوە، بەهۆی شکانی کردنە کۆمەڵایەتییەکەمانەوە، گشتێنراوە، تێگەیشتن لەوەی کە سەرمایە لەلایەن ئێمەوە بەرهەم دەهێنرێت و بۆ بوونەکەی، لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژی دواتر، پشت بە بەرهەمهێنانی ئێمە دەبەستێت، مانای ئەوە نییە کە ئێمە (بە ئاسانی) واز لە بەرهەمهێنانی دێنین. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوە وامان لێ دەکات پرسیاری شۆڕش دابڕێژینەوە، تاوەکو بپرسین کە چۆن دەتوانین لە بەرهەمهێنانی ئەو باڵادەستییە بوەستین کە ئێمەی تێکشکاندووە. چۆن دەتوانین بەردەوامێتیی، نەک تەنیا هی بەردەوامێتیی باڵادەستییەکەی، بەڵکو بەردەوامێتیی بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستییەکەی لەلایەن ئێمەوە، بپچڕێنین؟ چۆن دەتوانین، نەک تەنیا نەریتەکەی ئەو، بەڵکو نەریتی خۆیشمان بشکێنین؟

١٧: Marx, Introduction to the Contribution to the Critique of Hegel"s Philosophy of Law: Marx and Engels (1975) 176.

مێژوو ڕابگرن. Du passé faisons table rase.[١٨]

گاسنەکەت ڕاکێشە:

عەرەبانەکەت و گاسنەکەت بەسەر ئێسکوپروسکی مردوواندا ڕاکێشە. بەڵێ، یەکەمجار عەرەبانەکەت: بێ ڕێزی خۆت پیشانی مردووان بدە، لەبەرئەوەی جیهانێکیان بۆ بەجێهێشتووین کە شایەن بە مرۆڤایەتی نییە؛ جیهانێک بۆ چەوساندنەوە و گەلەمرۆکوژ بە ناوی دیموکراسییەوە.

ئینجا گاسنەکەت: لە چاندنی شۆڕش و ڕاپەڕیندا ئێسکوپروسکی مردووان بکێڵە. میراتی خەباتەکەیان لە ڕەگوڕیشەوە بکێڵە تاوەکو پیت و بەرەکەتی تێکەوێت. بە وەفابە بۆ مردووان لە ڕێگەی پیشاندانی بێ ڕێزی خۆت بەرامبەریان.

مەزارەکان، یان مۆنیۆمێنتەکان دروست مەکەن، یان تەنانەت کێلەقەبریش بۆ مردوو دامەنێن، تەنیا ئێسکوپروسکەکانیان ڕاستەوخۆ بۆ زیادکردنی بەری زەوی بەکاربهێنن. ئەوانەی نەماون پاڵەوانە مەزنەکانی کۆمۆنیزم بوون: نەک تەنیا ئەوانەی بەهۆی ستەم و سەرکوتی دەوڵەتەوە لەنێوبران[١٩]، بەڵکو هەموو نەماوەکان، هەموو ئەوانەی لەچاومان ون بوون، هەموو ئەو خەڵکانەی کە نایانبیستین، ئەوانەی خەباتیان کرد تاوەکو بە

[١٨]: "L"Internationale" (Eugène Pottier)

[١٩]: See the declaration of HIJOS (the organisation set up by children of the dispappeared in Argentina: : "Nosotros debemos crear y reinventar un camino propio, que retome la senda que ellos marcaron y que se desvie cuando sea necesario. Como hicieron ellos, con las generaciones que los precedieron, para superarlos, para ser mejores, para aportar en serio y concretamente al cambio con el que soñaron y soñamos. Para que no se nos vaya la vida repitiendo esquemas que suenan muy contundetnes, pero que no le mueven un pelo a los dueños del poder.": Zibechi (2003), in press.

کەرامەتەوە لە دنیایەکدا بژین کە خۆی کەرامەتی نەهێشتووە، ئەوانەی مرۆڤایەتییان لەیەک چنیووە. ئەو مێژووەی ئێمە پێویستمانە بە زۆری ئەوەی شۆڕشگێڕە گەورەکان نییە، بەڵکو مێژووی ئەوانەیە کە شتوویانن و گاڵتەوگەپیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا کردووە.

مێژووی نەبینراو The history of invisible مێژوویەکی نێگەتیڤە، جووڵەی هاواری ئەو شتەیە (و هاوار بۆ ئەو شتەیە) کە هێشتا نەبووە (ئەو کۆمۆنیزمەی کە هێشتا نەبووە و ڕەنگە ڕۆژێک ببێت یان نەبێت؛ بەڵام ئێستا وەک بزووتنەوە، وەک شەوق و تاسە، وەک نێگەتیڤیتە لە گۆڕێدایە).

مێژووی هاوار مێژووی بزووتنەوەیەک، دامەزراوەیەک، مێژووی مارکس-ئەنگلز-لینین-ترۆتسکی نییە. هەروەها مێژوویەک نییە بۆ بەردەوامیتی، بەڵکو مێژوویەکە بۆ قەڵەمباز، تێپەڕین، پچڕان و گەڕانی بەردەوام بەدوای دابڕاندا. وەک بلوخ ئاماژەی پێداوە «گەشتێکی سەخت، پڕ لە مەترسی، ئازارکێشان، کێومالّ، ڕۆیشتن بەملاولادا، گەڕان بەدوای نیشتمانی نادیاردا، پڕ لەپچڕانی تراژیک، قوڵپەقوڵپ، تەپەی بازدان، هەڵقولان، بەڵێنە تاکوتەراکان، بارگرانی جاروبار لەگەڵ ئاگایی ڕووناکی the consciousness of light»[٢٠]. مێژوویەک تێیدا خەڵکی دژ بە خایاندن سەری خۆیان بشکێنن، مێژوویەک تێیدا کات خۆی هەر لە پێشەوە مەسەلەکە بێت.

مێژوویەک بۆ پچڕاندنی بەردەوامیتی، بۆ شەوق و تاسەی دوایی نەهاتوو، بۆ پرسیارە وەڵام نەدراوەکان. ئێمە کاتێک ئاوڕ لە مێژوو دەدەینەوە، بۆ ئەوە نییە وەڵامەکان ببینینەوە، بەڵکو بۆ وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە کە لە مردووەکانەوە بۆمان ماوەتەوە. بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە،

٢٠: Bloch 1964, Vol. 2, p. 29.

تاکە سەرچاوەیەک کە هەمانبێت خۆمانین، ئەندێشەی خۆمان و پراکتیکی خۆمان، لە ئێستا و لێرەدا. مێژوو پرسیارگەلێک ئاوەڵا دەکات کە دەمانبات بەرەو تێڕامانی تیۆری.

پاشکۆ: ڕەخنەی ڕەخنە

ئامانجی ئەم وتارە ئەوەبوو کە گەشە بە هەندێ ئایدیا بدات کە لەلایەن ئەوانەوە وروژێنرابوون وا ڕەخنەی ئەوەیان لە کتێبەکەم گرت گوایە گەشەی زیاتری بە مامەڵەی مێژوویی پرسیاری شۆڕش نەداوە. من نەمویست بەتایبەتی بەرگری لە کتێبەکەم بکەم[٢١]. ڕەنگە ڕەخنەکان ڕاست بن، بەڵام من لاموایە هەڵەن.

ئەوان هەڵەن چونکە ئەو مێژووەی ئەوان پرسیاری دەکەن وەها دەخرێتە ڕوو کە بێ گرفتە. ئەگەر بڵێی «وەک پێویست مێژووی تێدا نییە» پتر وەک ئەوەیە بڵێی «وەک پێویست زانستی کۆمەڵایەتی social science تێدا نییە»: ئەمە بێ مانایە، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات کە کاتیگۆرییەکانی مشتومڕی مێژوویی ڕوون و ڕەوانن. ئەو ڕوانگەیە «مێژوو» وەک بەڵگەنەویست و بێ کێشە وەردەگرێت، وەک بڵێی بەشێوەی کاتیگۆرییانە هەندێ مێژووی سروشتی هەن کە دەمانبوێرن لە پێویستیی تێڕامانی تیۆری. ڤێگا کانتەر پەڵپی غیابی «مێژووی واقیعی» دەگرێت: بەڵام «ئەم مێژووە واقیعییە» خۆی چییە؟- مێژووی شا و شاژنەکان، پاڵەوانانی چینی کرێکار؟ مێژووی خەباتی چینایەتی؟ ڕەنگە، بەڵام چۆن لە خەباتی چینایەتی تێبگەین؟ وەک جووڵەی پشتبەستنی سەرمایە بە کار و بە ڕەواندنەوەی

٢١: من نامەوێ بەرگری لە کتێبەکە بکەم، بەڵام داوایەکی تایبەتم لە دانیال بنسەعید هەیە: بەرلەوەی مشتومڕی زیاتر بکەین، تکایە جارێکی دیکە کتێبەکە بخوێنەوە. لە ڕەخنەکانتدا لە کتێبەکە بەد-ڕاڤەکردن (یان بەد-حاڵیبوون)ـێکی زۆر هەیە کە ئەستەمە بکرێنە بنچینەیەک بۆ مشتومڕ.

كردن لە كاردا؟ ئەمە ئەو شتەیە كە لە چاپتەری ١٠ی كتێبەكەمدا هەوڵمداوە بیكەم، بەڵام زەحمەتە تەنانەت تەقەلا بدەی ئەوە بە بێ پێش-مشتومڕی تیۆریی بكەیت.

ڕەنگە پرسی سەرەكی پەیوەندیی نێوان شیكاریی مێژوویی و تێڕامانی تیۆری بێت. بۆ من، شیكاریی مێژوویی پرسیارەكان دەكاتەوە، پاڵمان پێوە دەنێت بیر لەو پرسیارانە بكەینەوە. بەم جۆرە مێژووی‌شۆڕشەكان لە سەدەی نۆزدەدا ئەوە پیشان نادات ئەو شۆڕشانەی لە خەمی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا بوون، مەحكوم بوون بە شكست: ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو كە هەندێ شتی بنچینەیی لە چەمكی دەسەڵاتی كۆبووەوەی شۆڕشدا هەبووە كە وامان لێ دەكات دیسانیش بیر لە تێگەی شۆڕش بكەینەوە. ناوەڕۆكی ئەرگومێنتەكە مێژوویی نییە، بەڵكو تیۆرییە: تێڕامان لە ڕابردوو ڕوومان بەرەو بەرپرسیارێتیمان بۆ بیركردنەوە دەسووڕێنێت.

هەروەها، بۆ ڕەخنە، مێژوو جیهانێكە نەك بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان بەڵكو بۆ ڕاڤەكردنەكان. لە دەرەنجامدا ئەوان وا لە ئەرگومێنتەكەی من تێگەیشتوون وەك ئەوەی بڵێت كە مێژوو پیشانی داوە كە شۆڕشی دەسەڵات-كۆبووەوە ناتوانێت سەربكەوێت و، وەڵامەكەیش ئەوە بێت كە مێژوو ئەمەی پیشان نەداوە. لەبری ئەوەی بڵێن شیكاریی مێژوویی دەمانبات بەرەو تێڕامانی تیۆری، ئەوان تیۆر دەخەنە لاوە و بۆ وەڵامەكان هەر لە مێژوو دەڕوانن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە تێڕامانی تیۆری گرنگ نییە: وەڵامەكان دەبێت لە مێژوودا بدۆزرێنەوە. بەم جۆرە دانیال بنسەعید دەڵێت: «پێویستە بوێریی ئەوەمان هەبێت بچینە ئەو دیوی ئایدیۆلۆژیا، ڕۆبچینە نێو قوڵایی ئەزموونی مێژوویی، بە ئامانجی دروستكردنەوەی ڕایەڵ لەگەڵ ئەو گفتوگۆ ستراتیژیانەدا كە لە ژێر قورسایی شكستە

کەڵەکەبووەکاندا زیندەبەچاڵکراون

.«"Il faudra bien oser aller au-delà de l''idéologie, plonger dans les profondeurs de l''expérience historique, pour renouer les fils d''un débat stratégique enseveli sous le poids des défaites accumulées."[٢٢].

تۆمەتی دژە-مێژوویی (ئەلمێریا Almeyra) لەلایەن ئەو دانەرانەوە، دەست لە ناو دەست لەگەڵ دوورخستنەوەی تێڕامانی تیۆریدا دەڕوات. پێش هەموو شتێک، ئێوە داوامان لێ دەکەن بیرنەکەینەوە: وەڵامەکان پێویستە لە ڕابردوودا بدۆزرێنەوە. بەم جۆرە «هالۆوەی هەڵگری فۆڕمی پەڕگیری تیۆری مارکسە دەربارەی فیتشیزمی کاڵایی» (کالینیکۆس). مارکس بە تەواوەتی دوورنەخراوەتەوە (دوای هەموو شتێک، ئێمە هەموومان مارکسیستین، ئەی وا نییە؟)، بەڵکو تەنیا خزێنراوەتەوە کونجێکەوە. چەمکی فیتشیزم ناسراوەتەوە و دانی پێدا نراوە (وێڕای هەموو شتێک مارکس خۆی لەمە دەدوێت)، بەڵام دواتر وەک شتێکی نا-گرنگ دووخراوەتەوە: لەگەڵ ئەمەیشدا، خەڵکانی زۆر پێشتر دەربارەی فیتیشیزم دواون، کەواتە هیچ شتێکی نوێ لەمەدا نییە (بنسەعید). پێش هەموو شتێکیش، بۆچی دەبێت مامەڵەی تیۆرییانە لەگەڵ پرسیاری شۆڕشدا بکەم، کاتێک تیۆر هەرگیز هیچ سەروکارێکی بە سیاسەتەوە نییە؟ بە بڕوای ئێرنستۆ مانزانا، کە داوای ئەوەمان دەکات ئەو بیرتیژییە لە کالینکۆس وەربگرین کە «تێکەڵکردنی پرسیارە سیاسییەکان لەگەڵ پرسیارە ئیپستمۆلۆژییەکان هەڵەیەکی بنەڕەتییە»، ئەوە هەڵە گەورەکەی منە. دەنگی هەموو

٢٢: ئەم کۆتەیشنە هەر لە دەقە ئۆرگیناڵە ئینگلزییەکەدا بە فەرەنسی هاتووە. بە سوپاسەوە مامۆستا «هەردی مێدە» لە وەرگێڕانی ئەم برگەیەدا بۆ زمانی کوردی، هاوکارمان بووە. (و. کوردی)

کۆرسەکە دەڵێت «نا، تکایە، داوامان لێ مەکەن بیربکەینەوە، ئێمە هەموو وەڵامەکانمان لایە، وەڵامەکان لە مێژوودان، ستالینیزم تەفسیری شکستی شۆڕشەکانی ڕابردووە. بەڵام پێش هەموو شتێک، تکایە، داوامان لێ کەمە دەربارەی مانای شۆڕش بیربکەینەوە!».

بەڵام هەندێ شتی تر لە پشتی پێداگری ڕەخنە لەسەر گرنگی مێژووییەوە هەیە. ڤێگا کانتۆر دەڵێت «بۆ دووبارە سەرپێخستنەوەی هەر پرۆژەیەکی دژە سەرمایەداری، پێویستە خاڵێکی بنەڕەتی و سەرەکی هەبێت، وەها پرۆژەیەک ناکرێت و نابێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەزموون و یادەوەرییەکی کەڵەکەبووی مێژوویی هەیە»"debe ser un punto esencial en la reconstrucción de cualquier proyecto anticapitalista que no puede, ni debe, partir de cero, pues hay todo una experiencia y una memoria históricas acumuladas"[٢٣] ڕەنگە ئەمە کرۆکی ڕەخنەکە و ئەرگومێنتەکان بێت: کەڵەکەکردنێکی ئەزموونی خەبات، وانەی فێرکاری، حیکمەتی سەرکەوتووی فۆڕمە گەشەکردووەکانی ڕێکخستن هەیە.

من پێموا نییە. ئەوە سەرمایەیە خەریکی کەڵەکەکردنە. ئەوە زێدە-بەها بەسەریەکەوە دەنێت، لە ژمارەدا زیاد دەبێت، گەورەتر و گەورەتر دەبێت. خەبات دژ بە سەرمایە کەڵەکە نابێت. یان ڕەنگە، کەڵەکە ببێت، بەڵام ئەوکاتە لەوە دەکەوێت خەبات بێت. کەڵەکەکردنی خەبات هەڵوێستی حزبە کۆمۆنیستییەکان بوو لە ١٩٦٨دا کە دەیانگوت: «ئەوە ڕێگای

٢٣: ئەم کۆتەیشنە لە دەقە ئۆرگیناڵە ئینگلزییەکەدا بە ئیسپانی هاتووە. داوام لە یەکێک لە وەرگێرە ئیسپانیزانەکان کرد لە بە کوردییکردنی ئەم بڕگەیەدا هاوکاریمان بکات، ئێستە و ئێستەیش وەڵامی نەداینەوە. (و. کوردی)

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

شۆڕشکردن نییە، لە ئەزموونی ئێمەوە فێر ببن». کەڵەکەکردنی خەبات ڕوانگەیەکی پلەبەندییانەیە بۆ شۆڕش: ئێمە لە دوا هەڵبژاردندا ١,٦٪ ی دەنگەکانمان بردۆتەوە،لەوەی داهاتوودا ڕەنگە هەندێ نوێنەرمان هەبێت، لە بیست ساڵی داهاتوودا «ڕەنگە بتوانین بگەینە لە سەدا سی».

بزووتنەوەی کەڵەکەکردن بزووتنەوەیەکی پۆزەتیڤانەیە. بەڵام بزووتنەوەی ئێمە، بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری، بزووتنەوەیەکی نێگەتیڤە و هەر دەبێت وایش بێت: بزووتنەوەیەک نەک تەنیا دژ بە سەرمایە، بەڵکو دژ بە کردارەکان و ڕۆتینەکان و نەریتەکانی خۆیشمان، کە سەرمایە بەرهەم دەهێننەوە. کەڵەکەکردنی خەبات کەڵەکردنی نەریتە، کەڵەکردنی بەردەوامێتییە، بەڵام بە نەریت و بەردەوامێتی لە سەرمایەداری دانابڕێین و دەرباز نابین. بیر لە هاوار بکەنەوە، بیر لە دابڕان بکەنەوە، بیر لە پچڕان بکەنەوە. سەرۆکە حەکیمەکانی نەریت دەڵێن:«بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، ئێمە چەندین ساڵمان بە بیرکردنەوە لەم پرسە بەسەر بردووە، لێگەڕێ با بۆت ڕوون بکەینەوە لە ساڵی ١٩٠٥ و ١٩١٧ و ١٩٢١ و ... چی ڕوویدا». بەڵام ئێمە دەمێکەیە خەو بردووینییەوە. ئێمە دەڵێین: «شۆڕش ئێستا!»، ئەوان وەڵام دەدەنەوە: «ئەها، بەڵێ، بەڵام یەکەمجار ئەبێ ئێمە حزبێک دروست بکەین و لە شەپۆلی درێژی داهاتوودا ئامادەبین بۆ خاڵی گونجاو». بەڵام ئیتر ئێمە دەمێکە مردووین. ئێمە و هەموو مرۆڤایەتیش.

نەخێر، هیچ کەڵەکەکردنێکی خەبات لە گۆڕێدا نییە. ڕەنگە کەڵەکەکردن بۆ یادەوەری و خۆ-پاساودان و شوناس هەبێت. کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەک نییە بۆ کەڵەکەکردن، بەڵکو بزووتنەوەیەکە بۆ نەفیکردن، بۆ بازدان و تێپەڕاندن و پچڕان.

دابڕان، نەک بەردەوامێتی، چەقی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕییە. دابڕان، نەک بەردەوامێتی، چەقی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیە.

شەپۆلی نوێی خەبات مۆسیقایەکی نوێ دروست دەکات، ڕیتمێکی نوێ پێکدێنێت، ڕێزمانێکی نوێ دادەهێنێت. بە بەکارهێنانی مێژوو وەک بەستێنێکی پێشوەختە، دەتەوێت خەباتە نوێیەکان لە میتۆدە کۆنەکاندا بچەقێنیت. ئەمە مەکەن. ئەو میتۆدانە شکستیان هێنا. هەرچی چۆنێک پاساو بۆ شکستەکانیان بدۆزنەوە، کاتیان هەر بەسەرچووە. زەلکاوی ڕابردوومان لا جوان مەکەن. لێگەڕێن با فۆڕمە نوێیەکانی خەبات نەشونوما بکەن. لێگەڕێن با عەرەبانە و گاسنەکەمان بەسەر ئێسکوپروسکی مردووەکاندا ڕابکێشین.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سەرچاوە:

John Holloway: Drive your cart and your plough over the bones of the dead, In «Change the World Without Taking Power or Take Power to Change the World, a Debate on Strategies on how to build another world»», John Holloway, Daniel Bensaid, Phil Hearse, Hilary Waiwright, Alex Callinicos: Compiled by: International Institute for Research and Education (IIRE), ٢٠٠٥.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

«مارکسیزم»ـەکان و ڕەخنە

کەمال خوسرەوی

وەرگێڕانی:زەردەشت نورەدین

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

لەبەرئەوەی لەم نوسینەدا دەمەوێت بپەڕژێمە سەر «ماركسیزم»، مەبەستم لە دەستەواژە یان وشەگەلی وەک «ماركسیزم[١]» یان «ماركسی[٢]» هەنووکە، هەر ئەو مانا تەمومژاوی و جۆربەجۆرانەیە کە بە بیستن یان خوێندنەوەی ئەو وشانە، لە زەیندا دروستدەبێت. بە دەربڕینێکی تر مارکس و ئەو کەسانەی کە خۆیان بە «مارکسی» زانیوە، شتانێکیان وتوە یان کردەگەلێکیان ئەنجامداوە کە بە وشەگەلی وەک «مارکسیزم» و «مارکسی» مانا یان ماناگەلێکی جۆراوجۆرایان بەخشیوە و بیستن یان خوێندنەوەی ئەم «وشانە» بۆ بیسەر یان خوێنەر بەگوێرەی ڕادەی زانین و پەیوەندییان بەم بابەتانەوە ئەو مانا و مانایانە لە زەینیانا دروستدەکات. هەنووکە مەبەستمان لەو وشانە هەر ئەمەیە.

لە١٥٠ساڵی ڕابردووە تا ئێستا ململانێی کۆمەڵایەتی زۆر لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ڕوویداوە، و ڕوودەدات کە بە وتە و گێڕانەوەی حیزب، گروپ و کەسە جۆراوجۆرەکان «ململانێی مارکسی» بووە یان لەڕێگەی بەیاننامەکان، بەڵگەکان و هەواڵەکانیان ئەو ناوەیان لە خۆیان ناوە. بێگومان هۆکاری ئەم ململانێیانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە نەبووە کە مارکسیبوون، ئەگەرچی چۆنیەتی و دەرەنجامەکەیان پەیوەندی بە مارکسیبوون یان نەبوونیانەوە هەبووە. لەمڕۆشدا ململانێ و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی زۆر لە جیهاندا لەئارادایە کە هۆکارەکەیان مارکسیزم یان مارکسیبوونی ئەو کەسانە نییە کە دەرگیری ئەو ململانێیانەن. کۆمەڵە خەڵکێک کە لە گۆشەیەکی جیهاندا خۆیان بە نەتەوە دەزانن و دەیانەوێت لە سنوری سیاسی و جوگرافیی سەربەخۆ و جیاوازدا و لەژێر

١: Marxism

٢: Marxist

سێبەری دەوڵەت و حکومەتێکی تردا بژین، هۆکاری ململانێ و تێکۆشانەکانیان مارکسیزم یان مارکسیبوونی خەباتگێڕەکانیان نییە. ئەم خاڵە سەبارەت بە زۆرێک لە ململانێ و خەباتی کرێکاران چ لە دواکەوتووترین وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکادا بێت یان لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداریی ئەمڕۆدا بێت. بڕێکی زۆر لەو کەسانەی کە دەرگیری ئەو ململانێیانەن تەنانەت ناوی «مارکسیزم»یان نەبیستوە. بۆیە ئەگەر کەسێک بێت و بەو کەسانەی کە دەرگیری ئەو ململانێیانەن بڵێت کە ناوەڕۆکی ئەم نوسینە و ئەو پرسیارانەی کە لەم نوسینەدا دەخرێتەڕوو پەیوەندی بە ململانێکانی ئەوانەوە نییە(و بۆ نمونە پەیوەندی بە کێشە و گرفتی فیکری ڕۆشنبیرانەوە هەیە) ڕاستدەکات. بەتەنیشت ئەمەشەوە دەبێت بڵێین قسەکانی خودی ئەو کەسەش لەم ئاستەدا پەیوەندی بە ململانێکانی ئەوانەوە نییە. بەڵام کاتێک کە پرسەکە پەیوەست بێت بە زەمینە و شێوە و دەرەنجامەکانی ئەم ململانێیانەوە، ئەوکات دەشێت باس لەوە بکرێت کە ئەو پرسیارانەی کە لەم نوسینەدا دەخرێنەڕوو، پرسیارەکانی ئەو کەسەش دەبێت، تاکە جیاوازی لەوێدایە کە ڕەنگە ئەو وڵامی بۆیان پێنەبێت، هەر بۆیەش بە هەزار و یەک بەڵگە نەزانییەکەی لە پشت نکۆڵی لێکردنەوە دەشارێتەوە. کارل کۆرش دەڵێت کاتێک لینین پێداگری لەسەرئەوە دەکرد کە هۆکاری ناکۆکی و ناتەباییەکانی فراکسیۆنەکانی ناو حیزب بەهۆی جیاوازییەکانی نێوان تێڕوانینە فەلسەفییەکانی لایەنە جیاوازەکانی حیزبی بەلشەفیکەوە نییە؛ خۆی بەخێرایی خەریکی نوسینی کتێبی «ماتریالیزم و ئیمپریۆکریتیزم» بوو.

خاڵێکی تر لە هەرکوێدا لەم نوسینەدا باسی «مارکسییەکان» کرا، مەبەست لێی ڕێبەر و تیۆریستەکانی حیزب و گروپە

ماركسییەكان یان ئەو بیریار و نوسەرانەیە كە نوسینەكانیان سەرچاوەی كاریگەری تیۆری و پراكتیكی بووە یان توانیویەتی ببێت. لەم ئاستەدا هەركات باس لە نەیاران بە «ماركسیزم» ، یان هەڵگەڕاوەكان لە «ماركسیزم» كرا، مەبەست ئەو كەسانە نییە كە بە خوێندنەوەی یەک دوو نامیلكە بوون بە ماركسی و بەخوێندنەوەی یەک دوو نامیلكەی تر دەستیان لە ماركسیبوونی خۆیان شتووە[٣]. ماركسیبوون یان نەبوون لەم ئاستەدا لە باسەكەدا، وەک دەیبینین جۆرێک لە بەهادانان نییە.

ماركسیزمـەكان

زۆرمان نەوتووە، ئەگەر بڵێین بەقەد ژمارەی حیزب و گروپە ماركسییە جۆراوجۆرەكان، بەئەندازەی بیریاران و پسپۆڕان و نیمچەپسپۆڕانی سەربەخۆ، هەروەها بەقەد ژمارەی گروپ و كەسە دژەماركسییەكان – چ ئەوانەی پاشگەزبوونەتەوە، چ پسپۆڕە «بێلایەن»ـەكان، چ قەڵەمە بەكرێگیراوە نەیارەكان و چ ئەوانەی بەقیناكەوتوون و بەكرێگیراوی سەرمایەن – «ماركسیزمەكان» بوونیان هەیە. كەواتە ئەگەر كەسێک بیر لەوە بكاتەوە كە توێژینەوە لە مێژوویی دروستبوونی ئەو ئینتیما و ڕەوتە كۆمەڵایەتییانەدا بكات كە خۆیان بە ماركسی زانیوە و وردودرشتیان بەخوێندنەوەی بەرهەم و نوسراوەكانی یار و نەیارەكانیان بخاتەڕوو و وڵامێک بۆ پرسیاری «ماركسیزم

٣: دە ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ كرێكارێكی گەنج، كە لایەنگری گروپە چەپەكان بوو ئاشنابووم و تازە هاتبوو بۆ فەڕەنسا و شەوق و زەوقێكی زۆری بۆ خوێندنەوەی دەقە ماركسییەكان هەبوو. دوو ساڵ پاش یەكەم یەكتربینین، لە یەكتربینینێكی تردا، وتی كە زمانی فەرەنسی زۆر بەباشی فێربووە، دیپلۆمی خوێندوە و لە كۆلێژی زانستە سیاسییەكان وەرگیراوە. هاوكات مۆئەدەبانە و بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە دانی بەوەدانا كە ئیدی «ماركسی» نییە و ئێستا بووە بە «پۆست-مۆدێرنیست» و ئامۆژگاری منی كرد كە كتێبی نوسەرێک بەناوی «ژان فرانسوا لیۆتار» بخوێنمەوە (تاوەكو منیش هیدایەت بدات و بچمە سەر ڕێگای ڕاست). مەبەستم لە ماركسیبوون یان ماركسینەبوون لەم ئاستەدا نییە.

چییە؟» دەستەبەر بکات. ئەوا کارێکی گەورە و ڕەنگە بەکەڵکی ئەنجامداوە کە بەنەتیجە ئەگەر خۆی ببێتە مارکسیزمێکی تر کە مارکسیزمەکانی تر بە مارکسیزم نەزانێت؛ ئەوا لە نیگای یەکەمدا مارکسیزمێکی تری خستۆتە سەر مارکسیزمەکانی تر و بەخت یاری بێت و بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیرانە و سیاسی ئەم پێناسەی لە پێناسەکانی تر پێ باشتر بێت و قەبوڵی بکات و ئەم پێناسەیە، پێگەیەکی بەرجەستە و باڵاتر بەخۆیەوە ببینێت و پێناسەکانی تر – کە وادەردەکەوێت لەڕووی تیۆرییەوە بێئیعتیبار کردوە - لە واقیعیشدا پاشەکشەیان پێبکات و پەراوێزیان بخات. [بەڵام لە نیگای دووەمدا گرفتەکەی ئاڵۆزتر کردوە، لەبەرئەوەی پێناسەیەکی تری لە هەمان چوارچێوەی پێناسەکردندا، خستۆتە سەر پێناسەکانی مارکسیزم].

پرسیاری من لەم نوسینەدا بەم جۆرەیە؛ ئایا جیاوازیی چەشنەکانی مارکسیزم [لەناوخۆیاندا] و جیاوازیی دژەمارکسییەکان لەگەڵ چەشنەکانی مارکسیزمدا، جیاوازییە کە لە پێناسەوە سەرچاوەی گرتوە و ئایا دەکرێت ئەم جیاوازییە بەخستنەڕووی زنجیرەیەک لە بەڵگە و ئەرگومێنتی باوەڕپێکراو بەجۆرێکی ڕوون و قابیلی تێگەیشتن پیشانبدرێت؟ بۆ نمونە دەزانین کە مارکسییە لایەنگرەکانی ترۆتسکی لەگەڵ مارکسییە لایەنگرەکانی ستالیندا یەک لەو شتانەی کە لەسەری ناکۆک و جیاوازبوون، ئەوەبوو کە ئەوانەی یەکەم، بیناکردنی سۆسیالیزمیان لە یەک دەوڵەتدا بە مومکین نەدەزانی و ئەوانەی دووەم لەلایان مومکین بوو. ئایا دەکرێت بوترێت کە ئەم جیاوازییە سیاسییە؟ ئەگەر وایە ئایا ئەم جیاوازییە «سیاسی»ـە بە بەڵگەی ڕوونەوە پەیوەندی بە جیاوازی لە تێڕوانینی «ئابووری» و تێڕوانینی «فەلسەفی»ـەوە هەیە و ئەم

پەیوەندییە بەجۆرێکە کە بکرێت درێژە بە ئەرگومێنتەکە بدرێت؟ هەر ئەم پرسیارە دەکرێت سەبارەت بە جیاوازیی مارکسییە لایەنگرەکانی ماو و مارکسییە لایەنگرەکانی ترۆتسکی لەمەڕ «سۆسیالستی یان دیمۆکراتیکبوونی شۆڕش» لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێراندا بخرێتە بەرباس. لەلایەکی ترەوە دەزانین جیاوازی بەڕێزێک بەناوی کارل پۆپەرەوە و لایەنگرەکانی لەگەڵ مارکسیزمدا(کام مارکسیزم؟) بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەو، مارکسیزم بەجۆرێک لە مێژووگەرایی و قەدەرگەرایی دەزانێت. هەندێک لە مارکسییەکان پێیان وایە کە ئەم بانگەشەیە هەڵەیە و هەندێکی تر پێیان وایە ڕاستە و باشیشە کە بەوجۆرەیە و چاوی بەڕێز پۆپەر دەردەهات کە سەگی پاسەوانی بۆرژوازییە. وێڕای ئەمە دەشێت بپرسرێت ئایا ئەم جیاوازییە «زانستی»یە یان «فەلسەفی»یە؟ و ئەگەر وایە ئایا دەشێت بەوجۆرەی سەرەوە پەیوەندییەکەی لەگەڵ تێڕوانینە «ئابووری» و «سیاسی»یەکاندا ڕوون و پاساو بدرێت؟

ئەم کارە ڕەنگە – لانی کەم لە ڕوانگەی هەرکام لە لایەنە ناکۆکەکانەوە – زۆر سادە بێت و خوێنەرێک کە خۆی بەلایەنگری یەکێک لەو دووە دەزانێت، ڕەنگە بە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، بە قوڵبوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی ٣ چرکەییەوە پرسەکە یەکلابکاتەوە و پێکەنینی بە نوسەرە نەزان و دۆشداماوەکەدا بێت.

سەرەڕای ئەمانە من پێم وایە کە ئەم کارە هێندە ئاسان نییە و بۆ ئەوەی پیشانیبدەم کە پەیوەندیی لایەنە جۆراوجۆرەکانی جیاوازی لەگەڵ پێناسەیەکی – هەر پێناسەیەکی – مارکسیزم بەجۆرێک کە لەڕووی لۆژیکییەوە قابیلی قبوڵکردن بێت ئاسان نییە. پێشنیاردەکەم بەوپەڕی ڕێز و وردییەوە دۆزەکە

لەنزیکترەوە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

بەرلەوەی دەستبدەینە ئەکتی پڕ مەترسی پێناسەکردنەوەیەکی نوێی مارکسیزم یان خۆمان بەینە دەست ئۆدیسەی پێناسە جیاوازەکانی مارکسیزم، واباشترە وشە هاوبەشە گشتییەکانی ئەو باسانەی کە پەیوەندییان بە وشەکانی «مارکسیزم» و «مارکسی»ـیەوە هەیە دەستنیشانکەین. هیوادارم هزرڤان و ئەکادیمییە مارکسییەکان لەوەی کە «نەزمی هۆشبزوێنی سیستەمی بەرزی مارکسی»ـیان دەشێوێنم بەجۆرێک نەڕەنجێن کە لەبەرانبەردا لێرە بەداوە، چیدی دەستهەڵگرن لە خوێندنەوەی نوسینەکە. بەڵێنیان پێدەدەم کە بەزوویی بپەڕژێمە سەر تایپ و جۆرەکانی «نەزمی هۆشبزوێن»ـی ناوبراو.

ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک نمونە [و وشەی گشتی هاوبەشی نێوان] ئەو باس و پرسانەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بە مارکسیزمەوە پەیوەندییان هەیە لێرەدا خراونەتەڕوو. پاش و پێش لە خستنەڕووی ئەم خاڵانەدا هیچ هۆیەکی دیاریکراوی نییە و خوێنەر دەتوانێت – ئەگەر بیەوێت- خاڵی پێنجەم پێش خاڵی سێیەم و دووەم یان پێش چوارەم بخوێنێتەوە.

١- ماتریالیزم

٢- دیالەکتیک

٣- سۆسیالیزمی زانستی

٤- تیۆری بەها

٥- ڕەخنەی ئابووریی سیاسی

٦- دیکتاتۆری پرۆلیتاریا

٧- ماتریالیزمی مێژوویی

٨- ژێرخان و سەرخان

٩- هێزەکانی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان

١٠- نامۆبوونی مرۆڤ

دەکرێت خاڵی تر زیاد بکرێت بۆ سەر ئەم خاڵانە. وەکو «دەوڵەتی بەلاڕێداچووی کرێکاری» یان «حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران و جوتیاران».

ئەگەر دیاردەیەک بەناوی «مارکسیزم»ـەوە بوونی هەبێت کە هەڵگری ئەم چەمک و دەربڕینانە بێت و لە ڕێگەی ئەم سیستەمی چەمکاندنەوە خۆی لە دیاردەکانی تر جیاکاتەوە؛ ئەوکات دەبێت ئەم دەربڕین و چەمکانە بەجۆرێک پێکەوە پەیوەندییان هەبێت کە مەنزومەیەک دروستکەن. بێگومان بۆ ئەم مەبەستە دەبێت دەربڕین و چەمکە دیاریکراوەکان بەشێوەیەک پۆلێن یان دەستەبەندی یان هەڵسەنگێنرێن و ئەوانە دابەشبکرێن بەسەر پێشترێتی و پاشترێتی یان سەرەکی و لاوەکی یان پلەبەندی بکرێن یان بۆ ئاستە جیاجیاکانی ئەبستراکت و کۆنکرێت دابەشبکرێن تاوەکو بتوانن پێکەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا سیستەم یان مەنزومەیەکی تەواو دروستکەن کە شوێنی هەر ئەندام یان بەشێک یان ئاستێک تێیدا ڕوون و قابیلی پێناسە بێت. ئەوەی کە ئەم مەنزومەیە [ئایا] ڕێباز، ئایدۆلۆژیا، زانست یان فەلسەفە یان هەرشتێکی ترە... بابەتی پرسیارەکە نییە. دەبینین کە زیاتر بابەتی ناکۆکی و موناقەشەیە.

ئێستا بانگەشەی من ئەوەیە کە:

یەکەم: ژمارەی ئەو هەوڵانەی کە لەم ڕێگەیەدا داڕشتەکراوە و ئەو ئەنجامانەی کە لێوەی بەدەستهاتووە بەپێچەوانەی تەسەور و ناتەبا لەگەڵ ژمارەی زۆر و زەوەنی مارکسیزمەکان زۆر کەمە.

دووەم: جیاوازیی مارکسیزمەکان لەگەڵ یەکتری و بانگەشەی نەیارەکانی مارکسیزم لە دژیان زۆر بەدەگمەن بەهۆی ئیعتیباری ئەم پێناسانەوە و بەکەمی لەڕێگەی ئەوانەوە ڕوونکردنەوە هەڵدەگرن. تەنانەت لە کەیسی بەڕێز پۆپەردا کە زیاتر لەوانی تر خۆی داوەتەدەست شێوەی ئەرگومێنتی لۆژیکی هەمان دۆخی هەیە.

ئێستا با بزانین دەرەنجامی ئەو هەوڵانە چییە کە بەم بۆنەوەیە ئەنجامدراوە و ئەو ئەنجامانە کامانەن کە ڕەنگە بکرێت بەشێوەیەکی لۆژیکی لە بەرهەم و بەڵگەکانیان دەربهێنرێت و بەشێوەی مۆدێلی دروستکراو بخرێتەڕوو، چییە. بەر لە هەرشت دەبێت بڵێم کە گەڕانەوە بۆ ئەو قاموس و فەرهەنگانەی کە بەوردی، و وردبینی و کۆششی زۆرەوە نوسراوە، بۆ ئەم مەبەستە بەکەڵک نایەت. ئەوانەی کە «بێلایەن»ـن «مارکسیزم» بە ناو یان ناونیشنانێک بۆ ڕوانگەکانی مارکس و ئەنگڵس(و بەگوێرەی هەوڵەکانیان: لینین، ستالین و ماو ... هتد) دەزانن کە لەسەر بنەڕەتی ئەوانە دەتوانن لە بواری ئابووری، فەلسەفە، سیاسەت(و باکیان پێ نییە: ئەخلاق، هونەر و وەرزش و ... هتد) هەڵوێست وەرگرن. زۆرجار قاموس و فەرهەنگە مارکسییەکان بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر کارەکە ئاڵۆزدەکەن. بۆ نمونە یەکێک لەوانە مارکسیزم [بەجۆرێک تەماشادەکات کە] هەڵگری سێ زانست بێت: تیۆری زانستی مارکس، ئەنگڵس

و لینین، تیۆری زانستی چینی کرێکار و تیۆری زانستی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم کە ئابووری، فەلسەفە و سۆسیالیزمی زانستی لەخۆدەگرێت. یورگن هابرماس بە دروستی تایپەکانی ئەم چەشنە مارکسیزمانە بە تێکەڵەیەک لە: میتافیزیکی لێکەوتوو و ڕیالیزم لە ئیپستمۆلۆژیدا کە لەڕووی فەلسەفییەوە کاڵفامانە و خاوە [لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە] ڕوانگەیەکی هەڵێنجێندراو لە مێژوویی فەلسەفە بۆ دیالەکتیکێکی هەڵەشانە و دەستکاریکراوی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان ناودەبات.

مۆدێلی بنچینەیی ئەم هەوڵە گران و گەورانە – بیانەوێت یان نا – مۆدێلی سیستەمە فەلسەفەییە کۆنەکان، «جیهانبینی»ـیەکان یان ئاینە گەورەکانە. واتە هەوڵ و کۆشش یان ئارەزوو یان پێویستی مرۆڤ [بووە] بۆ وڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە: بوون چییە، مێژوو چییە و چاکە چییە؛ لەم پنتەوە هەوڵدراوە مارکسیزم بکرێتە مەنزومەیەکی یەکانگیر بۆ وڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە(گریمان وڵامەکان «ماتریالیستی» یان «زانستی» بێت)، بەجۆرێک کە پاشوپێشی بەشەکان و شێوازی هەڵکردن و پەیوەندی ئەوانە کتومت لەبەرچاو بگیرێت: سەرەتا ڕوونکردنەوەی جیهان و چۆنیەتی و بەڵگە و هۆیەکانی پەیدابوونی مادە، پاشان پەیدابوونی مرۆڤ و مێژووە کۆمەڵایەتییەکەی و دواجار شێوازی پێکەوەژیانی یۆتۆپی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر. بێهۆ نییە کە مارکسیزمیان وەک جیهانبینی(با وایدانێین کە زانستی یان ماتریالیستی بێت) تەماشاکردوە.

مۆدێلەکان

یەکێک لە سەرەتاییترین و باوەڕپێکراوترین هەوڵەکان بۆ تێهەڵکێش و لێکدانی دەربڕین و چەمکە «مارکسی»یەکان و کۆکردنەوەیان لە یەک مەنزومەدا بەناوی «مارکسیزم»ـەوە دەگەڕێتەوە بۆ لینین و هەموو ئەو حیزب، و گروپ و کەسانەی خۆیان بە «مارکسی» و «لینینی» دەزانن و ئەو ناوانە لەخۆیان دەنێن – هەرچەندە [زۆربەی جار] یەکتری بە مارکسی نازانن و دان بە مارکسیبوونی یەکتردا نانێن – بنەمای پێناسەیان بۆ مارکسیزم هەر ئەوەیە کە لینین کردوویەتی لە حاڵەتێکدا کە خۆیان پێناسەیەکی تریان نەخستبێتەڕوو(کە زۆرجار نەیانخستۆتەڕوو). **بەگوێرەی یەک پێناسە** بۆ مارکسیزم، خۆیان بە مارکسی دەزانن و ئەوی تریش(کە هەمان پێناسەی بۆ مارکسیزم هەیە) بە مارکسی نازانن. هاوکات بنچینەی پێناسەی ئەو کەسانەی کە مارکسی نین و دژایەتی مارکسیزم دەکەن هەمان پێناسەیە. **بابەتی ئەم نوسینە بەوردی ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیەیە.**

لەڕوانگەی لینینەوە مارکسیزم سیستەمی تیۆرییەکان یان فێرکارییەکانی مارکسە و سێ بەش لەخۆدەگرێت[٤]: فەلسەفە، ئابووری و سیاسەت[٥]. [لەم ڕوانگەیەدا] فەلسەفە ماتریالیزمی

٤: من لەم نوسینەدا پەیڕەوەیم لە شێوەی باوی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و پەراوێز نەکردوە. لەبەرئەوەی ئەو شتانەی کە لێرەدا بۆی گەڕاومەتەوە ئەوەندە بەناوبانگ و زەق و دیارن یان ئەوەندە زۆرن – لەکاتی پێویستدا – دەکرێت بە وتە، پاراگراف و بەڵگە دۆکیۆمێنت بکرێت. هیوادارم خوێنەر لە کەموکوڕی ئەم شێوازە «نائەکادیمییە» ببورێت.

٥: بێگومان بەڕێکەوت نییە کە ئەم پۆلێنکردنە لەگەڵ ڕیزبەندی کتێبی «ئەنتی دورینگ»ـی ئەنگلس دێتەوە یەک. خاڵەکە لێرەدایە کە ئەم پۆلێنبەندییە – کە پاش و پێشکەوتنی بە وتەی ئەنگلس بە مەبەستی دروستکردنی «سیستەم» نەبووە – لەڕاستیدا تەنیا لەبەر ڕەخنەی سێ کتێبی دورینگ، «دەقوانەی فەلسەفە» ، «دەقوانەی ئابووریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی» و «مێژوویی ڕەخنەئامێزی ئابووریی نەتەوەیی و سۆسیالیزم».

دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی لەخۆدەگرێت، ئابووری بریتییە لە ڕەخنەکانی مارکس لە سەرمایەداری(بەپلەی یەک کتێبی سەرمایە)، سیاسەت بریتییە لە تیۆری سۆسیالیزم. لە بەشی سیاسەتدا ململانێی چینایەتییش ئاماژەی پێدەدرێت. ئەم وێنە سادە و کورتە کە بێگومان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی لە هەموو ڕوویەکەوە نەنوسراوە، لەگەڵ چەندین کێشە و پرسدا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە و شەنوکەوکردنی ئەم کێشانە – ئەگەرچی لەڕواڵەتدا سکۆلاستیکی و ناپێویست دەردەکەوێت – بۆ ئەم باسەی ئێمە ئێجگار گرنگە. لەبەرئەوەی، ڕێک هەر دەستنیشانکردنی شوناسە – لەڕاستیدا – شوناس نەبەخشینە بە مارکسیزم کە جیاوازییەکان و تۆمەتبارکردنی ئەوی تر بەوەی کە مارکسی نییە، بەشێوەیەکی نەنوسراو و نەوتراو گریمانە دەکرێت. ئەم کێشانە بەم جۆرەن:

یەکەم، لینین لەم مۆدێلەدا پانتایی فەلسەفە سەرەڕای ئەوەی ماتریالیزمی دیالەکتیک خۆبەخۆ بەشێوەیەکی باو دەکەوێتە ناو باسەکانی فەلسەفەوە ئەوا بە تەنیشتی ئەمەوە ماتریالیزمی مێژووییش دەخاتە ناو پانتایی فەلسەفەوە کە بەشێوەیەکی باو نەدەکەوتە ناو باسەکانی فەلسەفەوە. هاوکات نە لێرەدا و نە لە شوێنێکی تر هەوڵ بۆ پێناسە و ڕوونکردنەوەی نوێ لەمەڕ فەلسەفە(کە بکرێت ماتریالیزمی مێژوویی لەخۆبگرێت) لەلایەن ئەوەوە نەدراوە. تێگە و دەربڕینی گشتی وەکو ئەوەی کە کاری فەلسەفە گۆڕینی جیهانە یان ئێمە فەلسەفە پراکتیزەدەکەین کە لینین ناوبەناو و بەشێوەی پەرشوبڵاو ئاماژەی پێداوە یان دایانەتە پاڵ پراکتیکی سیاسی ئەو، شوێنی ڕوونکردنەوەیەکی لەو جۆرە ناگرێتەوە. سەرەتا [لە کارەکانی] جۆرج لۆکاچ و کارل کۆرش پاشان لە بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆریستەکانی «مارکسیزمی غەربی» هەوڵ بۆ خستنەڕووی

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێناسەی نوێ بۆ فەلسەفە دەبینرێت. بۆ نمونە پێناسەی ئاڵتوسێر بۆ فەلسەفە وەکو ململانێی چینایەتی لە پانتایی تیۆریدا، خستنەڕووی تەرحێکی فراوان بۆ وڵامدانەوەی کێشەی [پێناسەی فەلسەفە لەڕوانگەی نەریتی مارکسیزمەوە] بووە. سەرەڕای ئەمە تەنانەت دوایین دەرەنجامی ئاڵتوسێر کە زانستی مارکسی بە دۆزینەوەی کیشوەری نوێی مێژوو ئەژماردەکرد و فەلسەفەی مارکسی کە دەبوو پاش ئەو دۆزینەوەیە شکڵی بگرتایە، دواجار ماتریالیزمی دیالەکتیکییە و ئەم هەوڵانە لە کۆتاییدا ئەو قاڵب یان چەمکە گشتییەی کە ناوی «مارکسیزم»ـە بەجۆرێک بەرهەمناهێنێت کە بتوانێت ئەم دوو پانتاییە[ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالەکتیکی] بەشێوەیەکی پاساوهەڵگر لەخۆبگرێت.

دووەم، ئەگەرچی ئەم سێ بەشە وەک سێ پارچە یان سێ توخمی یەک جەستە خراونەتەڕوو، هێشتا پەیوەندی ئەوانە بە یەکترەوە ڕوون نییە و ئەگەر نەمانەوێ تەسلیمی ئەو تەسەورەبین، کە پەیوەندی ئەوان بە یەکترەوە هەر ئەو پەیوەندییەیە کە لە مۆدێلی جیهانبینییەکان و ئاینە گەورەکاندا هەیە ئەوا دەبێت هێشتا هەر بە دوای ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەوە بین.

سێیەم، ململانێی چینایەتی ئەگەرچی بەجۆرێک خراوەتەڕوو کە دەبێت هەموو مێژوو لەخۆبگرێت، بەڵام تەنیا لە تیۆری سۆسیالیزم(سیاسەت)دا خراوەتە بەرباس و پەیوەندییەکی ڕوونی بە بەشەکانی ترەوە بەتایبەتی بە ماتریالیزمی مێژووییەوە نییە.

چوارەم، هەمیشە بەوجۆرە نییە کە ئەم سێ بەشە پێکەوە دیاردەیەک یان فێرکارییەک سەرپێدەخەن(و لینین ناوگەلێکی

جیاوازی لێدەنێت هەر لە زانستی شۆڕشەوە بیگرە تا زانستی هەلومەرجی ڕزگاریی پرۆلیتاریا، سۆسیالیزمی زانستی و ...هتد) بەناوی ماركسیزم كە لەڕێگەی ئەوەوە دەكرێت ڕاستی و دروستی حوكمێك، هەنگاوێك یان تاكتیكێك بسەلمێنرێت یان پوچەڵبكرێتەوە. لەبەرئەوەی لینین پێی وایە ڕەخنەی ئابووریی سیاسی و [كتێبی] كاپیتاڵی ماركس بەڵگەی ڕاست و دروستی ماركسیزمە. واتە لەڕووی لۆژیكییەوە ماركسیزم لەبەرئەوەی كۆمەڵگای سەرمایەداری بەشێوەیەكی دروست شیدەكاتەوە و ڕەخنەی دەكات، باوەڕپێكراوە و ئیعتیباری هەیە. كەواتە یەكێك لە بەشەكانی وەكو ڕاستی و دروستی دیاردەیەك بەكارهاتووە كە لەڕووی لۆژیكییەوە دەبێت لە دەرەوەی ئەو بەشە بێت.

بەوپێیەی كە ئەنگڵس زانستیبوونی سۆسیالیزم لە ماركسیزمدا دەگێڕێتەوە بۆ دوو بەش یان دوو «دۆزینەوەی گەورە» كە بریتین لە؛ «تێگەیشتنی ماتریالیستانە بۆ مێژوو» و «سڕهەڵماڵینی سەرمایەداری لەڕێگەی زێدەبایی»ـەوە و پێداگربوو لەسەرئەوەی كە پاش ئەمە دەبێت هەموو بەشەكان و پەیوەندییەكانی ئەم زانستە كەشفبكرێت. لینین هەوڵیداوە لە تەرحێكی تاڕادەیەك دوورودرێژدا بە هەندێك لە پرسیارە پرسیارەكانی ئێمە كە لەو سەردەمەدا پرسیاری كەسانێكی تر بووە وەڵامبداتەوە. لە وتاری «فێركاری ماركس» ئەم سێبەشە(سەرەكییە؟) لە دابەشكردنێكی حەوتەوانەییدا شیبكرێتەوە. یەكەم: ماتریالیزمی فەلسەفی؛ واتە لەپێشینەیی(لەپێشترێتی) ئۆنتۆلۆژیانەی سروشت بەسەر مرۆدا و مادە بەسەر ئایدیادا. دووەم: دیالەكتیك؛ واتە دیالەكتیكیكردنەوەی ئەم ماتریالیزمە فەلسەفییە كە پێشتر دیالەكتیكی نەبووە. دیالەكتیكی سروشت، [واتە]

ئەو دیالەکتیکەی کە لۆژیکی ناوەکی و جەوهەری گۆڕانە سروشتییەکانە، ماتریالیزمی فەلسەفی دیالەکتیکی دەکاتەوە و بەم جۆرە «دیالەکتیک»ی هۆشیار ڕزگار دەکرێت و دەپەڕێتەوە بۆ «تێگەیشتنی ماتریالیستانەی سروشت». سێیەم: تێگەیشتنی ماتریالیستانە بۆ مێژوو؛ واتە «یەکانگیرکردنی زانستێک بۆ کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتێکی ماتریالیستی». لێرەدا هێشتا دیار نییە کە حەڵقەی ڕەبت(یا هەڵێنجاندن)ـی بەینی بەشی یەکەم و سێیەم چییە. تەنانەت ئەگەر سروشت لەڕووی جەوهەرییەوە لەگەڵ یاساکانی دیالەکتیک(کە لە هەموو شوێنێکدا مەبەست لە دیالەکتیکی هیگڵە) بێتەوە یەک، بۆچی دەبێت جوڵانەوەی مێژوو یان قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی مێژووییش لەم یاسایە پەیڕەوی بکات؟ تیۆری ڕەنگدانەوەی لینین ئەوپەڕی دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت؛ بەوپێیەی جوڵەی سروشت دیالەکتیکییە، ئەوا تێگەیشتن و ناسینی ئێمەش دیالەکتیکی دەبێت، بەڵام ئەوەی کە چۆن دیالەکتیکیبوونی تێگەیشتن و ناسینی بۆ سروشت(و دواتر کۆمەڵگا) جوڵانەوەی کۆمەڵگاش دیالەکتیکی دەکاتەوە، بەهیچ جۆرێک ڕوون نییە. بەڕای من ئەگەر بڕیار وابێت کە مارکسیزم تەنیا بە پشتبەستن بەم مۆدێلە پێناسە بکرێت، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت حەڵقەی ڕەبت(یان هەڵێنجاندن)ـی نێوان دیالەکتیکیبوونی سروشت و دیالەکتیکی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان پەیدابکرێت. چوارەم: ململانێی چینایەتی؛ بە ئیعتیباری زۆرێک لە بەرهەمەکانی لینین و ئەنگڵس – لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە چینە ئەنتاگۆنیستییەکان دەرەنجامی کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان و دواجار دەرەنجامی کۆپەیوەندیی ئابووری بوون – لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا دەکرێت وەک هەڵگری ناکۆکیی شاراوە بپەڕێتەوە بۆ ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە هەڵگری ئەم ناکۆکییانەن. پێنجەم: فێرکاری

ئابووریی مارکس: نەک وەکو بەش یان حەڵقەی ڕەبتی دواتر بەڵکو وەکو «قووڵترین و وردترین بەکارهێنانی تیۆری مارکس و بەڵگەی ڕاستودروستی[کۆی مەنزومەکە]» دەخرێتە ناو مەنزومەکەوە. بەدەربڕینێکی تر بوونی سەرمایەداری و دابەشبوونی بۆ بۆرژوازی و پرۆلیتاریا حەلقەی ئەرگومێنتی دواترە، بەڵام شێوەی شیکردنەوە و ڕەخنەی مارکس تاکە بەڵگەی ڕاستودروستی ئەم چەشنە لە ئەرگومێنتە. شەشەم: سۆسیالیزم؛ ئەم بەشە بەتەواوی وەک دەرەنجامی پێنج بەشکەی تر دێتەناو مەنزومەکەوە، لەبەرئەوەی«بەگوێرەی ئەوەی کە باسکرا، ڕوونە مارکس بەشێوەیەکی حەتمی گۆڕینی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە یاسا ئابوورییەکانی جوڵەی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە بەتەواوی دەردەهێنێت». حەوتەم: تاکتیکی ململانێی چینایەتی؛ وەک دواین بەشی مارکسیزم، لەبەرئەوەی پاش ژێرخستنی سەرمایەداری و سەرڕێگاخستنی سۆسیالیزم، هێشتا کۆمۆنیزم نەهاتۆتەدی و ململانێی چینایەتی هێشتا هەر بەردەوامە و دەبێت بەشێوەی مارکسیانە تێیدا هەڵسوکەوت بکرێت. نابێت ئەوە لەیادبکرێت کە لینین ئەم تەرحەی دووەمی لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە نوسیوە.

بەگوێرەی ئەوەی کە وەکو نمونە لە لینین هێنامەوە و بەوپێیەی کە لینین خۆی لەم تەرحەدا لەژێر کاریگەری تێگەیشتنەکانی ئەنگڵس، کاوتسکی و پلێخانۆفدایە بەتەنیشت ئەمەشەوە بە پشتبەستن بە ڕوانگە مارکسییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و سێیەم چەند مۆدێلێکی تر بۆ پەیوەندیکردن و لێکدانی تێگە و چەمکە مارکسییەکان ڕێکبخرێت، بەجۆرێک کە مەنزومەیەکی یەکانگیر دروستکەن. دەبێت ئەوە لەپێشچاو بگرین کە شێماتیک

بوونی ئەم مۆدێلانە بە ئەنقەستە و مەبەست لێی خستنەڕووی پێناسەگەلی جۆراجۆر نییە بۆ مارکسیزم، بەڵکو هەوڵێکە بۆ سەرپێخستنی زەمینەیەکی ئەرگومێنتی [بۆئەوەی] جیاوازی نێوان مارکسیزمەکان و جیاوازی لەگەڵ مارکسیزمەکان – هۆشیارانە بێت یان نا – پیشانبدرێت. هەروەها مەبەست لێی دەرخستنی ئەوە نییە کە ئەو مۆدێلانە چەنێک لەگەڵ ڕوانگەی مارکس‌دا دێنەوە یەک و تا چەن نایەنەوە یەک، هەروەها ئەوەش نییە کە ئایا ئەو مۆدێلانە ئیعتباریان هەیە یان نا. ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە دەشێت بەڵگەی زۆر لە بەرهەمی مارکسییەکاندا بخرێتەڕوو بەمەبەستی دروستکردنی ئەو جۆرە مۆدێلانە. ئەو ئاماژە ڕەخنەییانەی کە پاش خستنەڕووی هەر مۆدێلێک هێناومەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی ڕاستی و دروستی و ئیعتیباری ئەوان نییە، بەڵکو [زیاتر مەبەست لەو ڕەخنانە] پیشاندانی ئەو کەموکوڕییانەیە کە زەرورەتی دەرکەوتنی مۆدێلەکانی تری مومکین کردوە.

ئەلف) گشتێکی دیالەکتیکی

بەش و ڕەگەزەکانی مارکسیزم لە گشتێکی دیالەکتیکی‌دا پێکەوە ڕەبت‌بوون و پەیوەندییەکی دیالەکتیکی پێکەوە گرێیاندەدات. هەم ڕەگەزە بنەڕەتییەکان و هەم بەشە ناوەکییەکانی هەر بنەڕەتێک بەپێی نەزمی دیالەکتیکی بەدوای یەکدا دێن و لە بنەڕەتی پێشخۆیەوە دەردەهێنرێت: مادە جوڵەی دیالەکتیکی هەیە. ئەم دیالەکتیکە لەڕێگەی بازدانەوە مادەی زیندوو لە مادەی نازیندووەوە دەهێنێتەبوون. لەپاش ئەمەوە دیالەکتیک ڕێگەی خۆی بەهۆی ناکۆکی نێوان مادەی زیندوو(مرۆڤ) و مادەی نازیندووە(سروشت)ـەوە دەگرێتەبەر و ئەم ناکۆکییە بەنێوانگری بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت.

لەهەناوی ئەم ناكۆكییەوە ناكۆكی خاوەنداریێتی دێتەبوون. خاوەنداریێتی بنكی ناكۆكی نێوان خاوەنانی كەرەستەكانی بەرهەمهێنان و بێبەشان لە كەرەستەكانی بەرهەمهێنانە. ململانێی چینایەتی هیچ نییە جگە لە دەربڕینی ئەم ناكۆكییە. بەسەركەوتنی پرۆلیتاریا بەسەر بۆرژوازیدا(حەلكردنی دوایین ناكۆكی) و لەناوبردنی سەرمایەداری(دوایین هەڵگركەی ناكۆكی)، ئاشتەوایی سەرلەنوێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا دێتەئاراوە. هەركام لەم قۆناغانە و هەموو ئاستە ناوەكییەكانی هەر قۆناغێك، بەگوێرەی یاسای دیالەكتیكی لەیەكتری دەردەهێنرێن. بەجۆرێك كە دەشێت بوترێت ئیمكان و زەرورەتی سۆسیالیزم لە ماتریالیزمی دیالەكتیكییەوە دەردەهێنرێت. جیاوازی ئەم مۆدێلە لەگەڵ فەلسەفە(و لۆژیكی) هیگڵدا لەوەدایە كە خاڵی دەسپێكی لەجیاتی ئایدیا، گۆڕیوە بە مادە و لەجیاتی دیالەكتیكی ئایدیا، پەرەسەندنی بێسوبێكتی مادەی داناوە. لەهەمانكاتدا، بەوپێیەی كە دۆزینەوەكانی زانستی سروشتی، یاساكانی دیالەكتیكی مادەی سەلماندووە، ئیدی ئەم ماتریالیزمە نە ئایدیالیستییە و نە تەقلیدیشە، بەڵكو دیالەكتیكییە و بە ئیعتیباری پاڵپشتی زانست، دەشێت باس لەوە بكرێت كە [ئەم ماتریالیزمی دیالەكتیكییە] تەنیا لەسەر هەڵێنجاندن و دەرهێنانی چەمكییانەی كەتەگۆرییەكان ڕانەوەستاوە و دەبێت بە بەراورد بە فەلسەفەی كلاسیكی پێی بوترێت «فەلسەفەی زانستی». هەروەها بەوپێیەی كە نوسراوەكان و بەڵگە مێژووییەكان هەموویان دانیان‌ناوە بە ململانێی چینایەتی و ناكۆكی نێوان هێزەكانی بەرهەمهێنان و كۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان كە ململانێی چینایەتی لێدەكەوێتەوە. بەنەتیجە [ئەوە ڕووندەبێتەوە كە] ئەرگومێنتە مێژووییەكەشی تەنیا پشت بە دەرهێنان و هەڵێنجاندنی چەمكییانەی كەتەگۆرییەكان لەیەكتری نابەستێت

و دەبێت بە بەراورد بە سۆسیالیزمی تەقلیدی و یۆتۆپی ناوی لێبنرێت «سۆسیالیزمی زانستی».

نابێت ئەوە لەپێشچاو نەگیرێت کە ئەم مۆدێلە بنەمای یەکێک لە بەهێزترین ئایدۆلۆژیا مارکسییەکانە، لەبەرئەوەی توانای ڕوونکردنەوە و پاساودانی ناکۆتایە و بەنزیکەیی وڵامی ئامادەی بۆ هەموو پرسیارێک هەیە. جوڵە و بەرهەمهێنانی واقیع، خۆوەگەڕخەری ناوەکی ئەم یاسایەیە و هیچ دەرکەوتەیەک لە واقیع ناکرێت بێپاساو بمێنێتەوە.

یەکێک لە گرفتەکانی ئەم مۆدێلە هەمان کێشەیە کە مارکس لە هیگڵدا دەستنیشانیدەکات. ئەوەی کە: ئەگەر دەرکەوتەیەک لە واقیع، نەیەوێت یان نەشێت لەم نەزمەدا نیشتەجێ بێت، ئەوکات دەبێت لەجیاتی ئەوەی بەدوای حەقیقەتی واقیعی ئەزمونیدا بگەڕێ، ئەوا دەبێت بەشوێن دۆزینەوەی واقیعی ئەزمونی حەقیقەتەوە بێت. بۆ نمونە ئەگەر شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی یان ناکۆکیی ڕەگەزی پێش ناکۆکیی چینایەتی لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتی نەکرێت لەگەڵ مۆدێلی پەرەسەندنی مێژوویی ڕوونکرێتەوە، ئەوکاتە لە دوو ڕێگا زیاتر لە بەردەمیدا نامێنێتەوە. یان بە شتێکی نابەجێی دادەنێن یان دەرکەوتە ناتەباکەی واقیع بەلاوەکی دادەنێن. بەم پێیەش وەفاداربوون بەم مۆدێلەوە، بەوەفابوون دەرحەق بە مارکسیزم دەنوێنێتەوە یان پێچەوانەکەی؛ نکۆڵیکردن لەم مۆدێلە وەک نکۆڵیکردن لە مارکسیزم دەکەوێتەوە. لە هەردوو ئەگەرەکەدا، چ بەوەفابن و چ نکۆڵیبکەن؛ هەردووکیان نکۆڵیکار و وەفادار – بیانەوێت یان نەیانەوێت و بزانن یان نەزانن – بەگوێرەی ئەم مۆدێلە هەڵوێستیان وەرگرتووە.

ب) گشتی ئۆرگانیکی

بەش و ڕەگەزەكانی ماركسیزم لە گشتێکی ئۆرگانیکی‌دا پێکەوە ڕەبت‌بوون و پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی پێکەوە گرێیاندەدات. هەر بەشێک حوکمی ئەندامی جەستەیەکی هەیە و پەیوەندی و ڕەبتی بە بەشەكانی ترەوە وەک پەیوەندی و ڕەبتی ئەندامێکە لەگەڵ ئەندامەکانی تری جەستەدا. کۆی بەش و ڕەگەزەكان و پەیوەندییان پێکەوە، جەستەیەک دروستدەكەن کە ناوی ماركسیزمە. کەواتە «گشت» شوناسی خۆی لە کۆی «ئەندام»ـەکانەوە وەردەگرێت و شوناسی گشت لە بەشەکاندا دەردەکەوێت. لەم مۆدێلەدا ئەگەرچی زەرورەتی بوونی بەشە بنەڕەتییەکان واتە فەلسەفە، سیاسەت و ئابووری حەتمییە، بەڵام بەهۆی سروشتی ئۆرگانیکی گشتـەوە، مەرج نییە بەشەکان دوا سنوری خۆیان وەرگرتبێت. بەم بۆنەیەشەوە ڕوون نییە کە گۆڕان و وەرچەرخان یان شوێنگۆڕکێی ئەندامێک(گریمان «پەیوەند»ـی دەست یان دڵی دەستکرد) تا چ سنورێک دەتوانێت بکشێت، بەبێ‌ئەوەی شوناسی گشت بپچرێنێت یان تێیپەڕێنێت. ئەندام(بەش)ـە بنەڕەتییەکانی ئەم مۆدێلە بریتین لە؛ ماتریالیزم، تیۆری سەرخان و ژێرخان(سەرەڕای هەموو دەربڕین و تەفسیرەکانی ئەم تیۆرییە)، ڕەخنەی سەرمایەداری و تیۆری سۆسیالیزم. دیالەکتیک دەتوانێت ناوبەناو لەپێگەی چوارچێوەی لینیکی بەشەکان [بەیەکترەوە] یان وەکو یاسا ڕۆڵ ببینێت. بەم پێیەش لەم تاکجەستەیەدا، ئەندام(بەش)ـی «ڕەخنەی سەرمایەداری» هەم دەتوانێت تیۆری شۆڕش لەخۆبگرێت و هەم دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ڕیفۆرم؛ ماتریالیزم دەتوانێت لەسەر بنەمای وەحدانییەتی مادە، بەڵگەبهێنێتەوە یان دوالیزمی کانتی؛ تیۆری سۆسیالیزم دەتوانێت «دیکتاتۆری پرۆلیتاریا»،

دەوڵەتی کرێکاری، دەوڵەتی پێکەوەیی کرێکاران و جوتیاران یان تەنانەت حکومەتی هەڵبژێردراوی پەرلەمان لەخۆبگرێت. سەرەڕای هەرکام لەم گێڕانەوانە، هێشتا شوناسی گشت هیچ زیانێکی بەرنەکەوتووە و لەم سۆنگەیەوە ئەو موناقەشانەی کە لەسەر بنەمای ئەم مۆدێلە دەکرێت، ڕکابەرەکان کەمتر یەکتری بە «هەڵگەڕاوە» ناوزەد دەکەن، بەڵکو زیاتر بەیەکتری دەڵێن «زەلاتەگەرا[٦]»، واتە پێیان وایە ڕکابەرەکەیان ئەندام(بەش)ێکی بێڕەبتیان ناوە بە جەستەی مارکسیزمەوە. تەنانەت کاتێک کە لینین بە کاوتسکی دەڵێت هەڵگەڕاوە، لەبەرئەوەیە کە کاوتسکی ئەندام(بەش)ـی شۆڕشی پرۆلیتاریایی لەگەڵ ڕیفۆڕم و ئەندام(بەش)ـی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایی لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی شوێنگۆڕکێ پێکردوە. نابێت کارایی مۆدێلی سەرەوە بەتەواوی ڕەتبکرێتەوە، لەبەرئەوەی ماهیەتی «سروشتی گشتی ئۆرگانیکی» بەبەردەوامی ئەو گرفتەی هەیە کە بەوردی ڕوونی ناکاتەوە کە چ جۆرە گۆڕانکارییەکە و تا چ سنورێک گۆڕانکاری شوناسی گشت ناگۆڕێت. بۆ لینین لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراودا ئەم سنورە پارێزراوە. لەم مۆدێلەدا ئەوە سروشتییە ئینتیما بۆ بەبنەماوەرگرتن یان بە سەرەکیدانانی ئەندام(بەش)ێک [لەئارادا بێت] بەجۆرێک کە گۆڕینی [ئەو بەشە]، شوناسی گشت بخاتە مەترسییەوە. لێ بەوپێیەی موناقەشەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جۆراوجۆر ئەم [بەشە] بنەڕەتییە بەبەردەوامی شوێنی دەگۆڕێت، ئەوا کارایی مۆدێلی سەرەوە بەدەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە. ڕێک بەم بۆنەیەوەیە کە لە زۆربەی جیاوازی و ناکۆکییەکاندا، کاتێک کەسێک کە ئەوی تر بەوە ئیدانە دەکات کە مارکسی نییە و یان خۆی لە مارکسی بوون هەڵدەگەڕێتەوە(یان

٦: التقاطی(Eclectic)

پاشگەزدەبێتەوە)، لەڕاستیدا یەكێك لەم ئەندام(بەش)ـانەی كردووە بە ئەندام(بەش)ـی شوناسبەخش، بەبێ ئەوەی بزانێت كە مۆدێلی هەڵسەنگاندنەكەی گشتی ئۆرگانیكی بووە.

ج) سیستەمی ترانسێندێنتاڵ[٧]

بەش و ڕەگەزەكانی ماركسیزم لە سیستەمێكی ترانسێندێنتاڵدا پێكەوە ڕەبتبوون. ئەوەی كە زەمینەی دەركەوتن و دۆزینەوەی هەركام لە بەشەكان چی بووە (چ لەڕوانگەی كۆمەڵناسی مێژووییەوە و چ لەڕوانگەی چارەنوس یان دەروونناسی فەردییەوە)بایەخێكی ئەوتۆی نییە. خاڵە گرنگەكە لەوێوە دەستپێدەكات كە پاش ئەوەی ماركس ئەوانەی دۆزییەوە، ئیدی وەكو هەلومەرجی ئیمكانی هەموو شۆڕشێك بەتایبەتی وەكو مەرجی ئیمكانی شۆڕشی پرۆلیتاریایی و سەرڕێگاخستنی سۆسیالیزم ئیعتیبار و پێشترێتی[٨] مسۆگەرانە وەردەگرێت. ئەو ڕوانگەیەی كە ماركسیزم وەكو زانستی هەلومەرجی ڕزگاری پرۆلیتاریا پێناسەدەكات، لەڕاستیدا لەبارەی گوزارە بنەڕەتییەكانییەوە(واتە لەم پێناسەیەدا خشتەی كەتەگۆری ترانسێندێنتاڵ) هیچ جۆرە گومانێك هەڵناگرێت، پرسەكە [لێرەدا] تەنیا لەسەر بەئاگابوون یان ناسینیانە. زانستێكە كە دەبێت فێری بیت. ئەم مۆدێلە، وەكو هەموو مۆدێلە ترانسێندێنتاڵەكانی تر، پەیوەندیی دیاریكراوی نێوان خودی كەتەگۆرییەكان لەخۆناگرێت. كەواتە زەمینە و هۆكاری هاتنەبوونی هەركام لەوانە دەشێت تەواو جیاواز بێت. ماتریالیزمی فەلسەفی ناوچەی دەركەوتنی كەتەگۆری ماتریالیستییە و لە مێژوویی هزرەوە بەدەستهاتووە. پەرەسەندنی مێژوو بە گوێرەی شێمای ژێرخان

٧: نظام استعلایی(Transcendental system)

٨: a priori

و سەرخان بەرهەمی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئابوورییە. تیۆری سۆسیالیزم لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی بزوتنەوە کرێکارییەکان و لە تیۆرییەکانی تری سۆسیالیزمەوە ئیلهامی وەرگرتوە. گرنگ ئەوەیە کە گۆڕینی هەرکام لەم ڕەگەزانە بۆ یەکێک لە کەتەگۆرییەکانی ئەم سیستەمە ترانسێندێنتاڵە، [گۆڕینی بێت] بۆ «فەلسەفە»کەی، بۆ «تیۆری بەها» و بۆ «ئیمکانی هێنانەدی سۆسیالیزم» بەسەریەکەوە هەلومەرجی ئیمکانی شۆڕش(ی پرۆلیتارییا)ن و مارکسی ئەو کەسەیە کە ئەم هەلومەرجە دەناسێتەوە. ئەوەی کە بەبەردەوامی ئەم مەنزومەیە ناوی زانستی لێدەنرێت، تەنیا بەمەبەستی پێداگرییە لەسەر مسۆگەری و ئیعتیبارە گشتییەکەی، ئەگەرنا پێشوەختە ئەوە ڕوونە کە ئەم «زانست»ـە فەلسەفەش لەخۆدەگرێت.

د) سیستەمی ئەکسیۆماتیک[٩]

ئەگەرچی هەموو مەنزومەیەکی قیاسی-بەڵگەیی مەرج نییە سیستەمێکی ئەکسیۆماتیک بێت، بەڵام لێرەدا بۆ سادەکردنەوەی بابەتەکە چاوپۆشی لەم خاڵە دەکەین. بەش و ڕەگەزەکانی مارکسیزم لە سیستەمێکی ئەکسیۆماتیکدا پێکەوە ڕەبتبوون و لەگەڵ یەک پەیوەندییان هەیە بەجۆرێک، کە هەندێ لەو بەشانە پێگەی ئەکسیۆماتیک وەردەگەرن و دەبنە ئەکسیۆم[١٠](بەڵگەنەویست) و بەش و پێکهاتەکانی تر وەک تیۆرم[١١] بسەلمێنرێت. دوو بنەمای بەڵگەنەویست(ئەکسیۆم) بریتین لە: ١- تیۆری پەرەسەندنی مێژوو بەگوێرەی ڕیزبەندی یەکلەدوای‌یەکی شێوەکانی بەرهەمهێنان و بینای ژێرخان و سەرخان. ٢- تیۆری ڕەخنەی شێوەی بەرهەمهێنانی

٩: دستگاه اصل موضوعی یا آکسیوماتیک(Axiomatic system)

١٠:axiom

١١: قضیه (Theorem)

سەرمایەداری بەگوێرەی [كتێبی] سەرمایەی ماركس. تیۆری سۆسیالیزم، تیۆری ململانێی چینایەتی، تیۆری دەوڵەت و ئەو تیۆرییانەی تریش كە وەكو بەشەكۆمەڵەی ئەو تیۆرمانەی سەرەوە تەماشا دەكرێت(بۆ نمونە وەكو دەوڵەتی قۆناغی ڕاگوزەر، تیۆری ئیمپریالیزم، تیۆرییەكانی ڕوونكەرەوەی كۆمەڵگاكانی چەشنی سۆڤییەت) و لە پێگەی تیۆرمدا بسەلمێنرێن. ئەگەرچی ماتریالیزم لەم مۆدێلەدا لەپێگەی ئەكسیۆمدا بەبەردەوامی بنەمای سەلماندنی تیۆرمەكانە، بەڵام لەڕاستیدا ناكەوێتە ناو سیستەمی ئەكسیۆمەكانەوە. پێگەی ماتریالیزم زیاتر جۆرێكە لە میتاتیۆری[١٢]. هەر ئەو پێگەیە یان ڕۆڵەی كە ماتریالیزم دەتوانێت وەكو میتاتیۆری بەرانبەر بە زانستی فیزیك یان ئەستێرەناسی بیگێڕێت. ماتریالیزم لێرەدا جیهانبینییەكی فەلسەفی نییە. هەر بەم بۆنەیەشەوە دواجار بەربەستێك بۆ ئەوە لەئارادا نییە كە ماركسییەكی سەر بەم مۆدێلە هاوكات ئینتیمای بۆ فەلسەفەكانی تر یان تەنانەت ئینتیمای بۆ ئاینەكانیش هەبێت. دوو بنەما بەڵگەنەویست(ئەكسیۆم) ـەكەی ئەم سیستەمە دوو نەزمی تیۆری(زانستی) داماڵراو لە بەها ئیعتیبارییەكانن. هەر بۆیەش نە خودی خۆیان و نە ئەو تیۆرمانەی كە لەڕێگەی ئەوانەوە دەسەلمێنرێن هیچ ئاماژەیەكی ڕاستەوخۆی بۆ پراكتیك تێدا نییە. بە ئیعتیباری ئەم مۆدێلە تەنانەت بە گەڕانەوە بۆ مانیفێستی كۆمۆنیست دەشێت بوترێت هەندێ لە تیۆریستەكانی بۆرژوازی كە «بەشێوەیەكی تیۆری لە كۆجولەی مێژوویی تێگەیشتوون» – بێگومان لە هەلومەرجێكی مێژوویی و كۆمەڵایەتی دیاریكراودا – بچنە ڕیزی پرۆلیتاریاوە و جیاوازیی كۆمۆنیستەكان لەگەڵ پرۆلیتاریاكانی تردا ئەوەیە كە ئەوان لە هەلومەرج و ڕەوت و دەرەنجامە گشتییەكانی

١٢: متاتئوری (Metatheory)

بزوتنەوەی پرۆلیتاریایی تێگەیشتوون.

ئەم مۆدێلە ئەگەرچی کەمتر موناقەشەی ڕەوتە جیاوازە مارکسییەکانی لێدەکەوێتەوە – ئەگەرچی خۆی یەکێک لە بابەتەکانی موناقەشەی نێوان مارکسییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و سێیەم بووە – لەدژایەتیکردنی هزرڤانە نامارکسییەکاندا لەگەڵ مارکسیزمدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و دەبینێت.

بێگومان بەگوێرەی ئەو هەوڵانەی تر کە بۆ پەیوەندیکردن و ڕەبتکردنی ڕەگەز و بەشەکانی تری مارکسیزمەوە پێکەوە ئەنجامدراوە، دەشێت مۆدێلی تریش دروست بکرێت و ئەوەی کە لێرەدا خرایە بەرباس خستنەڕووی هەموو ئەوانە نەبوو. دەکرێت لەوانەی کە لێرەدا باسنەکران ئاماژە بە مۆدێلی تیۆری سیستەمەکان یان مۆدێلی «خەیاڵی سیاسی[١٣]» بکرێت. بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی موناقەشەی نێوانی مارکسییەکان لەگەڵ یەکتری لەلایەک و ناکۆک و نەیاربوون بە مارکسیزم لەلایەکی تر، ئەم چەند مۆدێلە کافییە. من پاش نرخاندنی هەندێک لەو موناقەشانە، مۆدێلێکی تر دەخەمەڕوو کە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ناوبران جیاوازی جەوهەری هەیە.

بەرلەوە دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی تر بدەم: ئەو بانگەشەیەم قەبوڵە و گومانی تێدا نییە کە ئەو موناقەشە، و جیاوازی و ناکۆکییانەی کە گروپە مارکسییەکان لەگەڵ یەکتریدا هەیانە، یان ئەوەی نامارکسین و دژ بە مارکسییەکان هەیانە، بەمەبەستی جیاوازکردنی باوەڕەکان لەگەڵ یەکتریدا دەستی پێنەکردوە. پاڵنەری ئەم جیاوازییانە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەبێت لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تەنانەت لە سایکۆلۆژیای تاکەکانی ناو ململانێ و خەباتدا سۆراخ بکرێت.

١٣: political imaginary

لێبكەوێتەوە. بێگومان لینین نەیتوانیوە بانگەشەی ئەوە بكات كە هەڵوێستی ئەو لەگەڵ فلان فێركاریدا دێتەوە یەک و هەڵوێستی هەڵگەڕاوەكان بەو فێركارییە ناكۆكە، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا ناچاربووە بگەڕێتەوە بۆ یەكێک لەو مۆدێلە(«ئەلف» یان «ب») و لەو حاڵەتەدا دەبوو مل بەو مشتومڕە بدات كە بۆچی یەكێک لەم دوو هەڵوێستە دەشێت بەپشتبەستن بە ئەرگومێنت و بەڵگەهێنانەوە پاساوبدرێت و ئەوی تریان ناكرێت.

بەراوردی ئەم نمونەیە لەگەڵ جۆرەكانی تری موناقەشەی گروپە لینینییەكان لەگەڵ یەكتریدا دەتوانێت ڕەنگوڕووی تازە بەم موناقەشانە بدات؛ هاوكات نابێت ئەوە لەبیربكرێت كە لینین خۆی لە ماركسییە تیۆریستەكانە و زانستی ئەو نیسبەت بەوەی كە دەشێت ناوی ماركسیزمی لێ‌بنرێت، بەبەراورد لەگەڵ ڕێبەری زۆربەی حیزب و گروپە گەورە و بچوكە ماركسییەكاندا، لینین زۆر لەوان زیاترە. دەبێت ئەوەش لەپێشچاو بگیرێت كە شێوازی تەفسیركردنی گروپە ماركسییەكان لە موناقەشە تیۆرییەكاندا(شەڕی وتەهێنانەوە) زۆرجار لایەنە ناكۆكەكانی ئەم مۆدێلانە دادەپۆشێت و كارەكە قورستر دەكات.

٢- بۆهێم باوێرک پێیوایە كە تیۆری بەهای ماركس هەڵەیە؛ هەربۆیەش ماركسیزم ئیعتیباری نییە. ئەگەر بانگەشەیەكی لەم جۆرە ڕاست بێت، تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەتوانێت پێشەكییەكی كافی و بەڵگەیەكی بەهێز بێت بۆ ڕەتكردنەوەی ماركسیزم. حاڵەتەكەش بریتییە لەوەی كە: تیۆری بەهای ماركس، زنجیرەی دەرهێنان و هەڵێنجاندنی دیالەكتیكی چەمكەكان دەپچڕێنێت(مۆدێلی «ئەلف») و پچڕانی ئەم زنجیرەیە بێ‌ئیعتیباری و ناڕاستی ڕیزبەندی پێش و پاشی چەمكەكان دەردەخات. لەبەرئەوەی ئەگەر تیۆری بەها تەنیا ئەندام(بەشـ

گومان لەوەدا نییە ئینشیقاقی دوو کەس لە گروپێکی ٥ کەسی و سەرپێخستنی مارکسیزمێکی تازە، کە مارکسیزمی سێ کەسەکەی پێشوتر ڕەتبکاتەوە و بە مارکسیزمی نەزانێت، یان میلهێنانەوەی چەکی چەند ئەندامێکی گروپێکی بچوک لە ئەندامەکانی تر و دواتر دروستبونی دوو ڕێکخراوی مارکسی تازە کە یەکترییان پێ‌مارکسی نییە لە جیاوازی وڵامدانەوە بە پرسیاری «مارکسیزم چییە؟» دەستی پێنەکردوە. شیکردنەوە و دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم جیاوازی و ناکۆکییانە لەگەڵ زەمینەی دەرکەوتن و دروستبوونیان دەبێت لەڕێگەی «کۆمەڵناسی بیروباوەڕ» یان ڕەخنەی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراویان – بەو مەرجەی کە هێشتا ناوی «ڕەخنەی مارکسی» لەخۆی نەنێت – بکرێت. بەڵام پاڵنەر و خاڵی تەقینەوەی ئەم جیاوازی و ناکۆکییە هەرچییەک بێت و بەزۆری ڕووکاری سیاسی وەرگرتوە، دەبێتە بنەمای بەڵگەهێنانەوە و ئەرگومێنتکاری سەلماندنی هەڵگەڕانەوەی ڕەکابەر و بەرانبەر و ئیدی لەم بەرکەوتنەدا ئەو مۆدێلانەی کە باسمانکردن دێنەگۆڕێ.

چەند نمونەیەک

١– لینین بۆ ئەوەی نیشانیبدات هۆکاری تۆمەتبارکردنی کارل کاوتسکی بە هەڵگەڕانەوە لە مارکسیزم (یەکێک لە گەورەترین و بەتواناترین سەرچاوە مارکسییەکان و یەکێک لە مامۆستاکانی خۆشی) ئەوە نییە کە بەلشەفییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە و ئەو پێش ئەوە، بەوە تۆمەتباری کردوە و ڕایگەیاندوە کە کاوتسکی وەکو پلێخانۆف باشترین نمونەی ئەو کەسەیە کە مارکسیزمیان بەدەم قەبوڵە و تەنانەت «هەموو شتی مارکسیزمیان» قەبوڵە جگە لە «ڕێگە

شۆڕشگێڕانەكانی خەبات و بانگەشە و ئامادەكاری بۆی».
كەواتە لینین نەیویستوە نكۆڵیكردن لە شۆڕشی پرۆلیتاریایی لەلایەن كاوتسكییەوە یان ئینتیمای پلیخانۆف بۆ مەنشەفییەكان كە بەڵگەی «هەڵگەڕانەوە»ی ئەوانە [لە ماركسیزم] لەناو مۆدێلەكانی «ئەلف» یان«ب»دا بسەلمێنێت. لەبەرئەوەی ئەگەر لینین ئەو كارەی لەناو مۆدێلی «ئەلف»دا بكردایە ئەوا ناچار دەبوو ئەوە ڕوونكاتەوە كە چۆنچۆنی دیالەكتیكی چەمكەكان نابێت سەركێشێت بۆ نكۆڵیلێكردن لە شۆڕشی پرۆلیتاریایی و لە حاڵەتی پەنابردن بۆ مۆدێلی «ب» دەبوو ئەوە بسەلمێنێت كە گۆڕینی شوناسی یەك ئەندام(بەش) لە جەستەی ماركسیزم – كە لێرەدا ئەو ئەندام(بەش)ـە شۆڕشی پرۆلیتاریاییە – بۆ نكۆڵیكردن لە شوناسی گشت جەستەكە كافییە. كەواتە ئەوەی قەبوڵكردوە بە گەڕانەوە بۆ هەركام لەو دوو مۆدێلە، چ پلیخانۆف و چ كاوتسكی هەردووكیان ماركسین. بەڵام «ئیدی ماركسی‌نەبوونیان» پەیوەندی بەوەوە هەیە كە ئەوان تەنیا ماركسیزمیان بەدەم قەبوڵە نەوەك بە كردەوە. بەمپێیەش لینین بەبێ‌ئەوەی بیەوێت و سەرەڕای ئارەزووی خۆی دەستەودامێنی مۆدێلی «د» بووە لەكاتی بەڵگەهێنانەوەدا. لەم سۆنگەیەوە ماركسیزم زانستێكە قابیلی فێربوون؛ و تەنانەت دەكرێت بەجۆرێكی وەها فێری بیت كە بگەیتە پێگەی پسپۆری بێ‌ڕكابەری ماركسییە ڕوسییەكان، یان ڕێبەری ئەنتەرناسیۆنالی دووەم. بەڵام ئەم زانستە خۆبەخۆ دەلالەت لە پراكتیك ناكات. دەكرێت هەر لەگەڵ ئەوەی ئاشنابووی لەگەڵی بەم شێوە یان بەوشێوە هەڵوێستوەرگریت. هەڵوێستی خودی لینین كە لەڕوانگەی خۆیەوە بەدڵنیاییەوە هەڵوێستی ماركسییانە بووە، لە مەنزومەی فێركارییە ماركسییەكانەوە بەزەرورەت ئەو هەڵوێستە دەرناهێنرێت و مەرج نییە ئەو هەڵوێستەی

ـێک بێت لە جەستەی مارکسیزم(مۆدێلی «ب») ئەوکات دەبێت بیسەلمێنیت کە بۆچی هەڵەبوونی ئەو بەشە، ماهییەت و شوناسی گشت دەگۆڕێت. لانیکەم بۆهێم باوێرک هەوڵی ڕەخنەکردنی ئەندام(بەشـ)ـەکانی تری جەستەکەی نەداوە. ئەگەر تیۆری بەها لەپێگەی کەتەگۆرییەکی ترانسێندێنتاڵی ئیمکانی شۆڕشدا(مۆدێلی «ج») یان تەنانەت یەکێک لە ئەکسیۆمەکانی سیستەمی ئەکسیۆماتیک(مۆدێلی «د») هەڵە بێت، ئەوا هەر دەبێت ئەوە بسەلمێنێت کە چۆنچۆنی ناکرێ بە شوێنگۆڕکێ یان گۆڕینی ئەو کەتەگۆرییە یان ئەو ئەکسیۆمە یان تەنانەت بە خستنەسەری چەمکێکی تازە بۆ مەنزومەکە، مەنزومەکە ڕزگار بکرێت.

٣- لەپاش سەرکوتەکانی سەردەمی ستالین و دادگاییەکانی مۆسکۆ، زۆرێک لە ڕێبەران و تیۆریستەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە مارکسیزم پاشگەزبوونەوە. ئەم ڕوو وەرگەڕان و نکۆڵیکردنە لە مارکسیزم لەپاش هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا هاوجۆرەکانی سۆڤیەت – سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەی کە بۆ هەلومەرج و پێشزەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەگەڕێتەوە – تەنیا لەڕێگەی مۆدێلی «ئەلف»ـەوە قابیلی ڕوونکردنەوەیە. ئەگەرچی هەرگیز لەلایەن هەڵگەڕاوەکانەوە بەشێوەیەکی کافی و تێروتەسەل ئەرگومێنتی بۆ نەهێنراوەتەوە. سەبارەت بە مۆدێلی یەکەم، زنجیرەی هەڵگەڕاوەی ئەرگومێنتەکان بەم جۆرەیە: حیزبی ستالینی میراتگری ڕاستەقینەی حیزبی لینینییە، حیزبی لینینی دەرەنجامی حەتمی تیۆری سۆسیالیستییە، تیۆری سۆسیالیستی بەزەرورەت دەرەنجامی ماتریالیزمی مێژووییە و ماتریالیزمی مێژوویی نەتیجەی لۆژیکی ماتریالیزمی دیالەکتیکییە. سەبارەت بە مۆدێلی دووەم [بەم جۆرەیە]: هەڵوەشانەوەی

كۆمەڵگا هاوجۆرەكانی سۆڤییەت ئاماژەی ناڕاستی تیۆری سۆسیالیستییە و ... هتد.

٤- هەرچەندە نەیاربوون و دژایەتی بەڕێز پۆپەر لەمەڕ ماركسیزم یەكێكە لە ناوبۆشترین دژایەتییەكان و لەڕووی ئەرگومێنتەوە لاوازترین و سستترین بنەمای بەڵگەهێنانەوەی هەیە، بەڵام بەهۆی دەركەوتە زەقە ئایدۆلۆژییەكەی ناوبانگ و گشتپەسەندی زیاتری هەیە. تانەی پۆپەر ئەوەیە كە ماركسیزم [بەحساب] جۆرێكە لە قەدەرگەرایی مێژوویی. ئەوەی كە پۆپەر نكۆڵی لێدەكات تەنیا مۆدێلی «ئەلف»ـە. بەدەر لەم حاڵەتە، پۆپەر دەبوو لە شیكردنەوەیەكی مێژوویی-ئەزمونیدا ململانێی چینایەتی پوچەڵكاتەوە، لە ڕەخنەیەكی ئابووری-تیۆری‌دا ناڕاستی ڕەخنەی ماركس لەمەڕ شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بخستایەتەڕوو و لە لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەڵناسییانەدا ئایدۆلۆژی‌بوونی فتیشیزم پوچەڵكاتەوە تا بەگوێرەی مۆدێلی «ب» توانیبێتی ماركسیزم ڕەتبكاتەوە.

با وادانێین ماركسیزم ناوی سیستەمێكی قیاسی-ئەرگومێنتی بێت كە موقەدیمە(پێشەكییە)كەی لەم سێ گوزارەیە پێكبێن(لەبەرئەوەی لایەنگرەكانی ڕەوانشاد دكتۆر پۆپەر خەنی بن، وەكو سێ «گریمانەی بێباك» دەیانخەملێنین):

- مێژوویی كۆمەڵگا مرۆییەكان تا ئێستا مێژوویی ململانێی چینایەتی بووە.

- وەرچەرخانە چارەنوسسازە مێژووییەكان كاتێك ڕوویانداوە كە كۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان توانای هەڵكردنی لەگەڵ هێزەكانی بەرهمهێنان‌دا نەمێنێت.

- سەرمایە، كاری مردووە.

هیچکام لەم سێ گریمانەیە خەسڵەتی میتافیزیکییان نییە و قابیلی لێکۆڵینەوە ئەزمونی(دیسان لەبەرچەشەی هەوادارە بەڕێزەکانی پۆپەر) قابیلی پوچەڵبوونەوەن [بەمانا پۆپەرییەکەی].

لەم پێشەکییانەوە دەرەنجامگیری ئەوە دەکەین:

- سیستەمی سەرمایەداری دەبێتە هۆی چەشنێک لە بەریەککەوتن کە ئیمکانی پوکانەوەی ئەم سیستەمە و فۆرمولەبوونی سیستەمێکی تر، کە لەسەر بنەڕەتی پەیوەندییەکانی سەرمایە کارناکات دەهێنێتە ئاراوە.

ئەگەر پۆپەرییەکان ئەم دەرەنجامە قەبوڵنەکەن، بۆ نمونە بە هۆکاری ئەوەی کە لە ئەزموندا پوچەڵبوونەتەوە، ئەوا یان دەبێت بیسەلمێنن کە بەڵگەهێنانەوەکە نوقسانی هەیە یان لانیکەم یەکێک لە پێشەکییەکان هەڵەیە. لە هەموو نوسراوەکانی پۆپەردا لەمەڕ ڕەخنەی مارکسیزم، کەمترین هەوڵ بەم ئاڕاستەیەدا نابینرێت. مارکسیزم لەڕوانگەی ئەوەوە قەدەرگەرایی مێژووییە کە لەسەر بنەڕەتی کەتەگۆری ساختە و نەگریسی دیالەکتیک سەرپێکەوتووە و بەتەواوی میتافیزیکی، ئایدۆلۆژی و بێگومان ترسناکە(ترسناک بۆ کێ؟).

پانتایی هاوبەشی هەموو ئەو نمونانەی کە تا ئێستا هێناومەتەوە و دەکرێت نمونەی تریان بخرێتەسەر ئەوەیە کە ڕەخنەگرانی مارکسیزم یان ئەو مارکسییانەی کە ڕکابەرەکانی خۆیان بە مارکسی‌نەبوون تۆمەتبارکردوە، بەپێچەوانەی ئارەزوو و بانگەشەی خۆیانەوە، میتۆدی کورتکردنەوە[١٤] یان پەیڕەوکردوە کە تەنانەت زنجیرەی ئەرگومێنتهێنانەوە لە ڕەگەزی کۆتاییەوە تا پوچەڵکردنەوەی ڕەگەزەکانی تر بەتێروتەسەلی و بەگوێرەی پێویست درێژەپێنادەن. لە هەموو

١٤: reductionist

ئەم ڕەخنانەدا ماركسیزم كورتكراوەتەوە بۆ یەک بنەما، ئەو بنەمایەی كە ناكۆكی لەسەرە و ئەم بنەمایە بووە بە تەوەرێک كە دەشێت هەموو بنەماكان، بەش(ئەندام)ـەكان یان تیۆرمەكانی تری لێدەربهێنرێت یان بەگوێرەی ئەوە بیسەلمێنێت. **بەنزیكەی هەموو ئەو كەسانەی كە ماركسیزمیان بە كورتكردنەوە (كورتكردنەوە بۆ ئابووری، بۆ سیاسەت، بۆ فەلسەفە) و تاكڕەهەندی تۆمەتباركردوە، خۆیان بۆ ڕەتكردنەوەی جگە لەڕێگەی كورتكردنەوە بە هیچ ڕێگەیەكی تردا نەڕۆیشتوون.**

مۆدێلێكی تر

ئەو چوار مۆدێلەی تر كە باسمانكردن سەرەڕای جیاوازییە زۆرەكان، هەڵگری دوو لایەنی هاوبەشن. یەكەم هەموویان هەڵگری چوارچێوەی لۆژیكی «پێناسە»ن و بەناچار دەبێت لە فۆرمی سیستەم یان لە مەنزومەی چەمكەكان‌دا دەركەون كە ماهییەتیان لە دیاردەكانی تر جیایدەكاتەوە. دووەم، لەپێگەی «پێناسەدا» خۆبەخۆ ناتوانن ئاماژەی عەمەل و ئاكسیۆن لە خۆیاندا هەڵگرن. ئەم دوو خەسڵەتە بنەمای گرفتی جۆراوجۆرن كە مۆدێلەكانی سەرەوە ڕووبەڕوویان بۆتەوە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. لەسەرویی هەموویانەوە [گرفتەكانی ئەو مۆدێلانەی سەرەوە بەم جۆرەیە]: ١- لە كێشمەكێشی ناساندنی ماركسیزم لەپێگەی ئەو سیستەمە زەینییە مرۆییانەی كە تا ئێستا لەئارادابوون؛ وەكو زانست یان فەلسەفە لە گێژاودان [و نازانن ماركسیزم بە كامیان بناسێنن]. هەربۆیەش ناچارن یان ئەوەتا ماركسیزم بۆ زانست یان فەلسەفە كورتكەنەوە یان بە تێكەڵەیەكی ناڕوونی لە هەردووكیان بزانن و یان بەبێ ئەوەی شوناسێكی نوێ بۆ زانست یان فەلسەفە دەستنیشانبكەن، بەبەردەوامی ماركسیزم وەكو زانستێک سەیركەن بەڵام

زانست بەمانا باوکەی نا، یان بە فەلسەفەی ناوزەدکەن بەڵام نەوەک ئەو فەلسەفەیەی کە باوە. ٢- [ئەو ٤ مۆدێلەی کە خرانەڕوو] وەکو بنەڕەتێک بۆ ڕوونکردنەوەی ناکۆکییەکانی دژەعەقڵگەراکان و ناعەقڵگەراکان لەگەڵ مارکسیزمدا کارایان نییە، لەبەرئەوەی هەموو ئەوانە لەسەر بنەمای عەقلانییەت و عەقڵگەرایی هەڵکەوتوون و ناتوانن وڵامدەرەوەی ئەو تانانە بن کە مارکسیزم وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی عەقڵگەراکان سەیردەکات.

ئەمجۆرە گرفتانە و دەربڕینی زانستییانەی ئەوانە لە مێژوویی مارکسیزم و ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە دراونەتە پاڵ مارکسیزم، بووەتە زەمینەیەک بۆ بیرکردنەوە لەبارەی مۆدێلێکی ترەوە. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە هەموو ئەو مۆدێلانەی سەرەوە خۆیان لەبەرانبەر پرسیاری «چییەتی»دا بینیوەتەوە و بەشوێن «ماهییەت»ـی مارکسیزمەوە بوون. بەهۆی هەڵگرتنی پرسیاری چییەتییەوە و هەوڵدان بۆ «پێناسە»کردنی و [هاوکات] چاوەڕێکردنی وڵامێکی پۆزەتیڤ و سیستەماتیک [بۆ پرسیارەکە]، لە دەرەنجامدا جگە لە «پێناسە» و «سیستەم» بە هیچی تر نەگەیشتوون. ڕەنگە دروست تر ئەوە بایە لە پرسیاری «کێیەتی»ـەوە دەستمان پێکردایە و بەشوێن «شوناس»ـەوە باین. بەدەربڕینێکی تر، مارکسیزمان وەکو «دەربڕینی تیۆری» بزوتنەوەی واقیعی ببینیایە: سەرەتا بمانپرسیبا، «مارکسی چی دەکات؟»، لەوەوە بگەیشتینایە بەو دەرەنجامەی کە «مارکسی کێیە؟» و دواجار بگەیشتینایە بە نیمچەپێناسەی[١٥] «مارکسیزم چییە؟».

بۆ ئەم کارە لەڕووی تیۆرییەوە دوو زەمینەی تۆکمە لە

١٥: pseudo definition

ئارادایە. یەكێكیان پراكتیكی تیۆری ماركس، كە ئەویان گەیاندە ئەو دەرەنجامەی كە مرۆڤەكان لەڕێگەی ئایدۆلۆژیاكانەوە بەرانبەر ناكۆكییەكانی جوڵەی مێژوویی-كۆمەڵایەتی هۆشیاردەبنەوە و تێیدا دەژین؛ دووەم پراكتیكی تیۆری چوار مۆدێلەكەی سەرەوە: سێ بنەڕەتی سەرەكی ئەوانە بریتین لە؛ پێشتریێتی ئۆنتۆلۆژییانەی سروشت بەسەر مرۆڤدا، بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجی ژیان وەكو مەرجی مانەوە و بەهابەخشین بە چەمكی ئازادی وەكو «پرسی چاكە» و دیلێتی وەكو «پرسی خراپە». لەم سێ بنەڕەتەدا تەنیا بنەڕەتی دووەم بەبێمیدیۆم و نێوانگر واقیعییە. یەكەمیان بەبێ گریمانەكردنی بنەڕەتی دووەم بێ«مانا»یە و بنەڕەتی سێیەم تەنیا بەپشتبەستن بە «بوون»ـی مرۆڤ قابیلی وێناكردنە.

كەواتە دەشێت مۆدێلێك تەسەوربكرێت كە بەگوێرەی ئەو مۆدێلە ماركسیزم شتێك نییە جگە لە ماتریالیزمی مێژوویی و بە دەربڕینێكی ڕوونتر؛ ماركسیزم هیچ نییە جگە لە ڕەخنەی تیۆری و پراكتیكی فۆرمەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤ و لەوێشەوە دەربڕینی پراكتیكی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە. لەم قۆناغەی ئێستای ژیانی كۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤدا، ماركسیزم شتێك بەدەر لە پراكتیكی ڕەخنەی سەرمایەداری نییە.

ئەگەر ئەم مۆدێلە بەڕادی پێویست تۆكمە بێت — و هەوڵەكانی حەفتا ساڵەی ڕابردوو هێشتا بەتەواوی دەرەقەتی ئەم ئەركە نەهاتوون — ئەوكات هەڵگری ئەو توانایەیە كە بتوانێت ئەمانە ڕوونكاتەوە:

– بۆچی ماركسیزم توشی سەرەگێژەی زانستبوون یان فەلسەفەبوون بووە: لەبەرئەوەی ناچار بووە دیاردەیەكی تازە

بەناوە کۆنەکانەوە ناوبنێت.

- بۆچی مارکسیزم چوارچێوەی جیهانبینی وەرگرتوە: لەبەرئەوەی پرسیاری «چییەتی» شتێک جگە لە «پێناسە» و وڵامێکی سیستەماتیک و پۆزەتیڤی لێناکەوێتەوە.

- بۆچی مارکسیزم بووە بە گشتێکی ئۆرگانیکی؛ لەبەرئەوەی زاگەکەی واتە پراکتیکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤ، تاقانە و بێهاوتایە.

- بۆچی مارکسیزم شێوەی کەتەگۆرییە پێشئەزمونییەکانی وەرگرتوە: لەبەرئەوەی دەربڕینی تیۆری، نیسبەت بە پراکتیکی دواتر پێشدەکەوێت.

- بۆچی مارکسیزم چوارچێوەی سیستەمی ئەکسیۆماتیکی وەرگرتوە: لەبەرئەوەی چوارچێوەی «پێناسە» بەناچار ڕۆنانی ئەرگومێنتکاری-قیاسی وەردەگرێت.

- بۆچی مارکسیزم دەتوانێت لە بەرانبەر تانەی دژەعەقڵگەرایی‌دا خۆڕاگر بێت: لەبەرئەوەی عەقڵ، مێژوویی دەکاتەوە و جۆرە تێگەیشتنێکی لە عەقڵ لەخۆگرتوە کە دژەعەقڵگەراییش لەخۆدەگرێت.

بەگوێرەی ئەم مۆدێلە؛ مارکسیزم نە زانستە و نە فەلسەفەیە. شتێکی نوێیە، کە دەکرێت ناوێکی تری لێبنرێت: **ڕەخنە.** لەبەرئەوەی خودی ناوەکە تازە نییە، بۆیە سەرەتا دەبێت لە مانا تەقلیدییەکەی داماڵرێت.

ئەلێگۆرییەک بۆ [ڕوونکردنەوەی] مارکسیزم — و جەختدەکەمەوە: پێناسە یان مۆدێلێکی بەڵگەهێنانەوەیی ناڵێم، بەڵکو تەنیا ئەلێگۆرییەک بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن دەکرێت

لەودیو سنورەکانی پێناسەی زانست، فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاوە دەشێت ئاماژە بە شتێکی تر بدرێت – دەکرێت زمان بێت.

ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هەرکام لە زانست، فەلسەفە، ئەخلاق و هونەر هەرکامیان زمانێکی جیاواز بن، ئەوا مارکسیزم زمانێکی ترە. ئەگەرچی زمانەکان سنورێکیان هەیە کە لەیەکترییان جیادەکاتەوە، بەڵام تاقانەییان نابێتە هۆی ئەوەی سیستەمی [پڕ و داخراو] و گشتێتی[پۆزەتیڤ] بن. زمانەکان هەندێکیان نزیکترن لەیەکتری و هەندێکی تریان لەیەکتری دوورترن. مارکسیزم چ وەکو «ڕێساکان» و چ وەکو وشەکان و دەربڕینەکان، لە زمانەکانی تر دەچێت: دەگۆڕێت، فراوان دەبێت، وشەکانی مانای نوێ وەردەگرن، کۆنە و مەتروکە دەبن. مارکسیزم زمانێکە کە مارکسییەکان قسەی پێدەکەن و زیندوویێتی و بەگوڕوجوڵەبوونی وەکو هەر زمانێکی تر، پەیوەستە بە پراکتیکی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن. هەر وەکچۆن بۆ نمونە فراوانبوونەوەی هەندێ لەو زمانانەی کە قسەی پێدەکرێت لە جیهاندا بەگوێرەی ئاست و هێزی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری، بەربڵاو و فراوان و جێگەی سیقەن، فراوانی «زمان»ی مارکسیزم پەیوەستە بە ئاست و هێزی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی دژە سەرمایەداری.

کارایی مۆدێلی ڕەخنە، پێویستی بە تۆکمەکردنی جۆرییە و خودی ئەمەش پەیوەستە بە جێهێشتن و دورکەوتنەوە لە مۆدێلە سیستەمخواز و پۆزەتیڤەکان، هاوکات دەستبەرداربوونی ئەو مۆدێلانە، پەیوەستدەبێت بە ئاستی بەرەوپێشچوونی تۆکمەکردنی ڕەخنەوە. ئەم پارادۆکسە، ماهییەتی ڕەخنەیە. لەناوەوە دەیبزوێنێ و لەدەرەوە دەیجوڵێنێ.

*ئەم نوسینە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٨دا بڵاوبۆیەوە.

سەرچاوە:

مارکسیسم‌ها و نقد، کمال خسروی (سایت: www.pecritique.com)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ڕاڤە نوێیەکانی کتێبی سەرمایە

ژاک بیدە

پێشەکی و وەرگێڕان: زەردەشت نورەدین

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ئەوەی کە کتێبی سەرمایە یان خودی مارکس تیۆری ئابووری دەخاتەڕوو؛ پرسێکی ئێجگار موناقەشەهەڵگرە؛ یەکەم، لەبەرئەوەی مارکس خۆی **ڕەخنەی** ئابووریی سیاسی یان **ڕەخنەی** خودی ئەو بوارە(یان زانستە) دەکات کە پێی دەوترێت «ئابووری»؛ واتە **ڕەخنەی** ئابووری دەکات. ئەمەش وادەکات قسەکردن لە ئابووریی مارکسی، ئابووریی سیاسیی مارکسی یان ئەو بانگەشەیەی کە «مارکس، تیۆری ئابووری دەخاتەڕوو» پارادۆکسیکاڵ بێت. دووەەم، ئەگەر ڕەخنەکانی مارکس لە ئابووریی سیاسی و ئابووری، بە تووناتوونێک بچوێنین؛ ئەوا هەرکەسێک بچێتەناو تووناتوونەکەوە و – ئەگەر – لەوسەرەوە دەرچێت؛ بۆ ئەو، ئیدی ئابووری، «ئابووری» نییە و ئەوەی پێی دەوترێت ئابووریی سیاسی هەرەس دەهێنێت. لەم حاڵەتەدا ئەو شتەی زۆرترین ئەگەری سەرلێشێواندن دەهێنێتەئاراوە؛ خودی «ئابووری» نییە وەک بوارێک یان زانستێک – لەبەرئەوەی پێشوەختە لە ڕێگەی ڕەخنەکانییەوە، سنورەکانی کێشراون – بەڵکو ئەو چەمکانەیە کە لەناو ئەو بوارەدا بەرهەمهاتووە و مارکسیش کاریان پێدەکات. تەنگژەکە لە پەیوەند بەم بابەتەوە لێرەدا دروستدەبێت؛ خودی چەمکەکان لە نیگای یەکەمدا، یان لە مانا فەرهەنگییەکەیاندا هەمان شتن بەڵام لەبەکارهێنانەکانی مارکس‌دا ناواخنی نوێ، پانتایی نوێ و ئیمکانی نوێ دەچێتەسەریان و هاوکات کۆمەڵێ ڕەگەزیان لێدادەشکێنێت. ئەم پرۆسەی لێداشکاندن و خستنەسەرەی چەمکەکان لەلایەن مارکسەوە کە هێدی هێدی و ئاست بە ئاست دەڕواتەپێشێ، سەرلەبەری ئابووریی سیاسی و خودی ئابووری – کە لەوسەری تووناتوونەکەوە هاتینەدەرەوە – بە کرۆکی چەمکەکانیشەوە کە پێشتر هەیانبووە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوەی لەدوای ئەم پرۆسەیەوە دروستدەبێتەوە موناقەشەهەڵگرە ناوی

بنێین «تیۆری ئابووری»، لەبەرئەوەی ئابووری یان ئابووریی سیاسی پێشتر هەبوو و دوای مارکسیش هەبووە و هەیە. بەنەتیجە زیاتر توشی ئیشکالییەت دەبین؛ ئەگەر بێتو باس لە ئابووریی مارکسی یان ئابووریی سیاسیی مارکسی بکەین. لە کارەکانی خودی مارکس‌دا دەشێت باس لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسی بکرێت کە ناونیشانی دووەمی کتێبی سەرمایەشە. دواجار ڕەنگە بۆ ڕوونکردنەوە یان باسکردنی بابەتێک لەپەیوەند بە مارکس و مارکسیزمەوە؛ دەستەواژەی وەک «ئابووریی مارکسی» یان «ئابووریی سیاسیی مارکسی» بەکاربهێنرێت یان ئینتیما لەناو مارکسیزم‌دا هەبێت – کە هەیە وەکو قوتابخانەی ژاپۆنی مارکسی «کۆزۆ ئۆنۆ» و یەکێکە لە قوتابخانە هاوچەرخە دیارەکانی خوێندنەوەی سەرمایە یان مارکس) – داکۆکییان لێبکات، بەڵام دەقیق نین.(و-کوردی)

* * *

کتێبی **سەرمایە**، تیۆرێکی «ئابووری» دەخاتەڕوو. سەرەڕای ئەمە، ئەو سەرلەنوێ ڕاڤانەی کە ئاماژەیان پێدەدەم، لە بەرهەمی فەیلەسوفانەوە وەرگیراوە. ئەم پارادۆکسە بەهۆی ئەوەوەیە کە مامەڵەی مارکس، لەگەڵ زانستی ئابووری‌دا وەکو، بەشێکی ئەبستراک و نامێژوویی نەبووە؛ بەڵکو وەک [ئەوەی لەگەڵ] زانستێکی کۆمەڵایەتی مامەڵە دەکات بەجۆرێک کە بەناو سەرجەمێتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، تەکنۆلۆژی، مافی و سیاسی‌دا گوزەربکات. بەنەتیجە ئەم ڕاڤانە، هاوکات هەم [خودی] «ئابووری»ی مارکسی لەخۆدەگرێت و هەم ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییەش لەخۆدەگرێت کە ئابووریی مارکسی لە هەموو دەلالەتە ئیپستمۆلۆژی و فەلسەفیەکانیدا وەک پێشگریمانە ئامادەیی هەیە.

بزوتنەوە دیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکارییە کەلتوورییەکان و داهێنانە تیۆرییە نوێیەکانی ئەم دەیانەی دوایی، بزوێنەری ئەم ڕاڤە تازانە بوون. ئەم ڕاڤانە، کاردانەوەی ڕۆشنبیران، بەرانبەر ئەو خوێندنەوانە نیشاندەدات کە لە «بزوتنەوەی چینی کرێکار»دا بەزۆری بە ئۆرسۆدۆکس ناودەبران. ئەم ڕاڤە نوێیانە، بەتاقیکردنەوە و دووبارە گواستنەوەی میراتی تیۆری مارکسی بۆ شێوە فەلسەفییەکانی هاوچەرخ، بەشێوەی تایبەتی خۆیان کاردەکەن.

دەتوانین سێ ئاڕاستەی سەرەکی جیاکەینەوە. یەکەم، درێژەپێدانی **نەریتی هیگڵی** بەتایبەت لەپەیوەند بە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە لە ئەڵمانیا؛ هەروەها لە ئیتالیا، فەڕانسا، ئەوروپای ناوین، ژاپۆن و هەندێ ناوچەی تر. دووەم، ئەو ڕەوتەی کە من بە **ماتریالیزمی مێژوویی** ناویان دەبەم و بەدیاریکراوی لە فەڕانسا و بەتایبەت لە ڕێگەی قوتابخانەی ئاڵتوسێرییەکانەوە چالاکە. دوایین ڕەوت و تازەترینیان، گروپی **مارکسیزمی شیکاریی**ـە[١] کە دەرخەری کاریگەریتی مارکسیزمە بەسەر کەلتوری ئینگلیزی-ئەمریکییەوە.

لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆییەکان لەسەر تێگەیشتنەکانی کتێبی سەرمایە

فەیلەسوفەکان بەبێ لەپێشچاوگرتنی کاری ئابووریناسان، کۆمەڵناسان، مێژووناسانی مارکسی ناپەڕژێنە سەر سەرمایە(یان لانیکەم نابێت ئەوە بکەن). دەستەی دووەم، لەم سیاقە تازانەدا، هەرکامیان لە پانتایی خۆیاندا، لە ڕێگەی بەگەڕخستنەوەی ئەم تیۆرییانە لە پێگەی تازەدا، لە ڕێگەی دووبارە داڕشتنەوەی چەمکەکان یان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی

١: analytical Marxism

پرسە کلاسیکییەکانەوە، سەرلەنوێ ڕاڤەیانکردوونەتەوە.

لە زانستی ئابووری‌دا دەبێت ئاماژە بە کارەکانی پانتاییە جۆراوجۆرەکان بدرێت؛ لەبارەی سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵی(باران، سوییزی، بۆکارا، مەندڵ)[٢]، لەبارەی سیستەمی جیهانی و ئاڵوگۆڕی نایەکسانەوە(ئیمانوێل، ئەمین، گۆندیر فرانک، واڵەرشتاین، ئەریگی)[٣]، لەبارەی ئیمپریالیزم(چێسنا، هارڤەی)[٤] و ئەو شیکارییانەی کە جێرارد دومەنیل و دانکەن فۆلی بۆ کێشەی «گۆڕینی بەها بۆ نرخەکانی بەرهەمهێنان» پێشنیاریان کردوە[٥]؛ ئاماژە بەو کارانە بدەین کە هاوئاڕاستەن لەگەڵ: ئیکۆلۆژیی سیاسی(ئۆ»کۆنەر، ئاڵتڤاتەر، مارتینز-ئەلییر، هاریبەی)[٦] ئابووریی بەدیل(گۆرز)[٧]، خۆبەڕێوەبەری(شوایکارت، ئەندریانی)[٨] یان «مۆدیلەکانی سۆسیالیزم»ی جیاواز(ئێلسەن، بلاکبێرن)[٩]. ئەوانەی بەشدارن، لەپەیوەند بە لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ سەرمایە: قوتابخانەی میزانکردن[١٠] (ئەگیلیتا، لاپیتز، بۆیەر)[١١]، ئابووریی ڕادیکاڵی ئەمریکی(بۆلز، گینتیز)[١٢] و قوتابخانەی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

٢: Baran and Sweezy ١٩٦٦; Boccara ١٩٧٣; Mandel ١٩٧٦

٣: Emmanuel ١٩٧٢; Amin ١٩٧٠; Frank ١٩٧٠; Wallerstein ١٩٨٠; Arrighi ١٩٩٠.

٤: Chesnais ١٩٩٧; Harvey ٢٠٠١

٥: Duménil ١٩٨٠; Foley ١٩٨٦

٦: O’Connor ١٩٩٣; Altvater ١٩٩٢; Martinez - Alier ١٩٨٧; Harribey ١٩٩٨.

٧: Gorz ١٩٩١

٨: Schweickart ١٩٩٣; Andréani ٢٠٠١

٩: Elson ١٩٩٣; Blackburn ٢٠٠٤.

١٠: regulation school

١١: Aglietta ١٩٧٩; Lipietz ١٩٨٣; Boyer ١٩٨٦ and ١٩٩٥

١٢: Bowles and Gintis ١٩٨٨ and ١٩٩٨

نیورپیکاردۆیی وەرگیراو لەسەر سرافا[١٣] (بێنێتی، کارتیلەر)[١٤]. هەروەها تێگەی «سەرمایەداریی کۆگنەتیڤ» کە بەم دواییانە درێژەپێدەرانی ئانتۆنیۆ نیگری تەرحیانکردوە، جێگەی ڕامانە.

قوتابخانەی فرانکفۆرت کە لە لێکنزکیبوونەوەی مارکسیزم و کۆمەڵناسی پێکهاتووە، وەکو بزوتنەوەی کرێکاریزمی ئیتالیا، بووە هۆی تاوتوێکردنەوەی پرسی کار، ئەو پرسەی کە کتێبی سەرمایە خاڵی دەسپێکی بوو. بوردیۆ، تێگەی مارکسی دووبارەبەرهەمهێنانەوەی گەشەپێدا، ئەریک ئۆلین ڕایت لە سیاقی مارکسیزمی شیکاریدا [پەرەیپێدا][١٥]، درێژەدان بە توێژینەوە لەمەڕ چینی کرێکار(بۆتۆمۆر و بریم، پیالۆکس و بیاود)[١٦]، دابەشکارییەکانی نێوان کرێگرتەکان(بیهر، دومەنیل، لێڤی)[١٧]، بەکاڵابوون و ملکەچوونی هێزی کار(بۆراوەی، لێبۆویتز)[١٨]، کاری ماڵەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕەگەزییەکان و پەرەسەندنی تایلۆریزم بۆ فۆردیزم و لەوێشەوە بۆ پۆستفۆردیزم(کۆریت، کوترۆ، لینهارت)[١٩]، تا سەردەمی بەکۆمپیتەربوون گشتاوە(لاژیکین) و «نەرمولاستیکیبوون»[٢٠] (ڤاکالۆلیس)[٢١] ڕۆحێکی تازەی بەبەر شیکردنەوەی چینایەتی مارکسیزمدا کرد.

١٣: Sraffa

١٤: Sraffa ١٩٦٠; Benetti and Cartelier ١٩٧٥. See also Dostaler ١٩٨٥.

١٥: Olin Wright ١٩٨٥ and ١٩٩٧.

١٦: Bottomore and Brym ١٩٩٠; Pialoux and Beaud ١٩٩٩

١٧: Bihr ١٩٨٩; Duménil and Lévy ١٩٩٤ and ٢٠٠٣

١٨: Burawoy ١٩٨٥; Lebowitz ١٩٩٢

١٩: Coriat ١٩٩٠; Coutrot ١٩٩٩; Linhart ١٩٩١

٢٠: flexibilisation

٢١: Lojkine ١٩٩٢; Vakaloulis ٢٠٠١

هەروەها دەبێت هەوڵی گەورەی مێژوونوسانیش لەبەرچاو بگیرێت، هەر لە قوتابخانەی ئانالس‌ـەوە[٢٢] بیگرە تا دەگات بە کارەکانی تۆماسۆن لەسەر چینی کرێکار[٢٣]، زاگەکانی سەرمایەداری(بۆیس، وود)[٢٤]، مێژووی خێزان(سەکۆمبی)[٢٥] و ئەوانی تر. بەتەنیشت ئەمانەشەوە شیکردنەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی ئیمانوێل تیرەی، موریس گۆدیلە و کلۆد میاسۆکس[٢٦] لەمەڕ تیۆری شێوەکانی بەرهەمهێنان، واتە هەمان ئەو تیۆرەی کە سەرمایە لە ڕێگەیەوە پارادایمی خۆی دروستدەکات. لەپاش هەموو ئەمانە هزرینەکانی یاساناسان لەبارەی بنەماکانی تیۆری یاسا (ئەو بابەتەی کە لەدوای پاشوکانیس‌ـەوە بەگوێرەی کتێبی سەرمایە خرایەڕوو) و دواجار دەربارەی سروشتی مافی‌یاسای چینی کرێگرتە [دەشێت ئاماژە بە] بەرهەکانی سۆپیۆ بکرێت کە لەدەرەوی ڕیزبەندی کارە مارکسییەکانە[٢٧].

ڕاڤەیەکی فەلسەفی دەبێت بتوانێت، ئەو پرسە ڕوونکاتەوە کە بۆچی تیۆری مارکس، توانستی هێنانەئارای؛ ئەو هەموو بەرهەمە بەرفراوانەی هەیە.

ڕاڤە دیالەکتیکییەکان

مێگا[٢٨] – چاپی تەواوی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس کە لە ساڵی ١٩٢٧ـەوە دەستی پێکردوە – ئامرازێکی حاشاهەڵنەگربووە بۆ تاوتوێکردنی شکڵگرتن و ڕاڤەی گشتگیری سەرمایە (روبین،

٢٢: Annales

٢٣: Thompson ١٩٦٣.

٢٤: Bois ٢٠٠٠; Wood ١٩٩٩.

٢٥: Seccombe ١٩٩٢ and ١٩٩٣

٢٦: Terray ١٩٧٢; Godelier ١٩٧٠; Meillassoux ١٩٧٥ and ٢٠٠٢

٢٧: Supiot ١٩٩٤.

٢٨: Mega

ڕۆسدۆلسکی، ئیل»نکۆف، ڤیگۆتسکی)[٢٩]. بڵاوبوونەوەی گرۆندریسە (لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤١) بەدیاریکراوی لە ڕاڤەی فەلسەفی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەم تەرحە سەرەتاییەدا، کە لە ساڵانی ١٨٥٧-١٨٥٨ نوسراوە، مارکس بەرنامەی «ڕەخنەی ئابووریی سیاسی» خۆی لە ڕێگەی کەتەگۆرییەکانی لۆژیکی هیگڵەوە بەبەردەوامی فراوانکرد. سەرەڕای ئەمە، لە درێژەی ئامادەکاری ڕەشنوسە یەکلەدوایەکە جۆراوجۆرەکان، تا کاتی چاپی یەکەمی بەرگی یەکەمی سەرمایە لە ساڵی ١٨٦٧ و چاپی دووەمی لە ساڵی ١٨٧٣ و چاپی فەڕەنسییەکەی ساڵانی ١٨٧٢ ١ ١٨٧٥، ئەم سیستەمی چەمکاندنی فەلسەفییە وردەوردە وەلاوەنرا. هەوڵی زۆر بۆ ڕاڤەی سەرمایە، خوازیاری زیندووکردنەوەی ئەو سیستەمە چەمکاندنەیە تا بە گوێرەی ئەو ڕێکارە سەرەتاییە و لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی مارکسی گەنجدا، دەستبکرێت بە شەرح و ڕوونکردنەوەی سەرمایە.

لە ڕۆژئاوا لە سیاقی سیاسی و فیکری کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠، بەتایبەت لەلایەن خوێندکارەکانی ئادۆرنۆوە؛ واتە ئالفێرد شمیت، هانس-گیۆرگ باکهاوس و هێلموت ڕایشێلت ڕاڤەی فەلسەفی سەرمایە بووژایەوە[٣٠]. لەو سەردەمەدا گرووپەکانی لێکۆڵینەوە و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی مەیلەو سەرمایە بڵاوبوونەوە(هاوگ، گۆلەر)[٣١]. هەروەها پانتاییەکی فراوانی توێژینەوە، بە ناواخنێکی دیالەکتیکییەوە لە ئیتالیادا سەریهەڵدا کە لایەزال تا ئەمڕۆ بەردەوامە و هاوڕێک لەگەڵ نەریتی گرامشیدا فەلسەفە و سیاسەت پێکەوە تێکهەڵکێشدەکەن

٢٩: Rubin ١٩٧٢; Rosdolsky ١٩٧٧; Il’enkov ١٩٨٢; Vygodskij ١٩٧٣ and ١٩٧٦

٣٠: Schmidt ١٩٧١; Backhaus ١٩٩٧; Reichelt ١٩٧٠.

٣١: Haug ١٩٧٤; Ghler ١٩٨٠.

و بەزۆری ئاماژەی کاریگەریێتی لۆکاچیان پێوەدیارە: کلۆدیۆ ناپیلۆنی، ماریۆ دال پرا، ئالبێرتۆ گایانۆ، ئینریکۆ گراسی، رۆبێرتۆ فینێلی، ستێفانۆ گارونی، ئێلساندرۆ مازۆنی، رۆبێرتۆ فینێچی[٣٢]. بەهەمانشێوە لە فەڕانسا لەئارادایە، بەناواخنێکی لەوجۆرەوە لە کارەکانی: ژاک دو»هونێت، سولانژ مرسیە-یوسا، لوسین سیو، روی فاوستۆ، ئیمانوێل ڕێنۆ و ژان-ماری ڤینسێنت[٣٣]. ئەو ڕەوتەی کە بەشێوەیەکی ئاشکراتر لە لۆکاچ ئیلهامی وەرگرتبوو، [کەسانی وەکو] کارل کوسیک، ستیڤان مەزارۆش و ئەگنیس هێلەر لە ئەورووپای ناویندا سەرپێیانخستبوو[٣٤]. کارەکانی تر بەتایبەتی لە ئەمریکای باشووردا، کە تاڕادەیەک لە فەلسەفەکانی ڕزگارییەوە ئیلهامیان وەرگرتبوو، وەکو بەرهەمەکانی: ئینریکی دوسێل دەکرێت لەپەیوەند بەم بوارەوە بزانرێت[٣٥]. سەرەڕای ئەمانە قوتابخانەیەکی ژاپۆنی گرنگیش لەئارادایە(هەر لە کۆزۆ ئۆنۆ – ئەو کەسەی کە دیالەکتیکی بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەکارهێنا – تا هیرۆماتسو، ئۆشیدا و ... هتد) لەسەر بنەمای سەرنجدان و ئینتیما بۆ مارکسیزم کە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی ١٩٣٠ و کاریگەری فەلسەفەی ئەڵمانی[٣٦]. لەمڕۆدا کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک، ئیمکانی فەهمکردنی هەموو ئەم بەرهەمانەی دەستەبەرکردوە – بەدیاریکراوی کارەکانی مایکڵ هاینریش[٣٧] و بەر لەهەموو کەس رۆبێرتۆ فینیچی و هەروەها ئەو فەرهەنگە زەخمەی کە ولفگان فیتس هاوگ لە ساڵی

٣٢: Napoleoni ١٩٧٣; Dal Pra ١٩٧٧; Gajano ١٩٧٩; Grassi ١٩٧٩; Finelli ١٩٨٧; Garroni ١٩٩٧; Mazzone ٢٠٠١; Fineschi ٢٠٠١

٣٣: D’Hondt ١٩٧٢; Mercier - Josa ١٩٨٠ and ١٩٩٩; Sève ١٩٨٠; Fausto ١٩٨٦; Renault ١٩٩٥; Vincent ١٩٧٣ and ١٩٩١

٣٤: Kosik ١٩٧٦; Mészaros ١٩٧٠; Heller ١٩٧٦

٣٥: Dussel ٢٠٠١.

٣٦: Uno ١٩٨٠; Hiromatsu ١٩٧٤; Uchida ١٩٨٨

٣٧: Heinrich ١٩٩٠.

١٩٩٤ـەوە بڵاویکردۆتەوە.

ئەم نوسەرانە لەلایەک بەرانبەر خوێندنەوەی لۆژیکی-مێژوویی کاردانەویان هەیە کە لەچوارچێوەی فەلسەفەیەکی دیاریکراوی (زاڵخوازی) مێژوودا لەناو مارکسیزمە سیاسییەکان‌دا، خاوەن سوڵتە بووە؛ لەلایەکی تر بەرانبەر خوێندنەوە کەمتازۆر پراگماتیکی ئیکۆنۆمیستەکان کاردانەوەیان هەیە. شایستەگی ئەوان لەوەدا بوو کە بایەخێکی تایبەت بە زەرورەتی ڕاڤەی «لۆژیکی» - واتە تیۆری – سەرمایەیان دەدا، وەکچۆن ئاڵتوسێرییەکان لەو سەردەمەدا، ئەگەرچی بە گەڕانەوە فەلسەفییە جۆراجۆرەکانیانەوە هەمان کاریان دەکرد.

ئەم خوێندنەیەوە – کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە کارەکانی هانس گیۆرگ باکهاوس و هێلموت ڕایشێلت دەبینرێت – فەزلی دەقی چاپی یەکەمی ١٨٦٧ـی بەسەر چاپی دووەمی ١٨٧٣دا دەدا، کە هەندێجار بە دەرەنجامی «گشتپەسەندسازی»[٣٨] لەلایەن مارکسەوە دادەنرا. ئەوکات شەرحی «قورس‌فەهم» و فەلسەفی تری چاپی یەکەم کە وا وێنادەکرا لەگەڵ «میتۆدی دیالەکتیکی» مارکس زیاتر تەبادەبێت تاوەکو شەرحی «گشتفەهم»ـی چاپی دواتر، بەرانبەر یەک قوتدەبوونەوە. بەم پێیەش دەبوو ئەو مۆدیلەی کە وەکو پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ ڕاڤەی سەرمایە قەبوڵکرا، لە گرۆندریسەدا بدۆزرابایتەوە. خاڵی دەسپێک هەمان ئەو شتە بوو کە لە نوسخەی ١٨٦٧ وەکو «ناکۆکی» نێوان بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ ئاماژەی پێدرابوو. لەسەر ئەوە پێداگری دەکرا، ئامانجی ڕوونکردنەوەی مارکس ئەوە بوو، نیشانی بدات کە بازاڕ نەک تەنیا هەر ئەو شتە نییە کە لەخۆی دەیخاتەڕوو – واتە فەزایەک لە ئەکتی

٣٨: popularization

دوولایەنەی نێوان تاکە عەقلانییەکان – بەڵکو ئەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نامۆبووە دەهێنێتەئاراوە کە تێیدا بەهای بەکارهێنان لە بەشتبوونی ئەبستراکتی بەهادا قەتیس دەبێت و کار بەرانبەر ناواخنەکەی بێکاریگەر دەبێت. لە چەقی ئام شیکردنەیەوەدا «گۆڕینی کاری کۆنکریتی بۆ کاری ئەبستراکت» تێدایە کە بازاڕ دروستیکردوە. لەم سۆنگەوە ئامانجی پاژی یەکەم، تاوتوێکردنی «سوڕانەوەی سادە»یە کە دەستپێکی ڕوونکردنەوەی لۆژیکی مارکس لەمەڕ سەرمایە لێوەی بەڕێدەکەوێت: ئەم پاژە لە بازاڕەوە دەستپێدەکات، ئەو بازاڕەی کە وەکو سیستەمی گشتی ئاڵوگۆڕ دەناسرێت و دەرکەوتەی پارەیی تێیدا، ڕێک لە خودی کۆپەیوەندیی سەرمایەدارانەی بەرهەمهێنان ئەبستراک دەبێت کە شەرحکردنی ئامانجی پاژی سێیەمە. بەهەمانشێوە کە دەبینین ئەمە خاڵی بەگەڕکەوتنی ڕاڤەیە لە پێگەی گشتدا.

کەواتە جەخت لەوە دەکرێتەوە کە تیۆری مارکس؛ «تیۆری فۆرمی بەها»، واتە تیۆری بەها وەک فۆرمێکی کۆمەڵایەتییە. ئەو تێزەی کە هەندێجار لەبەرانبەر «تیۆری کاری بەها» قوتدەکرێتەوە، تیۆرێک کە بەڕواڵەت جەوهەرگەرا دەردەکەوێت. خستنەڕووی تێگەی «ئەبستراکتکردنی واقیع» لەلایەن ئالفێرد سون-ڕێتل-ەوە ئاماژەیە بەوەی کە پرسەکە تەنیا لەسەر فۆرمە ئەبستراکتەکانی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ئەم فۆرمانە، واقیعی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێناسە دەخەنەڕوو و بەکاربردنی تێگەی ئەبستراکتکردنی واقیع بەو بۆنەیەوە بووە کە تاوەکو بە «گۆڕینی کاری کۆنکرێت بۆ کاری ئەبستراکت» بایەخێکی تەواو بدەن و لەم سۆنگەوە بە سوڵتەی واقیعی کاری ئەبستراکت بەسەر کاری کۆنکرێتدا ئاماژە بدرێت. ئەم ڕێکارە دەبێتە هۆی ئەوەی تا پارە لە ئەبستراکتییەتی

خۆیدا وەکو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێکهێنەری کۆمەڵگای سەرمایەداری تاوتوێ بکرێت. ئەم ڕێکارە لە کرۆکدا، مانایەکی واقیعی بە فتیشیزمی کاڵا دەبەخشێت: ئەوەی لەئارادایە تەنیا دیاردەیەکی سوبێکتیڤ(زەینی) نییە، بەڵکو ڕێک دۆخی مرۆڤی مۆدێرن لەناو هەلومەرجی سەرمایەداری لە پێگەی ئەو کۆمەڵگایەی کە [هێزەکانی] بازاڕ لەدەرەوەی کۆنترۆڵی، بەسەریدا فەرمانڕەوایی دەکەن. بەهەمان شێوە کە مارکس لە پاژی سێیەمدا ئاماژەی پێدەدات، ئەم ناواخنە کە بەدیاریکراوی لە شیکردنەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا سۆراخکراوە، بۆتە هۆی ئەوەی ئیمکانی ئەوە فەراهەمبکات کە لەو خوێندنەوەیە زیاتر هەڵکشێت کە دەرهێنانی چەندێتی زێدەبەها بە بنەما وەردەگرێت. بەنەتیجە، ئەمە ئیمکانی فەهمی ئەوەی فەراهەمکردوە کە چەوساندنەوە، هەروەها پەیوەندیی سوڵتەشە[٣٩]، بەڵام ئەمە ئەو خەسڵەتە دیاریکراوەش بەبەراورد بە سیستەمە چینایەتییەکانی پێشوتر لەخۆدەگرێت کە دەتوانرێت ئەوە فەهمکرێت، چەوساندنەوە، نەک لە درێژەی کەڵەکەی بەهای بەکارهێنان‌دا بەڵکو هاوئاڕاستەیە لەگەڵ کەڵەکەکردنی سامانی ئەبستراکت(زێدەبەها)یە بە چاوپۆشین لە ناوەڕۆکە کۆنکرێتییەکەی. ئەم ڕاستییە تەنیا دەرخەری ئەوە نییە کە سەرمایەداری دژ بە بەرژەوەندی ئەو کرێکارانەیە کە دەیانچەوسێنێتەوە، بەڵکو هیچ گوێی لە کاریگەرییە[سەلبییە]کانی بەرهەمهێنانی مادی لەسەر سروشت و هەموو بوونەوەرانی تر نییە.

بەم پێیەش ئەگەر بکرێت بەدروستی ئاڕاستەی گشتی ئەو خوێندنەوانە پوختەکرێت کە لەسەر ڕەگەزی دیالەکتیکی جەختدەکەنەوە، ئەوا دەشێت لەوە تێبگەین کە بۆچی ئەوان

٣٩: domination

توانیانە ڕۆڵی فەلسەفی بەرچاو، لە ڕەخنەی مارکسیانەی سەرمایەداری بگێڕن، ئەم ڕۆڵە هاوکاری ڕەخنەی مارکسی بووە لە شوێنگرتنەوەی نواندنەوەی نوقسان لە کۆپەیوەندیی سەرمایەداری؛ هەم گۆڕینی چەندێتییەکەی بە دەرهێنانی سادەی زێدە و هەم نواندنەوەگەلی فۆرمان و نەوعییەکەی بە گوێرەی سوڵتە. ئەمە پرسی بنەڕەتی ئەبستراکت دەهێنێتەگۆڕێ کە توانستی ڕادیکاڵیزمی تەواوی ڕەخنەی مارکس لە کاڵا و نامۆبوونی سەرمایەداری و هاوچەرخبوونی تاقانەیی ئەو برگەیە دەخاتەڕوو کە سەرمایەداری لە ڕێگەی دروستکردنی پێویستییەکانەوە و کۆتکردنی ئارەزووەکانەوە، هێزی خۆی نمایشدەکات؛ واتە بە توانایی خۆی لە دەستبەسەراگرتنی هەمان پێناسەی بەهای بەکارهێنانەوە نمایش دەکات و ئەمە لەگەڵ ئەو لۆژیکەدا دێتەوە یەک کە هەلومەرجی سەرەتایی کردەی هەڵسەنگێنراوی مرۆڤ لە پەیوەند بە «سروشت»ـەوە دەخاتەمەترسییەوە و لەگەڵ ئەو بەرهەمهێنانە دێتەوە یەک کە سەرەنجام بە وێرانی کۆتایی دێت.

ئەم پوختە نمونەییە ئاماژە نادات بە «عەقیدەیەکی» جێگر کە لەگەڵ ئینتیما «هیگڵی»ـەکان هاوبەشێتی هەیە، چ لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە ئیلهامی وەرگرتبێت و یان لەسەر بنەڕەتی گروپە سەربەخۆکان. تەنیا وادێتەپێشچاوم کە ئەمانە ئەو ڕەگەزانەن کە بەجیا لە پشک و هەوڵی هەر نوسەرێکی دیاریکراو، دەتوانین تێیاندا ڕۆحی گشتی کاریگەر بنوێنینەوە و هەر لە بنەڕەتەوە ئەو پاڵنەرە ڕوخێنەرانە کە بۆ نەوە تازەکان هەڵیگرتوە ڕوونکەینەوە و پەیوەندیی نێوان نەریتی مارکسی و ڕەوتە هاوچەرخەکان بپارێزین کە تەحەدای بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن دەکەن: لە هەڵوێستگەراییەوە تا ڕەخنەی کار،

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ژیانی ڕۆژانە، کەلتور و ئیکۆلۆژی. ئەمە میراتێکی پڕ بەرهەمە کە نابێت فەرامۆش بکرێت.

دەکرێت لە کارەکانی نوسەرە بەریتانی-ئەمریکییەکاندا ئەو بەرهەمانە ببینرێت کە سەبارەت بە پەیوەندیی مارکس-هیگڵن. دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی تۆماس سکین، بێرتل ئۆلمەن، فرێد مۆزلی(لەگەڵ سمیت، مۆرای و رویتن)، کریس ئارسەر و مارکینی بدەین[٤٠]. هەندێ لەوانە ناوی «مارکسیزمی هیگڵی نوێ»یان هەڵبژاردوە. هەندێکیان، وەکو ئارسەر، پڕۆژەیەکی دیاریکراوتر بەناوی **دیالەکتیکی نوێ**یان بۆ خۆیان پێناسەکردوە. ئەوان بۆ ڕاڤەی سەرمایە «دیالەکتیکی سیستەماتیک»ی لۆژیک، بە بنەما وەردەگرن کە بەمانای تیۆری «سیستەمی» سەرمایەداری فەهمدەکرێت. ئەم گریمانەیە تاڕادەیەک کۆنە(دەکرێت بەراورد بکرێت بە بەرهەمی فینیچی) بەڵام لێرەدا ئەم گریمانەیە بابەتی فراوانبوونی سیستەماتیکییە کە تا ئەوپەڕی خۆی دەڕوات(بڕوانە [کارەکانی] سکین). ڕاستە کە فۆرمە دیالەکتیکییەکان بەئاشکراو و بەشاراوەیی، هەمیشە و هەموو کات لە **سەرمایەدا** بوونیان هەیە. لەم سۆنگەوە ئەم جۆرە ڕاڤە فەلسەفییە تیشکدەخاتە سەر هەندێ لە تیۆریزەکردنەکانی مارکس. ئەوەی کە موناقەشەئامێز دەمێنێتەوە ئەو ئایدیایەیە کە چوارچێوەی گشتی «زانستی لۆژیک»، هاوکات لە «تیۆری شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری»یش دەبێت کەشف بکرێت. ئەگەرچی هەندێ لە لێکچونەکان ڕوون و ئاشکرا بن ئەوا دیسان ئەم ئایدیایە موناقەشەهەڵگرە. دژەئەرگومێنتەکەی لەسەر ئەو واقیعە ڕاوەستاوە کە جێکەوتبوونی چەمکەکانی **لۆژیک** و چەمکەکانی **سەرمایە**، دەکەوێتەوە سەر دانەرەکەی،

٤٠: Sekine ١٩٨٤–٦; Ollman ١٩٩٢ and ٢٠٠٥; Moseley ١٩٩٣; Arthur ٢٠٠٢; Meaney ٢٠٠٢.

بابەتی ڕاڤەکان تەواو ناجۆر و ڕەتکەرەوەی یەکن؛ ئەو ڕاڤانەی کە دەیانەوێت ئەم پڕۆژەیە بە پرۆبلەماتیک کۆتایی بهێنن.

لە تۆماری هیگڵییەکاندا دەبێت ئاماژە بە توێژینەوەکانی تر بدەین، وەکو لێکۆڵینەوەی کۆلێتی کە دواجار لەگەڵ هەڵوێستەکانی پۆپەردا یەکی دەگرتەوە[٤١]، یان لێکۆڵینەوەی دەنی کە تیۆری سەرمایەی ڕەتدەکردەوە و دیالەکتیکی **گرۆندریسەی** هەڵدەبژارد[٤٢]. بەڵام فەلسەفەگەلی تریش هاتنەئاراوە بۆ نمونە فینۆمینۆلۆژیا، بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی هێنری کە خوێندنەوەیەک بۆ سەرمایە پێشنیار دەکات کە دەقە سەرەتاییەکان یان دەقەکانی مارکسی گەنج بە بنەما وەردەگرێت و ناکۆکی نێوان کاری ئەبستراکت و سوبێکتیڤیتەی ئۆرگانیکی پراکسیسی تاکەکەسی بەچەق وەردەگرێت[٤٣]. ئەم کارە بۆ بەشدارییەکانی درێداش هاوشێوەیە کە بە سودبینین لە فیگەری «تارمایی»، دەقی مارکس دەخاتە ناو تاقیگەی ڕەخنەی هەڵوەشانەوەگەراییەوە[٤٤]. نیگری بە گەڕانەوە بۆ سپینۆزا و دۆلۆز، لە گۆشەی «هێزی مەڵتیتود»ـەوە پرسی موناقەشەسازی خستۆتەڕوو سەرەڕای ئەوەی لە چەمکەکانی شیکردنەوەی مارکسی مەودای زۆری هەیە؛ ئەو شیکردنەوانەی کە بە چەمکەکانی بەها و بەرهەمهێنان دەستپێدەکات و بەباوەڕی نیگری لە ڕێگەی گشتاندنی کاری زەینییەوە یان «کاری نامادی»ـەوە دەڕواتە ژێر پرسیارەوە[٤٥].

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

٤١: Colletti ١٩٧٣ and ١٩٨٠.
٤٢: Denis ١٩٨٠.
٤٣: Henry ١٩٧٦
٤٤: Derrida ١٩٩٤.
٤٥: Negri ١٩٩١; Hardt and Negri ٢٠٠٠ and ٢٠٠٤.

کێشـەکانی ئەو ڕاڤانەی لەسـەر گرۆندریسـە کراون

تا ئێستا ئەوە دەستنیشانکراوە کە هەرچۆنێک بێت، کاتێک کە لە گرۆندریسەوە ڕاڤەی سەرمایە کرابێت، ژمارەیەکی دیاریکراو کێشە دامێنی ئەم ڕێکارە هیگڵییە دەگرن. سەرەتا زەمینەگەلی گومان لەمبارەوە لەئارادان کە باشترین شێوە بۆ ڕوونکردنەوەی دەقی کۆتایی بێت کە سود لە «ڕەشنوسی خاو»ی سەرەتایی ببینرێت ئەگەرچی درەوشاوەش بێت. کاتێک کە بەم جۆرە دەستپێدەکەین، زۆرجار دەرەنجامەکە بە گوێرەی سەرچاوەی گریمانەیی پاساو دەدەین. ئەو ڕاستییە لەپێشچاو ناگرین کە مارکس داڕشتنەوەیەکی نوێ بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی دەقی پێشووتر، سەبارەت بە هەمان بابەت نوسیوە. هەروەها چاو لە ئاستی ئەو ڕاستییەش دادەپۆشین کە ئەوەی کە لەبارەی مارکسەوە ڕوویداوە بۆ هەموو لێکۆڵەرێکی ڕاستەقینە ڕوودەدات: ئەو ڕووبەڕووی ئەو پرسانە دەبێتەوە کە هێشتا تێگەیشتنی ناڕوونی لەمەڕیان هەیە و مژۆڵی دەستوپەنجە نەرمکردنە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە لە کەلتوری خۆیدا لەئارادایە. کەواتە مارکس، لە درێژەی تەرحی گشتی و شیکردنەوەی تایبەتی خۆی، لە هەر ئاستێکدا لە کەرەستەی‌کاری هیگڵی سود دەبینێت، بەو ئامانجەی کە بەناو فەزاگەلی نوێی تیۆری‌دا گوزەر بکات و ئەو پرسیارە تیۆرییانەی کە وردە وردە لەبەرچاوی دەردەکەون دابڕێژێتەوە. ئەمە هەمان ئەو ڕۆڵەیە کە تاقیکردنەوە لە لێکۆڵینەوەی تیۆری‌دا دەیبینێت. کاتێک کە مارکس ژمارەیەکی دیاریکراو لە چەمکەکان، جیاکارییەکان و دەرەنجامەکان کە لە **لۆژیکی** هیگڵەوە ئیلهامی وەرگرتبوو وەلاوە دەنێت – ئەمەش بەڕوونی دەبینرێت کاتێک لە ڕەشنوسێکەوە بەرەو ڕەشنوسێکی تر

دەروات – بەبەردەوامی دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا مارکس بۆ ئەم کارە بەڵگەی شیاوی هەبووە؟ ئەمە بەمانای ئەوە نایەت مارکس پشتی لە هیگڵ کرد. هەر لاپەڕەیە لە سەرمایە، بڕێکی زۆر باش لە خەسڵەتپێدانی فەلسەفی تێدایە کە بۆ فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن و تەنانەت بۆ ئەرەستۆ گەڕانەوەی هەیە. بەڵام نمایشی دیالەکتیکی بەرجەستە لە دەقی توێژینەوەدا ڕێگە بەوە نادات ئەم بەرهەمانە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە لە شوێنێکی بەرزتردا دابنێین. بەپێچەوانەوە، دەبێت ئەو پرسیارە بخەینەڕوو کە بۆچی مارکس لە پرۆسەی تەدریجی لێکۆڵینەوەکەیدا، ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕێچارە دیالەکتیکییەکانی وەلاوەدەنێت و ئایا بەڵگەکانی مارکس بۆ ئەم کارە بە ئەندازەی کافی بەهێز بووە.

بەشێوەیەکی دیاریکراو، گۆڕانێکی یەکلاکەرەوە لە نواندنەوەی نێوان **گرۆندریسە** و **سەرمایە**دا ڕوودەدات. گرۆندریسە یان ڕەشنوسی خاو – بەوجۆرەی کە ڕاڤەکارە ئەڵمانییەکان بەخۆشییەوە دەریدەبڕن – دەبێت بە دوو بەشەوە: «بەشی پارە» کە دەپەڕژێتە سەر «سوڕانەوەی سادە» و «بەشی سەرمایە» کە دەپەڕژێتە سەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. لە بەرهەمە دواییەنەکەی مارکس‌دا، دابەشکردنێکی هاوشێوە، لە نێوان پاژی یەکەمی بەرگی یەکدا («کاڵا و پارە») لەگەڵ پاژەکانی تری سەرمایەدا دەبینرێت. بەڵام ئەم لێکچوونە داهێنانێکی بەرچاو دەشارێتەوە: پاژی یەکەمی سەرمایە چیدی ناپەڕژێتە سەر سوڕانەوەی سادە یان بەرهەمهێنانی سادە واتە پێش‌سەرمایەداری، بەڵکو خودی بەرهەمهێنانی کاڵایی بە گوێرەی چەمکی خۆی یان «بازاڕ» تاوتوێدەکات، بەڵام ئەوە بەشێوەیەکی ئەبستراکت بە سیستەمی کاڵایی بەرهەمهێنان–

سوڕانەوە ناودەبات. لەم سۆنگەوە پرسێکی نوێ سەرهەڵدەدات – پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنانی کاڵایی، لەگەڵ هەلومەرجی یاسایی-سیاسییەکەی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدیاریکراوی کە لە پاژی سێیەمدا ڕوونکراوەتەوە. بە دەربڕینێکی تر، تێزێکی دەبڵ: ئابووریی سەرمایەداری بە «ئابووریی بازاڕ» پێناسە ناکرێت؛ چەمکی ئابووریی کاڵایی لە چەمکی ئابووریی سەرمایەداری جیاکراوەتەوە. بە گوێرەی ئەم شیکارییە سەرەتاییەی مارکس، ناکرێت هیچ دەرەنجامگیرییەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی پێگەی ڕێتێچووی بازاڕ لە ئابووریی پاشسەرمایەداریدا بکرێت. پرسەکە تەنیا باسکراوە و دیمەنی بونیادنانی سۆسیالیزم لەسەر بنەڕەتی هەڵوەشاندنەوەی بازاڕ ئیدی شتێکی بەڵگە نەویست دەرناکەوێت.

بەو پێیەی ڕاڤەکاران ئەم بەرەوپێشچوونە یەکلاکەرەوەیە لە سازدانی تیۆری مارکس‌دا لەبەرچاو ناگرن، ئەو ڕاڤانەی سەرمایە کە پشتیان بە گرۆندریسە بەستووە، بەزۆری ئینتیمایان بۆ ئەوە هەیە کە ئەوەی ڕەبتی بە سەرمایە و بازاڕی سەرمایەوە هەیە، ڕاستەوخۆ ڕەبتی دەکەن بە بازاڕەوە. لەم سۆنگەوە ئەو ڕووە ڕەخنەگرانەی کە لەژێر ناوی «ئەبستراک»دا دەمێنێتەوە، ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی کە ڕەخنەی سەرمایەدارییە لەبیردەکات، ئەویش لەو شوێنەدا کە پرۆسەی بەرهەمهێنان(بەوجۆرەی کە مارکس ڕوونی دەکاتەوە) سامانی ئەبستراکت لەخۆدا دەکاتە ئامانج. شتێک کە بەگوێرەی خودی چەمکی بەرهەمهێنانی کاڵایی کە لە پاژی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە، ناکرێت لەبەرەی ئەوەوە بگوترێت. سەرەڕای ئەمە، لە دوایین ڕەشنوس‌دا لەم ئاستە [لە شیکردنەوە] چەمکی «ناکۆکیی نێوان بەهای بەکارهێنان و بەها» دەخرێتە ئەولاوە

و چەمکی کاری ئەبستراکت لە نواندنەوەی عەقلانیدا تێهەڵکێش دەبێت.

دواجار بۆ ڕاڤە تەواو دیالەکتیکییەکان زۆر قورسە کە نەپەڕژێنە سەر «دیالەکتیکی مێژوو». ئەوە ڕاستە کە دەکرێت ئەم ئینتیمایە لە خودی دەقی سەرمایەدا ببینرێت کە لە فۆرمی بازاڕدا – عەقڵانییەتی نێوکەسی[٤٦] – دەستپێدەکات و لە فۆرمی سۆسیالیزم لە پێگەی عەقڵانییەتی کۆمەڵایەتی-ناوەندی[٤٧] لەسەر بنەڕەتی ڕێکخستنی بەرنامەڕێژکراو کۆتایی پێدێت.

نەریتی ماتریالیزمی مێژوویی

لە دەیەی ١٩٦٠ بەدواوە، ڕێک کاردانەوەیەکی «دژەهیگڵی» بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێ لە فەرانسا، بەدەوری ئاڵتوسێر و قوتابییەکانییەوە؛ بەتایبەت ئێتین بالیبار و پییەر ماشێری[٤٨]. بێگومان گرنگترین بەرهەمەکانی تر لەم ڕوانگەوە، بەرهەمەکانی بالیبارە لەمەڕ ماتریالزیمی مێژوویی و فەلسەفەی مارکس. لە سەرانسەری جیهاندا، لێکۆڵەران تاڕادەیەک ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم خوێندنەوە نوێیە بۆ مارکس لە فەلسەفە و زانستە مرۆییەکاندا هەبووە. دەبێت چاویبدرێتێت کە هاوکات لە ئیتالیا ڕوانگەیەک تەشەنەدەسەنێت و فراوان دەبێتەوە – لەلایەن دلا ولپە – کە کەڵکەڵەی سەرەکی خەسڵەتی زانستی کارەکانی مارکس بوو؛ هەروەها ڕەوتێکی ئێپستمۆلۆژی کە لەگەڵ لودیکۆ گیمونا بەناوبانگ بوو و ئەمڕۆ لەسەر دەستی

٤٦: inter-individual rationality

٤٧: socio-central rationality

٤٨: Althusser ١٩٦٥; Althusser et al. ١٩٩٦; Althuser and Balibar ١٩٧٠; Balibar ١٩٧٤ and١٩٩٥; Macherey ١٩٧٩. See also Duménil ١٩٧٨.

ماریۆ کینۆلی و فرانکۆ سولّدانی درێژە دەکێشێت[٤٩].

سەرهەڵدانی ڕەوتی ئالّتوسێری دەرخەری دوورکەوتنەوەیە لە مارکسیزمی کەمتازۆر فەرمی ئەو سەردەمە و فەلسەفە مێژووەکەی. پێمۆایە ئەوە ڕاسترە کە بەم ڕەوتە بلّێین «ماتریالیزمی مێژوویی» لەجیاتی ئەوەی لەژێر ناونیشانی «بونیادگەری»دا قەتیسی بکەین. لە ڕاستیدا ئەم ڕەوتە میراتگری سەرجەمی ئەو سیاقەیە کە بەشێک لە فەلسەفەی فەڕەنسی ئەو سەردەمەی بە نەریتە ماتریالیستییەکانەوە پەیوەند دەکات و پێشینەکەی بۆ چاخی ڕۆشنگەری و سپینۆزا دەگەڕێتەوە و لە شەپۆلێکی فۆرمە جیاوازەکانی ئیپستمۆلۆژیی باشلار و کانگییم و توێژینەوە هاوشێوەکانی لۆی شتراوس، بۆردیۆ، فۆکۆ یان لاکان دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم ڕەوتە هاوکار بوو لەوەی ناواخنی کارەکانی ئەم نوسەرانە(دابڕانی ئیپستمۆلۆژی، بونیاد، بەرهەمهێنانەوە، نەست و ... هتد) لەگەڵ مارکسیزم تەبا بێت [و هاوئاڕاستە بن]. لەم سۆنگەوە لینکی نوێی فەلسەفی و بەپیت لەنێوان مارکسیزم و زانستە کۆمەڵایەتییەکان شکلّی گرت. ئەوەی ئالّتوسێر هێنایەلەرزە، نواندنەوەی کۆمەڵگا بوو لە پێگەی سەرجەمێتیدا بەجۆرێک کە هەموو لەحزەکان خۆیانی تێدا دەرخەن و لە دیالەکتیکێکی سەمەرەی مێژوودا بێتەدی. بەمپێیەش، ئەو توێژینەوەکانی خۆی بە ئاقارێکی مەعقول تردا برد کە تێیدا تایبەتێتیەکان[٥٠]، فرەخەسڵەتگرییەکان[٥١]، ناتەباییەکان[٥٢]، هاولکانییەکان[٥٣] لە پێگەی

٤٩: Cingoli ١٩٩٦; Soldani ١٩٩٢ and ٢٠٠٢.
٥٠: particularities
٥١: overdeterminations
٥٢: discrepancies
٥٣: conjunctures

خۆیاندا ڕەچاو بکرێن.

کارەکانی نەریتی ئاڵتۆسێری زۆربەی کاتەکان لە جیاتی ئەوەی دڵنیایی بداتە ئابووریزانەکان کەچی توشی گومانیان دەکات؛ سەرەڕای دوورییەکەیان، زۆرجار ئابووریزانەکان پێیان باشترە دەستبەرن بۆ ڕاڤە هیگڵییەکان، بەو چاوەڕوانییەی کە دەکرێت – بە قەوڵی ئیمەی فەڕەنسییەکان – کەمێک ڕۆحی تێدا بێت. ئاڵتۆسێر لەپەیوەند بە سەرمایەوە، لەڕاستیدا بۆ دروستکردنی پرسیار لەبارەی ئەو بەرهەمەوە، پێی خستەناو ڕێچکەیەکی دووردرێژترەوە، ڕێچکەیەک کە لەپێشتریێتی دەدا بە نابەردەوامی، تاقیکردنەوە و هەڵە، پچڕانەکان. ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە لەنێوان چەمکە فەلسەفی و کەتەگۆرییە «زانستی»ـەکاندا جیاکاری بکرێت؛ ئەمە مەرجێکە کە بۆ شیکاری پەیوەندی نێوان شێوەکانی عەقڵانییەت زەرورییە. بەشێوەیەکی گشتی تر، ئەو گوزارە دووبارەی کە لەنێوان مارکسی گەنج و مارکسی پێگەیشتوودا «دابڕانی ئیپستمۆلۆژی» هەیە بەشێوەیەکی توند دەکەوێتە بەرامبەر ئەو ئینتیما باوەوە کە پێی وایە شتێکی [وشک و یەکپارچە] بەناوی «هزری مارکس» بوونی هەیە و لە هەموو نوسینەکانی‌دا ئامادەیە، بەو مانایەی کە دەکرێت یەکێک لە دەقەکانی مارکس بە گوێرەی دەقێکی تری ڕوونبکرێتەوە و شەرحبکرێت؛ هەروەها ئەم «دابڕانە ئیپستمۆلۆژی»ـە بەشێوەکی توندوتۆڵ دەکەوێتە بەرامبەر ئەو ئینتیمایەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت و یەکلایەنە سەروکاری لەگەڵ بینای بەرەوپێشچووی سیستەمی مارکسدا هەیە. بەکورتی ئاڵتۆسێر دەخوازێت لە ڕاڤەی سەرمایەوە گوزەر بکرێت بەرەو پرسی پێداچوونەوەی زەروری سەرمایە.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشداری مارکسیزمی شیکاری

وەک چۆن جێراڵد ئالان کۆهێن دامەزرێنەری مارکسیزمی شیکاری بەریتانی-ئەمریکی ڕوونیکردۆتەوە، ئەم ڕەوتە لە دەیەی ١٩٨٠دا لە بزوێنەرەکانی دەیەیەکی پێشترەوە دەستی پێکردبوو؛ ئەو پێی وابوو دەبێت مارکسیزم لەسەر بنەڕەتی فەلسەفەی شیکاری – واتە لە ڕوانگەی ئەوەوە؛ فەلسەفەی شیکاری تاکە فەلسەفەی موعتەبەر بوو – ڕوونبکرێتەوە[٥٤]. ئەم ڕەوتە فۆرمەکانی ڕوونکردنەوەی (کارکردی، هۆیەتی، مەبەستمەندی) کە مارکس خستبوویەڕوو بە چەقی چاوخستنەسەر وەردەگرێت و پێداگری لەسەر زەرورەتی شیکردنەوە، لە گۆشەنیگای تاکگەرایی عەقڵانییەوە بەچەقدەکات. مارکسیزمی شیکاری دوو تێز لەپێشەوە دادەنێت. تێزی یەکەم، «لەپێشتریێتی هێزەکانی بەرهەمهێنانە»: ماهیەتی تایبەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە هەر ئاستێک لە گەشەی خۆیدا، کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ کارپێکردنی ڕووندەکاتەوە. تێزی دووەم، هاووێنەیی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە: کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانی دامەزراو، ئەو کۆپەیوەندییەن کە بۆ گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ کاردەکەن. ئەو باسەی کە یەکسەر دەکرێتەوە و لە ڕێگەی بەشداری جۆن ئێلستەرەوە و دەکەوێتەبەرباس[٥٥] بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای زەمینەسازی تێزی یەکەم، کە کۆهێن ڕەبتیدەکاتەوە بە عەقڵانییەتی جۆری مرۆڤ لە کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە مانا گشتییەکەیدا و لەسەر ئەو مانایە چڕبۆتەوە کە لە تێزی دووەم لەپەیوەند بە ناواخنی وەزیفەهەڵگرێتییەوە دەردەهێنرێت ناکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی بێلایەنانە پێناسە بکرێت:

٥٤: Cohen ١٩٧٨.

٥٥: Elster ١٩٨٥.

کەسان یان گروپگەلێک هەن کە خۆیان لە شیاوترین جۆری سوڵتەدا جێدەکەنەوە ئەویش تا ئەو شوێنەی کە بتوانن هەم لە بزواندنی گەشەی بەرهەمهێناندا سەرکەوتوو بن و هەم لە بەدەستەوەگرتنی هێزی کۆمەڵایەتی کە بەشێکی ناوەکییە لێی. ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە، یارمەتیدەر دەبێت لە ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییە دیارەکاندا، گۆڕانکاری وەکو بەجیهانیبوون کە لە گەشەدایە و بەشێوەیەکی بەرفراوان تر، ئەو باسانەی کە ڕەبتیان بە پەیوەندیی نێوان کردارە ئەنقەستەکان و کردارە نائەنقەستەکان لەپەیوەند بە داهێنانی کردەی مرۆڤ لە پرۆسەی مێژوویی‌دا.

جۆن ڕۆیمەر، ئابووریزان، تیۆرییەکی گشتی لەمەڕ «چەوساندنەوە» و «چین» فراوانکردوە، کە بۆ دووبارە تاوتوێکردنەوەی سەرمایە، هەندێ توخم بەردەستدەکات[٥٦]. ئەو لە دوو ئاستدا ئەم ڕێکارە دەگشتێنێت: لەلایەک بەپێکەوەنانی هاوشێوەیی نێوان چەوساندنەوە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نایەکسان و چەوساندنەوە لە ڕێگەی کۆپەیوەندیی کرێـوە و لەلایەکی تر بەبەراوردکردنی سەرمایەداری کە لەسەر تایبەتمەندییە جیاخوازییەکانی خاوەندارێتی بەندە لەگەڵ سۆسیالیزمدا کە لەسەر تایبەتمەندیی جیاخوازییەکانی توانای [مرۆڤ] ڕاوەستاوە، دەناسرێتەوە. ڕێکارەکەی ئەو ڕێگەخۆشکەربووە بۆ ئێریک ئۆلین ڕایتی کۆمەڵناس، کە دەستی داوەتە ئەم دوو چەشنە کۆپەیوەندیی چینایەتی هەبوو لە سەرمایەداریدا[٥٧]. لە چوارچێوەی فەلسەفەی شیکاری‌دا، تیۆری چەوساندنەوەی مارکس وەکو «تیۆری عەدالەت» هەڵدەسەنگێنرێت و هەر بەوشێوەیەش دەرکەوتووە[٥٨].

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

٥٦: Roemer ١٩٨٢. Bidet ٢٠٠٤ ,١٩٩٩ and ٢٠٠٧.
٥٧: Wright ١٩٨٥ and ١٩٩٧.
٥٨: Cohen ١٩٩٥.

سەرەڕای ئەم شێوە هزرینە نادیالەکتیکییە، سەرەڕای کێشەکانی وەکو تەبایی لەگەڵ میتۆدۆلۆژیی تاکگەرایی، ناکرێت بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەی مارکسەوە، هاوکار بووە لە ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێ پرسیار و هێنانەوەیان بۆ ناو کاری ڕۆشنبیری، بەتایبەت پرسیارەکانی تایبەت بە تیۆری چەوساندنەوە و چین هاوکار بووە.

ڕوانگەی گشتی: ڕاڤەی میتابونیادی

پێموایە دەکرێت ئەم هێڵە جۆراوجۆرانەی لێکۆڵینەوە پێکەوە ڕەبتکەین. لانیکەم ئەمە پرۆژەیەکە کە من لە چوارچێوەی ماتریالیزمی مێژووییدا پەرەمپێداوە و فراوانمکردۆتەوە[٥٩].

چەمکی «دابڕانی ئیپستمۆلۆژی» دەبێت لە تایبەت بە پەیوەندیی نێوان گرۆندریسە و سەرمایە بەکار ببرێت. ئەم دابڕانە، لە خوێندنەوەی پاژی یەکەمی بەرگی یەکەمی سەرمایەوە سەرچاوەدەگرێت، هاوڕێیە لەگەڵ وردبینی مارکسیزمی شیکاری و لە دەرەنجامی ڕاڤەی ئەم بەشە لە سەرمایە، (بەهەمانشێوە کە ئابووریزانە مارکسییەکان هاوتەریب بەوە باوەڕیان پێیەتی) لە پێگەی ڕوونکردنەوەی مۆدێلی ئەبستراکتی بەرهەمهێنانی عەقڵانی بازاڕەوە؛ بازاڕێک لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی تایبەت و بەنەتیجە لە هەلومەرجی کێبڕکێدا. ئەمانە ئەو هەلومەرجەن کە تێیاندا کاری کۆنکرێتی دەگۆڕێت بۆ کاری ئەبستراکت، واتە لەم ئاستە لە شیکردنەوە، بەر لە هەموو شت، «کاتی کاری پێویست بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە» دیاریکەری بەهای ئاڵوگۆڕە لەدوا ئاستدا. بەڵام ئەوەی لەئارادایە تەنیا فۆرمێک لە کۆمەڵایەتی عەقڵانی نییە. لەبەرئەوەی مارکس لەسەر ئەو بابەتە جەختدەکاتەوە کە ئەوەی

٥٩: Bidet ٢٠٠٤ ,١٩٩٩ and ٢٠٠٧.

لێرەدا وەکو پێشگریمانە خراوەتەڕوو؛ «ئازادی-یەکسانی-عەقڵانییەت»ی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنەرەکانە: بەدەربڕینێکی تر، پێشگریمانەی عەقڵ(مافی-سیاسی) بە هەمان ڕادەی تێگەیشتنی ئابووری. بەڵام لە ڕوانگەی منەوە، فۆرمێکی لەو جۆرە تەنیا بە مەرجێک ئینسیجامی هەیە کە فراوانبوونەوەی دیالەکتیکی بەخۆیەوە ببینێت. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم سێ هاوبەشە خۆیان لە پەیڕەویکردن لە قانونێکی گشتیی سروشتییەوە – واتە قانونی گشتیی سروشتی بازاڕ – پێناسە بکەن، ئیدی ناکرێت ئەوانە ئازاد-یەکسان-عەقڵانی ناوزەد بکرێن. ئەم سێ هاوبەشە، بەمانای پڕ بەپێستی وشە تەنیا بەو مەرجە دەتوانن خۆیان دوولایەنە بەوشێوەی کە هەن گریمانە بکەن بەجۆرێک دەبێت دروستکەری ئەو یاسایە بن کە پەیڕەوی لێدەکەن. ئەم چەقە کۆمەڵایەتییە هەم بە عەقڵی کۆمەڵایەتی – تەبابوونی لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی سیاسیی دیموکراسی – و هەم بە فەهمی ئابوورییەوە – لەپەیوەند بەتەبابوونی لەگەڵ پێگەی دامەزراوەگەرا و پێگەی واقیعگەرایانەی کە لە بەرانبەر دۆگمی نیوکلاسیکی بازاڕدا، خەسڵەتی تەواوکەری دوو فۆرمی سەرەتایی و دژبەری هارمۆنی کۆمەڵایەتی واتە بەرانبەر بازاڕ و ڕێکخراوەیی دەوەستێتەوە – ڕەبتی هەیە.

بەمپێیەش تێزی تیۆری مارکس هاتۆتەدی کە بەگوێرەی ئەوە، شێوەی مۆدێرنی چین لەو ڕاستیەدایە کە بنەماکەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی عەقڵانی-لۆژیکی بازاڕە و دەبێتە خاڵی بەرانبەری خۆی: کرێکاری چەوساوە و سەرکوتکراو کە ڕادەگەیەنرێت لە کۆپەیوەندیی ئاڵوگۆڕی ئازاد، یەکسان و عەقڵانی هەڵکۆڵراوە و بەم ناونیشانە جێگیرکراوە. بەڵام ئەم گریمانەیە تەنیا بەهۆی هەڵکشانەوە و هاتۆتەدی. ئەم گریمانە یان ئەم دۆخە تەنیا دەشێت لەتەبابوون لەگەڵ شێوەیەکی ئاڵۆز(بەو

شێوەیەی کە مارکس لە پێشچاوی گرت واتە بەشێوەیەک کە بە هیچ جۆرێک ناکرێت بۆ بازاڕ کورت بکرێتەوە) بەشێوەیەکی ڕێکوپێک داڕشتە بکرێت، ئەو فۆرمەی دروستکەری داستانی واقیعی مۆدێرنە کە لەسەر بنەمای ئەو [فۆرمە] دەبێت دەستکەین بە خستنەڕووی شێوەی مۆدێرنی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگا. ئەم شەرحکردن و خستنەڕووە، بەگوێرەی دوو «ڕوخسار»ـی ئابووری و یاسایی-سیاسی و دوو «جەمسەر»ـی نێوکەسی و کۆمەڵگا-مەرکەزی لەخۆدەگرێت. لەمڕووەوە تیۆری مارکس بەشێوەی تەواو لەبەرچاوگیراوە بەڵام لەسەر بنچینەیەکی فراوانتر، واقیعی تر و دیالەکتیکی تر قەبوڵکراوە.

ئەم داستانە سەرەتاییە - «بەهەشتی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی» کە مارکس لە پاژی یەکەمدا ئاماژەی پێدەدات - شێوەیەکی تەواو تەمومژاوی وجود، دۆخێکی ئەنتۆلۆژی کە تەنیا لە ڕێگەی شیکردنەوەی دیالەکتیکییەوە دەشێت فەهمبێت و بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، ئەوەی کە زاڵە، لە پێگەی ئەوەی کە **هەیە** بەڵگەنەویستانە وێنادەکرێت و ئەوەی لەژێر [هەیمەنەی] ئەو زاڵێتییەدایە؛ ئەوە لە پێگەی ئەوەی کە **دەبێت هەبێت** بەڵگەنەویستانە گریمانەدەکرێت. پەیوەندیی «سیاسی-مافی»ـی بەرهەمهێنان بۆ ئاڵوگۆڕ کە خاڵی دەستپێکی مارکسە، لە دۆخێکدا کە خاوەنداریێتی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بازاڕەوە و لێهاتووی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانەوە، بەبەردەوامی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەشبووە، تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێت بەشێوەی فۆرمێکی کۆمەڵایەتی گەردوونی سەرپێکەوێت کە وەرگەڕابێت بۆ خاڵی بەرانبەری خۆی؛ و ئەمەش لە دۆخێکدایە کە هەر ئەو پەیوەندییە «سیاسی-مافی»ـە پەیوەندییەکی ناجێکەوت لەنێوان ئەو کەسانەی کە جگەلە هێزی

کار هیچی تریان نییە و ئەوانەی کە پشکیان لە خاوەندارێتی و بەکارهێنانی سەرمایەدا هەیە بەرهەمدەهێنێتەوە. پەیوەندییەکی لەم جۆرە پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە، کە لەنێوان بونیادی سەرمایە، ناسراوە وەکو بونیادی چینایەتی و پێشگریمانەکەیدا جێگیر دەبێت. شیکردنەوە دەبێت لەم خاڵەوە دەستپێبکات واتە لەو ئاستە ئەبستراکتەوە کە ناوی «میتابونیاد»ـە. (مارکس لە چوارچێوەی «سنوردار»ـی خۆیدا ئەوەی نیشاندا کە تیۆری چەوساندنەوە ناکرێت بەبێ تیۆری بەها واتە تیۆری لۆژیکی کاڵایی ڕوونبکرێتەوە)، بەڵام ئەم پێشگریمانەیە تەنیا لە ڕێگەی پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوەیە کە گریمانە دەکرێت.

لۆژیکی سەرمایە لۆژیکی کەڵەکەکردنی سامانی ئەبستراکتە؛ لۆژیکی کۆمەڵانی کرێکار، لۆژیکی کەڵەکەکردنی سامانی کۆنکرێتییە، واتە لۆژیکی فۆرمەگەلی ئازاد و وجود هاوتا کە بەشێوەیەکی جەمعی بەرنامەڕێژکراوە. سروشتی بەجەوهەر شۆڕشگێڕانەی فۆرمی مۆدێرنی کۆمەڵگا، لەو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەوساندنەوە و سوڵتە تەنیا لە سیستەمی مۆدێرنیتەدا دەکرێت بەکاربگیرێت؛ واتە بەیاننامەی فەرمی و گشتی ئازادی-یەکسانی-عەقڵانییەت بەجۆرێکە کە بەسەر کۆنترۆڵ و ئامانجی بەرهەمهێناندا، ململانێی چینایەتی بەردەوام دەبزوێنێت.

لەم سۆنگەوە میتابونیاد بەبەردەوامی لەناو بونیاددا جێگیر دەبێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم سوڕانەوە دیالەکتیکییە نابێت وەکو دیاردەیەکی بونیادی ڕاڤە نەکرێت، بەجۆرێک کە وابێتەپێشچاو پراکتیکی بکەرەکان تەنیا لەگەڵ پێگەی ئەوان لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیدا یەکدەگرێتەوە. پراکتیکی کۆمەڵایەتی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، دواجار ئەم پێگەی مۆدێرنیتە؛ واتە

ئازادی-یەکسانی-عەقڵانییەت کە بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ دەستەودامێنی دەبن، دەبێتە ناواخنێکی سنوردار و دیاریکراو کە لەگەڵ ئینتیماکانی ئەم بونیادەدا و لە هەلومەرجی نادڵنیایی پچڕانەکاندا، هەمیشە لە دڵی ڕووداوەکانەوە دەردەکەون. ئەگەر چەمکی جیهانی، سوڕانەوەی دیالەکتیکی لەخۆ بگرێت کە ڕیشەی لەو واقیعەدا هەیە کە پێگەکانی ئازادی-یەکسانی-عەقڵانیەت لە ڕووی مێژووییەوە لەناو ململانێی چینایەتی سەرلەنوێ لەدایکدەبنەوە، لەم حاڵەتەدا ئەو ئینتیما مێژووییانە کە لەناویاندا پێداگری لەسەر بکەرێتی‌دا کراوەتەوە، ئیدی ناتوانێت بابەتی هەندێ هەڵێنجاندنی دیالەکتیکی بونیادی سەرمایەداری بن: ئەم بکرێتییانە هاوئاڕاستە بە هێڵی گۆڕانە تەکنۆلۆژییەکان دەردەکەون کە بەدوای کەڵەکەکردنی نەخوازراو و بەردەوامی ئەکتە خوازراو و زانراوەکان، چەندەها جار بە لە مەودای کاتی جیاوازدا، کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان دەبەنە ژێر پرسیارەوە. لەم سۆنگەوە تۆخمی دیالەکتیکی لە چوارچێوەی نادیالەکتیکی مێژووییەکی دیاریکراو فەهمدەبێت، ئەو مێژووەی کە دەتوانین تێیدا تەداخولکەین، تەنانەت ئەگەر لەودیو نەخشە و پرۆژەی ئێمەوە، مێژووییەکی سروشتی بمێنێتەوە کە هەر دیالەکتیکێک لەبەرانبەر فەهمکردنی‌دا دۆشدابمێنێ. بەپێچەوانەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی ڕەوتی ئۆرسۆدۆکی پێشوو، تۆخمی دیالەکتیکی ملکەچی سیستەمی ماتریالیزمی مێژووییە.

ئەم تێڕوانینە واقیعگەرایانە، دەمارگیری غایتگەرایانە و لۆژیکی-مێژوویی کە زیان بە ڕوونکردنەوەی **سەرمایە** دەدات چارەسەردەکات. ستراتیژی نوسینی بەرگی یەکەم لە ڕاستیدا، بازاڕ لە دەستپێکی لۆژیکی ڕوونکردنەوەی خۆیدا جێدەکاتەوە و دامەزراوە لە پێگەی دەرەنجامی مێژوویی بازاڕ

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

لە بەشی کۆتایی ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا جێدەکاتەوە و ئەم دامەزراوە بەری چڕبوونەوەی تەدریجی سەرمایەیە کە بە مۆنۆپۆڵە چەند جەمسەرییەکان کۆتایی دێت و لەگەڵ ئەو چینە کرێکارەی کە خۆی ئەو پرۆسەی بەرهەمهێنانەی هێناوەتەدی و بەدامەزراوەیی کردوە، دەروازەی پەڕینەوەی شۆڕشگێڕانەیە بەشێوەی ڕێکخراوەیی بەرنامەرێژکراو لەسەر ئاستی جیهانی. ئەم ڕێکارە کە جەخت لە بەڕێکخراوەییکردنی دیموکراسییانەی سەرجەم بوونی کۆمەڵایەتی لە دژی سوڵتەی چەندفۆرمی بازاڕی سەرمایەدارییە، خاڵێکی بەهێزە لە میراتی مارکسیدا. لە هەمان کاتدا ئەم بابەتە ببێتە هۆی ئەوەی، لەبیرمانچێتەوە بازاڕ و دامەزراوە کە هەردوکیان فۆرمە تەواوکەرەکانی تەباکردنی عەقلانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتین، دوو پێکهێنەری گرێدراوی چینی فۆرمی کۆمەڵگای مۆدێرن – بەوەرگەڕان بۆ خاڵی بەرانبەر خۆی – دروستدەکەن. ئەم ڕێکارە، بنەمایەک بۆ کۆپەیوەندیی پڕ بەر تر لەگەڵ ئابووریزانە مارکسییەکان، ڕەوتە فەلسەفەییەکان و کۆمەڵناسی هاوچەرخدا سازدەکات لەگەڵ سەرتاپای ئەو بزوتنەوەیەدا کە سۆراخی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای مۆدێرن دەکات.

MHF MAP HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرچاوە:

Critical Companion to Contemporary Marxism Edited by Jacques Bidet and Stathis Kouvelakis from Historical Materialism Book Series, Vol. ٢٦, Brill, ٢٠٠٨, pp. -٣٦٩

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

جۆرێکی دیکە لە سیاسەت

گفتوگۆی پیران ئازاد لەگەڵ جۆن هالەوەی

وەرگێڕان: حەمەی مەلا

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پیران ئازاد:بەوپێیەی هەموومان لەم دونیا مەترسیدارەی سەرمایەداریدا دەچەوسێنرێینەوە، پرسی گۆڕینی جیهان، پرسیاری هاوبەشی هەموومانە، تۆ ئەم گۆڕانە چۆن دەبینیت؟

جۆن هالەوەی: پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین جیهان بگۆڕین؟ وەڵامەکە زۆر زۆر سادەیە: ***ئێمە نازانین***. ئەوەی زۆر ڕوونە ئەوەیە؛ دەبێت ئێمە جیهان بگۆڕین. بۆ زۆرینەی خەڵک ڕوونە کە سەرمایەداری کارەساتە بۆ مرۆڤایەتی. شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە سەردەمی ئێستادا؛ هەژاری، نایەکسانی، توندوتیژیی و جەنگ دەهێنێتە ئاراوە و بەردەوامیش زیاتر و زیاتر دەردەکەوێت، سەرمایەداری پێشمەرجی هەبوونی مرۆڤ لەناو دەبات. بەرگەهەوا دەدڕێنێت و هەمەچەشنی ژیانی ڕووەک و ئاژەڵان بە خێراییەکی سەیر و سەمەرە لەناو دەبات.

ئێمە دەبێت ڕێگایەک بدۆزینەوە کە جیهان بە شێوازێکی ڕیشەیی(ڕادیکاڵانە) بگۆڕین. ئەمە شتێکی ئێجگار ڕوونە.

ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو کارە بکەین؟ ئێمە چۆن دەتوانین جیهان بگۆڕین؟ چۆن دەتوانین لە ڕیشەوە بیگۆڕین؟ بەهەمانشێوە کە کەمێک پێشتر وتم، ***ئێمە نازانین***. گرنگە کە بەم شێوەیە دەستپێبکەین، چونکە هەموو نەریتە شۆڕشگێڕییەکان، بۆ نمونە حزبە مارکسیستەکان دەڵێن: « بەڵێ ئێمە دەزانین! ئەمە شێوازی ئەنجامدانی گۆڕانە. فەرموون ئەمە بەرنامەی ئێمەیە. ئێمە بۆتان ڕوون دەکەینەوە چۆن کارەکان ئەنجام بدەن!». ئەمەش ئێمەی بەهیچ نەگەیاندووە و لە ڕاستیدا جیهانی نەگۆڕیوە، یان بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێت و خوازیاریین نەیگۆڕیوە. من پێموایە ئەزموونی شۆڕشی ڕوسیا و ئەزموونی شۆڕشی چین لە کۆتاییدا گۆڕان بۆ کارەساتێکی مرۆیی. لە ڕاستیدا دەبێت ئێمە دووبارە بیر بکەینەوە. پێویستە بڵێم؛ یەکەم، ئێمە

پێویستمان بە شۆڕشە، بەڵام دووەم ئەوەیە، کە ئەزموونەکانی ڕابردوو سەرکەوتوو نەبوون. ئێمە دەبێت بە شێوازێکی دیکە بیر لە شۆڕش بکەینەوە. واتای شۆڕش لە کۆندا ئەوەبوو، کە بۆ گۆڕینی جیهان بیر لە ڕێگای گرتنەدەستی«دەسەڵاتی دەوڵەتی» بکەینەوە. ئەمەش کاریگەری نەبوو. خاڵێکی گرنگ دەربارەی ئەوەی کاتێک دەڵێین: «ئێمە نازانین»، تەنیا ئەوە نییە قبوڵی بکەین وەڵامەکە نازانین، یان ئەوەی کە لە ڕووی مێژووییەوە ناتوانین وەڵامێکمان پێبێت، بەڵکو ئەمە هێشتا پرسیارێکە تا دووبارە بیربکەینەوە لەوەی کە«سیاسەت» چییە و بابەت و پرسەکانی چین. ئەگەر بڵێین دەزانین چۆن جیهان بگۆڕین، سەر لە یەک **«سیاسەتی مۆنۆلۆگ»**ەوە دەردەهێنێت. سیاسەتێک کە تێیدا ڕابەران بۆ ئەوانی دیکەی ڕوون دەکەنەوە دەبێت چی بکەن. ئەگەریش بە وتنی ئەمە کە «ئێمە نازانین چۆن ئەوە ئەنجام بدەین» دەستپێبکەین، پرسەکە دەگات بە **«سیاسەتی دیالۆگ»**. بەمپێیە کە دەڵێین ئێمە نازانین، واتە با پێکەوە بێین و کۆببینەوە تا دەربارەی ئەوە بدوێین چۆن دەتوانین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین. بەیەکەوە بیربکەینەوە، کە ئێمە دەتوانین چی بکەین تا جیهان بگۆڕین. ئەمەش دەگات بەو شتەی کە زاپاتیستەکان دەڵێن:**«دەپرسین و بە ڕێگادا دەڕۆین»**. ئێمە بە پرسیارکردن لە خەڵک بەرەوپێش دەچین نەک بە ڕێنمایی کردنی ئەوان. ئەو شێوازە کۆنەی کە ئێمە وەڵامەکە دەزانین بە **«سیاسەتی ستونی»**، سیاسەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەگات. بەڵام ئەگەر بە وتنی«نەخێر، ئێمە نازانین، بۆ ئەمە دەبێت بپرسین و بەدوای وەڵامدا بگەڕێین» دەستپێبکەین، ئەوکات ئەمە دەگات بە **«سیاسەتی ئاسۆیی»**. سیاسەتێک، کە تێیدا ئێمە بیر لە ڕێکخراوبوونێک دەکەینەوە، جۆرێک لە ڕێکخراوبوون، کە هەموو کەسێک، یان ژمارەیەکی هەرچی

زۆرتری خەڵک تێیدا بەشدار دەبن و هەمووان هاندەدرێن کە بۆچوونی خۆیان دەربڕن و بڵێن کە بیر لەچی دەکەنەوە و لە بڕیارداندا بەشداربن. لەم سۆنگەیەوە، ئێمە دەگەین بە چەمکێکی تەواو جیاواز لە«سیاسەت». بۆیە یەکەمین شتێک کە دەبێت بیڵێین، ئەگەرچی ڕەنگە گەمژانە بێتەبەرچاو، ئەوەیە کە «**ئێمە نازانین**»، ئێمە نازانین چۆن شۆڕش بەرپا بکەین. بۆیە وەرن تا بیری لێبکەینەوە. بیر لەوە بکەینەوە لە ڕابردوودا چ هەڵەیەک ڕویدا، دەربارەی ئەوە بیربکەینەوە، چۆن دەتوانین لەبارەی ئەو پرسیارەوە کە هەمانە دەستپێشخەری بکەین. ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئێمە خۆمان داوە بەدەستەوە و لێرەدا دەوەستین، بەڵکو بەو مانایەیە کە هەوڵدەدەین و پرسیارەکانی خۆمان بەرین و بەرفراوان دەکەینەوە. دەکۆشین وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، واتە هەوڵدەدەین بە دیقەتێکی زیاترەوە دەربارەی پرسیارەکە بیربکەینەوە. سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی کۆن، ئەو باوەڕەی کە«ئێمە دەزانین، ئەمە ئەو شێوازەیە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین»، پەیوەندی بەو بڕوایەوە هەیە کە «ئێمە دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرین». لە ڕاستیدا ئەمە سەروکاری لەگەڵ شێوازێکی دیاریکراو لە«دەسەڵات»دا هەیە. ئەم بڕوایە لەسەر ئەوە بنیاتنراوە، کە دەوڵەت سەنتەری دەسەڵاتی سەرمایەدارییە و ئەگەر ئێمە بتوانین دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرین، ئەوکات دەتوانین کۆمەڵگا بگۆڕین.

کاتێک ئێمە بڵێین: «نەخێر، ئێمە نازانین، دەبێت دووبارە بیربکەینەوە»، بەو مانایەیە کە دووبارە دەربارەی ئەو بڕوایەش بیر بکەینەوە کە پێی وایە دەوڵەت سەنتەری دەسەڵاتە. واتە دەبێت دەربارەی مانای دەسەڵات بیر بکەینەوە. بە بڕوای من ئەگەر جیاکاری لە نێوان دووجۆر لە پاوەر«power»دا

بکەین سودبەخش و یارمەتیدەرە. ئەم جیاکارییە، بە ڕوونی لەهەر زمانێکدا کەمێک جیاواز دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی حەتمی ئێمە لە زمانی ئینگلیزیدا «power» بە دوو مانا و دەربڕینی جیاواز بەکار دەهێنین. ئێمە «power» بە مانای هێز و لێوەشاوەیی خۆمان بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەکار دەهێنین، توانا یان هێزی ئێمە بۆ لێنانی خواردنێکی باش، توانای ئێمە لە گۆڕینی هەلومەرجی جڤات و ناوچەکەمان، هێز و توانای ئێمە بۆ ڕۆیشتن بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی تورەییمان دژبە هەشت دەوڵەتی گەورەی پیشەسازی، یان هەر شتێکی دیکە. من ئەم جۆرە لە «power» ناودەنێم **هێزی کردن**«power to do»، لە هەندێک دۆخی دیکەشدا وەک توانایی و لێوەشاوەیی باسی دەکەم. جۆرێکی دیکە لە«power»، کە باسی دەکەین، دۆخێکە کە «power» وەک دەسەڵاتی کەسێک بەسەر کەسێکی دیکەدا کاردەکات. ئەمەش بە کردەکی دژی ئەو جۆرەی دیکەی «power»ـە، چونکە **هێزی کردنی** ئێمە نەفی دەکاتەوە. ئەگەر کەسێک «power» بەسەر ئێمەدا پیادە بکات، توانای ئەوەمان نابێت ئەوەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین. ئێمە ئەم جۆرە لە «power» ناو دەنێین **دەسەڵات**«power». ئەوەی کە بونیادی سەرمایەدارییە، گۆڕینی«**هێزی کردن**»ی ئێمەیە بۆ «**دەسەڵات**» بەسەر ئێمەدا. ئێمە وەک مرۆڤ، بونەوەرانی خەللاق و داهێنەرین. ئێمە بە ئیمکانی هێزی کردن و داهێنەرانەوە دەستمان پێکرد. ئێمە دەخوڵقێنین، دەگۆڕین، کار دەکەین، کەلوپەل و شتەکان بەرهەم دەهێنین، هەلومەرجی نوێ بۆخۆمان دادەهێنین، ئێمە بەردەوام شتەکان دەگۆڕین. بۆ ئەوەی ئەم خەللاقییەتە پراکتیک بکەین، پێویستمان بەوەیە دەستمان بگاتە ئامڕازەکانی خوڵقاندن یان ئامڕازەکانی کارکردن. بەڵام لە سەرمایەداریدا کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو کۆنترۆڵی کەرەستەکانی کارکردن یان ئامڕازەکانی

بەرهەمهێنان دەكەن و لە ڕێگای ئەم كۆنترۆڵكردنەوە دەتوانن بە ئێمە بڵێن دەبێت هێزی داهێنەرانە یان«**هێزی كردن**»ی خۆمان بۆ بە ئەوپەڕگەیاندنی قازانجی سەرمایەدار بەكار بهێنین. ئەمەش گۆڕینی «**هێزی كردن**»ی ئێمەیە بۆ «**دەسەڵات**»ی ئەوان. بەڵام ئەم گۆڕانە لە ئێمەوە و لەگەڵ خەللاقییەتی ئێمەدا دەست پێدەكات و گرنگە ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە كە «**دەسەڵات**»ی ئەوان، ئاتاجی (پێویستی) بە «**هێزی كردن**»ی ئێمەیە. بەبێ هێزی كردنی ئێمە، ئەوان دەسەڵات و سوڵتەیان بەسەر ئێمەدا نەدەبوو. ئەمە بە واتای ئەوەیە كە سەرمایەداری سیستەمێكی دەستدرێژیكەر و هێرشبەرە دژ بە ئێمە، كە لەسەر دەستدرێژی ڕۆژانە و دوبارەبووەوە دادەمەزرێت. سەرمایەداری لە ڕاستیدا سیستەمێكە هەموو بەیانییەک كە لەخەو هەڵدەستین پێمان دەڵێت:«بڕۆ ئەو كارە بكە، بڕۆ بۆ كارگە و هەشت بۆ دە كاتژمێر كار بكە، بڕۆ لە زانكۆ چەند كاتژمێر كار بكە و ئەم كارە(بەتایبەتی) بكە». ئەگەر خوێندكاری زانكۆی، «بڕۆ تەنیا ئەو شتە فێربە كە پێویستە، تا بزانیت و توانای ئەوەت هەبێت دواتر «**هێزی كردن**»ی خۆت بە سەرمایە بفرۆشیت.» چێژبەخش دەبوو ئەگەر بمانتوانیایە (سەرمایە) لەبیربكەین، خۆش دەبوو گەر بمانتوانیایە خۆمان لە كۆمەڵگایەكی جیاوازدا وێنا بكەین. بەڵام ئێستا ئێمە لە كۆمەڵگایەكدا دەژین، كە تێیدا **دەسەڵات**ی سەرمایەدار بەسەر «**هێزی كردن**»ی ئێمەدا زاڵبووە و شێوە بە ئەنگێزەی كاری ئێمە دەبەخشێت لە ژیانی ڕۆژانەدا. ڕێبازێكی دیكەی خستنەڕووی ئەم پرسە، جیاكارییە لە نێوان **كاری كرێگرتە**«labour» و **كردن** «doing»دا. هێزی داهێنەر **هێزی كردن**ە. كار دەتوانێت هەر شتێک بێت. دەتوانێت شادومان بوون بێت بەخۆمان، دەتوانێت مانەوەبێت بەدرێژایی ڕۆژ لەناو جێگای خەودا، دەتوانێت نوسینی كتێبێک بێت،

دەتوانێت کێشانی تابلۆیەک بێت، دەتوانێت لێنانی چێشت بێت، دەتوانێت دروستکردنی ئۆتۆمبیلێک بێت. بەڵام هەموو ئەمانە لە سەرمایەداریدا ڕادەکێشرێنە ژێر دیسپلینێکەوە کە ناچارمان دەکات **کردن**مان بگۆڕین بۆ ***کاری کرێگرتە***، تا ئەو شتە بەرهەم بهێنین کە سەرمایە بۆ قازانجی خۆی و پەرەسەندنی خۆی پێویستی پێیەتی. کەوابێت، **دەسەڵات** لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا وەک تۆڕێک هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی دەگرێت و لەهەر گۆشەیەکی ئەم پەیوەندیانەدا پیادە دەکرێت، نەک تەنیا لەناو دەوڵەتدا.

پیران ئازاد: ئێستا بە کەمێک زیاتر دەربارەی دەسەڵاتی دەوڵەتی و«**دەوڵەت-نەتەوە**» بدوێین. ئەم ماشێنەی دەسەڵات زیاتر سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان بە سودی سەرمایە کۆنترۆڵ دەکات، ئەو سەرچاوانەی کە ئێمە لە پێناو ژیانێکدا، کە خۆمان دەمانەوێت هەڵیبژێرین و دەستنیشانی بکەین پێویستمان پێیانە. چۆن دەتوانین لەگەڵ ئەمەدا مامەڵە و بەرخورد بکەین؟ بە مانایەکی دیکە ئەگەر لە ڕواڵەتیشدابێت، ئایا دەتوانرێت خەبات بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم ماشێنەی دەسەڵات بە خەباتێک لە دژی سیستەم و بەئاڕاستەی دابڕان و پچڕاندنی لە سەرمایەداری، ببینرێت؟ ڕوانگەی تۆ بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداری چۆنە؟

جۆن هالەوەی: ئەگەر سەرمایەداری وەک دژیەکی«antagonism» لەنێوان «***هێزی کردن***» ی ئێمە و «***دەسەڵات***»ی سەرمایەداریدا لەبەرچاو بگرین، یان وەک دژیەکییەک لە نێوان کاری ئێمە و کاری کرێگرتەی سەرمایەداریدا ببینین، ئەوکات تێدەگەین کە دەسەڵاتی سەرمایەداری دەبێتە سیستەمێکی یەکپارچەی(لە هەموو شوێنێکدا ئامادە)ی دەسەڵات، دەبێتە سیستەم یان کۆمەڵگایەک، کە هەموو پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان تێیدا دەبن بە کاڵا و بە فێتیشی دەکرێن (fe-tishized)، یاخود دەبن بە شت(thingified) و ڕەقهەڵدێن (rei-efied). لە سەرمایەداریدا ئێمە لە جیاتی ئەوەی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و بێ میدیۆم لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندیدا بین، لە ڕێگای شتەکانەوە لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دەگرین. ئێمە لە ڕێگای «پارە»وە، لە ڕێگای دەوڵەتەوە، لە ڕێگای سەرمایەوە پەیوەست دەبین و ئەم پەیوەستییە کۆمەڵایەتییانە ڕەق و بەستوو دەبن و ئێمە وامانلێدێت وەک «شت» بیر لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بکەینەوە (وەک شتانێکی مادیی و دیاریکراو لەبەرچاویان بگرین). بەمپێیە وەک «شت»ێک سەیری پارە دەکەین لە جیاتی ئەوەی وەک پەیوەندی نێوان خەڵک لەبەرچاوی بگرین. ئێمە وەک شتێک لە دەوڵەت دەڕوانین لە جیاتی ئەوەی وەک پەیوەندییەک لەنێوان خەڵکدا ڕەچاوی بکەین و بەهەمانشێوە بۆ کۆی شتەکانی دیکەش.

ئێستا چۆن دەتوانین لەمە زیاتر واوەتر بڕۆین؟ لەگەڵ خەباتدا! خەباتێک لەم ساتەدا و لێرەدا بۆ بەرپاکردنی جۆرێکی جیاواز لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. لێرەدا پرسی «کات» زۆر گرنگە. ئێمە ڕاهاتووین وەک شتێک لە داهاتوودا لەبارەی شۆڕشەوە بیربکەینەوە. کاتێک باسی شۆڕش دەکرێت، هەمیشە شۆڕش و داهاتوو پێکەوە باسکراون یان بۆتە نەریت، کە هەردەم بەیەکەوە و هاوشان و هاوکاتی یەکتری بن.

بەڵام من پێموایە ئەوەی لەم پانزە ساڵ و هەندەی کۆتاییدا ڕوویداوە، ئەوەیە کە خەڵک زیاتر و زیاتر دەربارەی شۆڕش وەک شۆڕشێک لە ئێستادا و لێرەدا بیردەکەنەوە. ئێمە لە چاوەڕوانی «ڕوداوێکی گەورە»دا دانانیشین تا جیهان بگۆڕین. ئێمە هەوڵدەدەین لێرەدا و هەر ئێستا کاروبارەکان بە ڕێگاگەلی جیاواز ئەنجام بدەین. خەباتی ئێمە لەدژی سەرمایە، تەنیا شۆڕشێک

نییە لەدژی ئەو، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ تێپەڕاندنی کۆمەڵگای باڵادەست. بەم شێوەیە، بۆ نمونە کاتێک خاڵکوتە ئەرجەنتینییەکان لەدژی بێکاری خەبات دەکەن، ئەوان ناڵێن«ئێمە دەمانەوێت دابمەزرێین»، ئەوان دەڵێن «خەباتی ئێمە وەک خەباتێک لەدژی بێکاری دەستپێدەکات. بەڵام دەبێتە خەباتیک دژبە دامەزراندن، خەباتێک لە دژی کاری کرێگرتە، دەبێتە خەباتێک لە پێناو بەتوانابوون بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە ئێمە بە پێویست و گرنگی دەزانین، بەتوانابوون بۆ ئەنجامدانی شتانێک کە جڤاتەکەی ئێمە پێویستیێتی؛ وەک شوێنی نیشتەجێبوون و خواردن و جلوبەرگ و کۆی پێداویستیەکانی دیکە». ئێمە دەتوانین وەک«درز» بیر لەم خەباتە بکەینەوە، درزگەلێک لەناو سیستەمی دەسەڵاتدا. ئێمە دەتوانین سەرمایەداری لە بنەڕەتەوە وەک سیستەمێکی فەرماندەر لەبەرچاو بگرین، بەڵام ملیۆنان خەڵک دێنە پاڵمان و دەڵێن: « نا، نەخێر ئێمە قبوڵی ناکەین، فەرمانبەرداری ناکەین، ئێمە دەمانەوێت کاروبارەکان بە ڕێگایەکی جیاواز ئەنجام بدەین، دەمانەوێت شتێکی دیکە بخوڵقێنین». ئەگەر ئێوە ئەو شتانە وەک درز و کەلێن لەبەرچاو بگرن، ئەوکات تێدەگەن کە درزگەلێکی بێشومار لە هەموو شوێنێکی سەرمایەداریدا هەیە. ئەمانە تەنیا خەباتی لۆکاڵی نین، بەڵکو دەتوانن خەباتێک بن لە ئاستی جیهانیشدا. ئەمە دەتوانێت خەباتێک بێت لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا و دەشتوانێت خەباتێک بێت لە پەیوەندیدا بە جۆرێکی دیاریکراو لە کاروچالاکییەوە، بۆ نمونە لە فێرکاری و پەروەردەی زانکۆییدا. خەباتکارانێکی زۆر هەن کە دەڵێن:«نەخێر، پەروەردە و خوێندنی زانکۆیی، شتێکە کە نابێت لە سایەی سەرمایەدا بێت، ئێمە دژ بەوە دەجەنگین». یاخود پرسی ئاو، ئاو شتێک نییە لەبەردەستی سەرمایەدابێت، بەڵکو دەبێت بۆ هەمووان بێت، شتێکە کە دەبێت هەمووومان پێکەوە سودی لێببینین، شتێکی گشتییە. بەم پێیە ئێمە

تەنیا دەربارەی خەباتی لۆکاڵی نادوێین، بەڵکو باسی خەباتێک دەکەین کە دەتوانێت لە لۆکاڵێکی تایبەتەوە هەڵقوڵێت و هەوڵبدات ڕێگایەک بۆ بڕینی ئەو ناوچە دیاریکراوانە لە سەرمایەداریدا بدۆزێتەوە و جۆرێکی دیکە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بێنێتە ئاراوە و ڕێگای دیکە بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکان دەستەبەر بکات. من پێموایە شۆڕش، دروستکردن و زیادکردنی درز و کەلێنەکانە لەناو دەسەڵاتی سەرمایەداریدا. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەتوانین دەوڵەتی شۆڕشگێڕیش بەهەمان شێوە ببینین و دەرکی بکەین؟ مەبەستم ئەوەیە، ئایا دەتوانین بۆ نموونە دەوڵەتی کوبا وەک درز و کەلێنێک لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا لەبەرچاو بگرین، یان دەبێت خەباتی خۆمان لەسەر دەوڵەتی ئێران یان دەوڵەتی مەکسیک یان دەوڵەتی ئیرلەندا چڕ بکەینەوە. لەم پەیوەندییەدا کێشەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە. دەوڵەت تەنیا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نییە لە نێوان کۆمەڵێک خەڵکدا، کە بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن و یان هەرشتێکی هاوبەشی دیکە کە هەیانە. دەوڵەت زۆر زیاترە لەوە، دەوڵەت فۆڕمێکی دیاریکراویشە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. دەوڵەت لە ڕاستیدا فۆڕمێکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بە درێژایی سەدەکان بۆ سڕینەوەی خەڵک شکڵی گرتووە! بۆ نمونە، دەوڵەتی مەکسیک هێزی خەڵکی مەکسیک بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان دەسڕێتەوە، دەوڵەتی ئینگلیز هێزی خەڵکی ئینگلیز بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان دەسڕێتەوە، دەوڵەتی ئێران هێزی خەڵکی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان دەسڕێتەوە. دەوڵەت ئەمە لە ڕێگای کاروبارەکان و نەریتەکان، لە ڕێگای فۆڕمێکی دیاریکراو لە زمان و لە ڕێگای بونیادێکی هیرارشی (هەرەمی) و چەند ئامرازێکی دیکەوە ئەنجام دەدات. تەنانەت ئەگەر ئێمە باشترین

جۆری دەوڵەتیش وێنا بکەین، ئەگەرچی شتی وا بوونی نییە، بەڵام ئەگەر بتوانین وێنای بکەین، ئەوکات ئەم باشترین دەوڵەتە بە خەڵک دەڵێت:«ئێمە کێشەکانی ئێوە چارەسەر دەکەین، ئێوە بڕۆنەوە بۆ ماڵ، بگەڕێنەوە و نیگەران مەبن، ئێمە کارێک دەکەین کە بۆ ئێوە باشترین بێت». ئەمەش ئاشکرا بە واتای سڕینەوەی خەڵکە. ئەمە واتای لێسەندنەوەی ***هێزی کردن***ی خەڵکە لەوان و سەندنەوەی ئەو هێزەیە کە دەتوانن کۆنترۆڵی ژیانی خۆیانی پێ بکەن، ئەمە واتا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەواندا وەک ئۆبێکت (بابەت) لەجیاتی سوبێکت (تاکی بکەر). ئەمە پرسێکی ئێجگار گرنگە لە ڕێکخستنی خەباتدا، ئەگەر خەباتی ئێمە لەسەر دەوڵەت(پێکهێنانی دەوڵەت) چڕبکرێتەوە، ئەوکات زۆر ئەستەمە خۆمان بەدوور بگرین لە کەوتنە ناو ئەم ئاڕاستەیەی بیرکردنەوە و ئەم شێوازی ڕێکخستنەوە کە پرسێکی تەواو واقیعییە.

پیران ئازاد: تۆ لە پەیوەندیدا بە ڕۆڵ و کارەکتەری دەوڵەتەوە لەسەر حەقیت، بەڵام چی دەربارەی گۆڕینی شوێنی ئەو بە ڕێکخستنێکی ناچوونییەک(asymmetrical) و جۆرێکی دیکە، دەڵێیت؟ مەبەستم ئەوەیە لە هەر ساتێکی خەباتی ئێمەدا دژ بە سەرمایە و تێپەڕاندنی، دەسەڵاتی دەوڵەتی وەک سوپەر و قەڵغانی سەرمایە بەرەوڕوومان وەستاوە، بە شێوازی ئاشکرا و نهێنی سەرکوتمان دەکات، ڕێگری لە «خۆ-دیاریکردن»ی ئێمە دەکات لە ژیانماندا و نەفی دەکاتەوە و زیاتر لەوەش لە شێوازەکانی دیکتاتۆریەتی وەک ڕژێمی خاوەن هەژموونی مەزهەبی ئێراندا، تەنانەت جۆری پۆشاکیشمان بۆ دەستنیشان دەکات. بەمپێیە بۆ خەباتکردن لە ناوەوە و دژ بە سەرمایە و تێپەڕاندنی، ئێمە دەبێت دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەت بجەنگین و لە شەڕی ئەو ڕزگارمان ببێت. دواتر، ئەو نەک بەهەمان شێواز لە

دەوڵەت، بەڵکو بە «حکومەتی خۆیی» جێگای بگرینەوە، شتێکی هاوشێوەی ئەوەی زاپاتیستەکان پێی دەڵێن«حکومەتی باش»، بەڵام لە پانتایی گەورەتردا، بۆ نمونە لە سەرتاسەری مەکسیکدا «نەک تەنیا لە یەک ناوچەدا» باش بێت. ئێستا دەتوانین ئەمە وەک خەباتێکی لۆکاڵی و «کەرتبوون» و دابڕانێک لە سەرمایەدا هەژمار بکەین؟

جۆن هالەوەی: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە کەرتبونێکە لەناو سەرمایە و لە سەرمایەدا، بە هەبوونی هەموو ئەو دژیەکییانەوە کە خۆ لێلانەدەرن لەبارەی هەر کەرتبونێکەوە.

پیران ئازاد: ئێستا دەربارەی پرۆسەی خەباتی ئێمە، هەمیشە مەترسی پچڕان و کەرتبوون لە ڕەوەندی خەبات لە ناوەوەدا، دژ بە سەرمایە و تێپەڕاندنی لە ئارادایە. مەبەستم جیاکردنەوەی ئەم لایەنانەی خەبات و پچڕانی پەیوەستێتی ئەوە. بۆ نمونە، سەرقاڵبوون بە لایەنێکەوە، واتە ڕوانینێکی ڕیفۆرمیستی کە سەرمایەداری دوچاری هیچ شۆکێک ناکات. سنوربەندی و مەرجدارکردنی خەبات لە ناوەوەی سەرمایەداری یان تەنیا دژ بە ڕژێمەکان هەمیشە هەبووە و هەیە. ئەوەی ئێستا من دەیبینم، شەپۆلێکی نوێ لە خەڵکانی ئەوروپا هەن، کە تەنیا بە پەیوەندییەکانی ژیانی خۆیانەوە سەرقاڵ دەبن و واتە پەیوەندیەکی پۆست سەرمایەداری لە ژیانی پەراوێزی خۆیاندا فەراهەم دەکەن و بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاریان بەسەر خەبات لە دژی سەرمایە و شێوازی سیاسەتەوە نییە. یەک لێکدانەوەی عەفەوی و ڕیئاکشنیستانە! پێتوانییە هەندێک لە فۆرمولەبەندییەکان وەک ناونیشانی کتێبەکەی تۆ، ڕێگا بۆ ڕاڤەگەل و لێکدانەوەی لەم چەشنە دەکاتەوە؟

جۆن هالەوەی: بەڵێ، بە هەمانشێوە کە تۆ دەڵێیت، من خەبات

زیاتر لە هەرشتێک بە بزوتنەوەیەک لەناوەوە و دژ بە سەرمایە و تێپەڕاندنی سەرمایەدا دەبینم. لەو پێناوەدایە دەبێت ئاگاداربین، کە ئێمە خەبات لەناو سەرمایەدارییەوە دەستپێدەکەین، هاوکات خەبات گەلێکی زۆریش هەن کە چییەتی سەرمایەداریی ڕاستەوخۆ دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەوە ڕوونە کە دەتوانرێت چاکسازی زۆر و شتانێکی بێشومار لەناو سەرمایەداریدا بەدەست بهێنرێت. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە لە ئێستادا چۆن دەتوانین وێرانبوونی جیهان بوەستێنین، جوڵە و دینامیکی تۆقێنەری کۆمەڵگا ڕابگرین.

ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێت بەردەوام دژ بە سەرمایە بجوڵێین. بەڵام ئەگەر سەرمایە وەک «شتێک»، یان وەک گروپێک لە خەڵک لەبەرچاو نەگرین، بەڵکو وەک شێوازێکی ئەنجامدانی کاروبارەکان، وەک فۆڕمێکی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان لێی بڕوانین، ئەوکات کاریگەرترین ڕێکار لەدژی سەرمایە ڕۆیشتنە بۆ ئەودیو سەرمایە و تێپەڕاندنی. دەستپێکردنی ئەنجامدانی کاروبارەکان بە ڕێگای جیاواز، خوڵقاندنی«کۆرپەلە»ی کۆمەڵگایەکی نوێیە، کە خوازیارییین لە هەموو شوێنێکدا هەبێت. خەبات بۆ من، لە ناوەوە و لە دژ و لەودیو سەرمایەوەیە. بەڵام هەمانشێوە کە تۆ دەڵێیت مەیلێکی بەردەوام یان مەترسییەکی بەردەوام هەیە بۆ جیاکردنەوەی خەبات لە ناوەوە و لەدژ و لەو دیوەوە. بۆ نمونە خەباتگەلێکی بێشومار هەن، کە تەنیا لەناو سەرمایەدان و هەرگیز پرسیارێک ڕووبەڕووی سەرمایە ناکەنەوە. بەهەمانشێوە، خەڵکانێکی دیکە هەن، کە پێیانوایە ئەوەی پێویستمانە خەباتە لە دژی سەرمایە، پێویستمان بەوەیە بەردبارانی سەرمایەداران بکەین، پێویستمان بەوەیە حزب دروست بکەین، خۆمان ڕێکبخەین تا بتوانین کۆنترۆڵی دەوڵەت بکەین و دواتر دوای ئەوەی کە

لە بیست یان پەنجا ساڵی داهاتووتردا گەیشتین بە حکومەتی شۆڕشگێڕیی، ئەوکات دەتوانین هەلومەرجی ڕۆیشتن بۆ ئەودیو یان بۆ تێپەڕاندنی سەرمایە بهێنینە ئاراوە. لە باوەڕی کلاسیکیی شۆڕشگێڕیدا بەم جۆرەیە؛ ڕۆیشتن بۆ ئەودیو سەرمایە لە ئایندەدایە و خەبات لە دژی سەرمایەداری لە ئێستادایە. بەڵام نەخێر، لە دژ و لەودیوەوە، دەبێت وەک بابەتێکی هەنوکەیی درک بکرێت. بەڵام وەک تۆ ئاماژەت پێدا، مەترسییەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە؛ ئێمە هەوڵبدەین تەنیا لەسەر«ئەودیو» سەرمایە جەختبکەینەوە، لەسەر ئەم بنەمایە دەستبکەین بە بیرکردنەوە و هەوڵبدەین تەنیا «کۆمۆن»ی خۆمان دروستبکەین، بۆ نمونە، ڕەنگە هاریکاریی خۆمان یان«کۆمەڵگای هیپی(hippy com-munity)» خۆمان لە بیابانێک یان هەر شتێک و شوێنێکی دیکەدا دروستبکەین، بەڵام ئەوانەی وادەکەن، پێیانوایە تەنیا ڕۆیشتن بۆ ئەودیوی سەرمایە کافییە. من پێموایە ئەمە بەس نییە! تەواوی ئەم شتانە کاتێک مانایان هەیە، کە لەناو کۆنتێکستی خەبات لە دژی سەرمایەدا بێت. ئەگەر ئەمانە لە خەبات لە دژی سەرمایە دابڕاوبن ئەوەی ڕودەدات و بۆیان پێشدێت، گۆشەگیریی و چەقبەستنیانە. بەهەمان هۆ من پێمخۆش نییە باسی «پانتاییە سەربەخۆکان (فەزا ئۆتۆنۆمەکان)» بکەم، بەڵکو دەربارەی کەلێن «درز» دەدوێم. لەبەر ئەوەی درز دەجوڵێت «جوڵەی تێدایە». درز؛ درزە لە سیستەمدا. درزە لە سەرمایەدا. ئەوە گرنگە کە یەکپارچەیی و سەرتاسەرێتی«خەبات» لەدژ و لەودیوەوە ببینین، بەڵام بینینی یەکێتی خەبات لە دژ و لەودیوی «سەرمایە»وە، بە واتای قبوڵکردنی ئەمەشە، کە گروپە جیاوازەکانی خەڵک و کەسە جۆراوجۆرەکان و شوێنە جیا جیاکان لەمەدا پەیوەستێتی و وابەستەییان هەیە. هەندێک لە مرۆڤەکان بەهۆی بارودۆخ و کەسایەتی و تەمەنیانەوە، یاخود بە هەر هۆکارێکی دیکە

بێت، جەختێکی زۆرتر لەسەر خەبات لەپێناو «لەودیو»ەوە دەکەنەوە، بەشێکی دیکەشیان فۆکەسییان لەسەر خەباتی لەدژی سەرمایەیە. هەرچۆنێک بێت گرنگ ئەوەیە، پەیوەستێتی لە نێوان خرۆشان و جموجۆڵە جیاوازەکاندا و لەنێو فۆڕمە جیاجیاکانی خەبات و ناڕەزایەتی لەدژی سەرمایەدا بدۆزینەوە.

پیران ئازاد: با کەمێک دەربارەی«سوبێکت/تاک یان بکەر»ی خەباتی کۆمۆنیستی بدوێین. ئایا تۆ لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە «کارکەر» و « کرێکار» لە یەکتری جیا دەکەیتەوە؟ ئەم جیاکارییەش چ کاریگەرییەک یان باشتر بڵێم چ ڕۆڵێکی بەهێزکەرانەی لە خەباتی ئێمەدا هەیە؟

جۆن هالەوەی: مارکس لەسەرەتای کتێبی ***سەرمایە***دا، لە دەسپێکی بەشی دووەم لە چاپتەری یەکەمی **سەرمایە**دا، شتێکی زۆر گرنگ دەڵێت. ئەو دەڵێت کە ڕێنما و چەقی تێگەیشتن لە ئابوریی سیاسی، تێگەیشتنە لە دوو تایبەتمەندیی کار (کە بەرجەستە دەبن لەناو کالاکاندا). مەبەستی ئەو ئەوەیە کە پنتی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە سەرمایەداری، دژییەکییە لە نێوان کاری ئەبستراکت و کاری تایبەت/ دیاریکراو یان کاری بەسوددا. ئەگەرچی مارکس دەڵێت ئەم خاڵە سەنتەرییە و لە دەستپێکی ***سەرمایە***دا باسی دەکات، بەڵام ئەمە شتێکە کە لە نەریتی مارکسیستیدا بە تەواوی نادیدەگیرا. ئەگەر ئێمە لێرەدا، دەربارەی دژییەکی نێوان ئەوەی کە مارکس وەک کاری«ئەبستراکت» لەلایەک و کاری بەسود یان کاری «کۆنکرێت» لە لایەکی دیکەوە ناوی دەنێت دەستپێبکەین، ئەوکات دەبێت بیر لە واتاکەیشی بکەینەوە. مارکس لە دەستنوسەکانی سەرەتایدا لە «دەستنوسەکانی ١٨٤٤»دا، بە شێوازێکی بنەڕەتی دەربارەی هەمان بابەت دەدوێت. ئەو دەربارەی جیاوازیی نێوان«کاری لەخۆنامۆبوو» و

«چالاكیی داهێنەرانە»، چالاكیی خەلاقانەی ژیانی مرۆڤ كە بۆ جیاكردنەوەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان سەرەكییە، قسەدەكات. بە دیدی من ئەم كارەی ماركس لە ڕاستیدا هەوڵێكە بۆ تێگەیشتن لە سەرمایەداریی و دەركی ئیمكانەكانی شۆڕش لەسەر بنەمای دژییەكی نێوان چالاكیی داهێنەرانەی ژیان، یان ئەوەی ئەو دواتر ناوی دەنێت كاری بەسود یان «كاری كۆنكرێت» لە لایەكەوە و كاری«ئەبستراكت» یان« كاری لەخۆنامۆبوو» لە لایەكی دیكەوە. هەروەها گۆڕینی جیهانیش لە ڕاستیدا دەربارەی دژیەكییە لە نێوان كاری داهێنەرانە یان دروستكەر«لە لایەك» و كاری كرێگرتە یان كاری كرێگرتەی سەرمایەداریدا لە لایەكی دیكەوە. كەواتە ئەوكات پرسیارەكە ئەوەیە، سوبێكتی شۆڕشگێڕ لە كوێیە؟ سوبێكتی شۆڕشگێڕ لەم حاڵەتەدا«كاركەر» لەبەرامبەر«كاری كرێگرتە»دایە. چ كەسێك «كاركەرە» لە دژی «كاری كرێگرتە»؟ «كاركەر» لەدژی كاری كرێگرتە لە هەموو شوێنێك هەیە. لەبەر ئەوەی هەموومان ئەم دژییەكییە ئەزمون دەكەین، هەموومان لەناو ئەم دژیەكییەداین. دیارترین و بەهێزترین بابەتی ئەم ئەزموونە، كەسێكە كە دامەزراوە. بۆ نمونە، كرێكاری كارگە، بەڵام نەک هەر تەنیا كرێكاری كارگە، بەڵكو كارمەندانی ئیداریی و خزمەتگوزاییەكانیش بە هەمانشێوەن. لەبەرئەوەی ئەوان هەموو ڕۆژێ ئەم بابەتە وەک شتێكی تایبەت و شەخسی ئەزموون دەكەن، بە باشی هەست بەوە دەكەن، ئەوەی لە ڕۆژێكی دیاریكراودا دەتوانن ئەنجامی بدەن یان توانای ئەنجامدانییان هەیە، دەبێت بەژێر ئەو كارەوە كە بەهۆی دامەزراندنیانەوە ناچارن ئەنجامی بدەن. ئەوان بە هۆی ئەو ڕاستییەوە كە هێز و توانای كاری خۆیان بە سەرمایە فرۆشتووە، لە بابەتەكە تێدەگەن. هەمووومان لەگەڵ دامەزراندندا ئەم دژیەكییە بە توندترین شێوازی شەخسی ئەزموون دەكەین.

ئێمە ئەم ناکۆکییەی نێوان **کردن**«doing» و کاری کرێگرتە ئەزموون دەکەین. کەواتە جوڵەی ئێمە و هەستی ئێمە جوڵەی «***کردن***»ە دژبە «***کاری کرێگرتە***». بەڵام ئەمە شتێک نییە کە تەنیا کاریگەری لەسەر ئەو خەڵکە هەبێت کە دامەزراون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کاریگەری لەسەر بێکارانیش دادەنێت. هەموو ئەوەی کە سیستەم دەیکات ئەوەیە کە ئەوان دابمەزرێنێت و ئەو هەستەیان پێببەخشێت کە ئەگەر لەناو کاری کرێگرتەی سەرمایەداریدا نەبن هەژار و تەنیان. بەمجۆرە ئەوانیش(دانەمەزراون) دژیەکی نێوان ***کردن*** و ***کاری کرێگرتە*** ئەزموون دەکەن. دەتوانین ئەمانە لە شوێن و جێگای دیکەشدا ببینین، کەواتە ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە؛ کە دەبێت دژیەکی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریی و ئیمکانی هێنانەئارای دونیایەکی دیکە لەسەر بنەمای بزوتنەوەی «***کردن***» لەدژی «***کاری کرێگرتە***» دەرک بکەین و تێبگەین. کارکەران کێن؟ ئەگەر ئێوە بتانەوێت دەتوانین بڵێم، کارکەران، چینی کرێکارن. بەڵام ئەوکات پرسیارەکە ئەوەیە چینی کرێکار چ مانایەک دەبەخشێ؟ چینی کرێکار لە ڕاستیدا واتا چینێک لە کارکەران لەدژی کار، واتا بزوتنەوەیەک لەدژی کار، دژبە کاری کرێگرتە. ئەمەش واتا بزوتنەوە لە دژی چینبەندی کردن. بە بەڵگەی ئەوەی لە ڕێگای پرۆسەی کاری کرێگرتەوەیە کە ئێمە چینبەندی دەکرێین و بەرەو چینەکان دەبرێین و شوناس و مۆرکمان پێدەدرێت. بەمپێیە، من زۆر خۆشحاڵم کە بڵێم سوبێکتی شۆڕشگێڕ چینی کرێکارە، بەڵام تەنیا لە حاڵێکدا، کە لە چینی کرێکار وەک «دژەکار»، «دژە کاری کرێگرتە» و «دژە چین» تێبگەین.

پیران ئازاد: ئایا دەتوانین بۆ لێکدانەوە یان مانای «چین لە خۆیدا» و «چین لەپێناو خۆیدا» بگەڕێینەوە؟

جۆن هالەوەی: من پێموایە هەرگیز ئەمە کۆمەکمان پێناکات. لەبەر ئەوەی جیاکاری لەنێوان چین لەخۆیدا و چین لە پێناو خۆیدا، دیقەتی لەسەر بەرهەمهێنانەوەی پرسی ئاگاییە. من واینابینم ئەم پرسە تەنیا پرسی ئاگایی بێت. ئەگەر ئێمە دەربارەی ئەنتاگۆنیزمی نێوان ***«کردن»*** و ***«کاری کرێگرتە»*** بدوێین، ئەوکات پەی بەوە دەبەین کە ئەم دژیەکی «ئەنتاگۆنیزم»ـە، لەناو ئێمەشدا ئیش دەکات. هەموومان هەست بەوە دەکەین، کە ئێمە ئەم دۆخە نەک وەک دژیەکییەکی دەرەکی، بەڵکو وەک دۆخێکی میزاجی شەخسی ئەزموون دەکەین، لە نەخۆشییەکی دەرونی–جەستەیی(psychosomatic)دا، ئەزموونی دەکەین، لەشێوەی ئەو سەرئێشانەدا کە توشیان دەبین، لەو پشتئێشە و ئازارانەی دیکەدا هەستی پێدەکەین کە هەمانن. من پێموایە بەڕاستی گرنگە لەوە تێبگەین، کە ئێمە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەژین و لەناو سیستەمێکی دەسەڵاتدا ژیان دەکەین، ئیدی ئەوکات مەحاڵە لەدژی ئەو دەسەڵاتە ڕاپەڕین بەرپا نەکەین. ئەم ڕاپەڕینە لە دەرونی هەمووماندا هەیە. بابەتەکە ئەوەیە؛ کە تێبگەین چۆن دەتوانین لەمسی ئەو ڕاپەڕینە بکەین. کاتێک لە بیری کۆمەڵگادا بین، یان کاتێ ئەزموونی خەبات بکەین، ئەوکات ڕاپەڕین لە دەرونی ئێمەدا گەشە دەکات و دەڕسکێ. بە شێوەیەکی گشتی؛ ئێمە هەمیشە دەرگیری «دووکەرتبوونی دەرونی»ین، هەمیشە دووچاری «دژیەکی دەروونی»ین. بەڵام دەورانگەلێکی ڕەخساو هەن کە تێیدا ئێمە بەتەواوی دەبینە ڕاپەڕیو، لەناویدا سەرتاپا دەبینە شۆڕشگێڕ. بەڵام لەهەمان ئەو پێگە و شوێنەیشدا «سوبێکت»ێکی پاڵفتە و بێگەرد نین. من پێموایە کێشەی ئایدیای «چین لە پێناو خۆیدا» لەوەدایە؛ کە چرکەساتێک لە «چینی تایبەت» دەخاتەڕوو و منیش پێموانییە چرکەساتێکی لەو شێوەیە بوونی هەبێت، چونکە ئێمە هەمیشە سوبێکتێکین بە «ناکۆکی

دەروونی»یەوە.

پیران ئازاد: ئەم ڕوانینە چۆن دەتوانێت بزوتنەوەی ئێمە بەهێز بکات؟

جۆن هالەوەی: بەدیدی من، ئاڵۆزترین و دیارترین شتی زاپاتیستەکان ئەوەیە، کە دەڵێن: ئێمە خەڵکانێکی تەواو ئاساییین! ئێمە ژنان و پیاوان، منداڵان و بەساڵاچوانی ئاساییین، کە لەهەمانکاتدا ڕاپەڕیویشین. ئەوان ناڵێن کە خەڵکانی ڕەسەنی ئاسایی چیاپاسین. «نەخێر، ئێمە خەڵکانی ئاساییین». ئەگەر ئەم قسەیە بەهەند وەربگرین، بەو مانایە دێت، کە دەبێت هەوڵبدەین و بکۆشین خەڵکانی دەوروبەرمان، لە شەقامەکاندا، لە دوکانەکاندا، لە سۆپەرمارکێتەکاندا، لە کاتێکدا لە پاسدا دادەنیشین، وەک خەڵکانی ڕاپەڕیو ببینین و هەستیان پێبکەین. ئەوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان دژ بە سەرمایەداری ڕاپەڕین دەکەن. مەبەستم ئەوە نییە کە ئەوان خۆیان بە مارکسیست یان شۆڕشگێڕ دەزانن، بەڵام لە دەرەوە و هەمیشە، ئەوان دژ بە سەرمایەداری ڕاپەڕینێک پیادەدەکەن. تەنها ڕێگای بیرکردنەوەش لە شۆڕش و گۆڕانی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دەرهاویشتەبوونی بورکانی ڕاپەڕینی ناو دەروونی خەڵکە. بە بۆچوونی من، بیرکردنەوەی چەپی تەقلیدی بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیە بیری کردۆتەوە و کاری کردووە. چەپی تەقلیدی دەڵێت ئێمە تایبەتین. دەڵێت خەڵکانی دەرەوەی ئێمە خەڵکانی ڕەشۆکین، ئەوان تێهەڵکێشی سەرمایەداری بوون، ئەوان جیهان ناگۆڕن. بە بڕوای من ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر زۆر وێرانکەرە. لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا تۆ، لەمبارەدا پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئیمکانی گۆڕاندا دەپچڕێنیت. لەم ڕۆژانەی پێشودا نمونەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە کۆمەڵەی هەشت دەوڵەتی گەورە

لە زەمینەیەکی توندوتیژدا، لەلایەن بەرەی ئۆتۆنۆمەکانەوە دژ بە پۆلیس ڕویدا، زۆرباشە، من بەباشی لە هۆکاری بەرەی ئۆتۆنۆمەکان تێدەگەم، بەشێک لەوان بەڵگەگەلێکی بەهێزیان هەیە، کە بڵێن:«بەڵێ ئێمە دەمانەوێت هێرش بکەینە سەر پۆلیس و سەرمایە و ئارام ناگرین تا سەرمایە هێرش بکاتە سەر ئێمە». لە لایەکی دیکەوە گوێبیستی ئەوەبووم کە هەندێک لە ئەندامانی بەرەی ئۆتۆنۆم دەڵێن: « گرنگ نییە کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی هەرچی بێت، لەبەرئەوەی خەڵکی ئاسایی تێهەڵکێشی سەرمایەداری بوون و ئێمە ناتوانین هیچ ئومێدێکمان بەوان هەبێت». کێشەی گەورە ئەوەیە، کە ئەمە لە ڕاستیدا بیرکردنەوەیەکی زۆر نوخبەگەرایانەیە کە پێیانوایە مادام ئێمە دژی سەرمایەدارییین کەواتە زۆر تایبەتین. هەر لەبەر ئەمەیە کە سێکتاریزم«فیرقەگەرایی» چەپ لە تەواوی مێژووی چەپدا، لە هەموو دونیادا لەبرەودابووە، کە بە بڕوای من بە شێوازێکی زۆر مەترسیدار وێرانکەرە. «ئێمە تایبەتین! ئێمە ئەندامانی ئەم گروپە، مرۆڤگەلێکی تایبەتین و تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی گروپێکی دیکەدا قسەیش ناکەین. ڕەنگە ئێمە ئەندامانی پێکهاتووی ڕێکخراوێکی دیکە بەباشی بناسین، بەڵام هەموو خەڵکی ناو کۆمەڵگا بەباشی ناناسین و ئەوان خەڵکانێکی گرنگ نین». من دڵنیام ئەگەر بیر لە ڕاپەڕین بکەینەوە دەبێت بیر لە خەڵکانی ڕەشۆکیش وەک ڕاپەڕیو بکەینەوە. تەنیا ڕێگاش بۆ ئەوەی وابکەین ئەوەیە کە خەڵکانی ڕەشۆکی و ئاسایی وەک «دوو-ڕوخسار» لەبەرچاو بگرین، واتا وەک کەسێک کە لەدژیەکی دەروونی و دوکەرتبوونی دەرونیدایە. ئەگەر بمانەوێت جۆش و خرۆش و ڕاپەڕیوێتی کەسێک لەسەر جادە ببینین و دەرکی پێبکەین، لە کاتێکدا ئەو بێکێشە دەردەکەوێ و سەرقاڵی ڕۆیشتنە بۆسەر کاری ڕۆژانەی خۆی، دەبێت وەک کەسێک بە «دوکەرتبوونی دەرونی»ییەوە

MHF
MAN HUMANITARIAN FOUNDATION

لێی تێبگەین. بە کورتی و پوختی، گەر دەست بەکارێکی وابکەین، ئەمە بە مانای کردنەوەی ڕێ و ڕێبازێکی دیکەیە بۆ بیرکردنەوە لە شۆڕش و سیاسەتی شۆڕشگێڕی.

پیران ئازاد: «کارکەر و کرێکاری کرێگرتە» ئەم چەمکانە و جیاوازیی نێوانیان بە شێوازێکی ورد و دەقیق مرۆڤبوون و مرۆڤایەتیبوون «هیومانێتی»ی مرۆڤ ڕوندەکاتەوە، بەڵام ئەمە زیاتر چەقی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداریی دەگرێتەوە. مەبەستم لە بەشە تێهەڵکێشبوو و بەرێکخراوبووەکەیەتی. ئەی بەشە پەراوێزخراوەکەی چی؟ سەرمایەداریی و بەتایبەت سەرمایەداریی هاوچەرخ توانای تێهەڵکێشکردنی بەشێکی فراوانی لە گروپی بێکاران و زەحمەتکێشان نییە و ناشیەوێت هەیبێت. سەرەڕای ئەوەش سەرمایەداری هەندێک لە شێوەکانی چەوساندنەوە و دەسەڵاتی نا-سەرمایەدارییش درێژە پێدەدات و کردوونی بە بەشێک لەخۆی و دەیانپارێزێت، وەک دۆخی«خانمانی ماڵ» کە ماڵ بەڕێوە دەبەن و خزمەتگوزاریی خۆڕایی بۆ بەرهەمهێناوەی هێزی کاری کرێکار لەبەرژەوەندی قازانجی سەرمایە پێشکەش دەکەن. بەڵام کاری ئەوان وەک هەوڵی بژێوی و بێ هەقدەست وەردەگیرێت. بەبۆچوونی من، کاری ئەوان «کاری مرۆیی» یان ئەو **کردن** (doing)ـە نییە، کە ئێمە مەبەستمانە. بەڵکو بەشێوەیەکی مێژوویی بەسەریاندا سەپێنراوە ئەنجامی بدەن و وەک ئەرکی ئەوان جێکەوتبووە. ئەم کاردابەشکردنە لەسەرمایەداریدا دروستنەبووە، بەڵام سەرمایەداری پاراستوویەتی و وەک کۆیلەدارییەکی ئاشکرا لەپێناو قازانجی زیاتردا درێژەی پێدەدات. سەرمایەداری بەم کارەی ژنانەوە (واتە بەکاری ژنانەوە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری کرێکارەکانی) بەستراوەتەوە. بەڵام ئەمە بەبێ

دامەزراندن و بەخۆڕایی بەرەوپێش دەبات. ژنانی ماڵ بەشێكی گرنگ لە كۆمەڵگا پێكدەهێنن، ئەوان دوازدە ملیۆن و نیو كەسن لەكۆی حەفتا ملیۆنی خەڵكی ئێران. تۆ چۆن لە بابەتی كۆمەڵانی پەراوێزخراو و ژنانی ماڵ دەڕوانیت؟

جۆن هالەوەی: من پێموایە لە ڕوانگەی ماركسەوە دژیەكی سەرەكی سەرمایەداری، دژیەكی نییە لە نێوان سەرمایە و كرێكاری كرێگرتەدا، بەڵكو بە هەمانشێوە كە لە دەستپێكی سەرمایەدا دەڵێت، دژیەكی سەرەكی، دژیەكییە لە نێوان كاری ئەبستراكت و كاری بەسوددا، یان بە دەربڕینێكی دیكە دژیەكییە لە نێوان كارێكدا كە لەخۆی نامۆكراوە و یان بەسەرماندا سەپێنراوە لە لایەكەوە و كاری بەسودی داهێنەرانەدا لەلایەكی دیكەوە؛ كە بەشێكە لە هەر كۆمەڵگایەك و بەشێوەی ماتەوزە (پۆتانشیەڵ) دەبێتە خۆدیاریكەر.(واتە بۆخۆی خۆی دەستنیشان و دیاری دەكات).

دژیەكی نێوان كار و سەرمایە، فۆڕمێكی تایبەتی گەشەسەندووە لە دژیەكی بنەڕەتی نێوان «***كردن***» و «***كاری كرێگرتە***»دا. بەمپێیە؛ ئەگەر ئێمە لەم دژیەكییەی نێوان كردن و كاری كرێگرتەوە دەستپێبكەین، ڕێگایەك دەدۆزرێتەوە بۆ دوركەوتنەوە لەو باوەڕە كۆنەی كە دژیەكی سەرەكی لەسەر بنەمای دامەزراندن دادەنا و«كێشەی پەراوێزەكان»ی لەدەرەوەی ئەوەدا دەبینی. ئێمە خەباتگێڕانی «***كردن***»ین دژ بە ***كاری كرێگرتە***: بە واتایەكی دیكە، ئێمە خەباتگێڕانی ڕزگاریی ***كردن***ی مرۆیین لە ***كاری كرێگرتە***، خەباتی ئێمە لە پێناو خۆ-دیاریكەریی كۆمەڵایەتی ***كردن***دایە. خەبات بۆ خۆ-دیاریكردنی ***كردن***، هەڵبەت بەدەستهێنانەوەی ئامڕازەكانی ***كردن***(بە گوزارشتی تەقلیدی هەمان«ئامڕازەكانی بەرهەمهێنان») دەگرێتەوە. خاڵی سەرەكی ئەم باسە ئەوەیە

کە ئەم دژیەکییە، دژیەکییەکە بەناو هەموو لایەنەکانی چالاکی مرۆییدا گوزەر دەکات. ئەمەش خەباتێکە لەپێناو کۆنترۆڵ و جڵەوکردنی ژیانی خۆماندا. لەبارەی پرسی ژنانیشەوە، من پێموایە خەباتی کار لەدژی سەرمایە زۆربەی کات خەباتێکی پیاوانە بووە: ئەمەش خۆی لە فۆڕمەکانی ڕێکخراوی بزوتنەوەی کرێکاریی و لەپێشتربوونی پیاواندا دەردەخات لە ناوجەرگەی خەباتدا. ئەو شتەی لە ئێستادا لە پرۆسەی بەدیهاتندایە، قەیرانی ئەم شێوازەیە لە خەبات لەدژی سەرمایەداریی. قەیرانی خەباتی کار دژبە سەرمایە و سەرهەڵدانی فۆڕمێکی قوڵتر لە خەباتی چینایەتی، واتە خەباتی «**کردن**» دژ بە کاری کرێگرتە، ئەو شتەیە کە لە بنەڕەتەوە دێتە ناو جوڵانەوە لەپێناو دونیایەکی دیکەشدا، چونکە فۆڕمێکی دیکە لە ڕێکخراوبوون دروست دەکات و ڕێگاگەلی نوێ بۆ ڕوانین لە خەبات دژبە سەرمایە ڕەچاو دەکات. لایەنێکی گرنگی ئەم گۆڕانە، گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی جێندەریی خەباتدا. ئەگەر خەباتی کار لە دژی سەرمایە خەباتێکی زیاتر پیاوانەبووبێت، ئەوا خەباتی **کردن** لەدژی **کاری کرێگرتە** پێموایە زیاتر ژنانەیە: نەک بە زەروریی و لە ڕووی ژمارەوە(ئەگەرچی ئەمەش هەیە)، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەو پرسانەوە کە دەخرێنەڕوو. بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕان لە سروشتی خەباتدا وامان لێدەکات لە گۆشەنیگا و پرسپێکتیڤێکی تەواو جیاوازەوە دووبارە بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە، کە هەڵبەت ئەمە کاری ماڵ و پرسی جێندەرییش دەگرێتەوە.

پیران ئازاد: لە کۆتاییدا با هەندێکیش دەربارەی «شوناس» بدوێین، چونکە تۆ زۆر جەخت لەسەر پەیوەندی شوناس لەگەڵ لۆژیکی کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداریدا دەکەیتەوە. ئەمە واقیعییەتێکە کە سەرمایەداری بۆ شوێنگرتنەوەی مرۆڤبوونی

«هیومانیتی» ئێمە، كاتێک كە نەفی دەكات، لە پێناو چینبەندیكردنی كۆمەڵگادا لە هەموو شوێن و جێگایەكدا سود لە «شوناس» وەردەگرێت: لە بواری بەرهەمهێنان و لەڕووی جێندەرییەوە، لەڕووی نەژاد و نەتەوایەتی و نەتەوە و هتدەوە... بە پتەو نیشاندانی جیاكردنەوەی ئەمانە لەیەكتری خۆی بەرەوپێش دەبات و ئەمەش واقیعییەتێكە كە هەندێک لە چەپی تەقلیدیش لە ڕێگای«شوناس» و مۆرک و ڕەمزی نەمرەوە، خەباتی لە دژی سەرمایەداری پێدەكردە چەقبەستوو و لەگەڵ بە ئایدۆلۆژیاكردنیشیدا خەباتی لە بەستێنی سەرەكی خۆی دادەبڕی و فۆڕمێكی دۆگمایی پێدەبەخشی، كە ئاكامی ئەوەش ئاشكرایە: شكستی بزوتنەوە و جێگیركردن و پاراستنی لۆژیكی كۆمەڵگای چینایەتییە. ئێستا ئەگەر ئێمە «شوناس» نەفی بكەینەوە، چۆن دەتوانین خەباتی خۆمان وەک خەباتێكی دەستەجەمعی (col-lective) و ڕێكخراو لەدەوری یەكتری كۆبكەینەوە؟ ئێمە دەبێت خۆمان بەدژی سەرمایەدار و كۆمۆنیست ناوبنێین، تا خەباتی خۆمان بەیەكەوە پەیوەست بكەین؟ ئایا دەتوانین بۆ ڕێگریكردن لە چەقبەستن باسی «شوناسێک لە پرۆسەی دروستبوون»دا بكەین؟

جۆن هالەوەی: بەڵێ، ڕەنگە بتوانین باسی «شوناسێک لە پرۆسەی دروستبوون»دا بكەین. من ئەوە بەباشتر دەزانم بڵێم؛ دەشێت بتوانین قسە لەبارەی یەک «بزوتنەوەی شوناسی خۆ نەفیكەر»ەوە بكەین. شوناسێک كە لەهەرساتێكدا خۆی نەفی دەكاتەوە. ئەمە لەڕووی سیاسییەوە زۆر گرنگە. گەر لە ئەزموونی زاپاتیستەكان بڕوانین، ئەوان دەڵێن:«ئێمە خۆجێیی و ڕەسەنەكانین»، بەڵام یەكسەر بە وتنی ئەوەی كە ئێمە بەشێكین لە خەبات لە پێناو ڕزگاریی مرۆڤایەتیدا، قسەكەی پێشتریان

نەفی دەکەنەوە. ئەگەر ئەوان تەنیا بیانگوتایە «ئەمە خەباتی ڕەسەنەکانە»، خەباتەکەیان شوناسی وەردەگرت و ئەگەرچی دەیتوانی سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەموو ئێمەی لەخۆ نەدەگرت. بەهەمانشێوەش لەخەباتی ژنان دەڕوانم، ئەگەر ئێوە بزوتنەوەی ژنان تەنیا بە خەباتێک بزانن لەپێناو مافەکانی ژناندا، ئەگەرچی زۆر گرنگە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانێت دواکەوتووانەبێت. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە بۆ سەرمایەداری گرنگ نییە کام شوناس لە پێگەی دەسەڵاتدا بێت، سەرمایە هیچ کام لە شوناسە جیاوازەکان بە باشتر دانانێت. ئەوەی بۆ سەرمایەداری گرنگە ئەوەیە کە خەڵکی بە کردەیی بە شوناسێکەوە جێگیر کردبێت و چینبەندییان بکات. ئەمە لەبارەی بزوتنەوەی ڕەشپێستەکانیشەوە ڕاستە. ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە تەنیا خۆی بە خەباتێکەوە لە پێناو ڕەشپێستەکاندا ناوزەد بکات و زیاتر لەوە نەڕوات بە ئاسانی دەبێتە کۆنەخوازی. من پێموایە ئێمە شوناسێکمان هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین لە هەر ساتێکدا لەم شوناسە زیاتر و سەروتر بڕۆین. بە بۆچوونی من شێوازی گونجاو بۆ دەربڕین و خستنەڕووی شوناس، وشەی «**ئێمە**»یە. من هەمیشە دەربارەی «ئێمە» دەدوێم. ئێمە سوبێکتی «کارکەر یان کردەگەر»ین. بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بە چینی کرێکار دەستپێبکەم دەڵێم «ئێمە». لەبەرئەوەی کە «ئێمە» وشەیەکە گوزارشتی لە خۆمان پێدەکەم و لە «من» وەک قسەکەر و لە «تۆ»ش وەک کەسێکی قسەکەرەوە سەرچاوەی گرتووە و هاتووە. لە هەمانکاتدا، کاتێک دەڵێین «ئێمە»، ئەم «ئێمە»یە هەمیشە داخوازییەک و پرسیارێکیشە. پرسیارێک و جوڵەیەکیشە. وەختێک دەڵێین «ئێمە» دژ بە سەرمایەین، خۆم دەزانم دژی سەرمایەم و ئەم «ئێمە»یە تۆش لەخۆی دەگرێت، واتە «ئێمە» دژبە سەرمایەین.

بەمپێیە کاتێک دەڵێم «ئێمە»، پێموایە کەسانێک ئەمە دەبیستن کە من بانگهێشتیان دەکەم تا بەشێکبن لە «ئێمە». من ئەوان داغڵی ئەم «ئێمە»یە دەکەم. بە سادەیی بانگهێشتییان دەکەم یان پێشنیاریان بۆ دەکەم کە بەشێکبن لە «ئێمە». بەمشێوەیە «ئێمە» شوناسێکی کراوەیە. شوناسێکە کە بەردەوام خۆی ڕەخنە دەکات. لەبەرئەوەی کە دەبێت بەردەوام بپرسین «ئێمە» کێین؟ ئەم شوناسە دەبێتە جۆرە شوناسێکی نەفیکراو، چونکە «ئێمە-بوون» واتە (هۆکاری«ئێمە»بوون) لەو ڕاستییەوە شکڵی وەرگرتووە کە ئێمە ناکۆکین و دژ بە سەرمایەدارییین. هەرکاتێکیش ئەم شوناسە ببێتە شوناسێکی جێگیر و ئەرێنی «مثبت»، هەرکاتێک بمانەوێت دەربارەی «ئێمە» وەک «ئێمە»یەکی داخراو دەستپێبکەین و بیر بکەینەوە، مەترسیدار دەبێت.

سەرچاوەکان:

1. نوع دیگری از سیاست، گفتگوی پیران آزاد با جان هالووی ص۲۳- ۴۵
2. در معرفی و نقد آرای جان هالووی(جلد دوم)
3. نویسـندگان: کالینیکـوس، ج.هالـووی، م. گنزالس، ف.هـرس،ک، مک ناتون. م.د. آنجلی..هتد
4. مترجمان: ح.آزاد، ح، ریاحی، نسرین ابراهیمی. پ.آزاد....هتد
5. انتشارات بیدار، بهار ۱۳۹۰

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پراکسیس و تیۆری ڕەخنەیی

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاندریو فینبەرگ

وەرگێڕان: نارین سەعدی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پرسیار: ڤێرسۆ یەكەمین كتێبەكەی ئێوەیان بەناونیشانی «فەلسەفەی پراكسیس» دووبارە بڵاوكردۆتەوە. ماركس و لۆكاچ و قوتابخانەی فرانكفۆرت لە سەرچاوە لۆكاچی‌یەكان دەكۆڵێتەوە دەربارەی خستنەگەڕی ماركسیزمێكی ڕەخنەیی كە تا سەر ئادۆرنۆ و ماركۆزەوە درێژدەبێتەوە. دەتوانن بەكورتی جارێكی دیكە باسی ئەم ژینالۆژیایە بكەنەوە و ئەوە ڕوونبكەنەوە كە چۆن [ئەم ژینالۆژیایە] بۆ باكگراوەندی ئێوە بەبایەخ بووە؟ هەروەها چۆن دەتوانێت ماترێكس[١] بۆ فەلسەفەی هاوچەرخی تەكنۆلۆژیا بڕەخسێنێت؟

ئاندریو فینبەرگ: لەڕاستیدا كتێبەكەم بە سەرەتای ماركس دەستپێدەكات چونكە ئەو [ماركس] یەكەمین نوسخەی ئەو شتەی هێناوەتەكایەوە كە وا بە فەلسەفەی پراكسیس[٢] ناوی دەبەم. پرسی سەرەكی ئەم نوسخەیەی ماركسیزم بریتییە لەو شتەی كە ماركس خۆی بە «بەدیهاتن»[٣]ـی فەلسەفە ناوزەدی دەكرد. ئامانجی فەلسەفەی پراكسیس لە فەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتی یاخود سیاسی زیاترە كە تیایدا شۆڕشی پرۆلیتاریایی وەك جۆرێك لە ڕێچكەی فەلسەفی‌یانە دەجوڵێنێتەوە و قابلیەتی چارەسەركردنی ئەو پێكدژییە بنچینەییانەیە[٤] كە تێكڕای نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە ڕەگ و ڕیشەیەوە تەفسیردەكات. ئەمە بەشێوەیەكی سادە لە واقعیەتی كۆمەڵایەتی‌دا مانای بەدیهاتنی ئایدیاڵی ئەخلاقی ناگرێتەوە، بەڵكو مانای ڕێگەچارەی پراكتیكی لە پێكدژییەكی ئۆنتۆلۆژیی بنچینەییانەی سوبێكت و ئۆبێكت دەگرێتەوە.

١: matrix
٢: Philosophy of praxis
٣: realisation
٤: fundamental antinomies

ئەم بەرزەفڕییە سەرسوڕهێنەرە لە دەسنووسەکەی مارکس لە ساڵی ١٨٤٤دا لەبەرچاو و ڕوونە. مارکس لەڕێی کارەوە بانگەشە بۆ یەکخستنەوەی سروشت و مێژوو دەکات لە کۆمەڵگایەکی پاش-شۆڕشگێڕانە[٥] کە لە بنەڕەتدا نوسخەیەکی پیاچوونەوە بەسەرداکراوی ئەو داخوازییانەیە دەرهەق بە هاوچەشنی سوبێکت-ئۆبێکت[٦] لە ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا. چەمکە لۆکاچییەکەی هاوچەشنی سوبێکت-ئۆبێکت بەشێوەیەکی جیاواز لە کتێبی «مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی»[٧]دا داڕێژراوە و بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دنیای کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو بەرنامەیەی کە ئەو [لۆکاچ] لەسەریەک ڕایدەگەیەنێت لەوەی مارکس گشتگیرتر نییە.

ئەم بەرنامەیە لەلای ئادۆرنۆ و مارکۆزە کەمتر ئاشکرایە، لەبەرئەوەی ئەوان چیتر دڵیان بە شۆڕشێکی پرۆلیتاریایی خۆشناکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا [نوسخە] مارکسیزمەکەیان وا دادەنرا مانا و واتایەکی ئۆنتۆلۆژیی بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی گوماناوی و نادیاریش باس لە بەدیهاتنی پڕاکتیکییەکەی بکەن. مارکۆزە زیاتر لە ئادۆرنۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە، بەڵام تەنانەت دیالەکتیکی نێگەتیڤەکەی[٨] ئادۆرنۆش لەڕواڵەتدا، هیوا و ئومێدی نامراد، لەبارەی شۆڕشەوە دیاریکەر و یەکلاییکەرەوەیە. سەرباری ئەوەش ئەو [ئادۆرنۆ] لە دیالەکتیکی نێگەتیڤدا بە وتنی ئەمە دەستپێدەکات، «فەلسەفە کە وەختێ، وا هەستدەکرێت لەبرەوکەوتوو بێت، بەردەوام دەبێت؛ چونکە لەو ساتەی بۆ بەدیهاتنی پیایدا ڕاناگەیەنرێت.» مارکۆزە

٥: post-revolutionary

٦: subject-object

٧: History and Class Consciousness

٨: Negative Dialectic

بەشێوەیەکی تەواو ئاشکرایانە دەرەنجامەکانی شۆڕشێکی مومکین لە زەمەنێکی داهاتوودا گەڵاڵەدەکات: «بەم شێوەیە وەرچەرخانێکی عەقڵانی لە جیهان‌دا دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی کە لەلای هەستیاریی جوانی‌ناسی‌یانەی مرۆڤەوە ڕێکخراوە. جیهانێکی وەها دەتوانێت (بە مانایەکی تەواو حەقیقی!) مەیل و ئارەزووە مرۆیی‌یەکان لەخۆبگرێت و یەکبخات تا ئەو ڕادەیەی کە بە بەشێک لە حەتمیگەرایی ئۆبێکتیڤ لە سروشتدا بڵاودەبێتەوە.»

پرسیار: گرنگایەتی ئەم ڕاڤەکردنەوە ڕەخنەییەی مارکسیزم لەجیاتی لایەنەکانی «نامۆبوون»[٩] و «چەوساندنەوە»[١٠] لەڕووی «عەقڵانیەت»ەوە[١١] چییە لە سەرمایەداریدا؟

ئاندریو فینبەرگ: هێشتا نامۆبوون و چەوساندنەوە (کەڵکلێوەرگرتن) بۆ فەلسەفەی پراکسیس چەمکگەلێکی گرنگن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەقی خۆتانە گرنگایەتی چەمکی عەقڵانیەت بۆ ئەم نەریتە بخەنەڕوو. بەرلەوەش لای مارکس شۆڕش، بەڵێنی کۆمەڵگایەکی عەقڵانی دابوو؛ بەو مانایەی کۆمەڵگایەک بێت کە تیایدا ڕۆحی گەلێکی هەرەوەزی لە پێگەی جیهانگیری‌دا بە پرسگرێکی پراکتیکی لە تەمەنی (بەقازانجی) ئابووری دەسازێنێت. پرسی عەقڵانیەت لەلای لۆکاچ و لە قوتابخانەی فرانکفۆرت‌دا زۆر بەشێوەیەکی کۆنکرێتی زیاتر لەڕووی ڕۆڵی دیسپلینی تەکنیکی و فۆرمە عەقڵانی‌یەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی‌یەوە پۆڵێن‌کراوە. ئەم فەیلەسوفانە ناهاوشێوەی سەرەتای مارکس کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەگیرسێننەوە، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەشێوەیەکی تەکنۆلۆژی لەسەر بنچینەی

٩: alienation

١٠: exploitation

١١: rationality

هەڵسوڕاندنی کارگێڕیی بیرۆکراتیانە لە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراودا دامەزرێنراوە. لەدوایدا هەروەکو فۆکۆ بەشێوەیەکی کەم تا زۆر جیا دەڵێت کۆمەڵگایەکی وەها هەوڵی بێسوودی ئەو شتەی لێدەکەوێتەوە کە مارکس لەڕێی ڕێکخراوێکی عەقڵانییەوە بەسەرنجەوە ناوی دەبردن بە نامۆبوون و چەوساندنەوە. هەربۆیە پرسی شۆڕش دووچاری ڕەخنەگرێک لە فۆرمەکانی عەقڵانیەت دەبێتەوە کە مۆدێرنیتە تەفسیر دەکات بۆ: ئابووری و دیسپلینی تەکنیکی و بیرۆکراسی و تەکنۆلۆژیا. سەرباری ئەوەش بەدڵنیاییەوە کاریگەری بەسەر ڕۆمانتیزمدا هەبووە، فەلسەفەی پراکسیس لەمەڕ ڕەخنەیەکی دیالەکتیکی ئەو عەقڵانیەتە شێوەگەرییانەی کە لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی بونیاتنراودا دیاریدەکرێت، دژایەتیکردنی ڕۆمانتیک لە بابەتی هۆکار و هەستوسۆز یان «ژیان»ەوە ڕەتدەکاتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە لوکاچ پێی دەڵێت عەقڵانیەتی بەشتکراو[١٢] و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ فۆرمە چەشناوچەشنەکانی بەردەوام سەرقاڵی نەوەی هەوڵی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەکات.

پرسیار: لە دواهەمین بڵاوکراوەی کتێبەکەتان بە زمانی فەرەنسی بەناونیشانی «تیۆری ڕەخنەیی لە تەکنۆلۆژیادا»[١٣]، کاتیگۆری «دیستۆپیا» وەک بابەتێکی سەرەکی دەخەنەڕوو بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی (کارەسات بەهەمان شێوەی دژە-یوتۆپیا). وا دیارە بانگەشەی ڕەخنەگرتنێک دەکەن کە لەڕێی «بەعەقڵانیکردنی دیمۆکراتی»[١٤]یەوە «دیستۆپیا» تێدەپەڕێنێت. دەتوانن گرێومەرجەکان لەم چەمکداڕێژییەدا ڕوونبکەنەوە؟

ئاندریو فینبەرگ: ڕەخنەگرتنی ڕۆمانتیک لە عەقڵ فۆرم

١٢: reified rationality

١٣: Pour une théorie critique de la technique

١٤: democratic rationalization

و شێوەی گێڕانەوەیەکی دیستۆپیایی ناو چیرۆکە زانستە خەیاڵییەکانی سەدەی بیستەم وەردەگرێت. ڕۆمانەکانی وەک «دنیای نوێی بێگەرد»[١٥] بەرەوڕووی بەشتکردن و تاکێتیی مرۆڤ دەوەستێتەوە، بەبێ ئەوەی ناوەندێک لەنێوانیاندا دروستبکات یان ئومێدەواری بۆ ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. قەبڵاندنەکە بەپێی زەمەنی ئێستا لایەنگری هاوشێوەکانی نیگەرانی دیستۆپیایی دەکات دەرهەق بەو ڕەوتانەی هەروەکو چاودێری « NSA (ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی)». گێڕانەوەیەکی وەها لەڕێی دەردەسەرییەکانمەوە دەربارەی وێناکردنی وەرچەرخانێک لە ژینگەیەکی تەکنیکیدا و لەڕێی دوودڵیمانەوە لە وجودی ئامرازێکی مێژوویی‌دا کە لە هەموو بارودۆخێکدا قابلیەتی درکپێکردنی هەر وەرچەرخانێکی هەیە وەک گریمانە قبوڵ بکرێن. ئەمە سیاسەتێکی بێهیوایی دەهێنێتە گۆڕێ، واتە یان پاشەکشێی تەواو دروستدەکات یاخود تیرۆریزم. دەبێت ئاڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ وەرچەرخانێکی وەها بنوێنێتەوە و ئامرازێکی مومکین و شیاو بناسێنێت، لەمڕۆدا سەپاندنی هیچکام لەمانە لەئارادا نییە. سەرەڕای ئەمەش لە پێرسپێکتیڤێکی مێژووییەوە جموجۆڵی کۆمەڵایەتیی نوێ بەتەنیشت گێرەوکێشەکانی هەروەکو ئیکۆلۆژیادا ئاماژە بە ئەگەریبوونی ڕێگاچارەکان دەکات. ڕەنگە ئەم ڕێگەچارانە بەرەبەرە بەمزوانە لە کاریگەریی جموجۆڵەکاندا لەسەر هەڵبژاردە تەکنیکییەکان بەردیتن بکەون، بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا پشتگوێخستنی وزەی ئەتۆمی لەبەرخاتری سەرچاوە تازەوەبووەکان. ڕەنگە لە داهاتوودا جموجۆڵەکان زیاتر ببنە مایەی جێی سەرنج. بە دەسکەوتەکانیان دەڵێم «بەعەقڵانیکردنی دیمۆکراتی»یەکان، چونکە لەجیاتی ئەوەی جۆرێک لە ڕێگاچارەی

١٥: Brave New World

تەکنۆکراتی دیاریکراوبێت کە لە پانتاییەکی تەکنیکیدا گیرۆدەی بووین، بەشێوەیەکی تەکنیکی ڕێگاچارەی عەقڵانین کە داخوازییە دیموکراتییەکان دەهێنێتەسەرڕێ.

کەواتە شتێکی ماقوڵە ئەم دیاردانە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز شیبکەینەوە، بۆ نموونە وەک سەرەبزووت لە کولتورێکی بەرهەڵستکار لە دەیەی شەستەکاندا هاتۆتە دنیاوە و لەبەرامبەر بە قۆناغی نوێ لە کۆمەڵگایەکی مەسرەفکەردا[16] کە لەسەر ئینتەرنێت و سمارتفۆنەکان بنیاتنراوە ڕوولە نەمان دەکات. پێداگری ناکەم لەوەی کە ئەمە لێکدانەوەیەکی ئاڵتەرناتیڤی پەسەندکراو بێت، بەڵام ئەوەش دەڵێم کە بارودۆخی ئێستاکانێ تەمومژاوییە. دەرەنجامە دیستۆپیاییەکان پێشوەختی خۆیانن. هەڵبژاردەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێت ئەگەر بێتو گرەوێکی پاسکاڵی ئەنجامبدەین.

پرسیار: ئێوە لەنێوان پێگەیەکی «تەکنۆدۆستی[17] ناسیا سی» و لە «تەکنۆتۆقین»[18]دا ڕێڕەوێکی مامناوەند دەگرنەبەر کە دایمەودەرەم بە لادانی کۆنەپەرستانە بەر هەڕەشەکەوتووە. دەتوانن پیاچوونەوە بە هەندێک ئەزموونندا بکەن، بۆ نموونە وەک مینیتێل کە تیایدا لایەنگری هەڵکشانی ئەم نیمچەئاڵتەرناتیڤە دەکەن کە وا خۆتان بەشێوەیەکی درمی دەزانن؟

ئاندریو فینبەرگ: ئەو پرسیارەی کە لێرەدا قووتدەبێتەوە سەروکاری لەگەڵ ئەگەریبوونی ئاژانسی حکومی لە پانتایی تەکنیکیدایە. ئایدیۆلۆژییەکی تەکنۆکراتی بەسەر کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا شکاوە بەوپێیەی کە دەبێت لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایانەوە گشت بڕیاردانە تەکنیکییەکان یەکلایی بکرێنەوە.

---

[16]: consumer society

[17]: technophilia

[18]: technophobic

ڕەوتە گشتییەکان ناعەقڵانی دەردەکەون، لەم ڕوانگەوە سەر بە ئایدیۆلۆژیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە زۆرباش ئاگادارین کە پسپۆڕ و شارەزایان هەروەکو هەموو تاکێکی دیکە دووچاری هەڵەکردن دەبنەوە. لەم ساڵانەی دواییدا دوو جۆر لە نەبوونی توانایی لەبارەی تێگەیشتووییانەوە بەدیدەکرێن. لەلایەکەوە پسپۆڕ و شارەزایان بەجۆرێک ئاوڕنادەنەوە لە مەترسییەکانی هەروەکو پیسوپۆخڵکردن و پێویستە لەڕێی خۆپیشاندانی قوربانییەکانەوە بەهۆی داهێنانە ناوازەکانیان بەبیربهێنرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕ و شارەزایان بەجۆرێک توانستەکانی ئەو داهێنەرێتییانە پشتگوێ دەخەن کە دەکەونە بەرامبەر بەو داخوازییە هەمەکییانەی چاوەڕوانیان لێنەدەکردن. نموونەیەکی هەرەباش بۆ ئەم دیاردەیەی ئاخر بریتییە لە پێوەندیبەستن لەڕێگەی تۆڕە کۆمپیوتەرییەکانەوە.

یەکەمین ئەزموون بەتەنیشت ئەم هاوکارییە گشتییانەوە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی سیستەمێکی تەکنیکی لە شاری فەڕەنسا لەژێر چاودێری مینیتێلدا ڕوویدا. ڕەنگە لەمڕۆدا ئەوەمان لەبیرچووبێتەوە کە بۆ ماوەی دە ساڵ مینیتێل هەتاکو ئێستا بەربڵاوترین و کاراترین ڤێرژنی ئەو شتە بووە کە ئێمە لەئێستادا بە ئینتەرنێت کاتی پێوە دەبەینەسەر، ئەوەش بریتییە لە تۆڕێکی کۆمپیوتەری کە تیایدا زانیاری و پێوەندی بۆ جەماوەرێکی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت. بەڵام سیستەمی مینیتێل بە هەمان شێوەی ئینتەرنێت بۆ پێوەندیبەستن لەنێوان مرۆڤەکاندا سنوردار نەکراوەتەوە، بەڵکو تەنیا بە ئامانجی سیستەمێکی گەیاندنی زانیاری و کارپێکردنی پێوەندیدار بووە کە لەسەرەتادا لەلایەن چەند هاکەرێکەوە دەهێنرایەکایەوە و پاشان لەلای ملیۆنەها کارێنەری بەتەینوگورەوە بەکاردەهێنرا. ئەمە بریتییە لە نموونەیەک لە پاساودانێکی دیموکراتی بە دەلالەتە بەرینەکانەوە

بەو مەبەستەی چۆن ڕێ بە گەشەسەندنی تەکنیکی بدەین.

پرسیار: لەمرۆژگارەدا گەلێک کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیی گرنگ سەبارەت بە پرسە تەکنۆلۆژییەکان لە ئارادایە. دەتوانن ئەو ڕێگایە بگرنەوەبەر کە تیایدا ئێوە لە کتێبەکەتاندا هەردوو چەمکی تەکنیکی و ئەزموون دەستنیشان دەکەن، بۆئەوەی باشتر پێگەیەکی کۆنکرێت و کاریگەر دیاریبکرێت و تیایدا لێکۆڵینەوە لەسەر شەرتومەرجەکانی سیاسەتێکی ڕزگاری[١٩] بکرێتەوە، هەروەها لەبەر ئەو ئامانجەی کە پرسی تەکنۆلۆژیا یەکێکە لە گرێومەرجە سەرەکی‌یەکان؟

ئاندریو فینبەرگ: ئەفلاتوون لە شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنەری دەستکردە تەکنیکی‌یەکان[٢٠] لە هەمووکەس چاکتر لێی‌دەزانن. لەکاتێکدا ئەمە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووخوازەکەمان لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە جێی‌گومان هەڵدەگرێت کە تیایدا بەکارهێنەر و قوربانی‌یەکانیش بەدڵنیای‌یەوە لەبارەی کاریگەرییە لاوەکییەکان شتێکی گرنگ دەزانن. تەکنۆکراتەکان بەبەردەوامی نکۆڵیان لەمە کردۆتەوە بەڵام ئەمرۆکانە زیاتر و زیاتر ناچارکراون مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکەن کە فۆکۆ پێی‌دەوت «مەعریفەی دیسپلینکراو»[٢١]ە کانی ئەو شتانەی کە دەخرانە ژێرڕکێفی سیستەمە تەکنیکی‌یەکانەوە. زۆرجار زانست بە دوایین سەرچاوەی زانیارییە تەکنیکی‌یەکەمان دادەنرێت، لەئێستاشدا لەڕێی ئەزموونی خەڵکی ئاساییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوڕاست دەستمان دەکەوێت. تەنانەت لەلایەن کۆمپانیا کۆمپیوتەرییەکانەوە پەنادەبەنەبەر تاقیکردنەوەی بەرهەم و کاڵا نوێیەکان بەو مەبەستەی کاردانەوەکانیان هەڵبسەنگێنن.

١٩: emancipatory politics

٢٠: technical artefacts

٢١: les savoirs assujettis /subjugated knowledges

بێگومان ئەو کاریگەرییە پزیشکی‌یانەی پیس‌وپۆخڵ کردن (پیساندن) و گێرەوکێشەکانی دیکەی تەکنۆلۆژیا بەگشتی لەڕێگەی گیروگرفت و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئاساییەوە دێتە بیروزەینی کۆمەڵگاوە.

زانیاریی تەکنیکیی فەرمی بە چەند دیسپلینێکی تەکنیکیی عاقڵانییەوە گەڵاڵەکراوە کە بۆ نەریتە تەکنیکی‌یەکان تایبەتمەندبوون و کورت‌کراونەتەوە. پسپۆڕی و شارەزایی هەتا بێ زیاتر لەبەرامبەر تەنگوچەڵەمەی ژینگەیی لەکارکەوتوو و بەرتەسک دەردەکەون، هەروەها نەریتەکان بەیەکجاری بۆ قۆناغێکی لەوەپێشی گەشەسەندنی لایەنگری سەرمایەداری کورت‌کراونەتەوە؛ بۆ نموونە خستنەلاوەی کارامەیی لە ئامرازەکانی بەرهەم‌هێنانەوە دەلالەتی لە فەرمانێکی زەروورییی بە پێش‌کەوتن دەکرد. ئەمانە گەلێک هۆکاری سەروزیادن بۆ گومان‌لێکردن لە تێگەیشتوویی پسپۆڕ و شارەزایان لە پانتایی وێنە گەردوونییەکاندا. دەبێت زانایی پسپۆڕ و شارەزایان لەلایەن ئەو خەڵکە ئاسای‌یانەوە بە ئەزموون تاقی‌بکرێنەوە و لە زمانی ڕۆژانەدا گەڵاڵەبکرێن کە لەنێو ئەو سیستەمە تەکنیکی‌یانەدا ژیان بەڕێوە دەبەن کە خۆیان دەیهێننە جیهانەوە. جووڵانی ڕەسەن و دروست پێویستی بە پێوەندییەکی سەرکەوتووانەیە لەنێوان عەقڵانیەتی تەکنیکی و ئەزموون‌دا.

ئەگەر ئەم پێوەندییە هەروەکو ئەوەی فەلسەفەی پراکسیس داخوازی لێدەکات شۆڕشگێڕانێکی سۆشیالیست دروستبکات، لە هەل‌ومەرجی ئێستاکەی ئێمەدا پرسگرێکی دروست و شیاو نییە. ئەوەی ڕاستی بێت جم‌وجۆڵەکانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ بەتەنیشت کێشەومەسەلە تەکنیکی‌یەکان‌دا بەشت‌کردن ڕەت‌دەکاتەوە و بەشێوەیەکی زۆر لەبەرچاو پەیوەندی بە

سیاسەتی عەقڵانیەتەوە هەیە لە فەلسەفەی پراکسیسدا، بەڵام بانگەشە بۆ لەنێوبردن و لەنێوچوونی سیستەمی سەرمایەداری ناکەن. نابێت تامەزرۆیی لەبەرامبەر سۆشیالیزم بخرێتە شوێنی جموجۆڵە واقیعیەکان لە سیستەمە تەکنیکییەکاندا بۆ باشترکردنی (چاککردن) [کۆمەڵگا] کە لە هەر کۆمەڵگایەکی شۆڕشگێڕانەوە بۆی دەمێنێتەوە. نشوستی دەرهەق بە هەڵکردن و فێربوون لەمەڕ ئەو جموجۆڵانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت و چیندا دەرەنجامێکی نالەباری لێکەوتەوە. دەبێت دەربڕینە وردەکەی جموجۆڵ لەمەڕ لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ و تەکنیکیدا، هێشتا لە زەمەنێکی داهاتوودا وردەکاری لەسەر ئەنجامبدرێت و ئومێدەوار بین لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی زەبروزەنگێکی بێسوود یاخود ئاشتەواییەکی پڕمەترسی، ببێتە یەکێک لە پشێوییە بەخێروبێرەکان.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرچاوەکان:

Praxis and critical theory: Interview with Andrew Feenberg
(website: www.mronline.org)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

چەپی باشور و پراکتیکی تیۆری

نووسین: هاوڕێ عەبدوڵا، زەردەشت نورەدین

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ماوەیەکی زۆرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەون بە دونیایەکی ترەوە دەبینێت، بەڵام بۆی ڕوون نییە دەبێت ئەو دونیا نوێیە چۆن بێت و چی لە دونیا کۆنەکە جیاواز بێت. خەون کافی نییە بۆ گۆڕینی دونیا، گەر لەپاڵ خەونەوە جیهانبینییەکی نوێ و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نەبێت. گەر قسە باوەکە دووبارەبکەینەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت چی ناوێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کردار و پەرچەکرداری بەرامبەر بەو دونیا کۆنە هەیە، بەڵام نازانێت ئەوەی دەبێت لە جێگەی ئەو دونیا کۆنە بنیاتیبنێتەوە دەبێت چۆن بێت. فۆرمی فیوداڵیزمی ڕۆژئاوایی و ململانێ ناوەکییەکانی ناو ئەو سیستەمە، هەوێنێکی باش بوو بۆ لەدایکبوونی ئەوەی پێی دەوترێت دونیای مۆدێرنی ڕۆژئاوایی. لە ڕۆژئاوا لەدوای هەرەسی ئیمپراتۆریێتی ڕۆماوە، هیچ ئیمپراتۆریێتێکی تر جێگەی ناگرێتەوە و سیستەمی کۆیلایەتی دەکەوێت و سیستەمێکی تر جێگەی سیستەمی کۆیلایەتی دەگرێتەوە، ئەویش سیستەمی فیوداڵیزمە. بەهۆی هەرەسی ئیمپراتۆریێتی ڕۆماوە، دەسەڵات لەناو فیوداڵیزمی ڕۆژئاواییدا دابەش دەبێت بەسەر پاشا، پاپا و پیاوانی دینی، و فیوداڵەکاندا. پاشا دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری هەبوو، پیاوانی دینیش ڕۆحی و سیاسی و ئابوری. هەرچی فیوداڵەکانە دەسەڵاتی سیاسی و ئابورییان هەبوو، دەتوانین بڵێین کۆمەڵایەتیش. ئەم دابەشبوونەی دەسەڵات ناکۆکی و ململانێی دروستکرد، پاشا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فیوداڵەکان کەمبکاتەوە و دەسەڵاتێکی زیاتری هەبێت پشتگیریی دەرکەوتنی چینێکی نوێی کرد، کە ئەوکات بە چینی بازرگانەکان ناسرابوو. بازرگانەکانیش بۆ ئەوەی هەژمون و ڕێگریی فیوداڵەکان بەسەر ئابوری و بازرگانییەوە نەهێڵن، لایەنگریی پاشایان کرد. هاوکاتی ئەم ململانێیەش ئاینزایەکی نوێ لەناو مەسیحییەتەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئاینزای

پرۆتستانتە. بەشێک لە پاشاکان و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پشتگیریی دەرکەوتنی ئەم ئاینزا نوێیەیان کرد، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی پیاوانی دینی لە سیاسەت و ئابوری جیادەکردەوە و زیاتر دەسەڵاتێکی ڕۆحی بە پیاوانی دینی دەبەخشی. دەرەنجامی ئەم ململانێ ناوەکییانەی ناو ڕۆژئاوا، زۆر پرس دەبێتە جێگەی باس و بیرلێکردنەوە، لەوانەش جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، پەیمانی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەرچاوەی یاسا چییە، پرسەکانی وەک ئازادی و یەکسانی و عەدالەتیش دەبنە پرسی گرنگ و جێگەی باس. ئیتر لەپاڵ ئەم باس و پرسانەوە کارگەکان دروستدەبن، دۆزینەوەکان و داهێنانەکان لە بوارە جیاواز جیاوازەکاندا دەردەکەون. بەناو هەناوی شۆڕشی پیشەسازی و ڕۆشنگەرییەوە و... دونیایەکی نوێ لەدایکدەبێت، ئەوەی پێی دەوترێت دونیای مۆدێرنی ڕۆژئاوا.

گەر واز لە ڕۆژئاوا بێنین و بێینە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین بەو ناکۆکی و ململانێیانەدا تێنەپەڕیوە. ئەو پرسانەش کە لە ڕۆژئاوادا دەبنە پرسی گرنگی بیرکردنەوە، لە ڕۆژهەڵاتدا نابن بە پرس. هاوکاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکانمان هەیە. کاتێک ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان هەرەسدێنێت، لە جێگەی ئەم ئیمپراتۆریەتە، خەلافەت یان دەتوانین بڵێین ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی شوێنی دەگرێتەوە. لە ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەی ڕۆژئاواوە کاتێک ئیمپراتۆریەتی ساسانی هەرەسدێنێت، دەسەڵات دابەش نابێت بەسەر ئەو سێکوچکەیەی کە باسمان کرد، بەڵکو دیسانەوە لە یەک سەنتەر و دەسەڵاتی دیاریکراودا، دەسەڵاتەکان کۆدەبنەوە. واتا دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆحی و ئابوری لەژێر دەسەڵاتی خەلیفە یان ئیمپراتۆردا کۆدەبنەوە.

لە فیودالیزمی ڕۆژئاواییدا دەسەڵات دابەشبوو بوو بەسەر سێ سەنتەردا، بەڵام لە فیودالیزمی ڕۆژهەڵاتیدا دەسەڵاتە جیاوازەکان لە یەک سەنتەردا کۆدەبنەوە، ئەمەش بواری ئەوە نادات ململانێ و ناکۆکیی ناوەکی لەناو ئەو سیستەمەوە دروستبێت. پێمانوایە ئەمە لەحزەیەکی زۆر گرنگی مێژووییە و بەشێکی گرنگی جیاوازیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش بۆ ئەمە دەگرێتەوە. بەدرێژایی ئەو زەمەنە مێژووییە تا دەگات بە هەرەسی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیش، لە ڕۆژهەڵاتدا بینەری ناکۆکی و ململانێیەکی ڕاستەقینە نابین کە لێیەوە ترازانێکی ڕاستەقینە دروستببێت. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، فۆرمی زاڵی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتی دەگۆڕێت بۆ دەوڵەت-نەتەوە. بەڵام گرفتە سەرەکییەکە لەوەدایە ئەم فۆرمە نوێیە بەرەنجامی ناکۆکی و ململانێ و زەروورەتی ناوەکیی ئەم ناوچەیە دروستنابێت، بەڵکو فۆرمێکە ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا لەبەر خواست و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی، دەیسەپێنێت. زیاتر لەسەر ئەم ڕەهەندە مێژووییە ناوەستین، بۆ کاتێکی تر و شوێنێکی تر هەڵیدەگرین و لەسەر ئەم بەراوردە دەوەستینەوە، کە پێمانوایە بابەتێکی زۆر گرنگ و فرەڕەهەندە.

لە ڕۆژهەڵاتدا بێ ئەوەی ئەو ململانێ و ناکۆکییانە دروستبن، بێ ئەوەی دیالۆگێکی ڕۆشنگەریی ناوەکیی ڕاستەقینە لەم ناوچەیە دروستبێت، بێ ئەوەی ئەو پرسانەی لەسەرەوە باسمان کردن ببنە پرسی گرنگ و جێگەی باس و بیرلێکردنەوە، سیاسەت وەک تاکە کایەی گۆڕینی دونیا و فریادڕەسی ناوچەکە دێتە سەر شانۆی مێژوو. هەرکات باسی گۆڕین بکرێت، یەکسەر بیر لە گۆڕانی سیاسی و گۆڕینی سیاسییانەی دونیا دەکرێتەوە. ڕاستە کایەی سیاسەت تاکە

کەناڵی گۆڕینی ڕاستەوخۆیە لە کۆمەڵگادا، بەڵام هەرکات سیاسەت وەک کایەکی خۆژێن و دابڕاو لە کایەکانی تر و دابڕاو لە دیالۆگێکی ڕۆشنگەرانەی ناوەکی، درێژەی بەخۆیدا، ئەوکات ناتوانێت گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لەناو کۆمەڵگادا دروستبکات.

کاتی خۆی مارکس پێشبینی ئەوەی کردبوو شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتی بەریتانیاوە سەرهەڵدەدات، واتا لە هەناوی پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەدارییەوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو پێشبینییەوە شۆڕش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لە دواکەتووترین وڵاتدا سەریهەڵدا کە ئەویش وڵاتی ڕوسیا بوو. ڕوسیایەک نە لەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوو بوو، نە ئەو ئیمکانەی تێدابوو ڕاستەوخۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی تێدا بنیاتبنرێت. وڵاتێکی فیوداڵیی هێجگار دواکەوتوو بوو، خەڵکەکەشی گیرۆدەی نەریت بوون. شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیاوە بەرەو ڕۆژئاوا و وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان تەشەنەی نەسەند و نەگوازرایەوە. لەبری ئەوە لینینیزم بووە مۆدێلێکی خەباتی سیاسی و شۆڕشکردن بۆ ئەو وڵاتانەی لەڕووی پیشەسازییەوە دواکەوتوو بوون و لەڕووی کولتوریشەوە مۆدێرنە تییاندا ڕوووینەدابوو. حیزبی لینینی وەکو میدۆمی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغی فیوداڵییەوە بەرەو قۆناغی سۆسیالیستی دەبینرا. واتا ئەرکی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا بەجۆرێک دەکەوتە سەرشانی حیزبی لینینی. ماویزمیش لەژێر کاریگەریی لینینیزمدا مۆدێلێکی تری خەباتی سیاسی و شۆڕشکردن بوو. وڵاتی چینش وڵاتێکی دواکەوتوو و فیوداڵی بوو، کولتورێکی نەریتی و کۆنەپارێزی هەبوو. هەریەکە لە لینینیزم و ماویزم لە سیاقێکی پڕ لە توندوتیژیدا دەستیان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا برد، خۆیانیش

بوونەوە بە بەرهەمهێنەرەوەی بەشێک لەو توندوتیژیانە. سەرەڕای ئەوەش توانییان گۆڕانی ڕیشەیی لە بواری ئابوری و پیشەسازی و کولتوریدا بێننەکایەوە. بەڵام نەیانتوانی ئەو ئامانجەی کە خەباتیان بۆی دەکرد، بەدیبێنن، واتا نەیانتوانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتبنێن. خۆی ماویزم باوەڕی وابوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتبنرێت یەک شۆڕش کافی نییە، بەڵکو دەبێت چەندین شۆڕش لەناو یەک شۆڕشدا بکرێت. لێرەدا ئێمە لەبارەی هۆکارەکانی بنیاتنەنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە هەریەک لە وڵاتانی ڕوسیا و چیندا، نادوێین. لەوبارەوە جەدەلێکی زۆر و ناکۆک بەیەک هەن.

لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا یان بە زمانی کۆمۆنیستە کۆنەکان وڵاتانی جیهانی سێیەم، واتا ئەو وڵاتانەی سەرمایەداری و پیشەسازی تێیاندا گەشەی نەکردبوو، ئیمپریالیزم هەژمونێکی گەورەی بەسەریاندا هەبوو، پراکتیکی مارکسیستیانە کە لە هەردوو فۆرمی لینینیزم و ماویزمدا بەرجەستەبوو بوو، پراکتیکێکی شۆڕشگێڕانە بوو دژ بە ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی ئیمپریالیستیانە. گەر ماتریالیستیانە لەو قۆناغە بڕوانین، لەبەرئەوەی وڵاتی پیشەسازی و خاوەن بەرهەمهێنان نەبوون و سەرمایە بەرەنجامی هێزی کرێکار بەرهەم نەدەهات، و چینی بۆرژواش لە ئەنجامی کەڵەکەکردنی سەرمایەوە دروست نەبوو بوو، بۆیە چەوساندنەوەی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سەرمایەی ناوخۆییەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ناوخۆیی و دەسەڵاتی زاڵی ئیمپریالیستییەوە بوو. مارکسیزم لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زیاتر پراکتیکێکی سیاسیی شۆڕشگێڕانە بوو دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیستی، کە وڵاتە دواکەوتووەکانی وەک شوێنگەیەک

دەبینی بۆ زیاتر گەشەدان بە پیشەسازیی ناوخۆیی و کەڵەکی زیاتری سەرمایەی ناوخۆیی خۆی.

لەناو هەلومەرجی ئاڵۆزی سەدەی بیستی ڕۆژهەڵاتدا: ناوچەیەکی فیوداڵ و ناپیشەسازی، ناوچەیەک ئیمپریالیزم نەخشە سیاسییەکەی داڕشتبوو، کۆمەڵگاگەلێک مۆدێرنە تێیاندا ڕووینەدابوو، لە سییەکانی ئەو سەدەیەدا واتا چەند ساڵێک دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لەژێر کاریگەریی لینینیزم و سیاسەتی سۆڤیەتدا کە ئەوکات بانگەشەکەری دژ بە ئیمپریالیزم بوو، یەکەم حیزبی کۆمۆنیستی بەناوی «حیزبی شیوعیی عێراق»ییەوە دادەمەزرێت. سەدەی بیست خۆی سەدەی جەنگ و خەباتی پراکتیکی سیاسی و خەونی گۆڕینی دونیا بوو. لەژێر کاریگەریی ئەو هەلومەرجە پراکتیکە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و تاڕادەیەکیش لەژێر کاریگەریی حیزبی شیوعیی عێراقدا، یەکەمین ڕێکخراوی مارکسیستی لە باشوری کوردستاندا بەناوی «کۆمەڵەی مارکسیزم/ لینینیزم/ ماویزمی کوردستانی عێراق» لە سەرەتاکانی دەی حەفتادا دامەزرا. دانانی هەر سێ پاشگری مارکسیزم، لینینیزم، ماویزم لەدوای ناوی کۆمەڵەوە ڕەنگە لەوەوە هاتبێت مارکسیزم وەک نەریتە گشتی و تیۆرییەکە بینراوە، لینینیزم وەک ئەکچوالبوونەوەی پراکتیکی سیاسیی مارکسیستیانە، و ماویزمیش لەو کاتەدا لە ئاستی جیهانیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی حەفتادا سۆڤیەت وەک هەڵگەڕاوە لە کۆمۆنیزم و لادەر لە ڕێبازی لینینیزم دەبینرا، ماویزمیش وەک مۆدێلێکی پراکتیکی سیاسیی ڕاستەقینە بەرەو سۆسیالیزم دەبینرا. پێکهاتی چینایەتیی کۆمەڵگای کوردی کە کۆمەڵگایەکی زیاتر جوتیاری بوو، هەروەها خەباتی پارتیزانی و ماوەدرێژ

دوو هۆكاری تر بوون كە كۆمەڵە پاشگری ماویزم دابنێت. هۆكارەكانی دروستبوونی ڕێكخراوێكی ماركسیستی لەلایەن چەپەكانی باشوری كوردستانەوە لە زاری ئەو كادیرانەی ئەوسای ڕێكخراوەكەوە وەردەگرین: «هەر وەكو ڕۆشنە دوو سێ ساڵی كۆتایی شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، ساڵانی شكڵگرتنی ڕێكخراوی كۆمەڵە بوو. هۆكاری ئەم شكڵگرتنە بە زۆر شت لێكدەدرێتەوە، وەكو لەئارادابوونی چینی كرێكار بە وێنەی چینێك بەتایبەت لەدوای ڕیفۆرمی زەویی ساڵی ١٩٥٨ و ساڵانی دواتر، ئیعتیباری كۆمۆنیزم وەكو بزووتنەوە و تیۆرێكی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگاری كرێكاران و زەحمەتكێشان و گەلانی بندەست لە ئاستی جیهاندا. لەپاڵ ئەمانەشدا حیزبی شیوعی عێراق بە هەردوو باڵەكەیەوە جێگای ڕەخنەی بەشێكی زۆری كەسانی چەپ و كۆمۆنیست بوون. ئەمانە گشت وای كرد بیر لە بنیاتنانی ڕێكخراوێكی ماویستی وەكو كۆمەڵە بكرێتەوە»[١].

«كۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ واتە ساڵی ڕێكەوتننامەی ١١ی ئازار پێكهات. بەڵام ئەوەندەی من لە كادیرە دێرینەكانی ئەم ڕێكخراوەم بیستووە، بیرۆكەی پێكهێنانی ڕێكخراوێكی لەم جۆرە لە ساڵی ١٩٦٨وە هاتۆتە ئاراوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، كە فەلسەفەی پێكهاتنی كۆمەڵە واتە پێویستیی پێكهێنانی كۆمەڵە لە ڕوانگەی دامەزرێنەرانییەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بە دروشمێكی چكۆلە دەكەم، كە بەوردی و بەدەستخەتێكی ڕۆشن لەسەر یەكێك لە دیوارەكانی گەڕەكی ئیسكانی شاری سلێمانی نووسرا بوو و تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩٢ش هەر مابوو. هەموو ڕۆژێك كە لەماڵەوە بۆ زانكۆ دەچووم،

١: مێژوویەك لە یادەوەریدا، ئیدیتۆر سالار ڕەشید. چاپی یەكەم سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠١٥. لاپەڕە ٣٠

دەمخوێندەوە، درووشمەکە دەڵێت: «سۆشیالیزم باشترین چارەسەرە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی». دیارە مەبەست لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردە. بە بۆچوونی من ئەم درووشمە زۆر بەڕوونی و بەکورتی بەرنامە و ئامانجی کۆمەڵە بەیان دەکات و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەدوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەوە بوون و لە ڕوانگەی خۆیانەوە لەو سەردەمەدا مارکسیزم و سۆسیالیزم لە ماویزمدا بەرجەستە دەبووەوە»[٢]. هۆکاری پەنابردنی کۆمەڵە بۆ مارکسیزم پێش ئەوەی لە زەروورەتێکی چینایەتییەوە بێت، لە زەروورەتێکی نەتەوەییەوە بوو. کۆمەڵە وەک هێزێک ئەوکات ئومێدی بەوە نەبوو لە ڕێگەی ئیمپریالیزمەوە بە مافە نەتەوەییەکانی بگات، بەڵکو وەکو ڕێگرێکیش دەیبینی، بۆیە پەنای بۆ جەمسەرە دژەکەی ئیمپریالیزم برد، واتا جەمسەری کۆمۆنیستی. یەکێک لەو دروشمانەی ئەوکات کۆمەڵە لەسەر دیواری گەڕەکەکان دەینووسی ئەمە بوو: «مارکسیزم ئاڵامانە، حەمرین سنوورمانە». یەکێک لە کێشەکانی ناو کۆمەڵە ئەو پرسە بوو کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کوردستانی بێت، یان عێراقی بێت، واتا خەباتی کۆمەڵە تەنیا تایبەت بە کوردستان بێت یان لەسەر ئاستی گشتیی عێراقدا بێت. ئەم ناکۆکییە دەرەنجامی تێگەیشتن لە واقیع و ئەگەرەکانی پراکتیکی سیاسی نەبوو. کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠دا دروستبوو، لە ساڵی ١٩٧١دا ئەم ڕێکخراوە لەسەر ئەو پرسە لەناوخۆیدا دەبێتە دووکەرتەوە. لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتا بەدواوە شەپۆلێکی وازهێنان و کشانەوەی کۆمۆنیستەکان لە کۆمەڵە دەستی پێکرد، پێیانوابوو کۆمەڵە لە مارکسیزم لایداوە و هەڵگەڕاوەتەوە، و چی تر ڕێکخراوێکی مارکسیستی نییە و ناسیونالیستییە، لەبری خەباتی

٢: هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٣٢-٣٣

چینایەتی و بەرگریکردن لە چینی کرێکاران و هەژاران، خەباتێکی ناسیونالیستیانە دەکات و خۆی وەک ڕێکخراوێکی کوردستانی ناساندووە. ئەوانەی داکۆکییان لە عێراقی بوونی کۆمەڵە دەکرد پێیانوابوو لەبەرئەوەی کوردستان لەڕووی ئابوری و سیاسییەوە بەشێکە لە عێراق، دەبێت خەباتی مارکسیستیانە لەسەر ئاستی گشتیی عێراقدا بێت و چینی کرێکاری عێراقیش دەبێت بەشێوەیەکی یەکگرتووانە دژ بە دەوڵەت خەبات بکات. لەدوای شەپۆلی کشانەوە و وازهێنانی بەشێک لە کۆمۆنیستەکانی ناو کۆمەڵە، لە ساڵانی نیوەی دووەمی حەفتاوە تا نەوەدەکان چەندین گروپ و ڕەوت و ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی پێکهێنران و هەڵوەشانەوە [لە کتێبی «مێژوویەک لە یادەوەریدا» باسی هەموو ئەو گروپ و ڕەوت و ڕێکخراوانە کراوە کە لەو ساڵانەدا پێکهێنراون] لێرەدا ئێمە باسی دانە بە دانەیان ناکەین، سەرەڕای ئەوەی ناوی جیاواز جیاواز بوون، بەڵام پێمانوایە جیاوازیی جەوهەرییان نەبووە و ئەگەر جیاوازییەکیش هەبوبێت دەرەنجامی تێگەیشتن لە واقیع و خوێندنەوەی واقیع نەبووە. لینین پێیوابوو بۆ ئەوەی پراکتیکێکی شۆڕشگێڕانەت هەبێت، پێویستت بە تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەیە، تیۆری شۆڕشگێڕانە بۆ کۆمۆنیستەکانی ئەوکات بووبووە ڕەچەتەیەکی ئایدیۆلۆژیی ئامادە و لە شوێنی ترەوە دەهێنرا، واتا نە دەرەنجامی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە واقیع بوو، نە دەرهاویشتەی ناکۆکییە بونیادییەکانی ناو کۆمەڵگا بوو. جگەلەوەش پێکهێنانی ئەو هەموو گروپ و ڕێکخراو و ڕەوتانە بەشێکی بۆ ناکۆکیی شەخسی دەگەڕایەوە. لەدوای مردنی ماو، چین بەرەو جۆرێک لە سەرمایەداری دەڕوات. لە باشوری کوردستاندا لەژێر کاریگەریی کۆمۆنیستەکانی ئێراندا ئیدی ماویزم وەکو ئیلهامبەخشی

پێکهێنانی ڕەوت و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی نابینرێت. لە ساڵانی هەشتاکاندا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش زۆر بەتۆخی مەنسور حیکمەت، دەبنە ئیلهامبەخشی کۆمۆنیستەکانی باشوری کوردستان، بۆ پێکهێنانی ڕەوت و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی. لە سەرەتادا لەناو کۆمۆنیستەکانی ئێراندا دروشمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و گەڕانەوە بۆ ئەسڵی مارکسیزم هاتەکایەوە. «مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە بەرامبەر پۆپۆلیزمی باوی ناو چەپی ئێران سەریهەڵدا و تێکیشکاند، ڕەوتێکی فیکریی سیاسی بوو لە ڕاستیدا لە یەک خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبووەوە: گەڕانەوە بۆ ئوسوڵی مارکسیزم و پاککردنەوەی ئەو تەپوتۆزەی کە لە ئەنجامی باڵادەستی ڕەوتە بۆرژوازییە جۆراوجۆرەکانی وەک، ستالینیزم، ماویزم، ترۆتسکیزم... لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، لێی نیشتووە، کە خەباتی چینی کرێکار بە لاڕێدا دەبات»[٣]. کۆمۆنیستەکانی باشوری کوردستان سەرەتا کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم ڕەوتەوە و کاریان بە دروشمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکرد. لە غیابی تیۆریدا کاریگەریی ئەم ڕەوتە بەسەر کۆمۆنیستەکانی کوردستانەوە کاریگەرییەکی ئایدیۆلۆژیی تۆخبوو، بەجۆرێک لە دوو ڕۆژ و دوو کۆبوونەوەدا سیستەمی فیکری ڕێکخراوێک هەڵدەوەشێننەوە! «بە کورتی دەتوانم بڵێم لەو دوو ڕۆژەدا سیستەمی فیکری و سیاسیی پۆپۆلیستیی کارگەرانیان هەڵوەشاندەوە و بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاشنایان کردین. ئاشنایان کردین بەوەی کە ئیمپریالیزم هەر سەرمایەدارییە، بەڵام لە قۆناغێکی باڵادا، مەسەلەی نیشتیمانیبوون و پێشکەوتنخوازیی بەشێک لە چینی بۆرژوازی ئەفسانەیەکی ڕووتە، عێراقش وەک ئێران وڵاتێکی سەرمایەدارییە، ناکۆکیی سەرەکی لەم وڵاتانەشدا هەر ناکۆکیی

٣: هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٦٣

نێوان کار و سەرمایەیە، شۆڕشی بێ وچان و ... هتد»[٤]. دوای ماوەیەک لەبری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، بەکرێکاریکردنی کۆمۆنیزم یان کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا برەو پەیدادەکات. بە گوتەی خۆیان ئەم ڕەوتە فیکرییەش هەوڵبوو بۆ گەڕانەوە بۆ ئەسڵ و فەسڵ و بنەمای ڕاستەقینەی مارکسیزم. دوای دروشمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، لەژێر کاریگەریی مەنسور حیکمەتدا، دروشمی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنیوەی دووەمی هەشتاکان بەدواوە کاریگەرییەکی ئایدیۆلۆژیی گەورەی بەسەر چەپەکانی باشورەوە دەبێت. لای مەنسور حیکمەت و لایەنگرانی، دروشمی کۆمۆنیزمی کرێکاری گەڕانەوە بوو بۆ ئەسڵی مارکسیزم و خەباتی چینایەتیی چینی کرێکار. ئەوان پێیانوابوو مارکسیزمی سەدەی بیستەم کۆمۆنیزمێکی ناسیونال-بۆرژوازی بووە و لە ڕێبازی ڕاستەقینەی مارکسیزم لایداوە. دوای هەرەسهێنانی جەمسەری کۆمۆنیستی کە لە هەردوو وڵاتی زلهێزی ڕوسیا و چیندا بەرجەستەبوو بوو، مەنسور حیکمەت پێیوابوو جیاواز لەو مۆدێلە خەباتە کۆمۆنیستییەی کە شکستیهێنا، مۆدێلێکی تری خەباتی کۆمۆنیستی بنیاتناوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مۆدێلە لە خەباتی کۆمۆنیستی تێنەپەڕێنراو و نەتوانرا مۆدێلێکی جیاواز لە پراکتیکی سیاسییانەی حیزبی پێشڕەو سەرپێبخرێت، بۆیە چ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چ مەنسور حیکمەتیش لەناو هەمان مۆدێلی پراکتیکی مارکسیستیانەی سەدەی بیستەمدا بوون. ئەو ڕەخنانەش کە لە لینینیزم و ماویزم و ستالینیزمیان دەگرت، زۆر پێش مەنسور حیکمەت قوڵتریش خراونەتەڕوو. لێرەدا دوو نمونە وەردەگرین کە دەلالەتە لەو کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییە کوێرانەیەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مەنسور حیکمەت

٤: هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٦

بەسەر کۆمۆنیستەکانی باشورەوە هەیان بووە. «هاوڕێیانی [ڕێکخراوی]ڕەوت لەگەڵ سەرجەم گروپ و مەحفەلەکانی چەپی کوردستاندا کاتێک شەڕیان لەسەر بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕبوون دەکرد، کەچی خودی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کۆتایی هاتبوو»[٥]. واتا کاتێک چەپەکانی باشور لەژێر کاریگەریی کوێرانەی دروشمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا دەبن و شەڕی ئەوەیان دەبێت کامیان زیاتر سەر بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕن، هاوکاتی ئەوە لەناو خودی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەسەلەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەلاوەدەنرێت و لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری تەرحدەکرێت. لەسەرەوەختی ڕاپەڕیندا لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە چەند شورایەکی جەماوەری لە ناوچە و گەڕەکی جیاواز جیاوازدا پێکدەهێنرێت. «کاتێک خەڵکی کوردستان لە ئاوارەییدا دەژیان، سەرانی بەرەی کوردستانی لە بەغدا خەریکی گفتوگۆ بوون. لەو کاتەدا هەموو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شووراکان بیرمان لەوە کردەوە، کە خۆمان دووبارە ڕێکبخەینەوە. هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شووراکان درا. لە کاتی ئەو هەوڵەدا بوو، کە ئێرەجی ئازەرینی ئەندامی حیزبە کۆمۆنیستەکەی مەنسور حیکمەت، وتاری «ناسیونالیزم لە تراژیدیای کورد»ی نووسی. ئێرەج ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی بە ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە و بزووتنەوەی شووراکانیشی بە بزووتنەوەی مجاهیدنی ئەفغان و یۆنیتا لە ئەنگۆلا شوبهاندبوو. ئەم وتارە بووە بەهانەیەک بۆ ئەوە کە چەپی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەر بە مەنسور حیکمەت پشت لە بزووتنەوەی شوورایی بکات و مەیدانەکە چۆڵ بکات»[٦]. لەدوای هەرەسهێنانی

٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ لاپەڕە ٦٣

٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ لاپەڕە ٤٠٢

جەمسەری كۆمۆنیستییەوە ئەگەری سەركەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و بنیاتنانی كۆمەڵگای سۆسیالیستی لە سنوورەكانی مەحاڵ نزیكدەبێتەوە. گەر بۆ كۆمەڵگایەك كە خاوەنی كیانی خۆی بێت و قەوارەی دەوڵەت–نەتەوەی تایبەت بەخۆی هەبێت ئەگەری بنیاتنانی كۆمەڵگای سۆسیالیستی قورس بێت، ئەوە بۆ نەتەوەیەكی بێ كیانی وەك كورد چەندكەرەت قورسترە. بۆیە ڕەخنەی ئێمە لە چەپی كۆن ئەوە نییە بۆچی شۆڕشی سۆسیالسیتی نەكرد، یان بۆچی هەوڵی بنیاتنانی كۆمەڵگای سۆسیالیستی نەدا، چونكە ئەم ڕەخنەیە نالۆژیكییە و ئەگەر و ئیمكانێكی وا نەك لە توانای چەپی باشور بەدەربووە، بەڵكو لە توانای كۆی بزووتنەوی چەپی ئەو سیاقەش بەدەربووە. ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی ئەو كاریگەرییە ئایدیۆلۆژییە گەورەیەیە كە بەسەر چەپی باشورەوە هەبووە. چەپی باشور هیچكات نەیتوانیوە خوێندنەوە بۆ سیاق و بارودۆخی خۆی بكات. لەبری كەرەستە و تیۆر بۆ خوێندنەوەی واقیعی خۆی، ئەوەی هەبووە وەرگرتن و نەقڵكردنی ڕەچەتەی ئایدیۆلۆژی بووە. هەربۆیە نە نەریتێكی پراكتیكی سیاسی لەدوای خۆی بەجێهێشت، نە نەریتێكی تیۆریش.

پرسی سەرەكیی چ بۆ چەپی پێشوو و چ بۆ چەپی ئێستاش، پرسی «گۆڕین»ـە. چەپ دەیەوێت چی بگۆڕێت و دەستكاری چی بكات و چی بینابكات؟ تا چەند ئیمكانی «گۆڕین» هەیە؟ ئایە لە كۆمەڵگای ئێمەدا ئەو ئاگاییە دروستبووە كە بتوانێت واقیعی كۆمەڵایەتی بگۆڕێت؟ كاتێك باس لە «گۆڕین» دەكرێت ئایا پرسەكە تەنیا بەجێهێنانی كردەی گۆڕینی ڕووتە؟ ئەو كەرەستانە چین كە دەشێت دەستكاریی واقیعی پێ بكرێت؟ كام واقیعەیە دەشێت بگۆڕدرێت؟ هەموو ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لەم بارەوە لەناو چەپی تەقلیدیدا وەڵامیان بەردەستە. هەر

حیزب، ئاڕاستە و کۆمەڵەیەکی سیاسیی چەپ و کۆمۆنیست بگریت لەسەر کاغەز ئەڵتەرناتیڤیان پێیە و هەموو شتیان ئامادەیە تەنیا ئەوەندەیان ماوە خەڵک مۆبۆلیزەبکەن، وەک ئەوە وابێت هەموو شت ئامادە و لەباربێت و هەموو ئەوەی پێویستە تەنیا چەخماخەیەکە. لەناو ئەم تێڕوانینەدا واقیع بەمانا فراوانەکەی کورتکراوەتەوە بۆ واقیعی سیاسی، گۆڕین لەسەر ئاستە فراوانەکەی ترازاوە بۆ لابردنی سەرانی دەسەڵات و ڕژێمێک بە یەکێکی تر. پراکتیک ڕووت و قووتکراوتەوە بۆ هەندێ ئاکسیۆنی بەڕواڵەت ئاوەژووکەرانە، سیاسەت وەرچەرخاوە بۆ پلانی هێنانەخوارەوەی دەسەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراو. لە بەستێنێکی وەهادا، بیرکردنەوە کە دوایین سەنگەری داهێنانە، دەبێتە مەکینەی بەرهەمهێنانی کلێشە. لەم سۆنگەوە بەرلەوەی بیر لە گۆڕینی واقیع بکرێتەوە دەبێت بیر لە داهێنانەوەی ئەو چەمکانە بکرێتەوە.

سوبێکتی گۆڕانخوازی ئێمە سوبێکتێک نییە لەناو دیالۆگێکی ڕۆشنگەریانە و بەرمەبنای بوونی ژێرخانێکی عەقڵی ڕسکابێت. سوبێکتێک نییە مێژوویەکی دوورودرێژی لەناو هزر و بیرکردنەوە لە دەستوەردان لە واقیع هەبووبێت. هەموو ئەوەی هەیبووە بریتی بووە لە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی ڕووتوقوتی ڕۆژانە بەمەبەستی مانەوەی جۆر، ئەمەش عەقڵ و بیرکردنەوەی خودئاگاییانەی ناوێت، لەبەرئەوەی هەموو جۆرەکانی تریش ئەوە دەکەن. سوبێکتی گۆڕانخوازی نوخبەی ئێمە تەنیا لەناو پراکتیکی سیاسیی ڕووتەوە دەیەوێت دونیای خۆی بگۆڕێت، کە ئەو ئایدیای گۆڕینەش بەرهەمهێنراوی دۆخی ئۆبێکتیڤ و سوبێکتیڤی خۆی نییە بەڵکو لە سیاقی ڕۆژئاواوە هاوردەی کردووە. ئەمە جگەلەوەی سوبێکتی گۆڕانخوازی دەسەجەمعی

ئێمە هێشتا ئەو خەونەشی لێنەدراوە و هەموو ئەوەی دەیەوێت ئەوەیە بە هەر نرخێک بووە بمێنێتەوە: واتا گەورەترین شەڕی دەسەجەمعی ئێمە هێشتا هەر مانەوەی ڕووتە. پاشنەی ئاخیلی ئەم پرسانەش بەر لە هەموو شت پرسی تیۆر و پراکتیکە. دەبێت زیاتر باسەکە بەرەو داهێنانەوە بۆ موناقەشە ئاوەڵابکەین.

«ئەو ڕاستییەی کە بیرکردنەوە چێژ دەبەخشێت، ئەوە ناخات بەلایەکدا کە تیۆر هەیەتی بەسەر پراکتیکدا. لەو شوێنەدا کە لینک بە پراکتیکەوە لەئارادا نییە، بیرکردنەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە بۆ چێژ ڕوودەدات، هیچ جیاوازییەکی نییە. جیاوازیی لەنێوان ئەو هزرەی کە لەگەڵی هاوڕاین و ئەوەی کە لەگەڵی نین ئەوەیە ئەو بیرکردنەوەیەی پەسەندی دەکەین دەبێت لەگەڵ ئەو جیهانەی کە ڕاستدەبێتەوە، پەیوەندیی هەبێت و دەبێت لەم سۆنگەوە سەیری جیهان بکات. دەبێت ڕەبتی بەو پرسەوە هەبێت کە جیهان چۆنچۆنی بەشێوەیەکی جیاواز دروستدەکرێت. ئەگەر دەمانەوێت لەبارەی تیۆر و پراکتیکەوە بنووسین دەبێت بەدڵنیایی زیاترەوە ئەم لایەنە ڕوونکەینەوە. هەندێجار مەبەستی ئێمە لە پراکتیک ئەو ڕاستییەیە کە بیر لە هەر شتێک دەکەینەوە و ئەنجامی دەدەین، دەبێت لەژێر ناونیشانی گۆڕاندا پۆلێن بکرێت. لە هەندێ کاتی تردا مەبەستی ئێمە لە پراکتیک هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ڕەبتی هەیە بە جیاوازیی نێوان بیرکردنەوە و ئەنجامدان. دەبێت دەست بۆ هەموو شت ببەین تاوەکو لەوە دڵنیاببینەوە کە هەموو هزر و ئەکتەکانمان لەگەڵ تێگەیشتنی یەکەم بۆ پراکتیک، کە ئاماژەی پێدرا، یەک دەگرێتەوە. لەلایەکی تر، [پراکتیک] لەبەرانبەر ئەو ئایدیایەدا دەوەستێتەوە کە [پێیوایە] هزر، لە ئێمکانە جۆراوجۆرەکان بێبەش دەبێت، لەپەیوەند بەو پرسیارە

هەمیشەییەوە [کە دەپرسێت] چۆن دەبێت دەستپێبکەین»[٧].

دەبێت بەتەنیشت ئەمانەوە، ئاماژە بەوە بدەین ئەوەی تا ئێستا وترا، فەرمان نییە بە پراکتیکی تەواری یان دیاریکردنی فۆرمێک بۆ پراکتیک نییە. لەبەرئەوەی حیزب نەماوە، ئەوا ناکرێت یەکفۆرم بۆ پراکتیک ئیسپات و دەستنیشانکرێت. لەبەرئەوەی ئیسپات و دەستنیشانکردن هاوکات نەفیکردنیشە. دەستنیشانکردنی فۆرمێک نەفیکردنی فۆرمەکانی ترە. کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە فلان فۆرم، فۆرمی دروستی پراکتیکە، ئەوا فۆرمەکانی تر نەفی دەبنەوە. بۆ نمونە کاتێک ماو لە پێگەی بکەری پراکتیکی سیاسیدا، بۆ پراکتیک، جەنگی درێژخایەنی شۆڕشگێڕانە وەک فۆرمی دروست دەستنیشان دەکات، ئەوا فۆرمەکانی تری پراکتیک نەفی دەبنەوە. لەم سۆنگەوە هۆرکایمەر و ئەدۆرنۆ لەوە بەئاگان کە ئەوان لە پێگەیەکدا نین کە بتوانن فۆرمێکی دیاریکراو بۆ پراکتیک دەستنیشانکەن. لەپەیوەند بەمەوە ئەدۆرنۆ دەڵێت: «ئێمە هیچ ڕێڕەوێکی تایبەتی بۆ ئەکت پێشنیار ناکەین. ئەوەی دەمانەوێت بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەو شتانەی نووسیومانە و دەیخوێننەوە تاوەکو ئەو پێودانگانەی کە لەبەرچاویان لابراوە هەستی پێبکەن»[٨]. ئەم دیارینەکردنی ڕێڕەوە، سەرەڕای ئەوەی ڕەبتی بە نەمانی حیزبی شۆڕشگێڕانە و لەکارکەوتنی ئەو فۆرمە لە پراکتیک و تیۆرەوە هەیە، ئەوا ڕەبتی ڕاستەوخۆی بەوەشەوە هەیە کە هەرکام لە هۆرکایمەر و ئەدۆرنۆ، بکەری پراکتیکی سیاسی نین.

٧: بەرەو مانیفێستێکی نوێ؛ ماکس هۆرکایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ. وەرگێڕان زەردەشت نورەدین. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند.

٨: هەمان سەرچاوەی پێشوو

لەم پنتەدا گرنگە قسە لەسەر پراكتیكی تیۆری و بەربەستەكانی بكەین؛ لەبەرئەوەی هەموو ئەوانەی قسە لەسەر پراكتیكی سیاسی دەكەن لە بنەڕەتدا بكەری پراكتیكی تیۆرین. ئامانجەكانی پراكتیكی تیۆری تا ڕادەیەكی زۆر لە ڕێگەی میكانیزمەكانی تیۆریزەكردنی لۆكاڵی، وەرگێڕان، نووسین و لێكۆڵینەوە بە نێوانگری بیركردنەوە لەناو تیۆری ڕزگاریی هاوچەرخدا دێتەدی. پێمانباشە لێرەدا لەپەیوەند بە پراكتیكی تیۆرییەوە كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە نووسینەوە هەیە شتێك لەسەر نووسین لە مێژووی خۆماندا باسكەین كە كاریگەریی بەردەوامی هەیە و هەمیشە پشتگوێدەخرێت. ئەگەرچی میراتی نووسین لەلای ئێمە ئەوەندە كۆن نییە، دەتوانین بڵێین میراتی نووسین، دەربڕین و بیركردنەوەی كوردی میراتێكی شیعرییە. مێژووی نووسینی كوردی پانتاییەكە كە شاعیرەكان تێیدا دیارترین و زاڵترین ڕوخسارن. ئەم باڵادەستییە بەرلەوەی خودی شاعیرەكان دروستیكەن، هەلومەرجی مێژوویی و شێوەژیانی كورد كە شوانكارەیی، كشتوكاڵی و كۆچەری بووە، دروستیكردووە. بەتەنیشت ئەمەشەوە بەگشتی گەشەی مێژووی نووسین لەسەر ئاستی جیهانی، لە شیعرەوە بۆ پەخشان، فەلسەفە و زانست بووە. ئەگەر شیعر بە یەكەم قۆناغی نووسین لە قەڵەم بدەین، ئەوا كورد هێشتا بەتەواوی ئەم قۆناغەی تێنەپەڕاندووە. ئەگەرچی لە سەدەی بیستەوە فۆرمەكانی تری نووسینی كوردی دەردەكەون و بە دیاریكراویش لەدوای ڕاپەڕینەوە لە باشور گەشەدەكەن.

بونیادی پەخشان پەیوەندیی بە بونیادی شارنشینی و جێگیربوونەوە هەیە. لەگەڵ گەشەی شاردا پەخشانیش گەشەدەكات. لەم سۆنگەوە شێلینگ ڕۆمان كە پەخشانە، بە

حەماسەی کۆمەڵگای بۆرژوازی ناوزەدی دەکات. چیدی ئوستورە، داستان و حەکایەتەکانی شار، هەمان فۆرم، ناوەڕۆک و ستایلی گوندنشینی وەرناگرن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی ژینگەی مرۆڤ دەگۆڕێت، گۆڕان بەسەر ناوەڕۆک و فۆرمی نووسیندا دێت. وەک چۆن شێوەی ژیان، بیناسازی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بەهەمان شێوەش بونیادی نووسین گۆڕانی بەسەردا دێت.

لەدوای ڕاپەڕینەوە لە باشور کۆهەوڵێک هەبووە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی نووسینی شیعری و چوونەناو قۆناغی پەخشانەوە. ئەم هەوڵانە لەڕووی فۆرمەوە تا ڕادەیەکی باش قۆناغی شیعرییان تێپەڕاندووە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان هێشتا وەک بونیاد هەر شیعرین. ئەم نێوانە قۆناغەش بەشێکە لە گەشەی مێژوویی گواستنەوە لە شیعرەوە بۆ پەخشان. گواستنەوە لە شیعرەوە بۆ پەخشان تەنیا لەسەر ئاستی نووسین ڕوونادات و ڕوودانی تەنیا لەسەر ئاستی نووسین، قۆناغەکە تەواو ناکات. دەبێت ئەم گواستنەوەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری ڕووبدات. لە کۆمەڵگای یۆنانی کۆندا ئەم گواستنەوەیە لەسەر هەموو ئاستەکان ڕوویداوە، بۆیە گواستنەوەش لە شیعرەوە بۆ پەخشان ڕوویداوە. لە کۆمەڵگای یۆنانیدا بینەری گواستنەوە لە میتۆسەوە بۆ لۆگۆس بووین. میتۆس کە جیهانی ئوستورەییە سەر بە قۆناغی شیعرە و لۆگۆس کە جیهانی تێهزرینە سەر بە قۆناغی پەخشانە.

لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین کە زەمینەی تیۆری بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پراکتیکی تیۆری نەک فەراهەم نییە بەڵکو هێشتا زەمینەکە بەتوندی و بەتۆخی دژی دەوەستێتەوە و ڕێگری لێدەکات. بەجورئەتەوە دەتوانین بڵێین زەمینە بۆ هاتنەدی

پراکتیکی سیاسی لەبارترە تاوەکو بۆ جێبەجێکردنی پراکتیکی تیۆری، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەخودی زەمینە و ژینگە جیاوازەکانی هاتنەدییەوە نییە. ئەکتی پراکتیکی سیاسی زۆر پەیوەست نابێت بە مێژووەوە و زیاتر هاوکاتیانە کاردەکات و ماتەوزەی ئەوەی هەیە لە لەحزەیەکدا بتەقێتەوە و کۆمەڵگا بهەژێنێت. لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە غەریزەکانی ژیان و لەوێشەوە پێداویستییەکانی ژیان و بەرهەمهێنانی ژیان و مانەوەی جۆری مرۆڤەوە هەیە. بۆیە ئەکتی پراکتیکی سیاسی کەمترین بیر لەوە دەکاتەوە ئامرازەکانی فاشیستییە، پاتۆلۆژیکە یان هەر شتێکی ترە، بۆیە زووتر دێت بەدەستەوە و ئاسانتر ئەکچواڵ دەبێتەوە. بەچاوخشاندنێکی خێرا بە ڕاپەڕین و یاخیبوونەکانی کوردا، لانیکەم لە سەتساڵی ڕابردوودا دەکرێت هەست بەوە بکەین، پراکتیکی سیاسی زۆر بەردەستتر بووە بۆ کورد؛ هەم لەبەر مانەوەی و هەم لەبەر جەوهەری پراکتیکی سیاسی. ئەمە بۆ پراکتیکی تیۆری ڕاست نییە؛ دەشێت بڵێین هەموو شتێکی ئێمە ئیمکانی ئەوەی تێیدایە وەرگەڕێت بۆ بەربەست لەبەردەم پراکتیکی تیۆریی ڕزگاریدا. ئەوەش ڕوونە بەبێ پراکتیکی تیۆریی ڕزگاری هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە نایەتەئاراوە کە بە ئاڕاستەی ڕزگاربوون لە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە کار بکات. ئەگەر تەماشای ڕاپەڕین بکەین، خودی ڕاپەڕین وەکو سەیرورەی یاخیبوونی خەڵک، ڕووداوێکی ڕاستەقینە بوو و ئەکتێکی واقیعی پراکتیکی سیاسی بوو. لێ سەیرکە بەرەو چی وەرگەڕا، بونیادی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی خێڵەکی و ئاینی ئێمە ئەوەندە بەهێزبوو، ڕاپەڕین نەیتوانی کورد بگوازێتەوە بۆ ناو قۆناغێکی مۆدێرن کە وەک پۆتانشێڵ و ماتەوزە ئەو ئیمکانەی هەڵگرتبوو... لەم سۆنگەوە دەتوانین پەی بە گرنگی پراکتیکی تیۆری ببەین.

ئەگەر لە ڕوانگەی پراکتیکی تیۆرییەوە تەماشای مارکسیزم بکەین، ئەوا دەبێت مارکسیزم لەسەر فراوانترین ئاست ببینین وەک ئەوەی میشێل لیڤی لەمبارەوە دەڵێت: «مارکسیزم منداڵی ڕۆشنگەرییە؛ مارکسیزم نوسخەیەکی ڕادیکاڵ، شۆڕشگێڕانە و خۆڕەخنەکاری میراتی ڕۆشنگەرییە. مارکسیزم لەپێگەی نەریتێکی فیکریدا، هۆشیار و بەئاگایە لە سنورەکانی خودی [پڕۆژەی] ڕۆشنگەری. بێگومان مارکس کاری خۆی لە ماتریالیزمی فەرەنسی و ئایدیالیزمی ئاڵمانی، واتە دوو کۆڵەکەی گەورەی فیکری ڕۆشنگەری دەستپێکرد. بەڵام ئەو بەشێوەیەکی دیالەکتیکی تێیپەڕاندن. لایەنە ڕەخنەگرییەکانیان و ئەو شتانەی کە لەو دووەدا بۆ هزری بەکەڵک بوون لێیوەرگرتن و هاوکات ئەم دوو نەریتە هزرییەی تێپەڕاند. بەم پێیەش دەکرێت جۆرێک لە پرۆسەی تێپەڕاندنی دیالەکتیکی، نەریتەکانی ڕۆشنگەری بەشێوەیەکی ڕوون لە کارەکانی مارکس‌دا ببینرێت. ئەم ئەرگومێنتەش بۆ مۆدێرنیتە ڕاستە [واتە بەهەمان شێوە لەگەڵ پڕۆژەی مۆدێرنیتەدا مامەڵەی کردووە]. بەدەربڕینێکی تر بێگومان مارکسیزم فۆرمێکە لە هزری مۆدێرن – بەومانایەی هەر چییەک بێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەهاتۆتەبوون – و تەنیا دەبوو لە لەحزەیەکی مێژوویی دیاریکراودا بێتەبوون کە پێیدەڵێن مۆدێرنیتە. بەڵام مارکسیزم لەسەر بنەڕەتی ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی، لە مۆدێرنیتەی بونیاتنراو، دامەزراوە کە هەمان مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە»[٩]. لەم سۆنگەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، وەک پۆتانشێڵ و ماتەوزە، دۆخی هزریی چەپ لە هەموو هزر و ئایدیاییەکی تر باشترە و داهاتووی زیاترە لە جیهانێکی مرۆڤانەتردا. بەڵام وەک ئەکچواڵبوونی

٩: «مارکسیزم و ڕۆشنگەری». چاوپێکەوتن لەگەڵ میشێل لیڤی. وەرگێڕان: ڕێباز سابیر(بڕوانە لاپەڕە ٢٧٧)

تیۆری، هاتنەدی و بەرجەستەبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر نەهاتۆتەپێشێ. ئەمەش وەک میشێل لیڤی ئاماژەی پێدا بەر لە هەموو شت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە «مارکسیزم فۆرمێکە لە هزری مۆدێرن کە لەسەر بنەڕەتی ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی، لە مۆدێرنیتەی بونیاتنراو، دامەزراوە کە هەمان مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە». لەم مانایەدا هەموو ئەو توخم، بونیاد و پەیوەندییانەی لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای ئێمەدا، پاتۆلۆژیکانە، چەوسێنەرانە، ستەمکارانە و کۆنترۆڵکارانەیە، بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ دەبنە لەمپەڕ و ڕێگر، لەبەردەم گەشەکردن و هاتنەدی هزری چەپ، بەر لە هەموو شت لەسەر ئاستی هزری. سەرخان و ژێرخانی کۆنەپارێزی کۆمەڵگای ئێمە وەکو کۆمەڵگاکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەموو شت زیاتر لە غەریبە دەترسێت، بەتایبەتی غەریبەیەک کە دەستکاری هەموو شتە پاتۆلۆژیک و چەوسێنەرانەکانی بکات و سەرلەنوێ دارشتەیانکاتەوە بەبێئەوانە. جگە لە مارکس و مارکسیزم بۆ نمونە هەرکام لە فرۆید، داروین، نیچە و مارکی دی ساد کە بەتوندی دەستکاری نەزمی جیهانی کۆنیان – بەتۆخی ئاینی و خێڵەکی بووە – کردووە، وەک غەریبەیەک بۆ ئەم کۆمەڵگایانە دەردەکەون کە بەتوندترین شێوە بەرانبەریان دەوەستنەوە و ڕەتدەکرێنەوە، بەڵام ئەو وەستانەوەیان ناتوانێت درێژە بکێشێت؛ لەبەرئەوەی ئەو جیهانە کۆنە مردووە. هۆکاری ئەوەشی کە تا ئێستا بەمردوویی درێژەی پێدەدەن و ڕایانگرتووە، تەنیا بەرژەوەندییە نەوەک هیچی تر. لێرەوە باشتر تێدەگەین کە بۆچی پراکتیکی تیۆری لە پراکتیکی سیاسی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا قورسترە.

ئێستا لە شوێنی خۆیەتی بەگشتی باس لە ئایدیا و

تیۆری ڕزگاری بکەین. «ئایدیای ڕزگاری»[١٠] بەدرێژایی چاخە جیاجیاکان، فۆرمی جیاوازی بەپێی ئیمکانە بەردەستەکانی مرۆڤ وەرگرتووە. هیچ چاخێک لە کۆڕابردووی مرۆڤدا نییە کە لە ئایدیای ڕزگاری بەفۆرمی خۆی خاڵی بووبێت. ئایدیای ڕزگاری دەرەنجامی کۆخەباتی مرۆڤە ڕزگاریخواز و چەوساوەکانی مێژووی بەرەنگاری، لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا بووە. ئایدیای ڕزگاری وزەی خۆی لە کۆمەڵێ هێزی ناکۆک بە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی چەوساندنەوە و بەربەستەکانی ڕزگارییەوە وەردەگرێت. بە ئاوەڕدانەوەیەک لە مێژووی نووسراو، دەتوانین لەوە تێبگەین کە یەکەم دەرکەوتەکانی «ئایدیای ڕزگاری» لەناو ئوستورە و پاشان لە ئایینەکاندا ڕسکاوە.

لە مێژووی نووسراودا و لەسەردەمی دێریندا، ئەفلاتون یەکەم بیریارە کە «ئایدیای ڕزگاری» دەگۆڕێت بۆ «تیۆری ڕزگاری»[١١]. کۆی هزر و بیری ئەفلاتون داڕشتەکردن و هزراندنی تیۆری ڕزگاری و بەرگریکردنە لە حەقیقەت لەڕووی تیۆرییەوە؛ ئەم هەوڵەشی بەدیاریکراوی لە کتێبی «کۆمار»دا خستۆتەڕوو. مارکس لە سەردەمی مۆدێرندا یەکەم بیریارە کە «تیۆری ڕزگاری» بەشێوەیەکی دروست و تەندروست لەسیاقی خۆیدا، لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنی ماتریالیستی بۆ مێژوو[١٢]، داهێنەرانە دادەڕێژێتەوە. لەم ئاستەش زیاتر دەڕوات و گرنگترین ڕووداوی مێژووی ڕزگاری دەخوڵقێنێت، بەوەی «تیۆری ڕزگاری» گرێدەدات بە «سوبێکتی ڕزگاریخواز»ـەوە[١٣].

١٠: The Idea of Emancipation

١١: Emancipatory Theory

١٢: the Materialist Conception of History

١٣: The Subject of Emancipation

مارکس تیۆری ڕزگاری سەردەمەکەی خۆی ناودەنێت «کۆمۆنیزم» و بەهەمانشێوەش سوبێکتی ڕزگاریخواز ناودەنێت «پرۆلیتاریا». سەدەی نۆزدە و بیست بینەری پراکتیزەکردنی چەند نوسخەیەکی «سۆسیالیزم(کۆمۆنیزم)» –بەتێگەیشتنی سوبێکتی پراکتیکی سیاسی– بووین کە دیارترینیان نوسخەی «سۆسیالیزم(کۆمۆنیزم)»ـی ڕوسی، «سۆسیالیزم(کۆمۆنیزم)»ـی چینی و سۆسیال-دیموکراسی ئەوروپی بوون. هەر سێ نوسخەکە، وێڕای دەستکەوتەکان، کەموکوڕییەکان، هەڵە جدییەکان و تراژیدییەکانیان لەبەر زۆر هۆکار شکستیانهێنا.

شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری[١٤] کاتێک زاڵدەبێت کە پرۆسەی بێمنەتبوون و جێهێشتنی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە، لەڕووی تەکنیکییەوە دواین وێستگەی خۆی دەبڕێت. هەر سێ وێستگەی دۆزینەوەی ئاگر، نیشتەجێبوون و داهێنانی مەکینە، سروشتی بەتەواوی خستەژێر ڕکێفی مرۆڤەوە. هەموو ئەمانەش لە شۆڕشی پیشەسازیدا گەشتن بە لوتکە و کۆمەڵگای پیشەسازییان بەرهەمهێنا. هەر بۆیەش تیۆری ڕزگاریی سەدەی نۆزدە(کۆمۆنیزم) بەتۆخی دەرگیری سیاقی پیشەسازی بوو و تەنانەت سوبێکتە ڕزگاریخوازە(پرۆلیتاریا)کەشی دەرهاویشتەی کۆمەڵگای پیشەسازی بوو. ئەمەش بەڕوونی لەو ئەزموونانەی لەژێر ڕۆشنایی کۆمۆنیزمدا، لەسەدەی بیستدا سەرپێکەوتن، ڕەنگیاندایەوە؛ بەوەی کە بەر لە هەموو شت کۆمەڵگایان مۆدێرنیزە و بەپیشەسازیکرد. سەدەی بیستویەک سەرەڕای تایبەتمەندی هەر پارچەیەک، بەگشتی بەناو پاش-پیشەسازی[١٥]،

١٤: Capitalist Mode of Production

١٥: Post Industrial

بەجیهانیبوون[١٦]، کۆمەڵگای زانیاری[١٧]، بەدیجیتاڵبوون[١٨] و فەزای مەجازیدا[١٩] دەڕوات. هەر بۆیەش جیهانی ئێستا وەک بیریارە چەپە هاوچەرخەکان باسی دەکەن پێویستی بە «تیۆری ڕزگاری»ـی نوێ و «سوبێکتی ڕزگاریخواز»ی نوێ هەیە کە هەموو خەسڵەتە هاوچەرخەکانی جیهان وەکو؛ گەشەی تەکنۆلۆژیا، پێشکەوتنی زانست، کۆمەڵگای زانیاری، فەزای مەجازی و ... هتد لەپێشچاوبگرێت.

کۆمۆنیزم(بە چەمکاندنی سەدەی نۆزدە و بیست) لە پراکتیزەکردندا بەتراژیدی کۆتایی هات. ئەگەرچی بەشێکی بۆ سوبێکت و ئۆبێکتی پراکتیزەبوون لەسیاقی مێژوویی-کۆمەڵایەتی‌دا[٢٠] دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێکی تری لەسەر ئاستی تیۆری، پەیوەندیی بە داڕشتەکردنی خودی بیردۆزی «کۆمۆنیزم»ـەوە هەبوو لە سەدەی نۆزدە و بیستدا. بۆیە لەم پنتەدا دەبێت تا ئەوپەڕی سنور، کراوەیی بپارێزرێت و سەرلەنوێ تیۆری ڕزگاری داڕشتەبکرێتەوە لەسەر ئاستی ئایدیا، ئیدی لەژێر ناوی «کۆمۆنیزم»دا یان هەر ناوێکی تردا بێت. لەبەرئەوەی کاتێک زیاتر لە جارێک ئایدیا یان بیردۆزێک لە واقیعدا پراکتیزە دەکرێت و سەرکەوتن بەدەستناهێنێت؛ ئەوا کەموکوڕی بنچینەیی و نوقسانی بونیادی لە داڕشتەکردنی ئایدیا یان بیردۆزەکەدا حەتمییە. بۆیە دەبێت سەرلەنوێ ئایدیا یان بیردۆزەکە داڕشتە و فۆرموڵەبکرێتەوە.

١٦: Globalization
١٧: Information Society
١٨: Digitalization
١٩: Cyberspace
٢٠: Socio-Historical

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

«تیۆری ڕزگاری»ـی سەدەی بیستویەک لەپاش شکستەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەوە، لەڕووی تیۆرییەوە لەسەر دەستی کۆی ئەو بیریارە چەپانە لە داڕشتنەوەدایە کە شەپۆلێکی تری خەباتی هاوچەرخییان دژبە چینایەتی، هیرارکی و هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە وەگەڕخستووە و ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ پراکتیکی جۆراوجۆر و فرەچەشنی سوبێکتی ڕزگاریخوازی هەلومەرجە جیاوازەکانی جیهانی هاوچەرخ. هێشتا کۆڕایی لەناو سوبێکتە ڕزگاریخوازەکانی ناو ململانێ تیۆری و پراکتیکییەکاندا دروست نەبووە کە «تیۆری ڕزگاری»ـی سەدەی بیستویەک چ ناوێک هەڵگرێت – گرنگیش نییە لەسەر ناوێک ڕێککەون وەک ئەوەی لەسەدەی نۆزدەدا ڕوویدا(کۆمۆنیزم) – بەڵام بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن دەبێت شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تێپەڕێنن و بۆ جۆرێک لە شێوەژیانی کۆمەڵگای پاش-سەرمایەداری[21] بگەڕێن و ئەم گواستنەوەیەش[22] لە سەرمایەدارییەوە بۆ پاش سەرمایەداری بەهەمان فۆرم و کەرەستەکانی سەدەی بیست ناکرێت. ئەو فۆرم و ڕێگایانە، وێڕای ئەوەی هەرەسیانهێنا، هەڵگری ناکۆکی و گرفتی بونیادی بوون کە لە خودی ئەو شێوە کۆمەڵگایانەدا حەلنەدەبوون و چارەسەرنەدەکران.

«مارکس یەکێکە لە دەوڵەمەندترین گەنجینە هزرییەکانی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەم گەنجینە پڕ لە هزرە، بەبێ هزری ڕۆشنگەریی بیریاران، شۆڕشگێڕان و ئەو خەباتگێڕانەی کە خۆیان بە مارکسی زانیوە و دەزانن و هەروەها بەبێ داهێنانە تیۆرییەکانی ئەوان و بەبێ دەستکەوتەکانی؛ ئەزموونە سیاسی، و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی ئەوان، هەژار دەبێت. هەموو

٢١: Post-Capitalism

٢٢: Transition

ئەو ڕوانگە و داهێنانە تیۆری و سیاسییە پڕ بەرهەم و ڕۆشنگەریانەی کە بەسەر جیهانێکی ڕزگاربوو لە هەژموونی و چەوساندنەوەدا دەڕوانن و خۆیان لەدەرەوەی مارکسیزم پێناسەدەکەن [لەکاتێکدا] بەریەککەوتن و لێکدژییەکی وەهایان لەگەڵ مارکسیزمدا نییە، نەکرێت نیشتەجێبن لە پانتایی مارکسیزمدا، [لەبەرئەوەی خودی مارکسیزم] پانتایی ڕەخنە لە مارکس و ڕەخنە لە مارکسیزمیش لەخۆدەگرێت، [وەکچۆن ڕەخنە لە عەقڵ لەناو پانتایی عەقڵدا نیشتەجێدەبێت و لەخۆیدەگرێت]. خۆسنوردارکردن بە مارکس و هزری مارکسەوە، بانگەشەیەکی ساختە و بەکردەوە نامومکینە کە دەیەوێت لە ڕێگەی دوورەپەرێزی و خۆگرتنەوە، لە مارکسیزمەوە نەگلێت و لە دونیای خەیاڵیی نارسیستیی خۆیدا، تاکە ڕاڤەکاری ڕاستەقینەی مارکس و تاکە نوێنەری حەقیقەتی پەتی بێت. مارکسیزمێکی شەرمنی لەو جۆرە لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە پارووی کۆمەڵگای نمایشی...»[٢٣]. ئەم سۆنگەیە خۆی لە هەموو چەشنە دۆگمێکی ناوەوە و دەرەوەی مارکسیزم دادەماڵێت، بەئاڕاستەی پان و بەرینترین ئاسۆی ڕزگاریی مرۆڤ لە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە و لەم پێناوەشدا دەست بۆ هەموو گەنجینەیەکی هزری بەشەری دەبات کە پۆتانشیڵ و ئیمکانی ڕزگاری لەخۆدا هەڵگرتبێت.

خەباتی ڕزگاری لە ڕێگەی بەردەوامی خۆڕسکانە و میکانیکی بەجێنایەت. بەڵکو تەنیا دەشێت بە دیالەکتیکی بچڕان[٢٤] و بەردەوامی[٢٥] ئەو کارە بکرێت. بۆ ئەوەی ئەو نەریتە

٢٣:چرا-مارکسیسم؟، کمال-خسروی (سایت: www.pecritique.com)

٢٤: Rupture

٢٥: Continuity

قابیلی درێژەدان بێت، دەبێت لە هەندێ شوێندا بپچڕێنرێت و پچڕاندنیش تەنیا لەناو بەردەوامبووندا دێتەدی. بەبێ بەردەوامیدان بەو نەریتە، بچڕان نابێتە هۆی ڕوودانی هیچ گۆڕان و ڕووداوێکی نوێ و بەبێ پچڕانیش، بەردەوامیدان بەو نەریتە جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی کۆمیدییانە هیچ شتێکی تری لێ سەوز نابێت. هەر بۆیەش دەبێت گەڕانەوەی ڕەخنەیی هەبێت بۆ دەقەکانی مارکس، و نەریتی مارکسیزم و ئەو مێژووە واقیعییەی کە بەناو مارکسیزمەوە هەڵکەوتووە. هەروەها گەڕانەوەی ڕەخنەیی هەبێت بۆ کۆی نەریتە ڕزگاریخوازەکان. مەبەست لەم گەڕانەوە ڕەخنەییە، نوێکردنەوەی نەریتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو مەبەست لێی داڕشتنەوەی کاراترین و داهێنەرانەترین تیۆری ڕەخنەییە لە پێگەی ڕەخنەی ناونشیندا، لەپێناو ڕزگاریی مرۆڤی چەوساوە لە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لەو گریمانەیەوە دەستپێبکەین کە «کایۆس بەراییە»، «بوون فرەیە» و «جیاوازی بنەڕەتە». لەم پنتەوە نابێت بەگوێرەی جیاوازیی لەوانی تر پێناسە بێتەئاراوە و شوناس لەمەوداوەرگرتن و جیابوونەوە لەوی تری ڕزگاریخوازەوە وەربگیرێت؛ لەبەرئەوەی پێشوەختە گریمانەکە خۆی بەوجۆرەیە و خودی واقیعی هاوچەرخیش بەو چەشنە کاردەکات. دەبێت لە دۆزینەوەی پانتایی هاوبەش و لێکچوونی ڕزگاریخواز لەگەڵ ئەوی ترەوە، بەئاڕاستەی داڕشتنەوە و هزراندنی تیۆری ڕزگاریی هاوچەرخ بۆ «ئێرە و ئێستا» دەستپێبکرێت. هەر بۆیەش خەباتی سەنتەرگەرا و تاکفۆرمخواز تەندروست نییە.

«تیۆر پێشوەختە پراکتیکە» و «بیرکردنەوە بیەوێت یان نا

جۆرێکە لە ئەکت». لەم پنتەوە تەفسیرکردنی دونیا هەم دەبێتە بەشێک لە پراکتیکی گۆڕینی جیهان هەم دەبێتە پێشمەرجی گۆڕینەکەش. ئەوەش ڕوونە «مەعریفەی کلاسیکی کوردی» مەعریفەیەکی تەفسیری نەبووە، بەڵکو مەعریفەیەکی وێنایی و نواندنەوەیی بووە؛ ئەمەش ئەکتی تەفسیرکردن بەئاڕاستەی پراکتیکی دروستدا دووجار واجبدەکات. گۆڕینی «واقیعی کورد» لێرە و لە ئێستادا، لە پراکتیکی دەستبەجێ و تەوارییەوە دەستپێناکات؛ بەڵکو لە ئەکتی تەفسیرکردنەوە دەستپێدەکات. تەفسیر(تیۆر) و گۆڕین(پراکتیک) بەشێوەیەکی دیالەکتیکی بەیەکداچوونە، بەجۆرێک کە هیچ کامیان ئەولەویەتی ئەبەدی بەسەر ئەوی تردا نییە، لێ سیاقی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، ئەوە ئەولەویەتبەندی دەکات و بەس.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

مارکسیزم و فەلسەفە

مۆریس میرلۆ-پۆنتی

وەرگێڕان: هاوڕێ عەبدوڵا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وتاری «مارکسیزم و فەلسەفە» بەشی پێنجەمی کتێبێکی میرلۆ-پۆنتییە بەناوی «sense and non-sense» (مانا و بێمانایی). وتارەکانی کتێبەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ نووسراون، و ناوەڕۆک و بابەتی وتارەکان دەربارەی ئایدیا، سیاسەت و هونەرە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوە. میرلۆ-پۆنتی لە کتێبەکەدا ئایدیاکانی خۆی دەربارەی فەلسەفە، سیاسەت و ئێستاتیکا ڕووندەکاتەوە. وتارەکانی کتێبەکە لە کاتێکدا نووسراون کە میرلۆ-پۆنتی لەلایەک لایەنگری فەلسەفەی مارکسیزم بوو، هەروەها هاوشان بە سارتەر و دیبوڤار گۆڤاری مارکسیستیی ناسراوی «ڕۆژگاری نوێ»ی بڵاودەکردەوە، لەلایەکی تریشەوە دەیویست بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ڕێگەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرێلەوە هەروەها بە بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای گشتاڵت بەپێت بکات و پەیوەندیی لەنێوان مارکسیزم و فینۆمینۆلۆژیادا دابمەزرێنێت. وتاری «مارکسیزم و فەلسەفە»ش هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕەخنەی فەلسەفەی ئایدیالیزم و پۆزەتیڤیزمی زاڵی ناو بەشێکی مارکسیستەکانی ئەو قۆناغە، لێکدانەوەیەکی وردتر و جیاوازتری ماتریالیزمی مێژوویی مارکس بخاتەڕوو.

ئەگەر کەسێک بیەوێت دەربارەی مارکسیزم لەسەر بنەمای نووسراوەکانی بەشێک لە مارکسیستە هاوچەرخەکان داوەری بکات، بەشێوەیەکی نامۆ و سەیر بەر بە مارکسیزم، پەیوەندیی مارکسیزم بە فەلسەفەوە دەکەوێت. ئەوان بەتەواوی فەلسەفە دەخەنە چوارچێوەی وشەکانەوە، بەبێ هیچ ناوەڕۆک و مانایەک، وەک ئۆگۆست کۆنت[١] لە قۆناغی یەکەمی کارەکەیدا، دەیانەوێت زانست بخەنە شوێنی فەلسەفە و مرۆڤیش تا سنووری ئۆبێکتێکی زانستی کورتبکەنەوە. بەلای پییەر

١: August Comte

ناڤیلەوە[٢] پێویستە ئابوریی سیاسی کەڵک لە شێوازی زانستە سروشتییەکان وەربگرێت. وەک چۆن زانستە سروشتییەکان یاساکانی سروشتی فیزیکی ڕووندەکەنەوە، ئابوریی سیاسیش دەبێت یاساکانی «سروشتی کۆمەڵایەتی»[٣] بنیاتبنێت. سارتەر لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەم دواییانەدا بڵاوبووەوە، بێزاریی خۆی لەبارەی هیومانیزم دەردەبڕێت و لایەنگریی بوێرانەی خۆی بۆ سروشتگەرایی(ناتورالیزم) نیشاندەدات. ڕۆژێ گارودی، لە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبیدا[٤]، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ کۆجیتۆکەی دیکارت(من بیردەکەمەوە) بکات، شاکارێک لە چەندین ستووندا لەبارەی ستایشی دیکارتەوە دەنووسێت. جارێکی تر لە یادکردنەوەی دیکارتدا لە تەلاری گەورەی سۆربۆن، بەلای جۆرج کۆگنێتەوە[٥] ئەو «فەیلەسوفانەی قاوەخانە» کە پێیانوابوو دەتوانن مرۆڤ لە بەرامبەر شتەکاندا وەکو نەبوون (non–being) بناسێنن، لە جێگەی خۆیاندا مانەوە، بێئاگا لەوەی لە بنەڕەتدا ئەوە دیکارتە کە بەرپرسی دروستکردنی ئەم گومانانەیە، بەوپێیە هەر کەسێک دەتوانێت بە خوێندنەوەی کتێبی تێڕامانەکان[٦] لەمبارەیەوە وەڵام وەربگرێتەوە. هەڵبەت هەر کەسێ بەتەواوی دەتوانێت

٢: Pierre Naville

یەکێکە لە بیریارە مارکسیستییە فەرەنسییەکان و هاوکارانی ئەندرێ بریتۆن لەناو کۆمەڵەی سوریالیستەکاندا.

٣: Social nature

٤: Lettres Francaises

٥: G. Cogniot

٦: بەسەرنجدان لەوەی دیکارت لە دووەمین تێڕامانەکانی خۆیدا دەنووسێت:
« «من» ئەو بەیەکبەستراوییەی ئەندامەکان نیم کە بە جەستەی مرۆڤ ناونراوە. من هەوایەکی ناسک و نەرم و بزۆزی بڵاوبووەوە بەسەراپای جەستەدا نیم. من بایەک نیم، نەفسێک، هەڵمێک، یان بە هیچ شێوە شتێک نیم، کە بتوانم لەخۆمدا وێنا و خەیاڵ بکەم ...» (دکارت، تاملات II).

فەلسەفە بەپێی حەز و سەلیقەی خۆی هەڵبژێرێت: بۆ نمونە زانستباوەڕی و ماشێنباوەڕی(میکانیزم) ماوەیەکی دوورودرێژ شوێنگەی هزری لە پانتایی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ–سۆسیالیستدا داگیرکردبوو. بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت و ڕوونکرێتەوە ئەم بەشە لە ئایدیۆلۆژیا هیچ پەیوەندییەکی بە مارکسیزمەوە نییە. بیر و بۆچوونی مارکسیستی لەبارەی کۆمەڵگای مرۆیی و بەتایبەت کۆمەڵگای ئابوورییەوە ناتوانێت کۆمەڵگا بەشێوەی یاسا فیزیکییە کلاسیکییەکان، بخاتەژێر یاسا جێگیر و نەگۆڕەکان(permanent)ەوە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگا خەریکە بەرەو شێوەیەکی نوێ هەنگاو دەنێت، کە ئیتر یاسا ئابوورییە کلاسیکییەکان ناتوانن بەدروستی بیپێکن. تەواوی هەوڵی مارکس لە کتێبی «سەرمایە»دا بەوردی هەوڵی نیشاندانی ئەو پرسەیە، کە یاساگەلێکی ناسراوی [لەو جۆرە] –بەزۆری وەک کۆمەڵێک فۆرم و تایبەتمەندیی هەمیشەیی «سروشتێکی کۆمەڵایەتی» دەخرێنەڕوو– لە ڕاستیدا سیفات(هەیکەلییەت) و «بونیادێکی کۆمەڵایەتی» دیاریکراو، واتا سەرمایەداری، کە هاوکات لەگەڵ وێرانی خۆیدا، دەگۆڕێت و گەشەدەکات. بیرسا(notion)ی بونیاد یان گشتییەت–گەرچی ناقیل بەتەواوی بەرامبەر بەم چەمکە بەدگومان بوو– یەکێکە لە کاتیگۆرییە سەرەکییەکانی مارکسیزم. ئابوریی سیاسیی مارکسیستی تەنیا لە چوارچێوەی بونیادگەلێکدا کە لەڕووی چۆنیەتییەوە قابیلی دەستنیشانکردنن، دەتوانێت دەربارەی یاساکان قسەبکات، بەشێوەیەک کە خودی ئەو بونیادانەش پێویستە لەڕووی مێژووییەوە وەسفبکرێن. پرسی لەپێشتریێتییەکی(priori) وەک زانستگەرایی، وەک ئایدیایەکی کۆنەپارێزانە دێتە بەرچاو. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بە هەڵە پرسێکی بەتەواویی کاتی، بە پرسێکی هەمیشەیی وەربگرین. لە ڕاستیدا لە

سەرتاسەری مێژووی مارکسیزمدا، فیتیشیزمی زانستی هاوکات بە سستبوونی ئاگایی شۆڕشگێڕانە بەدیارکەوتووە. بۆ نمونە بیرنیشتاین کە یەکێکە لە مارکسیستە ناسراوەکان، بانگێشتی مارکسیستەکان دەکات بۆ ئەوەی بۆ ئۆبێکتیڤیتەی زانستی بگەڕێنەوە، لە کاتێکدا بەپێی نووسراوەکانی لۆکاچ، زانستگەرایی دۆخێکی تایبەتی نامۆبوون و بەئۆبێکتبوونە، مرۆڤ لە بوونی مرۆییانەی خۆی دادەبڕێت و وای لێدەکات خۆی لەگەڵ شتەکان (things)دا لێبگۆڕێت.[٧]

ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی سەرجەمێتیی(هاوکات یا زنجیرەیی) کۆمەڵگای مرۆیی، بەپێی کردەی پێکهاتوو لە یاسا سروشتییە نەگۆڕەکان، بەگشتی پاساوهەڵنەگرە، لەبەرئەوەی ئەو کورتکردنەوەیە (reduction) چی تر هەتا دەربارەی سروشتی فیزیاییش گونجاو نییە. فیزیای مۆدێرن جگەلەوەی توانای لەناوبردنی بونیادی هەیە، یاساکانیشی تەنیا لە چوارچێوەی بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراوی جیهانیدا شیاوی تێگەیشتنن، کە هیچ شتێکمان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێنالێت، و لەژێر کاریگەریی هاوکۆلکە ئەزموونییەکاندایە،[٨] کە لەسەر بنەمای جۆرێک لە ئەزموون دەستنیشان دەکرێن و شیاوی تێگەیشتن و دەرەنجامگیری نین. کەواتە بەو شێوەیەی کە –ناڤیل دەڵێت–دیالەکتیک لە پانتایی سروشتیشدا بوونی هەیە و لەو ڕووەوە سروشت و کۆمەڵگا هاوشێوە و هاوچوونیەکن.[٩] بەڕاستی، ئەوە ڕاستە کە ئەنگڵس بە

٧: G.Lukacs, Geschichte und Klassenbewusstsein (Berlin, ١٩٢٣), “Die Verdinglichung und das Bewusstsein des Proletariats.”
ج. لوکاچ، تاریخ و آگاهی طبقاتی (تهران، ١٣٧٧)، ترجمۀ محمد جعفر پوینده، از بخش ”شیءوارگی و آگاهی پرولتاریا“.

٨: empirical coefficients

٩: homogeneous

وەرگرتنی ئایدیایەکی ئاشکرا، بەتایبەت «بوون»ی دیالەکتیک لەناو سروشتدا، شوێنی هیگڵی گرتەوە. جیا لەوەی دیالەکتیکی هیگڵ ناجێگیرترین و لاوازترین بەشی میراتی هیگڵە، بەڵام چۆن ئەو دیالەکتیکە لە سروشتدا لە ئایدیالیزم دەپارێزرێت؟ ئەگەر سروشت، سروشتە، واتا لەپەیوەند بە ئێمە و خودی خۆشییەوە، پرسێکی دەرەکییە، کەواتە نە پەیوەندییەکان[١٠] و نە چۆنایەتییەکی پێویست بۆ هێشتنەوەی دیالەکتیک ناهێنێتە کایەوە. بەڵام ئەگەر سروشت پرسێکی دیالەکتیکییە، ئەوا ئێمە لەوبارەدا لەگەڵ سروشتێکی درکپێکراو لەلایەن مرۆڤ و جیانەبوونەوەی لە کردەی مرۆڤ سەروکارمان هەیە. هەر ئەوەی مارکس لە «تێزەکانی دەربارەی فوێرباخ» و لە «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا ڕوونیدەکاتەوە. «ئەم چالاکییە، کار و کردەی درکپێکراو و بەردەوام، ئەمە بەرهەمهێنانە بنەمای جیهانێکی بەتەواوی درکپێکراو، هاوشێوەی جیهانێک کە ئێستاش بوونی هەیە».[١١] هەڵبەت لە هەندێ بەشی بەرهەمەکانی مارکسدا، ئاواز و ڕەگەزی پۆزەتیڤیستی بوونی هەیە کە ئایدیۆلۆژیا سەلمێنراو و یەقینگەراکان(certain) بێمانا دەردەخن و بەڕووکار [لەم بەشانەدا] وادێتە بەرچاو

١٠: relationships

١١: فوێرباخ لە «وێنای جیهانی فەهمکراو بەشێوەی کۆمەڵە چالاکییەکی زیندوو و فەهمکراوی کەسانێک کە ئەو جیهانە بنیاتدەنێن»، هەڵە نییە (ایدئولوژی المانی، ص ١٦٤). فوێرباخ ئیلهام لە زانستە سروشتییەکانەوە وەردەگرێت. «بەڵام زانستە سروشتییەکان بەبێ پیشەسازی و بازرگانی پێگەی چییە؟ لە ڕاستیدا تەنانەت زانستە سروشتییە پەتییەکانیش مەرام و مادە
(ماتریاڵ)کانیان لە پیشەسازی و بازرگانییەوە بەدەستدێنن، واتا لە چالاکی فەهمکراوی مرۆڤەکانەوە» (همان، ص١٦٣). زانستە سروشتییەکان بەشێکن لە جیهانی کولتوری و نابێت جەوهەریان پێ ببەخشرێت، لەبەرئەوەی لە پێوەرە بەراییە(premises) مرۆییەکانی خۆی، بێخەبەرە.
[English Translation, The German Ideology, parts ٣ , ١, ed. R.Pascal (London, ١٩٣٨).]

ئایدیۆلۆژیاکان لە سایەی درەوشانەوەی چەرخی زانستدا بەرەو لەناوچوون دەچن. بۆ نمونە، [مارکس لە] ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا نیشانیدەدات: «بەکورتی، ئەڵمانییەکان بەردەوام سەرگەرمی هەڵگرتنەوەی بێماناییەکانی نووسەرەکانی پێشوون لە چەند پانتاییەکی گەمژانەدا، بەشێوەیەک ئەو پێشگریمانەیە لەپێشچاودەگرن هەموو ئەو بێماناییانە لە کۆتاییدا «مانایەکی» تایبەتیان هەیە، کە دەبێت ئاشکرابکرێن، لە کاتێکدا پرسەکە بەسادەیی، ڕوونکردنەوەی ئەو دەستەواژە تیۆرییانەن لەناو هەلومەرجی هەبووی ئێستادا»(١٨٩p). [هەر لەو ڕووەوە] دەکرێت یەکێک بڵێت مارکس خۆی بەدووردەگرێت لە چەمکی دین و هەر جۆرە ماناپێدانێکی تایبەت بە دین. هەروەها لە ئاکامدا بنەما و پرەنسیپەکانی(principle) فینۆمینۆلۆژیای دین ڕەتدەکاتەوە. ئێمە لێرەدا لەسەر لێواری «مارکسیزمێکی بێگۆشت»داین کە مێژوو بۆ ئێسکەپیکەری ئابوری کورتدەکاتەوە. دین بەشێوەی وشە بە وشە هیچ مانایەک نادات، بەڵکو کۆی وشەکانە[١٢]، [لە هەمان کاتدا] هەمیشە بەتاڵ و ناڕاستە، دین هیچ نییە جگە لە دەرکەوتەیەک یان نمایشێک. بەڵام، ئەم [گوتە]یە پەیوەندیی بە مارکسەوە نییە بەڵکو [گوتە]ی ڤۆڵتێرە، جگەلەوە مارکس بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: «دین تیۆرێکی گشتییە دەربارەی ئەم جیهانە، ئینسکلۆپیدیای جیهانە، لۆژیکی جیهانە لە بەرگێکی عەوامپەسندانەدا، پرسی بەهای ڕۆحیانەی، داخوازی

١٢: وشەی ئینگلیزی بەکارهاتوو لێرەدا «Words»ە. وەک دەزانین«Word» کاتێک بەشێوەیەکی کۆ بەکاردەبرێت بە مانای کۆی وشەکان نییە، بەڵکو بە مانای گوتە، ئاخافتن، گوفتارە، لە باسە تیۆلۆژییەکاندا بە «کەلام» وەرگێڕدراوە. مەبەست لەوەیە کە دین بە مانایی حەقیقی وشە بەشێوەیەکی حەرفی هیچ مانایەک نادات و ماناکەی پێکهاتووە لە تەواوی وشەکان و گوتەکانی ئەوانی تر، کە هەریەک لەوانەش بەنۆرەی خۆی نەشیاو و بەتاڵە. م.ف

توندڕەوانـەی، فەرمانـی ئەخلاقیانـەی، تەواوکەرێکـی ڕەسـمی، بیانوویەکـی هەمەلایەنـە بـۆ ئارامـی و ئاڕاسـتەکردنی جیهـان. دیـن بەدیهاتنـی جەوهـەری مرۆییـە بەشـێوەیەکی خەیاڵـی، لەبەرئـەوەی ئـەو جەوهـەرە، بوونـی ڕاسـتەقینەی نییـە... دیـن ڕۆحـی جیهانێکـە کـە دڵـی نییـە، ڕۆحـی سـەردەمێکە کـە ڕۆحـی نییە».[١٣]جا ئـەم پرسـە- پەیوەست نییە بە نکۆڵیکردنی تەواوەتی دەلالەتـە مرۆییەکانی دین، بەڵکو- پەیوەستە بە مامەڵـەی دین وەکـو دەربڕینـی ڕەمزییانـەی درامـی مرۆیـی و کۆمەڵایەتـی. بیرکردنـەوەی کۆمۆنیسـتی دەبێـت شـتێک زیاتـر لـە دیـن بخاتـەڕوو، نـەک کەمتـر: [لـە بیرکردنـەوەی کۆمۆنیسـتی]دا دیـن بـۆ زاگـە و حەقیقەتەکـەی دەگەڕێنرێتـەوە- واتـا پەیوەندیـی کۆنکرێتیی مرۆڤـەکان لەگـەڵ یەکتر و لەگـەڵ سروشتیشـدا. ئـەم پرسـە پەیوەسـت نییـە بـە جێگۆڕکێی دینی کڵێسـایی بـە دینی تاقیگەیـی و شـوێنگرەوەی ڕێوڕەسـمی شـێوی سوپاسـگوزاری بـە ئاوێزەیەکـی جێگیرکـراو [ماشـێنی و تاقیگەیـی]، ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بە تێگەیشتن لە دین وەکو هەوڵی خەیاڵی مـرۆڤ بـۆ دووبـارە پەیوەسـتبوونەوەی مـرۆڤ بەیەکتـر لـە جیهانێکـی تـر و جێگۆڕکێکردنـی وەهمـی پەیوەندیـی بـە پەیوەندیگەلێکـی کاریگـەر و کارا لەنـاو هەمـان جیهانـدا. هیگڵـی لاو- تـا کاتێـک ژیانی نێوان تاکەکان لەسـەر بناغەیەکی مێژوویی دامەزرابوو، هێشـتا ڕۆحی جیهان لـە کۆتایی شـتەکاندا نەهاتبووە دەرەوە- دەڵێت خوێندنـەوەی ڕۆژنامـە «نوێژی بەرەبەیانی تاکەکەسێکی واقیعییە». کرۆکە مرۆییەکـەی دین و –بە مانا هایدگەرییەکەی– ناوەڕۆکی «میتافیزیک»ی مارکسـیزم پێکهاتـووە لـە پرۆسـەی دەسـتێوەردانی مـرۆڤ لـە سروشـت لـە بەرژەوەندیـی خۆیان(بەوجـۆرەی لـە سـەرەتادا مرۆڤـەکان لەژێـر هەیمەنـەی

١٣: نقل قول از کتاب «گامی در نقدِ فلسفۀ حق هگل»، صفحۀ ٨۴

سروشتدا بوون) جیابوونەوە لە بونیادە فەرزکراوە کۆمەڵایەتییەکان و دەستڕاگەیشتن بە «ئازادیسالاری یا زاڵێتیی ئازادی»، یان وەک ئەوەی هیگڵ دەیگوت دەستڕاگەیشتن بە مێژووییەکی ڕەها لە ڕێی پراکسیسەوە. دین لەسەرووی دەرکەوتەیەکی بۆش و بێناوەڕۆکەوەیە، دیاردەیەک لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان تاکەکان دامەزراوە. دین تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندیگەلێکی وەهاوە وەک دینێکی جودا وندەبێت. مارکسیزمێکی ساختە بەرامبەر بەم باوەڕە بوونی هەیە کە هەموو شت هەڵە و درۆینەیە، مەگەر قۆناغی کۆتایی مێژوو، لە پانتایی ئایدیادا، ئەم باوەڕە-«بەهۆی حەسرەت و خۆزگەخواستن بۆ قۆناغبەندیکردن»- نمونەی کۆمۆنیزمێکی سەرەتاییە، لەبەرئەوەی خودی مارکس هیچ وشەیەکی لەم جۆرەی نەوتووە. مارکسیزمێکی ڕەسەن دەبێت هەموو ئەوانەی لە [ڕابردوو]دا بەدەستهاتووە –تێپەڕاندنیان– قەبوڵی بکات و دانیپیابنێت هەر شتێک لە قۆناغ و جێگەی تایبەتی خۆی لە سیستەمی گشتیی مێژوودا دروستە، واتا هەر شتێک مانای لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئێمە ئەم واتایەی مێژوو وەکو گشتێتییەک بەهۆی دیاردەیەکی سەرەکیی وەک نامۆبوونەوە بە گریمانە وەردەگرین، نەک لەگەڵ نمونەگەلێکی ماتماتیکی و فیزیای یاساییەوە. مرۆڤ –واتا کەسێک کە خۆی بە لەپێشترێتییە فیتیشییەکانی بێگانەدا تێپەڕیوە و لە جەوهەرە واقیعییەکەشی داماڵراوە– بەدرێژایی جوڵەی مێژوو جارێکی تر بوونی خۆی و جیهان بەدەست دێنێتەوە. ئاژەڵان نە ژیانی ئابوورییان هەیە، نە کاڵا، نە فیتیشیزمی کاڵا و نە شۆڕش دژی فیتیشیزمی کاڵا. ئەم دیاردانە تەنیا لەو ڕووەوە شیاون کە مرۆڤ شتێک یان ئاژەڵێک نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تاقانەیە و لەسەرووی ئەو پەیوەندییانەوەیە کە لەگەڵ شتەکانی

دەرەوەی خۆیدا هەیەتی، چونکە ئەو تەنیا «نییە» بەڵکو «بوونی هەیە». ئەوەی بە لێکدانەوەی پۆزەتیڤیزمێکی مارکسیستی باوەڕپێکراوی دەبەخشێت، ئەوەیە مارکس لە دوو لایەنەوە ململانێ دەکات. لەلایەک لەگەڵ کۆی کێشەکانی بیری ماشێنباوەڕی ناکۆکە؛ لەلایەکی تریشەوە بەردەوامی بە ململانێ دەدات لەگەڵ ئایدیالیزمیشدا. بۆ مارکس، لۆژیکی خۆرسکی ئایدیاکان بە ئەندازەی «ڕۆحی جیهان»ی هیگڵی- هەمان ڕۆحی لێهاتوو مرۆڤەکان ڕێنوێنی و توانادار دەکات تا تەرحەکانی خۆیان بەئاکام بگەیەنن بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان هیچ مەعریفەیەکیان لەبارەیەوە هەبێت- [هەردووک] «تێگەیشتنی خەیاڵین لە جەوهەری مرۆیی». بەڵام ئەم ململانێیە دژ بە ئایدیالیزم هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو [ڕوانگە] ئۆبێکتیڤیتەی پۆزەتیڤیزمدا نییە لەبارەی مرۆڤەوە. مارکس، بەپێچەوانەی دۆرکایمەوە، لەگەڵ ئەو گوتەیەدا هاوڕا نییە، یەکبەیەکی کەسەکان ئامرازی ئاگایی گشتی بن. «ئێمە دەبێت دوورکەوینەوە لە دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی پرسێکی ئەبستراکتی دژ بە تاکەکەسدا». تاک هەبوویەکی کۆمەڵایەتییە. مرۆڤ «هەبوویەکە لە خودی خۆیدا بوونی هەیە»، لەبەرئەوەی هەبوویەکی جۆرییە. کۆمەڵگا بۆ مرۆڤ پێشهاتێکی ڕێکەوت نییە کە مرۆڤ لەگەڵیدا هەڵکات، بەڵکو بەشێکە لە بوونی ئەو. مرۆڤ لە کۆمەڵگادا هاوشێوەی شتگەلێک نییە لە سندوقدا، بەڵکو جیهان وەک شتێک کە لەودا ناوەکی بووەتەوە قەبوڵ دەکات. لەبەرئەوە دەتوانرێت بوترێت «مرۆڤ خۆی و ئەوانی تریش دێنێتە کایەوە». لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگا خۆی مرۆڤ وەک مرۆڤ دێنێتە کایەوە، کەواتە خودی کۆمەڵگاش بەهۆی مرۆڤەوە هاتۆتە کایەوە. ئێستا پرسەکە ئەوەیە گەر بۆ مارکس، ئامرازی

گواستنەوەی مێژوو و بزوێنەری هێزی دیالەکتیکی، نە «سروشتی کۆمەڵایەتی» بێت کە لەدەرەوەی خۆمان فەرزکراوە، نە «ڕۆحی جیهان»ی هیگڵ بێت، نە جوڵەی گونجاو و ساز لەگەڵ ئایدیاکاندا و نە ئاگایی گشتی بێت، کەواتە چ شتێکە؟ [وەڵام] هەر ئەو مرۆڤەی کە لە ڕەوتی دیاریکراوی سروشتی مەرجداردا بەشداری دەکات، ڕەوتێک کە تێیدا شێوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوانی تردا پتەودەکات؛ ئەوە پرسێکی نێوسوبێکتیی مرۆیی کۆنکریتییە، کۆمەڵی هاوچەرخ و سەردەمە یەک لەدوای یەکەکان هەبووەکان لە پرۆسەی خود–ناسیندا(self-relization) بەناو جۆری مافی خاوەندارێتی کە بە درێژایی ئەوە ئەوان جڵەوی خۆیان بەوانی تر دەسپێرن، بەتەواوی دەگۆڕێن، هەم بەدەستی ئەوی تر ئافرێنراوە و هەمیش ئەوی تریان ئافراندووە. پرسێک کە پێشوو خرایەڕوو –لە ڕاستیدا پرسێکی بەجێیە– ئەوە بوو کە چۆن مادەباوەڕی(ماتریالیزم) دەتوانێت دیالەکتیکی بێت؛ چۆن مادەیەک کە بەمانای تەواوی وشە گریمانەکراوە، دەتوانێت بناغەی بەرهەمهێنەری و تازەگەری کە پێی دەگوترێت دیالەکتیک لەخۆبگرێت؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە مارکسیزمدا «مادە» و –لە ڕاستیدا «ئاگایی»– هەرگیز بەشێوەیەکی جودا لەبەرچاو نەگیراون. بەڵکو لە سیستەمی پێکەوەیی و هاوژینی مرۆیی ڕوودەدەن، شوێنێ کە مادە لەسەر بنەمای بارودۆخێکی گشتی پێکهاتوو لە تاکە هاوسەردەم و سەردەمە یەک لەدوای یەکەکان پێکدێت. واتا [لەسەر بنەمای] لەخۆگرتنی سەرجەمێتیی پڕۆژەکانیان ڕەخساندنی ڕێگەیەکی بەرەوپێشچوون و مانایەکی مێژوویی. بەڵام ئەگەر ئەم لۆژیکە بارودۆخییە(situational logic) بەجوڵە بکەوێت، پێشدەکەوێت و بەئاکام دەگات. [ئەم کارە]

تەنیا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی مرۆییەوە ئاڕاستە دەبێت بەبێ ئەوەی بارودۆخی سروشتیی دیاریکراو لەوبارەوە ڕۆڵی تیابگێڕێت، کە وا چاوەڕوان دەکرێت نە بانگێشتی زانستی ئابوری بکات و نە بەتۆخی مێژووی زانستی ئابوری [بانگبکات]. مارکس ئاشکرای دەکات ئاژەڵانی ماڵی بەشێکن لە ژیانی مرۆڤەکان، بەڵام ئەوان بەتەواوی بەرهەمی ئەو ژیانەن؛ نەوەک بەشداریکەری ئەو ژیانە. لەلایەکی ترەوە، مرۆڤ هەمیشە ڕێگەی نوێ بۆ کار و ژیانی بەرهەم دەهێنێت. کەواتە ناکرێت مرۆڤ وەک ئاژەڵ یان مادە سەیربکرێت، هەروەها وەکو پێگەی پنتی دەسپێک بخرێتەڕوو. هیچ بنەڕەتێک بۆ مرۆڤ بوونی نییە، «بۆیە لەلای مرۆڤی سۆسیالسیت، کۆی ئەوەی بە مێژووی جیهانی ناونراوە جگە لە خوڵقاندن و دروستبوونی مرۆڤ بەهۆی کاری مرۆڤ و دەرکەوتنی سروشت بۆ مرۆڤ هیچی تر نییە؛ لەم ڕووەوە، مرۆڤ هۆکاری ئاشکراو و حاشاهەڵنەگری دەربارەی خود–خوڵقاندن و بنەڕەتی پەیوەست بە خۆیەوە لەدەستدایە». ئەگەر مرۆڤی سۆسیالیست بتوانێت پێش–هۆشیارییەکی پەیوەست بە «ئازادیسالاری» هەبێت کە هێشتا لە ڕێدایە و – لەم ڕوانگەیەوە– لە ئێستادا هاوشێوەی نامۆبوونی سەرمایەداری درێژە بە ژیان دەدات، بەم هۆیەوە مرۆڤی سۆسیالیست لە چوارچێوەی خاوەندارێتی، باوەڕی بەوە هەیە کە مرۆڤ قابیلێتی بەرهەمهێنانی هەیە؛ [مرۆڤی سۆسیالیست] پەیوەندیی هەیە لەگەڵ شتێک جگە لە خۆشی، هەڵبەت نەک شتێکی نەبزۆک(inert) و بێجوڵە. ئاخۆ دەبێت مرۆڤ وەک ئاگایی پێناسە بکەین؟ بەڵام دووبارە ئەمە تێگەیشتنێکی وەهمی دەبێت بۆ جەوهەری مرۆڤ، لەبەرئەوەی کاتێک مرۆڤ وەک ئاگایی پێناسە دەکرێت، لە ڕاستیدا پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ

هەموو شتێکدا دەپچڕێت، لەوانە جەستە و بوونی کارای، بەوپێیە مرۆڤ دەبێت لەپەیوەند بە کەرەستە و شتەکان(ئۆبێکتەکان) پێناسە بکرێت –پەیوەندییەک کە تەنیا شێوازێکی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا دەرگیردەکات، وەک ئەوەی بە مرۆڤ شێوەیەکی دیاردەیی ببەخشێت، شێوەیەکی ئاشکرا، کە مرۆڤ لە هەمان کاتدا «سوبێکتیڤ»ە، «ئۆبێکتیڤ» دادەهێنێت. ئەم پرسە بەجۆرێک دەردەکەوێت کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک بناسێنین کە «ئازار دەچێشێت»، «هەست دەکات» و «مانا دادەهێنێت»، واتا بوونەوەرێک لەگەڵ بارودۆخی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونەوەرێکی ئازاد، چالاک و بە توانا لە بیناکردنی سەربەخۆیی خۆی لە هەمان پانتایی پەیوەستبوونیدا. «لێرەدا تەبایی لۆژیکی ناتورالیزم و هیومانیزم جیاوازە لە ئایدیالیزم و ماتریالیزم و لە هەمان کاتدا حەقیقەتی یەکتاییان بنیاتدەنێن». باسەکە لەسەر تێگەیشتن لەو خاڵەیە کە هەر ئەو پەیوەندییەی کە مرۆڤ بە جیهانەوە پەیوەست دەکات، لە هەمان کاتدا ڕێگەی مرۆڤە بەرەو ئازادی، پرسەکە لەسەر ئەو ڕوانگەیەیە کە چۆن مرۆڤ لەدەرگیربوون لەگەڵ سروشتدا، ئامرازەکانی ئازادیی خۆی بە دەوروبەری خۆیەوە پەیوەست دەکات. ئەوەش نەک بەلەناوبردنی زەرووڕەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە کەڵکوەرگرتن لێی، هەروەها باسەکە تێگەیشتنە لەو پرسە کە چۆن مرۆڤ جیهانێکی کولتوری دادەمەزرێنێت، کە تێیدا «ڕەفتاری سروشتیی مرۆڤ، گۆڕاوە بۆ پرسێکی مرۆیی...، کە تێیدا بوونی مرۆیی گۆڕاوە بۆ بوونێکی سروشتی، و سروشتی مرۆیی و سروشت هاوئاهەنگ بوونە». ژینگەی دەوروبەر – نەک ژینگەی ئەودیو سروشت بەڵکو ژینگەی سەرووسروشت–

کە تێیدا مرۆڤەکان «هەموو ڕۆژێ ژیانیان سەرلەنوێ دەخولٌقێننەوە»، هەر خودی مێژووە. مێژوو، مێژووی سروشتی ڕەسەنی مرۆڤە. مارکسیزم فەلسەفەی «سوبێکت» نییە، وەک چۆن لە فەلسەفەی «ئۆبێکت»یشەوە دوورە: مارکسیزم فەلسەفەی مێژووە. بەزۆری مارکس ماتریالیزمەکەی خۆی بە «ماتریالیزمی پراکتیکی» ناودەنێت، لەسەر ئەم بنەمایە لە ڕوانگەی مارکسەوە مادە وەک یاریدەدەر و جەستەی پراکتیک(پراکسیس) دێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە. مادەی تەنیا و تایبەت، واتا شتێک کە بۆ مرۆڤ دەرەکییە و بەگوێرەی ڕەفتاری مرۆڤ دەتوانرێت لێکبدرێتەوە، لەبنڕا بابەتی باس نییە. ماتریالیزمی مارکس، [لە بەرامبەر] ئەو ئایدیایەدایە کە هەموو شێوەپێدانێکی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هاومانا و تەواوکەری جۆرێکی حەتمیی پراکتیکن، واتا ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگا بەناویدا پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی لەگەڵ سروشتدا داڕشتووە. پرسێکی وەها بەرامبەر بەو ئایدیایەیە کە دەڵێت ئابوری و ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییە ناوەکییەکانیان لە چوارچێوەی گشتێتیی مێژوو دایە، وەک ماتریاڵ و فۆرم لە بەرهەمێکی هونەری یان پرسێکی ئیدراکیدا. مانای وێنەیەک یان شیعرێک ناتوانرێت لە ماتریاڵی ڕەنگەکان و وشەکان جیابکرێتەوە، هەروەها لەدەرەوەی ئەم ئایدیایەدا نە دەکرێت خەڵق بێت و نە دەکرێت قابیلی تێگەیشتن بێت. پرسێکی ئیدراکی دەکرێت دوای ئەوەی ببینرێت مایەی تێگەیشتن بێت، نە ڕاڤە و نە شیکاری زارەکی ناتوانن شوێنی بینینەکە بگرنەوە. «ڕۆح»ی کۆمەڵگایەک پێشوەختە شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگاکەیە، لەبەرئەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی پێشاوپێش شێوازێکی تایبەتە کە لەو ماوەدا مرۆڤەکان هاوژین دەبن. [شیاوی گوتنە] چەمکە زانستی و فەلسەفی و

دینییەکانیش [لە بنەڕەتدا] شیکردنەوەی ئاسان یان هاوبەشی خەیاڵی هەمان شێوەی بەرهەمهێنانن، بەوپێیە ئەم پرسە شیاوی تێگەیشتنە کە دەروازەیەک بۆ بیرسای ئۆبێکتی مرۆیی -کە فینۆمینۆلۆژیا خستوویەتییەڕوو و شیکردووەتەوە- لە بەرهەمەکانی مارکسیشدا پارێزراوە. فەلسەفە کلاسیکەکان دوورن لەم ڕوانگەیەوە، بۆ ئەوان، شەقامەکان، گۆڕەپانەکان، ماڵەکان، دیاردەگەلێک بوون کە لە هەر ڕوویەکەوە قابیلی پێوانە بوون بە ئۆبێکتە سروشتییەکان و تەنیا بەهۆی دوایین داوەری دەلالەتی مرۆیی بەمەبەست گەیشتوون. کاتێک مارکس لەبارەی ئۆبێکتە مرۆییەکانەوە دەدوا، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەم دەلالەتە وەفادارە بەرامبەر بە ئۆبێکتێک کە خۆی لە ئەزمونی ئێمەدا ئامادە دەکات. وێنای هیگڵی لەبارەی زەینەتێکەوە -دیاردە یا ڕۆحێکی ئۆبێکتیڤی بەدواوەیە، [ڕۆحێکی ئۆبێکتیڤی] کە لە ڕێگەی جیهانەوە دەگوازرێتەوە سەر دەرەنجامە کۆنکرێتییەکانی، نەک بە پاشەکشەکردن بۆ گۆشەگیریی خۆی. ڕۆحی کۆمەڵگایەک لە ڕێگەی ئۆبێکتە کولتورییەکانەوە بەرجەستە دەبێت، دەنێردرێت و وەردەگیرێت، لە ڕێگەی ئەو ئۆبێکتانەی کە کۆمەڵگا بەگوێرەی خۆی و ڕەوتی ژیانی دەیخاتەڕوو. لێرەدا ئەم پێدراوە خراوەڕووانە لەلایەن کاتیگۆرییە پراکتیکییەکانی کۆمەڵگاوە، پلەپلە زیاد دەکات و ئەم کاتیگۆرییانەش بە نۆبەی خۆیان ڕێگایەک بۆ بوون و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەرەخسێنن. بەمپێیە ئێمە تێدەگەین کە لۆژیک دەتوانێت «پەرەپێدەری ڕۆح» بێت یا ئەوەی «فیتیشیزمی کاڵا» دەتوانێت شێوەیەکی گشتیی بیرکردنەوەی ئۆبێکتیڤی گونجاو لەگەڵ شارستانییەتی بۆرژوازیدا بخاتەڕوو. هەر وەک پێش ئەمە ئاماژەمان بۆی کردبوو، بەزۆری پەیوەندیی باسکراوی نێوان ئایدیۆلۆژیا و

ئابوریی ڕازئامێز، پێش-لۆژیک و بێ بیرکردنەوە دەمێنێتەوە، تا ئاستێک ئایدیۆلۆژیا وەک پرسێکی «سوبێکتیڤی» دەمێنێتەوە، و ئابوری وەک پرۆسەیەکی ئۆبێکتیڤی فەهمدەبێت. ئەم دوانە لە چوارچێوەی گشتی بوونی مێژوویی و ئۆبێکتەکانی مرۆڤدا کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هیچ پەیوەندییەک پێکناهێنن. کەواتە «جەی. دومارشی» لەوەدا تەواو لەسەر حەق بوو ئەو دیاردەناسییەی جیهانی کولتوری کە هیگڵ تا ئاستێک تەرحی گشتی ئەوەی لە شیکردنەوەکانیدا بۆ سەدەی هەژدە وەکو سەدەی پارە خستبووەڕوو بیداتەپاڵ مارکس. شیکردنەوەیەک کە بەدروستی دەتوانرێت لەبارەی هەر قۆناغ و هەر شارستانییەتێکدا بەکارببرێت. بەڵام ناڤیل ناکۆکە لەگەڵ ئەم بابەتەدا لەبەرئەوەی [بەباوەڕی ئەو] لە کاری مارکسدا «بەرجەستەبوون(manifestation) -واتا لایەنی فینۆمینۆلۆژیای ڕاستەقینە و بەتایبەت ڕاستەقینەی «ئایدیاڵ»- بەدروستی هەمان شتە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە». ئەو شتە جگە لە دیاردە هیچی تر نییە -واتا ڕاستەقینەی بوونی ئابوری. وەک بڵێیت فینۆمینۆلۆژیا نەتوانێت دیاردە «بنیاتنەرەکان» لە دیاردە «بنیاتنراوەکان» جیابکاتەوە، بەتایبەت وەک بڵێی پەیوەندیی ئایدیۆلۆژیا بە ئابورییەوە کە لە مارکسیزمدا پەیپێدەبەین، هەمان پەیوەندیی نێوان دیاردەیە بە ڕاستەقینەوە. ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی کۆی کۆمەڵگا بۆرژوازی -بە پرۆلیتاریای ئەو کۆمەڵگایەشەوە- ئالوودە دەکات، دەرکەوتە نین، ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی کۆمەڵگای بۆرژوازی لە خەرمانەیەکی تەمومژاوییەوە دەئاڵێنێت و خۆیان لە بەرانبەر ئەوەدا لە کەوڵی جیهانێکی نەگۆڕدا ئامادە دەکەن. ئەوان بە هەمان ئەندازەی بونیادە ئابورییەکانی سەرمایەداری ڕاستەقینەن، کە بەهۆی بونیادە ئابورییەکانەوە سیستەمێکی

یەکگرتوو پێکدەهێنن. هەم ئەو ئایدیۆلۆژیانە و هەم ئەو ئابورییەش هەر دووکیان بەرامبەر بە ئابوری و ژیانی سۆسیالیستی دیاردەگەلێک زیاتر نین کە لەپێشدا بەرامبەر بەوانە داڕێژراوە، بەلاَم تا کاتێک ئەم ئابورییە(سۆسیالیستی) یە بەرجەستە دەبێت، ئیشکالی بۆرژوازی بەرهەمهێنان و ڕەوتی ژیان، گرنگی، کارایی و بارودۆخی ئەوان پارێزراو دەبن. لینین ئەم پرسەی بەباشی درکدەکرد، لەبەرئەوە دەیگوت ململانێی چینایەتی ساڵها دوای شۆڕش بەردەوام دەبێت. تەنیا لە ڕێگەی پێناسەکردنی ورد و بەرگریی هەمەلایەنە لە «ماتریالیزم»ی مارکسیستی لە بەرامبەر ئەو هێرشە هەڵگەڕاوانەی ماشێنباوەڕی بۆ سەر مارکس، دەبێت پەرە بدرێت بە تیۆرەکەی لەبارەی پراکسیس یان بوونی کۆمەلاَیەتی وەک ژینگەی کۆنکرێتیی مێژوویی، هەروەها لەناوبردنی ئایدیالیزم و ماتریالیزمی میتافیزیکی. ئێستا لەگەڵ ئەم پرسەدا، لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە پێگەی فەلسەفی دەتوانێت چی بێت؟ وەلاَمەکە ئایدیۆلۆژییە(بە واتایەکی تر، لایەنێکی ئەبستراکتی لە کۆی ژیانی مێژوویی) و تا کاتێک کە فەلسەفە خواستی «بەسەربەخۆکردنی خۆی» هەبێت، بەتەواوی «یەکێک لە تێگەیشتنە خەیاڵییەکانی مرۆڤ» دەبێت، ڕۆڵ دەگێڕێت لەوەی جیهانی بۆرژوازی بخزێنێتە ناو خەرمانەی تەمومژەوە. بەلاَم «پێشتر ئەم پانتاییە کە ئێمە لە ئێستادا لێیدەکۆڵینەوە تایبەت بوو بە ئابوری و دواتر بۆ ئایدیۆلۆژیای بێگەرد و ئەبستراکت تایبەتکرا، دواتریش ڕەگەزی ڕێکەوتی تر لە ڕەوتی گەشەی مارکسیزمدا دەدۆزینەوە، هەرچەند برۆینە پێشتر خولانەوەی مارکسیزم خواروخێچتر دەبێت» بۆیە هەر هەوڵێک لەڕووی خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی گشتگیری فەلسەفە بەپێی بارودۆخێکی ئابوری

ناتەواوە: ئێمە دەبێت ناوەڕۆکی فەلسەفە ببینین، ئێمە دەبێت بنیاتی فەلسەفە بخەینەبەر باس. ئەوە ڕاست نییە بڵێین بارودۆخی ئابوری هۆکاری فەلسەفەیە و بەتەنیا چالاکی دەکات، و هەموو دیاردەکانی تر بەتەواوی بەرهەمێکی کارلێکراویان هەیە. لێرەش وەک هەر شوێنێک، بیرکردنەوەی هۆگەرا(causal) کافی و بەس نییە. بۆچوونی ئاسایی بۆ هۆ و ئەنجام وەکو جەمسەرگەلی تەواو دژبەیەک ئەبستراکتە. فەلسەفە وەک هونەر یان شیعر پەیوەستە بەیەک زەمەنەوە، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێت فەلسەفە لە بەدەستهێنانی – بەدروستی لە ڕێگەی هەمان زەمانەوە– حەقیقەتگەلێک کە یەکجار و بۆ هەمیشە بەدەستهاتووە، داببڕێت، هاوشێوەی هونەری یۆنانی کە «سەرنجڕاکێشی و ئەفسونی ئەبەدی دۆزییەوە». ئابوریی قۆناغێک پەروباڵ بە ئایدیۆلۆژیای ئەو قۆناغە دەبەخشێت، لەبەرئەوەی لەسەر دەستی ئەو مرۆڤانە دەژێت کە بەرجەستەبوونیان تێدا سۆراخ دەکەن. بە واتایەک ئەوە ئابورییە ئاستی ڕوانگەیان دیاری دەکات، بەڵام بە واتایەکی تر، پانتاییەکە بۆ بەرخورد لەگەڵ بوون و ئەزمونەکانیان، هەروەها ئەم پرسە دەتوانێت ڕووبدات –وەک چۆن دەربارەی خودی مارکسیش ڕوویدا– کە مرۆڤەکان بەتەواوی خۆیان نەدەنە دەست ئابورییەوە، بەڵکو لێیتێبگەن و بەپراکتیکی لەوە زیاتر هەڵکشێن. فەلسەفە تا ئەوەی ئەبستراکتانە دەمێنێتەوە، ناڕاست دەبێت، واتا تا ئەو جێیەی خۆی لە زیندانی چەمکەکان و داهێنراوەکانی عەقڵ بەند دەکات ڕێگر دەبێت لە بینینی پەیوەندیی نێوکەسی. بەو هۆیەوە مارکسیزم بە واتای پشتکردن نییە لە فەلسەفە، بەڵکو دۆزینەوەی ماناکەیەتی، وەرگێڕان و ڕاڤەکەیەتی، ئەکچواڵبوونەوەیەتی... «حیزبی سیاسی پراکتیکی لە

ئەڵمانیادا لەسەر هەقە هاتوهاوار بکات. بەڵام هەڵەی حیزبێکی وەها دەستهەڵگرتنە لە خواستێک لەسەر بنەمای ئەو پرسەی کە فەلسەفە بەئاکام ناگات و بەشێوەیەکی جدی ناتوانێت بەئاکام بگات. حیزبی سیاسی لای وایە ئەو نەفیکردنە لە ڕێگەی پشتکردن و چاوداخستن لە ئاستی فەلسەفەدا، هەروەها لەژێر لێوەوە چەند دەستەواژەیەکی نزم و سووکی ئاڕاستە بکات، ئیدی دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەوتی فەلسەفە گۆڕانی بەسەردا بێت. لە یەک گوتەدا ئێوە ناتوانن فەلسەفە لەبەرچاونەگرن و لە دەستی قوتارتان بێت، مەگەر بەئاکام گەیاندن(fulfilling)ی فەلسەفە». کۆجیتۆ تەنیا بەهۆی ئەوەوە ناڕاستە کە خۆی لە چاڵی دەرهێناوە و خودمەندی(inherence) ئێمە لە جیهاندا بەفیرۆدەدات. تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لە فەلسەفە، بەئاکام گەیاندنی فەلسەفەیە، واتا نیشاندانی ئەو پرسەی کە فەلسەفە تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەندییەکی نێوکەسی لەخۆدەگرێت. هیگڵ بە هەڵەدا نەچوو ئەو بەدروستی فەلسەفەی لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر ڕاکێشت، بەڵام فەلسەفەکەی ئەبستراکتە. لە ڕاستیدا ئێمە دەبێت ئەم ململانێ میتۆلۆژییەی کە هیگڵ لەنێوان ئاگایی لەخۆیدا و ئاگایی بۆ خۆی، ڕوونیدەکاتەوە، مێژوویی بکەینەوە. لۆژیکی هیگڵ، وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا «جەبری شۆڕش»ە. بەڵام «فیتیشیزمی کاڵاکان» تێگەیشتنێکی مێژوویی ئەو لەخۆنامۆبوونەیە کە هیگڵ بەشێوەیەکی ناڕوون، ڕوونیدەکاتەوە، سەرمایەی مارکس –پێچەوانەی ئەوەی گوتراوە– فینۆمینۆلۆژیایەکی کۆنکرێتیی زەینییە. هۆکارێک کە بەهۆیەوە دەتوانرێت هیگڵی دواین و هەر فەیلەسوفێکی تر مایەی سەرکۆنە و جێگەی ڕەخنە بێت. ئەو خەیاڵە بەتاڵە کە فەیلەسوفان –تەنیا ئەوان– لە دەلاقەی بیرکردنەوەوە دەتوانن

دەستیان بە حەقیقەتی تەواوی هەبووەكانی دەوروبەریان بگات. ئەوانە تێكەڵ بەیەكتر بكەن، لەوانە زیاتر هەڵكشێن و بەناو قوڵاییەكانی ژێرییاندا، ئاشكراكردنێك لەمەڕ مانای مێژوو بانگبكەن كە مرۆڤەكانی تر تەنیا ملیپێدەدەن.

فەیلەسوف بوون تەنیا یەكێكە لە ڕێگە بێشومارەكان، وەك ئەوەی ماركس دەڵێت، هیچ كەس ناتوانێت وەها ستایشی خۆی بكات كە لە هەناوی «بوونی دینی»، «بوونی سیاسی»، «بوونی مافی»، «بوونی هونەرمەندانە»دا، یا بە مانای تەواوی وشە، «بوونی ڕاستەقینەی مرۆیی» لە چوارچێوەی «بوونێكی فەلسەفیی ئەبستراكت»ەوە هاتووەتەدەرێ. بەڵام ئەگەر فەیلەسوف خۆی بە كاری پێكۆڵی لۆژیكی ناونیشینی ئەزمونەكانی ئەوی تر و بوونەكانی تر –خۆی لە جێگای ئەوانی تر دابنێت– تەرخانبكات، ئەگەر فەیلەسوف وەهمی ڕوانینی گشتیی مێژوویی وەلاوەبنێت و بەئاگابێت لەوەی هاوشێوەی مرۆڤەكانی تر لە مێژوودا گیرۆدەبووە و لەگەڵ ئایندەیەك كە بونیاددەنرێت ڕووبەڕووببێتەوە، كەواتە فەلسەفە دەتوانێت بە ڕزگاربوون لە تەلەزگەی فەلسەفەیەكی بێلایەن و دووركەوتە خۆی بونیادبنێت و بەئاكام بگات. ئەم بیركردنەوە كۆنكرێتییە، كە ماركس بۆ جیاكردنەوە لە فەلسەفەی ئەندێشەگەرای ڕەخنەگرانە ئاماژەی بۆ كردووە، هەمان شتە كە ئەوانی تر لەژێر ناوی «فەلسەفەی بوونگەرایی»دا دەیخەنەڕوو. فەلسەفەی بوونگەرایی وەك لە ناوەكەیەوە دەردەكەوێت تێگەیشتنە لە ناوەڕۆكی مرۆڤ، نەك تەنیا لە چوارچێوەی ئاگایی، یان مەعریفە، كە هاوشێوەی چالاكیی فەهمكراوە، و سەربەخۆییانە ئۆبێكتە ناونیشین و ڕوونەكان دەخاتەڕوو، بەڵكو لە چوارچێوەی بوونیشدا، واتا چالاكییەك

کە بارودۆخێکی مێژوویی و سروشتی لەخۆیدا بخاتەڕوو، بەجۆرێکی وەها ناتوانێت خۆی لەو بارودۆخە ئەبستراکت بکات کە خۆی بۆ ئەو بارودۆخە کورتدەکاتەوە. گەڕانەوەی مەعریفەت خۆی لە گەڕانەوەی گشتییەتیی پراکسیسی مرۆییدا دەخاتەڕوو، بە واتایەکی تر بە دۆزینەوەی بنەمایەک لەو ڕێگەیەوە. «سوبێکت» ئیتر سوبێکتێکی ئەپیستمۆلۆژی نییە، بەڵکو سوبێکتێکی مرۆییە، کە [مرۆڤ] لە ڕێگەی دیالەکتیکی بەردەوامەوە لە چوارچێوەی بارودۆخی خۆیدا بیردەکاتەوە، شێوە بە کاتیگۆرییەکانی دەدات لە بەرخورد لەگەڵ ئەزمونی ژیانی خۆیدا، ئەم بارودۆخ و ئەزمونی ژیانە بەسەرنجدان لە مانایەک کە لە کاتیگۆرییەکاندا دەیدۆزێتەوە، پێشیدەخات. ئەو سوبێکتە ئیتر تەنیا نییە، [سوبێکت] ئیتر ئاگاییەکی بەتەواوەتی یا بۆ-خود-بوونێکی(being for itself) پەتی نییە. سوبێکت لەنێو ئاگایی ئەوانی تردایە، کە بەهەمان ڕێگەدا هەر یەک لەوان خاوەنی بارودۆخێکن. سوبێکت بۆ ئەوانی ترە، بەو هۆیەوە سوبێکت لەبەردەم ئۆبێکتبوونی واقیعدا دەگۆڕێت بۆ سوبێکتێکی جۆری. لەو ڕووەوە لەدوای هیگڵەوە بۆ یەکەمینجار فەلسەفەی خەباتگێڕ(militant) لەبری سوبێکتیڤیتە بیر لە نێو سوبێکتیڤیتە[intersubjectivity] دەکاتەوە. هۆسرێل ڕایگەیاند سوبێکتیڤیتەی ترانسدێنتاڵ، نێوسوبێکتیڤیتەیە. لەوەبەدوا ئیتر مرۆڤ لە پێگەی بەرهەمێکی جیهانی دەوروبەر یان یاسادانەری ڕەها بەدیارناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی بەرهەم-بەرهەمهێنەر بەدیاردەکەوێت، پێگەیەک کە ناچارانە دەتوانێت بگۆڕێت بۆ ئازادیی کۆنکرێتی.

سەرچاوە:

مارکسیسم و فلسفه (سایت: www.radiozamaneh.com)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی
لەسەر کتێبی «مارکس وەکو فەیلەسووف»

نووسین: هاوڕێ عەبدوڵا، زەردەشت نورەدین

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

نووسینی باش لەسەر فەیلەسووف و بیریار یان فەلسەفە و هزر کە نووسەرەکانیان کورد بێت و بە کوردی نووسرا بێت زۆر کەمە. هەر هەوڵێک لەمبارەوە جێگەی پێزانین و شایەنی خوێندنەوەیە، سەرەڕای هەر سەرنج و ڕەخنەیەک. لەبەرئەوەی بەر لە هەموو شت دەبێتە ئەزموونێکی بەردەست لەهەمبەر دەرگیربوونی زمانی کوردی لەگەڵ فەلسەفە و هزردا؛ توانست، سنورداریێتی، دوورونزیکی زمانی کوردی بە شێوەی هزرینی ئەبستراکت و فەلسەفی تا ئاستێک بەدیاردەخات. دواتر دەرگیری ناواخنە کەلتوری و مەعریفییەکانمان بەگوێرەی جۆری بیریار و فەیلەسووف دەبێت کە بەشێوەی جیاواز کاریگەری و لێکەوتە دەخەنەوە. هەر فەیلەسووف و بیریارێک بەدەر لە سیاقەکەی خۆی، لە سیاقی ئێمەدا پۆتانی تایبەت و جیاوازی دەبێت.

لێرەدا بەدیاریکراوی بابەتەکە لەسەر مارکسە؛ ئەوەش ڕوونە کە مارکس لە هەر فەیلەسووف و بیریارێکی تر زیاتر لەناو سیاسەت و ڕۆشنبیریی کوردیدا ناوی زڕاوە بەزۆر هۆکار کە لێرەدا ناخرێنەڕوو. قسەکردن لەسەر مارکس هەم لەناو نەیارانی و هەم لەناو یارانی هەردەم مشتومڕئامێز بووە. لە سیاقی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەدەگمەن موناقەشەی جۆراوجۆری جیدی یان شایەنی خوێندنەوە لەسەر ئایدیاکانی مارکس لەناو مارکسیستەکان، نامارکسیستەکان و دژەمارکسیستەکان ڕوویداوە؛ زیاتر ئەوەی هەبووە یان بەرگریی ڕیتۆریکی بووە لەلایەن یارانەوە یان هێرشی ئایدۆلۆژی بووە لەلایەن نەیارانەوە.

بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هاوشێوەدا، هەم مارکسیستەکان[١] و هەم نامارکسیستەکان هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر پەیوەندیی فەلسەفە و مارکسیزم مسۆگەرانە خستۆتەڕوو؛ مارکسیستەکان بەتەوسەوە تەماشای فەلسەفەیان بەگشتی دەکرد، فەلسەفەی (ئایدیالیزم)

١: لێرەدا مەبەست لە مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و مارکسیزمی فەرمی سەدەی بیستە کە سۆڤییەت نوێنەرایەتی دەکرد.

بۆرژوازییان بە ئایدۆلۆژیای چینی باڵادەست لەقەڵەمدەدا و دواجار ماتریالیزمی دیالەکتیکییان بە فەلسەفەی زانستی ئەژمار دەکرد؛ واتە فەلسەفەیان وەکو فەلسەفە قەبووڵ نەبوو، بەڵکو دەیانویست لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بە کرداری ببەستنەوە و فەلسەفە کرداری بکەنەوە. لەبەرانبەردا نامارکسیستەکان، پێیان وانەبوو کە مارکس فەلسەفەیەکی نوێی داهێنابێت و مارکسیزم فەلسەفە بێت؛ لەباشترین حاڵەتدا مارکسیان بە هیگڵییەکی چەپی تاڕادەیک جیاواز ئەژمار دەکرد و لە خراپترین حاڵەتیشدا بە ئایدۆلۆژیستیان دادەنا. لەپەیوەند بەمەوە ئەوەش ڕوونە لەناو دەقەکانی مارکسدا دەشێت چەشنێک لە تیۆری ئابووری یان سیاسی دەربهێنرێت؛ بەڵام ئەم کارە بۆ فەلسەفە زۆر ئەستەمە. هەر بۆیەش ئاسانتر بوو مارکس بخزێنرێتە ناو پانتایی سیاسەت یان ئابوورییەوە، تاوەکو فەلسەفە. لەم سۆنگەوە باشتر لەوە تێدەگەین بۆ لە کوردستان شتێکی ئەوتۆ لەسەر پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و مارکسیزم لەسەر دەستی مارکسیستەکان و نامارکسیستەکان بەرهەمنەهاتووە.

ئەمێستا لە شوێنی خۆیەتی ئاماژە بە کتێبی «مارکس وەکو فەیلەسووف» لە نووسینی محەمەد کەمال بدەین کە بەم دواییانە بڵاوبۆتەوە و جێگای پێزانین و شایەنی خوێندنەوەیە. بەم بۆنەوە پاش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە چەند سەرنجێک لەسەر کتێبەکە دەخەینەڕوو و پێمانخۆش دەبێت کە کتێبەکە زیاتر بخوێنرێتەوە و قسە و نووسینی تر بەشوێن خۆیدا بهێنێت.

هەرچەندە ئەمە تەوەری سەرەکیی باسەکە نییە بەڵام باسکردنی ئەمە ڕەنگە بەرچاوڕوونی باشتر لەمەڕ بابەتەکە بدات؛ محەمەد کەمال بەمجۆرە باس لە گەورەیی مارکس یان دەقیقتر بەشداریی مارکس لەناو هزری ڕزگاریدا دەکات: «گەورەیی مارکس لەوەدا نییە ئەم بیریارە چەند پەرتووکێکی سەبارەت بە فەلسەفە نووسیوە، بەڵکو لە کاردانەوەی بیرکردنەوەی و ڕاڤەکردنی ئابووری و ڕامیاریدایە کە پێشبینی دامەزراندنی

کۆمەڵگایەکی کردووە مرۆڤ تێیدا پێداویستییەکانی ژیانی مسۆگەر دەکات. لەم سەرەتایەوە مارکس وەکو فەیلەسووفیکی مرۆڤدۆست دەبینین و ڕزگارکردنی مرۆڤ لەنێو سیستەمی بیرکردنەوەیدا دەبێت بە مەبەستی سەرەکی.»[ل٧]. لە ڕاستیدا نە خودی مارکس[٢]، نە مارکسیستەکان و نە مارکسناسان یان لێکۆڵەرانی هزری مارکس، گرنگی مارکس لەوەدا نابیننەوە کە مارکس «پێشبینی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کردووە مرۆڤ تێیدا پێداویستییەکانی ژیانی مسۆگەر دەکات». لەبەرئەوەی ئەم پێشبینی کردنە بەدەر لە هزری ڕزگاریی کلاسیک و مۆدێرن لەناو ئوستورە و ئاینەکاندا باسکراوە، ئەمە جگە لەوەی لەناو ڕەوتە جیاوازە سۆسیالیستییەکانی سەردەمی خودی مارکس هاتۆتەبەرباس. ئەوەی لە هزری مارکسدا گرنگە بریتییە لە «ڕەخنەی ئابووریی سیاسی». لەم سۆنگەوە باشترین بەرهەم بۆ ئەوەی گەورەیی یان بەشداریی مارکسی تێدا ببینین بریتییە لە کتێبی سەرمایە: ئەوەی کە کتێبی سەرمایە یان خودی مارکس تیۆری ئابووری دەخاتەڕوو؛ پرسێکی ئێجگار موناقەشەهەڵگرە؛ یەکەم، لەبەرئەوەی مارکس خۆی ڕەخنەی ئابووریی سیاسی یان ڕەخنەی خودی ئەو بوارە(یان زانستە) دەکات کە پێی دەوترێت «ئابووری»؛ واتە ڕەخنەی ئابووری دەکات. ئەمەش وادەکات قسەکردن لە ئابووریی مارکسی، ئابووریی سیاسیی مارکسی یان ئەو بانگەشەیەی کە «مارکس، تیۆری ئابووری دەخاتەڕوو» پارادۆکسیکاڵ بێت.

دووەم، ئەگەر ڕەخنەکانی مارکس لە ئابووریی سیاسی و ئابووری، بە تووناتوونێک بچوێنین؛ ئەوا هەرکەسێک بچێتەناو تووناتوونەکەوە و — ئەگەر — لەوسەرەوە دەرچێت؛ بۆ ئەو، ئیدی ئابووری، «ئابووری» نییە و ئەوەی پێی دەوترێت ئابووریی سیاسی هەرەس دەهێنێت. لەم حاڵەتەدا ئەو شتەی زۆرترین ئەگەری سەرلێشێواندن دەهێنێتەئاراوە؛ خودی

٢: مارکس لە نامە بەناوبانگەکەیدا لە ساڵی ١٨٥٢ بۆ وێدمارێر دەستکەوتە تیۆرییەکانی دەخاتەڕوو.

«ئابووری» نییە وەک بوارێک یان زانستێک – لەبەرئەوەی پێشوەختە لە ڕێگەی ڕەخنەکانییەوە، سنورەکانی کێشراون – بەڵکو ئەو چەمکانەیە کە لەناو ئەو بوارەدا بەرهەمهاتووە و مارکسیش کاریان پێدەکات. تەنگژەکە لەپەیوەند بەم بابەتەوە لێرەدا دروستدەبێت؛ خودی چەمکەکان لە نیگای یەکەمدا، یان لە مانا فەرهەنگییەکەیاندا هەمان شتن بەڵام لەبەکارهێنانەکانی مارکس‌دا ناواخنی نوێ، پانتایی نوێ و ئیمکانی نوێ دەچێتەسەریان و هاوکات کۆمەڵێ ڕەگەزیان لێدادەشکێنێت. ئەم پرۆسەی لێداشکاندن و خستنەسەرەی چەمکەکان لەلایەن مارکسەوە کە هێدی هێدی و ئاست بە ئاست دەڕواتەپێشێ، سەرلەبەری داڕشتەکردنی ئابووریی سیاسی و خودی ئابووری – کە لەوسەری تووناتوونەکەوە هاتینەدەرەوە – بە کرۆکی چەمکەکانیشەوە کە پێشتر هەیانبووە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوەی لەدوای ئەم پرۆسەیەوە دروستدەبێتەوە موناقەشەهەڵگرە ناوی بنێین «تیۆری ئابووری»، لەبەرئەوەی ئابووری یان ئابووریی سیاسی پێشتر هەبوو و دوای مارکسیش هەبووە و هەیە. بەنەتیجە زیاتر توشی ئیشکالییەت دەبین؛ ئەگەر بێت و باس لە ئابووریی مارکسی یان ئابووریی سیاسیی مارکسی بکەین. لە کارەکانی خودی مارکس‌دا دەشێت باس لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسی بکرێت کە ناونیشانی دووەمی کتێبی سەرمایەشە. دواجار ڕەنگە بۆ ڕوونکردنەوە یان باسکردنی بابەتێک لەپەیوەند بە مارکس و مارکسیزمەوە؛ دەستەواژەی وەک «ئابووریی مارکسی» یان «ئابووریی سیاسیی مارکسی» بەکاربهێنرێت یان ئینتیما لەناو مارکسیزم‌دا هەبێت – کە هەیە وەکو قوتابخانەی ژاپۆنی مارکسیستی «کۆزۆ ئۆنۆ» کە یەکێکە لە قوتابخانە هاوچەرخە دیارەکانی خوێندنەوەی سەرمایە یان مارکس) – داکۆکییان لێ بکات، بەڵام دەقیق نین. کەواتە دەستکەوتی تیۆری مارکس بریتییە لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسی. هەربۆیەش «بەبێ ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی مارکسی و مارکسیستی، شیکردنەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکەی

مەحاڵە؛ بەبێ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی، ڕەخنەی فتیشیزمی بۆرژوازی، ڕەخنەی ئەبستراکتە سەرپێکەوتووەکان و ڕەخنەی میکانیزمی سیاسیی زاڵێتیی سەرمایە و پەیوەندییەکانی سەرمایە نامومکینە؛ بەبێ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی، ڕەوایەتیی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دژەزاڵێتی و دژەچەوساندنەوە، جودا لە عەدالەتخوازیی ئەخلاقی و یۆتۆپی لەسەر بنەمای قووڵ و پتەو بەند نییە؛ بەبێ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی، ئۆبێکتیڤیتەی ئەو ڕوانگەیەی کە لە گۆشەنیگای پرۆلیتاریاوە دەڕوانێت و لەوێوە ڕۆڵە یەکلاکەرەوە و حاشاهەڵنەگرەکەی لە ئاوەژووکردنەوەی کۆپەیوەندیی سەرمایەداری دەبینێت نامومکینە. بەبێ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی پشتبەستن بە ئۆبێکتیڤیتەی پتەوی شیکردنەوەی واقیع، پێدراوەکان، پانتایی هەبوون و هاوکات نکۆڵیکردن لە حەتمییەتگەرایی، مێژووگەرایی، خۆکاریی وەرچەرخان مەحاڵە. لەم پنتەوە توانستی داهێنەرانە و بیناکەری مرۆڤ لە پانتایی بەردەوامی، لە وەرچەرخانی مێژوویی نامومکینە.»[٣]

خاڵێکی تر کە شوێنی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە محەمەد کەمال کاتێک باسی نامۆبوون دەکات لای مارکس، دەکەوێتە نێو گرفت و پارادۆکسەوە. ئەمە جگەلەوەی پرۆسەی نامۆبوون لەلای مارکس بەدەقیقی بەوجۆرە نییە. ئەوەی لێرەدا لەسەری دەوەستین پارادۆکسیکاڵ بوونی ئەرگومێنتەکەی خودی محەمەد کەمالە لەسەر نامۆبوون، بەدەر لەوەی مارکسییە یان نا. دەڵێت: «هیگڵ و مارکس لەسەر ئەو خاڵە هاوڕان کە نامۆبوونی مرۆڤ دابڕانە لە جەوهەری، چونکە ئەو جیهانەی دروستی دەکات لە بوونی ئەو جیا دەبێتەوە»[ل٥٢]. بۆ ئەوەی گرفتەکە ڕوونتر بێتەوە دەربڕینی تر لە کتێبەکەوە وەردەگرین. «جەوهەری مرۆڤ، کە بەرهەمی کارکردنیەتی، بووە بە بابەتێکی دەرەکیی نامۆ و دژوەستاو بەرانبەر بەرهەمهێنەرەکەی. کەوابوو، ڕزگارکردنی مرۆڤ و مسۆگەرکردنی سەربەستی، لە

٣: معادلات و تناقضات پراکسیس گفت‌وگوی پروبلماتیکا با کمال خسروی (بخش دوم) (سایت: www.problematicaa.com)

نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕوو نادەن. تاکو سەرمایەداری بمێنێتەوە و سەقامگیر بێت، مرۆڤی بە «وەسیلە»کراو بە نامۆیی دەژی و ناتوانێت ببێت بە خاوەنی جەوهەری خۆی»[ل١٤٧]. لێرەدا بەو لۆژیکەی محەمەد کەمال پارادۆکسەکە ڕوون دەکەینەوە کە خۆی کاری پێ دەکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت نامۆبوونی مرۆڤ دەرەنجامی دابڕانە لە جەوهەر، جەوهەریش بەرهەمی کارکردنی مرۆڤە. کەواتە مرۆڤ جەوهەری خۆی لە ڕێگەی کارکردنەوە دروستدەکات، ئەوەی کار نەکات، یان جەوهەری نییە، یان جەوهەرێکی نامۆبووی هەیە. بەو لۆژیکە، چینی کرێکار چینێکە لە جەوهەری خۆی نامۆبووە، جەوهەری خۆشی کە بەرهەمی کارکردنەکەیەتی، لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە داگیرکراوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە لای محەمەد کەمال مادام چینی کرێکار لە جەوهەری خۆی نامۆبووە، کەواتە بوونی داگیرکراوە و سەربەسەت نییە. گەر بەو لۆژیکە باسی نامۆبوون بکرێت کە دابڕانە لە جەوهەر، و جەوهەریش بەرهەمی کارکردنی مرۆڤە، کەواتە دەبێت چینی سەرمایەدارش جەوهەرێکی نامۆبووی هەبێت، چونکە چینێکە لە ڕێگەی کارەوە جەوهەری خۆی دروست ناکات، و هیچ بەرهەمێکی نییە تا جەوهەری خۆی لێوە بەدەست بێنێت. چینی سەرمایەدار لەسەر بەرهەمی کاری ئەوی تری چینی کرێکار دەژێت، و لە ڕێگەی بەرهەمی کاری چینی کرێکارەوە جەوهەری خۆی دروستدەکات، و بەرجەستەی دەکات. کەواتە بەو لۆژیکە بێت، دەبێت بوونی چینی سەرمایەدارش بوونێکی لەخۆنامۆ بێت. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە لای محەمەد کەمال: «نەک(خۆی)ی خاوەن سەرمایە، بەڵکو (خۆی) ی بەرهەمهێنەر، تووشی نامۆیی دەبێت و هۆکاری بنەڕەتیی نامۆییەکە سەرهەڵدانی داگیرکردنی بەرهەمی بەرهەمهێنەرە لەلایەن خاوەن سەرمایەوە.»[ل١٤٠] گەر چینی کرێکار بەهۆی نامۆبوونەوە سەربەستیی خۆی لەدەستدابێت، ئەوە دەبێت چینی سەرمایەدارش سەربەست نەبێت، لەبەرئەوەی چینی سەرمایەدارش خاوەنی جەوهەرێکی نامۆبووە. بەڵام محەمەد

کەمال دەڵێت: «مرۆڤی بە «وەسیلە»کراو بە نامۆیی دەژی و ناتوانێت ببێت بە خاوەنی جەوهەری خۆی. ئەو سەربەستییەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بانگەشەی بۆ دەکات، نارەسەنانەیە و بۆ دەستەیەک لە مرۆڤەکانە کە تاکەکانی دیکەیان لە بوونی ڕاستەقینەیان نامۆ کردووە و سەربەستییەکەیان ڕەتداوەتەوە»[ل١٤٧]. بەپێی ئەو لۆژیکە بێت کە محەمەد کەمال دیاردەی نامۆبوونی لای مارکس پێ خوێندەوە، دەبوو بەو دەرەنجامە بگەشتایە کە هەردوو چینی کرێکار و سەرمایەدار جەوهەرەکەیان نامۆبووە، و بوونیانش سەربەستانە نییە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە محەمەد کەمال بەو دەگات ئەوە تەنیا چینی کرێکارە لەخۆی نامۆبووە و بوونێکی سەربەستانەی نییە.

محەمەد کەمال لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا، باسی داگیرکردنی بەرهەمی بەرهەمهێنەر دەکات لەلایەن خاوەن سەرمایەوە، ئەم داگیرکردنە بەلای ئەوەوە خەسڵەتی سەرەکی سەرمایەدارییە. لەڕووی ڕەخنەی ئابووریی سیاسییەوە، داگیرکردنی بەرهەمی بەرهەمهێنەر یان چینی کرێکار، گرفتئامێزە. مارکس لە «کتێبی کاری کرێگرتە و سەرمایە»دا، دەڵێت: «ئایە کرێکارێک لە کارگەیەکی لۆکەدا هەر قوماشی لۆکە بەرهەم دەهێنێت؟ نەخێر، ئەو سەرمایە بەرهەم دەهێنێت. ئەو بەها بەرهەم دەهێنێت، بەهایش سەرلەنوێ زاڵ دەبێتەوە بەسەر کارەکەی ئەودا، تا سەرلەنوێ بەهای پێ بەرهەم بهێنێتەوە»[ل٦٢][٤]. ئەنگڵسش لە پێشەکی هەمان کتێبدا دەڵێت: «هێزی کار، یەکەی هێزی دروستکاری بەهایە، سەرچاوەی بەهایە، زیاتر لەوەش، سەرچاوەی بەهایەکی زیاترە لەو بەهایەی خۆی پێ بەرهەم دەهێنێتەوە». ئەوەی خاوەن سەرمایە، یان سەرمایەدار، داگیری دەکات، بەرهەمی بەرهەمهێنەر نییە، بەڵکوی ئەو بەهایەیە کە بەهۆی هێزی کاری کرێکارەوە بەرهەمدێت. لە بەرامبەر ئەو بەهایەی کە کرێکار بەرهەمی دەهێنێت، کرێیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، کە ئەوەش

٤: کاری کرێگرتە و سەرمایە، کارل مارکس؛ وەرگێڕان: ئەنوەر نەجمەدین

هاوتای ئەو بەهایە نییە کە خۆی بەرهەمی دەهێنێت. بەهۆی زیادەبەهای هێزی کاری کرێکاریشەوەیە، سەرمایەدار دەبێتە خاوەنی سەرمایە، و سەرمایە کەڵەکە دەکات. واتا ئەوەی سەرمایەدار کەڵەکەی دەکات بەرهەم نییە، سەرمایەیە.

شتێکی تر کە جێی سەرنجە؛ بۆ محەمەد کەمال ئەوە نابێتە پرسیار ئایا مارکس فەلسەفەی هەیە یان نا؟ فەلسەفەی نووسیوە یان نا؟ ئاخۆ دەکرێت مارکس فەیلەسووف بێت یان نا؟ ئەگەر هەرکام لەوانە ڕاستە دەربارەی بە چ مانایەک و لەسەر کام بەڵگانە. محەمەد کەمال ئەمانە وەک پێشگریمانە وەردەگرێت و لەوێوە دەستپێدەکات کە مارکس فەیلەسووفە و فەلسەفەشی نووسیوە؛ هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات کە مارکس چەندین کتێبی لەسەر فەلسەفە نووسیوە؛ هەروەها ئەوەش دەڵێت مارکس فەیلەسووفە و تا ئەو شوێنەش دەڕوات کە بڵێت مارکس فەیلەسووفێکی مرۆڤدۆستە(هیومانیست). تەنانەت زیاتر دەڕوات و دەڵێت: ماتریالیزم، میتۆدی دیالەکتیکی و ئابووری-ڕامیاری بنەماکانی فەلسەفەی مارکسن.

محەمەد کەمال بەمجۆرە باس لە ڕۆڵی مرۆڤ لە مێژوودا لە ڕوانگەی مارکسەوە دەکات کە تەواو نامارکسییە: «**مێژوو داستانی مرۆڤە و مرۆڤ خودی ئەو داستانە دەنووسێت**، ئەوەی بە مێژوو دادەنرێت سروشتی داهێنراوی بوونی مرۆڤە، نەک جوڵانێکی ماتریالیستانەی ناچارەکی، مادام مرۆڤ ئاگامەندە و ئاگامانەدانە هەیە، **مێژوو بەرهەمی ئاگامەندییە** و پرۆسەی بەرجەستەبوونی مرۆڤە»[ل٥١]. لەبەرانبەر ئەم تێگەیشتنەدا مارکس خۆی بەمجۆرە باس لە ڕۆڵی مرۆڤ لە مێژوودا دەکات: «مرۆڤەکان مێژووی خۆیان دروستدەکەن، بەڵام نەک بەوشێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت یان لەو هەلومەرجەی کە خۆیان هەڵیانبژاردبێت. بەڵکو لەو هەلومەرجە پێدراوەدا کە میراتی ڕابردووە دروستی دەکەن و خودی مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ سەروکاریان لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا هەیە...»[٥].

٥:The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte. Karl Marx ١٨٥٢

لەڕوانگەی مارکسەوە بە دەربڕینی محەمەد کەماڵ ئەگەر مێژوو داستانی مرۆڤ بێت و مرۆڤ خۆی ئەو داستانە بنووسێت ئەوا بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت یان لەو هەلومەرجەی کە خۆی هەڵیبژاردبێت ئەو داستانە نانووسێتەوە؛ بەڵکو لەناو مەرجداریێتیی بەرهەمهێنان و دیسانبەرهەمهێنانەوەی ژیاندا بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی/مێژوویی دەینووسێتەوە؛ لەم سۆنگەوە مێژوو نابێتە بەرهەمی ئاگامەندی بەڵکو خودی ئاگامەندی دەبێتە بەرهەمێکی مێژوویی دیاریکراو.

هەروەها شایەنی باسە ئاماژە بەوە بدەین کە تێگەیشتی محەمەد کەمال بەتۆخی بۆ خویندنەوەی مارکس بە ڕادەیەکی زۆر هیگڵییە، لەوەی کە پنتی جەوهەری لە ڕاڤەکەیدا ئاگامەندی و مرۆڤە لە جیاتی ئەوەی پراکتیک و مرۆڤایەتیی کۆمەڵایەتی/ مێژوویی بێت. دیارە لێرەدا مەبەست لە خودی هیگڵیانیزم وەک خۆی نییە بەڵکو ئەوجۆرە لە هیگڵیزمە کە لەناو مارکسیزمدا هەیە؛ واتە مارکسیزمی هیگڵی. ئەم ڕوانگەیە بەسەر کۆی لێکدانەوەکەیدا باڵدەکێشێت و دەیخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە.

کێشەی سەرەکیی ڕاڤە فەلسەفییەکی محەمەد کەمال بۆ مارکس، ئەوەیە کە خودی مارکس دەخاتەوە ناو «ماتریالیزمی کۆن»ـەوە و لەو ڕوانگەوە ڕاڤەی دەکات؛ هێشتا لە لای محەمەد کەمال هەمان دابەشکاریی کلاسیکیی نێوان ئایدیالیزم وماتریالیزم بەو ڕادە وشکوبرینگە، بەتۆخی لەگۆڕێیە کە پێش مارکس لەئارادابووە. ئەم تێڕوانینە دیاریکراوە بۆ ئایدیالیزم و ماتریالیزم کە بەشێکە لە مێژووی فەلسەفە، خۆی لە خۆیدا کێشە نییە؛ بەڵام لەکارپێکردنەکانیدا بۆ ئەو بیریار و فەیلەسووفانەی کە خۆیان ئەوەیان تێپەڕاندووە بەدحاڵیبوون دەخاتەوە. لەپەیوەند بە خودی مارکس ئەم دابەشکارییە بەو فۆرمەی کە هەبووە هەڵدەوەشێتەوە و هەر جۆرە لێکدانەوەیەک بەو ئاڕاستەدا بۆ مارکس ڕەنگە لە هەر شوێنێکەوە سەردەربێنێت جگە لە خودی مارکس. دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کە هەر

لەناو خودی مارکسیزمدا، دەستگرتن بە ماتریالیزمی کۆنەوە دەمێنێت – هەر لە خودی ئەنگلسەوە دەستپێدەکات – پاش مارکس دەبێتە ئینتیمای زاڵی ناو مارکسیزم و لەناو مارکسیزم–لینینیزمدا دەبێتە ڕوانگەی فەرمی: ماتریالیزمی دیالەکتیکی.

ئەوەی مارکس پێی‌دەڵێت «ماتریالیزمی کۆن» یەک چەشنی ماتریالیزم نییە، بەڵکو کۆی ماتریالیزمەکانی پێش خۆیەتی بە ماتریالیزمی فۆیەرباخیشەوە کە لەسەردەمی ئەودا نوێترینیان بووە. بەڵام لەدوای مارکسەوە تا ئێستا چەندین جۆری ماتریالیزمی تر ڕسکاوە، هەر بۆیەش لە ئێستادا باسکردن لە ماتریالیزمی نوێ بۆ ماتریالیزمی مارکس هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە؛ لەبەرئەوەی ئێستا دەیان جۆر ماتریالیزمی نوێ لەناو دیسپلینە جیاوازەکاندا لەئارادایە. ئەمە جگەلەوەی لەناو مارکسیزمدا ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی دوو شاچەمک و میتۆدی بوون و هەن.

مارکس لە تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ، لە تێزی دەیەمدا بۆ جیاکردنەوەی تێگەیشتنی خۆی لە تێگەیشتنەکانی تر لەمەڕ ماتریالیزم باس لە ماتریالیزمی نوێ لەبەرانبەر ماتریالیزمی کۆن دەکات؛ محەمەد کەمال لە کتێبی «مارکس وەکو فەیلەسووف» ماتریالیزمی مارکس بە ماتریالیزمی نوێ ناودێر دەکات. ئەگەر لە کێشەسازی بوونی ناوەکە(ماتریالیزمی نوێ) بۆ ئەم سەردەمە تێپەڕین ئەوا دەبێت بزانین کە ماتریالیزمی نوێ وەک ناواخنی چەمکی چییە، سەرەتا بزانین محەمەد کەمال چۆنی شەرحی دەکات و دواتر باس لەوەی مارکس دەکەین.

بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە سەرەتا چەند دەربڕینێک لە کتێبی «مارکس وەکوو فەیلەسوف»ی محەمەد کەمال لەمەڕ ماتریالیزمی نوێ وەردەگرین و دواتر دەپەڕژێینە سەر شرۆڤەکردنی بەمجۆرەی لای خوارەوە:

١–«مارکس ماتەر نەک (هۆشی ڕەها) دەکات بە بنەڕەتێکی

میتافیزیکی. ئەوەی هەیە ماتەر و وزەی ماتەرە. ئەم داکۆکیکردنە مارکس دەکات بە فەیلەسووفێکی ماتریالیست».[ل١٨٤].

٢- «ماتریالیزمی مارکس لەسەر ئەو بنەمایەی بایەخ بە بوونی مرۆڤ دەدات نویێ و جیاوازە»[ل٨٦].

٣- «خەسڵەتەکانی ئەم ماتریالیزمە نوێیە لە دوو خاڵدا کۆ دەبنەوە: یەکەم بایەخدانی بە بوونی مرۆڤ و جیاکردنەوەی لە هەبووە ماتەرییەکانی دیکە. دووەم بەرنامەی کارکردن بۆ گۆڕینی مێژوو. خاڵی یەکەم مارکس دەخاتە ڕیزی فەیلەسووفە ماتریالیستە کلاسیکەکانەوە و جیاوازی و تایبەتمەندێتیی دیاری ناکات... بۆ جەختکردن لەسەر جیاوزی و تایبەتمەندێتیی دەبێت بۆ خاڵی دووەم (بەرنامەی کارکردن بۆ گۆڕینی مێژوو) بگەڕێینەوە، کە فەلسەفەی مارکس لە هەمانکاتدا دەکات بە ماتریالیزمێکی نوێی مرۆڤدۆستانە و لەوێوە تێگەیشتنی ماتریالیستانەی مارکس لە مێژوو دەردەکەوێت.»[ل١٨٤].

٤- «مێژوو گۆڕانێکی ئاگامەندانەی مەبەستدارە، بەڵام ئەو ئاگامەندی و مەبەستەی لە مێژوودا هەن وابەستەن بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە»[ل٨٦].

لە ڕوانگەی محەمەد کەمالەوە دەربڕینی (١) وەکو هەموو فەیلەسووفە ماتریالیستەکانی تر مارکس دەکات بە فەیلەسووفی ماتریالیست. پێیوایە لە دەربڕینی (٢)دا ماتریالیزمی مارکس دەبێت بە نوێ و جیاواز. لە دەربڕینی (٣)دا کاتێک خەسڵەتەکانی ماتریالیزمە نوێکەی مارکس دەبژێرێت خاڵی یەکەمی بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەربڕینی (٢) کە تێیدا ماتریالیزمی مارکس دەبێت بە نوێ و جیاواز، بەڵام لە درێژەی ئەو دەربڕینەدا ناکۆک بەخۆی دەڵێت: «خاڵی یەکەم مارکس دەخاتە ڕیزی فەیلەسووفە ماتریالیستە کلاسیکەکانەوە و جیاوازی و تایبەتمەندێتیی دیاری ناکات» و خاڵی دووەمی دەربڕینی (٣) بریتییە لە بەرنامەی کارکردن بۆ گۆڕینی مێژوو ئەو جیاوازی

و تایبەتمەندییە دیاری دەکات. ئەگەر ئەم دژگۆییەی بخەینەلاوە، ئەوا دەبێت لەسەر ئەوە ڕاوەستین کە ئایا «بەرنامەی کارکردن بۆ مێژوو» ماتریالیزمی مارکس دەکاتە ماتریالیزمی نوێ لە ڕوانگەی خودی مارکسەوە؟

مارکس لە «تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ» بەڕاشکاوی لەسەر کۆی تێگەیشتنی پێشخۆی لەسەر ماتریالیزم و تێگەیشتنی خۆی بۆ ماتریالیزم وەستاوە و دەتوانین لە تێزەکانەوە نادەقیقی لێکدانەوەکەی محەمەد کەمال بۆ ماتریالیزمی مارکس بخەینەڕوو. لە تێزی یەکەمدا دەڵێت: «کەموکووڕیی سەرەکیی هەموو ماتریالیزمەکانی ڕابردوو تا ئێستا - بە ماتریالیزمی فۆیەرباخیشەوە - ئەوەیە کە، شت، واقیع و هەستەکێتی، تەنیا لە فۆرمی ئۆبێکت یان ڕوانیندا فەهمدەکەن، بەڵام نەک وەکو چالاکیی هەستەکیی مرۆڤ، پراکتیک، نەک بەشێوەیەکی سوبێکتیڤ. لەم سۆنگەوە بەپێچەوانەی ماتریالیزمەوە، ئایدیالیزم گەشەی بەلایەنی چالاک دا، بێگومان بەشێوەیەکی ئەبستراکت، لەبەرئەوەی ئایدیالیزم چالاکیی هەستەکی و واقیعی بەوشێوەی کە هەیە ناناسێت. فۆیەرباخ بە فیعلی ئۆبێکتە هەستەکییەکانی بەجیا لە ئۆبێکتەکانی هزر دەوێت، بەڵام خودی چالاکیی مرۆیی بە چالاکی ئۆبێکتیڤ فەهمناکات. لەم پنتەوە لە [کتێبی] «جەوهەری مەسیحیەت»دا سۆنگەی تیۆری بە تاکە سۆنگەی ڕەسەنی مرۆیی ئەژماردەکات، لەکاتێکدا پراکتیک تەنیا لە فۆرمە یەهودییە قێزەوەنەکەیدا، جێگیر و فەهمدەکات. لێرەوەیە لە بایەخی شۆڕشگێڕێتیی چالاکیی «پراکتیکی-رەخنەیی» تێناگات». لەم تێزەدا مارکس بنەڕەتییانە ماتریالیزمی فەلسەفی تێدەپەڕێنێت کە خاڵی هاوبەشی هەموویان کەموکووڕییە سەرەکییەکەیە و هەر ئەوەش دەیانکات بە ماتریالیزمی فەلسەفی. لەم پنتەوە دەشێت بڵێین ماتریالیزمەکانی پێش و پاش مارکس جیاوازە لە تێگەیشتنی مارکس بۆ ماتریالیزم. ئەگەرچی لە ئێستادا، جگە لە فەلسەفە، زانستیش ڕوانگەی تایبەتی بۆ ماتریالیزم هەیە و هەندێ جار بە فیزیکاڵیزمی

ناودەبەن کە ئەمانەش جۆراوجۆرن. دەتوانین بڵێین **ڕوانگەی مارکس بۆ ماتریالیزم نە فەلسەفییە و نە زانستییە**؛ واتە بە دەقیقی لە هیچکام لەو دیسپلینانەدا جێگەی نابێتەوە. لێرەدا لەسەر جۆرەکانی ماتریالیزمی زانستی یان ماتریالیزم لە زانستدا، ڕاناوەستین؛ لەبەرئەوەی ڕەبتی بە کتێبی «مارکس وەکو فەیلەسووف»ـەوە نییە.

ماتریالیزم لە فەلسەفەدا یان ماتریالیزمی فەلسەفی، هەر لەناو سنورەکانی دیسپلینی فەلسەفەدا لە «بوون وەکو بوون» بەگشتی دەکۆڵێتەوە؛ کە تێیدا بوون دابەش دەکات بۆ پانتایی سوبێکتیڤ و پانتایی ئۆبێکتیڤ. پاشان تەنیا مادە یان شت بە ئۆبێکتیڤ دادەنێت و دواجار پانتایی ئۆبێکتیڤ بە بنەڕەت و لەپێشتر دادەنێت بەسەر پانتایی سوبێکتیڤدا. لە ماتریالیزمدا دواجار سوبێکت(مرۆڤ) لەبەرانبەر ئۆبێکت (جیهان) – هەردووکیان چەمکی ئەبستراکت و نامێژوویین – قوتدەبێتەوە و دەرگیری ناسینی جیهان دەبێت؛ لەم ڕوانگەدا سوبێکت هەم ڕەنگدانەوەی ئۆبێکتە و هەم بۆشی کورتدەبێتەوە. لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ماتریالیزمی فەلسەفی ناتوانێت لە پراکتیک یان چالاکیی هەستەکی بەشێوەیەکی ئۆبێکتیڤ تێبگات و لەبەرانبەردا ئایدیالیزم گەشەی بە لایەنی چالاک و سوبێکتیڤ داوە بەڵام بەشێوەی ئەبستراکت و واقیع و چالاکیی هەستەکیی مرۆڤ بەوجۆرەی کە هەیە ناناسێت. لەم سۆنگەوە هیچ سەیر نابێت ئەگەر پێناسەی گشتیی ماتریالیزم کەمێک دەستکاری بکرێت بۆ ئایدیالیزمیش بگونجێت یان بە پێچەوانەوە. ئەمەش ئەوە باشتر ڕووندەکاتەوە کە هیگڵ بۆچی لەگەڵ ماتریالیزم کێشەی نەبوو و لینین پێی وابوو ئایدیای موتلەق لە هیگڵ بسەنیتەوە دەبێتە ماتریالیست: هەردووکیان ڕوانگەیان بۆ ماتریالیزم فەلسەفی بوو.

هەر کام لە ئایدیالیزم و ماتریالیزم بەدەوری کاتیگۆرییەکانی وەکو (ئاگایی، ڕۆح، زیهن، خودا، فۆرمەکان، مادە، هەستەکی، جەستە و ... هتد) سەرپێدەکەون: ئەوەی لەیەک جودایان دەکاتەوە

جیاوازیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکاڵیان لەگەڵ ئەو کاتیگۆرییانە یان لەمەش زیاتر، گۆڕینی کاتیگۆرییەکان نییە بەڵکو شێوازی چنینیان هەروەها کام دەستەیان پێش ئەویتریان دەکەوێت. هەرچی ماتریالیزمە ئۆبێکت(مادە، شت) پێش سوبێکت(ئاگایی، ڕۆح) دەخات و هەرچی ئایدیالیزمە پێچەوانەکەیەتی. ئەمە بۆ هەموو ماتریالیزمەکانی پێش مارکس ڕاستە. هەر بۆیەش چیدی بەو جۆرە فەلسەفییە لە ماتریالیزم ناڕوانێت.

ئەگەرچی مارکس ئەم ڕوانگە بۆ ماتریالیزم تێدەپەڕێنێت و ئەم کارەی لە تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ کردووە؛ «ئامانجی [تێزەکان] هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەوەیە کە لەڕێگەی دەستراگەیشتن بە ماتریالیزمێکی «نوێ» یان «پراکتیکی»ـیەوە، بەرانبەریەکڕاوەستانی تەقلیدیی نێوان «دوو کەمپ»ـی فەلسەفی تێپەڕێنێت: ئایدیالیزم(یا بەتۆخی هیگڵ)، کە هەموو واقیع دەهاوێتەوە ناو جیهانی ڕۆح یان زیهنەوە و ماتریالیزمی کۆن یان «ئەندێشەگەرا»، کە هەموو ئەبستراکتە هزرییەکان کورتدەکاتەوە بۆ هەستەکی، واتە [کورتیدەکاتەوە] بۆ ژیان، هەستکردن و سۆزەکان بەشێوەی ئەپیکۆرییەکان و شوێنکەوتە مۆدێرنەکانیان « وەکو: هۆبز، دیدرۆ، هێلڤیسیۆس و ...»[٦]، بەڵام دیارە ئەنگلس دەستبەرداری نەبووە و لە کتێبی لۆدویگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، بۆی دەگەڕێتەوە و لەوێدا تەواوی فەلسەفە بۆ دوو کەمپی ئایدیالیزم و ماتریالیزم دابەش دەکات و پێی وایە ئەوانەی مادە پێش ئایدیا دەخەن ماتریالیستن و ئەوانەی پێچەوانە دەکەن ئایدیالیستن. دواتر ئەم تێگەیشتنەی ئەنگلس لەڕێگەی مارکسیستە ڕووسییەکان دەبێتە ڕوانگەی زاڵی ناو مارکسیزمی فەرمی. ئەمە لەکاتێکدا بۆ خودی مارکس دوو کەمپی فەلسەفیی ماتریالیزم و ئایدیالیزم بە بنبەست گەیشتبوو و لەبەرچاویدا هەرەسی هێنابوو. داڕشتەکردنی گوزارەکان بەشێوەی فەلسەفی چ ماتریالیستی بێت یان ئایدیالیستی بۆ مارکس پڕ ئیشکالییەت و ناکۆکیی

٦: فەلسەفەی مارکس، نووسینی ئەتین بالیبار؛ وەرگێڕان: زەردەشت نورەدین

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

جیدی بوو كە لەناو خودی پانتایی فەلسەفەی پێشخۆیدا شیكار نەدەبوو. هەر بۆیەش بۆ ماركس ئەوە پرسەكە نەبوو مادە پێش ئاگایی دەكەوێت یان نا؟ واقیع بوونی هەیە نا؟ هەروەها پرسە فەلسەفییەكانی تریش.

لەم پنتەوە باشتر لەوە تێدەگەین كە بۆچی هاوشێوەی ئایدیالیستەكان، ماركس ڕەخنەی ماتریالیستەكانی پێشخۆی دەكرد و خۆی بە هاوكەمپی ئەوانیش نەدەزانی. ماركس دەیویست بەشێوەیەكی نافەلسەفی كێشەكانی فەلسەفە شیكار بكات؛ بالیبار وتەنی ماركس ڕەنگە گەورەترین دژەفەیلەسووفی مۆدێرن بێت نەوەك فەیلەسووف. دژەفەیلەسووف بەمانای ئەوە نایەت ڕقی لە فەلسەفە بێت یان وەك غەزالی فەلسەفە تەڕد بكات یا حوكمی ئەخلاقی بەسەر فەلسەفەدا بدات؛ بە هەموو شێوەیەك دووربوو لەوانە. كاتێك كە باس لە دژەفەلسەفی بوونی ماركس دەكەین، باش لەوە تێدەگەین كە سیاقی ئێمە خۆی چەند دژەفەلسەفەیە بەڵام دوو دژبوونی جیاواز. دژەفەلسەفەبوونی سیاقی ئێمە لە فلیستینیزمەوە(ڕەشۆكباوەڕی) سەرچاوە دەگرێت، كە هیچ نرخێك بۆ فەلسەفە، ستاتیكا و هزر دانانێت و بە سوك تەماشایان دەكات و بە لاقرتێوە وەلاوەیان دەنێت؛ هەبێت و نەبێت هیچ بۆی پرس نییە. بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی ماركس لەگەڵ فەلسەفە پارادۆكسیكاڵە و لەوپەڕی بایەخپێدانەوەیە؛ وەك ئیگڵتۆن دەڵێت لە دەرگاوە دەری دەكات و لە پەنجەرەوە دێتەوە ژوورەوە.

ڕەنگە وەك هەندێك لە ماركسیستەكان ئاماژەی پێدەدەن نزیكترین تێگەیشتن بۆ ڕوانگەی ماركس لەمەڕ ماتریالیزم بریتی بێت لە «ماتریالیزمی پراكتیكی» و پراكتیك كلیلی تێگەیشتن بێت لە كێشەكانی هەردوو كەمپەكەی فەلسەفە. لەپەیوەند بەمەوە ماركس لە تێزەكانی فۆیەرباخ ژمارە ٩ و ٨ بەمجۆرە لەسەر جەوهەریبوونی پراكتیك دەدوێت: «بەرزترین ئاستی ماتریالیزمی ڕوانەر، واتە ئەو ماتریالیزمەی كە هەستەكێتی وەكو چالاكیی پراكتیكی فەهمناكات؛ بریتییە لە ڕوانینی تاكە جوداكان لە كۆمەڵگای مەدەنیدا» و «ژیانی

کۆمەڵایەتی بەجەوهەر پراکتیکییە. چارەسەری عەقڵانی هەموو ئەو نهێنیانەی کە تیۆر بەرەو پەنهانگەرایی دەبەن، خۆی لە پراکتیکی مرۆیی و تێگەیشتن لەم پراکتیکەدا دەبینێتەوە». لەم سۆنگەوە قسەکردن لە فەلسەفەی پراکتیکی یان فەلسەفەی پراکسیس شتێکی ناجۆر دەبێت و خۆی لەناو ڕوانگەی مارکس نە بۆ پراکتیک و نە بۆ فەلسەفە نابینێتەوە و لەمبارەوە مارکس خۆی لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا بەمجۆرە دەدوێت: «چارەسەری ناکۆکییە تیۆرییەکان تەنیا بەڕێگەی پراکتیکی مومکینە، بەم پێیەش [چارەسەری ئەم ناکۆکییانە] بەهیچ جۆرێک ئەرکی زانست نییە، بەڵکو ئەرکی ژیانی واقیعییە[٧]؛ ئەو ڕێگەی کە فەلسەفە ناتوانێت ئاوەڵای بکات، لەبەرئەوەی فەلسەفە ئەرکی [چارەسەری ناکۆکییە تیۆرییەکان] تەنیا بە ئەرکی تیۆر دادەنێت». فەلسەفەی پراکسیس شتێکە لە پاش مارکسەوە دێتەناو مارکسیزمەوە و دەبێتە ئینتیمایەکی ناو مارکسیزم.

ئێستا کاتی هاتووە بەهۆی تێزەکانەوە باس لە ماتریالیزمی پراکتیکی بکەین و بۆ ئەم کارەش سەرەتا بە کورتی باسی پراکتیک بکەین. پراکتیک بەرکەوتنی چالاکانەی مرۆڤ(سوبێکت)ـە لەگەڵ واقیعدا کە جیاوازە لە بەرکەوتنی ئاژەڵانی تر بە ژینگە. پراکتیک لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە کۆمەڵایەتییە ئەوا تەنیا لەپەیوەند بە ئەوی ترەوە مانای هەیە. بەو پێیەی مرۆڤ خاوەنی زمانە ئەوا ئەم پەیوەندییە بەناو پانتایی ڕەمزیدا لەڕێگەی نیشانەوە لەگەڵ ئەوی تردا دەبەسترێت. پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەوی تردا، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروستدەکات و ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییانە بەگوێرەی فۆرماسیۆنە کۆمەڵگاییە جیاوازەکان دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانە مێژوومەندیان دەکات. لەم پێنتەوە پراکتیکی مرۆیی ئۆبێکتیڤە، هەروەها لەبەرئەوەی کۆمەڵایەتی-مێژووییە ئەوا مادیشە. ئەمە ئەو پێنتەیە کە ماتریالیزمی مارکس لێوەی دەڕسکێت. ئەمانەش

٧: actual life

وادەكات كە ماتریالیزمی ماركس لە بوون وەكو بوونەوە دەستپێنەكات؛ وەكو ماتریالیزمی فەلسەفی، بەڵكو لە مرۆڤی مێژوویی و كۆمەڵایەتییەوە دەستپێبكات و ئەمە بەمانای ئەوە دێت هەموو جۆرە بانگەشەیەكی میتافیزیكی یا ئۆنتۆلۆژی لەمەڕ هزری ماركس هەرەسدەهێنێت. پاشان ماركس خۆی لە تێزەكان دەربارەی فۆیەرباخ لە تێزی ژمارە نۆدا ئاماژەی پێدەدات؛ ڕوانگەی ماتریالیستی ئەو، ڕوانینی تاكە جوداكانی كۆمەڵگای مەدەنی نییە، بەڵكو پراكتیكە كۆمەڵایەتییە مێژووییە دیاریكراوەكانە؛ بۆیە ڕوانگەی جیاواز دەبێت لە فەیلەسووفە سروشتدۆست یان مرۆڤدۆستەكان.

دواجار لەوە تێدەگەین كە بەرنامەی كار بۆ گۆڕینی مێژوو خەسڵەتی جیاكەرەوەی ماتریالیزمی نوێی ماركس نییە، بەڵكو یەكێك لە دەرەنجامە ڕێتێچووەكانی ماتریالیزمەكەیەتی و لەم دەرەنجامە ڕێتێچووەوە ناتوانین جیاوازیی ماتریالیزمی ماركس لە ماتریالیزمەكانی پێشخۆی بكەین.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

مارکسیزم و ڕۆشنگەری

چاوپێکەوتن لەگەڵ میشێل لیڤی

وەرگێڕان: ڕێباز سابیر

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ئەم چاوپێكەوتنە بەبۆنەی ٢٠٠ ساڵ تێپەڕین بەسەر لەدایكبوونی ماركس‌دا، لەگەڵ میشێل لیڤی فەیلەسوف و كۆمەڵناسی فەرەنسی-بەڕازیلی ئەنجامدراوە و تێیدا كۆمەڵێ پرس دەخرێتە بەرباس، لەوانە: قەیرانی ماركسیزم، ڕاگەیاندنی مەرگی ماركسیزم بە هەزارانجار، پەیوەندی ماركسیزم بە پڕۆژەی ڕۆشنگەری و پڕۆژەی مۆدێرنیتەوە، كۆمۆنیزمی مۆدێرن و كۆمۆنیزمی ئینكایی ... و چەندین پرسی تر. ئەم چاوپێكەوتنە لە ٤ پرسیار پێكهاتووە كە ئێمە پرسیاری سێیەمان وەرنەگێڕاوە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە كۆیەتی باسەكەوە نەبوو و زیاتر لەسەر ڕەخنە و تێگەی خودی ڕۆمانتیک بوو لەناو كارەكانی میشێل لیڤی‌دا، بۆیە وەرگێڕانیمان بە پێویست نەزانی و بەجۆرێكیش لە جۆرەكان دووركەوتنەوە بوو لە كۆیەتی پرسەكان... ئەم چاوپێكەوتنە سەرەتا بە زمانی ئیسپانی ئەنجامدراوە و دواتر وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی؛ لەوە یەكەم‌دا ناونیشانەكەی بەمجۆرە بوو: «تەنیا ماركسیزم دەتوانێت ئەوە ڕوونكاتەوە كە چۆنچۆنی سەرمایەداری نائینسانییە» و لەوەی دووەمیاندا بەمجۆرەیە: «ماركسیزم بەشێكی جیانەبووە و بەردەوامی كەلتوری مۆدێرن پێكدەهێنێت». دواجار ئێمە، هیچكام لەو دوانەمان دانەنایەوە و ناونیشانی سێیەمان بۆ هەڵبژارد...

پرسیار: یەكەم پرسیارم پەیوەندی بە قەیرانی ماركسیزمەوە هەیە. ماركسیزم چەندەها جار، بەتایبەتی لە دەیەكانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ وەكو نەریتێكی مردوو وەلاوەنراوە. ئەكادیمییەكان و توێژی سیاسی بەخۆشحاڵییەوە مردنیان ڕاگەیاندووە، سەرەڕای ئەمانە، لەدوای قەیرانی ئابووریی جیهانی ساڵی ٢٠٠٨ـەوە،

«سەرهەڵدانەوەی»[١] تیۆری مارکسی دەبینرێت. چۆن لەم دیاردەیە تێدەگەیت؟

میشێل لیڤی: لە وتەیەکی سەیردا هاتووە: «دواجار، مارکسیزم بۆ هەموو مرۆڤایەتی مردووە.»، پێتوایە ئەم وتەیە هی چ سەردەمێکە؟ ١٩٨٩؟ یان ١٩٢١؟ نە هی هیچکام لەو سەردەمانە نییە بەڵکو هی بەنێدیتۆ کرۆچەیە[٢] کە لە ساڵی ١٩٠٧دا وتوویەتی و ١٠ ساڵ پاش ئەو وتەیە شۆڕشی ڕوسیا ڕوویدا.

بەدرێژایی مێژوو هەزارانجار مردنی مارکسیزمیان ڕاگەیاندووە و ئەم [جارڕدانە] هەرگیز کۆتایی پێنایەت. تا سەرمایەداری بمێنێت، مارکسیزمیش هەر دەمێنێت. بێگومان دارمانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕۆڵی تایبەتی بینیوە لە قەیرانی مارکسیزمدا. زۆرکەس لەو باوەڕەدا بوون کە یەکێتیی سۆڤیەت، بەرجەستەبوونی مارکسیزمە و ئەم ڕوانگەیە هەلومەرجی دڵخوازی بۆ بۆرژوازی دەستەبەرکرد، تاوەکو هەوڵبدات بەیەکجاری بۆ هەمیشە خۆی لە شەڕی تارمایی مارکسیزم، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم قوتاربکات. لاموایە هەوڵەکانیان شکستیهێناوە.

وەک ئاماژەتان پێدا، قەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ سەرەتایەکی نوێی کردەوە و ئەم کرانەوە [نوێیە]، ئەو شوێنەیە کە سەرەڕای هەموو بەرز و نزمییەکان لەدەوری گردبووینەتەوە. هەندێ بڕگەی کاتی [لە مێژوودا] هەیە کە بۆرژوازی هەوڵدەدات لەو بڕگانەدا هێرشکاتە سەر مارکسیزم و لەناویبەرێت. [لەبەرانبەردا] بێگومان ئەو بڕگانەش لەئارادان کە تێیدا کێشە و گرفتەکانی سەرمایەداری ئەوەندە ڕوونە کە بۆرژوازی ناچاردەبێت بڵێت: « ئێمە ئەو مارکس‌ـەمان بەدڵە کە لێکۆڵەری سەرمایەداری و شیکەرەوەی

١: rehabilitation

٢: Benedetto Croce

قەیرانەکانێتی، بەڵام واباشترە دەستبەرداری هەڵیتوپەڵیتی وەک سۆسیالیزم ببن». پێم وایە خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە لێرەدا هێڵێکی بەردەوام و پەیوەندیدار بناسینەوە. مەبەستم ئەوەیە سەرەڕای هەموو ئەو داچوون‌وهەڵچوونە سەتحییانەی ناو ڕای گشتی و حەز و خولیای میدیاکان، گرنگ ئەوەیە، جەختکەینەوە لە مێژوویی نەپساو و بەردەوامی مارکسیزم؛ وەکو بەشێکی جیانەبووە و بەردەوامی ناو کەلتوری مۆدێرن. بەهەر جۆرێک بێت، مارکسیزم بەبەردەوامی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی تاکە فۆرمی هزری ڕەخنەییە کە توانیویەتی فەهم و ڕوونکردنەوەی سەرمایەداری فەراهەمبکات – کە چۆن کاردەکات – و ئەوەش ڕوونبکاتەوە کە بۆچی ئەم سیستەمە تا ئەو ڕادەیە تەحەمولنەکراو، نائینسانی و نادادپەروەرانەیە، هەروەها ئەوەی کە چۆن دەکرێت بە سیستەمی سەرمایەداری کۆتاییبهێنرێت و لە شوێنی کۆمەڵگایەکی عادیلانەتر و عەقڵانی تر ئاوەدانکرێتەوە. هەربەم بۆنەوەیە مارکسیزم لەناوناچێت.

پێموایە سەبارەت بە کەمبوونەوە و زیادبوونی حەزوخولیای گشتی [لەمەڕ هەرشتێک دەبێت] بەشێوەیەکی نەرمونیان مامەڵە بکرێت. وتەکەی کرۆچە ئەوە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە بۆ نابێت ئەم جۆرە دەربڕینانە[سەبارەت بە مردنی مارکسیزم] بەوشێوەیەی کە دەخرێتەڕوو وەربگیرێت. دەبێت لەوە تێبگەین کە مارکسیزم [بمانەوێت یان نە، بەبەردەوامی] حزوری هەیە و لە پەیوەند بەمەوە وتەیەکی سارتەر هەیە کە هەستەکەم هێشتا هەر هاوچەرخە؛ «مارکسیزم ئاسۆی فیکری چاخی ئێمەیە». هەر جۆرە هەوڵێک بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاسۆ فکرییە، بەناچار کۆنەپارێز و ڕەجعی دەبێتەوە و دەخزێتەناو فۆرمە هزرییە پێش‌مارکسییەکانی وەکو لیبراڵیزم و ئەوانی تر.

پرسیار: هەندێک ئەو ئەرگومێنتەیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندییەک هەیە لەنێوان دواین قەیرانی مارکسیزم – قەیرانی ساڵانی ٨٠ و ٩٠کان – و برەوگرتنی تیۆری پۆستبودنیاگەری لەدونیای ئەکادیمیادا، هەروەها لەگەڵ قەیرانی هەندێ لە ئایدیاڵە گەردوونییەکانی مۆدێرنیتەدا. تۆ مارکسیزم لە پەیوەند بە پرۆژەی ڕۆشنگەری و پرۆژەی مۆدیرنیتەوە چۆن دەبینیت؟

میشێل لیڤی: [هەناسەیەک هەڵدەکێشت] زۆرباشە، کە...

پێم وایە پرسیارێکی زۆر قورس بێت.

میشێل لیڤی: بەڵێ وایە. بەبێ‌دوودڵی، پێم‌وایە مارکسیزم منداڵی ڕۆشنگەرییە؛ مارکسیزم نوسخەیەکی ڕادیکاڵ، شۆڕشگێڕانە و خۆڕەخنەکاری[٣] میراتی ڕۆشنگەرییە. مارکسیزم لەپێگەی نەریتێکی فکرییدا، هۆشیار و بەئاگایە لە سنورەکانی خودی [پرۆژەی] ڕۆشنگەری. بێگومان مارکس کاری خۆی لە ماتریالیزمی فەرەنسی و ئایدیالیزمی ئاڵمانی، واتە دوو کۆڵەکەی گەورەی فیکری ڕۆشنگەری دەستپێکرد. بەڵام ئەو بەشێوەیەکی دیالەکتیکی تێپەڕاندن[٤]. لایەنە ڕەخنەگرییەکانیان و ئەو شتانەی کە لەو دووەدا بۆ هزری بەکەڵک بوون لێی‌وەرگرتن و هاوکات ئەم دوو نەریتە هزرییەی تێپەڕاند. بەم پێیەش دەکرێت جۆرێک لە پرۆسەی تێپەڕاندنی دیالەکتیکی، نەریتەکانی ڕۆشنگەری بەشێوەیەکی ڕوون لە کارەکانی مارکس‌دا ببینرێت. ئەم ئەرگومێنتەش بۆ مۆدێرنیتە ڕاستە [واتە بەهەمان شێوە لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنیتە مامەڵەی کردوە]. بەدەربڕینێکی تر بێگومان مارکسیزم فۆرمێکە لە هزری مۆدێرن – بەومانایەی هەرچییەک بێت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا نەهاتۆتەبوون – و

٣: self-critical

٤: overcame

تەنیا دەبوو لە لەحزەیەکی مێژوویی دیاریکراودا بێتەبوون کە پێیدەڵێن مۆدێرنیتە. بەڵام مارکسیزم لەسەر بنەڕەتی ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی، لە مۆدێرنیتەی بونیاتنراو، دامەزراوە کە هەمان مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە.

لەبارەی پۆستمۆدێرنیزمەوە پێم وایە قەت لە ئاستی مۆدەیەکی هزری زیاتر سەرنەکەوت. بێگومان پۆستمۆدێرنیزم ڕۆشنبیران و خوێندکارانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەڕاستیدا بووە هۆکار و پشتیوانی زۆرێک لە توێژینەوە و تێزی دکتۆرا و کۆمەڵە بەرهەمێکی تر. بەڵام هیچ مانایەکی سیاسی یان کەلتوری قوڵ و گرنگی نییە. پۆستمۆدێرنیزم وەکو دیاردەیەکی سەتحی دەبینم، لەو شوێنەشدا کە پۆستمۆدێرنەکان بیرڕوونی تیۆرییان خستەڕوو لەمەڕ ئەو پرسەی پێیدەوترێت «سیاسەتی شوناسخوازی[٥]»، تەنانەت ئەگەر ئەو کێشە تایبەتانە پۆستمۆدێرنەکان ناوازە و تەمەندرێژ بکات. مەبەستم لە سیاسەتی شوناسخوازی، ئەو ئینتیمایەیە کە هەموو جۆرە گەردوونگەراییەک[٦] نەفیدەکات بەمەبەستی ئیسپاتکردنی شوناسە تایبەتەکان[٧]، ئیدی ئەم شوناسانە ئیتنیکی و سێکسواڵ و ... هتد بێت یان نەتەوەیی. لەڕاستیدا ئەمڕۆ سەروکارمان لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە کە دەبێت بچینەناویان و دواکارییەکانیان وەک هی خۆمان چاولێکەین و بەوجۆرە لەگەڵیان بجوڵێینەوە. ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەبێت ببنە بەشێک لە بەرنامە شۆڕشگێڕانەکانی ئێمە. بەڵام دەبێت سنور و کەموکوڕییەکانیان ڕەخنەبکەین و لەسەر زەرورەتی داڕشتنەوەی داواکارییەکانیان لەڕوانگەیەکی گەردوونییەوە پێداگری بکەین. دەبێت ئەوەش

٥: : dentitarian politics

٦: universalisms

٧: particular

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بڵێین کە ئەم گەردوونیگەراییە نابێت گەردوونگەرایی ئەبستراکت[٨] بێت کە داواکارییە تایبەتەکان پشتگوێ بخات؛ بەڵکو هیگڵوتەنی دەبێت گەردوونگەراییەکی کۆنکرێتی[٩] بێت کە بتوانێت پرس و داواکارییە تایبەتەکانیش لەخۆبگرێت.

وێنای ئەوە بکە، کە تۆیان بۆ قسەکردن بۆ خۆپیشاندانی ڕەشپێستەکان بۆ ئەمریکا بانگێشتکردوە و تۆش بۆ نمونە لەو وتارانەدا دەڵێیت: «بەڵام ئەوەی کە بەڕاستی بایەخی هەیە، ململانێی چینی کرێکارە. لەبەرئەوەی ململانێی چینی کرێکار بەفیعلی گەردوونییە. ئەوەی کە ئێوە خەریکن دەیکەن، پەرشکردنەوە و لەتکردنی چینی کرێکارە». لەو حاڵەتدا ئەوان مافی خۆیانە کە تۆ بنێرنەوە بۆ ماڵەوە. ململانێی کرێکارەکان بۆ سۆسیالیزم دەبێت هۆکاری [چەوساندنەوەی] ڕەشپێستەکان وەکو پرسێکی سەرەکی لەبەرچاو بگرێت. ئەگەر گەردوونیگەرایی حساب بۆ ئەو چەوساندنەوەیە نەکات و ئەو داواکارییە ڕەوایەتیپێنەدات، ئەوکاتە هیچ نییە جگە لە گەردوونیگەراییەکی ساختە. ئەم چەشنە لە شێوە-گەردوونگەرایی[١٠] مانەوەوە و بەردەوامی هەلاوێردەکان، ئیمتیازەکان و فۆرمەکانی ستەم و چەوساندنەوە دەشارێتەوە. بەمپێیەش دەبێت جیاکاری بکەین لەلایەک، لەنێوان ئەو ڕەخنە ڕەوایەی کە لە گەردوونگەرایی ئەبستراکتی بۆرژوازی – تەنانەت ڕەوتی چەپیش هەڵگرێتی – دەگیرێت و لەلایەکی تر ئەو چەشنە ڕەخنەیەی پۆستمۆدێرنە کە بە ڕێژەگەرایی تەواو کۆتایی پێدێت: واتە «هەرکەس ئایدیای خۆی هەیە لەمەڕ حەقیقەت، چاکە و ... هتد». پۆستمۆدێرنیزم، تەنانەت لەو نوسخانەشیدا کە بەڕوونی ئینتیمای بۆ چەپ هەیە، دواجار دەگات بە بنبەست؛

٨: abstract universalism

٩: concrete universalism

١٠: pseudo-universalism

ئەمە بۆ کەسێکی وەک دیٚسوسا سانتۆس[١١] ڕاستە؛ کەسێک کە لەبەر بیرکردنەوە ڕەخنەگرییەکەی و پابەندبوونی بە ململانێ کۆمەڵایەتییەکانەوە بەقوڵی ڕێزی لێدەگرم. بەڵام تیۆری ئەو بە بنبەست دەگات، لەبەرئەوەی بانگەشەی جۆرێک لە «فرەیی ئیپستمۆلۆژی»[١٢] یان شتێک لەو جۆرە دەکات. بەو پێیەش هەر ئێتنیک، نەتەوە، نەژاد یان ئاینێک شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ناسین. چ شتێک لەم بەینەدا ون دەبێت؟ ئایا ئەم جیاوازییانە هەموویان هاوتای یەکن؟ ئەگەر ئەوانە نەفیکەرەوەی یەک بن چی؟ لەو حاڵەتەدا هەڵوێستی ئێمە چییە؟ ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەشێت بەڕوونی سنورەکانی پۆستمۆدێرنیزمی تێدا ببینین؛ تەنانەت لە چەپگەراترین و ئاڵۆزترین جۆریدا.

پرسیار: دوا پرسیار کە بپرسم؛ ئەو تۆمەتەی کە زۆرجار ئاڕاستەی مارکسیزمی دەکەن ئەوەیە کە مارکسیزم ئایدۆلۆژیایەکی لایەنگری مۆدێرنیزاسیۆن، فەلسەفەیەکی ئەوروپاسەنتەر و فەلسەفەیەکە لەسەر چەوساندنەوەی ڕەوشت شکڵیگرتوە. چ وڵامێک بەم تۆمەتانە دەدەیتەوە؟

میشێل لیڤی: بەڵێ ڕاستە، لەسەرانسەری سەدەی بیستدا تەفسیری جۆراوجۆر لەمەڕ مارکسیزم بوونیان هەبووە – کە بەزۆری تەفیسری زاڵبوون – کە بەرهەمەکانی مارکس‌یان بەگوێرەی ئەو تێمایانەی کە باستکردن تەفسیریان دەکردن. واتە لەپێگەی تیۆرییەک دەربارەی مۆدێرنیزاسیۆن کە تەنیا دەیەوێت کاراتر و عەقڵانی تر بێت لە سەرمایەداری؛ وەک شێوەیەک لە بەرهەمهێنان کە ئامانجی گەشەپێدان و پێشخستنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە لەودیو سنورەکانی سەرمایەدارییەوە. بێگومان لە

١١: Boaventura de Sousa Santos

١٢: epistemological plurality

یەکێتیی سۆڤیەتدا تاڕادەیەک پرسەکان لەوجۆرە بوون. «وەرن با لە ئەمریکا زیاتر پۆڵا بەرهەمبهێنین»، و شتگەلێکی لەم جۆرە. لەلایەک ڕاستە کە تەفسیرێکی زاڵ بۆ مارکسیزم – بەزۆری چەشنی ستالینی و سۆسیالدیموکرات – بەرگری لەو ڕوانگەیە دەکرد، ئەو ڕوانگەیەی کە دەڵێت مارکسیزم لەهەموو شت زیاتر جۆرێکە لە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی و فۆرمێکی کۆمەڵایەتی ترە لە سەرمایەداری؛ کەسانێکی تر هەبوون کە دەیانگوت مارکسیزم فۆرمێکی کۆمەڵایەتیی ناسەرمایەدارانەیە کە قیبلەنمای هێشتا هەمان گەشەپێدانی بێسنوری هێزەکانی بەرهەمهێنانە. بێگومان من پێموایە دەبێت ڕایەڵەکانی خۆمان بەم ئینتیمایانەوە بقرتێنین و شەپۆلێکی تر لە مارکسیزم ببوژێنینەوە کە تەفسیرێکی تر بهێنێتەئاراوە. ئەم تەفسیرە بەدیلە، بەبێئەوەی دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتکاتەوە، کەوتەژێر کاریگەری ڕەگەزی ڕۆمانتیکییەوە کە پێشتر موناقەشەمان کرد.

بۆ نمونە «خوزە کارلۆس ماریاتگی[١٣]» بۆ ئێمە کە لە ئەمریکای لاتیندا دەژین و هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی ئەم ناوچەیەن فیگەرێکی ئێجگار گرنگە. ماریاتگی باسی لە چەشنێک لە «کۆمۆنیزمی ئینکایی[١٤]» دەکرد و لە کاتی نوسینی ئەو ئایدیایانەدا ڕەخنەی زۆری لێگیرا. لەبەر ئایدیاکانی تانەی ئەوەیان لێدەدا کە «ڕۆمانتیک» یان «پۆپۆلیست»ـە. بەڵام پێشئەوەی ئیسپانییەکان داگیریکەن، لەوێدا بەفیعلی جۆرێک لە «کۆمۆنیزمی سەرەتایی»[١٥] کشتوکاڵی لەئارادا بوو، کە بەگشتی لە پەیوەند بە ئیمپراتۆری ئینکاوە دەناسرێتەوە. بەڵام توخمی

١٣: José Carlos Mariátegui

١٤: Incan communism

١٥: primitive communism

کۆمۆنیستی، بەتەنیا خودی ئیمپراتۆرییەکە نەبوو کە بونیادەکەی بەشێوەیەکی سوڵتەخواز بوو ؛ ئەم تۆخمە کۆمۆنیستییە لە بناغەی کۆمەڵدا ئامادەیی هەبوو، واتە ئەو شتەی کە پێی‌دەڵێن ئایلو[١٦]. ئەم لایەنەی بەتایبەتی بۆ ئێمەی کۆمۆنیستی مۆدێرن گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی بەمانای ئەوە دێت کە دەشێت پەیامی کۆمۆنیستە مۆدێرنەکان لەناو جڤاتە خۆجێییەکاندا، لەناو گوندییەکان و هاوشێوەکانیاندا بڵاوکرێتەوە. ئەمە ئایدیاییەکی تەواو پڕ ئاماژەیە. ماریاتگی بێگومان هیچ لەسەر ئەوە سور نەبوو کە ئیمپراتۆری ئینکا ببوژێنرێتەوە، بەپێچەوانەوەی ئەو خۆجێیگەرایانەوە کە بەفیعلی داکۆکی لە بووژاندنەوەی دەکەن. ماریاتگی تەنانەت لە یەکێک لە وتارەکانیدا شتێک لەم جۆرە دەردەبڕێت: «جیاوازیی نێوان کۆمۆنیزمی ئینکایی و کۆمۆنیزمی مۆدێرن‌دا چییە؟ کۆمۆنیزمی ئینکایی تەواو سوڵتەخواز بوو ، سیستەمێک کە هیچ جۆرە ئازادییەکی فەردی تێدا نەبوو، ئازادی. ئێمە کۆمۆنیزمی مۆدێرنمان دەوێت کە دەستکەوتە مۆدێرنەکانی وەکو ئازادیی فەردی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی گردبوونەوەکان و ... هتد لەخۆبگرێت». بەمپێیەش ڕوانگەی ماریاتگی، ڕوانگەیەکی دیالەکتیکییە. ئەو مۆدێرنیتە ڕەت‌ناکاتەوە، بەڵکو بەتۆخی پێ لەسەر ئەو ئایدیایە دادەگرێت کە ڕابردوو دەتوانێت سەرچاوە و زاگەی ئیلهام بێت بۆ ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیەی کە دەخوازێت کۆمۆنیزم لە ئەمریکای لاتین‌دا سەر ڕێگابخات.

من خۆم بەلایەنگری سەدەی بیست‌ویەکییانەی ماریاتگی دەزانم. پێم‌وایە ئێستا لە هەموو کات زیاتر ماریاتگی سەرچاوەیەکی ئیلهامە بۆ ئێمە لە ئەمریکای لاتین‌دا و گرنگە کە بەرهەمەکانی بخوێنینەوە و ئایدیای ئیلهامبەخشی نوێی لێ‌دەرکەین. دیارە کە لەپاش ١٩٣٠ـەوە دۆخەکان زۆر گۆڕاون،

١٦: ayllu

بەڵام ئێمەش لەگەڵ ئەو ئایدیایەدا نین کە کۆپی ئایدیا فکرییەکانی پیرۆ بکەین. ماریاتگی لەسەرانسەر ئەمریکای لاتیندا ئیلهامبەخشە و سەرەڕای ئەمانە، خەڵک بەگشتی پێی خۆشە لە بەهای‌کەمکاتەوە[قەدری دەستکەوتەکانی نەگرێت]. ڕەوتی چەپ دەقی لەگەڵ ئەوەدا گرتوە کە بەرهەمەکانی مارکس، لینین، ترۆتسکی و یان تەنانەت ماو بخوێننەوە. بەڵام بەرهەمی ماریاتگی تابێت کەمتر دەخوێنرێتەوە، لەکاتێکدا گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی ئەو لە هەر کاتێکی تر زەروری ترە. بەتەنیشت ئەمەشەوە پێم‌وایە ئەو لەپێگەی بیریاردا – لەڕووی فەلسەفی و تیۆرییەوە – گرنگی و کواڵێتی هاوتا ئەوروپییە هاوکاتەکانی خۆی هەیە [لەوانە]: گرامشی گەنج، بلۆخی گەنج، بنیامینی گەنج و لۆکاچی گەنج، هەموویان خاڵی هاوبەشی فراوانیان هەیە. من ئەو لەناو پانتیۆنی[١٧] بیریارە مارکسییە بیدعەچییە[١٨] مەزنەکانی سەدەی بیستدا دادەنێم. کاتی ئەوە هاتوە کە ماریاتگیش بۆ سەر ئەو لیستە زیاد بکەین.

١٧: pantheon

١٨: heterodox Marxist thinkers

سەرچاوە:

Michael Löwy: «Marxism forms an enduring, integral part of modern culture» (website: www.versobooks.com)

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ماركسیزم و هونەر

نووسین: هاوڕێ عەبدوڵا

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

لە مارکسیزمدا بەدەر لە وردەکاری، دوو هێڵی گشتی و دوو ڕوانگەی گشتی هەیە بۆ هونەر: ڕوانگەیەک دەیەوێت وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بۆ هونەر دەستنیشان بکات و هونەر پەیامدار بکات، ڕوانگەیەکی تریش هەیە دەیەوێت هونەر سەربەخۆ بێت و بەئایدیۆلۆژی و بەسیاسی نەکرێت. ئەم وتارە داکۆکیی لە ڕوانگەی دووەم دەکات. لە هونەریشدا جەدەلێکی بەردەوام هەیە لەسەر فۆرم و ناوەڕۆک، ئەم وتارە بەرگریی لە فۆرمی هونەری دەکات. بونیادی کاری هونەری لە فۆرمدایە، هەر کارێک فۆرمی هونەری نەبوو، ناوەڕۆکیشی نییە. لە ناونیشانی وتارەکەوە ڕەنگە یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە بچێت مارکسیزم چی لە هونەر دەوێت؟ مارکسیزم چی لە هونەر دەوێت و دەیەوێت هونەر چی بەرهەمبهێنێت؟ ئایە کە باس لەوە دەکەین مارکسیزم چی لە هونەر دەوێت باس لە بەئامرازکردنی هونەر دەکەین؟ باس لە بەسیاسیکردنەوەی هونەر دەکەین؟ پرسی «هونەر بۆ هونەر»، و «هونەر لەپێناو پەیامدا»، پرس و کێشمەکێشێکی هەمیشە زیندووی ناو هونەر بووە. پرسی هونەر بۆ هونەر واتا هونەر هیچ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و هیچ پەیامێکی سیاسیی دیاریکراوی نەبێت، هونەر لەپێناوی خودی خۆیدا بێت. هونەر لەپێناوی پەیامدا، واتا دەستنیشانکردنی وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراو بۆ هونەر و هەڵگرتنی پەیامێکی دیاریکراو لەلایەن هونەرەوە. مارکسیزم لە کوێی ئەم دوالیزمەدایە؟ ڕوانگەی ئەرسۆدۆکسەکان بۆ هونەر کە ڕوانگەیەکی زاڵی ناو مارکسیزمە، هەمیشە بەسیاسیکردنەوەی هونەر و بەئایدیۆلۆژیکردنەوەی هونەر کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەم ڕەوتە بووە. ئەمەش بۆ ناواخنەکەی ئەم ڕەوتە دەگەڕێتەوە کە پراکتیکی سیاسی هەمیشە ئەولەوییەتی بووە. ئەرسۆدۆکسەکان لەبەرئەوەی وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژی و پەیامێکی ئایدیۆلۆژیی

دیاریکراویان لە هونەر دەویست، بەو هۆیەوە حیسابیان بۆ ئێستاتیکا و فۆرمی هونەری ناکرد، تەنیا ناوەڕۆکێکی دیاریکراو و پەیامێکی سیاسیی چینایەتییان لە هونەر دەویست. واتا هونەر لە ململانێی چینایەتیدا ئامرازی چینی چەوساوە بێت و هەڵگری پەیامی ئەو چینە چەوساوەیە بێت. بەڵام قوتابخانەی فرانکفۆرت دژ بەو ڕوانگە ئەرسۆدۆکسەی ناو مارکسیزم بوو بۆ هونەر، دژ بەوە بوو هونەر بە ئایدیۆلۆژی بکرێت و پەیامێکی ئایدیۆلۆژی لێ باربکرێت. بەلای قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە هونەر بێ ئەوەی هەڵگری پەیامێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دیاریکراو بێت، دەتوانێت وەزیفەیەکی ڕەخنەگرانەی جدی هەبێت و ئێستاتیکایەکی ڕەخنەگرانە بخاتەڕوو. کاتێک هونەر بتوانێت ئێستاتیکایەکی تر و ڕوانینێکی تر و هەستێکی تر بخاتەڕوو بەرامبەر بە ئێستاتیکا و ڕوانین و هەستی باوی ناو سیستەم، بێ ئەوەی سیاسییانە و ئایدیۆلۆژییانە بێت، دەتوانێت ڕەخنەگرانە و ڕەتکەرەوە بێت. ئەدۆرنۆ لەنێوان دوالیزمی هونەری پەیامدار، و هونەر بۆ هونەردا، باس لە هونەری سەربەخۆ دەکات. لای ئەدۆرنۆ هونەری سەربەخۆ دابڕاو نییە لە واقیعی کۆمەڵایەتی، بەڵام واقیعی کۆمەڵایەتی وەک خۆی بەرهەم ناهێنێتەوە، بەڵکو ئیمکانی تر دەکاتەوە بۆ بینینی واقیع بەجۆرێکی تر. ئەدۆرنۆ ڕوانگەی واقیعگەراییانەی لۆکاچی بۆ هونەر ڕەخنە دەکرد. لۆکاچی فەیلەسوف و ڕەخنەگری مارکسیستی، وەزیفەی هونەری بە وەزیفەیەکی واقیعگەراییانە دادەنا. هونەر کە فاسیلە لە واقیعێکی دیاریکراو وەرنەگرێت و واقیع فۆتۆکۆپی بکاتەوە، ئیمکانی تر ناخاتەڕوو بۆ بینینی واقیع بەجۆرێکی تر، واتا ڕوانینی تر بۆ بینینی واقیع بەجۆرێکی تر دەکوژێت. وەک چۆن ئەدۆرنۆ پێداگریی لەسەر هونەری سەربەخۆ دەکات و دژ بەوەیە هونەر بەسیاسی و

بەئایدیۆلۆژی بکرێتەوە، هێربەرت مارکۆزەش دژ بەوەیە هونەر بەسیاسی و بەئایدیۆلۆژی بکرێتەوە و بەرگرییەکی زۆریش لە فۆرمی هونەری دەکات. «کارکردی ڕەخنەگرانەی هونەر، ڕۆڵی هونەر لە ململانێدا بۆ ئازادی لەناو فۆرمی ئێستاتیکیدا شاراوەیە. ڕەسەنی و حەقیقی بوونی بەرهەمێکی هونەری نە بەهۆی ئیمتیازی ناوەڕۆکەکەیەتی(واتا نواندنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەک خۆی) و نە بەهۆی فۆرمە ئەبستراکتەکەیەتی، بەڵکو بەهۆی ئەو ناوەڕۆکەوەیە کە گۆڕاوە بۆ فۆرمی هونەری»[١]. «مارکۆزە بەسەرنجدان لە ئەزمونەکانی هونەری ڕادیکاڵی دەی ١٩٦٠، دەرەنجامگیریی ئەوە دەکات هێزی ڕەخنەگرانەی هونەر لەو پەیامەدا نییە کە دەیخاتەڕوو، بەڵکو لەو فۆرمەدایە کە لەخۆیدەگرێت. بەو هۆیەوە مارکۆزە پێیوایە شۆڕش لە شیعرە ئەڤینداررییەکانی بێرتۆڵد برێختدایە، نەک لە شانۆ سیاسییەکانیدا. ئۆپێرای «ویتسک»ی ئەلبان بێرگ شۆڕشگێڕانەیە، نەک «ئۆپێرا دژە فاشیستییەکانی ئەمڕۆ». مارکۆزە پێیوایە توندترین و ڕادیکاڵترین ناوەڕۆکی سیاسییش ناتوانێت فۆرمی سونەتیی بەرهەمێک قەرەبووبکاتەوە»[٢]. ڕوانگەی مارکۆزەش دەچێتە ئەودیوی دوالیزمی نێوان هونەر بۆ هونەر، و هونەری پەیامدارەوە، واتا لای مارکۆزە ڕۆڵ و کارکردی ڕەخنەگرانەی هونەر لەوەدا نییە دۆخێکی دیاریکراو بنوێنێتەوە و پەیامێکی سیاسیی ڕاستەوخۆی هەبێت، هەروەها لەوەشدا نییە فۆرمێکی ئەبستراکت و پەتی بخاتەڕوو، بەڵکو ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی هونەر لە فۆرمی هونەریدایە. فۆرمی هونەری بێ ئەوەی پەیامدارانە و سیاسی بێت، دەتوانێت

١: بنیامین/ آدورنو/مارکوزە/ زیبایی‌شناسی انتقادی، ترجمە امید مهرگان، چاپ ششم ١٣٩٨- تهران: گام نو، ص ٦٥

٢: بابک احمدی، حقیقت و زیبایی، نشر مرکز، چاپ سی‌وپنجم ١٣٩٧, ص ٢٥٢

ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە بێت، بۆ ئەمەش مارکۆزە نمونەی شیعرە ئەڤینداریيەکانی برێخت و ئۆپێرای «ویتسک»[٣]ی ئەلبان بێرگ بەرامبەر شانۆی سیاسی و ئۆپێرا دژە فاشیستییەکان بە نمونە دێنێتەوە. دەکرێت بڵێین پێشمەرجی بوونی هونەرێکی سەربەخۆ لای ئەدۆرنۆ و مارکۆزە بوونی فۆرمی هونەریی ڕەخنەگرانەیە، لای ئەوان هونەرێک سیاسی و ئایدیۆلۆژی بێت، ناتوانێت فۆرمی هونەریی ڕەخنەگرانەی هەبێت، هەروەها بەلای ئەوانەوە فۆرمی ئەبستراکتیش ناتوانێت ڕەخنەگرانە بێت.

هونەرمەند پێشوەختە فۆرمی هەیە، ناوەڕۆک لە هونەردا لەگەڵ بەرجەستەبوونی فۆرمدا دێت. گرنگی هونەر لەوەدا نییە مەوزوعێکی گەورە بخاتەڕوو یان بەرمەبنای ئایدیایەکی گەردونی فۆرمی هونەری بەرهەمبهێنێت. پرسی هونەر چی نیشاندان نییە، بەڵکو چۆن نیشاندانە. واتا فۆرمی هونەریی جدی بەوە بەرهەم نایەت دەلالەت لە مەوزوعێکی گەورە بکات، بەڵکو بەوە بەرهەمدێت کە چۆن دەلالەتی لیدەکات. دەکرێت فۆرمێکی هونەریی ڕەخنەگرانە و جدیمان هەبێت بێ ئەوەی دەلالەت لە

٣: «ئۆپێرای ویتسک ١٩١٧» یەکێکە لە شاکارەکانی ئەلبان بێرگی قوتابی شۆنبێرگ، بەهەمان شێوە بەیەکێک لە دیارترین نمونەی ئۆپێرای ئێکسپرێشینیزم دادەنرێت. ئەلبان بێرگ بەهاوبەشی نمایشنامەی «ویتسک ١٨٣٦» لە نووسینی کارل جۆرج بوخنر ئەم شاکارەی داناوە. ئەم بەرهەمە باس لە چیرۆکێکی تراژیدی سەربازێک دەکات کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە پەیمانشکێنی لەگەڵ دەکرێت، و سەربازەکە بەمە نائومێد و نائارام دەبێت. لەم کارەیدا بە شێوازێکی ئێکسپرێشینیزمی و زمانێکی توندوتیژی موزیکی و نواندن، پەیوەندییە مرۆییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەخاتەڕوو.(سەرچاوە: توانا حمە، موزیک چییە؟ چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەمی ٢٠١٩)

مەوزوعێكی گەورە بكات. كەواتە پرسەكە بۆ هونەر نیشاندانی مەوزوعی گەورە و بچوک نییە، بەڵكو چۆنیەتیی نیشاندان و بەرهەمهێنانی فۆرمی هونەرییە. «تابلۆی گۆرنیكا» كە یەكێكە لە شاكارەكانی جیهان، لە ساڵی ١٩٣٧دا لەلایەن پیكاسۆوە كێشراوە. تابلۆكەی پیكاسۆ دەربارەی ڕووداوی ٢٧ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٣٧ بوو، واتا ڕووداوی بۆمببارانكردنی ناوچەی گۆرنیكا لەلایەن هێزە ئاسمانییەكانی ئەڵمانیاوە بە فەرمانی هیتلەر بۆ پشتیوانی لە فرانكۆ و هێزەكەی. گۆرنیكا وەک ناوچەیەكی بچوكی باكوری ئیسپانیا لەڕووی ستراتیژییەوە هیچ پێگەیەكی نەبوو، بەڵام كرا بە وێرانەیەكی تەواو و كوشتار و برینداریێكی زۆری لێكەوتەوە. لە یەكی مەیی ساڵی ١٩٣٧دا هەواڵی ئەو تاوانە گەیشتە پاریس. وێنە و هەواڵی ئەو كارەساتە لە ڕۆژنامە ناوخۆیی و جیهانییەكاندا بڵاوبووەوە. پیكاسۆ بە هەواڵی ئەو كوشتار و وێرانەیەی ئەنجامدار بوو، شۆكبوو. هاوخەمی خۆی بۆ وڵاتەكەی و قوربانییەكان دەربڕی و لە ماوەی مانگێكدا تابلۆی گۆرنیكای كێشا. پیكاسۆ لە تابلۆكەدا ڕەنگی ڕەش و سپی و خۆڵەمێشی بەكارهێناوە و فەزایەكی وشک و ساردوسڕ و تاریكی دەرخستووە. دارشتنی گۆرنیكا ئاڵۆزكاوە، وەها دەردەكەوێت هەموو شتێک لە دۆخی تواناوەدایە. تابلۆی گۆرنیكا چەند فیگەرێكی جیاوازی وەک ئاژەڵ و ژن و پیاو و مناڵ و كەرەستەی جۆراوجۆری تێدایە. جەستەكان نائاسایی و شێواو، لێكجودا و پارچەپارچە دەردەكەون. وا دێتەبەرچاو هەموو شتەكان تێكەڵاوبوونە و بەسەریەكدا كەوتوون. گۆرنیكا لە سەدەی بیستدا وەک بەهێزترین ڕەمز و ئاماژەی دژ بە جەنگ ناسێنرا. هێشتاش گۆرنیكا هەمان ئیحساسی دژ بە جەنگ لە بینەردا دەجوڵێنێت. ئەوەی تابلۆی گۆرنیكا هەمیشە بەزیندوویی دەهێڵێتەوە ناوەڕۆكە دژە جەنگییەكەی نییە، ئەوەی

گۆرنیکا زەمەنبڕ دەکات ئەوە نییە لەبارەی کارەساتی گەورەی ناوچەی گۆرنیکاوەیە، ئەوەی گۆرنیکا بەزیندوویی دەهێڵێتەوە فۆرمی گۆرنیکایە. ئەو فۆرمەیە کە هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە و هەمیشەش هەستی بینەرەکانی دەجولێنێت. ڕەنگە چەندان تابلۆی تر هەبن وەک ناوەڕۆک دژ بە جەنگ بن، بەڵام وەک گۆرنیکا نەمر و هەمیشەیی نەبن. کاتێک بینەرێک تابلۆی گۆرنیکا دەبینێت، پێویستی نییە بزانێت گۆرنیکا کوێیە، ئەو کارەساتە چۆن ڕوویدا، دەستی کێی لە پشتەوە بوو، ئەمە واتای ئەوە نییە ئەم پرسانە گرنگ نین، بەڵام فۆرمی هونەری باز بەسەر ئەم پرسانە و ئەم ڕەهەندە لۆکاڵیانەش دەدات و هەستێکی گشتی و گەردونی لە بینەردا دەجولێنێت. لە ساڵی ١٩٤٠دا کاتێک فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکرا، ئەفسەرێکی نازی شوێنی کارەکەی پیکاسۆ دەبینێت و بەرامبەر بە تابلۆی گۆرنیکا دەوەستێت و بەسەرسوورمانەوە دەپرسێت کێ ئەم تابلۆیەی خوڵقاندووە!؟ پیکاسۆش لە وەڵامدا دەڵێت ئێوە خوڵقاندووتانە. خودی ئەفسەرە نازییەکەش کە خۆی بەشێک بووە لەو هێزەی ئەو کارەساتەی خوڵقاندووە، ناتوانێت بەرامبەر بە گۆرنیکا بوەستێت و سەری نەسووڕمێت. ئەوەی گۆرنیکا لە بینەردا دەیجولێنێت ئیحساسی دژایەتییە بۆ جەنگ و وێرانە، جا هەر جەنگێک بێت و لە هەر شوێنێک بێت و لە هەر زەمەن و بەدەستی هەر کەسێک بێت.

لای «گۆدار» پرسەکە ئەوە نییە سینەما شۆڕشگێڕانە بکەینەوە، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە شۆڕش سینەمایی بکەینەوە. لای گۆدار سینەما بریتییە لە ناکۆتا فۆرم، ڕووداوێکی بەردەوام، هەستکردنێکی هەمیشەیی. بەشۆڕشگێڕانەکردنی سینەما واتا لەڕووداوخستنی سینەما، ناولێنان و کۆتادارکردنی. پرسەکە لای

گۆدار بەسینەماییکردنەوەی شۆڕشە، واتا ناکۆتاکردنی شۆڕش، ناکۆتا ئەگەر، قەتیسنەکردنی، ناولێنەنانی، بەسینەماییکردنەوەی شۆڕش واتا ملکەچنەکردنی شۆڕش بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بۆ ناوەڕۆکێکی حازر. «تارکۆڤسکی» پێیوایە فۆرمی سینەمایی بە وشە وەسف ناکرێت. پێیوایە فۆرمی سینەمایی وەک وەسفکردنی تابلۆیەک وایە بە مۆسیقا. واتا پێیوایە مەحاڵە وێنەی سینەمایی یان فۆرمی سینەمایی لە ڕێگەی وێنەی ئەدەبییەوە کە بە وشە وەسفکراوە بەرهەمبێت. بۆیە لای ئەو باشترین سیناریۆ ئەوەیە دەرهێنەر خۆی بینووسێت. پرسەکە لێرەدا پەیوەستە بە فۆرمی سینەماییەوە، فۆرمی سینەمایی شتێک نییە لەناو ئەدەبەوە بێت و دەرهێنەر بە کامێرا بەرجەستەی بکات. بەڵکو زیاتر کارلێکێکی هونەرییانەی نێوان نائاگایی و ئاگایی دەرهێنەرە. فۆرم زیاتر سەر بە پانتایی نائاگاییە و تەکنیکیش ئاگایی. گەر شیعرییەتی شیعر لەحزەی تێکشکاندنی مانای باو و زمانی باو و سیستەمی دەلالیی دیاریکراویش بێت، هەر دەبێت بەناو وشە و میدیۆمی زماندا تێپەڕێت. بەڵام شیعرییەتی سینەمایی وەک لەحزەی دابڕان و تێکشکاندنی فۆرمی باو، و خولقاندن، دەتوانێت بەبێ وشە و میدیۆمی زمانیش فۆرمی خۆی بگەیەنێت. بۆیە شیعرییەتی سینەمایی لەو ڕووەوە لە شیعرییەتی شیعر ڕادیکاڵانەترە.

ئەدۆرنۆ بۆ کۆنتێکستی خۆی لە کتێبی «تیۆری ئێستاتیکا»دا دووبارە پرسە هیگڵییەکە دەخاتەڕوو: ئایە هونەر لە سەردەمی پۆستمۆدێرنەدا دەتوانێت بەردەوامێتیی بەخۆی بدات؟ هونەر وەک هەموو کایەکانی تر لە سەردەمی پۆستمۆدێرنەدا ڕووبەڕووی قەیران بووەتەوە. بەشێکی هۆکاری ئەو قەیرانە بۆ فەزای مەجازی و دیجیتاڵبوونەوەی

هونەر دەگەڕێتەوە. بەشێکیشی پەیوەستە بە فۆرمی هونەری و ئۆنتۆلۆژیای هونەرەوە. پرسی سەرەکیی ئەمڕۆی هونەر کە پرسێکی جەوهەرییە و پەیوەندیی بە ئۆنتۆلۆژیای هونەرەوە هەیە، ئەوەیە چ شتێک دەبێت بە بەرهەمی هونەری؟ چی یان کێ بەهای هونەری بە کارە هونەرییەکان دەدات؟ ئەم پرسە، پرسێکی سەرەکیی هونەرە لەمڕۆدا، چونکە بوون و نەبوونی بەرهەمی هونەری لەسەر بەندە. تارادەیەکی زۆر لەمڕۆدا پێوەرەکان تێکشکاون، نە چییەکی دیاریکراو، و نە کێیەکی دیاریکراو نەماوەتەوە تا بەهای هونەری بە کارێکی هونەری بدات. ئەمە سەرەڕای دیوێکی ئەرێنی، کە جاری وایە فۆرمی هونەری نوێی لێکەوتووەتەوە، دیوێکی نەرێنیشی هەیە، کە زۆرجار شتی سادە بەناوی هونەرەوە تەرحکراوە و بەزۆر بەرگی هونەری بەبەرداکراوە. لە هونەری شێوەکاریدا لەدوای «مارسێل دوشامپ»ەوە دابڕانێک دروست دەبێت. دوشامپ دەیویست لە ڕێگەی کارە دژەباوەکانییەوە لادانێک بخولقێنێت. نیازی دوشامپ تێکشکاندنی ئەو پێوەرانە بوون کە بۆ بەرهەمی هونەری دانرابوون. لای دوشامپ دەکرێت پەراوێزترین شتی سادەی ژیانی ڕۆژانە بێنین و وەک بەرهەمێکی هونەری بیناسێنین. لەدوای دوشامپەوە هونەری «کۆنسێپتئارت» دروست دەبێت و فۆرمی هونەری و ئۆنتۆلۆژیای هونەر دەکەونە بەردەم پرسیار و قەیرانەوە. لەدوای دوشامپەوە دەکرێت هەر شتێک ببێت بە هونەر و وەک کارێکی هونەری حیسابی بۆ بکرێت، لەمەشدا کەس ناتوانێت بە هونەرمەند بڵێت فلانە شتت بۆ بە کاری هونەری داناوە. ئەوانەی کاری کۆنسێپتئارت دەکەن هەرچۆن ڕەخنەش بکرێن، بیانوی خودیی خۆیان هەیە و کارە هونەرییەکانیان بە سەلیقەیەکی خودی دادەنێن. بۆ نمونە هونەرمەندی ئیتاڵی «پییێرۆ مانزۆنی»

فووكردن بە میزەڵانە بە كارێكی هونەریی دادەنا و كارەكەشی ناودەنا هەناسەی هونەرمەند، یان پەنجەمۆری لەسەر هێلكە دەنەخشاند و وەک كارێكی هونەری دەیناساند. گەڕانەوە بۆ فۆرمی هونەری و بەستنەوەی بەهای هونەر بە فۆرمەوە، نەک بە مانای خودی و كۆنسێپتەوە، ڕەنگە یەكێک بێت لە ڕێگە ڕادیكاڵەكان بۆ هەڵوەشاندنەوەی زۆر شتی سادە كە بەزۆر بەرگی هونەرییان بەبەرداكراوە. بۆ نمونە «مۆزەكەی ماوریزیۆ»[٤] وەک زیندووترین نمونە كە بووە جێگەی موناقەشە و جەدەلێكی زۆر، گەر لە مانای خودی و كۆنسێپتەوە بۆ ئەو ئیشە نەڕوانین، لە فۆرمی هونەرییەوە بۆ ئەو ئیشە بڕوانین، ئەو ئیشە هەڵدەوەشێتەوە و نابێت بە ئیشێكی هونەری. هەر مانایەكی خودی و كۆنسێپتێكی خودی لەپشتی ئەو كارەوەش هەبێت، مانایەكی نامێنێت و نابێتە پرس و مەسەلەیەک بۆ هونەر. گەڕانەوە بۆ فۆرمی هونەری و بەستنەوەی بەهای هونەر بە فۆرمەوە تەنیا لە بواری شێوەكاری و كۆنسێپتئارتدا ڕێگەیەكی ڕادیكاڵ نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی زۆر كاری هونەری كە بەزۆر بەرگی هونەرییان بەبەرداكراوە، بەڵكو لە بواری موزیک و گۆرانی و سینەماشدا گەڕانەوە بۆ فۆرمی هونەری دەكرێت ڕێگەیەكی ڕادیكاڵ بێت بۆ هەڵوەشاندنەوە و ڕەتكردنەوەی زۆر كاری هونەری كە تەنیا بەناو هونەرن و فۆرمی هونەرییان نییە. زۆربەی گۆرانی و موزیكی پۆپ و سینەمای هۆلیود تەنیا تەكنیكی ڕووتن و داماڵراون لە فۆرمی هونەری.

گەر لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا ئاوڕێک لە واقیعی خۆمان

٤: مەسەلەی مۆزەكەی ماوریزیۆ، كارێكی هونەرمەندی ئیتاڵی ماوریزیۆ كاتێلان بوو. مۆزێک بەلەزگە لكێنرابوو بە دیواری پێشانگایەكەوە و كارەكەش وەک كارێكی هونەری لەلایەن هونەرمەندەكەوە ناسێنراو، و نرخەكەی تا ١٢٠ هەزار دۆلار ڕۆیشت. بەڵام پێش ئەوەی بفرۆشرێت لەلایەن هونەرمەندێكی ترەوە مۆزكە خورا.

بدەینەوە، دەبینین نە مارکسیزم وەک نەریتێکی تیۆری و فیکری هاتووە، نە کایە هونەرییە جیاوازەکان بەتەواوی شکڵیانگرتووە. کایەی هونەریی موزیک و گۆرانی لەچاو کایە هونەرییەکانی تردا زیاتر شکڵیگرتووە و ڕابردوویەکی دوورتریشی هەیە. سینەما وەک کایە بوونی نییە، تەنیا لە ئاستێکی دیاریکراوی کەمدا فیلم بەرهەم دەهێنرێت. هونەری شێوەکاری و کۆنسێپتئارتیش لێرە لە ئاستێکی دیاریکراودا بەرهەمدێن. لێرەدا نامانەوێت قسە لەبارەی ئەم هونەرانەوە بکەین و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، ئەمە لە بابەتی ئەم باسە بەدەرە. بەڵام دەکرێت ئاماژە بۆ یەک ڕاستیی تاڵ بکەین، ئەم هونەرانە لە سەردەمی قەیرانی هونەر لە سەردەمی پۆستمۆدێرنەدا گەشەدەکەن و شکڵدەگرن. بۆیە ئەرکی هونەرمەندانی ڕاستەقینە لێرە چەندکەرەت قورسترە لە ئەرکی هونەرمەندانی ڕۆژئاوا. چونکە هونەر لێرە بناغەیەکی پتەوی نییە و بەناو مۆدێرنەدا تێنەپەڕیوە و بەر بە سەردەمی پۆستمۆدێرنە و هونەری پۆستمۆدێرنە کەوتووە. ئەوە ڕاستە سەردەمەکە، سەردەمی پۆستمۆدێرنەیە و دەرکەوتەکانی کاریگەریی بەسەر کۆمەڵگاکەی ئێمەشەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە هێشتا کۆمەڵگایەکی پێشمۆدێرنە و لەڕووی کولتوری و لە زۆر ئاستی تریشدا بەناو پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا تێنەپەڕیوە. بۆیە هونەرمەند لێرە لە کاتی بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا دەبێت حیساب بۆ کۆنتێکست و کولتوری لۆکاڵی بکات و کۆمەڵگاکەی خۆی بەباشی بناسێت. گەر لە واقیعی خۆماندا لەبارەی ڕوانگەی مارکسیزمەوە بۆ هونەر بدوێین، وەک چۆن لە هەموو ئاستەکانی تردا ڕوانگە ئایدیۆلۆژییە ئەرسۆدۆکسییەکە زاڵە، وەک چۆن بۆ سیاسەت بۆ ئەدەب بۆ فیکر و تیۆر ڕوانگە مارکسییە ئەرسۆدۆکسییەکە زاڵە، ئەوە بۆ هونەریش هەمان شتە. خۆی بەهۆی بارودۆخی مێژوویی ئێرە و

گوتاری ناسیونالیستییەوە، هەمیشە ئەو چاوەڕوانییە لە ئەدەب و هونەر هەبووە وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژییان هەبێت و هەڵگری پەیامێکی ئایدیۆلۆژی بن. مارکسیزمی ئەرسۆدۆکسیش لێرە لەپاڵ گوتاری ناسیونالسیتییەوە، چاوەڕوانییەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە ئەدەب و هونەر هەیە، بەڵام چاوەڕوانی ئەم ڕوانگە مارکسیستییە پەیامدارکردنی هونەرە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی چینایەتی. واتا ئەم ڕوانگەیە پێیوایە دەبێت هونەر لێرە چەکی بەرەنگاریی چینی پرۆلیتاریای چەوساوە بێت دژ بە چینی بۆرژوازی چەوسێنەر. بونیادی کۆمەڵگای ئێمە لەڕووی ئابورییەوە چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریای بەرهەم نەهێناوە بەو جۆرەی کە لە ڕۆژئاوادا شکڵیانگرتووە. لەڕووی کولتوریشەوە ئێمە شتێکمان نییە بەناوی کولتوری بۆرژوا و کولتوری پرۆلیتاریا، یان ئەدەب و هونەری بۆرژوا و ئەدەب و هونەری پرۆلیتاریا. بۆیە هەر ڕوانگەیەکی مارکسیستی لە واقیعی ئێمەدا بانگەشەی ئەوە بکات دەبێت هونەر ئامرازی چینی پرۆلیتاریا بێت و هەڵگری پەیامی ئەو چینە بێت، ئەوە جگەلەوەی ئەو ڕوانگەیە بۆ کۆمەڵگای ئێمە بێڕەبتە و نایپێکێت، هەر کارێکی هونەری لەو جۆرەش بکرێت کۆمیدی و کاریکاتێر دەکەوێتەوە. ڕەنگە باشترین ڕوانگەیەک بۆ کۆمەڵگای ئێمە ئەو ڕوانگەیە بێت دژ بەوەیە هونەر بەسیاسی و بەئایدیۆلۆژی بکرێتەوە. لانیکەم لە ئەدۆرنۆ و مارکۆزەوە لەوە تێدەگەین هونەر بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانە و ڕەتکەرەوە بێت، پێویست ناکات سیاسی و ئایدیۆلۆژی بێت. هونەر کە سەربەخۆ بوو ئیمکانی ئیبداع لە فۆرمی هونەریدا دەکاتەوە.

مارکسیزم و ژینگە

پێر-ئۆکێ وەستێرلۆند

وەرگێڕان: نیما لوقمان

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

مارکسیزم بەشێوەیەکی گشتی بەهەڵە تاوانباردەکرێت بەپێدانی مافی بەکارهێنانی ژینگە بۆ بەدەستخستنی گەشەی ئابووریی پێویست بۆ چارەسەرکردنی هەژاری و پێویستی. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ شتێک ناتوانێت باشتر لە حەقیقەت بێت. لەسەر بنەمای بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس و ئەزموونی ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ڕوسیا، «پێر-ئۆکێ وەستێرلۆند»[١](حیزبی سۆسیالیستی سوید[٢]-یەکینەی نێودەوڵەتیی کرێکارانی سوید[٣])، خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ واقیع خستەڕوو کە نوسخە سەرەکییەکەی لە «سۆسیالیزمی ئەمڕۆ» ڕۆژنامەی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست(حیزبی خۆشکیهەڵبژێردراو[٤] «بەدیلی سۆسیالیستی» لە ئینگلیس و وێلز)، ژمارە ١٩٤(دەسامبێر٢٠١٥/ ژانوییە٢٠١٦) بڵاوبووە.

دوو تۆمەتی باو دژی مارکسیزم لەلایەن ڕاستڕەوەکان، بەشێک لە چالاکوانانی ژینگە و هەروەها بەشێک لە چەپەکان سەبارەت بە ژینگە بوونی هەیە. یەکەم ئەوەی کە کارڵ مارکس ڕوانگەیەکی زۆر ئەرێنی سەبارەت بە بوونە پیشەسازی و سوودوەرگرتن لە سروشت وەکو سەرچاوەیەکی ناکۆتا هەبووە. دووەم ئەوەی کە مارکسیزم بەرپرسیاریی هەندێک لە خراپترین کارەساتە ئیکۆلۆژییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی لە ئەستۆیە.

بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەوە، ئاگایی سەبارەت بە ژینگە و تێکۆشان بۆی، بۆ مارکسیستەکان ئەرکێکی نوێ نییە. لەڕاستیدا مارکس لە ڕاڤە و ڕەخنەی کاریگەریی ڕووخێنەری

١: Per-Åke Westerlund

٢: Rättvisepartiet Socialisterna

٣: CWI Sweden

٤: ئەو حیزبانەی کە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی یەکگرییان هەیە.(وەرگێڕ)

بەپیشەسازیبوونی سەرمایەدارانەی سروشت-وەکو کۆمەڵگا-پێشەنگبووە. مارکس و ئەنگڵس، نوسەرانی مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ۱۸٤۸، بۆ تەواوی بەشە زانستییەکان بەوردی بەدواداچوون و خوێندنەوەیان کردبوو.

بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرمایەدارانە، چینی کرێکار(پرۆلیتاریا) و ئیشی تاقەتپڕوکێنی ئەوان، کە هەبوونی خۆیان تەنیا لە دەیەکانی ڕابردوو نیشاندابوو، هەر زوو لەلایەن مارکسەوە وەکوو تاکە گرینگەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا ناسێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا، جەختکردنەوە لەسەر گرینگی چینی کرێکار بە واتای ڕەچاونەکردنی ژینگە نەبوو.

ئەوەی جێگای سەرنجە، مارکس کاری تاقەتپڕوکێنی وەکو «پرۆسەیەک کە مرۆڤ و سروشت تێیدا بەشداری دەکەن» ڕەچاودەکرد. لە ڕەخنەگرتنی مارکس لەمەڕ پرۆگرامی گۆتا[٥]، پرۆگرامێک کە کۆنگرەی سەرەتایی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانیا (SPD) لە ساڵی ۱۸۷٥ ڕەچاوی کردبوو، لەسەر ئەو باسە جەختکراوەتەوە. مارکس پەیامی ئەو پرۆگرامەی «کاری تاقەتپڕوکێن سەرچاوەی تەواوی سەروەت و کەلتوورە» ڕەچاوی کردبوو و نووسی: «کاری تاقەتپڕوکێن سەرچاوەی تەواوی سەروەت نییە. سروشت هەر وەکو کاری تاقەتپڕوکێن، سەرچاوەی بەها بەکارهێنراوکانە(و بەدڵنیاییەوە شتێکە کە لە سەروەتی مادی پێکهاتووە!) کە ئەوە خۆی بەرجەستەبوونی هێزی سروشت و توانستی کاری مرۆڤە». ئایدیای هەڵەی کاری تاقەتپڕوکێن وەکو تەنیا سەرچاوە، پەیوەستە بە «فێردیناڵ لاسال»ـەوە نە خودی مارکس.

٥: Critique of the Gotha Programme

ماركس سەبارەت بە كاریگەرییەكانی پچڕانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤایەتی و سروشت هۆشداری دابوو. هەر لەبەرئەوە ماركس بینەری نامۆیی كرێكاران لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە وەكو بەشێك لە پرۆسەی هاوشێوەی نامۆیی مرۆڤایەتی لە سروشت بوو. لە سەردەمی ماركس، ئەو كردارە بەتایبەت لە بەپیشەسازیبوونی جووتیاری بەرچاو بوو.

چینی كرێكار لە بەرەی پێشەوەی كاریگەریی سەرمایەداری لەسەر ژینگە بوونی هەبووە و هەیە. بۆ نموونە كۆمپانیاكانی وزە-نەوت، بەردی خەڵووزی و وزەی ئەتۆمی-هەڕەشەیەكی ڕاستەوخۆی بۆ سەر كرێكارانی ئەو پیشانە، خەڵك و دەڤەری سروشتی لە تەواوی ناوچەكان و وڵاتەكاندا هەیە. كرێكارانی ئەو پیشانە بەشێوەیەكی گشتی بەئاگاترین تاكەكانن سەبارەت بەو مەترسییانە. شەڕ بۆ باشتركردنی ژینگەی ئیش، بەشێكی گرنگی خەباتی ژینگەیە.

سەرەڕای ئەوە، فەلسەفەی ماركسیزم(ماتریالیزمی دیالەكتیكی) هەندێك ڕێ و شوێن بۆ ڕاڤە و شرۆڤەی قەیرانی كەش و هەوای ئەمڕۆ پێشكەش دەكات، ماركس و ئەنگڵس لە ناوەڕاستەكانی سەدەی نوزدەیەم پیشانیاندا كە چۆن كۆمەڵگا و سروشت لە ڕێگەی كۆبوونەوەی پارادۆكسەكان، تووشی بازدانی چۆنیەتی دەبن. ئەمڕۆكە، توێژەرەكانی كەش و هەوا ئەو ڕێكارە بۆ ئاگاداركردنەوە سەبارەت بە بەرزترین پلەی خاڵێك باسدەكەن كە ژینگە لە قۆناغێكەوە بەشێوەیەكی تاك ئاڕاستە بەبێ هیچ ئەگەری گەڕانەوەیەك دەچێتە قۆناغێكی ترەوە.

زۆرینەی ئەو كەسانەی كە ماركس بە هۆكاری لەبیركردنی ژینگە سەركۆنە دەكەن و خۆیان وەكو لایەنگرانی سۆسیال دیموكراسی یان ستالینیزم پێناسە دەكەن، تەنانەت بەرهەمەكانی

مارکسیان نەخوێندووتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەوان بە ناوی سۆسیالیزم دروستیان کردووە، لەپیوەندی لەگەڵ دیموکراسیی کرێکاری، ڕۆڵی دەوڵەت و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژینگەدا، بەتەواویی لەگەڵ مارکس لە پارادۆکس دایە. بەڵام بەپێچەوانەوە، مارکس پێشبینی کردبوو کە «زانستی سروشتی، دەگۆرێت بۆ بنچینە و بنەمای زانستی کۆمەڵایەتی، هەر وەکو لە ئێستادا بنەمای ژیانی واقعی مرۆڤە.»[٦]

سروشت لە ڕوانگەی مارکسەوە

بۆ تێگەیشتن لە مارکسیزم و ژینگە دەبێت تێبگەین کە مارکس هەمیشە جیهان و یەکپارچەیی مێژووی جیهانی، وەکو خاڵی دەستپێک بۆ ڕاڤە و شرۆڤە و پرۆگرامی خۆی دەبینی. ئەو ڕاستییە کە مارکس لە سەرمایەداری وەکو سیستەمێکی پێشکەوتووی مێژووی دەڕوانی، زۆر چەواشەکراوە و بەهەڵە لێکدراوەتەوە. بۆ نموونە «میشێل لیڤی»[٧]، لە نووسینگەی ئەنتەرناسیونالی چوارەم، نووسی کە مارکس «ئاکار و ڕوانینێکی تاڕادەیەک دوور لە ڕەخنەی بۆ شارستانێتی پیشەسازی، بەتایبەت سەبارەت بە پەیوەندیی وێرانکەری ئەو لەگەڵ سروشت هەبووە». لووی هەروەها بانگەشە دەکات کە «مارکس ڕوانگەیەکی یەکپارچەی ئیکۆلۆژی نەبووە.»[٨]

یەکەم، لە ڕوانینی مارکس لایەنی پێشکەوتنی سەرمایەداری بەبەراورد لەگەڵ فیوداڵیزم بووە. لە ئاکامدا، ئەوە بەرەوپێشچوونێکی کاتی بوو. سەرەکیترین دەستکەوتی سەرمایەداری، دروستکردنی کۆمەڵگایەک بوو کە بەپێی ئەوە،

٦: دەستنووسە ئابووری–فەلسەفییەکان ١٨٤٤

٧: Michael Löwy

٨: بۆ مارکسیزمی قەیراناوی، دژبەری ڕەوت، نوامبر– دەسامبر

خودی ئەو سیستەمە لەگەڵ كۆمەڵگای چینایەتی لەناودەچێت. چینی كرێكار بە پاڵپشتی جووتیارە هەژارەكان هێزیان بەدەستهێنا كە ئەوە بە واتای دەسەڵاتی زۆرینە و دەستپێكی كۆمەڵگایەكی تەواو جیاواز بوو. لە پێشتردا، لە كۆمۆنەی پاریسی ساڵی دا١٨٧١، كاتێك كە كرێكاران بۆ ماوەی دوو مانگ خاوەن هێز بوون، ڕوانگەی ماركس بەتەواوی سەلما.

تێگەیشتن لە ڕۆڵی سەرمایەداری بە واتای بەرگریكردن لە سیستەم نییە. ماركس پێشتر و زۆرتر لە هەموو كەسێكی تر، لە سەرمایەداری وەكو سیستەمی بەرهەمهێنانی قازانج لە زێدەكار تێگەیشتبوو. هێزی زانستی و سروشتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دەگونجێندرێن و دەچەوسێنەوە. سەلامەتی كرێكارەكان و كاریگەریی سەرمایەداری لەسەر سروشت ڕەچاوناكرێت. ماركس بەڕوونی بینەری قۆناغەكانی گۆڕانی سروشت بە ویستی سەرمایەداری بوو و هۆشداری دەدا. هەندێك لە ڕەخنەگران بانگەشە دەكەن كە ماركس سروشتی بەچاوی شتێكی خۆڕایی و ناكۆتا دەبینی. بەڵام تێبینییەكە لێرەدایە كە لە ڕوانگەی ماركسەوە سروشت لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەداریدا هیچ نرخ و بەهایەكی نییە. ماركس گەیشت بەو دەرەنجامە كە [لە ڕوانگەی سەرمایەدارییەوە] تەنانەت سروشتی وەكو: هەوا، دارستان و ماسییەكان كە هێشتا كەڵكیان لێ وەرنەگیراوە بەهای بەكاربردنیان هەیە.

ماركس بەشێوەیەكی تایبەت ماتریالیزمی نامیكانیكی ئەپیكۆر(٢٧٠-٣٤١پێش زایین) و دیالەكتیكی هێگلی(١٧٧٠-١٨٣١) خوێندووتەوە و فەلسەفەی خۆی بەناوی ماتریالیزمی دیالەكتیكی پەرەپێدا. ئەوە ڕوانگەیەكی درەوشاوە بوو بۆ جیهان كە بەشێوەیەكی بێ كەموكوری، بۆ ئەو سەردەمە گونجاوبوو.

گرنگترین پێشهاتی ئەو سەردەمە مێژووییە، واتە شۆڕشی فەرەنسا، لە ئاکامی دوو بنەمای مادی(ئابووریی سەرمایەداری و دەربازبوونی کۆمەڵگا لە فیودالیزم) و هەوڵدانی ئاگایانەی کۆمەڵە شۆڕشییەکان بوو.

ئایدیاکانی مارکس لەنێو تەواوی ئەو فەلسەفانەی کە پێشتر لەبەرامبەر ئاین شکستیان خواردبوو، پەرەپێدراوترین [ئایدیا] بوو. بەجێی ئەوەی کە زەوی هەرگیز ناگۆڕێت و زەوی ناوەندی هەموو شتێک و مرۆڤایەتی ناوەندێتیی زەوییە. مارکسیزم لە درێژەی ماتریالیزمی کلاسیکی جیهانی، تەنانەت مەرگی هەمیشە لە گۆڕانکاریدا دیوە. ژیان، بەرهەمێک لە زەوی(سروشت) بووە ، نە بەرهەمێک لەلایەن خودا. مرۆڤایەتی لەگەڵ سروشت ئاوێتە بووە و نە لەدەرەوەی ئەو. هەروەها مارکس، مێژووی بە دوو بەشی کۆمەڵایەتی و سروشتی دابەش نەکردووە، بەڵکو ئەوانی بە یەک شت زانیوە. یاسا دیالەکتیکییەکان، لە کۆمەڵگا و سروشت جێبەجێ دەکرێت، و هەروەها بەرەوپێشچوونی ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕ و کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن. مارکس بۆ بەیانکردنی زنجیرەیەک لە پرۆسەی پەیوەندیدار بە یەک لە یەک جەستەدا دەستەواژەی «میتابۆلیزم»بەکارهێناوە.

مارکس نیشانیدا کە جیاوازیی ڕوو لە گەشەی نێوان شار و وڵات، بەکەموکوری ئەو میتابۆلیزمە هەژماردەکرێت، کە «جان بلامی فاستێر»، نووسەری کتێبی بەسوودی «ژینگەناسی مارکسیزم»، ئەوی لە «دابڕانی میتابۆلیکی» کورتکردووتەوە. مارکس لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا، کە لە ساڵی ١٨٩٤، پاش مردنی(١٨٨٣) بڵاوبووە، سەرمایەداری وەکو دابڕانێک لە یاسا سروشتییەکانی ژیان باسدەکات: «لەلایەکی ترەوە، خاوەندارێتیی بەربڵاوی زەوییەکان، بەردەوام ژمارەی خەڵکی جووتیار کەم

دەکاتەوە و ئەوان دەخاتە بەرامبەر بە خەڵکی پیشەسازی کە بەردەوام لە حاڵی گەشەکردن لە شارە گەورەکاندان. بەپێی ئەوە، بارودۆخێک کە دابڕانێکی قەرەبوونەکراو لە یەکپارچەیی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی کە لەلایەن یاسا سروشتییەکانی ژیان دیاریکراوە، دروست دەبێت.»

مارکس لەسەر بنەمای باسێک سەبارەت بە لەناوبردنی درێژخایەنی خاک، لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی لە جووتیاریدا، نووسی: «تەواوی بەرەوپێشچوونەکانی جووتیاری سەرمایەدارانە، بەرەوپێشچوونی تەکنیکییە؛ کە ئەوە نەک هەر تاڵانکردنی کرێکارە، بەڵکو لە هەمان کات دزینی خاکیشە. تەواوی بەرەوپێشچوونەکان لە زۆرکردنی بەرهەمهێنان لە خاک لە کاتێکی دیاریکراودا، بەرەوپێشچوونێکە بۆ لەناوبردنی سەرچاوە پایەدارەکانی ئەو بەرهەمهێنانە».

مارکس ڕوونیدەکاتەوە: «بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە، بەچڕکردنەوەی دانیشتووان لە شوێنە ناوەندییە گەورەکان... ئاڵوگۆڕی مادی لەنێوان مرۆڤ و خاک لەناودەبات، واتە بە بەکارهێنانی توخمەکانی[خاک] لە قاڵبی خۆراک و پۆشاک لەلایەن مرۆڤەوە، ڕێگە دەگرێت لە گەڕانەوەی ئەوان بۆ خاک. لەو ڕووەوە، مەرجی پێویست بۆ بەردەوامی بەرهەمهێنەری، خاک لەناو دەبات»، و دەڵێت: «بەو پێیە ، تەنیا بە لاوازکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی سامان، واتە خاک و کرێکارە کە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژی و پرۆسە تێکەڵبووە جیاوازەکان بەشێوەی گشتێکی کۆمەڵایەتی.»[٩] مارکس لە پێشبینییەکی تیژبینانەدا، هۆشداریدا لە نوێکردنەوەی بەردەوامی سەرمایەداری، ئەگەری «ئەو پرۆسەی لەناوبردنە» بەرزدەکاتەوە.

٩: سەرمایە، بەرگی یەکەم، ١٨٦٧

ئەنگڵس هۆگری و پێویستی بە فێربوون لە سروشت بە جۆرێکی کورت بەیانکردووە: «بەو پێیە، لە هەر بڕگەیەک دەبێت بیری ئێمە بخرێتەوە کە بە هیچ شێوەیەک نابێت وەکو داگیرکەرێک لەسەر خەڵکی بێگانە و کەسێک کە لەدەرەوەی سروشت وەستاوە، بەسەریدا زاڵ بین. لە کاتێکدا کە ئێمە، بە گۆشت، خوێن و مێشک خۆمان پەیوەست بە سروشتین و لە قاڵبی ئەو داین. تەواوی باشی ئێمە لە ئەو حەقیقەتەدایە کە ئێمە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی تەواوی بوونەوەرانی تر بۆ فێربوونی یاساکانی سروشت و بەکارهێنانی دروستی ئەوانین.»[١٠]

سۆسیالیزم لە ڕوانگەی مارکسەوە

کەسانێکی تر، مارکس بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پلانێکی وردتری بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی داهاتوو پێشکەش نەکردووە. ئەو ڕەخنەگرانە باوەڕیان وایە کە سۆسیالیزمی ئەو واتای وایە کە هێز بەدەست کرێکارانەوە بێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئابووری و جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگە لە بنەڕەتدا هاوشێوەی سەردەمی سەرمایەداری ماوەتەوە. ڕاستە کە مارکس و ئەنگڵس لەگەڵ سۆسیالیستە ئایدیالیستەکاندا کە پلانی وردتریان پێشکەش کردبوو، جیاوازییان هەیە. بەوحاڵەوە، ئەوە بە واتای ئەوە نییە کە باسکردنی جیاوازییەکانی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری لەناو نووسینەکانی ئەوان بوونی نییە.

مارکس و ئەنگڵس باجە گەورەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە کە لەلایەن کرێکاران، جووتیاران، سروشت و کۆمەڵگا دەدرا، خستاینەڕوو. ئەوان هەستان بە پاڵپشتیکردن لە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بەرهەمهێنان و جێنشینی ئەو لەگەڵ ئەو

١٠: ڕۆڵی کار لە پەڕینەوە لە مەیمونەوە بۆ مرۆڤ، ١٨٧٦

شتەی مارکس ناوی نابوو بەرهەمهێنانی هاوبەشی. خاوەندارێتیی کۆمەڵگا لەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە جێنشینی سیستەمی ئانارشیستی سەرمایەداری دەبێت و ئەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی پلانێکی کۆمەڵایەتی، ڕێکدەخرێت.

پێشبینییەکانی مارکس سەبارەت بە سۆسیالیزم، بەناونیشانی کۆمەڵگایەک بە بەرهەمهێنانی زۆر و زۆری سەرچاوە چییە؟ ئایا ئەوە بە واتای کارەساتی زۆرتر بۆ ژینگە دەبێت؟ یەکەم ئەوەی کە ئەمڕۆکە وەکو سەردەمی مارکس، پێویستی خێرا بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هەمووان بوونی هەیە. ئەو ئەرکە پێویستی بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی خواردن، دابینکردنی خانوو، تەندروستی و دەرمان، پەروەردە و تەنانەت زۆرکردنی پانتایی تەکنیکە مۆدێرنەکان هەیە. لە سەدەی ١٩دا، بەرهەمهێنان ئەو پێداویستییانە بەهۆی بەرهەمهێنانی چەک، زێدەڕازاوەیی و زریق و بریق و هتد ئەگەری بەرهەمهێنانی هەبووە. تەنانەت ئەمڕۆکەش، سەرچاوە گەورەکان بۆ تێچووە چەکدارییەکان و سەرفکردنە زێدەڕازاوەیی و زریق و بریقەکان لەلایەن یەک لەسەر سەدی [کۆمەڵگا] بە فیرۆدەچێت.

مارکس لە «ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا» و «سەرمایە»دا سەبارەت بە پێویستی بۆ یەکسانکردنی سەرچاوەکان بۆ مەسرەفی تاک، زۆرکردنی پێویستی مەسرەفی کۆمەڵایەتی، یەکخستنەوەی سەرچاوەکان بۆ سەرمایە دانان و هەروەها وەکو پاشکۆی کۆمەڵایەتی، باسکرد. ئەو کردارە هەروەها دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان کاتی ئیش(کە دەبێت کەم بکرێتەوە) و کاتی ئازاد لەخۆدەگرێت. لە کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیە، هەموو کەس ئیش دەکات، پسپۆری و تێگەیەشتنی خۆی بەرەوپێش دەبات و بۆ بەشداریکردن لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگا کاتی دەبێت.

کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی، لەخۆبێگانەبوون لەناو دەبات و ڕێگە بە هەموو کەس دەدات کە بەبێ بوونی ئاستەنگەکانی موچە و سەرمایە، پێشکەویت. ئەو کۆمەڵگایە بە واتای «یەکگرتوویی تەواوی نێوان مرۆڤ و سروشت(زیندووکردنەوەی ڕاستەقینەی سروشت)، سروشتگەرایی هێڵەرەوەی مرۆڤە و مرۆڤگەرایی هێڵەڕەوەی سروشتە»[١١] شۆڕشی سۆسیالیزمی نەتەنیا کرێکاران و مرۆڤایەتی، بەڵکو سروشتیش ڕزگار دەکات. بە هەبوونی خاوەندارێتیی هاوبەشی زەوی، سروشت ئیتر نابێتە کالایەک بۆ بەدەستهێنانی سوود.

لە پرۆگرامێک کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا باسکراوە، بەشێک لە داواکارییە گرنگەکانی ئەمڕۆکەش بەپێی ژینگە گرنگن. داواکاری یەکەم باس لەوە دەکات: «پووچکردنەوەی خاوەندارێتیی زەوی و بەکارهێنانی تەواوی ئەو سامانە سروشتییەی زەوییەکان بۆ ئامانجە گشتییەکان». ئەو کردارە وەکو نموونە بۆ ناڕەزاییەکان سەبارەت بە کانگا مەترسیدارەکان و پاشکۆ نەوتییەکان بەکاردێت. بەشی دووەمی ئەو داواکارییە جەخت لە بەکارهێنانی ئەو داهاتانەی کە سەرچاوەکانیان زەوییە، لە بەشی گشتییەکان دەکاتەوە. داواکاری شەشەم پێویستی پێڕاگەیشتن بە هاتووچۆ دینێتە ئاراوە؛ «چڕکردنەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی و هاتووچۆ بۆ نەتەوە».

داواکاری حەوتەم پەیوەندییەکی زۆر گرنگی لەگەڵ ژینگەدا هەیە: «پەرەپێدانی شوێنە پیشەسازییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پەیوەست بە نەتەوە، چاکسازی لەوەڕگەکان و چاکردنەوەی خۆڵ بەپێی پلانێکی هاوبەش بەشێوەیەکی گشتی»: پرۆگرامێکی هاوبەش لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی

١١: مارکس دەستنووسە فەلسەفی-ئابوورییەکان، ١٨٨٤

هاوبەش لە جێگەی سوودمەندی تایبەت بە ئاكامی چاودێری و چاكردنەوەی زەوی. بەكورتی، گۆڕانی سیاسەتی كۆمەڵگا وەكو شێوەی هەڵسوكەوت لەگەڵ سروشت، [لەسەر بنەمای] پرسی خاوەندارێتی، هێز و كۆنترۆڵكردنە

بەلشەفییە پێشەنگەكان

لە ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٧، چینی كرێكاری ڕوسیا و وڵاتانی ژێر زوڵم و ستەمی تێزارەكان بە دەسەڵات گەیشتن. بەپێچەوانەی بوختانەكانی ئەمڕۆكە لە دژی دەوڵەتی بەلشەفییەك، ئەو دەوڵەتە لە تەواوی سیاسەتەكانی بەشەكانی كۆمەڵگا شۆڕشی كرد. یەكەم وڵات بوو كە ڕەگەزپەرستی و دژەجوولەكەبوونی قەدەغە كرد و لەباربردنی منداڵ، جیابوونەوە و هاوڕەگەزخوازی یاسایی كرد. لەسەر ئەو بنەمایە، بەلشەفییەكان بە سەركردەیی لینین و ترۆتسكی، پێشەنگەكانی سیاسەتی ڕادیكاڵەكان لە بواری ژینگەدا بوون.

پێش شۆڕش، ڕوسیا وەكو زۆرینەی وڵاتەكانی تر، وڵاتێكی دواكەوتووی ئابووری بوو. زانایان، لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی ڕۆمانۆف بۆ ڕازیكردنی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، بازرگانەكان و تەنانەت هاوكارەكانی خۆیان بۆ گرتنەپێشی تەكنیكە بەڕێوەبەرییە زانستییە مۆدێرنەكان بۆ پاراستنی سەرچاوەكان و هەروەها ئەرخەیانبوون لە بەردەستبوونی بۆ نەوەكانی ئێستا و داهاتوو(پاراستن و ئاگالێبوونی سەرچاوە سروشتییەكان) سەركەوتوو نەبوون. زۆرینەی پرۆژەكان ناچار بوون تا دوای شۆڕشی ڕوسیا چاوەڕێ بكەن، چونكە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تێزاری، ئەوان لە ڕادەبەدەر گرانبوون یان لەوانەیە زۆر پێویست نەبووبن. [١٢]

١٢: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی زانكۆی كەمبریج، ٢٠١٣

چینی کرێکار بە ڕابەرایەتی بەلشەفییەکان، لە وڵاتێکی وێرانبووی جەنگی جیهانی یەکەم بە دەسەڵات گەیشتن و خۆیان لەژێر هێرشی چەکداری هێزە داگیرکەرەکان و ژەنراڵەکانی پێشووی حکومەتی تێزاری دیتەوە. بەو حاڵەوە، دەوڵەتە تازەکە دەسبەجێ سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان هەنگاوی نا. دوو ڕۆژ پاش گەیشتن بە دەسەڵات، لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی «سەبارەت بە زەوی»[١٣]، تەواوی دارستانەکان، کانگاکان و سەرچاوە ئاوییەکان وەکو سەرچاوی نەتەوەیی هەژمارکرا.

دوای شەش مانگ، لە مانگی مەی ١٩١٨، ڕاسپاردەیەکی تر، واتە «ڕاسپاردەی سەبارەت بە دارستان»[١٤]، هەلی جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی ناوەندی لەسەر لەناوبردنی و پاراستنی دارستانی ڕەخساند. دارستانەکان دابەشکران بۆ دوو بەش، کە یەکێک لە بەشەکان لە بەکارهێنان دەپارێزرا. ئەوە پرسێکی گرنگ بوو چونکە زۆرینەی دارستانەکان لەژێر دەسەڵاتی تێزاریزم لەناو چووبوون. هەروەها، بۆ ڕاوکردن یاسا پەسەندکرا و تەنیا لە وەرزی تایبەت ڕاوکردن ڕێگەپێدراو بوو. شۆڕشی ڕوسیا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، بواریدا بە ئەنجامدانی توێژینەوە مۆدێرنەکانی زەریاناسی و ماسی گرتنی لەناوخۆی ڕوسیا.[١٥]

ئەو بڕیارانە لە کاتێکی زۆر ئاڵۆز دەرکراون. دەوڵەتی بەلشەفییەک لەکاتی ئاڵۆزی شەڕی ناوخۆ و کۆمۆنیزمی جەنگی، لە زانایان و ئەو کەسانەی کە لەسەر بابەتە گرنگەکانی ژینگە ئیشیان دەکرد، پشتیوانی کرد. زانایان بە پشتبەستن بەو پشتگیرییە، پانتایی چالاکییە ژینگەییەکانیان گەورەتر کردەوە.

١٣: On Land

١٤: On Forests

١٥: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١٣

لە ساڵی ١٩٢٠، لینین سەرقاڵی دروستکردنی «ئیلیمینیسکی»[١٦]، یەکەمین ناوچەی پارێزراوی حکومی سروشتی لە جیهان بوو کە تەنیا قازانجی زانستی هەبوو. تا ساڵی ١٩٢٤، چوار ناوچەی پارێزراو(زاپوودنیک)[١٧] بوونی هەبوو. ناوەندی توێژینەوەیی زۆر دروستکران، زانا ڕوسییەکان وەکو ژینگەناسە بەرچاوەکان ناسرابوون و خولەکانی ژینگەناسی لە زانکۆی مۆسکۆ دەستی پێکرد.

زانایەک بەناوی «وێلادیمیر وەرنادسکی»[١٨]، بە دروستکردنی واتای «نوسفێر[١٩] واتە شێوەیەکی نوێ لە noosphere[٢٠]، کە لەناو ئەو، مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ناسینی پیاو و ژن و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ سروشت، ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانکاری هەیە» ناوبانگی جیهانی پەیداکرد.

شۆڕش بووە هۆکاری گەشەی دامەزراوە ژینگەییەکان. پێشکەوتنێک کە لەلایەن بەلشەفییەکان پەسەند و پاڵپشتی دەکرا. TsBK «دامەزراوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی گێڕانەوە ناوچەییەکان»[٢١] ٧٠هەزار ئەندامی لە ٢٢٧٠ لەق هەبوو؛ هەروەکو VOOP «تەواوی دانیشتوانی ڕوسی بۆ پارێزگاری لە ژینگە»[٢٢] گرنگ بوو.[٢٣] زاناکان و ئەکتەرەکان، هەندێک گۆڤار بۆ نموونە

١٦: Il’menskii

١٧: Zapovedniks

١٨: Vladimir Vernadsky

١٩: Noosphere

٢٠: ئیکۆسیستەمێکی داخراوە کە بۆ هاوشێوەسازی ژینگەی گۆی زەوی دروستکراوە.(وەرگێڕ)

٢١: TsBK(Central Bureau for Study of Local Lore)

٢٢: VOOP(All-Russian Society for the Protection of Nature)

٢٣: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١٣

گرفتە ژینگەییەکان و «بیۆسنۆلۆجی»[24]یان پێشکەشکرد. هەروەها ئەوان لە گوندەکان سیمیناریان دەبەست و هەندێک گروپیان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ویستی زانست، دادەمەزراند. سەرکردەکانی بەلشەفییەک، وەکو «نادژدا کرۆپسکایا»، سەبارەت بە شێوازی چاکردنەوەی ژینگە لە شارە گەورە و بچوکەکان قسەیان کردووە کە لە دەرەنجامی ئەو مۆدێلی شاری سەوز بەبوونی پارکەکان و سەوزایی زۆرتر، پێشکەش کرا.

بەو حاڵەوە، ئەو ئایدیا شۆڕشگێڕانەیە کۆتاییەکی لەناکاوی هەبوو. ستالینیزم و سیاسەتی کۆمەڵایەتی دژە شۆڕشی ئەو، چالاکییە دژە شۆڕشەکانی ژینگەشی لەخۆ دەگرت. دوای شۆڕشی ڕوسیا، لە ئەنجامی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی سیاسیی ساڵی ١٩٢٠، زانستی ژینگەناسی تازەداهاتوو بەخێرایی بڵاوبووە. فەرمانبەرەکان، زانایان و ئەندازیاران پلانی گەورە و سەرسوورهێنەری گەیاندنی کارەبای میللی خۆیان ئەنجامدا. بەڵام کاتێک کە ستالین بە دەسەڵات گەیشت، دۆزینەوەی خۆی بۆ بەناو «وێرانکەران». کە هەندێک لە بەتواناترین زیندەوەرزانان، پارێزەرانی دارستان، پسپۆرانی ماسی گرتن، پسپۆرانی جووتیاری و ژینگەناسانی لەخۆدەگرت، دەستپێکرد.[25]

ستالین لەبەرامبەر ژینگە

هەندێک لە خراپترین کارەساتەکانی ژینگە لە جیهان لەکاتی دەسەڵاتی ستالینیزمدا ڕوویدا. وەکو: وێرانکردنی

٢٤: بیۆسنۆلۆجی لقێکە لە ژینگەناسی کە پەیوەندیدارە لەگەڵ تەواوی چەشنەکانی کۆمەڵگا سروشتییەکان و پەیوەندیی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە.(وەرگێر)

٢٥: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١٣

دەریای«ئارال» لەنێوان قەزاقستان و ئۆزباکستان. کارەساتی چێرنۆبیل لە ئۆکرانیا و لەناوچوونی چەند شار بەهۆی پیسبوون و ئالوودەبوونەوە . ئەو کردەیە چۆن ڕوویدا؟ ئایا ئەو پرسە پەیوەندیی بە بەلشەفییەک و سۆسیالیزمەوە هەبوو؟

پەیوەندییەکە لەوەدابوو کە سەرکردەکانی شۆڕشی ١٩١٧ واتە حیزبی بەلشەفییەک لەلایەن حکومەتی ستالینەوە کوژران و لەناوچوون. ئەو کردەیە لەسەر بنەمای شۆڕشە شکستخواردووەکان لە تەواوی وڵاتەکانی تر و دۆخی واقیعی ڕوسیا شیاو بوو: دواکەوتووی ئابووری و فەرهەنگی کە بە هۆکاری وێرانییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی سارد، قووڵتر بووە.

کاتێک کە دەسەڵاتی ستالینیستی دامەزرا، هیچ ئایدۆلۆژییەکی نەبوو جگە لە مانەوە لە دەسەڵات. ستالین بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەیە ناچار بوو یەکێک لە دەسکەوتە بنچینەییەکانی شۆڕش واتە ئابووریی میللی کە تەواوی بیرۆکراسی ستالینیزمی لەسەر بەند بوو، بپارێزێت. دیکتاتۆری بێ بەزەیی ئەو دەیتوانی بە درۆ بانگەشە بکات میراتگری شۆڕشە. بەو حاڵەوە، ئەو دەسەڵاتە نە سۆسیالیستی بوو و نە کۆمۆنیستی. ستالین سەبارەت بە پرسی ژینگە- هەروەکو باسەکانی تر- وەرچەرخانێکی ١٨٠ پلەیی بوو. حکومەتی ئەو هێز و زەبری بۆ هاوبەشی کردنی جووتیاری، کۆتایی هێنان بە یاسای پاراستنی زاپۆدنیکەکان و دەسپێکی دووبارەی لەناوبردنی دارستانەکان، بەکارهێنا.

سیاسەتی ستالینیزمی لەبەرامبەر بە هەر دژایەتییەک لەلایەن خەڵکی یەکێتیی سۆڤیەت زۆر بێڕەحم بوو: «گرتن، لێپرسینەوە و ئەشکەنجە بەمەبەستی وەرگرتنی دانپێدانانەکان ، سیخوڕی، وێرانکاری و تۆمەت بەخشین» لە بەرامبەر بەو کەسانەی- وەکو

زانایان- کە بەوجۆرە بەدیدەکرا کە دژی پرۆگرامە ستالینییەکانن. دوو دامەزراوەی VOOP و TsBK لەناوچوون. ئەو دیکتاتۆرییە، «چالاکییە سەربەخۆ و لۆژیکییەکانی بەشێوەیەکی گشتی ئاستەم کرد».[٢٦]

چالاکی تەواوی دامەزراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و چالاکوانان قەدەغەکرا کە ڕێگەی بوو وێرانکردنی ژینگە خۆش کرد. یاسا چاکەکان هیچ کات بەفەرمی و بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەکران. ناشایستان و خراپی فەرمانگێڕی هەموو شوێنەکانی گرتەوە. ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٣٠ ئەو خاڵەی باسکردبوو کە ئابووری داڕێژراو، وەکو پێویستی لەش بە ئۆکسیجین، پێویستی بە دیموکراسی کرێکاری هەیە؛ لە ئەگەری نەبوونی ئەو دیموکراسییە تووشی شکست دەبێت و لەناودەچێت. ئۆپۆزسیۆنی دژی ستالین بە سەرکردایەتیی ترۆتسکی و پشتگیری ئەو لە شۆڕش سیاسی دژی دەسەڵات، ڕوانگەی مارکسیزم سەبارەت بە ستالینیزم -وەکو ژینگە- پیشان دەدات.

دەسەڵاتی مشەخۆرئاسای ستالین بۆ بەرەوپێشبردنی خێرای پیشەسازیی کەمپەکانی کاری زۆرەملێ کە پڕ بوو لە زیندانییە سیاسییەکانی، بەکاردەهێنا. ئۆردوگای ڤۆرکۆتا[٢٧]، کە لەناویدا زۆربەی ترۆتسکیستەکانی لەخۆدەگرت، لە ساڵی ١٩٣٢، بۆ دەرهێنانی بەردی خەڵووز لە ناوچەی جەمسەری باکور دامەزرا. ملیۆنان زیندانی، لەژێر چاودێری پۆلیسی شاراوە(NKVD)، وەکو کرێکاری کۆیلە بۆ دروستکردن، دەرهێنان لە کانگاکان و بڕینەوەی دارەکان بەکارهێنران. زۆرینەی پرۆژە گەورەکان لەژێر چاودێری ستالینیزمدا، بێ ڕەچاوکردنی دۆخی جوگرافی،

٢٦: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١٣

٢٧: Vorkuta

تەنیا پەیڕەویان لـە فەرمانەکانی ڕێبەرایەتی دەکرد.

لووتبەرزی ستالین دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەبری تەرکیز لەسەر وێرانییە گەورەکان و تەنانەت وشکەساڵی ڕوسیا، ستالینی هاندا بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی زەرقوبەرق بەناوی «پلاندانان بۆ گۆڕانکاریی سروشت». ئەو کردارە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان و پۆڕاندنی دارستانەکانی لەخۆدەگرت بۆ گۆڕینی بە ناوچەی پیشەسازی. ئایدۆلۆژیستی ئەو پلانە واتە «ترۆفیم لیسێنکۆ»[٢٨] فێڵبازێکی تەواو بوو کە خۆی وا نیشاندەدا کە تەکنیکی نوێی کشتوکاڵی داهێناوە، بەڵام لە دەرئەنجامدا بووە هۆکاری مردنی دارستانەکان. لەژێر دەسەڵاتی ستالینیزم و لیسنکۆئیزم[٢٩]، سروشت خۆی لەخۆیدا هیچ بەهایەکی نەبوو.

تەنانەت دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣، ستالینیزم وەکو سیستەمێک بەردەوام بوو. چەند ساڵ دواتر، کارەساتی ئەتۆمی کیشتیم[٣٠] لە چیاکانی ئۆرال، سەرەتا لەلایەن دەسەڵات و دواتر لەلایەن «نیکیتا خرۆشۆف»ەوە شاردرایەوە. پیسبوونی ژینگەیی، پرۆژە گەورەکان و قەدەغەی تەواوی چالاکییە ژینگەییەکان هەر بەردەوام بوو.

بەو حاڵەوە، ڕەخنەگرانی سەرمایەداریی ستالینیزم، کە هەمیشە ستالینیزم و سۆسیالیزم بە ئامانجی بێ بەهاکردنی سۆسیالیزم، بەیەکەوە تێکەڵدەکەن، دەسکەوتی کەمیان بۆ شانازی پێوەکردن هەیە. «لە
زۆربەی بابەتەکان، دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکانیش هەمان ڕێگەی بەرەوپێشچوونی زۆر مەترسیدار و پڕتێچووی بەکارهێنانی

٢٨: Trofim Lysenko

٢٩: Lysenkoism

٣٠: Kyshtym

سامانە سروشتییەکان، وێرانکردنی ئیکۆسیستەمەکان و دانانی یاسای درەنگ وەخت بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی کێشەکانی داهاتوویان، بەکارهێنا». زۆرینەی شایەتەکانی ساڵی ١٩٩٠ بەڵگەدەهێننەوە بە لابردنی ئابووریی ژێر کۆنترۆڵی ناوەندی، ژینگە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک چاک دەبێتەوە. بەڵام واقیعیەت بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوو. هەڕەشەی نوێ بۆ سەقامگیری[٣١] کە هەڕاجی سەرچاوەی سروشتی و کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی پارێزگاری لە ژینگە لە دەرئەنجامی گۆڕانی پێکهاتەی ئابووری لەخۆدەگرێت، دروست بوو. لە کۆتاییدا، لە ساڵی ٢٠٠٠، بە بڕیاردانی سەرۆک کۆمار پوتین، «ئاژانسی پارێزگاری لە ژینگەی ڕوسیا»[٣٢] هەڵوەشایەوە.[٣٣]

مارکسیزمی ئەمڕۆ

ئەمڕۆکە، کەشوهەوا و ژینگە ژمارەیەکی ڕوو لە زیادبوونی هێناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە. تێکۆشانی زۆر لە تەواوی جیهان لە دژی کۆمپانیا نەوتییەکان، دەرهێنانی نەوت، پاشەڕۆی پیشەسازی، هەندێک پرۆژە پڕ لە مەترسی مەعدەنەکان و ئۆتۆبانەکان و هەروەها بەڵێنە ناوبۆشەکانی سیاسییەکان بوونی هەیە. خۆپیشاندانەکان لە دژی دەرهێنانی نەوت لە پاڵاوگەی نەوتی شێل لە سیاتیل، ڕاگرتنی تونێلی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوای مێلبۆرن، بزوتنەوەی کۆمەڵەی ناوچەیی لە دژی مەعدەنەکانی زێڕ لە یۆنان و دەرهێنانی نەوت لە ئیرلەندا، بەشێک لە تێکۆشانەکانی مارکسیستەکانە.

٣١: ئەو کردارانەی کە لەگەڵ بەردەوامی (ڕێچکە) ژیان و ئیکۆسیستەم لە دژایەتیدا نەبێت.(وەرگێر)

٣٢: Russian Federation’s Environmental Protection Agency

٣٣: مێژووی ژینگەی ڕوسیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١٣

ڕەوتەکانی دژی سەرمایەداری لەنێوان ئەکتەرە هەرێمییەکاندا ڕوو لەزیادبوونە. «نائۆمی کلاین» لە کتێبی «ئەمە هەموو شتێک دەگۆڕێت»[٣٤] باس لەوە دەکات کە بە چ شێوەیەک ئەکتەرەکانی ڕاستی توندڕەوی لایەنگری «تیی پارتی»[٣٥] بەڵگەدەهێننەوە ئەوە کۆمۆنیستەکانن «گۆڕانکارییە هەرێمییەکان» بۆ جێبەجێکردنی ئابووریی ژێر کۆنترۆڵ، دایانهێنا. لەو ڕێگە ناهەموارکراوە، ئەوان بێتوانایی سەرمایەداری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانێکی گەورەی لەو شێوەیە دەزانن. بە گوتەی کلاین، ئەو سیستەمە[سەرمایەداری] لەگەڵ ژیان لەسەر گۆی زەوی و ژیانی مرۆڤایەتی کێشەی هەیە.

هەڵبەت کە جیهان لە سەردەمی مارکس و ئەنگڵسدا تاکو ئێستا گۆڕاوە. بێگومان مارکس بەتامەزرۆیی ڕاپۆرتەکانی زانایانی ژینگە و کەشوهەوای خوێندووەتەوە. کەلێنێک کە ئەو لە کردارەکانی پەیوەست بە زەوی دیتەبوویەوە، لەگەڵ تاودان و لە ئەندازەیەکی گەورە پەرەیپێدرا. گرنگتر لە هەموو شتێک، ئەمڕۆکە مارکسیستەکانن کە دەتوانن ڕێگای بەرەوپێشچوون پێشکەش بکەن. قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەییەکان کە ڕوو لەزیادبوونن لە ئاکامی دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوەیە و (دوانە لێکدژەکان لەگەڵ یەک پەیوەندییان هەیە).

کۆمپانیا نەوتییەکان و یەکگرتووانی هیچ کات بەشێوەی ئارەزوومەندانە تەسلیم نابن. تەنیا هێزی چارەسەرکردنی ژینگە، بەهێزترین هێزی کۆمەڵ، واتە چینی کرێکارە؛ (لەگەڵ) تێکۆشانە ڕوو لەزیادبووەکانی ژینگە کە زۆرینەی ئەوان خەڵکی ناوچە جووتیارییەکان و گوندنشینەکانن. قەیرانەکان و تێکۆشانەکان

٣٤: This Changes Everything
٣٥: Tea party

خەریکی دروستکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتین بەمەبەستی لەناوبردنی سەرمایەداری.

قەیرانە هەرێمی و ژینگەییەکان بەجۆرێک خەریکە گەورە دەبێتەوە کە پێویستی بە دەستبەکاربوونی خێرا هەیە. تەنیا شوێنکاری ڕاستەقینە، پلاندانانی دیموکراتیک و سەقامگیریی سەرچاوەکان، لەسەر ئاستی جیهانییە. کۆمەڵگایەکی سۆسیال دیموکراتی لەو شێوەیە، تەواوی ستانداردەکانی ژیان بۆ زۆرینەی خەڵک بەرز دەکاتەوە، و سروشت و مرۆڤایەتی وەکو دوو ڕۆح لەناو یەک جەستەدا سەیر دەکات.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرچاوە:

مارکسیسم و محیط زیست، پِرآکە وسترلوند، ترجمەی حسین محمدی (وبسایت:www.pecritique.com)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

مـــارکس و نیچـــە

جاک فۆکس ولیامس

وەرگێڕان: دەشتی مەحمود

توێژینەوەیەک دەربارەی چەمکی هێز، چینەکان و ئاین لە تێگەیشتنی مارکس و نیچەدا.

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

هەرچەندە هیچکامیان لە [سەدەی بیستدا] نەژیان، بەڵام مارکس و نیچە لەنێوان دوو لە گرنگترین بیرمەندانی سەدەی بیستن. کاریگەرییەکانیان لەسەر عەقڵ و ڕووداوەکان زۆر بووە کاتێک شۆڕشگێڕانە بیرکردنەوەی ئێمەیان دەربارەی تاک، کۆمەڵگا و سرووشتی مرۆڤ گۆڕیوە. لە کتێبی ئیرادەی هێز (١٩٠١)، نیچە دەریدەخات کە هەموو ڕەفتار و هزری مرۆڤ بەرجەستەبوونی «ئیرادەی هێزە.» لەلایەکی ترەوە، مارکس، (بۆ نمونە لە کتێبی سەرمایەدا، ١٨٦٧)ـدا بەڵگەدەهێنێتەوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەڕێگەی ململانێی چینەکانەوە دەناسرێتەوە، کە تێیدا چینی دەسەڵاتدار هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئاڕاستەدەکەن لەڕێگەی چەوساندنەوەی چینەکانی ترەوە. کەواتە با تێڕامان لە ڕوانگەکانی مارکس و نیچە پەیوەند بە ئاین و بنچینەی ئەخلاقی مەسیحی و فەلسەفەی ڕۆژئاوا و لێکۆڵینەوە لە لێکچوون و جیاوازی بیرکردنەوەکانیان لەم پانتاییانەوە بکەین.

ئیرادەی هێز، ململانێی چینەکان و ئاین

لە کتێبی *زانستی شاد* (١٨٨٢)ـدا، نیچە لە پوکانەوەی کاریگەری مەسیحیەت لە ناو کۆمەڵگای ئەورووپادا ڕادەمێنێت. [لە *زانستی شاد*]ـدا، نیچە بە زێدەڕەوییەکی شاعیرانەوە دەنوسێت، «خوا مردووە، خوا بە مردوویی دەمێنێتەوە و ئێمە خوامان کوشت». هەرچەندە بەڕوونی لە دوونیای ئەمڕۆدا خوا زیندووە، [چونکە] ئێستاش بە ملیاران خەڵک سەر بە ئاینێکی ڕێکخراون، و ئەوەی نیچە مەبەستی بوو بریتی بوو لەوەی کە عەقلانیەتی مۆدێرن خوای لە تێگەیشتنی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ بۆ گەردوون سڕیوەتەوە ، [و] «دێر»ی زانست شوێنی ئاینی گرتووەتەوە. بەڵام لەکاتێکدا ڕاگەیاندنەکەی نیچە

بۆ مەرگی خوا زۆرجار وەکو دەستپێکی نهیلیزم دەناسرێتەوە، نیچەی بەئاشکرا دژ بە نهیلیزم وەستاوەتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە تامەزرۆیی مرۆڤ بۆ ژیان لاواز دەکات. نیچە دەنوسێت، «نهیلیزم بەواتای چی دێت؟ ـ ئەوەیە کە باڵاترین بەهاکان خۆیان بێبەها دەکەنەوە.» لەبەرئەوە نیچە هەستی بە پوکانەوەی ڕۆڵی ئاینی لەناو کۆمەڵگای ئەوروپیدا کردووە، هەروەها [هەستی] بە پێویستی بە سیستەمی بەهای نا-مەسیحی کردووە تا لەڕێگەیەوە مرۆڤایەتی بتوانێت ژیانێکی پڕواتا بژیەت و شانۆگەری بوون قبوڵبکات.

لێرەدا ڕوانگەی سەرەکی وەڵامەکەی نیچە ئیرادەی هێزە. بەشێوەیەکی گشتی، ئیرادەی هێز، بیرسای ئەوەیە کە هەموو ئۆرگانیزمێک هەوڵی بەدەستهێنانی ڕابەری لە ژیاندا دەدات، بەبەردەوامی هەوڵی گەشەکردن دەدات نەک تەنیا ڕزگاربوون. هەروەها، بۆ نیچە، ئیرادەی هێز، ئەم پاڵنەرەیە کە تەواوی شێوەکانی هزر و ڕەفتاری مرۆڤەکان ئاڕاستە دەکات. لە کتێبی لەودیوو چاکە و خراپە (١٨٨٦)ـوە، نیچە ڕونی دەکاتەوە کە چۆن تەنانەت فەیلەسوفەکانیش نەستیانە لەڕێگەی بەرخوازی، پاڵنەرەکانیان، بەها کەسیەکانیان و ژینگەکەیان ئاڕاستە دەکرێن. نیچە بە ڕاشکاوییەکی گاڵتەجاڕیەوە دەنوسێت، کە لەبری گەڕان بەدوای مەعریفەدا، «بەشێوەیەکی گەشتی ئاڕاستەی «مەیلی» ڕاستەقینەی توێژەرەکان بۆ شتێکیترە، ڕەنگە [بۆ] خێزان یان پارەپەیداکردن یاخود سیاسەتیدا بێت».

هەروەها شیکاریەکەی نیچە تێگەیشتنێکی گرنگمان بۆ فەراهەم دەکات لە پەیوەندی نێوان ئاین و هێز، لەگەڵ هەندێ لەو هۆکارە دەروونیانەی کە بۆچی خەڵک ڕوو لە کردەی ئاینی دەکەن. ئاین دەتوانێت هەستی زاڵبونمان بەسەر ئەم

ژیانە ئاڵۆزەدا بۆ فەراهەمبکات، هەستی لاوازییمان کەم بکاتەوە لەبەرانبەر ئازارکێشان لەڕێگەی بەخشینی واتا بە ئازارکێشان و یارمەتیمان دەدات هێز بەسەر ئەوانیتردا بەکاربهێنین. تەنیا لەسەرمانە سەیرێکی دۆخی دارایی قەشە و سەرۆکقەشە مەسیحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بکەین بۆئەوەی تێبگەین کە چۆن تەنانەت ئاین دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی سامانی تاکەکان.

هەروەها مارکس ئاینی وەکو بەرجەستەبوونی هێز بینیوە. بەڵام، تێگەیشتنی مارکس بۆ هێز زۆر لە تێگەیشتنی نیچە جیاوازترە. لە کتێبی *سەرمایە* دا، مارکس بەڵگەدەهێنێتەوە کە لەناو کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا ئاینی بەدەزگایی بوو ئامرازێکە بەدەست سەرمایەداری باڵادەست بۆئەوەی جەماوەر لەژێر ملکەچی ئابوریدا بهێڵێتەوە؛ یان وەکو چۆن لە کتێبی بەشدارییەک لە ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ (١٨٤٤)دا دەنوسێت: «ئاین ئاهی مرۆڤی ستەملێکراوە، بەزەیی دوونیایەکی بێبەزەییە و ڕۆحی ڕەوشێکی بێرۆحە. ئاین تلیاکی خەڵکە.» لەکاتێکدا ئابوری بازاڕ شمەک، بەرهەم، و خزمەتگوزاری فەراهەم دەکات، [بەڵام] شکست دەخوات لە فەراهەمکردنی هەرهەستێک بۆ ئامانجی ترانسدێنتاڵی. لێکەوتەکە ئەوەیە کە خەڵک ئەوەندە نامۆن بەهۆی ئەو دۆخە سەرمایەدارییەی کە تێیدا دەژیەن، دەگەڕێنەوە بۆ ئاین بەمەستی پڕکردنەوەی پێویستیە رۆحیەکانیان. بەڵام، هەروەها مارکس دەڵێت، «هەڵوەشاندنەوەی ئاین وەکو خۆشبەختی وەهمی خەڵک خواستی خەڵکە بۆ خۆشبەختی ڕاستەقینە».

مارکس هاوشێوەی نیچە، بناغەی میتافیزیکی ئاین ڕەتدەکاتەوە، [ئاین] وەکو دیاریدەیەکی بنیاتنراویکۆمەڵایەتی

دەبینێت. مارکس ڕایدەگەیەنێت، «مرۆڤ ئاین درووستدەکات، ئاین مرۆڤ درووست ناکات. لەڕاستیدا، ئاین خود-ئاگایی و خود-ڕێزی ئەو مرۆڤەیە کە هیچانی تائێستا نە لەخۆیدا بەدەستهێناوە یان لەخۆیدا دووبارە لەدەستی داوە». بۆ مارکس، هەردوو چەمکی «خوا» و «رۆح» هیچ بنچینەیەکیان لە واقیعدا نییە بەڵام تەنیا ئارامیین بۆ ئەوانەی کە هەستی واتاداری ژیانیان تێدانییە. ئەم ئایدیایە هاوشێوەی ئایدیای نیچەیە کە [پێیوایە] خەڵک ئاین وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن تاوەکو خۆیانی پێ بەهێز بکەن؛ بەڵام، مارکس ئەم بەهێزبوونە نابەستێتەوە بە بیرسای گەردوونی ئیرادەی هێزەوە. لەبری ئەوە، مارکس پێویستی دەروونی بە باوەڕی ئاین بە بەرهەمی لاوەکی بهێزبوون دادەنێت کە بەهۆی دۆخی چەوسێنەری سەرمەیاداریەو درووست بووە. لەبەرئەوە مارکس لە ڕوانگەی کۆمەڵیئابوری شیکاردەکات کە لە فەلسەفەی نیچەدا نییە. هیچکام لەم دوو بیرمەندە بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفەی بۆ ڕاستی ئاین ناهێننەوە. لەبری ئەوە، لەهەوڵی تێگەیشتن بۆ ئاین وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و دەروونی دەدەن.

ئەخلاقی مەسیحی وەک شێوەیەکی دەسەڵات

تیۆرە ئاینیەکانی مارکس و نیچە ئایدیای پەیوەست بە بنەڕەتی ئەخلاقی مەسیحی پێشکەشدەکەن. ئەمەش، هەرچەندە هەرگیز مارکس ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم بابەتە نەدوواوە، [بەڵام] دەکرێت تیۆری ململانێی چینەکان پەیوەندار بکرێت بە گەشەسەندنی ئاکاری مەسیحیەوە. لەم ڕوانگەیەوەم ئەخلاقی مەسیحی دەبێتە ئامرازێک بۆ دەسەڵاتدارانی باڵا بۆئەوەی دەست بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بگرن. بۆ نمونە، فەرمانی ئەخلاقی مەسیحی، «[ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی

دایت]، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە» یان «دواهەمین دەبنە یەکەمین و یەکەمینیش دەبنە دواهەمین،» سود بە دەسەڵاتداران دەگەیەنێت بۆئەوەی برەو بە ملکەچبوونی ناچالاک لەنێوان چینی کرێکاراندا بدەن. ئەگەر پرۆلیتاریا چالاکانە بەرهەڵستی دادۆشینی سەرمایەداران بکەن، دەشێت شۆڕشی سۆسیالیستی سەرهەڵبدات؛ بەڵام، دڵنەرمی مەسیحی ڕێگە بە سیستەمی سەرمایەداری دەدات لەبەردەوامبوونی دادۆشینی چینی کرێکار. کەواتە دەکرێت بەڵگەبهێنینەوە کە بیرسای چوونە بەهەشت لەسەر بنەمای ڕەفتاری ئەخلاقی یارمەتی چینی دەسەڵاتدار دەدات تاوەکو بەردەوامبن لە ئاڕاستەکردنی هۆکانی بەرهەمهێنان، لەبەرئەوەی مەسیحیەت ئەو هەڵوێستانە بێوەرەدەکات کە بەگشتی پەیوەستکراون بە شۆڕشەوە، بۆ نمونە، هەڵمەتبردنی بەزەبر، توندوتیژی و ویستی تۆڵە. بەمشێوەیە، لەڕوانگەی مارکسەوە، بورژوازی ئاین وەکو دەزگایەکی میکانیزمی بەکاردەهێنن کە لەڕێگەیەوە چینی کرێکار بەکاردەهێنن و لە دۆخی بێبەرهەڵستی دەهێڵنەوە.

نیچەش وەکو مارکسە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەخلاقی مەسیحی وەکو شێوەیەکی دەسەڵات دەبینێت. بەڵام، بەشێوەی تر، ڕوانگەکەی دژەتێزە بەرانبەر ئەمەی مارکس. بۆ نیچە، مەسیحیەت دەربڕی «ئەخلاقی کۆیلە»یە ــ ئەخلاقێک لەلایەن ئەوانەوە بەردەوامی پێدەدرێت کە گوڕی بە تەواوەتی قبوڵکردنی ژیانیان تێدا نییە. لە کتێبی *ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق* (١٨٨٧)دا، نیچە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە یۆنانی کۆندا سیفەتەکانی بەهێز و بەتوانا وەکو «باش» بینراون و خەسڵەتەکانی لاوازەکان وەکو «خراپ» سەیرکراون. بەڵام، بوغزیان بەرانبەر بە خانەدانان، چینی خوارەوە پارادایمی کەلتووریان

ئاوەژوکردەوە و ڕژێمێکی ئەخلاقیان درووستکرد کە تێیدا خەسەڵەتی لاوازەکانی شکۆدار کرد. ئەم ئاوەژوکردنەوە ئەخلاقییە وەکو گریمانەی سەرهەڵدانی مەسیحی دادەنرێت. [ئەخلاقی مەسیحی] سیفەتی لاوازەکانی، وەکو، بەزەیی و خۆنەویستی شکۆدار کرد، لەکاتێکدا خەسڵەتی بەهێزەکانی، وەکو، هەڵمەتبردن، و پشت- بەخۆبەست بێبەها کرد. ئەمە جیاوازی بنچینەیی لەنێوان ئەم دوو بیرمەندەدا نیشان دەدات: لەکاتێکدا مارکس لەو باوەڕەدابوو کە چینی دەسەڵاتدار ئاینان پەرەپێداوە وەکو ئامرازێکی سەرمایەداری باڵادەست، بۆئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی شۆڕشی پڕۆلیتاریا بگرن، نیچە بەڵگەیهێناوەتەوە کە مەسیحیەت هۆی بە چینی خوارەوە داوە بۆئەوەی فەزیلەتی ئەریستۆکراتی سووک بکات و زاڵبوونی ئەخلاقی بەدەستبهێنێت.

هەرچەندە هەرگیز نیچە لەسەر تیۆرەکانی مارکس نەدواوە، [بەڵام] بێگومان بەرانبەر بە دیدی کۆمەڵگایەکی یەکسانی مارکس دەوەستایەوە. لە کتێبی ئاوابوونی بتەکان (١٨٨٩) ـدا، نیچە بوێرانە ڕایدەگەیەنێت، «ڕێبازی یەکسانی! ... بەڵام هیچ شتێکی لەمە ژەهراویتر لە بووندا نییە: لەبەرئەوەی وادەردەکەوێت کە لەلایەن خودی دادپەروەیەوە جاڕبدرێت، لەکاتێکدا ئەمە لە ڕاستیدا ئامانجی دادپەروەرییە.» بەتەنیا دەستەواژەیەکی وەها دژەیەکی لەنێوان ڕوانگەی نیچە و مارکس بۆ مرۆڤایەتی پیشان دەدات.

هەڵوەشاندنەوەی نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوا

لە کتێبی لەودیوو چاکە و خراپە ـوە، نیچە دەریدەخات کە هەرگیز فەلسەفە بەڕاستی بابەتی نییە لە گەڕان بەدوای هەقیقەتدا. نیچە دەنوسێت، «لە فەیلەسوفدا، بەهیچ شێوەیەک

هیچشتێکی ناشەخسی نییە؛ و لەسەروی هەمووشتێکەوە، ئەخلاقی بڕیاردراو و بڕیاردەری گەواهی دەدات کە کێیە». بۆیە بۆ نیچە، نەکردەیە بۆ فەیلەسوفان بۆ ئەوەی بێلایەن بن، لەبەرئەوەی نەستیانە کاریگەرن بە بەها، باوەڕ، و ئەزموونە شەخسیەکانیان. زیاترلەمەش، لە کتێبی *ئاوابوون بتەکاندا*، نیچە زۆر بەتوندی هێرش دەکاتە سەر بەڵگەهێنانەوەی ئیمانوێل کانت بۆ هەقیقەتی ئەخلاقی گەردوونی، لەسەر بنەمای ئەوەی کە شێوەیەک لە ئەخلاقی مەسیحی جێگیر دەکات. بەپێی نیچە، کانت بەدوای ئەوەدایە کە ئایدیای سوبێکتی خۆی بۆئەوەی کە چی ڕاستە بسەبێنێت بەسەر دوونیادا و لەم ڕێگەیەوە لە شێوەی فەلسەفەی ئەخلاقی ئۆبێکتیڤدا ئیرادەی هێزی تێربکات، [لەبەرئەوە] کانت ناوزەند دەکات بەوەی کە «دواجار هیچ نییە جگە لە مەسیحییەکی فڵێڵباز». ڕەخنەی نیچە لە کانت و فەیلەسوفەکانی تری مۆدێرن، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەخنەکردنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا نیشان دەدات، کە [پێیوایە] زیاتر لەوەی کە دەرئەنجامی گەڕانێکی بابەتی بێت، هەموو ئایدیا فەلسەفیەکان بەرجەستەبوونی ئیرادەی هێزی ئەوانەیە کە درووستی دەکەن. بەمشێوەیە، دەکرێت بەڵگەبهێنرێتەوە کە نیچە باوکی پۆستمۆدێرن بووە، لەبەرئەوەی بوونی هەقیقەتی ڕەها ڕەتدەکاتەوە و ڕایگەیاندووە کە فەیلەسووفەکان هەرگیز ناتوانن لە هزراندندا بێلایەن بمێننەوە.

مارکس لەم لایەنەوە لە نیچە جیاوازە لەبەرئەوەی پەرەی بە ئایدیا فەلسەفەیەکانی مۆدێرنە داوە. بەڵام، هەروەها ڕەخنەی مارکس لە هەژموونی بورژوازی وەکو بنەمای ڕەتکردنەوەیەکی بەربڵاوی نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوا بەکاربراوە. مارکس گوتوویەتی، فەلسەفە لەژێر ڕەوشی

سەرمایەداریدا سەریهەڵداوە و شکستی هێناوە لە ئازادکردنی چینی خوارەوە لە چەوساندنەوەی ئابوریدا. وەکو ئەوەی مارکس بە شانازیەوە ڕایدەگەیەنێت، «فەیلەسووفان تەنیا لە چەندین ڕێگەوە ڕاڤەی دوونیایان کردووە؛ بەڵام، ئامانج ئەوەیە کە بیگۆڕیت» (*یازدە تێز دەربارەی فیورباخ*، ١٨٨٨).

وەکو دەیبینی، هەردوو نیچە و مارکس ڕەخنەی فەلسەفەی مۆدێرنیان کردووە. بەڵام، ڕەتکردنەوەکەی مارکس لە ڕەتکردنەوەی ئابوری سەرمایەداریەوە سەرچاوە دەگرێ، لەکاتێکدا نیچە پێیوایە کە هەموو ئایدیا فەلسەفیەکان بەرجەستەبوونی ئیرادەی هێزن وەک لەوەی دەرئەنجامی هزراندنی بابەتی بن. جارێکی تر، وادەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان نیچە و مارکس لەم ڕاستیەوە بێت کە مارکس گەشەسەندنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەناو سیاقی کۆمەڵی‌ئابوری ململانێی چینەکاندا شیکاردەکات، لەکاتێکدا نیچە وەکو داینامیکی ئیرادەی هێز دەبینێت کە هەموو ڕەفتار و هزراندنی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرچاوە:

Marx & Nietzsche, Jack Fox-Williams
(website: www. philosophynow.org)

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

گفتوگۆ لەگەڵ ئیمانوێل واڵەرشتاین

وەرگێڕان: نارین سەعدی

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

لەم سێ دەیەی دواییدا، سیاسەتەکان و ئایدیۆلۆژیای نیولیبڕاڵ بەتەقریبی لەسەرانسەری دونیادا [باڵادەستبوون] و هێشتا نەخراون بەلایەکدا. لەگەڵ ئەمەشدا قەیرانی ئابووریی ٢٠٠٨، لەگەڵ ئەو نایەکسانی و ناعەدالەتییە هەڵپەسێردراوەی کە بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە - بەتایبەت لەنێوان هەردوو باکور و باشوری جیهاندا – و زۆری کێشە و مەسەلە ژینگەییەکانی ئەم ڕۆژگارەمان، کۆمەڵێک لە کەسانی لێکۆڵەر و ئابووریزان و سیاسی بۆ دەستپێکردنەوەی مشتومڕکردن دەربارەی [وێنەی] داهاتووی سەرمایەداری و زەرووڕەتی ئەڵتەرناتیڤێک وەگەڕخست. ئەوە بەلەبەر چاوگرتنی ئەم پانتایی و سیاقەیە کە لەمڕۆدا بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی مارکسەوە، «دەرکەوتنەوەی مارکس»[١]بەتەقریبی لە هەموو شوێنێکی جیهان لەئارادایە؛ گەڕانەوەیەک هەیە بۆ نووسەرێک لە ڕابردوودا، کە بەهەڵە بە دۆگماگەرایی مارکسیزم-لینینیزمەوە بەسترابوویەوە و پاشان لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین یەکسەر [لەو دۆگماگەراییە] دەربازبوو.گەڕانەوە بۆ [خودی] مارکس، بۆ تێگەیشتن لە لۆژیک و داینەمیکی سەرمایەداری هێشتا شتێکی حەتمییە. هەروەها بەرهەمەکانی [مارکس] کەرەستەیەکی هێجگار بەکەڵک و گرنگن، کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و پتەو دەخاتە بەردەست، سەبارەت بەوەی کە بۆچی تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پێشوو بۆ شوێنگرتنەوەی [سیستەمی] سەرمایەداری بەشێوەیەکی دیکەی ئامرازی بەرهەمهێنان هەرەسیانهێنا. ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی ئەم شکستانە گرنگن بۆ گەڕان بەدوای بەدیل و ئەڵتەرناتیڤە هاوچەرخەکانی [جیهان]. ئیمانوێل واڵەرشتاین، کە لەئێستادا لێکۆڵەری توێژینەوەی پلەباڵایە لە زانکۆی یێڵدا، لەنێو گەورەترین

[١]: Marx revival

کۆمەڵناسە چالاکەکاندایە و یەکێکە لە شیاوترین لێکۆڵەرەکان بۆ باسکردن دەربارەی]بووژاندنەوەی[ئێستای مارکس. ئەو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خوێنەرێکی [بەتینی] مارکس بووە و کارەکانی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشگێڕەی لە شاری ترایەر لە بەرواری ٥ی نیسانی ١٨١٨دا لەدایکبووە [مارکس]. واڵەرشتاین لە ٣٠ کتێب زیاتری نووسیوە کە بە چەندین زمانی [جۆراوجۆر] وەرگێڕدراون، لەوانە ناسراوترین [کتێبی] بەناوی «سیستەمی‌جیهانی مۆدێرن»ـەوەیە کە بە چوار کتێب لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ و ٢٠١١دا بڵاوکراونەتەوە.

مارچێلۆ موستۆ: پرۆفیسۆر واڵەرشتاین ٣٠ ساڵ لەپاش کۆتاییهاتن بەوەی پێی دەوترا «سۆسیالیزمی بونیاتنراو»[٢]، بەردەوام باسوخواس و مشتومڕ و کۆنفرانسەکان دەربارەی توانایی درێژەپێدانی کارڵ مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی [چرکەساتی] ئێستا لەسەرانسەری دونیادا دەبینرێت. ئایا ئەمە جێی سەرسوڕمانە؟ یاخود ئایا پێتان وایە ئایدیاکانی مارکس هەمیشە محەلێکی لە ئیعرابدا هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەمەڕ [سیستەمی] سەرمایەداری بەدوای بەدیل و شوێنگرەوەیەکدا دەگەڕێن؟

ئیمانوێل واڵەرشتاین: بەسەرهاتێکی کۆن لەبارەی مارکسەوە هەیە؛ لە دەرگای پێشەوە دەریدەکەیتە دەرەوە، کەچی دیسان بەدزییەوە لە پەنجەرەی پشتەوە دێتەوە ژوورەوە. ئەمە ڕێک ئەو بەسەرهاتەیە کە جارێکی تر ڕوویداوەتەوە. مارکس محەلی لە ئیعرابدا هەیە، بۆیە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە و مەسەلانەدا بکەین، کە [مارکس] دەربارەیان هێشتا زۆری هەیە بۆ وتن. هەروەها لەبەر ئەو قسانەی کە دەرهەق بە

٢: actually existing socialism

سەرمایەداری دەیخستنەڕوو، جیاواز بوون لەوانەی زۆربەی نووسەرانی تر. زۆرینەی نووسەر و لێکۆڵەران - نەک تەنیا خۆم - مارکس هێجگار بەکەڵک وەردەگرن و لەمڕۆدا [دەبینین] مارکس، بەپێچەوانەی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٩دا پێشبینیکرابوو، تازە گەیشتووەتە [لوتکەی] شێوەیەک لە شێوە نوێباوەکانی.

مارچێلۆ موستۆ: بە ڕووخانی دیواری بەرلین، مارکس لەو کۆت و زنجیرە ئایدیۆلۆژییە دەربازی بوو کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تەسەورییەوە نەبوو لەمەڕ ئەو کۆمەڵگایانە. هەروەها دیمەنی سیاسیی پاش کەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت، یارمەتیدەر بوو لەوەی مارکس لەو ڕۆڵە ڕەمزییە ئازادبکرێت کە دەزگاکانی دەسەڵات خۆراکیان لێوەردەگرت. دەربارەی ئەوە چی دەڵێین کە تەفسیری مارکس سەبارەت بە جیهان بەردەوام گرنگی پێدەدرێت؟

ئیمانوێل واڵەرشتاین: بڕوام وایە کاتێک خەڵکی بیر لە تەفسیری مارکس بۆ جیهان دەکەنەوە، ئەوا تەنیا لە چوارچێوەی یەک تێگەیشتندا بۆ «خەباتی چینایەتی» بیردەکەنەوە. لەکاتێکدا من مارکس بەڕەچاوکردنی کێشە و مەسەلەکانی [سەردەمی] ئێستا دەخوێنمەوە، لەدیدی منەوە خەباتی چینایەتی بەمانای خەباتی زەروریی دێت کە ناوی دەنێم چەپی جیهانی – ئەو چەپەی کە پێموایە خەبات بۆ ٨٠٪ـی ئەو خەڵکەی خوارەوەی کۆمەڵگا لەڕووی داهاتەوە دەکات و لەبەرانبەردا [هێزە] ڕاستەکانی جیهان، کە ڕەنگە نوێنەرایەتی لە ١٪ـی دانیشتوی جیهان بکات – خەباتە [یەکلانەبووەکە] لەسەر ئەو ١٩٪ـەی ترە. مەسەلەکە دەربارەی ئەوەیە چۆن ئەو لە ١٩٪ـەیە بەلای خۆماندا بیانهێنین تاکو بەلای ئەوانی تردا نەڕۆن.

ئێمە لەسەردەمی قەیرانی بونیادیی سیستەمی جیهانیدا

دەژین. ناکرێت [سیستەمی] سەرمایەداریی باڵادەست، هەتاسەر بمێنێتەوە، بەڵام هیچکەس بەدڵنیاییەوە نازانێت کە چ سیستەمێک جێگەی دەگرێتەوە. گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە دوو ئەگەر بوونی هەیە: یەکێکیان بە «ڕۆحی داڤۆس»[٣]ناوی دەبەم. ئامانجی [سەرەکی] مینبەری ئابووریی جیهانی داڤۆس، بریتییە لە چەسپاندن و جێگیرکردنی سیستەمێک کە تێیدا بەردەوامی بە خراپترین تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری دەدات؛ هیرارکی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوە و [ستەمکاری]، لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە جەمسەرگیریی سەروەت و سامان[لەنێوان زۆرترین و کەمتریندا]. ئەڵتەرناتیڤ دەبێت ئەو سیستەمە بێت کە زیاتر دیموکراسی تر و یەکسانخواز تر بێت. خەباتی چینایەتی هەوڵ و تەقەلایەکی بنچینەییە، بۆ کارکردنە سەر گۆڕینی ئەو داهاتووەی کە شوێنی [سیستەمی] سەرمایەداری دەگرێتەوە.

مارچێلۆ موستۆ: ڕامانەکەتان دەربارەی چینی ناوەڕاست، ئایدیای هەژموونی ئەنتۆنیۆ گرامشیم بیردەخاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم مەسەلەکە ئەوەیە لەوە تێبگەین کە چۆنچۆنی کۆمەڵانی خەڵک، ئەو لەسەدا ٨٠یەی کە پێشتر ئاماژەتان پێدا، لەمەڕ بەشداریکردن لەپانتایی سیاسەتدا ڕاپەڕێنین. ئەمە بەتایبەت [کاریکی] زەروورییە لەو شوێنانەی کە وا باوە پێیان بوترێت باشوری جیهان، کە تێیدا زۆرینەی دانیشتووانی جیهان گردبوونەتەوە و لە چەند دەیەی ڕابردوودا، سەرباری ئەو بەرزبوونەوە ناعەدالەتی و نایەکسانییەی بەهۆی [خودی] سەرمایەدارییەوە هاتۆتەئاراوە، جموجۆڵە پێشکەوتنخوازەکان لەپێشوو زیاتر سست و کز بوون. لەم ناوچانەدا، دژایەتیکردنی بەجیهانیبوونی نیولیبراڵ زۆرجار بەرەو لایەنگری

٣: Spirit of Davos

فەندەمێنتالیزمە ئاینی و حیزبە زینۆفۆبیاییەکان[٤] (ترس‌لەبێگانە) وەرگەڕاوە. دەبینین ئەم دیاردەیە لە ئەورووپادا بەشێوەیەکی بەرچاو هەتا بێ زیاتر لە بەرزبوونەوەدایە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا مارکس بۆ تێگەیشتنی ئەم سیناریۆ نوێیە یارمەتیدەرمان دەبێت؟ لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکان لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک تەفسیری نوێی بۆ مارکس خستۆتەڕوو کە ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کرانەوەی «پەنجەرەکانی دیکەی پشتەوە» - ئەگەر بەو شێوازەی ئێوە بیڵێین. ئەوان ڕووی نووسەرێک هەڵدەماڵن کە شیکار و تەفسیری [مارکس] بۆ ململانێ و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، دوور لە پێکدادانی نێوان سەرمایە و کار بەرەو مەوداکانی تر درێژ کردووەتەوە. لەڕاستیدا، مارکس بەشێک لە تەمەنی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا نا-ئەورووپاییەکان و ڕۆڵی وێرانکەری کۆلۆنیالیزم لە پەراوێزی سەرمایەداریدا تەرخانکردبوو. هەردەم کاروبارە ژینگەییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی مارکسدا ڕەنگی دابوویەوە، دژ بەو تەفسیرانەی کە تێگەیشتنی سۆسیالیزمی مارکس بەهاوتای هێزی پەرەپێدەری [ئامرازی] بەرهەمهێنان دادەنێن.

لەکۆتاییدا، مارکس ئارەزوومەندی زۆری بۆ چەند بابەتێکی [جۆراوجۆری] تر هەبووە کە زۆرجار لێکۆڵەران [ئەم بابەتانە] پشتگوێ دەخەن، لەکاتێکدا کە لەبارەی [مارکس]ـەوە دەدوێن. لەنێو ئەم بابەتانەدا؛ پۆتانشیڵی تەکنۆلۆژیا و ڕەخنەی ناسیۆنالیزم و گەڕان بەدوای فۆرم و شێوازە دەستەجەمعییەکانی خاوەندارێتی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی بەسەریاندا ڕەتدەکاتەوە و لەگەڵ زەروورەتی ئازادیی تاکەکەسی لە کۆمەڵگای [جیهانیی]

٤: xenophobic parties

هاوچەرخدایە: واتە هەموو ئەو پرسە بنچینەییانەی سەردەمی خۆمان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەم ڕووخسارە نوێیانەی مارکس، مانای ئەوە دەبەخشن کە ئارەزووی نوێکردنەوەی بیرۆکە و ئایدیای [مارکس] وەکو دیاردەیەک لە پێشمانەوەیە، بۆ بەردەوامبوون لە ساڵانی ئایندەدا - دەتوانن سێ لە دیاترین ئایدیاکانی مارکس بخەنەڕوو کە بڕواتان وایە لەم ڕۆژگارەدا دیسانەوە شایانی ڕەچاوکردن بن؟

ئیمانوێل واڵەرشتاین: لەپێش هەموو شتێکدا، مارکس باشتر لە هەرکەسێکی دیکە بۆ ئێمەی ڕوونکردووەتەوە کە [سیستەمی] سەرمایەداری ڕێگەیەکی سروشتی نییە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا. مارکس لە کتێبی «هەژاریی فەلسەفە»دا، کاتێک ئەم کتێبەی بڵاوکرایەوە کە تەمەنی تەنیا ٢٩ ساڵ بوو، پێشوەخت گاڵتەی[٥] بە ئابووریناسە سیاسییە بۆرژوازییەکان دەکرد کە بڕوایان وابوو پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان «بەدەر لە کاریگەریی کات، یاسای سروشتی بن.» مارکس نوسی لەڕوانگەی ئەوانەوە «لەو ڕووەوە مێژوو هەبووە، کە جیاوازی لە نێوان دامەزراوەکانی سەر بە فیوداڵیزم و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای بۆرژوازییدا دەدۆزینەوە،» بەڵام ئەوان مێژوویان بەکارنەهێناوە بۆ شێوەی بەرهەمهێنانی [ئەو سیستەمەی] لایەنگرییان دەکرد، بەڵکو ئەوان [سیستەمی] سەرمایەدارییان وەک شتێکی سروشتی و هەمیشەیی لەبەرچاو دەگرت. لە کتێبەکەی خۆمدا بەناوی «سەرمایەداریی مێژوویی»[٦] هەوڵمداوە ئەو خاڵە سەرپێبخەم کە سەرمایەداری ئەو سیستەمەیە کە بەشێوەیەکی مێژوویی ڕوویداوە. ئەویش بەرامبەر بە هەندێک لەو ئایدیا لێڵ و تەمومژاوییانەی کە لەلایەن کۆمەڵێک لە ئابووریناسە سیاسییە

٥: mocked

٦: Historical Capitalism

ئاساییەکانەوە پاڵپشتی دەکران. چەندین جار جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هیچ جۆرە سەرمایەدارییەک لە ئارادا نییە کە مێژوویی نەبێت [و سەرمایەداری هەمیشە مێژوویی بووە]. بەم جۆرە لەلای من بەو ڕادەیە سادە و ساکارە، هەروەها بەرامبەر بە خودی مارکس زۆر قەرزاربارین.

دووەم، دەمەوێت بپرژێمە سەر گرنگی چەمکی «کەڵەکەکردنی سەرەتایی»[٧] بە واتای لێسەندنەوەی موڵک لە جوتیاران و کۆمەڵگا دێهاتییەکان لە زەوی و زارەکانی خۆیان بەئاراستەی بونیادنانی سەرمایەداری. مارکس زۆر بەجوانی لەوە تێگەیشتبوو کە ئەوە پرۆسەیەکی زۆر گرنگە بۆ سەپاندنی فەرمانڕەوایی و باڵادەستی چینی بۆرژوازیی بوو. هەر لە سەرەتا و دەستپێکی سەرمایەدارییەوە لەئارادا بووە، هێشتاش لەمڕۆدا بەرۆکیان بەرنەداوین. سەرەنجام، سەبارەت بە بابەتی «خاوەندارێتیی تایبەت و کۆمۆنیزم» بانگەشەم بە ڕامانێکی بنچینەیی و گرنگتر دەکرد. لەناو ئەو سیستەمە دامەزرێنراوەی یەکێتیی سۆڤیەت - بەتایبەت لەسەردەمی ستالین - دەوڵەت دەستی بەسەر خاوەندارێتیدا گرتبوو، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نەدەهات کە خەڵکی نەدەچەوسێنرانەوە یان زوڵم و ستەمیان لێنەدەکرا بەڵکو بەپێچەوانەوە. هەروەها ئاخاوتن و وتووێژ دەربارەی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا، هەروەک ئەوەی ستالین بەجێیهێنا، شتێک بوو کە پێش ئەو قۆناغە هەرگیز بە مێشکی کەسدا نەهاتبوو، لەوانە مارکسیش. خاوەندارێتیی گشتی سەبارەت بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بریتییە لە تاکە ئەگەر کە ڕێی تێبچێت. هەروەها دەتوانن بەهەرەوەزی دەست بەسەر [ئامرازەکانی بەرهەمهێنان]دا بگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دەمانەوێت

٧: primitive accumulation

کۆمەڵگایەکی باشتر بهێنینە ئاراوە، ئەوا دەبێت بزانین کێ [سەرمایە] و زێدەبایی بەرهەم دەهێنێت و بەسەر کێشدا پیادە دەکرێت. بەم شێوەیە دەبێت بەبەراورد بە سەرمایەداری بەتەواوی ڕێکبخرێتەوە. ئەو پرسە زۆر گرنگە لای من.

مارچێلۆ موستۆ: ساڵی ٢٠١٨ ئاماژەیە بۆ یادی دوو سەد ساڵەی لەدایکبوونی مارکس، لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها کتێب و فیلمی سینەمایی نوێ لەبارەی ژیانییەوە تەرخانکراوە. ئایا لەم ڕووەوە قۆناغێک لە ژیاننامەی [مارکس]دا هەیە کە زۆرترین سەرنجتان ڕابکێشێت؟

ئیمانوێل واڵەرشتاین: مارکس ژیانێکی زۆر سەختی هەبوو کە بەهۆی هەژاریی شەخسی خۆیەوە تووشی گیروگرفتی زۆر دەبوویەوە. بەڵام ئەو بەخت لەگەڵیدا یار بوو، چونکە هاوڕێیەکی وەک فریدریک ئەنگڵسی هەبوو کە بۆ مانەوەی [لە ژیان] کۆمەکی دەکرد. مارکس لەڕووی دەروونیشەوە ژیانێکی ئاسانی نەبوو، کۆڵنەدانی [مارکس] لەڕووی هەوڵدانی بۆ بەجێهێنانی ئەو [ئەرکەی] کە وەک پیشەی ژیانی خۆی دەزانی – تێگەیشتن لەو شێوازەی کە تێیدا [سیستەمی] سەرمایەداری دەخرێتەگەڕ – مایەی شانازی بوو. ئەمە ئەو ئیشە بوو کە خۆی پێوە خەریک کردبوو. مارکس نە دەیویست سەردەمی کۆن ڕوونبکاتەوە، نە دەیویست وێنەی داهاتوویەک بۆ سۆسیالیزم بکێشێت. ئەمانە ئەو ئەرکانە نەبوون کە خۆی پێوە سەرقاڵ کردبن. ئەو دەیویست لەو جیهانە سەرمایەدارییە تێبگات کە تێیدا دەژیا.

مارچێلۆ موستۆ: مارکس بە هەموو ژیانییەوە تەنیا کەسێکی لێکۆڵەر نەبوو کە لەنێو کتێبەکانی مۆزەخانەی بەریتانیی لەندەندا خۆی بەدوورگرتبێت، بەڵکو ئەو بەردەوام شۆڕشگێڕێکی خەباتکەر بووە کە دەست و پێی لەناو خەباتەکانی سەردەمی

خۆیدا بەستبوو. مارکس بەهۆی چالاکییە [سیاسییەکەیەوە] لە وڵاتەکانی فەڕەنسا و بەلجیکا و ئەڵمانیا لەکاتی لاوێتیدا دەربەدەر کراوە. هەروەها لەکاتێکدا کە شۆڕشەکانی [ساڵی] ١٨٤٨ تێکشکێنرا، مارکس بە زۆرەملێ ناچاریان کرد [وڵاتی] ئینگلتەرا بەجێبهێڵێت. مارکس برەوی بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەدا و بەردەوام بە هەموو جۆرە شێوازێک پشتگیری لە بزووتنەوەی کرێکاران دەکرد. دواتر، لە [ساڵانی] ١٨٦٤ بۆ ١٨٧٢ بوو بە ڕابەری [سیاسیی] ئەنجوومەنی کرێکارانی نێودەوڵەتی کە یەکەمین ڕێکخراوی فرەنەتەوەیی چینی کرێکار بوو. بەتەنیشت ئەمەشەوە، لە ساڵی ١٨٧١ بەرگری لە کۆمۆنەی پاریس کردووە کە یەکەمین تاقیکردنەوەی سۆسیالیستی بوو لە مێژوودا.

ئیمانوێل واڵەرشتاین: بەڵێ دروستە، [ئەو ڕووداوانە] شتگەلی سەرەکی و گرنگن بۆ لەبیرنەچوونەوەی خەباتکاری مارکس. هەروەک لەم دواییەدا ئێوە لە [کتێبی] «کرێکارانی [جیهان]، یەکگرن!»دا پێداگریتان لەسەر ئەوە کردووە، لەکاتێکدا کە میکانیزمەکانی پەیوەندیی [تەکنۆلۆژی] لەئارادا نەبوون، [مارکس] ڕۆڵێکی لەئاسایی بەدەری لە [ڕێکخراوی] نێودەوڵەتیدا گێڕابوو، کە ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی [جیهانی] ئەو کەسانە بوو کە لەڕووی فیزیکی و جەستەییەوە لەیەکتر دوور بوون. هەروەها چالاکیی سیاسیی مارکس لە]یاداشتەکانی] ڕۆژنامەکانیشدا بەدیدەکرا. ئەو بەدرێژایی ژیانی لەسەر [ئەم چالاکییە سیاسییەی] بەردەوام بوو کە وەک ڕێگەیەکی پەیوەندیی بەستن بوو بۆ [پێگەیاندنی] خوێنەرانێکی زۆرتر و بەرفراوانتر. [مارکس] وەک ڕۆژنامەنووسێک کاری دەکرد بەمەبەستی بەدەستهێنانی بژێوی، بەڵام [ڕۆڵی] بەشداریکردنی خۆی وەک چالاکییەکی سیاسی سەیردەکرد. هیچ هەڵوێستێکی

بوون بە [هاووڵاتییەکی] بێ لایەنی تێدا بەدینەدەکرا. ئەو بەردەوام ڕۆژنامەنووسێکی پابەند و بەرپرسیار بوو.

مارچێلۆ موستۆ: لە [ساڵی] ٢٠١٧دا، بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی شۆڕشی ڕوسییەوە، کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران گەڕانەوە بۆ ململانێی نێوان مارکس و هەندێک لەو کەسانەی خۆیان بە شوێنکەوتەی [مارکس] دادەنا و لەماوەی سەدەی بیستەمدا دەسەڵات بەدەست بوون. جیاوازیی سەرەکی لەنێوان مارکس و ئەواندا چییە؟

ئیمانوێل والەرشتاین: [بەرهەمە] نووسراوەکانی مارکس ڕوونکەرەوە و ڕێخۆشکەرن و زۆر لەو لێکدانەوە و تەفسیرە بێ بنەما و سەرپێیانەی ئایدیاکانی [مارکس] وردتر و هەمەڕەنگترە. هەمیشە بیرخستنەوەی ئەو نوکتە بەناوبانگە بە شتێکی چاک دەزانم کە تێیدا مارکس دەڵێت: «ئەگەر ئەوە مارکسیزم بێت، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە من مارکسی نیم.» مارکس هەمیشە بۆ مامەڵە لەگەڵ واقیعی جیهاندا ئامادەبووە، نەک وەکو زۆرێکی تر لەوانەی کە بە شێوازێکی دۆگمایی تێڕوانینی خۆیان دەسەپاند. مارکس دایمەن بیر و هۆشی دەگۆڕی. ئەو بەبەردەوامی هەوڵیداوە بەدوای ڕێگەچارەکاندا بگەڕێت لەمەڕ ئەو کێشانەی کە دەیبینی، ڕووبەڕووی جیهان دەبوونەوە. هەر بۆیە [مارکس] هێشتا پێشڕەوێکی زۆر بەکەڵک و یارمەتیدەرە.

مارچێلۆ موستۆ: بۆ گەیشتنە دەرەنجام، دەتانەوێت بە نەوەی نوێ چی بڵێن کە هێشتا ڕووبەڕووی مارکس نەبوونەتەوە؟

ئیمانوێل والەرشتاین: دەمەوێت یەکەم شت بە نەوەی نوێ بڵێم کە دەبێت [خودی] مارکس بخوێننەوە. واتە لەبارەی [مارکس]ـەوە مەخوێننەوە، بەڵکو [دەقەکانی] خۆی بخوێننەوە.

چونکە ئەوەی ڕاستی بێت ژمارەیەکی کەم – بەبەراورد بەو زۆرینەیەی کە لەبارەی [مارکس]ەوە دەدوێن – [خودی] مارکس دەخوێننەوە. ئەوە هەروەها هەم بۆ ئادەم سیمزیش ڕاستە. بەگشتی، بەتەنها کەمینەیەک دەگەڕێنەوە سەر [دەقی ئەم نووسەرە] کلاسیکییانە. خەڵک لەڕێگەی پوختەی خەڵکی ترەوە لەبارەیانەوە فێردەبن. ئەوان دەیانەوێت کات بۆ خۆیان بگەڕێننەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە کات بەفیڕۆدانە! دەبێت خەڵکی کەسانی سەرنجڕاکێش بخوێننەوە و مارکس سەرنجڕاکێشترین لێکۆڵەری سەدەی نۆزدە و بیستەمە. سەبارەت بەوە هیچ گومانێکی تێدا نییە. هیچکەس هاونرخ و هاوتای ئەو نییە، نە لەڕووی ئەو شتانەی کە لەبارەیەوە نوسییەتی و نە لەلایەنی کواڵێتی و چۆنایەتیی شیکردنەوەکانیشییەوە. کەواتە پەیامی من بۆ نەوەی نوێ ئەوەیە مارکس بەقوڵی شایانی کەشفکردن و تێگەیشتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت [خودی] خۆی بخوێننەوە، بخوێننەوە بخوێننەوە. کارڵ مارکس بخوێننەوە!

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سەرچاوە:

Read Karl Marx! A Conversation With Immanuel Wallerstein

(website: www.truthout.org)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MHF

MAM HUMANITARIAN

FOUNDATION

شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سێکسی: لە مارکسەوە بۆ ڕایش و بەپێچەوانەوەش

بێرتێل ئۆڵمان

وەرگێڕان: دەشتی مەحمود

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

مارکس پێیوابوو کە لە پەیوەندی سێکسواڵییەوە «دەتوانینن... حوکم لەسەر تەواوی پلەی گەشەسەندی مرۆڤ بدەین... پەیوەندی پیاو بە ژنەوە، کە سرووشتی ترین پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە. لەبەرئەوە ئەم پەیوەندییە پیشانی دەدات کە تا چ پلەیەک ڕەفتاری سرووشتی مرۆڤ چەندە بە مرۆڤانە بووە.»[١] بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان بەڵگەی زۆریان پێشکەشکردووە بۆئەوەی پیشانی بدەن کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی نایەکسانییە، پەیوەندییەک کە تێیدا ژن وەکو ئۆبێکت بەکاردەهێنرێت و ئەم پەیوەندییە ئاسودەییەکی زۆر بۆ هیچ کامیان ناهێنێت. وەکو چاوەڕوانکرابوو، دەتوانرێت هەمان ئەم سیفەتانە لە تەواوی ژیانی سەرمایەداریدا تێبینی بکرێت. نایەکسانی، خەڵک وەکو ئۆبێکت مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، وەکو جۆرە بارێک (بەبێ حیسابکردن بۆ دانسقەیی سیفەتە شەخسییەکانی ئەوی تر)، و تورەیی گشتی کە لێیدەکەوێتەوە دەرکەوتەی گەورەن لە نامۆبوون کە لەلایەن مارکسەوە باسکراوە.

بەڵام مارکس هەرگیز هەوڵی ڕاڤەکردنی ئەمەی نەدا کە دەکرێت ناوی بنێین «نامۆبوونی سێکسی». ئاماژەکردن بە ڕاستی چەوساندنەوە و نیشاندانی ئەوەی کە ئەمە شتێکی باوە لەناو تەواوی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەگوزەرێت خەوشدارە. هەروەها دەمانەوێت بزانین کە چۆن سیستەمی سەرمایەداری کاردەکات لەسەر ژیانی و ڕەفتاری سێکسی خەڵک، بەپێچەوانەوەش، کردە و بیرکردنەوەی وەها چ ڕۆڵێک لە پەرەپێدانی ئامانجەکانی سیستەمدا دەگێڕێت. ئەمەی لەم هاوکێشە دیالێکتیکە بزرە ڕەهەندی دەروونییە کە ڕەچاوی

[١] Karl Marx, Economic and Philosophic Manuscripts of 1844, trans. By Martin Milligan (Moscow, 1959, 101.

دۆخی مەعریفی سەردەمەکەی بکەین، مارکس ئامرازی باشی لەبەردەستا نەبوو بۆئەوەی پێشکەشی بکات.

نیو سەدەیەک دوای مەرگی مارکس، ئەرکی ڕاڤەکردنی بۆ نامۆبوونی سێکسی لەلایەن ویلیام ڕایشەوە گرایە ئەستۆ. ڕایش لەناوچەی گالیسیای نەمسا لە ١٨٩٧ لەدایک بووە، و لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هاتووە بۆ ڤییەنا بۆ خوێندنی پزیشکی و لە ١٩٢٠، لەکاتێکدا هەر خوێندکار بوو، بوو بە دەروونشیکارێکی جێبەجێکار. هەتا ١٩٢٤، بەڕێوەبەری سیمیناری باڵای لە تەکنیکی دەروونشیکاری کۆمەڵەی دەروونشیکاری ڤییەنا بوو و ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا بۆ بەشداریکردنەکانی لەم بوارەدا. بەڵام، هەر لەسەرەتای دەستپێکی پیشەکەیەوە وەکو دەروونشیکار، ڕایش نیگەرانی بوو بە پشتگوێخستنی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن فرۆیدەوە. کارکردنی ڕایش لە کلینیکی بەلاشی دەروونشیکاری لە ڤییەنا (١٩٢٢–٣٠) بۆی دەرکەوت کە چۆن زۆرجار هەژاری و لێکەوتەکانی ــ کێشەی نیشتەجێبوون، نەبوونی کات، نائاگایی، گەمژەیی، هتد. ــ دەبنە هۆی دەروونپەشێویی. بەزوویی بۆی دەرکەوت ئەم کێشانەی کە لەلایەن دەروونشیکارییەوە چارە دەکرێن لە بنەڕەتدا کێشەی کۆمەڵایەتین و پێویستی بە چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی هەیە. لێکۆڵینەوەی زیاتر بە مارکسیزمی گەیاند و لە دواجار لە ساڵی ١٩٢٧ بوو بە ئەندام لە حزبی سۆشیال دیموکراتی نەمسا.

ڕایش لە نوسراوە فرەبەرگەکانی ماوەی مارکسیبوونی (نزیکەی ١٩٢٧–١٩٣٦)، لەلایەکەوە هەوڵی تێکەڵکردنی دۆزراوە بنەڕەتییەکانی دەروونشیکاری لەگەڵ تیۆری مارکسی دەدا، لەلایەکی ترەوە، خەریکی پەرەپێدانی ستراتیژی شۆڕشگێڕی بۆ چینی کرێکار لەسەر بنەمای فراوانکردنەوەی مارکسیزم بوو.

سەرەکیترینی ئەو نوسراوانەی بریتین لە «ماتریالیزمی دیالێکتیکی و دەروونشیکاری،» ١٩٢٩ (بەپێچەوانەی تێگەیشتنی کاریکاتێری کۆمۆنیستی، ڕایش پێیوابوو کە دەروونناسی فرۆیدی هەردوو دیالێکتیکی و ماتریالیستیە)؛ سێکسوالیی باڵغبوو، خۆپارێزی و ئەخلاقی هاوسەرگیری، ١٩٣٠ (ڕەخنەیەک لە ئەخلاقی سێکسیی بۆرژوازی)؛ سەپاندنی ئەخلاقی سێکسیی؛ ١٩٣٠ (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بنچینەی چەپاندنی سێکسیی)؛ کۆششی سێکسواڵی گەنج، ١٩٣٢ (هەوڵێکی گرنگ بۆ بەیەکەوە گرێدانی ئارەزووی سێکسیی گەنج لەگەڵ پێویستی شۆڕشی سۆشیالیستی)؛ دەروونناسی فاشیزمی جەماوەر، ١٩٣٣ (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی پێکهاتە کەسییەکان کە بناخەی داخوازی فاشیزمە)؛ هۆشیاری چین چییە؟ ١٩٣٤ (پێناسەکردنەوەی هۆشیاری چین کە جەخت لەسەر گرنگی ژیانی ڕۆژانە دەکاتەوە)؛ وە شۆڕشی سێکسیی، ١٩٣٦ (لەگەڵ پێداچوونەوەیەک بە بەرگی سێکسوالیی باڵغبوو، خۆپارێزی و ئەخلاقی هاوسەرگیری، مێژووی چاکسازییە سێکسییەکان و پەرچەکردارەکانی کە بەدواییدا هات لە یەکێتی سۆڤییەت).

شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنیا پێشمەرجێکە (وە مەرجێکی کافی نییە) بۆ شۆڕشی سێکسی، بەڵام ڕایش باوەڕیوابوو کە ناسینەوەی پەیوەندی نزیکیان، بەتایبەتی لەنێوان گەنجدا، یارمەتیدەربوو بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ هەردوو شۆڕشەکە. لەگەڵ ئاورتەیی شیکاریی کەسێتی (١٩٣٤)، کە هێشتاش دەروونشیکارەکان وەکو کلاسیک لە بوارەکەیاندا دەیبینین، و چەند وتارێکی تری هاوپەیوەند، زۆرێک لە نوسراوە سەرەتاکانی ڕایش بەتەواوەتی تەرخانکرابوون بۆ بەدەستهێنانی وەها هۆشیارییەک.

هیچ ناوەڕۆکێک نەبوو بۆ گفتوگۆکردنی ئایدیاکانی، لە ١٩٢٩ ڕایش کۆمەڵەی سۆشیالیستی بۆ ئامۆژگاری سێکسی و لێکۆڵینەوەی سێکسی ڕێکخست. شەش کلینیکێک لەناوچە هەژارنشینەکانی ڤییەنا دامەزران، لەوێدا چینی ـ کرێکار تەنیا یارمەتی نەدەدران لە کێشە سۆزدارییەکانیاندا بەڵکو هاندەدران کە وانەی سیاسیی وەربگرن لە ناسینەوەی ڕەگە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم کێشانە. لە ١٩٣٠ ڕایش چوو بۆ بەرلین و پەیوەندی کرد بە حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانییەوە و سەرۆکایەتی حزبی ڕازیکرد کە چەند بزووتنەوەیەکی چاکسازی ـ سێکسی تێکەڵ بکات بە ڕێکخراوێکی سیاسیی ـ سێکسی لەژێر پارێزگاری حزبدا. ڕایش بوو بە وتەبێژی سەرەکی دەربارەی پرسە سێکسییەکان، وانەی بە چینی ـ کرێکار و خوێندکارانی بەشداربوو لە تەواوی وڵاتدا دەگووتەوە، ئەندام بوون لە ڕێکخراوە تازەکەدا بەخێرایی زیادی کرد بۆ نزیکەی چل هەزار.

بەڵام، لە کۆتایی ١٩٣٢، حزبی کۆمۆنیستی بڕیاریدا ــ یان بۆ هێمنکردنەوەی هاوپەیمانی چاوەڕوانکرا لەدژی فاشیزم یان لەبەرئەوەی پەرچەکردای گشتی کە ئەوکاتە لە یەکێتی سۆڤیەت ڕوویاندا ــ کە هەوڵەکەی ڕایش بۆ بەیەکەوەگرێدانی شۆڕشی سێکسی و سیاسیی بەرپرسیارییەتییەکی سیاسیی بوو. ڕاڤەکردنەکان کە پێشتر بە «شیاو»ـی مارکسی دەبینران ئێستا بە نا- مارکسی ڕاگەیەندران وە ئەندامەکانی حزب قەدەغەکران لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی ڕایش. لە ڕێبەندانی ١٩٣٣، سەرەڕای پشتگیری هاوپیشەکانی لە سێکس ـ سیاسەت، ڕایش بەفەرمی لە حزب دوورخرایەوە.

ئەگەر سەرکردە کۆمۆنیستەکان جەختکردنەوەی ڕایشیان دەربارەی سێکسوالیتە پێ قبوڵنەکراو بوو، هاوکارە

دەروونشیکارەکانی ڕایش پێزانینیان زۆر بۆ سیاسەتە کۆمۆنیستەکانیان نەبوو. خراپ تۆقیبوون بە تێگەیشتنەکانی دەروونناسی فاشیزمی جەماوەری ڕایش (١٩٣٣) ـ وە، ئەوەندەی کە ئەمڕۆ باوەڕی پێ بکەی، هێشتاش ئومێد دەخوازن لەگەڵ فاشیزمدا ئاشت ببنەوە ـ ساڵێک دواتر کۆمەڵەی نێودەوڵەتی دەروونشیکاری ڕایشیان دوورخستەوە.

سەرەتا لە دانیمارک، پاشان لە سوید و نەرویج، ڕایش بەردەوامبوو لە هەوڵەکانی بۆ کاریگەری لە بواری بەرهەڵستی چینی ـ کرێکار دژ بە فاشیزم. زۆرێک لە نوسراوەکانی لەم ماوەیەدا لە جۆرنالی (zeotscjroft fur politische Psychologie وSexualokomie) دەرکەووتن کە خۆی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٤ بۆ ١٩٣٨ سەرنوسەری بوو. بەڵام لە دەوری ساڵی ١٩٣٥ دواتر، گرنگیدانی ڕایش بە سیاسەت بەرەبەرە داڕوخا و بەرەو بایۆلۆجی گەشەی کرد، باوەڕی وابوو کە هاندەری بنچینەی بایۆلۆجی بۆ وزەی سێسکی (لبیدۆ) دۆزیوەتەوە. لە بوون بە دەروونشیکارێک و فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی مارکسی، ڕایش بوو بە زانایەکی سرووشتی، گۆڕانێک کە کاریگەرییەکی ئاشکرای لەسەر هەردوو دەروونشیکاری و فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەکەی هەبوو. ڕایش لە ساڵی ١٩٣٩ کۆچی بەرەو ئەمریکا کرد. هەر ساڵێک مەودای ڕۆحی لە مارکس و فرۆید وەردەگرت. دوای زنجیرەیەکی تازە لە ڕاوەدونانی لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەمجارەیان پەیوەند بە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گرتووخانە لە ئەمریکا مرد.[٢]

٢: There is no good biography of Reich available. The only English-language account of Reich's life to which I can in good conscience refer readers is Paul Edward's brief essay, "Wilhelm Reich," in The Encyclopedia of Philosophy, VII, Paul Edwards, ed. (New York, 1967), 104-115. A more detailed study by Constantine

←

نوسراوەکانی دواتری ڕایش، هەرچەندی سەرنجکێش و مشتومڕئامێزن، لەدەرەوەی سنوری ئەم وتارەیە، کە تەنیا تایبەتە بە ماوەی کارەکانی مارکسیبوونی. ئەمەی بەلای ئێمەوە جێگای بایەخە دابڕانییەتی لە ڕابردووی مارکسی بوونی کە بەرەو کاڵبوونەوەی زۆرێک لە ناوەڕۆکی شیکاریی چینی و سیاسەتی ڕادیکاڵی هەریەک لە کارەکانی ئەم ماوەیەی کە بڕیاریدا جاریتر بڵاویان بکاتەوە. بەمشێوەیە، شۆڕشی سێکسی (١٩٤٥) و دەروونناسی فاشیزمی جەماوەر (١٩٤٦)، تاوەکو ئەم دواییانەش تەنیا نوسراوی «مارکسی» ڕایش بوون بە ئینگلیزی، وێنەیەکی بەهەڵبردنی مارکسیزمی ڕایش پێشکەش دەکات. دوو بڵاوکراوەی دزراوی تازەی دەروونناسی فاشیزمی جەماوەر، هەردووکیان لە چاپە ئینگلیزییەکەی ١٩٤٦، و وەرگێڕانێکی تازەی چاپی سێیەمی ئەڵمانی، هەمان کێشە نیشان دەدەن، هەروەکو کتێبی داگیرکاری ئەخلاقی سێکسی زۆرەملێی (١٩٧١)، کە پێداچوونەوە تێکستیی ڕایش کە لە ساڵی ١٩٥٢ کردبووی دەگرێتە خۆ. تەنیا «ماتریالیزمی دیالەکتیکی و دەروونشیکاری»» (لێکۆڵینەوە لەسەر چەپ، لەنێوان پوشپەڕ-خەرمانانی ١٩٦٦) و «» هۆشمەندی چین چییە؟»» (ئازادی، گەلاڕێزانی ١٩٧١) بەدەرن لەم ڕەخنەگرییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەختە بەدەستبهێندرێن، ئەم وتارانە لەخۆیاندا بەهیچ شێوەیەک ناساندنێکی گونجاو نین بۆ مارکسیزمی ڕایش، کۆمەڵە وتار: سێکس ـ سیاسەت ١٩٢٩-١٩٣٤ یەکەم هەل پێشکەش بە خوێنەری ـ ئینگلیزی زمان دەکات بۆئەوەی ئاشنا بێت بە بەشداری ڕایش لە تیۆری مارکسی.

Sinelnikov, L’Oeuvre de Wilhelm Reich, which also contains a good bibliography of Reich’s Marxist writings, will soon be brought out in English.

وەكی لەسەرەوە ئاماژەی پێكرا، لەو باوەڕەدام كە هەوڵە سەرەكییەكانی ڕایش وەكو ماركسی ئاڕاستەی كاملّكردنی تیۆری نامۆیی بوو وەكو ئەوەی بەسەر بواری سێكسوالیتەدا جێبەجێدەكرێت. ڕایش خۆی بەم دادوەرییە سەرسام دەبوو، لەبەرئەوەی تەنیا كەمێك ئاشنایی هەبوو لەگەڵ ئەم تیۆرە و بەدەگمەن ئەم چەمكانەی بەكاردەهێنا كە پێیەوە پەیوەند بوون. [كتێبی] ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی و دەستنووسەكانی ساڵی ١٨٤٤، كە تێیاندا ماركس بە ئاشكرا مامەڵە لەگەڵ نامۆیی دەكات، لەبەرئەوەی تەنیا بەدوای یەكدا لە ١٩٢٨ و ١٩٣١ بڵاوكرانەوە و پێناچێت هەرگیز ڕایش كارەكەی دوایی خوێندبێتەوە. هێشتاش زیاتر ڕێكوپێك لەگەڵ ئەم مەتریكسی ماركسی دەگونجێت گفتوگۆكانییەتی دەربارەی جیابوونەوەی لەنێوان تاك و چالاكی سرووشتی سێكسی، بەشێك لە تێڕامانەكەی بەهۆی دابەشبوون لەنێوان خۆشەویستی ڕۆحیی و جەستەیی بوو (بەهەمان شێوە لە نێوان سۆزداری و ئیرۆتسزم)؛ ئەو ڕاستییەی كە سێكسوالیتە دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەویترەوە (چەپاندن و دەستبەرداگرتن)؛ دەربارەی بە ئۆبێكتكردنی بە بونیادە چەپێنەرەكان (هەروەها سیمپتۆم و شێوە كۆمەڵایەتییەكان)؛ دەربارەی بەشتبوون (پەیوەستی نیورۆتیك) پەیوەند بە هەر یەكێكیان؛ دەربارەی مامەڵەی خەڵك لەگەڵ یەكتری وەكو ئۆبێكتی سێكسی و ئەمە نائاسودەیی دەیهێنێت؛ دەربارەی ڕۆڵی پارە لە كڕینی خۆشی سێكسی (ئەمە تەنیا كردەییە لەبەرئەوەی ئەمانە هیچی تر بەشێكی تەواوی كەسایەتیی نییە)؛ دەربارەی ناكۆكی سەرەتایی لەنێوان چەپێنەر و چەپێنراودا. زیادلەمەش، لەڕێگەی تیۆری نامۆییەوە ماركس هەوڵیدا پیشانی بدات ــ هاوسەنگ بە چەمكی دیالێكتیكیەكەی ــ كە خەڵك نەك تەنیا بەندی هەلومەرجیان بوون بەڵكو هی خۆشیان بوون، [بەندی] ئەمە بوون كە

هەلومەرج کردبوونی بە چ شتێک. ڕەنگە دیاریکردنی بەڵای چەپاندنی سێکسی لەسەر توانای خەڵک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ژیانیان (وە، بەتایبەت، لەسەر توانای چینی کرێکار لەسەر ناسینەوەی سوودەکانی و بوون بە هۆشمەندی ـ چینیی) کە ڕایش گرنگترین بەشداری خۆی دەکات لە تیۆری نامۆیی مارکس.[٣]

ڕایش لە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر نامۆیی سێکسی، یارمەتی زۆری لە چوار دۆزینەوە گەورەکەی فرۆید وەرگرتووە: ١- ژیانی دەروونی مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی نەست دایە (ئەمە لە خەون، لە زمان دەرچوون، لەبیرچوونەوە و بەهەڵە لەشوێندانانی شتەکان خۆی دەردەخات ــ هەموویان «واتایەکیان»هەیە)؛

٢- منداڵی بچوک سێکسوالێتییەکی زیندوویان هەیە (سێکس و وەچەخستەوە هاوشوناس نین)؛ ٣- لەکاتی چەپاندندا، سێکسوالیتەی ساوا لەبیردەچێتەوە، بەڵام بەهێزی و وزەی خۆی لەدەست نادات (ئەمە تەنیا پەرش دەبێتەوە بۆ چەندین نیگەرانی دەروونی کە لەم دیو کۆنترۆڵی ئاگاییدان)؛ ئەخلاقی مرۆڤ بنەڕەتی سەرووسرووشتی نییە بەڵکو لە ئەنجامی پێوانە چەپێندراوەکانەوەیە کە دژ بە منداڵ گیراونەتە بەر، بەتایبەتی لەبەرانبەر دەرخستنی سرووشتی سێکسوالێتە.

ڕایش بە زوویی دوو دۆزینەوەی خۆی زیاد کرد بۆ ئەم دۆزینەوە بنچینەییانە. دەروونشیکاری ئەو کاتە لەناو کێشەدابوو بەم ڕاستییەی کە زۆرێک لە کەسە زۆرخراپ پەشێواوەکان ژیانێکی سێکسی «تەندرووست»ـیان هەبوو، بۆ نمونە، لە باری

٣: For a fuller treatment of the theory of alienation, see my book, *Alienation: Marx's Concept of Man in Capitalist Society*.

پیاواندا، زەوقیان هەڵدەستا و ئەزموونی ئۆرگازمیان دەکرد. ڕایش لە لێکۆڵینەوەیدا بۆی دەرکەوت کە هیچ کام لەم کەسانە خۆشیان زۆر لە سێکس وەرنەدەگرت یان ئەزموونی تەواوەتی تەنگەژەیان نەدەوەشاند لەکاتی ئۆرگازمدا. ڕایش بۆی دەرکەوت کە بیرسای توانستی سێکسی نابێت بۆ توانای زەوق هەڵسان و ئاوهاتنەوە سنوردار بکرێت بەڵکو پێویستە فراوانبکرێت و بۆ گرتنەخۆی «توانستی ئۆرگازمی»، کە ئەم وەکو «توانای خۆبەدەستەوەدانی تەواوەتی بۆ تەوژمی وزەی بایۆلۆجی بەبێ هیچ بەربەستێک، توانای ڕشتنی هەموو وروژانی سێکسی کۆبووەوە» پێناسەی کرد.[٤] بەبێ توانستی ئۆرگازمی، وزەیەکی زۆری سێکسی کۆبووەوە لەلایەن فەرمانی سرووشتی جەستە بەربەست دەکرێت و بۆ دەروونپەشێوی و جۆرەکانی تری هەڵسوکەوتی نائەقڵانی بەردەست دەبێت.

ڕایش هەروەها تێبینی کرد کە ناتوانستی ئۆرگازمی لە نەخۆشەکانیدا هەمیشە بەشێوەی جیاواز تێکەڵ بوو ـ لە نێوانیاندا هەردوو باوەڕەکان و ڕەفتاری جەستەیی ـ لە خۆلادان لە پاڵنەرە غەریزەییەکان. ڕایش ئەم شێوە هەڵسوکەوتە بەرگرییانەی بە «بونیادی کەسێتی» ناوزەدکرد. بنەڕەتی بونیادی کەسێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕێگایانەی تاکێک خۆی پاراستووە لە هێزە چەپێنەرەکان و تەکنیکەکانی لە سەرەتای بەکۆمەڵایەتی بوونی بەکارهاتوون، بەتایبەتی لە بواری سێکسوالیتە. ئەگەر لەسەرەتادا، بونیادی کەسێتی لە وەڵامی مەترسی واقیعی یان خەیاڵی لە ژینگەی کەسەکەدا گەشەبکات، کاتێک خۆی دادەمەزرێت کاری سەرەکی دەبێت بە کۆنترۆڵکردنی ئەم پاڵنەرانەی لەناوەوەی تاکەوە دێن کە هاوسەنگی هەستیی دەخاتە مەترسییەوە کە

٤: Wilhelm Reich, *The Function of the Orgasm*, trans. By T.P. Wolfe, (New York, 1961), p. 79. First published in 1948, contains a very useful account of the development of Reich's psychology and particularly of his changing relationship to Freud.

دامەزراون.

کۆنترۆڵکردنی غەریزەیی وەها بێ بەرانبەر نییە. بەپێی ڕایش، ئەمە «ژیانێکی ڕێکخراویی سێکسی و ئەزموونی تەواوەتیی سێکسی نەکردە دەکات.»[٥] هەموو بەربەستەکان، ترسەکان، ڕەفتارە نەگونجاوەکان و ڕەقبوون پەیوەندیان بە دەستێوەردانی بونیادی کەسێتی هەیە لەگەڵ توانای خۆبەدەستەوەدانی خۆ لە کردەی سێکسیدا و لەم ڕێگەیەوە کەمکردنەوەی چێژ و ڕژاندنی تەنگەژەی بەدەستهاتوو لەکاتی ئۆرگازمدا. هەمان کاریگەری جاڕس ناکردەیی دەکات بۆ خەڵک بۆ کردنی کاری بێزارکەر و دووبارە کە چارەنووسی زۆربەری خەڵکە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەکاتێکدا کەمکردنەوەی کاریگەرییەکە لەسەریان، دەربارەی باوەڕەکانیان و هەستەکانیان، لە ئەزموونەکانی لە ژیانیان داهاتوودا.

فرۆید لەڕێگەی وەرگرتن لە ئەزموونە کلینیکیەکانی پێشتر ئاماژەی بە ژمارەیەک لە سیفەت و کێشەی شێواوی کەسێتی کردبوو کە لە ئەنجامی چەپاندنی سێکسییەوە. بەتایبەتی ئاماژەپێکراوەکان دەروونپەشێوی «ڕاستی» تەنگەژە و نیگەرانی («پەشۆکاویی مۆدێرن»)، لاوازیی زانخوازی، زیادبوونی گوناهـ و دووڕوویی و کەمبوونەوەی چێژ و توانستی سێکسی. لە هەلومەرجێکدا، هەتاوەکو ئەوەی بانگەشە دەکات کە کەسانی چەپێندراو «کەسانی لاوازی باشن کە دواجار لەناو ئەو جەماوەرەدا بزردەبن کە بەئێشەوە هەوڵی شوێنکەوتنی کەسایەتییە بەهێزەکان دەدەن.»[٦] لەکاتێکدا فرۆید هەرگیز ئەم

٥: Wilhelm Reich, Character Analysis, trans. By T.P. Wolfe (New York, 1970), pp. 148-149.

٦: Sigmund Freud, "Civilized' Sexual Morality and Modern Nervousness," Collected Papers, II, trans. By J. Riviere (Long, 19 48), p. 92.

توێژینەوەیەی هیچیتر بەرەو پێش نەبرد، وەکو بنەڕەت بۆ زۆرێک لەکارەکانی دواتری ڕایش خزمەتی کرد. بۆ ڕایش، گرنگترین کاریگەرییەکانی چەپاندنی سێکسی ملکەچێتی و نائەقڵانی بوونە: چەپاندن «هێزە یاخییەکان ئیفلیج دەکات لەبەرئەوەی هەر یاخیبوونێک نیگەرانییەکی لێبارکراوە» و «لەلایەن بەربەستی زانخوازی سێکسی و بیرکردنەوەی لە منداڵدا، بەربەستێکی گشتی بیرکردنەوە و توانای ڕەخنەیی بەرهەمدەهێنێت.»[٧]

کەواتە ئەگەر چەپاندن ئەوەندە زۆر لەسەر مرۆڤ دەکەوێت، ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات: بۆچی کۆمەڵگا سێکسوالیتە دەچەپێنێت؟ وەڵامی فرۆید ئەمەیە کە هەلومەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ژیانی شارستانی. ڕایش وەڵام دەداتەوە کە ئەرکی سەرەکی چەپاندنی سێکسی بۆ پارێزگاری کردنە لە بونیادی چینی هەبوو. ئەم ڕەخنەیەی کە بە چەپاندێکی وەها سنوردارکراوە ڕەخنەگرتنی کۆمەڵگای سەردەمە، هەروەکو یاخی بوون کە قەدەغەکراوە یاخیبوونێکە دژ بە دۆخی هەبوو.

ڕایش بەنزیکی بەدوای مارکس دەکەوێت، ڕایدەگەیەنێت، «هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵگا ئەم شێوە سیفەتیانە درووست دەکات کە پێویستیەتی بۆ مانەوەی خۆی. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، چینی سەرەوە پێگەی خۆی لەڕێگەی یارمەتی پەروەردە و دەزگای خێزان دەپارێزێت، لەڕێگەی کردنی ئایدیۆلۆژیای خۆی بە ئایدیۆلۆژیای حوکمڕانی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکە.» بۆ ئەمە ڕایش ئەمەی دێت زیاد دەکات «بابەتەکە تەنیا سەپاندنی ئایدیۆلۆژییەکان، ڕوانگەکان و چەمکەکان نییە... بەڵکو بابەتەکە قۆناغبەندییەکی زۆر- قوڵتر دەڕوات لەناو هەموو نەوەیەکی نوێدا، لە شێوەپێگرتنی بونیادێکی دەروونی کە هاوکاردەبێت بە فەرمانە

٧: Wilhelm Reich, Mass Psychology of Fascism, trans. By T.P. Wolfe, (New York, 1946), p. 25 Character Analysis, XXLL.

کۆمەڵایەتییە هەبووەکان لەناو هەموو چینەکانی دانیشتوان.»[8]

بەکورتی، ژیان لەناو سەرمایەداریدا تەنیا بەرپرسیار نییە بۆ باوەڕەکانمان، ئەم بیرۆکانەی کە ئێمە هۆشمەندین بەڵام هەروەها بۆ ڕەفتارە نەستیە پەیوەندیدارەکان، هەموو پەرچەکردارە خۆڕسکەکان کە لە بونیادی کەسێتیمانەوە دەردەچن. دەکرێت وا ڕایش ببینرێت کە ڕەهەندێکی دەروونی بۆ بیرسای ئایدیۆلۆژیای مارکس زیاد دەکات: هەستەکانیش هاوشێوەی ئایدیاکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێن. لەڕێگەی یارمەتیدانی چەسپاندنی دۆخی ئابوری بەرپرسیار بۆ ئەم شێوەپێگرتنە، هەریەکێکیان بە یەکسانی خزمەتی سوودەکانی چینی باڵادەست.

لەناو تیۆری نامۆیی، بونیادی کەسێتی بەجیا دەوەستێت وەکو گەورەترین بەرهەمی چالاکی سێکسی نامۆیی. ئەمە بە ئۆبێکتکردنی بوونی مرۆڤە کە هێزی بەسەر تاکدا بەدەستهێناوە لەڕێگەی شێوەگرتنی لە هەلومەرجی مرۆڤدا. شێوە زۆرەکانی، ڕەفتارە دەقیقەکانی گیراونەتەبەر، وەکو هەستی ئەخلاقی بەرجەستەبوون، بەهێزی کەس، هەستی ئەرکداری، هتد...، زیاتر سرووشتی هەقیقی خۆی پەردەپۆش دەکات. لەڕێگەی کۆنترۆڵی چینی باڵادەست و بریاکارەکانی لەناو خێزاندا، پەرستگا و فێرگە کە ترس درووست دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی بونیادی کەسێتی تاک یارمەتی دەروونیی پێویست بەردەستدەخات لەناو چەوسێندراواندا بۆ خودی ئەم کردە دەرکیی و دەزگایانە (خۆشیان بەرهەمی چالاکی نامۆیین لە بوارەکانی تردا) کە ڕۆژانە دەیانچەوسێننەوە. لە ژێر ڕووناکی ڕۆڵی بونیادی کەسی کۆنەپارێزی کۆمەڵگایی، ستراتیژی سیاسی ڕایش ئامانجی لاوازکردنی کاریگەرییەتی لەسەر گەورەکان و ڕێگری

---

٨ Character Analysis, XXLL.

لە شێوەگرتنی لە گەنجاندا، شوێنێکدا کە دژێتی لەنێوان خود ـ دڵنیایی و ڕێگری کۆمەڵایەتی زۆر هەڵچووە. سیفەتە چەپاندنەکانی پەرستگای و فێرگەی خێزان گرێدەدرێت بە چەوساندنەوەی ئابووری وەکو ئامانجی گەورەی ڕەخنەگرتنەکانی ڕایشە.

بۆ ڕێگەگرتن لە جۆرە بەهەڵەتێگەیشتنێک کە زۆرێک لە باسەکانی ئایدیاکانی ڕایشی بەکێشەکردووە، دەمەوێت جەخت بکەمەوە کە ستراتیژی ڕایش بابەتی «لایەنگری» جووتبوونی سێکسی نییە. زیاتر، لەڕێگەی پیشاندانی کاریگەرییە وێرانکەریەکانی چەپاندنی سێکسی لەسەر کەسایەتی و کۆمەڵگا بەگشتی، دەیەوێت خەڵک ئەم هەلومەرجانە هەڵبگێڕنەوە کە دەبێتە هۆی ئەمەی کە ژیانی خۆشەویستی ئاسودەیی نەکردەیی بێت (وە ــ لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بە بونیادی کەسێتی ــ بەختەوەری و بەئەنجامگەیاندن). لەسەر هەمان تێگەیشتن، ڕایش هەرگیز لەم باوەڕەدانەبوو کە ئۆرگازمی تەواوەتی باڵاترین ئامانجی بوونی مرۆڤە. بەڵکو، لەبەر ناخۆشییە دەروونییەکان پەیوەست بە ناتوانستی ئۆرگازمی، ئۆرگازمی تەواو وەکو پێوەرێکی گرنگ خزمەت دەکات کە بتوانین لێیەوە هەستی خۆشبەختی پێ هەڵسەنگێنی. لەمەش زیاتر، لەگەڵ هێمنیبوونی چەپاندن، ڕایش چاوەڕوانی ئەمە ناکات کە هەمووان هەموو کاتەکان هەموو ئەمانی تر «بگێت» (ترسێک کە فرۆید لەگەڵ پاپا هەیان بوو)، بێگومان لەگەڵ ئەمەشدا ئارامییەکی وەها ــ وەکو ئەمەی کە بەشێکی وەهای لێهاتووە ـ دەبێتە هۆی ئەمەی خەڵک زۆر زووتر سێکس لەگەڵ ئەمانەی کە بەلایانەوە سەرنجکێشە بکەن.

زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ڕایش بەخاڵی شەرەفی دادەنێن کە هەرگیز مشتومڕی ژیرانەی لەگەڵدا نەکەن، بەشێوەیەکی سادە

وایدادەنێن کە هەر لایەنێک کە زۆر «توندڕەو»بێت ئەوا هەڵەیە. لەنێوان ئەمانەدا کە ئێمە پێمان زیاتر شایەنە ئەمانە، هێربێرت مارکۆزە، کە دەڵێت «بۆ ڕایش ئازادەی سێکسی وەکو خۆی دەبێت بە چارەسەری گەردوونی بۆ ناخۆشییەکانی تاک و کۆمەڵگا،» وە نۆرمان براون دەرباری ڕایش دەڵێت، «ئەم دەرکەوتنی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی جیهان لە گەڵوگوندا زۆری کردووە بۆ بەهەڵەخستنەوەی دەروونشیکاری؛ مرۆڤایەتی، لە مێژوودا و لە ئەزموونی کەسێتیدا باشتر دەزانێت.»[٩] شیکاری کارامایانەی ڕایش دەربارەی ئیشی کۆمەڵایەتی چەپاندنی سێکسی لەڕاستیدا بزربووە لەپشتی ئەم کاریکاتێرییە بێ بەڵگانە.

یەکێکی تر لە بەهەڵەلێکدانەوە پەیوەستدار، کە لەنێوان مارکسییەکاندا زۆر بڵاوە و دەبێت زۆر بە جدی تر وەربگیرێت، دەگوترێت کە ڕایش «حەتمیەتگەرایی ئابوری» بە «حەتمیەتگەرایی سێکسی» شوێنگرتووەتەوە. لەکاتی دەرکردنی لە حزبی کۆمۆنیستی، گوتەبێژی حزبەکە ڕایگەیاند، «تۆ بە بەکاربردن دەستپێدەکەیت، ئێمە بە بەرهەمهێنان؛ تۆ مارکسی نیت.»[١٠] بەتەنیا دەگونجێت کە سەرنجی تایبەت بخرێتە سەر ڕەتدانەوەیەک کە تەواوی پرۆژەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

تیۆری مارکسی دوو ڕێگەی وەڵامدانەوەی تەواوەکەر پێشکەش بە ڕایش دەکات: یاخود بیرسای بەرهەمهێنان دەتوانرێت بەجیاوازی پێناسە بکرێت بۆ گرتنەخۆی سێکسوالیتە (کە ڕەخنەی حزبی کۆمۆنیستی بۆ شێوەیە لە بەکاربردن بچوکی کردەوە)، یان تێکهەڵکێشی لەنێوان «بنچینە» و هەندێ لە بنەماکانی

٩: Herbert Marcuse, Eros and Civilization, (New York, 1962), p.128; Norman O. Brown, Life Against Death, (New York, 1961,. 29.

١٠: Wilhelm Reich, “What Is Class Consciousness,” Sex-Pol Essays 1929-1934, ed. by Lee Baxandall and trans. By A. Bostock (New York, 1971) p. 350.

«سەرخان» وەکو سێکسوالیتی دەکرێت جەختی بکرێتە سەر بەرەو فەرامۆشکردنی پێشوتری گرنگی ئەمەی دوایی[سەرخان]. ستراتیژی ڕایش، وەکو لە چەندین نوسراویدا دەیدۆزینەوە، سوود لەهەردوو ئەگەرەکان وەردەگرێت. لەلایەکەوە، ئاماژە دەکات کە ماتریالیزمی مارکسی بەلۆجیکی پێش جەختکردنەوەکەیە لەسەر فاکتەرە ئابووریەکان دەکەوێت، بۆ نمونە بەرهەمهێنان و ئەمەی کە سێکس «پێویستییەکی ماددییە.» لەلایەکی ترەوە، لەکاتێکدا بە ئامادەییەوە ڕایدەگەیەنێت تەنانەت بۆ کردە سێکسییەکان سەرەکی بوونی «لە کۆتا سات»ـی فاکتەرە ئابووریەکان (کار، نیشتەجێبوون، پشوودان و هتد.)، ڕایش هۆدەهێنێتەوە کە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی چەپاندنی سێکسی زۆر گەورەترن وەک لە پێشووتردا زانرابوون.

ماتریالیزمی مارکسی یەکەمین و باشترین بابەتێکە بۆ دەستپێکی لێکۆڵینەوەی لە کۆمەڵگا بە «سوبێکتی ڕاستەقینە،» کە لەوانەیە بەشێوەیەکی تەواوەتی وەکو بەرهەمهێنەر سەیر بکرێت بەڵام بەهەمانشێوە زۆرجار وەکو هەردوو بەرهەمهێنەر و بەکاربەر دەبینرێت.[١١] لە تەنیا وتاری میتۆدۆلۆجییەکەیدا، مارکس بەلایەوە گرانبووە پیشانی بدات کە بەرهەمهێنان و بەکاربردن لەناواخندا بەیەکەوەبەستراون وەکو خەسڵەتی بوونی ماتریالی سوبێکت و کە زانیارییەک بەشێوەیەکی گشتی لەژێرناوی سەرەکی یەکێکیان دەردەکەوێت ڕەنگە بگۆڕێت ــ لەپێناو ئاسودەکردنی هەندێ لە داواکارییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕاڤەکرن ــ لەگەڵ ئەمەی تردا بەبێ لەدەستدانی واتاداری.[١٢]

١١: Karl Marx and Frederich Engel, The German Ideology, trans. By R. Pascal (London, 1942), p. 7.

١٢: Karl Marx, A Contribution to the Critique of Political Economy, trans. By N. I. Stone (Chicago, 1904), pp. 274-292. Marx also says that the forces of production have their subjective side, which is the “qualities of individuals,” and refers to the “communal domes-

←

بەهەمانشێوە، «سوبێکتی ڕاستەقینە» هەردوو ڕوانگەی تایبەت و بابەتی هەیە ــ وەکو ئەمەی هەیە هەست دەکات ــ وە دوبارە، لەبەر ئەم لەناوهاوپەیوەندبوونەدا دۆخی ژیانی ببێت بە چەق لەڕێگەی جەختکردنەوەی هەرکام لە هەستەکان یان کردارەکان. بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی میتۆدۆلۆجی، ئەم بژاردەیە بەڕاستەوخۆ لەژێر ئەم ناوانەی کە هەیەتی نا [بەڵکو] بەشێوەیەکی سادە ئەم ڕوانگانە دەگرێتەخۆ.

بەشێوەیەکی کامڵ تێگەیشتن لەم بیرسا فراوانەی ماتریالیزم، ڕایش ڕایدەگەیەنێت کە «مرۆڤایەتی لەگەڵ دوو پێویستی دەروونی بنچینەیی بوونی هەیە، پێویستی خۆراکی و پێویستی سێکسی، بۆ مەبەستی تێربوون، لە دۆخی دوولایەنەیی پێکەوەیی دەژیەت.»[١٣] جەختکردنەوە لەسەر لایەنی چالاکدا، ئەنگلس وەهای گوتووە، «بەپێی تێگەیشتنی ماتریالی، فاکتەری یەکلاکەرەوە لە مێژوودا، بریتییە لە ساتی کۆتایی، بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی یەکسەری بنەڕەتییەکانی ژیان. ئەمەش، جارێکی تر، سیفەتێکی دوو-ڕوانگەییە. لەلایەک، بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بوون... لەلایەکی ترەوە، بەرهەمهێنانی مرۆڤ خۆی، زیادبوونی جۆری مرۆڤ.» لەڕوانگەی ئەنگلس ـەوە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەر چاخێک لەلایەن هەردوو جۆری «بەرهەمهێنان» دیاریدەکرێت.[١٤]

بەشێوەیەکی زۆر کەم ئەم دووانە بنچینەییەی تێگەیشتنی

---

tic economy" which replaces the family in communist society as a "new productive force." Karl Marx, Pre-Capitalist Economic Formations, ed. By E.J. Hobsbawm and trans. By Jack Cohen (New York, 1965), p. 95; and The German Ideology, p.18.

١٣: Wilhelm Reich, «The Imposition of Sexual Morality,» Sex-Pol, p.٢٣٢.

١٤: Friedrich Engels, "Origins of the Family, Private Property, and the State," Marx / Engels Selected Writings, II (Moscow, 1951), 155-156.

ماركسی بۆ مێژوو قبوڵکراوە ـ بەتایبەتی لەلایەن شوێنکەوتوانی ماركسەوە ـ کە ئامادەکارانی چاپی مۆسکۆی زاگەی خێزان، خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت، تێیدا ئەم سەرنجە دەردەکەوێت، ئەنگلس بە «هەڵەشەیی» تاوانبار دەکرێت، دانپێدانانێکی زۆرجدی لەلایەن هەر نوسەرێکی کۆمۆنیستی بیکات لە ١٩٤٨.[١٥]

ڕایش-یش بەهەمانشێوە زۆر لەگەڵ شێوەپێگرتنەکەی ئەنگلس قایل نەبوو. ئەم هێڵەی کە ئەنگلس لەنێوان بەرهەمهێنان و وەچەخستنەوە دەیکێشێت وەکو هێزی یەکلاکەرەوە لە مێژوودا پێویستی بە هەندێ هەموارکردنەوە هەیە. لەبەرئەوەی ئەگەر خەڵک بۆ ئاسودەیی پێویستی خۆراک، شوێنی مانەوە، هتد... بەرهەمبهێنن ئەوا تێکەڵ بە کردەی سێکسی نابن بەمەستی زیادبوونی جۆری مرۆڤ. شمەکەکان تەنیا ئەنجامی بەرهەمهێنان نین بەڵکو ئامانجیشن. بەپێچەوانەوە، سێکس نزیکەی هەمیشە دەکرێت بۆ چێژ یان بۆ هێورکردنەوەی تەنگەژەی جەستەییە. تەنانەت لەبەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤ، ئەڵقەی نێوان جوتبوونی سێکسی و باوانەیی نەزانراوبوو. لەم دیوو ئەوە، ئارەزووی سێکسی، کە لەسەرەتای منداڵییەوە دەردەکەوێت، پێش ئەگەری وەچەخستنەوە لەژیانی هەمووان‌دا دەکەوێت. لەئاکامدا، وەکو پێویستییەکی ماتریالی، وەکو خەسڵەتێکی تایبەتی «سوبێکتی ڕاستەقینە»، سێکس لە بنەڕەتدا پاڵنەرێکە بۆ چێژی سێکسی. لەبەرئەمە، بەمشێوەیە کۆمەڵگا وەڵامی هەوڵەکانی سوبێکت دەداتەوە بۆ تێرکردنی برسێتی و بەدەستهێنانی جێژی سێکسی کە ڕێکخراویی کۆمەڵایەتی لەهەر سەردەمێکدا یەکلایی دەکاتەوە.[١٦]

١٥: Ibid. p. 156

١٦: "The Imposition of Sexual Morality," Sex-Pol, p. 231-233.

وەکو ئاماژەم پێدا، ڕایش لەگەڵ قبوڵکردنی بیرسای «هێزە ماتریالەکان»ـی مارکس (هەرچەندی فراوان بن)، هەروەها گرنگی «لە کۆتا سات»ـی فاکتەرە ئابوریەکانیشی قبوڵکرد (بەکەمی تێگەیشتن). بۆ تێگەیشتن لە وەرگرتنی ئەمەی دوایی [کۆتا ساتی فاکتەرە ئابوریەکان] بە ڕوانگەیەکی درووست پێویستە نمونەی هۆکار بە ئەمەی کە زۆر جار بە دیالێکتیکی ناچارکراوە شوێن بگرینەوە. لەسەر بنەمای دیالێکتیکی، بەریەککەوتنی دولایەنە (یان کاریگەری دولایەنە) لەنێوان هەموو توخمەکاندا لە واقیعدا بوونیان هەیە. ئەم گریمانە بنەڕەتییە واتای دەرکردنی ئەم ئەگەرە نایەت کە هەندێ لە توخمەکان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەری دەکاتە سەر ئەوانی تر یان هەمووی وەک ئەمەی هەیە. وەکو ئەمەی مارکس دۆزییەوە، ئەمە بەگشتی دۆخی فاکتەرە ئابووریەکان بوو. بانگەشەکەی مارکس پەیوەند بە گرنگی فاکتەرە ئابووریەکان بەگشتی کردنی ئەزموونییە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای ڕاستەقینە، نەوەکو هەقیقەتێکی پێشوەختە دەربارەی جیهان. بەمشێوەیە، دەکرا مارکس خۆی گرنگی ئەم ڕۆڵە پیشان بدات کە شەڕ و داگیرکاری پێدەچێت گێڕابێتیان لە پەرەسەندنی کۆمەڵگا دیرۆکیەکاندا، وە ئەنگلس دەیتوانی ئەمە بڵێت پێش دابەشکردنی کار بە پنتێکی دیاریکراو بگات، کۆمەڵە لەیەکنزیکەکان بەرپرسیارییەتی سەرەکیان هەبوو لە دیاریکردنی شێوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕایش، کە لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەربارەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کردبوو، لەگەڵ حوکمدانەکەی ئەگلس هاوڕابوو، بەڵام پێداچوونەوەکانی پیشانی دەدات کە تەنانەت لەم بابەتەدا لە ئەنگلس زیاتر «حەتمیەتگەرای ئابووری» بووە.[١٧] ڕایش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەستوو

١٧: Marx, Pre-Capitalist Economic Formations, p. 83; Engels, Selected Writings, II, p. 156.

بە ئەنسرۆپۆلجی مالینۆفسکی، جەخت لەسەر گرنگی مارەیی هاوسەرگیری دەکاتەوە (وەکو شێوەیەک لە دیاری لەلایەن هۆزی سەرەتایی ڕێکخراوە کە پێشتر لە شەڕدا بوون) هەردوو دەرهاوسەرگیری کڵان و تابووی خوێشگێی دادەمەزرێنێت؛ لەکاتێکدا ئەگلس، لەژێر کاریگەری مۆرگان و داروینیدا، هەردوو پەرسەندنەکان بۆ هەڵبژاردەی سرووشتی دەگەڕێنێتەوە.[١٨]

ئەگەر لێکۆڵینەوەی ڕایش لە بنەڕەتی نیرۆسۆسی کۆمەڵایەتی، لەسەرەتای کارەکانی لە کلینکی بێبەرامبەری دەروونشیکاری ڤیەننا، بەرەو قبوڵکردنی گرنگی فاکتەری ئابوری وەکو دوا نمونە گەیاند، هەمان لێکۆڵینەوە وایلێکرد کە ئەم قورساییە بگۆڕێت کە مارکس گرێیدابوو بە یەکێک لە توخمەکانی ئەم کارلێکردنە دوو سەریەدا. مارکس وەکو هێزێکی سرووشتی و مرۆیی ئاماژەی بە سێکس کردووە، وەکو ڕێگەیەکی پەیوەستدار بە سرووشت، هاوشێوەیە خواردن، بینین، کارکردن و چەندین هەلومەرج و کارکردنی تری مرۆڤ. وەکو بینیمان، ڕایگەیاندبوو کە چەندێتی پەیوەندی سێکسی ڕونترین تێگەیشت بە ئەندازەیەک پێشکەش دەکات کە تێیدا مرۆڤ وەکو ئاژەڵ بووە بە مرۆڤ. بەڵام، تەنیا هێزێک کە کاریگەریی بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە کارە.

ڕایش بە هیچ شێوەیەک بەدوای بچوکردنەوەی ئەم گرنگییەوە نییە کە مارکس خستویەتە سەر کار، بەڵام دەخوازێت گرنگی زیاتر بخاتە سەر سێکسوالیتە، بەتایبەت لە کاریگەری بە توانای خەڵکەوە لە کردنی کردەی ئەقڵانی. لەبەر هۆکاری زۆر جیاواز، مارکس و فرۆید ئەو کاریگەری کە مەودایەی ژیان لەسەر کەسایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی هەیەتی بە کەم دانەوە کە لەلایەن ئەوی ترەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. ئەنجامەکەی

١٨: “The Imposition of Sexual Morality,” Sex-Pol. 183-225.

بەمشێوەیە بوو، «لە سیستەمی مارکسیدا، پرۆسەی سێکسیی لەژێر هەڵەی «گەشەی خێزان» ـدا ژیانێکی ساندرێلایی هەیە. لەلایەکی ترەوە، پرۆسەی کار، لە دەروونناسی فرۆیدیدا توش بەهەمان چارەنووس بووە لە ژێر هەڵەی «بڵندبوونەوە،» «غەریزەی برسیبوون» یان «غەریزەکانی ئیگۆ.»[١٩] بۆ ڕایش، سەنتێزکردنی مارکس و فرۆید بەواتای تێکشکاندنی ئەم بەربەستەی ئەم کاتیگۆرییانە سەپاندوویانە بۆ دابەشکردنەوەی کاریگەری هۆکاریی ڕێکخراو لەگەڵ دۆزینەوە بنەڕەتیەکانی هەردووکیان.

سارتەر لەم نزیکانەدا گوتبووی کە زۆربەی مارکسییەکان مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن وەکو ئەمەی لەکاتی پێشکەشکردن بۆ یەکەم کاریاندا لەدایک بووبن.[٢٠] نوسین وەکو دەروونشیکارێکی مارکسی، بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەم شێواندنەیە کە ڕایش هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدا.

هێرشکردنە سەر ڕایش وەکو دیتێرمنستێکی سێکسیی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی مارکسی گەیاندووە بەمەی کە ڕەچاوی جیاوازی ڕاستەقینە نەکەن کە لەنێوان تێگەیشتنی ماتریالیستی مارکس و ڕایش بۆ مێژوو بوونی هەیە. گرنگترینی ئەمانە پەیوەندی بە جیاوازی بە قۆناغی کاتەکانەوە هەیە کە کراون بە جێگای سەرنج. لەکاتێکدا مارکس سەرنجیداوەتە سەر شێوەکانی ئابوری ـ کۆمەڵایەتی کە لە ماوەی دوو بۆ سێ هەزار ساڵ لە ڕۆژئاوا هاتوونەتە بوون (کۆیلایەتی، فیوداڵیزم، سەرمایەداری)، ڕایش ــ سەرەڕای قبوڵکردنی دابەشکاری مارکسی ــ بەگشتی لەسەر

١٩: Wilhelm Reich, People in Trouble, (Rangely, Maine, 1953), p.45.

٢٠: Jean Paul Sartre, Critique de la raison dialectique (Paris, 1960), p. 47.

بنەمای سێكسیی - كۆمەڵایەتی قۆناغبەندییەكانی كار دەكات، سێ قۆناغە سەرەكییەكانی بریتین لە دایكڕەچەڵەكی، باوكسالاری (لەماوەی مێژووی تۆماركراودا) و كۆمۆنیزم. لەكاتێكدا ئەمانە تێكەڵ دەبن، ئەم دوو شێوە جیاكارییەی كات بەتەواوەتی ئاوێتەی یەكتر نابن، نە بە شێوەی ئیدراكی ــ بەشێوەیە كە ناچارین یان بیر لە یەكێكیان لەوەی تر بكەینەوە ــ یان بە شێوەی پراكتیكی ــ بەشێوەیە كە ناچارین یان بیر لە یەكێكیان لەوەی تر بكەینەوە ــ بەشێوەیەك كە شوێنكەوتوانی ماركس و ڕایش زۆرجار فاكتەرە ئابووری و دەروونییەكان ڕەتدەكەنەوە (بەپێی قوتابخانەكان جیاوازە) بەڕەچاوكردنی بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی.

ئەم جیاوازییە لەنێوان ئەم دوو بیرمەندە لە هیچ شوێنێك ئەوەندە ئاشكرا نییە وەكو لە مامەڵەیان لەگەڵ دژبەیەكییەكان. لە كرۆكی تێگەیشتنی ماتریالیستی ماركس بۆ مێژوو، بەئەندازەیەك كە میتۆدۆلۆجی تێدەپەڕێنێت (چۆن بەباشترین شێوە لێكۆڵینەوە لە گۆڕانی كۆمەڵایەتی بكەین) بۆ چەند گشتاندنی دیاریكراو دەربارەی چۆن گۆڕان ڕوودەدات، لە جەختكردنەوەی دەرەبارەی بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجە كۆمەڵایەتییەكانی بوون، كە لە خاڵێكی دیاریكراودا دەستدەكات بە گواستنەوەی ڕێكخستنی كۆن بۆ ڕێكخستنێكی چەندێتی نوێ. بۆ ماركس، ناواخنی دژبەیەكییەكان هەمیشە لەلایەن كۆمەڵگایەكی تایبەتەوە پێشكەشدەكرێت كە تێیدا كۆتایهاتن بەرجەستە دەبێت.

وەكو بیرمەندێكی نزیك لە ماركس، ڕایش-یش بەتایبەتی هەماهەنگە بە مەیلی دژبەیەكییەكان لەم ماتریالەی كە لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكات. بەڵام، لەگەڵ هەندێك جیاوازی، لەوباوەڕەدایە كە ئەم دژبەیەكییانەی لەناو سەرمایەداریدا چارەسەردەكرێن ناواخنێكیان هەیە كە لە سیستەمێكی باوكسالاری وەهادا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

وەرگیراوە. ئەمە ئەم بارەیە لە دژبەیەکی لەنێوان چەپاندنی بەهێزکردنی هاوسەرگیری و خێزان، وە لەبەرئەوە بێچارەیی سێکسی هاتووەتە بوون، کە لەباریان دەبات؛ بەهەمانشێوە دەربارەی لەنێوان چەپاندن بەرهەمهێنانی بونیادی کەسایەتی کە وادەکات گەنج دەسەڵاتی باوان قبوڵبکات دژبەیەکی دەبینێت (وە فراوانتر لەهەموو شێوەکانی تری دەسەڵات) وە لەهەمانکاتدا هاندانی یاخیبوونی سێکسی بەرانبەر بە باوانیان (وە فراوانتر لەهەموو شێوەکانی تری دەسەڵات).

بەبێ ڕەگەکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە تێیدا دۆزراوەتەوە (سەرمایەداری)، بەتەواوەتی ڕون نییە کە چۆن ئەم دژبەیەکیانە بەشداری دەکەن لە ناوچونی ئەم کۆمەڵگایە، نە بۆچی ئەم لەناوچونە بەشێوەیەکی پێویست بەرەو کۆتایهاتنی ئەم دژبەیەکیانە دەچێت. وە زیادکردنی ئەمەی کە چەپاندن لە سەردەمی سەرمایەداریدا زۆرترە چارەسەری کێشەکە ناکات. تەنانەت کاریگەری دەکەوێتە سەر نامۆیی سێکسوالیتەش، بەئەندازەیەک کە سیفەتیەکانی تایبەتی سەرمایەداریی دەکەونە ژێر سێبەری ئەمانەی باوکسالاری، بۆ ئەو کاتی ماوەیەی مارکس پەیوەستە پێیەوە، دیاریدەیەکی نامێژووییە. لەبەرئەوە، وەکو ئەمەی ڕایش ناچاربوو دانیپێدابنێت، دەکرێت شێوەیەک لە نامۆیی سێکسیی لە یەکێتی سۆڤییەتیشدا بوونی هەبێت، [ئەمەش] هێشتا بە کۆمەڵگایەکی باوکسالاری دەیهێڵێتەوە.[٢١]

هەڵەی ڕایش ـ لەهەموو ئەم بەکارهێنانەی لە شیکاری مارکسدا ئەنجامیدا ـ خۆی لە بەچەمکاندنی دۆزینەوەکانیدا جیا لە دۆزینەوەکانی کۆمەڵناسی مارکسدا دەبینێتەوە، لەبری

[٢١]: For Reich's account of the sexual reforms and subsequent reaction in the Soviet Union, see this book The Sexual Revolution, trans. By T.P. Wolfe (New York, 1951).

تێکەڵکردنی هەردووکیان لەهەمان دژبەیەکی کۆمەڵایەتیدا. ڕایش نمونەیەکی ئەلتێرنەتیڤی باشمان پێشکەش دەکات کاتێک دەرباری ئابوری سەرمایەداری قسەدەکات لە هاندانی ئایدیۆلۆجی خێزان لە هەمانکاتدا لەباربردنی لەڕێگەی تەنگەژەی ناوەکی خێزان کە بە هۆی بێکاری و ناچارکردنی ژنان بۆ ئیشکردن دەکەوێتەوە. بەمشێوەیە، لەڕێگەی کارپێکردنی باوی ڕەوتەکانی سەرمایەداری، ئەم خێزانەی کە کارکردنی پێویستییە بۆ سەرمایەداری بەرەو ناکامیی زیاتر باڵدەکێشێت.[٢٢] بەڵام، نمونەی وەها لە کارەکانی ڕایشدا، بە دەگمەنی دەمێننەوە.

مارکسییەکان هەمیشە باشتر توانیویانە گواستنەوە لە کۆیلایەتییەوە بۆ فیوداڵیزم و لە فیوداڵیزمەوە بۆ سەرمایەداری ڕاڤەبکەن وەک لە ڕاڤەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی، وەکی ڕووداوەکان پیشانی دەدەن لەکۆتایدا بە کۆمۆنیزم شوێنی دەگیرێتەوە. بەڵام ئەمە وەها پەرەسەندنێکە کە نوسینەکانی ڕایش باشترین کاردەکات بۆئەوەی ڕۆشنیان بکاتەوە. وەلی، لەکاتێکدا دژبەیەکیەکانی ڕایش لە سەردەمی باوکسالاریدا ڕوودەدەن و ئەم دژبەیەکیانەی مارکس ئاشکرایکردن لە سەردەمی سەرمایەداریدا ڕوودەدەن، بەشداری ڕایش لە شیکاریی مارکس تەنیا دەکرێ پەراوێزیی و پێشنیارییانە بێت. ئەگەر بێتو «ئابوری سێکسی» ڕایش ببێت بە بەشێکی بنەڕەتی لە مارکسیزمدا، سەیروسەمەرەیی چەندێتی چەپاندنی سێکسی سەرمایەداری، لەگەڵ شێوە تایبەتەکانی و سەرەنجامی لەناو هەر چینێکی کۆمەڵایەتیدا (بەرەچاوکردنی جیاوازییە ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئاینی)، پێویستە ورتر پێشکەش بکرێت. بەڵام، بەتێگەیشتنی چەمکی، لەڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی باوکسالاری، پێویستە

٢٢: Wilhelm Reich, La lutte sexuelle des jeune, (Paris, 1966) trans. From the German, p. 121.

چەپاندنی سێکسی بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆیلایەتی، فیوداڵی، سەرمایەداریی و تەنانەت «سۆسیالیستی» تێکبشکێندرێت، لەپێناو پیشاندانی بەشداری تایبەتی لەهەر سەردەمێکدا هەروەها ئەم دەرفەتانەی لەهەر سەردەمێکدا لەبەردەستدا بوون بۆ بەرزبوونەوەی. زۆرێک لەم لێکۆڵینەوە و کاری شێوەپێگرتنەوە کارێکە هێشتاش دەبێت بکرێت.[٢٣]

جگە لە تۆمەتبارکردنی تیۆری ڕایش بە جەبری سێکسی، یەکێکی تر لەم ڕەخنانەی گوتراون لەلایەن زۆرێک لە کەسانی ڕادیکاڵ لەم سەردەمەدا پەیوەندی بە گرنگی ئایدیاکانی ڕایشەوە هەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەوگۆڕانانەی بەسەر هەڵسوکەوتی سێکسییەوەیە هاتووە لەوکاتەوەی ڕایش نوسیویەتی. ئایا فێرکارییەکانی ڕایش ساتی شۆڕشگێری خۆییان لەدەستداوە؟ ڕیمۆت ڕەیش، لە کتێبەکەیدا سێکسوالێتە و ململانێی چینایەتی‌دا، مشتومڕ دەکات کە بڵاوبونەوەی پەروەردەی سێکسی، هەبوونی دەرمانی ڕێگری منداڵبوون و لەباربردن، توانای سێکسکردن لەناو سەیارەدا (ئەگەر ژوور نەبێت) هتد، کارێکی ئەستەمی کردووە تاوەکو بتوانین نکوڵیکردنی ئاسودەیی سێکسی پەیوەند بکەینەوە بە داواکارییەکانی سیستەمی سەرمایەداری. بازاڕ تەنانەت توانیویەتی ئەم پێویستیانەش لەناوخۆیدا هەڵمژێت، ڕێکخستنی تێرکردنیان بۆ کارێکی بەکاربردنی قازانجدەسخەر بۆ چەند بەشێکی چینی سەرمایەداری. بۆ نوسەر، خاڵی سەرنجی گرنگ لە دۆزینەوەی بۆچی سێکسوالێتە نکوڵی دەکرێت گۆڕاوە بۆ دۆزینەوەی بۆچی ئامرازەکانی ئاسودەیی دەستیبەسەرداگیراوە

٢٣: For further discussions of the conceptual difficulties involved in integrating Reich’s theories into Marxism, see my article, “The Marxism of Wilhelm Reich: or the Social Function of Sexual Repression,” particularly the final section, republished as chapter seven of my book Social and Sexual Revolution.

بۆ ئەوەی خزمەت بە ئامانجەکانی سیستەمی سەرمایەداری بکات.[٢٤]

نە گەشبینی ڕیمۆت ڕەیش پەیوەند بەڕێژەی ئەمەی کە چەپاندن کەمبووەتەوە نە ڕەشبینییەکەی بەم ئەندازەیەی کە سەرمایەداری دەتوانێت هەرجۆرە ئازادییەکی تازە هەبوو دادۆشێت بەتەواوی ڕەوایەتی هەیە. بۆ نمونە، ڕاپرسییەکی ئەم ماوەیە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی تەمەن هەژدە ساڵ لە وڵاتی ئەمریکا، پیشانی دەدات کە لەسەدا ٤٤ی ژنان و ٢٣ی پیاوان هێشتاش هەر پاکیزەن، هەروەها دەریدەخات کە ڕێژەیەکی زۆری سەدی تر لەنێوان بەشداربواندا تەنیا یەکجار یاخود چەند جارێک سێکسیان کردووە.[٢٥] کەسانی ڕادیکاڵ لەم باوەڕەدان کە هیچ نەبێت پەیوەند بە بابەتی سێکسی، بەگشتی هەڵوێست و کردەی ئازادی لەلایەن زۆرێک لە هاوتەمەنەکانیان بەشداری دەکرێت. ئەمەش لەڕاستیدا هەڵەیەکی گەورەیە.

هەروەتر بۆ چاکسازی سەرمایەداریانە لە کولکردنی تیژی بەرهەڵستی شۆڕشگێری سێکسی، دەبێت بە کەسەرەوە دانیپێدابنێین دەکرێت سەرکەوتووبن. بەڵام، ئەوەی دەمێنێتەوە ببینرێت ئەوەیە کە ئەگەر ئەم دژبەیەکیانەی چاکسازییەکە لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە دەکرێت بارودۆخە کۆنەکە زیاتر بتەقێنێتەوە. تاوەکو چەندیتر حەب بەئاسانی بەردەست دەبێت، نەخۆشییە سێکسییەکان چارەدەکرێن، هتد.، وە گەنجەکان لە مەترسی سێکسکردندا دەترسن؟ لە چ ساتێکدا هاوسەرگیری ناپێویست دەکرێت بۆ ئەنجامدانی سێکس، گەنجان هاوسەرگیری ناکەن

٢٤: Reimut Reiche, Sexualite et lutte de classes, trans. By C. Parrenin and R.J. Rutten (Paris, 1971).

٢٥: Quoted in “The International Herald Tribune” (Paris, Aug. 13. 1971)

بۆئەوەی سێکس بکەن؟ لە چ کاتێکدا ئەم یاخیبوونەی بابەتی سێکس کە پێشتر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە ئاڕاستەدەکرێت بەرانبەر بە هەلومەرجە تەحەمولنەکراوەکان لە شوێنەکانی تردا؟ ئەگەر بە چەمکاندنی ڕایشی بێت، تاوەکو چەندی تر سەرمایەداری دەمێنێتەوە لەگەڵ چینی کرێکاردا کە بونیادی کەسێتی سەرەڕۆیانەی لاوازکراوە لەڕێگەی وردەگۆڕین لە ژیانی سێکسیاندا؟

ماتەوزەی شۆڕشگێری فێرکارییەکانی ڕایش لەهەمووکات زیاترە ــ ڕەنگە لەهەرکاتێک زیاتربێت، [بەتایبەت] کە ئێستا سێکس وەکو بابەتێکی قبوڵکراوی گرنگی قسەکردن و ڕەخنەکردن لەهەموو شوێنێکدا. سەرهەڵدانی ڕێپێوانی بزوتنەوەی بیست چرکە لە فەڕەنسادا ئەم خاڵەمان پشتڕاست دەکاتەوە. لە مانگی ڕەشەمێی ١٩٧٦، بۆریس فرانکێڵی نوسەری فەڕەنسی ترۆتسکیی لە بەشی نانتریی زانکۆی پاریس بۆ چەند سەد خوێندکار گرتبووەوە دەربارەی ڕایش و چالاکی کۆمەڵایەتی چەپاندنی سێکسی قسەیکرد. من وەکو خۆم دەتوانم گەواهی پەرۆشی خوێندکارەکان بدەم لەبەرئەوەی خۆشم لەوێدا ئامادەبووم. لەهەفتەی دوای گردبونەوەکە ، نامیلکەی کۆششی سێکسواڵی گەنجی ڕایش زۆر بە ژوری هۆڵی مانەوەی خوێندکارەکان دەفرۆشا. وەکو ئەوەی دانی کۆهن بێندت ئاگاداری کردینەوە، ئەمە بووە هۆی کامپینێکی بەربڵاوی پەروەردەیی سێکسی لەسەر بنەمای ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی ڕایش و سەرەنجام لەلایەن خوێندکارانی پیاو و ژندا لەبەشە ناوخۆیی ژناندا بەرهەڵستی بەرانبەر بە یاسا توندەکانی لێکەوتەوە.[٢٦] ئاڵانگاری

٢٦ Daniel Cohn Bendit, Obsolete Communism and the Left Wing Alternative. Trans. A Pomerans (London, 1969), p. 29. Reich’s Sexual Struggle of Youth is now banned in some French high schools.

بەرانبەر بە پرسی تریشی لێکەوتەوە، بەڵام ئەم ئاگاییەی کە لە ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨ گەیشتەترۆپک یەکەمجار لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی نانتێر لە کۆششیان بەرانبەر بە چەپاندنی سێکسی سەریهەڵدا.

هەمان ئاڵانگاری دووبارەدەبێتەوە لەگەڵ هەمەجۆری ناوخۆیی لە زانکۆکاندا و تەنانەت خوێندنگا ئامادەییەکاندا لەتەواوی جیهانی سەرمایەداریدا. بەڵام، ئەوەی بەگشتی کەموکوڕییە، ئەڵقەی ڕوونی هۆشمەندییە لەنێوان سنوربەندییەکانی ئازادی سێکسی و ڕێکخستنی سەرمایەداری کە لە نانتێر دۆزرایەوە. فێرکارییەکانی ڕایش، بەهەموو گرفتەکانیشیەوە، هێزێکی ڕەخنەیی دانسقەیە بۆ دروستکردنی ئەم ئەڵقەیە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سەرچاوە:

Social and Sexual Revolution: Essays on Marx and Reich
(website: www.goodreads.com)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION